# ئیستاتیکای دەقی شیعریی کوردی
# کوردستانی عێراق
(1950 - 1970)

ناوی کتێب: ئیستاتیکای دەقی شیعریی کوردی - کوردستانی عێراق (1950 – 1970
)
نووسینی: جەبار ئەحمەد حسێن
بابەت: لێکۆڵینەوەی ئەدەبی
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان فەرەج
هەڵەچنی: سازان قادر
تیراژ: 1000 دانە
نرخ: 5000دینار
ژمارەی سپاردن: 36 ی 2008
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی : یەکەم ساڵی 2008
کوردستان -سلێمانی
www.serdam.net
www.serdam.info

# ئیستاتیكای دەقی شیعریی كوردی

## كوردستانی عێراق ( 1950 - 1970 )

جەبار ئەحمەد حسێن

سلێمانی 2008

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە (459)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

# نـــــــاوەڕۆك


| لا پەڕە | بـــابـــــــــــەت |
|---|---|
| 9 | پێشەکی |
| 15 | بەشی یەکەم |
| 17 | باسی یەکەم : ( ئیستاتیکای هونەر و ئەدەب ) |
| 17 | تەوەری یەکەم : چەمکی ئیستاتیکا |
| 38 | تەوەری دووەم : دیارترین چەمکەکانی جوانی لە مێژووی ئیستاتیکادا |
| 71 | باسی دووەم : ( ئیستاتیکای دەقی شیعریی ) |
| 71 | چەمکی شیعر |
| 72 | ڕووخسار و ناوەڕۆك |
| 75 | میتۆدی شێوازگەریی و دەقی شیعریی |
| 76 | میتۆدی بونیادگەریی و دەقی شیعریی |
| 79 | میتۆدی کاریگەربوون و میتۆدی هەڵوەشاندنەوە |
| 81 | بنیاتە سەرەکییەکانی دەقی شیعریی : |
| 81 | بنیاتی مۆسیقا |
| 89 | زمانی شیعریی |
| 94 | وێنەی شیعریی |
| 96 | دەقی شیعریی و نوێخوازی |
| 100 | چەند فۆرمێکی شیعریی نوێ |

103 باسی سێیەم : ( ئیستاتیکای دەقی شیعریی کوردی )
104 لە ڕووی مۆسیقای شیعرییەوە
117 لە ڕووی زمانی شیعرییەوە
128 لە ڕووی وێنەی شیعرییەوە
139 ئەو گۆڕانکارییانەی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا , بەسەر بنیاتەکانی دەقی شیعریی کوردیدا هاتن
142 لە ڕووی کێش و سەرواوە
148 لە ڕووی زمانەوە
151 لە ڕووی وێنەی شیعرییەوە

157 بەشی دووەم
159 باسی یەکەم : ( مۆسیقای شیعری کوردی لە سالآنی (1950 - 1970) دا )
159 تەوەری یەکەم : بنیاتی مۆسیقای دەرەکی
159 یەکەم : لە ڕووی کێشەوە
159 أ - کێشی شیعریی بە دابڕاندنی لە واتا
179 ب - پەیوەندی کێش بە واتاوە
190 دووەم : لە ڕووی ( سەروا ) وە
198 تەوەری دووەم : بنیاتی مۆسیقای ناوەوە
198 1 - لادانی فۆنێمی
204 2 - لادانی مۆرفێمی
224 باسی دووەم : ( زمانی شیعریی کوردی لە سالآنی پەنجاکان و شەستەکاندا )
230 تەوەری یەکەم : بەکارهێنانی کەرەستە زمانییەکان
230 1 - فەرهەنگی شیعریی
232 ـ فیلدە دیارەکانی ئەو ماوەیە

ـ پەیوەندی وشە و گوزارشتەکان بە بەشەکانی ناو شیعر 236
ـ کۆدی شیعریی 238
2 - بەکارهێنانی بەشەکانی زمان 242
ـ ناوەکان بە پێی مەتریالی و ئەبستراکتی 249
ـ ڕاناوە سەربەخۆکان 252
3 - درێژی و کورتی ڕستە 254
تەوەری دووەم : لادان لە پێوەرەکانی زمانی ئاسایی 258
1 - ئاستی واتایی 264
أ - هەڵسپاردن 264
ب - دەستنیشانکردن 280
ج - گەیاندن 292
2 - لادانی ڕۆنانی 297
باسی سێیەم :
( وێنەی شیعریی لە دەقی شیعریی کوردی لە ساڵانی پەنجاکان و شەستەکاندا ) 304
تەوەری یەکەم : سەرچاوەکانی وێنەی شیعریی 304
أ - سەرچاوەی خودیی 305
ب - سەرچاوەی بابەتیی 309
1 - سەرچاوەی نەتەوەیی 309
2 - سەرچاوەی مرۆڤایەتی 323
تەوەری دووەم : جۆرەکانی وێنە 356
أ - بە پێی پێکهاتنیان 356
یەکەم : وێنەی تاك 356
دووەم : وێنەی لێکدراو 366
سێیەم : وێنەی گشتی 368

| | |
|---|---|
| **چوارەم : وێنەی جێگیر و جووڵاو** | 373 |
| **ب - جۆرەکانی وێنە بە پێی شێواز** | 376 |
| 1 - **وێنەی فەلسەفی** | 376 |
| 2 - **وێنەی رەمزی** | 377 |
| **ئەنجام** | 379 |
| **سەرچاوەکان** | 384 |
| **کورتەی لێکۆڵینەوەکە بە عەرەبی ( ملخص البحث )** | 402 |
| **کورتەی لێکۆڵینەوەکە بە ئینگلیزی** ( Abstract) | 404 |
| **پاشکۆ** | 407 |

# پێشەکی

(ئیستاتیکای دەقی شیعریی) " لێکۆڵینەوەیە لەو بنەمایانەی دەقێکی شیعریی پێك دەهێنن ، واتە ئەو بنەما و ڕەگەزانەی دەکرێنە سەنگی مەحەك بۆ هەڵسەنگاندنی هەر دەقێك " ئەمەش بە پێچەوانەی ئەو میتۆدانەیە ، ڕەگەزی گشتگیری لە دەرەوەی دەق دەکەنە سەرچاوە و پێوەری جوانییەکانی دەقێکی شیعریی، ئێمەش هەر لەم بنەمایەوە هەوڵمان داوە لەم ماوە دیاریکراوەی شیعریی کوردی بکۆڵینەوە .

دەستنیشانکردنی کات و شوێنی لێکۆڵینەوەکەیش ، مانای جیاکردنەوە و دابڕینی شیعری کوردی ناگەیەنێت ، بەڵکو بە مەبەستی دەستنیشانکردنی سنووری لێکۆڵینەوەکە ئەنجامدراوە " واتە دەستنیشانکردنی ئەم قۆناغە ئەوە ناگەیەنێت شیعری کوردی لە هەر قۆناغێکدا سیماکانی تەواو لە قۆناغەکانی پاش و پێش خۆی جیاواز بێت " هەرچەندە دەشێت چەند تایبەتییەك لە قۆناغەکانی تری جیابکاتەوە .

دیارە ڕووداوی ڕۆشنبیری و سیاسی و مێژووییش بوونەتە هۆی دەستنیشانکردنی ئەم قۆناغە " دیارترین ڕووداوی ڕۆشنبیری ئەوە بوو " کە دوابەدوای داخرانی گۆڤاری (گەلاوێژ 1939 – 1949) ، چەند گۆڤارێکی کوردی لەو ماوەیەدا هاتنە کایە ، کە ڕۆڵێکی بەرچاویان لە ئەدەبی کوردیدا هەبوو " دیارترینیشیان گۆڤاری (هیوا) بوو ، نەك تەنیا لە بواری شیعردا ، بەڵکو لە بوارە ئەدەبییەکانی تریشدا ڕۆڵی گرنگی لە پێشخستنی بزووتنەوەی ئەدەبی کوردیدا بینیوە . ساڵی (1970)یش دیارترین ڕووداوی سیاسی و

مێژوویی لە کوردستانی عێراقدا ، ڕاگەیاندنی بەیاننامەی (11)ی ئازارە " کە بۆتە هۆی سەرهەڵدانی بزاڤێکی بەر بڵاو لە بوای ڕۆشنبیری کوردییدا " بێگومان ئەم شەپۆلە ئەدەبیشی گرتۆتەوە ، لەبەرئەوە بزاڤی شیعریی دوای ساڵی حەفتا ، لەچاو شیعری ئەم قۆناغەی لێرەدا بووەتە ئامانجی لێکۆڵینەوەکە ، قۆناغێکی نوێتر بوو .

هۆی هەڵبژاردنی ئەم ماوەیەش بۆ لێکۆڵینەوەکە چەند هۆیەکە " گرنگترینیان :

**یەکەم** " کاروانی نوێکردنەوەی شیعری کوردی ، هەر لە سەرەتاوە (1898) تا سەردەمی ڕاپەڕینی ساڵی (1991) ، بە چەند قۆناغێك لە لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکاندا خراونەتە ڕوو ، بەڵام ماوەی ساڵانی (1950 – 1970) لەم نێوانەدا بەجێهێڵراوە و تا ئێستا لێکۆڵینەوەی زانستی و ورد و فراوانی لە بارەوە ئەنجام نەدراوە " لە کاتێکدا ئەم ماوەیە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لە پەرەسەندنی شیعری کوردیدا و ناکرێت ئەم ئەڵقەیە بە بەتاڵی جێبهێڵرێت .

**دووەم** " بە شێوەیەکی گشتی ئەو لێکۆڵینەوانەی لە شیعری کوردی و (ئەدەبی کوردی بەگشتی) ئەنجام دراون " تیایدا دەقە شیعرییەکان کراونەتە ئامرازێك بۆ ئاشکراکردنی لایەنە شاراوەکانی کەسایەتی و ژیانی شاعیرەکان ، یاخود زۆرجاریش لە ڕێگای ئەمەوە بیروڕا و ئایدیۆلۆژیای جۆراوجۆر باسدەکرێت و لەم ناوەدا ئیستاتیکای دەقی شیعریی فەرامۆش دەکرێت " کە لە ڕاستییدا دەبێت بکرێتە ئامانجی سەرەکی لە لێکۆڵینەوەکەدا . ئەم لێکۆڵینەوەیەش هەوڵێکە بۆ دەستنیشانکردنی بەهای ڕاستەقینەی دەقی شیعری کوردی .

**گرفتەکانی لێکۆڵینەوەکە** " لەو گرفتانەی لە کاتی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکە هاتوونەتە ڕێمان " ئاماژە بەم دوو خاڵە دەکەین :

**یەکەم** " کەمی سەرچاوەی زانستی و ورد ، کە بە فراوانی هەموو لایەنەکانی ئیستاتیکای شیعریی گرتبێتەوە ، گەڕانیش بە دوای بنەماکان و کۆکردنەوەیان ، پێویستی

بە سەرچاوەیەکی زۆرە ، ئەمەش دەبێتە هۆی تەسك کردنەوەی ماوەی لێکۆڵینەوەکە " بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە ناو سەرچاوەیەکی زۆردا گەڕاوین و تەنیا پشتمان بەو زانیارییانەش بەستووە ، کە پەیوەندی راستەوخۆیان بە بابەتەکەمانەوە هەیە .

**دووەم** " کەمی (یاخود نەبوونی) سەرچاوەی زانستی لەم بابەتەدا بە زمانی کوردی ، وایکردووە فەرهەنگی زاراوەی کوردی لەم بوارەدا بە هەژاریی بمێنێتەوە " لەبەرئەوە لەکاتی بەکارهێنانی زاراوەکاندا " بە تایبەتی ئەوانەی هەر بەکارنەهاتوون لە زمانی کوردییدا ، زاراوە جیهانییەکە (یان عەرەبییەکە) لەناو کەوانەدا لە تەنیشت کوردییەکەوە نووسیومانە ، تەنانەت هەندێجار تەنیا زاراوە جیهانییەکەمان بەکارهێناوە .

## پرۆگرامی لێکۆڵینەوەکە :

(ئیستاتیکا) ی شیعریی بابەتێکی فراوانە ، چەندین لایەن و لکی لێ دەبێتەوە، کە ناکرێت هەموویان لە لێکۆڵینەوەیەکی ئاوا سنوورداردا جێگایان بکرێتەوە ، لەبەرئەوە وا بە باشمان زانی لە سێ ڕوانگەی سەرەکییەوە بڕوانینە دەقە شیعرییەکان " ئەوانیش : (مۆسیقای شیعریی و زمانی شیعریی و وێنەی شیعریی)ن. بە گشتی پلانی لێکۆڵینەوەکەمان بەم شێوەیە دابەش کردووە :

**پێشەکی :** تیایدا ناونیشان و گرنگی و هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە ڕوون کراونەتەوە ، لەگەڵ ئاماژەکردن بە دیارترین کۆسپەکانی بەردەم ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکە و چۆنییەتی زاڵبوونیش بەسەریاندا .

**بەشی یەکەم :** دابەشی سەر سێ باسی سەرەکی کراوە :

***باسی یەکەم*** " بۆ ناساندنی ئیستاتیکا لە هونەر و ئەدەب بە گشتی تەرخانکراوە " ئەمەش لە دوو تەوەردا خراوەتە ڕوو : لە تەوەری یەکەمدا پێناسەی زاراوەی ئیستاتیکا کراوە ، لە تەوەری دووەمیشدا بە کورتی ئەو گۆڕان و پەرەسەندنانەی لە مێژووی ئیستاتیکادا

بەسەر چەمکی جوانیدا هاتووە ، تا دەگاتە سەردەمی تەکنەلۆجیا و ئەنتەرنێت ، ئاماژەیان پێدراوە .

**باسی دووەم** " تیایدا ئەو بنەما سەرەکییانە دەستنیشانکراون ، کە پێکهێنەری دەقی شیعرین و دەبنە پێوەری هەڵسەنگاندنی ئیستاتیکای هەر دەقێك.

**باسی سێیەم** " لێرەدا بە شێوەیەکی گشتی ئاماژە بە بنەما ئیستاتیکییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردی و شیعری نوێدا کراوە " تاوەکو ببێتە دەروازەیەك بۆ ڕوانینە شیعری کوردی ئەو ماوەیەی لە لێکۆڵینەوەکەدا وەرمانگرتووە .

**بەشی دووەم :** ئەمیش بەسەر سێ باسدا دابەشکراوە :

**باسی یەکەم** " لە دوو ڕووەوە ڕوانیومانەتە مۆسیقای شیعری کوردی : مۆسیقای دەرەوە " کە کێش و سەروا دەگرێتەوە ، لەگەڵ مۆسیقای ناوەوە و گرنگترین ئەو دیاردانەیش ، کە ئەم جۆرە مۆسیقایە پێك دەهێنن ، لە شیعری ئەم ماوەیەدا دەستنیشانکراون .

**باسی دووەم** " کە زمانی شیعرییە ، کراوە بە دوو تەوەرەوە : لە تەوەری یەکەمدا " ڕادەی بەکارهێنانی کەرەستە زمانییەکان پێشان دراون ، لەگەڵ شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی هۆکارەکانی کەمی و زۆری بەکارهێنانی هەر کەرەستەیەك . لە تەوەری دووەمیشدا " لادانەکانی زمانی شیعریی لە زمانی ئاساییدا دەستنیشانکراون .

**باسی سێیەم** " بۆ وێنەی شیعریی تەرخانکراوە " بە هەمان شێوەی دوو باسەکەی پێشوو دابەشی سەر دوو تەوەر کراوە : تەوەری یەکەم " ئاماژەکردنە بە گرنگترین سەرچاوەکانی وێنەی شیعریی لەم ماوەیەدا . لە تەوەری دووەمدا " دیارترین جۆرەکانی وێنەی شیعریی ، کە لە شیعری ئەم ماوەیەدا بەکارهاتوون خراونەتە ڕوو .

لە کۆتاییشدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لە لێکۆڵینەوەکەدا پێیگەیشتووین ، دەستنیشانکراون .

## چەند تێبینییەك :

1 -- لەگەڵ ئەوەی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی لەم ماوەیەدا دەرچوون ، ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە لە پەرەسەندنی بزاڤی شیعری کوردی - کوردستانی عێراقدا ، بەڵام بە پێی سروشتی لێکۆڵینەوەکە و ئەو ڕێبازە سەرەکییەی لە بەشی پراکتیکی لێکۆڵینەوەکەدا ڕەچاومان کردووە ، کە ڕێبازی (ئاماری)یە ، ناچاربووین بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە دیوانە چاپکراوەکانی ئەم ماوەیە ببەستین و نموونەکانیش هەر لەوانەوە هەڵبهێنجێنین .

2 -- هەر لەبەر ئەو هۆیەی سەرەوە " کە پشتمان بە دیوانی چاپکراو بەستووە ، لە نێوان دیوانە شیعرییەکاندا (کە لە سەد دیوان زیاترن) ، هیچ دیوانێکمان بە دیالێکتی کرمانجی ژووروو نەکەوتە بەرچاو ، تاوەکو بەر ئامارەکان بکەوێت و نموونەی شیعریی ئەم دیالێکتەش بهێنینەوە " ئەمەش لاوازی و سستی شیعری کوردی بەم دیالێکتە (لەم ماوەیەدا و لە کوردستانی عێراقدا) پیشان دەدات .

3 -- زۆر لەو شیعرانەی لە دوو توێی ئەو دیوانانەدان ، مێژووی نووسینیان بۆ پێش ئەو ماوەیە دەگەڕێتەوە " ئەوانەی بۆ یەکەم جار لە دیوانەکەدا بڵاوبوونەتەوە ، هیچ گرفتێك دروست ناکەن ، بەڵام زۆر شیعری تریان تێدایە ، لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ساڵانی پێشتر بڵاوبوونەتەوە " ئەمانەیش لەبەر چەند هۆیەك هەر بە شیعری ئەم ماوەیەمان لەقەڵەمداون:

یەکەم " زۆر لەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی ئەو شیعرانە تیایاندا بڵاوبوونەتەوە ، بە تیراژێکی کەم دەرچوون ، هەندێجار تەنیا لە شارێکدا بڵاوبوونەتەوە ، تەنانەت هەندێجاریش لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی دەرەوەی کوردستانی عێراقدا بڵاوبوونەتەوە " ئەمەش وایکردووە کاریگەرییەکی سنووردرایان هەبێت لە بزاڤی شیعری کوردییدا ، لەبەرئەوە دووبارە بڵاوبوونەوەیان لەناو ئەو دیوانانەدا ، کە زیاتر کەوتوونەتە پێش خوێنەران و شاعیرانی تر ،

دووبارە کاریگەریی تریان هەبووە لە شیعری ئەم ماوەیەدا و زۆرجاریش کاریگەرییەکەیان لە بڵاوبوونەوەی یەکەم جاریان زیاتر بووە " هەر بۆ نموونە شیعرەکانی (گۆران) زۆربەیان پێشتر لە گۆڤار و رۆژنامەکاندا بڵاوبوونەتەوە ، کەچی دوای ئەوەی دووبارە لە دیوانەکانیدا لە ساڵی پەنجا بە دواوە بڵاوبوونەوە ، دەبینین کاریگەرییەکی زیاتریان هەبووە لە شاعیرانی ئەم ماوەیەدا " وەك لە دوو توێی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕوون دەکرێتەوە .

4 -- لە لێکۆڵینەوەکەدا سیستمی (کۆد) بۆ ئاماژەکردن بە سەرچاوەکان ڕەچاوکراوە " هەر سەرچاوەیەك بە پێی ئەو زنجیرەیەی لە ڕیزکردنی سەرچاوەکاندا (لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا) وەریگرتووە ، ئاماژەی پێکراوە و لە تەنیشتیدا ژمارەی لاپەڕەکە نووسراوە.

# بەشی یەكەم

# ( باسی یەکەم )
# ئیستاتیکای هونەرو ئەدەب

## تەوەری یەکەم : ( چەمکی ئیستاتیکا )

لە بنەڕەتدا(وشەی ئیستاتیکا (Aesthetics) لە وشەی (Aistheticos) ی گریکییەوە هاتووە " واتە (زانین بەهۆی هەستەوە) یان (ناسینی هەستپێکراو) ، پاشان بە زانینێکی (ادراك)تایبەت بە هەستی جوانی دەوترا ، وەك لە سروشت و نموونەی هونەرییدا دەیبینین .) (19 : 186)

ئەگەرچی دیاردەی جوانی لە سروشت و هونەردا جێگای سەرنجی فەیلەسووف و بیرمەندە کۆنەکان بووە ، بە تایبەتی لە سەردەمی گریکی کۆندا ، بەڵام دەتوانین بڵێین : (گفتوگۆی ((هیبیاسی گەورە)) ی ئەفلاتوون ، بە کۆنترین کار دادەنرێت ، کە لە بواری ئیستاتیکادا مابێتەوە " تیایدا (هیبیاس)ی سوفستایی بێهودە هەوڵدەدات پێناسەیەکی ڕازیکەر بۆ جوانی پێشکەش بە (سوکرات) بکات)《199 : 280》" هەرچەندە چەمکی ئیستاتیکا زۆر لەو کارەی ئەفلاتوون فراوانترە ، بەڵام بە هەوڵێکی سەرەتایی دەژمێردرێت لەم بوارەدا " کە بە شێوەی نووسین مابێتەوە .

زۆربەی سەرچاوەکان لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون [1]" کە زاراوەی ئیستاتیکا بۆ یەکەم جار لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەمدا ، لە لایەن (ئەلیکساندەر باومگارتن = Alexander Baumgarten 1714-1762) لە کتێبی (Aesthetics) کە بە

لاتینی نووسراوە ، بەرامبەر بەو زانستەی تایبەتە بە (زانینی هەستی) یان (هەستناسی) بەکارهێنراوە " کتێبەکەیش بریتییە لە باسێك لە بارەی (ڕەخنەی چەشە)وە .

(باومگارتن هێزی زانینی دابەشکرد بۆ : هێزی باڵای ئەقڵ " کەجەخت لە سەر لۆژیك دەکات ، لەگەڵ هێزی نزمی هەست " کە جەخت لە سەر ئیستاتیکا دەکات . بە لۆژیك دەگەینە هەق و بە ئیستاتیکایش دەگەینە هونەر .) ﴿154 : 77﴾ لەو کاتەوە ئیستاتیکا لە فەلسەفە جیابوویەوە و وردە وردە زاراوەکە وای لێهات ئەوە بگەیەنێت ، کە پەیوەندی بە ڕەخنەی جوانی یان تیۆری چێژەوە هەبێت .

بێگومان " (لە پێش باومگارتن " ئیستاتیکا بە چەندین شێوەی تر دەربڕاوە " وەك : تیۆری هونەرەکان ، تیۆری ئەدەبە جوانەکان ، ڕەخنە ، تیۆری زانستە جوانەکان ، هونەرە جوانەکان ، کالیستیکا (2))﴿180 : 23﴾ " لەگەڵ ئەوەی هەریەك لەو شێوانە ئامانجیان لێکۆڵینەوە بوو لە هونەرەکان " بەڵام میتۆدێکی تایبەتییان نەبوو بۆ لێکۆڵینەوە لە بنەما ئیستاتیکییەکانی کاری هونەریی " یاخود باسەکان لەو سنوورەدا نەبوون ، کە چەمکی ئیستاتیکای دوای باومگارتن " لە ناسینی جوانی لە سروشت و هونەردا ، هەروەها ناسینی تایبەتییەکانی جوانی و دۆخەکانی و سنووری لێکچوونی لەگەڵ یاسادا ، دەیگەیاند .

لە دوای شۆڕشی ڕۆشنگەریی لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەم و نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم لە ئینگلترا و فەرەنسا و ئەڵمانیادا " بە تایبەتی بە کاریگەریی لێکۆڵینەوەکانی دیدرۆ و کانت و هیگل و شۆپنهاوەر "(چەمکی فەلسفی ئیستاتیکا لە سەدەی نۆزدەدا بەتوندی هەژا " ئەنجامەکەیشی ئەوە بوو چەمکی سایکۆلۆژی تێپەڕاند " کە ئامانجی لێکۆڵینەوە لە سەرچاوەکانی چەشەی ئیستاتیکی و ئەفراندنی هونەریی بوو.) ﴿175 : 55﴾ " واتە لێکۆڵینەوەکانی دوای ئەم ماوەیە ئامانجیان دۆزینەوەی بنەما ئیستاتیکییەکانی ناو کاری هونەریی خۆی بوو " بەمەش ئەو بۆچوونە هاتە گۆڕێ ، کە

(هونەر خۆی خۆی تەواو دەکات و پێویستی بە خزمەتکردنی هیچ مەبەستێکی تر نییە ، تەنیا ئامانجەکانی خۆی نەبێت) ﴿210 : 17﴾، نەوەك لێکۆڵینەوە لەو پاڵنەرانەی وا لە هونەرمەند دەکەن بەرهەمێکی هونەریی دابهێنێت ، یان ئەو کاردانەوەی کاری هونەریی لە دەروونی مرۆڤدا دروستی دەکات ، یاخود داوا لە هونەر بکرێت ببێتە ئامرازێك بە دەست سیاسەت و ئایدیۆلۆژیاکانەوە.

هەتا سالآنی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمیش ، لێکۆڵینەوە ئیستاتیکییەکان لە ئەوروپادا بە شێوەیەکی سەرەکی لە جێگیرکردنی بنەماکان و بە گشتیکردنی شێوازە باوەکان لە هونەری ئەوروپیدا (بە تایبەتی)" هەر لە هونەری کلاسیکی گریکییەوە تا ڕۆمانی و پاشان ئەو شێوازانەی لە سەردەمی ڕێنیسانسدا بلاو ببوونەوە " ...هتد ، سنووردار کرابوو ، بەو پێیەی کە ڕۆژئاوا لە هەموو بوارێکی زانستی و فەلسەفی و هونەرییدا " خۆیان بە پێشەنگی نەتەوەکانی تر دادەنا " پێیان وابوو تەنیا ئەوان لایەنی کارتێکەرن و نەتەوەکانی تر لایەنی کارتێکراون " (قوتابخانەی فەرەنسی)ش لە ئەدەبی بەراوردکارییدا کاریگەریی خۆی هەبوو لە جێگیرکردنی ئەو بۆچوونە دەمارگیرییانە " کە هەمیشە جەختیان لەسەر کارتێکردنی ڕەخنە و فەلسەفەی ڕۆژئاوایی و بە تایبەتی فەرەنسی لەسەر میللەتانی تر دەکرد .

لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە لێکۆڵەرەوەکان گەیشتنە ئەو ڕاستییەی ئیتر ناکرێت ئەو نموونە و پێوانە و ئەنجامانەی فەلسەفە و ڕەخنەی ڕۆژئاوا پێیگەیشتوون ، گشتگیری بکرێن و وەکو دۆخێکی جێگیر و ڕەها سەیر بکرێن " لەبەرئەوە پێویستە هەر بەرهەم و شێوازێکی ئەدەبی و هونەریی لە میانەی چەمك و ئامانجی ئەو میللەتەی دایهێناوە تەماشا بکرێت و هەڵبسەنگێنرێت ، چونکە هەر کۆمەڵگایەك تایبەتمەندی خۆی هەیە و هونەریش بەو پێیەی ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵە " دەبێت بەهاکانی ناو ئەو کۆمەڵگایە بکرێنە بنەما ڕاستەقینەکانی ڕەخنەی هونەرییان . کەواتە لێکۆڵینەوە و ئەنجامەکانی ئیستاتیکا هەوڵێکی تیۆرییە بۆ پراکتیزەکردنی داهێنانی هونەریی و نیشاندانی بەهاکانی جوانی ئەو بەرهەمە لە

کۆمەڵێکی دیاریکراودا ، چونکە هەر کۆمەڵگایەك چێژی هونەری و ڕای ئیستاتیکی تایبەت بەخۆی هەیە ، کە پەیوەندی بە شێوازەکانی تری ژیانی ئەو کۆمەڵگایەوە هەیە .

ئیستاتیکای نوێ جیاوازی لەگەڵ مێژووی هونەردا هەیە " چونکە ئەم کەرستە و ئەنجامەکانی لەسەر بنەمای تیۆری ڕیز دەکات " نەوەك زنجیرەی مێژوویی، ئەمە جگەلەوەی " وەك (چارلز بەرنارد) دەڵێت : (ئیستاتیکا و هونەر جیاوازن لە یەکتری " ئیستاتیکا ڕێبازێکی فەلسەفییە ، بەڵام هونەر ئەزموونێکی تاکەکەسییە.) ﴿149 : 28 ﴾

مەبەست لە ئیستاتیکا ئەوە نییە کە بە شێوەیەکی ئەبستراکتی یان تیۆریی چەند یاسایەك دابڕێژێت و چەند مەرجێك بخاتە پێش هونەر تاوەکو پێڕەویان بکات و جێبەجێیان بکات ، بەڵکو وەك لە کتێبی (ئەلف و بێی ئیستاتیکا = **A.B.C. Aesthetics**)دا پێناسەکراوە (ئیستاتیکا بریتییە لە دۆزینەوە و بەدەرخستنی یاسا ئیستاتیکییەکانی جوانی) ﴿164 : 19 ﴾" واتە ئەو یاسایانە لە خودی هونەردا هەن و ئەرکی ئیستاتیکا تەنیا دۆزینەوە و پێشاندانیانە " نەوەك چەند یاسایەك لە دەرەوەی کاری هونەریدا دابڕێژێت " کە بە خودی هونەر نامۆ بن و داوای پراکتیزەکردنیان بکات .

هەموو مرۆڤێك هەست بە جوانی دەکات و چێژی لێوەردەگرێت ، بەڵام ڕەنگە هیچ لەبارەی ئیستاتیکاوە نەزانێت ، واتە هەستکردن بە جوانی ناچێتە خانەی زانستی ئیستاتیکاوە ، هەروەها (وشەی ئیستاتیکا مانای جوانی ناگەیەنێت —پێچەوانەکەیشی هەر ڕاستە — بەڵکو جوانی بۆتە مەیدانێك بۆ ئیستاتیکا .) ﴿149 : 22 ﴾

ئەرکی ئیستاتیکا ئەوە نییە یەکەیەکە جۆرەکانی جوانی بژمێرێت ، بەڵکو وەك زانستێك (گرنگی دەدات بە دۆزینەوەی ماهییەتی جوانی و ڕوونکردنەوەی دیاردەکانی جوانی و (فۆنیمەکانی) لە بابەتەکاندا و جیاوازییەکانی جوانی لە سروشت و دیاردەکانی تری ژیان بەلای مرۆڤەوە . هەروەها ئاشکراکردنی ڕۆڵی سەرەکی خۆی — ئیستاتیکا -وەك

بابەتێکی زیندوو لەناو کۆمەڵگادا و (بە پێی پێویست) ئەوەی پەیوەندی بە کار و چالاکی و ئارەزووەکانیانەوە هەیە ، لەبەرئەوەش ڕاستی شتێکی نیسبییە ، دەتوانین جوانیش بە شتێکی نیسبی دابنێین .)《164: 24》

لەهەر سەردەمێکدا تێگەشتنی مرۆڤ بۆ دیاردە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکان تایبەتییەکی خۆی هەیە ، ئەم تێگەیشتنەش پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە باری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئاینی و سیاسی و ئابووری .. ئەو سەردەمەوە هەیە کە تیایدا دەژییەت . جوانی شتەکانیش وەك دیاردەیەك پەیوەندییان بە تێگەیشتن و بۆچوونی مرۆڤەوە هەیە ، ئەم تێگەیشتنەش خۆی لە خۆیدا کەرەستەی ئیستاتیکایە ، لەبەرئەوەش تێگەیشتنی مرۆڤ بەپێی سەردەم دەگۆڕێت " ئیستاتیکا کاری ئەوە نییە یەك پێناسەی هەمیشەیی بۆ هونەر بکات ، بەڵکو کاری ڕێکخستن و تازەکردنەوەی بەردەوامی گرفتەکانە ، کە لە هەر سەردەمێکدا لە بیرکردنەوەی هونەریدا سەرهەڵدەدەن . بەم شێوەیە ئیستاتیکا دەبێتە : زانستێکی تیۆری لە گرفتەکانی جوانی لە هونەردا دەکۆڵێتەوە ، لەبەرئەوەی گرفتەکانیش بەردەوام لە گۆڕان و سەرهەڵداندان ، کەوابێت ئیستاتیکاش بەردەوامی و پەرسەندنێکی هەمیشەییە .

زانستی ئیستاتیکا " هەروەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد ، زانستێکی پێوەریی نییە " ئەوەمان بۆ دەربخات کە کاری هونەری تاوەکو سیفەتی جوانی پێ بدرێت پێویستە بەو شێوەیە بێت " بەڵکو زانستێکی وەسفییە ، لە کاری هونەری دەکۆڵێتەوە "بەو پێیەی ، کە هونەر دیاردەیەکی مرۆڤایەتییە و پەیوەندی بە چالاکی گیانیی مرۆڤەوە هەیە "واتە زانای ئیستاتیکی کاری ئەوە نییە ئامۆژگاری هونەرمەند بکات ، یاخود بیروڕا و تیۆرییەکانی خۆی بەسەردا بسەپێنێت ، بەڵکو ئەرکی لێکۆڵینەوە لە داهێنانی هونەریی و ئەدەبی و دەرختنی یاسا و بەهاکانی ناوەوەیانە .

ئیستاتیکا تەنیا باس لە شتە جوانەکان ناکات ، بەڵکو باس لەو شتە ناشرینانەش دەکات کە بە شێوەیەکی هونەریی گوزارشتیان لێدەکرێت . هەرچەندە هونەر گرنگترین بابەتە لە بابەتەکانی ئیستاتیکا ، بەڵام تاکە بابەتی نییە ، بەڵکو جگەلە بەرهەمە هونەرییەکانی، باس لە سروشت و مرۆڤ و بەرهەمەکانی تری مرۆڤ دەکات " بەڵام (ئیستاتیکا بە گشتی لە پەیوەندییە ئیستاتیکییەکانی مرۆڤ بە واقیعەوە ، بەتایبەتیش لە بەرزترین شێوەکانی ئەم پەیوەندییانە دەکۆڵێتەوە " کە ئەویش هونەرە .)﴿121 : 14﴾.

کە دەڵێین : فەلسەفەی جوانی " مەبەستمان لەوە نییە تەنیا لە لایەنە پۆزەتیڤەکان دەکۆڵێتەوە " بەڵکو (گرنگی بە تێڕوانینی جوانی دەدات لە فراوانترین واتاکانی و گشتی ترینیاندا ، بەڵام تەنیا جوانی ناگرێتەوە ، بەڵکو — جوان و پێکهێناوی و خەماویی و مەزنی و جوانترین و جوانی و پاراو و پەسەندکراو و ترسناك و تۆقێنەر و کرێت —یش دەگرێتەوە ، هەموو ئەم جۆرانە بە جوان دادەنرێن ، لەبەرئەوەی هەست و سۆزی پاراو و ڕوون لە دەروونماندا دەوروژێنن " کەواتە فەلسەفەی جوانی — ئەزموونی جوانی لەم سنوورە فراوانەدا دەگرێتەوە .) ﴿188 : 53﴾ " نەوەك تەنیا لە سنووری تەسکی واتا فەرهەنگییەکەی جوانیدا بترنجێنرێت .

(پەیوەندییەکانی ئیستاتیکا تەنیا لە مێژووی هونەردا تەسك ناکرێتەوە ، بەڵکو پەیوەستە بە مێژووی ڕۆشنبیری و نیشتیمانی و ئەو زانستانەی کە لە کێشە تیۆرییەکانی فۆرمەکانی تری هوشیاری کۆمەڵایەتی دەکۆڵنەوە ، لە گەڵ مێژووی ئەم فۆرمانەدا)﴿121 : 18﴾، چونکە مێژووی هونەر بە تەنیا ناتوانێت سروشتی ئەم پەیوەندییانە دەستنیشان بکات .

ئیستاتیکا تەنیا لە خودی خۆیدا و بۆ خۆی گەشە ناکات "واتە تەنیا پشت نابەستێت بە کەرەستەکانی خۆی و ئەو ئەنجامانەی پێیاندەگات ، بەڵکو (پشت دەبەستێت بەو کەرەستە

و ئەنجامە بەرجەستەکراوانەی زانستەکانی تر پێیگەیشتوون. ئەمیش لەلای خۆیەوە رۆڵی خزمەتکردنی ئەو زانستانە دەبینێت)《121 : 18 》" ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئیستاتیکا شانبەشانی زانستەکانی تر ، رۆڵی هەیە لە پێشخستنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا .

دیارترین ئەو گرفتانەی ئیستاتیکا گرنگییان پێدەدات " وەك گرفتی بڕیاری ئیستاتیکی ، پەیوەندی ڕووخسار و ناوەڕۆك لە کاری هونەریدا ، پەیوەندی هونەر بە سروشتەوە ، پۆلینکردنی هونەرەکان ، پەیوەندی جوان و مەزن ، بنەمای کاری هونەریی ، پەیوەندی هونەر بە ویژدان ، رۆڵی رووخسار لە پرۆسەی داهێنان ، پەیوەندی هونەرمەند بە کۆمەڵ ، ... هتد .

(ئەو پێناسانەی بیرمەندەکان بۆ ئیستاتیکایان کردووە ، لە چوار ڕەوتدا کۆدەبنەوە :

1 – ڕەوتێك ئیستاتیکا بەلایەوە لێکۆڵینەوەیە لە : جوانی " جا چ لە هونەردا بێت یان سروشت ، ئایا ڕەگەزی جوانی ڕەگەزێکی خودییە لە مرۆڤدا یان بابەتییە لە جیهانی دەرەوەی مرۆڤدایە ؟ ئایا جوانی مۆرکی نەگۆڕیی هەیە یان بەپێی کۆمەڵگا و سەردەم و کلتوور دەگۆڕێت ؟ ...

2 – ڕەوتێك بەلایەوە ئیستاتیکا تەنیا لێکۆڵینەوەیە لە چەمکەکان و زاراوە ئیستاتیکییەکان " ئەمەش بە شیکردنەوەی واتاکانی ڕووخسار و ناوەڕۆك و جۆروچێژ...

3 – ڕەوتێك " بەلایەوە ئیستاتیکا لێکۆڵینەوەیە لە وێنە هونەرییەکان ...

4 – ڕەوتێك هەموو ئەو رەوتانە دەبەستێتەوە بە مرۆڤ ، کە پێی وایە هونەر بەرهەمێکی مرۆڤایەتییە و بڕیاریش بڕیارێکی مرۆڤایەتییە و وێنە هونەرییەکانیش بەرهەمی مرۆڤایەتین ...)《166 : 20 》

(گەیشتن بە یاسای ورد و بنەمای جێگیر — بۆ نموونە وەك لە زانستی فیزیادا هەیە —لە ئامانج و مەبەستەکانی ئیستاتیکای هاوچەرخدا بەدی ناکرێت ، بەڵام دەیەوێت هەڵسەنگاندنێکی نزیك لەبارەی پێوەندی جۆرەکان و جیاوازی رەوتەکان دەستنیشان بکات ، جگە لە سنووردارکردنی پەیوەندییە ئاڵوگۆڕیی و هۆکارییەکانی نێوانیان .)﴿181 : 24 ﴾، ئەمەش لەبەرئەوەی کە دیاردەی بەرهەمی هونەری و چێژلێوەرگرتنی لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر ، لە رۆشنبیرییەکەوە بۆ رۆشنبیرییەکی تر ، لە ماوەیەك بۆ ماوەیەکی تر ، تارادەیەك جیاوازە " جگە لەوەی کە هونەر بەرهەمێکی زیندووە و پەیوەندی بە هۆش و دەروونی مرۆڤەوە هەیە ، هەردەم لە گەشە و گۆڕاندایە و ناکرێت وەك بابەتێکی —یان تەنێکی — وەستاو تێبڕوانین .

کەواتە بە شێوەیەکی گشتی لە رووی میتۆدەوە دەتوانین ئیستاتیکا بە زانستێکی وەسفی دابنێین ، چونکە گرنگی بە دەرخستنی ڕاستییە تایبەتییەکان و هونەرەکان دەدات و هەوڵدەدات گشتگیریان بکات ، جگەلە لێکۆڵینەوە لەو توانا و چالاکییە مرۆڤایەتییانەی ، پەیوەندییان بە هونەرەکانەوە هەیە .

## ئایا لە کاتی ئێستادا ئیستاتیکا بە زانست دادەنرێت ؟ یان لەتوانادا هەیە لە داهاتوودا ببێتە زانست ؟

ئەگەر چەمکی زانست تەنیا لەو مەودایانەدا سنووردار بکرێت ، کە پێوەری ورد و بەڵگەی لۆژیکی تیایدا لە بەرزترین پلەی وردی و ڕێکیدا بە دەربکەوێت " هەروەك چۆن لە زانستی بیرکاریدا هەیە ، ئەوا لەتوانای ئیستاتیکادا نییە بەو واتایە ببێتە زانست . بەڵام ئەگەر بەو واتا فراوانەی ، کە زانست گەڕانە بەدوای مەعریفەی هزری ، ئەویش بە بەکارهێنان و دەستنیشانکردنی میتۆدی ورد و هێنانەوەی بەڵگەی لۆژیکی ، لەگەڵ

پەراوێزكردنی گومان و تەخمین كردن و دووركەوتنەوە لە لایەنی خودی و لایەنگیریی و پابەندبوون بە بابەتیی بوون بەپێی توانا ، ئەمە جگەلە دەستنیشانكردنی دیاردەكان و تاقیكردنەوەیان و بەراوردكردنی ئەنجامەكان بە یەكتری " بە ئامانجی گەیشتن بە بەرزترین پلەی بابەتیی بوون و بەرزبوونەوە بەرەو جێگیركردنی گشتگیرییەكی پەسەندكراو " ئەوا دەشێت وەكو زانستێك بۆی بڕوانرێت.

ئیستاتیكای كۆن (یان تەقلیدی)نەیتوانی ئەم ئامانجە بپێكێت ، بەڵام ئیستاتیكای هاوچەرخ ، لە دۆزینەوەی ئەو ڕاستیيانەی تایبەتن بە هونەر بەرەوپێشەوەچوونێكی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی .﴿181 : 33 – 34 - 35 ﴾

## زانای ئیستاتیكی كێیە :

زانای ئیستاتیكی لە ڕێگای تێڕوانینی زانستیانەوە ، لایەنە شاراوەكانی كاری هونەری شیدەكاتەوە و بەها ئیستاتیكییەكانی ئەو كارە بەدەردەخات ، ئەم تێڕوانینەش یاریدەی جەماوەرێكی زۆری هونەردۆستان دەدات ، بۆ تێگەیشتن لە كارە هونەرییەكان و چوونە ناو قووڵایی ئەو پرۆسانەی لەناو هونەردا ڕوودەدەن ، بەڵام ئەم تێڕوانینانە هەرچەندە زانستی و وردیش بن ، نابنە بنەمای داهێنانی كاری هونەری ، چونكە (ئەگەر هونەرمەند خۆی بەهرەمەند نەبێت ، هیچ لێكۆڵینەوەیەكی ئیستاتیكا هەرچەندە قووڵ و تەواویش بێت ، ناكرێت ببێتە پاڵنەری داهێنانی كارێكی هونەریی خورپەوەرگر .)﴿121 : 21 ﴾

(هونەرمەند هەمیشە میتۆدێكی ئیستاتیكی ناسراوی هەیە ، هەرچەندە ناتوانێت لە قاڵبێكی تیۆریدا دایبڕێژێت) ﴿121 : 21 ﴾ " ئەگەر شارەزایانی هونەریی لە كارە هونەرییەكانی هەر هونەرمەندێك ورد ببنەوە ، چەندین تێڕوانینی ئیستاتیكی تایبەت بەو

هونەرمەندە تێبینی دەکەن ، کە دەکرێت بە میتۆدێکی ئیستاتیکی تایبەت بەو هونەرمەندەی دابنێن ، یان دەشێت لە قاڵبێکی تیۆریدا دایبڕێژن ، بەڵام هونەرمەندەکە تێڕوانینەکانی خۆی لە قاڵبێکی هونەریدا دەردەبڕێت.

هونەرمەند ئەزموونە تایبەتییەکانی خۆی و کەسانی تر دەکاتە کەرەستەی خاوی داهێنانی کاری هونەری ، ئەرکی زانای ئیستاتیکیش (گۆڕینی ئەو مەعریفە ئەزموونییەیە کە هونەرمەندی داهێنەر هەیەتی ، بۆ زانستێکی بابەتی یان یان مەعریفەیەکی تیۆریی)﴿131 : 354 ﴾" واتە تیۆرییە ئیستاتیکییەکان لەناو کاری هونەرییدا هەڵدەهێنجێنرێن ، نەوەك بە پێچەوانەوە " چەند یاسایەکی داڕێژراو بن و لە دەرەوەی هونەردا بسەپێنرێن بە سەریدا .

هەروەها ئەرکی زانای ئیستاتیکی شیکردنەوەی کەسایەتی هونەرمەند نییە ، بەڵکو وەك فەیلەسووفی فەڕەنسی (باچ = Basch) دەڵێت : (زانای ئیستاتیکی ئەرکەکەی لە چواچێوەی تێگەیشتنی دیاردەی جوانی و کارکردن بۆ ڕوونکردنەوەی لە هۆشماندا ، کۆدەبێتەوە .)﴿131 : 351 ﴾

زانای ئیستاتیکی کاتێك کە دەیەوێت پێوەرەکان وەسف یان پۆلین بکات ، یاخود بیەوێت لێکی بداتەوە ، (پشت نابەستێت بە هۆشی جوانی " کە بە سروشتی خۆی (حدس) ی پێوەرییە ، بەڵکو پەنا دەباتە بەر کۆمەڵێك ڕێگای بەڵگەهێنانەوە (استدلالی)و میتۆدی ئەزموونگەری (کە بە کەرەستەی لێکۆڵینەوەکەی دادەنرێن) ، لەپێناوی لێکدانەوەی ڕووداوێکی ئیستاتیکیدا) ﴿131 : 351 ﴾ کاتێك بمانەوێت زانستیانە بڕیارێکی ئیستاتیکی بەسەر کارێکی هونەرییدا بدەین ، نابێت (وەك ڕۆمانسییەکان پێیان وایە) خۆمان بکەینە بنەمای ئەم بڕیارە ، چونکە ئەگەر هۆکارە بابەتییەکان پشتگوێ بخەین ، ئەوا دووچاری بڕیاری نازانستی دەبینەوە ، لەبەرئەوە ئەرکی زانای ئیستاتیکی بەلای (بایر) ەوە

(ئەوەیە کە بۆمان ڕوون بکاتەوە ، چۆن (خود) هەموو شتێك نییە لە بڕیاری ئیستاتیکیدا ، هەروەها چۆن هەندێ شت لەدەرەوەی (خود)دا دەمێنێتەوە) ﴿131 : 361 ﴾

جیاوازی نێوان ڕەخنەگر و زانای ئیستاتیکی ئەوەیە کە (ڕەخنەگر گرنگی دەدات بە دەرکردنی بڕیار بەسەر کاری هونەریدا ، لەکاتێکدا زانای ئیستاتیکی گرنگی دەدات بەو تایبەتییانەی لەناو کاری هونەرییدان و دەکەونە پشتی ئەم بڕیارەوە .. ڕەخنەگر لە سنووری شتە تایبەتییەکان رادەوەستێت ، بەڵام زانای ئیستاتیکی گرنگی دەدات بە شتە گشتییەکان و بەسەر هەموو هونەرەکاندا پراکتیك دەکرێن .) ﴿166 : 21 ﴾، واتە ئەو بنەما ئیستاتیکییانەی زانای ئیستاتیکی لە ناو کاری هونەرییدا هەڵیان دەهێنجێنێت، دەبنە کەرەستەی بڕیارەکانی ڕەخنەگر لە هەڵسەنگاندنی کاری هونەرییدا . بەم شێوەیەش کاری زانای ئیستاتیکی دەبێتە هەنگاوی یەکەمی پرۆسەی ڕەخنەی هونەریی —یان ئەدەبی —و ڕەخنەگریش هەنگاوی دووەمی پرۆسەکە .

## ئیستاتیکا و تەکنەلۆژیای سەردەم :

پێشکەوتنی بواری تەکنەلۆژیا لەم سەردەمەدا ، ڕۆڵی هەبووە لە گەشەسەندنی هەموو بوارە زانستی و مرۆڤایەتییەکانی تر " بێگومان ئەم کاریگەرییە زانستی ئیستاتیکایشی گرتۆتەوە .

ئیستاتیکا گرنگی دەدات بە شیکردنەوەی سروشتی ئەو کەرەستە ئیستاتیکییانەی لە هەر یەکێك لە هونەرەکاندا بەکاردەهێنرێن " بۆ نموونە — لە ئەدەبدا —گرنگی دەدات بە شیکردنەوەی زمان و ڕۆڵی لە پێکهێنانی بەرهەمی ئەدەبیدا . پەیوەندی ئیستاتیکایش بە تەکنەلۆژیاوە لەو کەرەستانەدا دەردەکەوێت کە هونەرمەند لە کارەکەیدا بەکاری دەهێنێت "

تەکنەلۆژیای هاوچەرخ چەندین کەرەستەی نوێی خستۆتە بەردەمی هونەرمەند (یان نووسەر) ، کە پێشتر بە ئاسانی چنگی نەدەکەوت (یاخود هەر نەبوون) ، ئەمەش بووەتە هۆی زیادکردنی توانای هونەرمەند لە پرۆسەی داهێناندا .

لەپاڵ ئەمەیشدا " تەکنەلۆژیای سەردەم ، چەندین هونەری تازەی بەرهەم هێناوە و خستوویەتە پاڵ هونەرە جوانەکانی تر " گرنگترینیشیان هونەری (سینەما)یە " کە بە هونەری حەوتەم ناسراوە .

هەروەها توانیویەتی هۆکارەکانی پێشکەشکردنی بەرهەمی هونەریی زیاتر بکات " کە پێشتر لە کتێب و تەختەی شانۆ و چەند هۆکارێکی کەمی تردا سنووردار بوو ، بەڵام داهێنانی ئامێری نوێی وەك : تەلەفزیۆن و کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت و ... هتد ، بووە هۆی ئەوەی " لەلایەکەوە سنووری بەرهەمهێنانی هونەریی لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە فراوانتر بێت ، لەلایەکی تریشەوە جەماوەری هونەریی زیاتر بێت . ئەمە جگەلەوەی ئەم ئامێرە تازانە (بەشدارییان کرد لە دۆزینەوەی چەندین فۆرمی جوانی و داهێنانی بەهای ئیستاتیکی نوێ ، کە لە شارستانیەتە کۆنەکان و سەردەمەکانی ڕابردوودا نەبوون " وەکو : وردەکاریی = **precision** ، داکشان = **flawlessness** ، سادەیی = **simplicity** ، و ئابووری = **economy** ، .. هەروەها گۆڕینی هەندێ بەهای ئیستاتیکی " وەك : هارمۆنییەت و هاوسەنگی و گونجان ، لەگەڵ شیاوکردنی داڕشتنی کاری هونەریی وا ، پشت بە داهێنانی وێنەی تازە ببەستێت ، کە مۆرکێکی نێگەتیڤی بۆ ئەو بەهایان هەبێت " وەك : دژایەتی و جیاوازی و نەبوونی یەك چەقیی لە کاری هونەرییدا ، هەروەك لە هونەریی پۆست مۆدێرنیزمدا دەردەکەوێت " کە گرنگی دەدات بەو بەهایانەی گۆڕانکاری بەها تەقلیدییەکانن ..) ﴿1 : 196﴾

لەسەردەمە کۆنەکاندا " بەزۆری شتە سروشتییەکان رەنگدانەوەیان لە هەست و سۆز و هۆش و تێگەیشتنی هونەرمەندا هەبوو ، بەڵام هونەرمەندی هاوچەرخ بە کەرەستە و بەرهەمە تەکنەلۆژییەکان تەنراوە " کە بێگومان لە هۆش و سۆز و بیر و چێژی هونەرمەندا رەنگیان داوەتەوە ، دەکرێت ئەم کەرەستە و ئامێرانە بە بنەمای هونەریی دابنرێن .. ئەم شەپۆلە تەکنەلۆژییە (بووە هۆی ئەوەی چەندین رێباز و رەوتی نوێ لە هونەردا پەیدا بن " کە تەکنەلۆژیا و هونەریان پێکەوە گرێدەدا ، وەك(بزووتنەوەی باوهاوس = **The bau haus movement**) " کە هەموو بەرهەمێکی پیشەسازییان بە کارێکی هونەریی دادەنا و بەلایانەوە هیچی کەمتر نییە لە بەرهەمی هونەرە جوانەکانی تر) ﴿1 : 196﴾ " کەواتە پێوەری ئیستاتیکی ، هەروەك چۆن بۆ بەرهەمە هونەرییەکان بەکار دەهێنرێت ، بەهەمان شێوە بۆ بەرهەمە پیشەسازییەکانیش بەکاردەهێنرێت " ئەمەش بووە هۆی دەرکەوتنی لقی تازە لە ئیستاتیکا " وەك (ئیستاتیکای ئامێر = **Aesthetics Machine** " کە گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوەی ئیستاتیکای ئامێر .) ﴿1 : 196﴾.

بەم شێوەیە ئیستاتیکا وەك زانستێکی زیندوو ، توانیویەتی لەگەڵ گۆڕانی قۆناغە مێژووییەکاندا خۆی نوێ بکاتەوە ، هەمیشە کاریگەریی و کارتێکردنی لەگەڵ زانستەکانی تردا هەبووە ، لەبەرئەوە هەتا ئەم سەردەمەیش " وەك بوارێکی زانستی و مەعریفی چالاك ، بوونی خۆی دووپات دەکاتەوە .

## تەوەری دووەم :

## ( دیارترین چەمکەکانی جوانی لە مێژووی ئیستاتیکادا )

پێش ئەوەی دیارترین چەمکەکانی جوانی لە مێژووی ئیستاتیکادا بخەینە ڕوو ، هەوڵدەدەین لە چەند دێڕێکدا واتای جوانی بە شێوەیەکی گشتی ڕوون بکەینەوە :

(**والتەر پیتەر** = 1834 – 1894) " کە سەر بە ڕێبازی پەرناسیزمە ، دەڵێت: (جوانی کێشەیەکی نیسبییە ، بەو پێیەی کە سیفەتێکی ئەبستراکتی هەیە ، پێناسەکردنیشی بێ واتا و بێ سوود دەبێت)﴿129 : 10 – 11﴾، لەسەر هەمان ئەو بۆچوونەی کە جوانی ڕەها نییە و ناکرێت وەك بابەتێکی مردوو سەیر بکرێت " ئەمەش لەبەرئەوەی بەپێی چێژی سەردەم و تاکەکان دەگۆڕێت ، هەندێکی تر پێیان وایە (جوانی " هەرگیز نموونەیەکی تایبەتی، یان فۆرمێکی سەربەخۆی نییە " ئەگەر تایبەت بوو بە نموونەیەك یان فۆرمێکی سەربەخۆی هەبوو ، ئەوا پەیکەرەکان و ئاوازەکان و قەسیدەکانی سەردەمێك دەبوونە نموونە و فۆرمی جوانی و چێژی تاکەکەسیی نەدەما و سنووردارێش جێگای بێسنووری دەگرتەوە و لە کۆتاییدا هونەریش دەتوایەوە.)﴿339 : 129﴾

فەیلەسوف و بیرمەندەکان نەیانتوانیوە چەمکی جوانی بە شێوەیەك پێناسە بکەن " کە سەراسەریی و گشتی بێت ، هەریەکەیان بەپێی ئەو مەیدانە مەعریفییەی کاری تێدا کردووە ، یان بەپێی ئەو بیروباوەڕ و ڕێبازە فەلسەفی و ئاینی و فیکری و هونەری و ... یەی کە هەیبووە ڕوانیویەتییە چەمکی جوانی و شیکردۆتەوە . وەك لە پێناسە و ڕاکانیاندا دەربارەی چەمکی جوانی دەردەکەوێت " هەندێکیان پێیان وایە جوانی لە خودی شتەکاندایە ، هەندێکی تریان لەو بڕوایەدان جوانی لە هۆشی مرۆڤدایە ، یاخود لە گونجانی شتەکاندایە

لەگەڵ هۆشی ئێمە ... ، هەروەك (جاریت)دەڵێت : (دوو تیۆری دژ بە یەك هەن ، کە حەقیقەتی جوانی شیدەکەنەوە : یەکەمیان " پشت دەبەستێت بە نموونەی دیاریکراوی شتەکان . دووەمیش " جوانی دەبەستێتەوە بە خوێندنەوەی ئێمە بۆ شتەکان . تیۆری یەکەم " مەبەستی لەوەیە کە جوانی بابەتییە لە شتی جواندا ، دووەمیش واتە جوانی خودییە " هەر کەسێك ئەم شتە ببینێت واتاکانی جوانی لەلای دەورووژێت .) ﴿167 : 8﴾

یەکێك لە پێناسە کۆنەکانی جوانی ئەوەیە کە : (جوانی سیفەتێکی گشتی مرۆڤایەتییە ، لە سەرووی (خێر) و (هەق) ەوەیە ، چونکە ئەوەی خێر و هەق بێت " بێگومان جوانیشە ، بەڵام هەموو جوانێك خێر و هەقی تێدا نییە .)﴿154 : 72﴾، بەڵام مەرجیش نییە هەر شتێك خێر و هەقی تێدا بێت سیفەتی جوانی وەرگرێت .

رایەك هەیە " دەڵێت : (جوانی دوو جۆرە : جوانی وشك و جوانی زیندوو ، یەکەمیان ئەوەیە کە لە شێوەیەکی نەگۆڕ و نەبزێو بەرجەستە دەبێت " وەك بینا و پەیکەرتاشی و وێنەکێشان و دیمەنە نەگۆڕەکانی سروشت (وەك چیا و ڕووبار و تابلۆ وشکەکانی سروشت) ، دووەمیش ئەو جوانییەیە ، کە لەدایك دەبێت و گەشەدەکات و دەگۆڕێت و دەجووڵێتەوە " وەك جوانی بوونەوەرە زیندووەکان ، کە وردترین نموونەی جوانی ئافرەتە .)﴿184 : 99﴾. بەڵام بە پێی ئەنجامە زانستییەکان ، هیچ شتێك لە بووندا چەسپاو و نەگۆڕ نییە ، تەنیا ئەوەندە هەیە " ڕەنگە مرۆڤ بە شێوەیەکی ئاسایی هەست بەو گۆڕانکارییە نەکات .

هەندێك جوانی بەوە پێناسە دەکەن کە شتێکی کاریگەرە ، بەڵام (ڕاست نییە هەموو شتێکی کاریگەر سیفەتی جوانی بەسەردا بسەپێنین ، چونکە کاریگەریی هەروەك چۆن بە جوانی پێك دێت ، لەوانەیە بە هۆکاری تر بێتە بەرهەم کە هیچ پەیوەندییەکی بە جوانییەوە نەبێت ، کەواتە ئەو کاریگەرییە ڕاستەقینەی جوانی دەیرژێنێتە دەروونەوە ، لەگەڵ ئەو کاریگەرییە ساختەیەی ئارەزوویەکی درۆزن یان درۆیەکی هونەریی دروستی دەکات ، لەیەکتر

جیاوازن .) ﴿59 : 174﴾ سەرسام بوون و ورووژاندنیش کۆمەڵێك سەرچاوە و هوکاری تایبەتییان هەیە و لە شێوازی جیاوازدا خۆیان دەنوێنن " بەلای (د. محمد غنیمی هلال) ەوە (دوو جۆر سەرسام بوون هەیە : یەکەم ئەوەیە کە شتێکی جوان لە سروشتدا دروستی دەکات ، دووەمیش پێشکەشکردنێکی هونەری توند و تۆڵە " لەسەر بنەمای یاساکانی هونەر لەئەدەب یان هونەرەکانی تردا ، یاخود بەپێی ئەوەی هەر رەگەزێکی ئەدەبی دەیخوازێت بۆ شتێك ، دروستی دەکات . هەریەك لەو دوو سەرسام بوونە بەهای تایبەتی خۆی هەیە .) ﴿170 : 337﴾ . لەبەرئەوەی مرۆڤ هەڵسەنگێنەری هەر دوو جۆرە جوانییەکەیە (جوانی سروشتی و جوانی هونەریی) " دەبینین ئارەزوو و سروشتی هەڵسەنگێنەر بە ئاشکرا لە بڕیاری جوانیدا رەنگدەداتەوە " بەڵام ئەم بڕیارە لە کاری هونەرییدا زیاتر پشت بە بنەما و پێوەرە ئیستاتیکییەکان دەبەستێت ، نەوەك ئارەزووە تاکەکەسییەکان .

## جوانی سروشتی[1] :

(جوانی سروشتی لە دوو شێوەدا دەردەکەوێت ، هەرچەندە سنووری جیاکەرەوە لەنێوانیاندا زۆر ڕوون نییە : شێوەی یەکەم " جوانی دیمەنە گشتییەکان بۆ چەند شتێکی سروشت ، وەك دیمەنی دارستانێك ، بە درەخت و چەم و باڵندەکانییەوە .. ، جۆری دووەمیش " جوانی شتە تاکەکانە ، وەك جوانی گوڵ و ئاسك و ...) ﴿188 : 58﴾

بەلای هەندێکەوە (تایبەتمەندییەکانی جوانی لە سروشتدا بەرهەمی مرۆڤنییە و ویست و ئارەزوویشی نییە ، بەڵکو مرۆڤ بە پێی پێشکەوتنی تەکنیکی و زانستی و فیکری و گیانی و

[1] - مەبەستمان لە سروشت تەنیا سروشتی بێگیان و گیانلەبەران نییە , بەلکو سروشتی مرۆڤایەتیش دەگرێتەوە .

ئیسستاتیکی هەستیان پێدەکات) ﴿147 : 12﴾، هەروەها پێیان وایە (جوانی لە سروشتدا پێش دەرکەوتنی مرۆڤی ئاقڵ هەبووە ، پێش ئەوەی هەستی جوانی پێبکات﴿... ﴾ دواتر مرۆڤ دەستی بە ناسینی جوانی سروشت کرد " لەو کاتەوە دەستی کرد بە داهێنانی جوانی (مەتریالی و گیانی) لەسەر رێبازی یاساکانی جوانی سروشتی و پێشکەوتنی فیکری و کۆمەڵایەتی .)﴿147 : 12﴾. کەواتە بەلای ئەمانەوە جوانی بوونێکی بابەتیی هەیە لە واقیعدا " مەبەستیش لە واقیع — لە لایەکەوە پەیوەندی مرۆڤە بە سروشتەوە و لە لایەکی تریشەوە پەیوەندی مرۆڤەکانە بە یەکترییەوە " واتە پەیوەندی کۆمەڵایەتی .

بەگشتی جوانی بەلایانەوە بوونێکی ڕەهای هەیە و مرۆڤەکان بەپێی پێشکەوتنیان هەستی پێدەکەن " تا ئاستی مەعریفییان بەرزتر بێتەوە ، زیاتر هەست بەو جوانییە دەکەن . بەڵام لە راستیدا هەرگیز ناتوانین گرنگی تایبەتییەتی دەروونی و فیکری هەر مرۆڤێك لە هەستکردنی بە جوانی فەرامۆش بکەین ، چونکە ئەگەر تەنیا بارودۆخ و ژینگەی مرۆڤەکان لەبەرچاوبگرین ، ئەوا (بۆ نموونە) ئەگەر دوو مرۆڤ لە یەك ئاستی مەعریفیدا بن ، دەبووایە پێوەرەکانیشیان بۆ جوانی وەك یەك بووایە ، بەڵام هەرچەندە نزیکییەکی زۆریش لە نێوانیاندا هەبێت ، ناتوانین بڵێین تەواو وەك یەکن .

بوونی جوانی لە سروشتدا بەستراوەتەوە بە بوونی مرۆڤەوە ، (ئەو بەها ئیستاتیکییانەی سروشت هەیەتی ، لە بەخششەکانی مرۆڤ خۆیەتی ، بەم شێوەیە پلەی هەڵسەنگاندنی جوانی شتەکان لە سروشتدا جیاوازە بە پێی چێژ و ڕۆشنبیری و سۆز .)﴿13 : 153﴾ "واتە هۆکارە خودی و بابەتییەکان ڕۆڵیان لە دەستنیشانکردنی بەها ئیستاتیکییەکانی سروشتدا هەیە .

## جوانی هونەریی :

جیاوازییەکی زۆر لە نێوان بیرمەندان و ڕێبازە هونەریی و ئەدەبییەکاندا لەبارەی هونەری پاراو و ناپاراوەوە دروست بووە " بە لای هەندێکیانەوە جوانی هونەر لەوەدایە ، کە لەخزمەتی بەها مرۆڤایەتییەکاندا بێت ، ئەوکاتە بە جوانییەکی پاراوی دادەنێن ، بە پێچەوانەی ئەمانەوە هەندێکی تر پێیان وایە (دوو جۆر جوانی هەیە : جوانی پاراو و جوانی ناپاراو " جوانی ناپاراو خزمەتی دوو ئامانج دەکات : ئامانجێکی جوانی و ئامانجێکی کارەکی) ﴿144 : 77﴾، لەبەرئەوە هونەرێکی وەك بیناسازی ، کە بە پلەی یەکەم خزمەتی ئامانجی کارەکی دەکات ، بە هونەرە جوانەکان دانانێن " بەڵام لە ڕاستیدا جوانی پاراو ئەو جوانییەیە ، کە وەك یەك خزمەتی هەردوو ئامانجەکە بکات .

روخسار و ناوەڕۆك دوو لایەنەکەی کاری هونەریین ، بەهای جوانی هەر یەك لەم دوو لایەنە بەپێی رێبازە هونەری و ئەدەبییەکان دەگۆڕێت " هەندێك رێباز (وەك کلاسیزم) روخسار بەسەر ناوەڕۆکدا پەسەند دەکات ، بەڵام هەندێ رێبازی تر بە پێچەوانەی ئەمانەوە گرنگی دەدەن بە ناوەڕۆك (وەك ڕۆمانسیزم) . هەندێکی تریش پێیان وایە بابەت شتێکە لە دەرەوەی کاری هونەرییدایە و ناتوانین بیکەینە پێوانەی بەهای جوانی لە کاری هونەرییدا ، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی زۆربەی رێبازە هونەریی و ئەدەبییەکان لەوەدا یەکدەگرنەوە ، کە نابێت ئەم دوو لایەنە لەیەکتر جیا بکەینەوە ، چونکە هەردووکیان لە پرۆسەی هونەرییدا تەواوکەری یەکترین .

## پەیوەندی جوانی هونەریی و جوانی سروشتی :

فەیلەسووف و بیرمەندەكان لە بارەی پەسەند كردنی یەكێك لەو دوو جۆرە جوانییە بەسەر ئەوی تریاندا " بە گشتی دەبن بە دوو بەشەوە :

هەندێكیان جوانی سروشتی بەسەر جوانی هونەرییدا پەسەند دەكەن و بەلایانەوە سروشت سەرچاوەی هەموو جوانییەكە بە جوانی هونەرییشەوە ، هەر دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سروشت و بیكەینە پێوەر بۆ جوانی هونەریی ، وەك (ولیام هۆگارس) پێی وایە (بڕیار لەسەر جوانی نە بە بەراورد كردنی نێوان هونەرەكان و نە بە پشت بەستن بە قسەی فەیلەسووفەكان جێبەجێ نابێت ، بەڵكو پێویستە بگەڕێینەوە بۆ سروشت و كاری هونەریی پێ بەراورد بكەین ، چونكە سروشت پێوەری ئەو جوانییە ، كە بەسەر هەموو كارێكی هونەرییدا دەڕژێت .) ﴿103 : 139﴾، لەبەرئەوە بە لای ئەوەوە كاری هونەریی و سروشت لە یەكتری جیانابنەوە و تەواوكەری یەكترین و جوانی هونەریی بەبێ سروشت نابێت و لەوەوە هەڵدەهێنجێنرێت .

هەر لە ئەرستۆوە تا فەیلەسووف و بیرمەندەكانی قۆناغەكانی دواتریش " جوانی هونەر لە جوانی سروشتدا دەبینن و پێیان وایە ، كە دەبێت جوانی هونەر لە سروشتەوە سەرچاوە بگرێت .

هەندێكی تریشیان بە پێچەوانەی ئەوانەوە جوانی هونەریی بە پلەی یەكەم دادەنێن ، چونكە پێیان وایە بۆشاییەك لە جوانی سروشتییدا هەیە ، كە جوانی هونەریی پڕی دەكاتەوە ، (هیچ شتێك یان تابلۆیەكی سروشتی نییە ، كە چوارچێوەیەك سنووری سەرەتاو كۆتایی دەستنیشان بكات ، بەڵام هونەرمەندی بەهرەدار ئەو چوارچێوەیە دروست دەكات) ﴿149 : 28 - 29﴾ " واتە جوانی ناو كاری هونەریی تەواوترێكە لە جوانی ناو سروشت . جوانی سروشتی لە ڕوانگەی مرۆڤێكی ئاساییەوە بەو شێوەیە نییە ، كە لە كاری هونەرمەندێكی بەهرەداردا

دەردەکەوێت ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت (هەر واتایەك لە سروشتدا " سروشت خۆی ناتوانێت گوزارشتی لێبکات ، وەك ئەوەی هونەرمەندێك لە هونەرەکەیدا گوزارشتی لێدەکات.) ﴿149 : 28﴾ .

ئەگەر کاری هونەریی بە لاسایی کردنەوەی سروشت دابنێین ، ئەوا لاسایی کردنەوەیەکی کوێرانە و کتومت نییە ، بەڵکو هونەرمەند لە کارەکەیدا بەهۆی ئەو پاشەکەوتە مەعریفییەی لە ڕێگای ئەزموونی خۆی و کەسانی ترەوە ، یان لە ڕێگای مەعریفەی زانستییەوە کۆی کردۆتەوە ، هەوڵدەدات - وەك ئەوەی خۆی دەیەوێت و لە بەرژەوەندی مرۆڤایەتی دەزانێت - جارێکی تر سروشت ساز بکاتەوە .

تەنانەت هەندێکیان (وەك هیگل) تەنیا دان بەبوونی جوانی هونەرییدا دەنێن و پێیان وایە کە جوانی سروشتی بوونی نییە . ئەگەرچی جوانی لە سروشتدا بوونیشی هەبێت ئەوا ناکرێتە پێوەری ئەو جوانییەی لە کاری هونەرییدا هەیە ، چونکە (جوانی و ناشرینی لە کاری هونەریدا ، جوانی و ناشرینی شتە سروشتییەکە نییە ، بەڵکو لە هۆشی هونەرمەندەکەدایە ، کە بۆ ئەو جوانی و ناشرینییە سروشتییەی زیاد کردووە " ڕەخنەگریش کاتێك بڕیاری جوانی و ناشرینی بەسەر کاری هونەرییدا دەدات ، بڕیارە بەسەر ئەم هۆشەدا .) ﴿65:149﴾

هەندێ جاریش وا ڕێککەوتووە ڕای مامناوەندی هەبێت و هاوسەنگییەك لە نێوان هەردوو جۆرە جوانییەکەدا دروست بکات ، یاخود هەردووکیان لە یەکتری جیابکاتەوە و هەریەکەیان بە بوونێکی تایبەتی و سەربەخۆ دابنێت " وەك (بیکاسۆ) دەڵێت : (هیچ پەیوەندییەك لەنێوان هونەر و سروشتدا نییە ، هەردووکیان دوو سروشتی جیاوازیان هەیە .) ﴿153 : 13﴾

## جوانی لەلای چینییە کۆنەکان :

میللەتی چین یەکێکن لەو میللەتانەی هەمیشە وێڵی جوانی بوون " هەروەك لەو پەندە میللییە کۆنەیاندا دەردەکەوێت ، کە دەڵێن : (ئەگەر دوو ( کولێرە )ت هەبوو " یەکێکیان بفرۆشە و بە نرخەکەی چەپکێك گوڵ بکڕە .) ﴿194 : 97 ﴾

چینییەکان خاوەنی شارستانییەتێکی کۆن و دەوڵەمەندن ، کە دەگەڕێتەوە بۆ چەند سەدەیەك پێش زایین ، " چەندین بیرمەندی گەورەی وەك (کۆنفشیۆس و لاوتسزی و ...)یان هەبووە ، تەنانەت بیروڕاکانی (کۆنفشیۆس)وەك ئاینێك تا ئێستاش پیڕەوکەری هەیە .

بیروباوەڕی بیرمەندەکانیان لەبارەی (سوودی کۆمەڵایەتی هونەر و هێزی ڕەوشتی و پەروەردەیی و نموونەی بەرزی جوانی و جوانی دەرەکی ڕووخسار و جوانی ناوەوەی ڕەوشتیی ناوەڕۆك و خەڵقی هونەریی) بنیاتدەنا . ﴿121 : 52 ﴾

## جوانی لەلای گریکییەکان :

(ئامانجی هونەر بەلای یۆنانییەکانەوە بە تەنیا چێژوەرگرتن نەبوو " ئەگەرچی چێژوەرگرتن تیایدا سەرەکیش بێت ، بەڵکو پەروەردەیی و هەڵسەنگاندنیش بوو " تەنانەت ئەفلاتوون ئامانجی پەروەردەیی دەخاتە سەرووی چێژەوە .) ﴿110: 166﴾

فیساگۆرسییەکان " کە کۆمەڵێك فەیلەسووف و زانای دیاری گریکییەکان بوون ، پێیان وابوو (هارمۆنییەتی ژمارە ئەو یاسا بابەتییەیە کە هەموو دیاردەکانی ژیان بەڕێوەدەبات " هەر ئەم یاسایەش بنەمای دیاردە ئیستاتیکییەکانە) ﴿121 : 38 ﴾ ، هەروەها بەلای (هیرقلیت = 530 – 470 پ . ز)یشەوە – وەك فیساگۆرسییەکان – (جوانی بنەمایەکی بابەتی هەیە ، بەڵام ئەم بنەما بابەتییە لە پەیوەندیە ژمارەییەکاندا

نابینێت و بەڵکو لە سیفەتی شتە مادییەکاندا دەبینێت .) ﴿121 : 38﴾، واتە بابەتی بوونی جوانی شتەکان لە خودی شتەکاندایە " نەوەك پەیوەندی شتەکان بە یەکترییەوە ، چونکە بە لای ئەمەوە لەم پەیوەندییەدا جوانی سیفەتێکی نیسبی وەردەگرێت " (جوانی سیفەتێکی نیشانەیی شتەکانە ، لە هەمان کاتیشدا سیفەتێکی نیسبییە ، هۆیەکەیشی ئەوەیە کە شتەکان سەر بە ڕەگەزی جیاوازن) ﴿121 : 38﴾ " واتە ئەگەر سیفەتی جوانیمان لە شتێکدا بینی ئەوە بە نیسبەت شتەکانی تری سەر بە هەمان ڕەگەز جوانە ، ڕەنگە ئەگەر بەراوردی بکەین بە شتێکی سەر بە ڕەگەزێکی تر ئەو سیفەتەی پێنەبەخشین . بەڵام بەلای پرۆتاگۆراس (480 – 410 پ . ز) ئەم سیفەتە نیسبییەی جوانی دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ڕوانگەی مرۆڤەکان " وەك لەو وتە بەناوبانگەیدا دەردەکەوێت " کە دەڵێت : (مرۆڤ پێوەری هەموو شتەکانە) ﴿201 : 40﴾" کاتێکیش مرۆڤ دەبێتە پێوەر ، مۆرکی نیسبییەت بەسەر پێوانەی شتەکاندا دەسەپێت " بێگومان جوانیش یەکێکە لەو شتانە ، لەبەرئەوە پێوەرەکانی جوانیش نیسبین .

(دیمۆکریت = 460 – 370 پ. ز) یش ڕای وایە (جوانی بنەمایەکی بابەتی هەیە لە جیهاندا . جەوهەری جوانیش لە کیانی ڕێکوپێك و هاوتایی و گونجانی بەشەکان و ڕاستی ڕێژە بیرکارییەکاندایە .) ﴿121 : 38﴾.

واتە زۆربەی فەیلەسووفە گریکییەکانی پێش سوکرات " جگەلە پرۆتاگۆراس ، جوانی بە لایانەوە شتێکی بابەتییە ، بەڵام هەریەکەیان ئەم بابەتیی بوونە لە شتێکدا دەبینن" لە پەیوەندی ژمارەیی شتەکان ، یان لە خودی شتەکاندا ، یاخود لە بوونی چەند مەرجێك لە شتی جواندا ..

لەبەرئەوەی (سوکرات = 469 – 399 پ. ز) زۆر گرنگی بە ڕەوشتی مرۆڤ دەدا ، جوانی دەبەستەوە بە ڕەوشت پاکییەوە ، بەلای ئەوەوە (چەمکەکانی شەرەف و داوێن پاکیی

و جوانی وەك یەكن .) ﴿121: 39 ﴾ ، هەروەها پێی وایە (ئەوەی سوودی نەبێت ناتوانێت جوان بێت) ﴿205 : 281 ﴾ " بەم شێوەیە (چەمكی جوان و چەمكی سوودمەندی پێكەوە دەبەستەوە ، لەبەرئەوە جوان بەلایەوە كارێكی نیسبییە) ﴿121: 39﴾ئەو شتەی كەسێك سوودی لێوەردەگرێت ڕەنگە بەلای كەسێكی ترەوە بێ كەڵك بێت " بە پێوەری سوكرات بەلای كەسی یەكەمیانەوە جوانە و بەلای دووەمیانەوە ناشرینە .

سوكرات بڕوای بە بوونی جوانییەكی نموونەیی هەیە " بۆیە دەڵێت : ((جوانی خاسیەتێك نییە بە هەزاران شتەوە بەسترابێتەوە : خەڵك .. ئەسپ ، جلوبەرگ ، كچ ، گوڵدان . . . هتد ، هەموویان جوانن " بەڵام لە سەرووی هەموو ئەوانەوە جوانی خۆی هەیە)) ﴿59 : 21 ﴾، بەمەش سیفەتی تاكییەتی لە جوانی دەسێنێتەوە و سیفەتێكی گشتی پێدەبەخشێت.

هەر ئەو بۆچوونەی سوكرات لە بارەی نموونەیی جوانییەوە ، لەلای قوتابییەكەیشی (ئەفلاتوون) دەبینرێت — وەك لە بیروڕاكاندا دەردەكەوێت -﴿110 : 383 ﴾ بڕوای بە بوونی جوانییكی ئەبستراكت هەیە ، جوانییەكی پاراو كە نەبەستراوەتەوە بە شتەكانەوە .

جوانی بەلای ئەفلاتوونەوە (لەم جیهانەدا بوونی نییە ، بەڵكو لە جیهانی نموونەییدایە .) ﴿121 : 40 ﴾ ، چونكە بەپێی (فەلسەفەی بوون)ی ئەفلاتوون " هەستەكان هەڵخەڵەتێنەرن ، لەبەرئەوە ئەو جیهانەی بەهۆی هەستەكانەوە پێی دەگەین ، جیهانی سێبەرە و هەنگاوێك لە ڕاستییەوە دوورە ، جیهانی نموونەیش جیهانی ڕاستەقینەیە كە تەنیا لە ڕێگای هۆشەوە پێی دەگەین ، جوانیش وەك سیفەتێكی ڕاستەقینەی بوون تەنیا لە جیهانی نموونەییدا هەیە " (گەیشتن بە جوانی لە ڕێگای هەستەكانەوە نابێت ، بەڵكو لە ڕێگای ئەقڵەوە دەبێت ، لەبەرئەوە جوانی مۆركی سەرووی هۆشی هەڵگرتووە) ﴿121 : 40﴾

هەروەها پێی وایە (ئامانجی هونەر دووبارە خەڵقکردنەوەی جوانی بەرز و ئەفراندنە لەناو سنووری ئەم جوانیەدا) ﴿178 : 11﴾" ئەمەش لەو بۆچوونەیەوە دێت کە لاسایی کردنەوە لە هونەردا ڕەتدەکاتەوە : (ئەو هونەرەی لاسایی کردنەوەی تێدا بێت ، زۆر دوورە لە ڕاستییەوە) ﴿110 : 553 ﴾ " هۆی ئەم ڕەتکردنەوەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ، کە بەلای ئەفلاتوونەوە مرۆڤ ناتوانێت چەند کارێك یان چەند پیشەیەك پێکەوە بە چاکی ئەنجام بدات ، بەڵکو دەتوانێت تەنیا کارێك بە چاکی و سەرکەوتوویی ئەنجام بدات ، کە دەڵێت : (کەس لە توانایدا نییە لاسایی چەند شتێك بەهەمان شارەزایی بکاتەوە "وەك چۆن لاسایی تەنیا یەك شت دەکاتەوە) ﴿110 : 271 ﴾. جگە لەم هۆیە ئەفلاتوون لە ئەنجامی لاسایی کردنەوە دەترسێت ، کە لە داهاتوودا کاریگەریی خراپی دەبێت لە سەر مرۆڤ ، بۆ ئەم مەبەستەیش دەڵێت : (لاسایی کردنەوە ئەگەر لە منالێیەوە دەستپێکرد و ماوەیەکی زۆر لە ژیاندا درێژەی کێشا ، لە کۆتاییدا دەبێتە خوویەك و دەبێتە سروشتی دووەم و کاریگەریی دەبێت لەسەر جەستە و ئەقڵ و گیان) ﴿110 : 271 ﴾ ، بۆیە تەنیا ڕێگا بە لاسایی کردنەوەی شێوازی ڕەوشتپاکەکان دەدات .﴿110 : 275 ﴾

لە کۆمارەکەیدا پاش ئەوەی داوای سڕینەوەی چەند دێڕێك دەکات لە ئەلیادە و ئۆدیسای هۆمیرۆس ، داوا لە هۆمیرۆس و شاعیرانی تریش دەکات کە تووڕە نەبن ، چونکە لابردنی ئەو شیعرانە (لەبەرئەوە نییە کە جوانیی شیعریی تێدا نییە ، یان لەبەرئەوەی خەڵك گوێیان بۆ ناگرێت ، بەڵکو لەبەرئەوەیە " هەتا زیاتر بچێتە ناو مۆرکی شیعرییەوە ، کەڵکی کەمتر دەبێتەوە) ﴿110 : 259 ﴾، وەك دەردەکەوێت ئەفلاتوون لایەنی پەروەردەیی دەخاتە پێش ئیستاتیکای شیعری[1].

بە شێوەیەکی گشتی " ئەفلاتوون لە بڕیارەکانی بەسەر هونەردا ، وەك فەیلەسووفێك پێوەری فەلسەفی و ڕەوشتی و ئاینی بەکارهێناوە ، نەوەك پێوەری ئیستاتیکی .

هەرچی ئەرستۆیە لە گەڵ ئەوەی قوتابی (ئەفلاتوون) بووە ، بەڵام جیاوازییەکی زۆر لە نێوان بیروڕاکانی ئەم و مامۆستاکەیدا دەبینرێت " ئەم پێی وایە کە (خێر گوزارشت لێکردنی هەمیشە لە (کار)دا دەبینێتەوە ، بەڵام (جوان) لە تەنە نەبزاوەکاندا بەرجەستەی دەکات . لەبەرئەوە جوانی دابەش دەکاتە سەر دوو بەش : جوانی نەبزاو و جوانی بزێو . هەروەك دەبینین ئەرستۆ پێش هەموو شتێك گرنگی دەدات بە سیما ڕووخسارییەکانی جوانی ، بەڵام بنەمای جوانی لە تایبەتی و پەیوەندییەکانی شتەکان بە یەکتری دەبینێت) ﴿41 : 121﴾" واتە جیاوازی لە نێوان (کار) و (ڕووخسار)دا دەکات " (کار)بە(خێر)و(ڕووخسار)یش بە (جوانی) وەسف دەکات ، کە باسی جوانی کارێکی هونەریی دەکرێت ، مەبەست لە لایەنی ڕووخسارەکەیەتی ، کاتێکیش بە خێر وەسف دەکرێت مەبەست لە ناوەڕۆکەکەیەتی .

ئەرستۆ داهێنەری لۆژیکە بۆیە هەمیشە داوای ڕێکخستنی دیاردەکان دەکات، جوانیش یەکێکە لەو دیاردانە ، هەروەك دەڵێت : (جوان " چ بوونەوەرێکی زیندوو، چ شتێکی پێکهاتوو بێت لە چەند بەشێك، وەك پێویستییەك سیستەمێك لەنێوان بەشەکانیدا هەیە ، گەورەییەکیشی تێدایە بە پێی چەند مەرجێکی زانراو .)﴿23 : 109﴾، هەر لەم بارەیەوە پێی وایە (سیستم و ڕێکوپێکی و دەستنیشانکردن لە تایبەتییە جەوهەرییەکانن کە جوانی لێیانەوە دروست دەبێت) ﴿149 : 120﴾ ، هەروەها باسی گرنگی (یەکییەتی ئۆرگانی) دەکات ، کە پێویستە لە تراژیدیادا هەبێت (بە پێچەوانەوە سیفەتی جوانی ون دەکات ، چونکە یەکیەتی و گونجانی تەواوکراوی ڕێکوپێك " لە بنەماکانی جوانین) ﴿109 : 41﴾، و بێ ئەمانە جوانی پێك نایەت .

هەروەها دەڵێت : (جوانی کاری هونەریی دەگەڕێتەوە بۆ سەرکەوتنی لاسایی کردنەوە ، بێ گوێدانە جوانی و ناشرینی ئەو شتەی لاسایی کراوەتەوە .)﴿149 : 58﴾، واتە ئەم بە پێچەوانەی ئەفلاتوونی مامۆستای لاسایی کردنەوە دەکاتە مەرجی جوانی لە کاری

هونەرییدا ، ئەو شتەیش لاسایی کراوەتەوە (واتە بابەتەکە) ، نابێتە پێوەری بڕیاری جوانی لە کاری هونەرییدا ، ئەمەش بەو مانایە نییە کە ئەرستۆ گرنگی بە ناوەڕۆکی کاری هونەریی نەداوە ، بەڵکو مەبەستی لەوەیە کە دەبێت هونەرمەند لە لاسایی کردنەوەکەیدا سەرکەوتوو بێت .

جوانی بەلای (ئەرستۆ)وە (سیفەتێکە بوونی بابەتی خۆی هەیە کە سیفەتی شتەکان خۆیانە) ﴿121 : 41 ﴾، واتە پێش ئەوەی مرۆڤ هەستی پێبکات و ئەو سیفەتەی پێببەخشێت ، لە خودی شتەکاندا هەیە . هەروەها پێی وایە (جوانی ڕێگایەکە لە ڕێگاکانی مەعریفە ، چونکە شتمان لە دۆخی نموونەیی و ڕاستییەکی گشتییدا پێشاندەدات کەنابەسترێتەوە بە جیاوازییە تاکەکەسییەکان.) ﴿186 : 18 ﴾، لەبەرئەوە کە ئەرستۆ باس لە لاسایی کردنەوە دەکات ، مەبەستی لە لاسایی کردنەوەیەکی کتومت نییە ، بەڵکو مەبەستی لە داهێنانی شتێکە (یان بابەتێکە)وەك ئەوەی پێویستە ببێت " واتە لاسایی کردنەوە تەواوکردنی کەموکورتییەکانی سروشتە " بەڵام بە مەرجێك بەرهەمێك بهێنێتە کایەوە کە لەگەڵ واقیعدا بگونجێت : (ئەرکی ڕاستەقینەی شاعیر " گێڕانەوەی ڕووداوەکان نییە وەك ئەوەی ڕوویانداوە ، بەڵکو گێڕانەوەی ئەوەیە کە دەشێت ڕووبدات ، شتە شیاوەکانیش : بەپێی مەزەندەکردن — احتمال ، یان بەپێی پێویستی دەبێت)﴿109 : 26﴾ ، بەلایەوە هونەر بەتواناترە لە سروشت ، بۆیە دەڵێت : (کاتێك سروشت دەستەوەستان دەبێت ، هونەر دێت و یارمەتی دەدات .)﴿166 : 62﴾، کەواتە هونەری پێ تەواوترێکە لە سروشت .

## جوانی لەلای ڕۆمانییەکان :

پاش ئەوەی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی - گریکی کۆنی داگیرکرد ، تەواو کەوتە ژێر کاریگەریی فەلسەفە و ئەدەبیاتی گریکەکان . (هۆراس) دیارترین شاعیر و ڕەخنەگری ڕۆمانەکان بوو لەو سەردەمەدا " بیرورِا ڕەخنەییەکانی لەو قەسیدەیەدا خستۆتە روو کە بە ناونیشانی (نامەیەك بۆ خێزانی پیزۆ) نووسیویەتی " لەناو ڕەخنەگرانیشدا بە (هونەری شیعر)ناسراوە " تیایدا هونەر –بەتایبەتی شیعر – بەرگێکی ئاماندار دەپۆشێت " لە وێدا دەڵێت : (ئامانجی شاعیران یان سوود بەخشینە ، یان چێژبەخشین ، یاخود وروووژاندنی چێژ و سوودبەخشین لە یەك کاتدا) ﴿179 : 88﴾" واتە هۆراس جوانی هونەر و ئەدەب لە هەردوو ڕووەکەیدا دەبینێت: ڕووخسار و ناوەڕۆك " چێژ بە ڕووخسار و سوودیش بە ناوەڕۆکەوە دەبەستێتەوە .

## لە سەدەکانی ناوەڕاستدا :

(ئۆگەستین = 345 – 430 ز) " یەکێکە لە دیارترین تیۆریستەکانی هونەری ڕەسمی کەنیسەی کاسۆلیکی دەستەڵاتدار ، جوانی بەلای ئەمەوە (ڕەمزی یەکیتی میتافیزیکی و دابەشکردنی ڕیتمی شتەکان و ماناکانیانە . جوانی لە جەوهەری قووڵیدا خێر و ڕاستییە ، کە بە هەستەکان درکیان پێدەکرێت ، بەڵام جوانی لە خودی خۆیدا هیچ گرنگییەکی نییە ، بەڵکو گرنگییەکەی لەو واتایەیە کە تیایدا بەرجەستە دەبێت .)﴿121 : 54﴾ ، بەم شێوەیە جوانی دەبەستێتەوە بەو واتا ئاینییەی تێیدا بەر جەستە دەبێت . هەروەها بە بڕوای ئەم جوانییەکی نموونەیی هەیە کەتایبەتە بە یەزدان " هەروەك دەڵێت : ((یەزدان ئەو هونەرمەندە گەورەیەیە کە فۆرم و جوانی و سیستەم بە پێی یاسا تایبەتییەکانی ، بە هەموو شتێك دەبەخشێ . یەزدان حەقیقەتی هەموو جوانییەکە بەڵکو لە هەموو جوانییەك بەرزترە

.)) ﴿59 : 45 ﴾. هەروەها جوانی لە بابـەتی کـاری هونەرییـدا دەبینێـت نـەوەك ڕووخسارەکەی ، یان وردتر بڵێین : لەو پەیامە کەنیسەییەی کە دەیگەیەنێت .

(تۆماس ئەکواینس = 1225 - 1274)یش ڕای هەروەکو ئۆگستینە و دەڵێت : (بەرزترین جۆری جوانی " جوانی خودایيە ، گەیشتن بەم جوانییەش تەنیا لە ڕێگای توانەوە لە جوانی خودادا دێتە بەرهەم) ﴿107 : 118 ﴾، بەمەش هونەر دەخاتە دوو توێی سۆفیزمەوە . بەڵام ئەم بە تەواوی سیفەتی جوانی لە جیهانی هەستپێکراو ڕوون ناکاتەوە ، بەڵکو پێی وایە کە (جوانی جێگای خۆی هەیە لەناو جیهانی شتە هەستپێکراوەکاندا ، کە سێ مەرجی هەیە : تەواویی و هارمۆنیەت و ڕوونی) ﴿107 : 118﴾، هەروەها تەنیا بە هەستەکانیشی نابەستێتەوە ، بەڵکو بە لایەوە (جوانی ئەوەیە لە کاتی بینینیدا شادمانی دەبەخشێت ، چ لە ڕێگای هەستەکانەوە بێت ، یان لە خودی هۆشدا بێت) ﴿10 : 129 ﴾ " بەم پێیەش لە بیرمەندەکانی پێش خۆی جیادەبێتـەوە " کـە جوانییـان تـەنیا بـە هەستەکانەوە دەبەستەوە " لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین (تۆماس) بنەما ئیستاتیکییەکانی سەردەمی گریکی تێکەڵ بە بیروڕاکانی کەنیسەی کاسۆلیکی کردووە ، لە پاڵیاندا بیروڕای تایبەتی خۆیشی تێکەڵکردووە.

بە گشتی بیرمەندەکانی سەدەکانی ناوەڕاست هەستی ئاینی مەسیحی کاسـۆلیکی بەسەریاندا زاڵ بوو ، لەبەرئەوە دەبینین لەم سەردەمەدا چەمکی جـوانی لـە هونـەردا بەستراوەتەوە بە خزمەتکردنی کەنیسەی کاسۆلیکی دەستەڵاتدار .

## چەمکی جوانی لە سەردەمی ڕێنیسانسدا :

(هەرچەندە (ل . ب . ئەلبێرتی)پێی وایە كە هەستكردن بە جوانی ئاسانترە لە ڕاڤەكردنی بە وشە ، بەڵام بەم جۆرە پێناسەی جوانی دەكات : جوانی ڕێككەوتن و هاوئاهەنگی نێوان بەشەكانی شتێكە) ﴿121 : 80 ﴾ ، هەروەها دەڵێت : (جوانی لەناو خودی شتەكاندا خۆی حەشارداوە ، لەبەرئەوە ئەركی هونەرمەند لە لاسایی كردنەوەی سروشتدا سنووردار دەبێت . جیهان لە جەوهەریدا جوانە و جوانییەكەیشی لە یاساكانیدایە ، پێویستە لەسەر هونەر ئەم یاسا بابەتیانە بدۆزێتەوە و پێیانەوە پابەند بێت .) ﴿121 : 80﴾" كەواتە بەلای ئەمەوە جوانی شتێكی بابەتییە و ئەركی هونەرمەندیش تەنیا گەڕانە بە دوای یاساكانی جوانی لە سروشتدا ، نەوەك سازكردنەوە و جوانتر كردنی سروشت ، بەم شێوەیە جوانی سروشتی لە جوانی هونەریی بە بەرزتر دادەنێت و لە پلەو پایەی هونەرمەندیش كەمدەكاتەوە .

ڕاستە چەمكی جوانی هونەریی لەم سەردەمەدا ، لەو كۆتوپێوەندانەی كەنیسەی كاسۆلیكی لە سەدەكانی ناوەڕاستدا بە سەر هونەردا سەپاندبووی ئازاد بوو "بەڵام دەبوایە بە یاسا سروشتییەكانەوە پابەند بێت .

بەڵام هیومانیستەكان " كە بزووتنەوەیەكی مرۆڤایەتی بوون لەم سەردەمەدا سەریانهەڵدا ، (ئاشقی جوانی ڕاستەقینە بوون ، داوای دووبارە خەڵقكردنەوەی سروشت و مرۆڤیان لە هونەردا دەكرد " بەو پێیەی كە(مرۆڤ) تەواوترین بوونەوەری سروشتە) ﴿121 : 80 ﴾

## چەمكی جوانی لە ڕێبازی كلاسیزمدا :

كۆنترین و یەكەمین ڕێبازی ئەدەبییە ، كە لە دوای شۆڕشی ڕێنیسانس لە ئەوروپادا سەری هەڵدابێت " زیاتر لە سەدەی حەڤدەهەمدا بنەماكانی جێگیر بوون . فەرەنسا بە

پێشەوای راستەقینەی کلاسیزم دادەنرێت ، هەروەك دەبینین زۆربەی شاعیرەکانی ئەم سەردەمە فەرەنسین " وەك : (بوالۆ ، کۆرنێل ، مۆلێر ، ڕاسین) ، لە ئەدەبی ئینگلیزیشدا (جۆن ملتۆن) ، کە (بەهەشتی ونبوو)ی نووسیوە " ئەم بەرهەمە بە گەورەترین بەرهەمی ئەدەبی ئەم سەردەمە دادەنرێت . کلاسیزم لە سەرەتادا " ژیانەوەی ئەدەبیاتی گریکی و لاتینی کۆن بوو ، ئەمەش لە ڕێگای شیکردنەوە و چێژ لێوەرگرتنی بەرهەمە کۆنەکان ، یاخود لە ڕێگای بیروڕای ڕەخنەگرە کۆنەکانی ، بە تایبەتی (ئەرستۆ) ، لەبەرئەوە بنەما ڕەخنەییەکانی ئەرستۆ بە (ئینجیلی کلاسیزم) دادەنرێت. (1)

(بوالۆ " لەگەڵ ئەوەی باوەڕی بە بنەمای لاسایی کردنەوەی سروشت هەبوو ، بەڵام پێی وابوو دەبێت سروشت بژار بکرێت و لە درشتیی سەرەتایی پاك بکرێتەوە ، تاوەکو بەیاریدەی چالاکی ئەقڵی ڕێك بخرێتەوە .) ﴿121 : 87﴾ . جوانی لە ڕوانگەی ئەمەوە (هارمۆنیت و یاسایی بوونی گەردوونە) ﴿121 : 87﴾ (بوالۆ پێی لەسەر ئەوە دادەگرێت ، کە هیچ جوانییەك لە دەرەوەی حەقیقەتدا نییە و پێوەری جوانیش (ڕوونی)یە ، گەیشتن بە جوانی دەبێت لە ڕێگای ئەقڵەوە بێت نەوەك لە ڕێگای سۆزەکان ، شتە تەمومژاوییەکان جوان نین) ﴿121 : 87﴾" واتە ئەو شتەی لە ڕێگای ئەقڵەوە بێت ڕوونە و ئەوەیش لە ڕێگای سۆزەوە بێت تەمومژاوییە " کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا یەکێك بوو لە پرنسیپەکانی ڕێبازی کلاسیزمی ئەورووپی و (ڕوونی) کردبووە مەبەست بۆ دروست نەبوونی گیانی یاخیبوون ، بەمەش ئەدەب واتایەك لە واتاکانی خزمەتکردنی دەستەڵاتە ، هەروەها پێی وایە کە (جوانییەکی ڕەها هەیە و لە گەڵیشیدا چەمکێکی ڕەها بۆ جوانی هەیە)﴿121:89﴾، لەم ڕایەشدا لەگەڵ فەیلەسووفە کۆنەکانی گریك یەك دەگرێتەوە .

دیکارت (1596 – 1650 ز) کە بە دیارترین فەیلەسووفی ڕاشیۆنالێزم ناسراوە، بەلایەوە(جوانی ئەوەیە کە بە چاو دەبینرێت .) ﴿167 : 6﴾" بەمەش سیفەتی جوانی لە

شتە گومانا وییەکان دوور دەخاتەوە . بە پێی بیروبۆچوونی فەلسەفی خۆی ئەقڵی دەکردە بنەما و پێوەری هەموو شتێك ، بەو پێیەش کە دیاردەی جوانی شتێکی نیسبییە و بە تەواوی ناچێتە ژێر بڕیاری ئەقڵەوە ، (پاش ئەوەی بە گشتی لە کێشە و ماهییەتی جوانی کۆڵییەوە ، گەیشتە ئەوەی کە ئەستەمە بە وردی سنووری جوانی دەستنیشان بکرێت) ﴿187 : 48﴾

هەروەها جوانی بەلایەوە تەنیا لە ڕێگای هەستەکانەوە ناناسرێت ، بەڵکو (چێژی جوانی دوو سەرچاوەی هەیە : هەستی و ئەقڵی ، تاوەکو چێژەکە ڕاستەقینە بێت ، دەبێت ڕەگەزەکانی هەردوو سەرچاوەکە تێکەڵ بەیەکتری بن) ﴿187 : 53﴾" تەنیا لەم بارەیشدا دەتوانرێت بڕیاری ئیستاتیکییانە بەسەر دیاردە و شتەکاندا بدرێت ، واتە (جوانی سەربە جیهانی یەکیەتی نێوان جەستە و دەروونە ، کە جیهانێکە ڕوونی و جیاکردنەوەی تێدا نییە) ﴿187: 55 ﴾ ، چونکە (هەردوو بنەمای ڕوونی (**Clarity**) و جیاکردنەوە (**Distintness**) بنەڕەتی یەقینی ئەقڵیین بە لای دیکارتەوە) ﴿181 : 85﴾" بە هۆی پشت بەستنی بڕیاری جوانی بە هەست و خەیاڵەوە ، لە ئەقڵ دوور دەکەوێتەوە ، بەمەش ناتوانرێت یاسایەکی سەراسەریی بکرێتە پێوانە لەم بڕیارە ئیستاتیکییەدا .

دیکارت جوانی لە سیفەتە مامناوەندییەکاندا دەبینێت ، چونکە بەلای ئەوەوە ئەو سیفاتانەی زۆر گەورە یان زۆر بچوکن ، یاخود زۆر بەرز یان زۆر نزمن ، ئازاری هەستەکانمان دەدەن ، لەبەرئەوە دەڵێت : (ئەو بابەتەی دەبێتە هۆی ئەوەی چێژێکی گەورەمان پێببەخشێت ، نە ئەوەیە بە ئاسانی هەستی پێبکرێت ، نە ئەوەیشە بە گرانی هەستی پێبکرێت ، بەڵکو ئەو بابەتەیە کە لە توانایدا هەیە دۆخێکی هاوسەنگ بخوڵقێنێت) ﴿187 : 51﴾" بەڵام لە پێش ئەم (ئەرستۆ) هەمان بۆچوونی هەبووە : (گەورەیی و سیستەم بنەمای جوانین ، لەبەرئەوە ئەگەر بوونەوەرێکی ئۆرگانی زیندوو زۆر بچوك بێت ، ناکرێت بە

جوان دابنرێت ، ئیدراکمان تەمومژاویی دەبێت . هەروەها ئەگەر زۆر گەورەیش بێت ، هەمووی بە چاو نابینرێت .) ﴿109 : 23 - 24 ﴾

وتەیەك بەلای خەڵکەوە باوە ، کە جوانی ئەوەیە خۆشی و شادی دەبەخشێت "بەڵام دیکارت و پێڕەوکەرانی هەڵیانگەڕاندەوە بۆ (هەموو ئەو شتانەی شادی و خۆشی دەبەخشن —بە هەر جۆرێك بێت — جوانن) ﴿181 : 89 ﴾، بەڵام ئەمە لە هونەر و ئەدەبیاتدا مەرج نییە ، چونکە دەشێت بەرهەمێك ناخۆشی لە دەروون‌دا دروست بکات لەگەڵ ئەوەشدا بە بەرهەمێکی جوان دابنرێت . (بنەمای دیکارت بۆ لێکدانەوەی جوانی : نیسبی و خودییە .) ﴿139 : 98 ﴾ کاتێك خود دەبێتە پێوەری شتەکان ، بێگومان ئەنجامەکانیش نیسبی دەبن ، لە پێش دیکارتیش بیرمەندانی تریش ئاماژەیان بە نیسبییەتی جوانی کردووە ، کە ناتوانرێت بەها و سروشتی جوانی دەستنیشان بکرێت ، چونکە هەروەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد سیمای جوانی بە پێی ڕوانینی کەسەکان و باری جوگرافی و کلتوور دەگۆڕێت .

بنەمایەکی تری جوانی بەلای دیکارتەوە هەمەڕەنگییە ، کە دەڵێت : (هەمەڕەنگی لە هەموو کارێکدا ، سەرچاوەی شادییەکی زۆرە) ﴿187 : 50 ﴾، لەبەرئەوەی مرۆڤ هەمیشە لە یەکڕەنگی و دووبارەکردنەوەی کتومتی شتەکاندا هەست بە بێزاری دەکات ، بەڵام لە ڕەنگاوڕەنگی و جۆراو جۆرییدا ژیانەوە دەبینێت.

بەگشتی فەلسەفەی کلاسیزم لەم چەند وشەیەدا کورت دەکرێتەوە : (ڕاشیۆنالیزم بەلای کلاسیکییەکانەوە بنەمای فەلسەفەی جوانییە لە ئەدەبدا ، چونکە ئەدەب ڕەنگدانەوەی حەقیقەتە ، حەقیقەتیش بە لای ئەوانەوە لە هەموو کات و شوێنێکدا وەکو خۆی وایە ، هەر ئەقڵیشە پەیامی کۆمەڵایەتی شاعیر دەستنیشان دەکات .) ﴿169 : 377 ﴾

لەبارەی کێشەی نێوان سروشت و هونەریشەوە " کلاسیزم بەدوای بەیەکگەیشتنی نێوان جوانی  سروشتی و هونەریدا دەگەڕێت " واتە شتە جوانەکانی ناو سروشت بکرێنە پاڵەوانە جوانەکانی ناوی هونەر .

# جوانی لە سەردەمی ڕۆشنگەرییدا :

## ١ – ڕۆشنگەریی ئینگلیزیی :

(**ئەنتۆنی ئیشلی کوپر شیفتسبیری** = 1671 - 1713) " دیارترین تیۆریستە هونەریی و ڕەوشتییەکانی ئینگلیز بوو لەم سەردەمەدا . شیفتسبیری دەڵێت : (خێر " جوانییە ، جوانیش گونجان و هاوتاییە ، لەبەرئەوە داوێنپاکی لە کرۆکدا هاوسەنگییە لە نێوان حەز و ئارەزووەکاندا) ﴿121: 92 ﴾، کەواتە جوانی هونەرییش ئەوەیە کە لە ئاستی ئارەزووەکانی مرۆڤدا بێت بە مەرجێك سنووری بەها ڕەوشتی و کۆمەڵایەتییەکان نەبەزێنێت .

**هێنری هیوم** (1696-1782) " بیرمەندێکی تری ئەم سەردەمە بوو ، دەڵێت : (هەستەکان دابەش دەبنە سەر دوو بەش : گرووپی بەرز و گرووپی نزم ، بینین وبیستن هەستەکانی گرووپی یەکەمن ، بەرهەستکەوتن و چەشتن و بۆنکردنیش هەستەکانی گرووپی دووەمن) ﴿121 : 94 ﴾ . هەروەها پێی وایە (هەستەکانی سەرەوە ، قۆناغی ناوەڕاستە لەنێوان مەودای هەستە مادییەکانی خوارەوە و مەودای بیرکردنەوەی ئەقڵییدا ، ئەم قۆناغە ناوەندە مەودای (ئیمپرێشن)ە ئیستاتیکییەکانە.) ﴿121 : 94 ﴾

بیرمەندێکی تری دیاری ئەم سەردەمە (**ئەدمۆند بێرك** = 1729-1797) ە " کە حەوت سیمای بابەتیی بۆ جوانی دەستنیشاندەکات :

(1 – دەگمەنی شت ، دەگمەنی نیسبی .

2 – ڕووی بریقەدار .

3 – هەمەڕەنگی لە جێگیربوونی بەشەکاندا .

4 – نەبوونی گۆشە لە نێوان بەشەکاندا لە کاتی بەیەکگەیشتنیاندا .

5 – بنیادی نەرم .

6 – ڕەنگی پاکی درەوشاوە ، بەڵام نابێت ڕەنگ ورشەدار ، یان زۆر ڕۆشن بێت .

7 – ئەگەر ویسترا شتێك بە ڕەنگێکی درەخشان رەنگ بکرێت ، پێویستە رەنگەکە لەگەڵ رەنگی بەشەکانی تردا بگونجێت) ﴿121 : 96 ﴾، ئەگەر سەرنجی ئەو بنەمایانە بدەین ، کە دەستنیشانی کردوون ، هەموویان لە چوارچێوەی هەستیی ناچنە دەرەوە .

(**دێڤید هیوم** = 1711-1776) دەڵێت : (جوانی تایبەتییەك نییە لە تایبەتییەکانی شتەکان، بەڵکو تەنیا لە هۆشی بینەردا بوونی هەیە ، هەر هۆشێکیش جوانییەکی تایبەت بە خۆی ئیستیعاب دەکات) ﴿121 : 97 ﴾، هەروەها دەڵێت : (جوانی لە خۆمانەوە سەرچاوە دەگرێت ، نەك لە شتەکانەوە) ﴿149 : 52 ﴾ ، واتە ئەمیش جەخت لەسەر نیسبی بوونی جوانی دەکاتەوە و بوونی واقیعی جوانی لە شت و دیاردەکاندا بە تەواوی ڕەتدەکاتەوە .

## ب – ڕۆشنگەریی فەرەنسی :

تایبەتمەندییەکانی ئیستاتیکای سەردەمی ڕۆشنگەریی فەرەنسی ، زۆر بە ڕوونی لەلای (**دیدرۆ** = 1713-1784) دەردەکەوێت " کە دیارترین بیرمەندی ئەم سەردەمەیە لە فەرەنسا، هەروەك (هینری لوفاڤر) بە داهێنەری ئیستاتیکای نوێی دادەنێت . ﴿178 : 16 ﴾

دیدرۆ پێی وایە : (هونەر سروشت جوان دەکات ، چونکە سروشت لاسایی هونەر دەکاتەوە، نەوەك بە پێچەوانەوە ، لەبەرئەوە هونەرمەند داهێنەرە ، نەوەك لاسایی کەرەوە و

گواستنەوەی سروشت) ﴿139 : 119﴾،هەروەها بەلایەوە (سروشت نموونەی یەکەمی هونەرە، هارمۆنییەتی داهێنانی هونەریی " لاسایی کردنەوەیەکی لاوازی هارمۆنییەتی سروشتە . سروشت ناسکترێکە لە هونەر " هونەرمەند ناتوانێت بەرهەمێك دابهێنێت لە ڕووی هارمۆنی و ڕەنگاوڕەنگی و فرەپەیوەندییەوە ، لە سەرووی ئاستی سروشتەوە بێت ، چونکە لەبەرگرتنەوە هەرگیز ناتوانێت بەسەر ڕەسەنەکەدا زاڵ بێت) ﴿121 : 101﴾" لێرەدا ڕای وەکو ڕای ئەفلاتوون دەردەکەوێت ، بەڵام سروشت بەلای دیدرۆ وە (واقیع هەموویەتی ، نەوەك تەنیا کۆمەڵێك شت و دیاردەی سروشتی " بەلای ئەمەوە چەمکی سروشت ناو کۆمەڵیش دەگرێتەوە .) ﴿121 : 101﴾ " کەواتە ئەگەر هونەرمەند بیەوێت لاساییکەرەوەی سروشت بیت ، ئەوا سەرکەوتوو نابێت ، بەڵام ئەگەر تەواوکەری کەموکورتییەکانی سروشت بێت ، بە داهێنەری دادەنێت " بۆیە دەڵێت : (ئەوەی هەوڵدەدات زۆر ورد بێت لە سازکردنەوەی سروشتدا ، ئەوە مێژوو نووسە " بەڵام ئەوەی سروشت چارەسەر دەکات و دەیڕازێنێتەوە و مەزنی دەکات ، ئەوە شاعیرە .) ﴿121 : 102﴾، ئەمیش وەك زۆر لە فەیلەسووفەکانی پێش خۆی سیفەتی نیسبی لە جوانیدا دەبینێت و (لە ژێر ڕۆشنایی جیاوازی مرۆڤەکان و تەمەنیان و ئەو سەردەمەی تیایدا ژیاون دەڕوانێتە بەهای جوانی) ﴿139 : 115﴾

هەروەك (هێنری هیوم) هەستەکان دەکاتە پێوەری جوانی و (ئەوەی لە ڕێگای هەردوو هەستی بۆن و چەشە دەمانگاتێ لە چوارچێوەی جوانی دەریدەکات) ﴿170 : 281﴾.

ئەم بە پێچەوانەی زۆر لە فەیلەسووفە کۆنەکان (وەك سوکرات) " (جوانی و سوودمەندی لە یەکتری جیادەکاتەوە .) ﴿170 : 283﴾، واتە جوانی دەبێت لە خودی خۆیدا بێت ، نەوەك ئامرازێکی سوود گەیاندن بێت .

دێڤید هیوم و دیدرۆ سەر بە ڕەوتی ئەزموونگەرین " ئەم ڕەوتە (هەموو حاڵەتە هۆشەکییەکانمان دەگەڕێنێتەوە بۆ هەستەکان ، هەروەها بە لایانەوە جوانی هەستێکی ڕازیکەرە) ﴿149 : 52﴾ " واتە هەستەکانی مرۆڤ دەکەنە بنەمای سەرەکی لە هەڵسەنگاندنی بەهای جوانیدا .

## ج – رۆشنگەریی ئەڵمانی :

بیری ئیستاتیکای ئەڵمانی لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا ، گەیشتە لوتکەی گەشەسەندنی خۆی ، توێژینەوە تیۆرییەکانی کانت و فیختە و شیلینگ و هیگل ، نموونەی ئەو پێشکەوتنەن .

یەکێك لە پێشەوایانی ئەم سەردەمە (باومگارتن = 1714 –1762) ە " بەلای ئەمەوە : (ئامانجی ئیستاتیکا گەیشتنە بە (تەواویی = کەمال) لە ڕێگای مەعریفەی هەستییەوە " ئەو تەواوییەی لەم ڕێگایەوە بەدەست دێت (جوان)ە " واتە (جوان) ئەو تەواوییەیە لە ڕێگای هەستەکانەوە درکی پێدەکرێت . (ناشرین)یش ئەوەیە کە دژی ئەم تەواوییەیە و رووبەڕووی دەبێتەوە .) ﴿121 : 107﴾ " زانینیش لە ڕێگای هەستەکانەوە تا ڕادەیەك ڕوونە و تەمومژاویی نییە و زۆرینەی خەڵك لەسەری ڕێکدەکەون ، یان بڕیارەکانیان لە یەکترییەوە نزیکە ، لەبەرئەوە باومگارتن هەوڵی دەستنیشانکردنی بنەمای بابەتی بۆ جوانی دەدات ، ئەم بنەمایەش تەواوییە " واتە بەرامبەریی شتەکان لەگەڵ چەمکەکانیاندا " یان ئەو کاتەی شتێك واتای ڕاستەقینەی خۆی بە تەواوی و بە بێ هیچ کەموکورتییەك بگەیەنێت ، ئەوا سیفەتی جوان وەردەگرێت " بەڵام بەلایەوە تەواویی تەنیا لە جوانیدا دەرناکەوێت ، بەڵکو (لە سێ ئاستدا دەردەکەوێت : هەق و جوان و خێر) ﴿121 : 107﴾، کە سێ بنەما سەرەکییەکەی فەلسەفەن .

***یۆگان یواحیم فینکیلمان*** (1717 - 1768) : ئەم بیرمەندە (بڕوایەکی پتەوی هەیە بەوەی کە نموونەی بەرزی جوانی مرۆڤ ، لەسەر بنەمای سیستمی دیموکراتی دەبێت ، جوانیش تەنیا لە سێبەری ئەو سیستمەدا گەشە دەکات کە سەربەستی تێدا بڵاو دەبێتەوە)﴿121 : 108﴾" ئەو کاتەی مرۆڤ سەربەست دەبێت ، هەست بە ژیانێکی ئارام دەکات ، هەر لەم مەودایەدا دەتوانێت واتاکانی جوانی بەرجەستە بکات ، چ لە لایەنی داهێنەرەوە بێت ، چ لە لایەن چێژی ئیستاتیکی وەرگرەوە تێی بڕوانین.

فەیلەسووفێکی تر " کاریگەرییەکی زۆری لە بواری ئیستاتیکادا هەبووە ، کە ئەویش (***گۆتە***)یە " وەك (باومگارتن)ی مامۆستای پێی وایە (هەق و خێر و جوانی "یەك بنەمای چالاکیان هەیە ، ڕۆڵی هونەرمەندی ڕاستگۆ ئەوەیە لە پێناوی بەرجەستەکردنی ئەم بنەما مەزنە لە ژیاندا هەوڵبدات .) ﴿121 : 129﴾،هەروەها پێی وایە (دوو ڕەگەز جوانی پێك دێنن : ڕەگەزی ناوەڕۆك و ڕەگەزی دەرەکی " کە گوزارشت لەم ناوەڕۆکە دەکات و جیای دەکاتەوە ، ڕەگەزی ناوەڕوك خۆی لە ڕێگای ڕەگەزی دەرەکییەوە دەناسێنێت ، ڕەگەزی دەرەکیش ناوەڕۆکمان بۆ ئاشکرا دەکات) ﴿180 : 94 ﴾، بەم شێوەیە گرنگی دەداتە هەر دوو ڕووەکەی بەرهەمی ئەدەبی و لە یەکیان جیاناکاتەوە و بە تەواوکەری یەکتریان دادەنێت ، بەڵام (ناوەڕۆکی بیریی بەلای گۆتەوە بناغەی هونەریی ڕەسەنە ، لەگەڵ ئەوەیشدا هەمیشە گرنگی بە ڕووخسار داوە ، تێبینی ئەوەیشی کردووە کە ناوەڕۆك لەگەڵ خۆیدا ڕووخسار هەڵدەگرێت) ﴿121 : 130﴾" واتە هەرچەندە ناوەڕۆك و ڕووخسار بەلای (گۆتە)وە تەواوکەری یەکترین ، بەڵام ناوەڕۆك لە پلەی یەکەم دادەنێت و ڕووخساریش لە پلەی دووەمدا .

سروشت بەلایەوە سەرچاوەیەکی هەمیشەیی و زیندووی هونەرمەندە لە پرۆسەی داهێناندا ، بۆیە (داوا لە هونەرمەند دەکات لە ڕیزی سروشتدا بوەستێت ، بەڵام لەهەمان

کاتدا دژی ئەوەیە کە هەموو پیتێك لە پیتەکانی فەرهەنگی سروشتی مەزن کۆپی بکرێت . هەروەها ئاماژە بەوە دەکات " هەموو ئەوانەی دەیبینین تەنیا کەرستەیەکی خاون) ﴿121 : 127﴾،لەبەرئەوە هونەرمەند ئەرکی ئەوەیە سروشت بکاتە خاڵی دەستپێکردنی کارە هونەرییەکانی ، بەڵام لە هەمان کاتیشدا پێویستە لە ڕێگای ئیمپرێشنەکانی خۆیەوە ، بەرهەمێکی نوێ و جیاواز لە سروشت دابهێنێت.

***ئەمانوئێل کانت*** **ImmanuelKant** (1724 – 1804)" بە گەورەترین فەیلەسووف دەژمێردرێت ، لە گرنگترین بەرهەمە فەلسەفییەکانی (( ڕەخنەی ئەقڵی ڕوون = **critique of pure reason** ))و (( ڕەخنەی بڕیار = **critique of judgment** )). هەرچەندە زۆر ئارەزووی لە مۆسیقاو هونەرە جوانەکان نەبووە ، بەڵام گرنگییەکی زۆری بە ئەدەبی کۆن و نوێ داوە ، بیروڕاکانی لە بارەی ئیستاتیکاوە گرنگییەکی زۆریان هەیە .

لە گریمانە سەرەکییەکانی فەلسەفەی کانت ئەوەیە ، کە ئیدراکی هەستی و بیرکردنەوە دوو کاری جیاوازن ، دەیانبەستێتەوە بە دوو بەهرەی جیاوازی ئەقڵ" یەکەمیان هەستە ، دووەمیشیان تێگەیشتنە . یەکێتی ئەزموونی ئیستاتیکیش دەگەڕێنێتەوە بۆ کارلێکێکی دەستنیشان نەکراو لە نێوان " بەهرەکانی ئیدراکی هەست و خەیاڵ لەلایەکەوە ، و ئەقڵی تێگەیشتوو لەلایەکی ترەوە . ﴿199: 129، 131 ، 139 ﴾

(جوانی لە سروشتدا شتێکی جوانە ، بەڵام جوانی لە هونەردا " وێنەکێشانێکی جوانە بۆ شتێك) ﴿121 : 135﴾ ئینجا ئەگەر ئەم شتە سروشتییە خۆی جوان بێت یان نا . (هونەر بەوە جیادەبێتەوە لە سروشت ، کە چالاکییەکی مرۆڤایەتییە) ﴿121 : 135﴾، لەبەرئەوە جوانی هونەریی بەرهەمی مرۆڤە . بەلای کانتەوە (جوانی ئەو بابەتەیە کە تیایدا هەست بە چێژێکی پاك دەکەین ، واتە چێژ لە خودی شتەکە وەردەگرین ، نەوەك بە ئامانجی سوودوەرگرتن لە پشتییەوە) ﴿189 : 25﴾، بەم پێیە کانت گرنگی بە لایەنی ڕووخساری

کاری هونەریی دەدات ، واتە چۆنییەتی پێشکەشردنی بابەتەکە ، نەوەك بابەتەکە خۆی . بەمەش هونەر خۆی دەبێتە ئامانج و نابێتە ئامرازێك بە دەستی ئەوانەوە کە لە بەرژەوەندی خۆیاندا بەکاری دەهێنن .

بەلایەوە چەمکی (جوانی) و چەمکی (سوودمەندی) دوو شتی جیاوازن لە یەکتری ، ئەگەر شتێکی جوان لە ڕووی کۆمەلآیەتییەوە سوودمەند بێت ، ئەوا بێگومان مرۆڤ خۆی ئەم سیفەتی سوودمەندییەی پێبەخشیوە ، چونکە ((جوان خۆی لە خۆیدا هیچ کەلکێکی نییە ، بەلآم کۆمەڵ ئەو کەلکەی پێدەبەخشێت)) ﴿59 : 81 ﴾.

(کانت)یش یەکێکە لەوانەی چەمکی جوانی تەنیا لە ڕووخساری بەرهەمی هونەرییدا دەبینن " بە ڕای ئەم (جوانی پاراو لە ڕووخساری پاراودا خۆی دەنوێنێت ، جوانی لەو شێوانەدا دەردەکەوێت کە هەموو ناوەڕۆکی تێدا ون دەبێت " وەك : زەخرەفە و نەخش و مۆسیقای بێ گۆرانی) ﴿170 : 287﴾" بەم شێوەیە بەرگی ئامانجداریی لە هونەر دادەماڵێت ، کەواتە پێوەرە ئیستاتیکییەکانی هونەر لە خودی خۆیدان و هیچ پێوەرێکی دەرەکی ڕۆڵی نییە لە دەستنیشانکردنی بەهای ئیستاتیکی هونەردا .

بە ڕای ئەو جوانی تەنیا لە ڕێگای هەستەوە بەدی نایەت ، بەڵکو دەبێت ئەقڵیش بەشداری تێدا بکات " کەواتە (جوانی خاڵی بەیەکگەیشتنی ئەقڵ و هەستە)﴿188 : 57﴾" لەمەشدا لەگەڵ (دیکارت) دا یەکدەگرێتەوە .

لەبەرئەوەی فەلسەفەکەی بنەمایەکی گوماناوی هەیە ، (باوەڕی بە بابەتیی بوونی جوانی نییە لە ژیاندا — بەپێی یاساکانی ژیان — بەڵکو پەیوەستە بە هەست و سۆز و بارودۆخی چێژوەرگری ئەو جوانییە — واتە ڕەهەندی تاکەکەسی — هەر مرۆڤێکیش هەستێکی شاراوە و پێشوەختی هەیە بۆ جوانی .) ﴿155 : 73﴾،واتە ئەمیش جوانی پێ شتێکی نسبییە .

یەکێکی تر لەو ڕایانەی لە بارەی جوانییەوە هەیبوو ، ئەوە بوو " کە جوانی(جۆرێکە لە یاری سەربەست کە خەیاڵ و ئەقڵ ئەنجامی دەدەن) ﴿123 : 19﴾، پاشان ئەم بیری یاریکردنە لە هونەردا لە لایەن (شیلەر)و دواتریش (سپینسەر) زیاتر پەرەی پێدرا .

***شیلینگ*** : چەمکی جوانی بەلایەوە مەرجێکی سەرەکییە لە هونەردا ، بە بێ جوانی هیچ بوونێك نییە ، بەتایبەتی جوانی هونەر پەسەند دەکات و لە جوانی ناو سروشت بە بەرزتری دادەنێت ، هەروەها پێی وایە هونەر دووبارە پێکهێنانەوەی سروشت و لاسایی کردنەوەی نموونە کۆنەکانی هونەریش نییە ، بەڵکو دەبێت هونەرمەند بە یاریدەی هێزی سروشت کار بکات " وەك هێزێکی نەمر و داهێنەر ، بەڵام دەبێت داهێنان بکات لە کارەکەیدا . ﴿121 : 145 - 146﴾.

(***ئارسەر شوپنهاوەر*** **Schopenhauer** = 1788 –1860) " ئەمیش وەك کانت ، لەو باوەڕەدایە کە جوانی خۆی لە خۆیدا ئامانجە و هیچ مەبەستێکی مادی لە پشتەوە نییە ، هەر لەبەرئەوەشە مۆسیقا بە نموونەیەکی بەرزی هونەر دادەنێت ، کە ناوەڕۆك بە تەواوی تیایدا دەتوێتەوە " هەروەك دەڵێت : (جوان – جوانە " چونکە مرۆڤ بۆ بیرێکی گشتی دەگەڕێنێتەوە ، لە ناو خۆپەرستییەکی تاکەکەسیدا ئابلۆقەی نادات ، جوانی ئازاد بوونە لە کۆتوپێوەندی ویست و ئارەزووەکان) ﴿186 : 21 ﴾، بەم شێوەیە چەمکی جوانی لە لای ئەم لە بیروباوەڕی ئاینی و بە تایبەتی سۆفییانە نزیك دەبێتەوە ، هەروەها بیرێکی نموونەییشی تێدا دەبینرێت ، ئەمە وای لێدەکات کە جوانی هونەر بەلایەوە (دەبێت وەك بەرهەمی - بینینێکی ڕووتکراوە لە گومان - بێت) ﴿205 : 679 ﴾.

بە شێوەیەکی گشتی (کانت و شیلینگ و گۆتە و شۆپنهاوەر) " لەوەدا یەك دەگرنەوە " کە هونەر دەبێت تەنیا خۆی بکرێتە بنەما و پێوەر لە بڕیاری ئیستاتیکیدا و ڕێگە نادەن هیچ پێوەرێکی دەرەکی بەشدار بێت لەم بڕیارەدا .

**هیگل** (1770 – 1831) " پێی وایە (جوانی لە ڕێگای هستەوە ، بە شێوەیەکی جیاواز دەردەکەوێت " حەقیقەتی جوانی لە نزمترین ئاستیدا لە وێنەی بێگیان لە سروشتدا دەردەکەوێت ، لە ڕووەکەکانیشدا جوانی ڕوونتر دیارە ، ئینجا گیانلەبەر و پاشان مرۆڤ دێت، تا بەرزتر بێتەوە جوانیش بەرزتر و درەوشاوەتر دەبێت . مرۆڤ بەرزترین و ناسکترین بوونەوەری سروشتە)﴿139 : 145﴾" لێرەدا مرۆڤ ئاستێکی بەرزتری هەیە لە سروشت ، لەبەرئەوە بەلایەوە (جوانی هونەر بەرزترە لە جوانی سروشت ، چونکە جوانی هونەر بەرهەمی گیانە ، لەبەرئەوەش کە گیان بەرزترێکە لە سروشت ، بەرزییەکەی دەپەڕێتەوە بۆ بەرهەمەکانیشی ، یەکێك لەو بەرهەمانەیش هونەرە) ﴿180 : 6 ﴾، هەر لەم بارەیەوە دەڵێت : (جوانییەك کە گیان بەرهەمی بهێنێت ، خولقاوی گیانە " هەر خەڵقێکیش سەرچاوەکەی گیان بێت ، بابەتێکی پیرۆز و بەرزە) ﴿180 : 7 ﴾" کەواتە هونەر بەرهەمی مرۆڤە نەوەك سروشت ، بەڵام (جوانی سروشتی ڕەنگدانەوەی گیانە ، تەنیا بەو ڕێژەیەی لە گیانەوە دەردەچێت بە جوان دادەنرێت " لەبەرئەوە چۆنیەتییەکی نا سەربەخۆیە و سەر بە گیانە) ﴿180 : 7 ﴾. پاشان دەڵێت : (لاسایی کردنەوەی سروشت وەك خۆی " واتە لەدەستدانی سەربەستی هونەر ، لە توانای گوزارشتکردنی لە جوانی)﴿180: 38 ﴾" کەواتە ئەم لەگەڵ لاسایی کردنەوەدایە لە هونەردا ، بەڵام بە شێوەیەك کەموکورتییەکانی تەواو بکات ، نەوەك لاسایی کردنەوەیەکی کتومت و بێ دەستکاری .

بەلای (هیگل)ەوە " هونەر هۆکارێکە بۆ داهێنانی جیهانێکی نوێتر لەوەی لە سروشتدا هەیە ، پێچەوانەی ئەوانەیە ، کە (داوای ئەوە دەکەن " مرۆڤ لە باری یەکیەتی لەگەڵ سروشتدا بمێنێتەوە ، بەڵام ئەمە وەحشییەتە . هونەر کار بۆ ئەوە دەکات مرۆڤ بەرز بکاتەوە بۆ سەرەوەی سروشت) ﴿180 : 51 ﴾. بەم شێوەیە مرۆڤ دەکاتە پێوەری هەردوو جۆرە جوانییەکە و ئەوەی مایەی گرنگی پێدان و لێکۆڵینەوەیە –بەلای ئەمەوە – جوانی

هونەرییە ، لەبەرئەوە دەڵێت : ((بابەتی ئیستاتیکا جوانی سروشتی نییە ، بەڵکو جوانی هونەرییە .)) ﴿59 : 92 ﴾.

هونەر بەلای هیگلەوە " هەستەکان دەدوێنێ و سۆزیش دەوروژێنێت " واتە هونەر بۆ ئەوە دروست بووە کە هەستی جوانیمان تێدا بێدار بکاتەوە ، کەواتە هەستەکان دیمەنێکی تایبەتییان هەیە ، ئەویش دیمەنی (هەستی جوانی)یە ، ئەم هەستەیش لە مرۆڤدا وەك غەریزە زگماك نییە ، بەڵکو پێویستی بە دروستکردن و مەشقپێکردنە . ئەوەیش کە دروست دەکرێت و مەشق دەکرێت پێی دەوترێت — چێژ " کە دەڵێین کەسێك چێژی هەیە ، مەبەستمان ئەوەیە کە هەستی جوانی هەیە . ﴿180 : 71﴾.

ئەمیش پێی وایە بابەت ناکرێتە پێوەری جوانی لە کاری هونەرییدا ، چونکە (کاری هونەریی بەهایەکی جوانی هەیە ، جیاواز لە جوانی یان ناشرینی شتەکە) ﴿149 : 60 ﴾" بەلای ئەمەوە (جوانی دەرکەوتنی بیرە لە بابەتە هەستییەکاندا ، کەواتە جوانی سروشتی بابەتی و خودییە لە یەك کاتدا) ﴿188 : 63 ﴾" بابەتییە بەو پێیەی هەستی پێدەکرێت ، خودییشە چونکە سەرچاوەکەی بیری مرۆڤە .

## چەمکی جوانی لە ئیستاتیکای مارکسیزمدا ، یان( دیالێکتیکی مەتریالی ) :

بیروڕا ئیستاتیکییەکانی (مارکس و ئەنگلز) بەشێکە لە پێکهاتەی تیۆری فەلسەفییان[1] " هوشیاریی ئیستاتیکی بەلای مارکس و ئەنگلزەوە هۆکارێکە بۆ بوونەخاوەنی جیهانی بابەتی ، بوونە خاوەنی جیهانیش بە ڕای مارکس " لە لایەکەوە ناسینی جیهانە و لە لایەکی تریشەوە گۆڕینیەتی ، بە جۆرێك کە لەگەڵ ئامانج و پێویستییەکانی

مرۆڤدا بگونجێت . ﴿121 : 197 - 198 ﴾. لەبەرئەوە مارکس لە کتێبی (دەستنووسەکان — 1884)دا دەڵێت : (مرۆڤ تاوەکو زیاتر پێویستییە مرۆڤایەتییەکان بۆ خۆی بخولقێنێت ، زیاتر و زیاتر لە ئاستی ئاژەڵیەتی سەرەتای بەرز دەبێتەوە .)﴿130 : 12 ﴾" (هەڵوێستی ئیستاتیکییش کاتێك دەست پێدەکات ، کە مرۆڤ خۆشحاڵ دەبێت و چێژ وەردەگرێت ، کە لەناو ئەو بابەتەی دایهێناوە ، چەند شتێك دەدۆزێتەوە تەنیا بۆ جێبەجێکردنی پێویستییەکانی نییە ، بەڵکو گەواهی کاری داهێنەرانەی مرۆڤ دەدەن) ﴿130 : 13 ﴾

لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە " مرۆڤ هێزێکی چالاکە کە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی سروشتی هەیە ، و دەتوانێت سروشت بگۆڕێت " لەبەرئەوە هونەریش دیاردەیەکە لە دیاردەکانی چالاکی مرۆڤ " کەواتە (بەم گۆڕانکارییەی لە سروشتدا دەیکات " خۆیشی دەگۆڕێت . داهێنانی بابەتی تازەیش پەیوەستە بە داهێنانی خودێکی تازەوە) ﴿130 : 12﴾.

(جوانی بەلای مارکسەوە " یەکێکە لە شێوازە شیاوەکان بۆ ناسینی جیهان و کارتێکردنی) ﴿121 : 198 ﴾" بەم شێوەیە هونەر وەك کایەیەکی مەعریفی ، ئەرکێکی گرنگ دەگرێتە ئەستۆ ، لەگەڵ بوارە زانستییەکان و چالاکییەکانی تری مرۆڤ ڕۆڵی دەبێت لە گەشەپێدان و بەرەو پێشەوەبردنی ڕەوتی مێژوو .

(ئیستاتیکای مارکسی لینینی دیالێکتیکی ستوونێکی هاوبەشی لە نێوان بابەتی و خودی لە جوانیدا دۆزییەوە ، مارکسیزم دان بە بوونی جواندا دەنێت لە واقیعدا لە دەرەوەی هۆشی ئێمە و سەربەخۆ لە خود . سروشت جوانە لەبەرئەوە نا کە بە زۆر جوانی بەسەردا دەسەپێنین، بەڵکو لەبەرئەوەی چەند تایبەتییەکی هەیە کە بە نیسبەت ئێمەوە بەهای جوانیان هەیە .)

﴿122 : 74 ﴾، واتە تایبەتییەکان خۆیان هەن ، بەڵام ئێمە دەیانکەینە بنەما و پێوەر بۆ بڕیاری جوانی .

بەلای مارکسییەکانەوە (هەڵسەنگاندنی جوانی بۆ دیاردەکانی واقیع لە هونەردا ، بە توندی بەستراوەتەوە بە هەڵوێستی سیاسی و کۆمەڵایەتی هونەرمەند و تێڕوانینی بۆ جیهان و لێی جیانابێتەوە) ﴿122 : 83﴾، لەبەرئەوە ئەرکی ڕیالیزمی سۆسیالیستی لە هونەردا ، گونجاندنی جوانی هونەرە لەگەڵ چەمکەکانی سۆسیالیستی بۆ ژیان .

هەروەها بەو پێیەی جوانی هونەر دەبەستنەوە بەو ئەرکەی لە ژیانی واقعیدا دەیبینێت " گرنگی زیاتر بەلایەنی ناوەڕۆك دەدەن لە کاری هونەرییدا " بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە لایەنی ڕووخسار فەرامۆش بکەن .

لە ڕووی لاسایی کردنەوەیشەوە " پێیان وایە (هونەر ڕەنگدانەوەی واقیعە و لە هەمان کاتیشدا واقیع هەڵدەسەنگێنێت) ﴿122 : 82 ﴾، کەواتە بەلای ئەمانیشەوە ئەگەرچی هونەر لە خودی ژیانەوە سەرچاوە دەگرێت " بەڵام دووبارە سازکردنەوەی واقیعی ژیانی مرۆڤایەتییە ، بە شێوەیەکی جوانتر لەوەی کە هەیە .

روانینی سۆسیالیستەکان بۆ جوانی لەو پێناسەیەدا چڕ دەبێتەوە کە (چێرنیشیفکسکی) پێی گەیشتووە : (جوانی ژیانە وەك ئەوەی پێویستە ببێت — لە ڕوانگەی ئێمەوە . (جوان)یش ئەو شتەیە کە ژیان لە خودی خۆیدا دەدۆزێتەوە ، یان ژیانمان بیردەخاتەوە) ﴿189: 25﴾" قوتابخانە ئیستاتیکییەکانی سۆڤێتی شانازی بە پێناسەکەی (چێرنیشیفکسکی) دەکەن ، چونکە (جوانی لە هەردوو ڕووەکەیەوە دەگرێتەوە : لایەنی بابەتی — کە دەڵێت : جوانی ژیانە ، هەروەها لایەنی خودی — کە دەڵێت : لە ڕوانگەی ئێمەوە .) ﴿189 : 25﴾.

كەواتە ئیستاتیكای سۆسیالیستی " پێچەوانەی ئەو بیروبۆچوونە بوو ، كە لە سەردەمی رووناكبیرییدا لە نێوان بیرمەندەكاندا باو بوو ، (بە تایبەتی ڕووناكبیری ئەڵمانی) " لەوەی كە ئەوان جوانی هونەریان لە خودی خۆیدا دەبینی ، بەڵام ئەمان (واتە سۆسیالیستی) لە توانای هونەر بۆ جوانكردنی ژیاندا دەیبینن .

## چەمكی جوانی بەلای ڕۆمانسییەكانەوە :

ئەگەر جوانی بەلای كلاسیكییەكانەوە رەنگدانەوەی حەقیقەت بێت ، ئەوا بەلای ڕۆمانسییەكانەوە ڕەنگدانەوەی چێژ و ڕوانینی تاكەكەسییە ، چێژ و ڕوانینی تاكەكەسیش هەردەم لە گۆڕاندایە ، لەبەرئەوە جوانیش هەمیشە لە گۆڕاندایە "نەك وەكو حەقیقەت كە بەلای كلاسیكییەكانەوە شتێكی نەگۆڕ و چەسپاوە " (بوالۆ) كە دیارترین تیۆر دارێژی كلاسیزمە ، دەڵێت : (هیچ شتێك لە حەقیقەت جوانتر نییە) ﴿140 : 157﴾، بەڵام بەلای ڕۆمانسییەكانەوە ئەو حەقیقەتە دەبێت سۆزی مرۆڤایەتی تێدابێت " لەبەرئـەوە (ئەلفرێد دی مۆسییە) بەم شێوەیە وەڵامی (بوالۆ) دەداتەوە : (هیچ حەقیقەتێك نییە جگەلە جوانی ، هیچ جوانییەكیش نییە بە بێ حەقیقەت) ﴿140 : 158﴾" واتە تەنیا جوانی بە حەقیقەت دادەنرێت و هەموو جوانییەكیش حەقیقەتی تێدایە . بەمەش جوانی كە لەلای كلاسیكییەكان بابەتی بوو ، لەلای ڕۆمانسییەكان بووە خودی ، هەروەها لە ڕهاییەوە بووە نیسبی .

(وەك " (Yohann Friedish Schiler= 1759 – 1805 *یۆهان فریدریش شیلەر* ) پەیڕەوكەرێكی كانت " كە جوانی لە ئامانجی سوودمەندی ڕووتدەكاتەوە ، شیلەر پێی وایە بنەمای هونەر گوزارشتە لە هەمان ورووژاندن كە (یاری) بەرامبەر مرۆڤ ئەنجامی دەدات .

هەروەها جوانی بە کارێك دەزانێت کە ئامانجی جگەلە جوانی هیچی تر نییە . لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە مانای ئەوەنییە کە هونەر خەریکی بێهودەیی بێت ، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە هونەر جوانی ژیان بەدەردەخات ، کە جگەلە جوانی هیچ ئامانجێکی تری نییە .)﴿205 : 673 ﴾. هەروەها پێی وایە (جوانی لە ناوەڕۆکدا نییە ، بەڵکو لە ڕێگای چارسەرکردنە)﴿149 : 59 ﴿. شیلەر دەڵێت : (هونەر لاسایی کردنەوەی سروشتە ، سروشتیش سەربەستییە ، سەربەستییش جوانییە ، جوانیش یارییە و یارییش مرۆڤە .)﴿166 : 97 ﴾، شیلەر زیاتر پێ لەسەر گرنگی یاریکردن لە ژیانی مرۆڤدا دادەگرێت و دەیبەستێتەوە بە بەهای ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی " کاتێك دەڵێت : (سەربەستی کرۆکی هونەرە ، جوانیش کرۆکی سەربەستییە ، یاریش کرۆکی جوانییە و هەر بە یارییش مرۆڤ واتای ڕاستەقینەی خۆی بەدەست دێنێت)﴿166 : 98 ﴾" مەبەستی ئەوەیە تاوەکو مرۆڤ بەهای ڕاستەقینەی خۆی بدۆزێتەوە ، دەبێت یاری بکات "چونکە بە یاری کردن پەی بە جوانییەکانی ژیان دەبات و لەم جوانییانەشەوە سەربەستی خۆی بەدەست دێنێت ، تەنیا لەناو ئەم سەربەستییەشدا هونەر بوونی خۆی دەسەلمێنێت " بەڵام یاریکردن بەلای شیلەر ، چالاکییەکی هەڕەمەکی نییە ،(بەڵکو بەرهەمهێنانە بەپێی پێویستی ئەقڵ و سیستەمێکی تایبەتی)﴿166 : 99 ﴾.

## چەمکی جوانی لە ڕێبازی پەرناسیزمدا ( هونەر بۆ هونەر ) :

ئیستاتیکای ئەم ڕێبازە ((لەسەر دوو بناغەی فەلسەفی دامەزراوە ، لە لایەکەوە پشت دەبەستێت بە فەلسەفەی ئیستاتیکی ئایدیالی کانت و لە لایەکی دیکەشەوە بە فەلسەفە ڕیالیزمی و ئەزموونییەی لە ئەوروپادا تا نیوەی سەدەی نۆزدەهەم باوبوو))﴿59 : 271 ﴿. لە دیارترین پێشەواکانی : (گۆتییە و بۆدلێر و مالیرمە)یە . هونەر لە ڕوانگەی

پەرناسیزمەوە (ناگاتە ئامانجی خۆی ، هەتاوەکو لە هەموو کۆتوپێوەندێکی کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی ... ئازاد نەبێت) ﴿168 : 14 ﴾" واتە لەلای ئەمان دیسانەوە هونەر ئەرکی ژیانی واقیعی لێ سەندرایەوە و بەهای جوانییان گەڕاندەوە بۆ خودی خۆی .

(**تیوفیل گۆتییە** = 1811 – 1872)دەڵێت : (ئێمە باوەڕمان بە سەربەخۆیی هونەر هەیە، هونەر لای ئێمە ئامڕازێك نییە ، بەڵکو ئامانجە . هەر هونەرمەندێك جگەلە جوانی ، هەچ ئامانجێکی تری هەبێت بە هونەرمەندی دانانێین .. هەرگیز ناتوانین ئایدیا و فۆرم لێك جیابکەینەوە ، هەموو فۆرمێکی جوان ئایدیایەکی جوانە ، بەهای فۆرمێك چییە ئەگەر واتایەك نەبەخشێت ؟!) ﴿170 : 289 – 290 ﴾، لەمەوە دەردەکەوێت کە پەرناسەکان مەبەستییان لە ئازادی هونەر ڕەتکردنەوەی ناوەڕۆك نییە ، بەڵکو دەیانەوێت جوانی ڕووخسار نەکرێتە قوربانی بەها نائیستاتیکییەکان . هەروەها دەڵێت : (تەنها شتێك جوانە " کە بە کەڵکی هیچ کارێك نەیەت ، هەر شتێك سوودی هەبوو ناشرینە ، چونکە یەکێك لە پێویستییەکان ئاشکرا دەکات " پێویستییەکانی مرۆڤیش مایەی پەستی و بێزارین.) ﴿205: 445 ﴾.

**بۆدلێر** " کە شاعیر و ڕەخنەگرێکی دیاری ئەم ڕێبازەیە "پێی وایە : (هونەر ناشرین جوان دەکات ، بەڵام خزمەتی چەند بنەمایەك دەکات ، کە دەتوانرێت بە هۆیانەوە هەست بە واتای جوان بکرێت . ئەم جوانەیش بوونی نییە – لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە .)﴿170 : 293 – 294 ﴾، بەڵکو هونەر دەیخوڵقێنێت . بەلای ئەمەوە : (هونەر نە لاسایی کردنەوەیەکی کوێرانەی سروشتە ، نە پراکتیزەکردنی شێوازێکی تایبەتییە ، هەروەها پێی وایە سروشت کرچوکاڵە ، گوزارشت و بەڵگەی ڕەهای تێدا نیە ، بەڵکو فەرهەنگێکە تەنیا پاڵنەری تێدایە، دەبێت هونەرمەندیش بە زمانێکی زۆر سادە و ڕوون گوزارشتی لێبکات .) ﴿113 : 157 - 158 ﴾، کەواتە بۆدلێر داوا لە هونەرمەند ناکات ، کە لاسایی کتومتی

سروشت بکاتەوە، لە هەمان کاتدا ناشیەوێت رووبەڕووی ببێتەوە ، بەڵکو دەیەوێت سروشت بکاتە کەرەستەی خاوی داهێنانەکان .

## چەمکی جوانی بەلای دیارترین بیرمەندانی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە و سەدەی بیستەوە (ئیستاتیکای نوێ) :

(*هێربێرت سپینسەر* Herbert Spencer) دەڵێت : (بیری جوانی " هەموو ئەوشتانەی پێویست و سوودمەندن بۆ ژیان ، لەگەڵ هەموو بابەتێکی واقیعی لە بابەتەکانی ئارەزوو و بەخاوەنبوون ، دووردەخاتەوە) ﴿167 : 15 – 16﴾. بەڵام (*جێین ماری گوێو* Jean – Marie Guyau = 1854 – 1888) بەرهەڵستی ئەو تیۆرەی دەکرد کە سپینسەر و پێڕەوکەرانی بڕوایان پێ بوو " گوایە هونەر وەك یاریکردنە ، (گوێو) دەیویست گرنگی لایەنی سوودمەندی و ڕیالی لە هونەردا پێشان بدات " هەروەك دەڵێت : (تایبەتی ترین تایبەتییەکانی هونەرمەند ئەوەیە ، کە کاریگەریی جوانی لەسەری ، هیچی کەمتر نییە لە کاریگەریی ڕووداوەکانی ژیان " بەڵکو زیاتریشە ، تەنانەت جوانی بەلایەوە خودی واقیعە) ﴿167 : 15 - 16﴾.

(*بێرگسۆن* Bergson = 1859 - 1940) " هونەر بەلای ئەمەوە بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە لە تواناد ا هەیە بەهرەکانی ئیدراکی هەستیی تا دوا سنوور درێژبکرێنەوە ، بە مەبەستی بینینی ئەوەی بە شێوەیەکی ئاسایی ناتوانین ببینین ، چونکە ناسینی هەستیی شتەکانمان وەك خۆی پیشان نادات ، بەڵکو تەنیا ئەو لایەنەمان پێشان دەدات ، کە خزمەتی مەبەستەکانمان دەکات ، ئەمەش لەبەر سەرقاڵبوونی مرۆڤ بە پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەوە، کە وایلێدەکات شتەکان وەك بوونی ڕاستەقینەی خۆیان نەبینێت ، واتە شتەکان تەنیا لەو ڕووەوە دەبینێت کە لەگەڵ بەرژەوەندییە مادییەکانیدا دەگونجێت ، ئەمە دەبێتە

هۆی ونبوونی ڕووەکانی تر " لە ناو ئەوانەیشدا لایەنی ئیستاتیکی شتەکان، کە خۆی لە خۆیدا پێویستیەکی ڕاستەقینەی مرۆڤە .

بۆ ئازادکردنی جوانی لە ناو پێویستییە مادییەکانی مرۆڤدا ، بێرگسۆن چالاکی هونەریی دەبەستێتەوە بە دۆخی ڕووتبوونەوە یان جیابوونەوە لە ژیان، بەڵام پێی وایە ئەگەر ئەو جیابوونەوەیە تەواو بێت ، ئەوا هونەرمەندێکی بێ هاوتا و نموونەیی لێدەردەچێت لە هەموو بوارێکی هونەرییدا ، کە هەموو شتێك بە ڕوونی و بنەڕەتی خۆی هەست پێدەکات . بە بۆچوونی بێرگسۆن هونەر شێوەیەکە لە شێوەکانی زانین ، بەڵام زانینێکی وانا ، کە گشتگیر بێت بە هەموو یاسا گشتییەکانەوە ، بەڵکو تەنیا گۆشە نیگایەکی تەسك و بەشێك لە یاسا گشتییەکان دەگرێتەوە . پرۆسەی داهێنانی هونەری (**artistic creation**) لەلای بێرگسسۆن داهێنان نییە ، بەڵکو دۆزینەوەیە (**discovery**) ، واتە بابەتەکانی هونەر خۆیان لە واقیعدا هەن ، بەڵام مرۆڤ بەشێوەیەکی ئاسایی هەستی پێناکات، ئەرکی هونەرمەندیش ئەوەیە وێنەکان لەبەرچاوی خەڵکی ئاسایی روونبکاتەوە. ﴿131:16 ، 17 ، 23 ﴾و﴿59 : 111 ، 115 ﴾.

(**کرۆچە** Bendetto Croce = 1866 - 1952) بەلایەوە جوانی دیاردەیەکی نیسبییە و پەیوەندی بە تێڕوانینی مرۆڤەوە هەیە ، ئەو کەسەی جوانی دەبینێت بە هونەرمەندی وەسف دەکات : (جوانی هیچ بوونێکی سروشتیی نییە ، سروشتیشش جوان نییە " تەنیا لە ڕوانینی ئەو کەسە نەبێت کە بە چاوی هونەرمەند تێڕادەمێنێت) ﴿131 : 53 ﴾" بەم شێوەیەش جوانی دەبەستێتەوە بە هونەر، هونەریش لە ئاستێکی بەرز دادەنێت و نایکاتە پێڕەوی سروشت " کە دەڵێت : (هونەر لاسایی کردنەوەی سروشت نییە، بەڵکو داهێنراوێکی سەربەخۆیە ، کەواتە جوانی و ناشرینی لە بابەتی هونەردا نییە ، دەکرێت وەسفی خێر و شەڕ بکرێت و وەسفەکە لە هەردوو دۆخدا جوان بێت، بەڵام ناشرینی هونەر لە

گوزارشتکرنەکەدایە .) ﴿170 : 298﴾، کەواتە جوانی و ناشرینی لە شێوەی گوزارشت و بنیاتی هونەریی کارەکەدایە ، یاخود جوانی و ناشرینی تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕووخساردایە نەوەك ناوەڕۆك .

دەتوانین بڵێین بەلای کروچەوە " (بیر) لە بەرهەمی هونەرییدا لە ڕێگای (حدس)ەوە جوانی دەخولقێنێت ، هەروەها دەڵێت : (جوانی سروشتی تەنیا و تەنیا خەملاندن و پاڵنەرە ، بەڵام جوانی راستەقینە لە کاری هونەرییدایە ، چونکە لە (حدس)ەوە هەڵدەقوڵێت و لە سۆز و هەستەکاندا دەتەقێتەوە ، بە شێوەی وێنەیەك " کە بەپێی پاکیی و بەهێزیی گوزارشتەکە (جوان)دەبێت .) ﴿113 : 189﴾.

بە بۆچوونی ئەم (جوانی گوزارشتێکی سەرکەوتووە ، بەڵام ناشرینی گوزارشتێکی سەرنەکەوتووە) ﴿149 : 61﴾، چونکە (حدس)ەکەی ناوی تەواو نیە ، گوزارشتیش ئەگەر سەرکەوتوو نەبێت بە هونەر دانانرێت.

کروچە لە هەڵسەنگاندنی کاری هونەرییدا دژی هێنانە ناوەوەی ئەو بەهایانەیە ، کە لەو بەرهەمە خۆیەوە هەڵناقوڵێن " واتە پێویستە هەموو بایەخە کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی و ئابوورییەکان بەلاوە نێین ، چونکە لە دەرەوەی بەهای ئیستاتیکی بەرهەمەکەن .

بە تێڕوانینی ئەم (گشت بەهای بەش دیاری دەکات) ﴿144 : 4﴾، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە بەهای کاری هونەریی لە پێکهاتووەیەکی یەکگرتوودا دەردەکەوێت " بۆ نموونە جوانی وێنەیەك وا دەکات هەموو ڕەنگەکانی بە (جوان) دەرکەون ، نەوەك بە پێچەوانەوە جوانی یەکەیەکەی ئەو ڕەنگانەی وێنەکەیان پێکهێناوە — وێنەکە بە(جوان) پێشان بدەن .

(**جۆن دیوی** = 1856 – 1952) ئەمیش لەو بیرمەندانەیە کە پێویستییە ئیستاتیکییەکان دەبەستنەوە بە پێویستییە مەتریالییەکانی مرۆڤ " ئەمەش لەم وتەیەیدا دەردەکەوێت : (پێویستە جوانی خزمەتی کێشە سوودمەندەکان بکات " هەر شتێك بسەلمێنرێت سوودبەخشە ، ئەوە جوانە .) ﴿155 : 75 ﴾.

(**ئەلبێر کامۆ** Albert Camus = 1913 – 1960) دەڵێت : (هونەر شێوەیەکە لە شێوەکانی یاخی بوونی مرۆڤ) ﴿131 : 206 ﴾" پێی وایە (هونەرمەند واقیع ڕەتدەکاتەوە لەبەرئەوەی هەست بەوە دەکات کە کەموکورتییەك لە کرۆکی جیهانی واقیعدا هەیە ، بۆیە واقیعێکی نوێ دادەهێنێت) ﴿131 : 206 ﴾، هەروەها دەڵێت: (پێویستی یاخی بوون خۆی لە خۆیدا پێویستییەکی ئیستاتیکییە) ﴿131 : 201﴾" واتە کاتێك هونەرمەند لە واقیع یاخی دەبێت ، مانای ئەوەیە پێویستی بە جوانییەك هەیە – یان ژیانێکی جوانتر و باشتر لەوەی کە هەیە – لە واقیعدا دەستی ناکەوێت ، لەبەرئەوە هەوڵدەدات لە کاری هونەرییدا سازی بکات .

(**جۆرج لۆکاچ** = 1885 – 1971) " وایدادەنێت ، کە هونەر (ڕەنگدانەوەی سروشتی مرۆڤ و یەکییەتی مرۆڤایەتییە و ئامانجیشی گەیشتنە بە سەردەمی زێڕین : کە هاوئاهەنگی نێوان مرۆڤەکانە .. بەم شێوەیە هونەر ڕەنگدانەوەی واقیع نییە ، بەڵکو ڕەخنەگریەتی) ﴿166 : 74 ﴾" واتە هەوڵدەدات کەموکورتییەکانی واقیع پڕ بکاتەوە ، بەمەش ناشرینییەکانی جوان دەکات .

**جان پۆل سارتەر** " لە دوو تیۆرەوە دەڕوانێتە جوانی : یەکەمیان تیۆری (خەیاڵکردن)ە " کە پێی وایە (بابەتی جوانی بابەتێکی خەیاڵکردەیە " بابەتی خەیاڵکردمیش تەواو جیاوازە لە بابەتی هەستپێکراو) ﴿131 : 231 ﴾" واتە نە بوونی شتەکە خۆیەتی کە هەستی پێدەکرێت ، نە وێنەکێشانی ئەو شتەیە لە هۆشی مرۆڤدا " بەڵکو وێنەی خەیاڵکراو لە هۆشدا

دەردەکەوێت، وەك راستییەکی نامۆ و جیاواز لە ئاڕاستەی هۆشی ڕابردوو ، لەبەرئەوەیە بە ناواقیعی دادەنرێت " واتە بابەتی جوانی ناواقیعییە و لە هەمان کاتیشدا شتێکیشە ، شتێتیی کاری هونەریی ئەو ڕەگەزە واقیعییەیە کە لە کڕۆکی بابەتی جوانیدا هەیە "وەك ڕەنگەکانی تابلۆیەك ، بەڵام ناواقیعیی کاری هونەریی ئەو واتا ناواقیعییەیە کە هەست دەکەین ناتوانین ئیستیعابی بکەین . ﴿131 : 232 ، 235 ﴾، لەم ڕوانگەیەوە جوانی ناواقیعییە . بەڵام لە تیۆری دووەمدا — پابەندبوون (ئیلتیزام) " دەبینین ناوەڕۆك بە پلەی یەکەم دێت و پاشان جوانی لە پلەی دووەمدا دێت . ﴿166 : 129﴾

پرۆسەی هونەریی بەلای سارتەرەوە ئەو کاتە بە تەواو دادەنرێت ، کە خوێنەر یان بینەری هەبێت ، بەمەش ڕۆڵی خوێنەر پێشاندەدات لە پرۆسەی داهێنانی ئەدەبیدا " لەم بۆچوونەدا جیاوازی لەگەڵ (کانت)دا هەیە ، چونکە (بەلای کانتەوە کاری هونەریی لە بنچینەدا هەیە ، ئینجا دەبێتە بابەتی تێڕامان و تێڕوانین، بەڵام بەلای سارتەر کاری هونەریی لەو کاتەدا هەیە کە ئێمە سەیری دەکەین " واتە جوانی پرۆسەیەکی هۆشەکییە لای خوێنەر یان بینەر دروست دەبێت .) ﴿131: 243 ﴾

(*مارتن هایدگەر*= **Martin Heidegger**) " دەڵێت : (کاری هونەریی ئەوەیە کە —بە رێگای تایبەتی خۆی — پەردە لەسەر حەقیقەتی بوونی بابەتێك هەڵبگرێت .)﴿131 : 269 ﴾، واتە هونەریش وەك بوارە مەعریفییەکانی تر ، ئامانجی گەیشتنە بە حەقیقەتێك " بەڵام بە شێوازێکی جیاواز لەوان " وەك بەکارهێنانی سۆز و خەیاڵ..

( *رانسۆم* ) " یەکێکە لە ڕەخنەگرانی (قوتابخانەی ڕەخنەی نوێ) ، پێی وایە شاعیری نوێ پێویستە لە کارەکەیدا هیچ گرنگییەك بە ڕەوشت یان خودا یان نیشتیمان نەدات ، چونکە بەرهەمێکی سەربەخۆ دادەهێنێت ، کە تیایدا هونەرەکەی بە دەردەکەوێت . هەروەها (*سبینجارن*)یش بە هەمان شێوە دژی بەهای ڕەوشتی بوو لە هونەردا ، شیعر لە ئەرك و پەیامی

ڕەوشتی و كۆمەڵایەتی و پەروەردەیی دادەبڕێت ، لە دیدی ئەم " ئەدەب یاسای تایبەت بە خۆی هەیە و لە ناوەوەی خۆیدا دەربڕی جوانییە و كاری ئەدەبیش تەنیا و تەنیا ڕووخسارە ﴿170 : 302﴾" بەڵام كۆمەڵێك كە سەربە بزووتنەوەیەكی نوێی مرۆڤایەتی بوون بە توندی وەڵامی ئەو بیرمەند و ڕەخنەگرانەیان دایەوە " لەوانە (میـنكین H. Lewis Mencken) ، كە بەم شێوەیە ڕەخنە لە سبینجارن دەگرێت : (جوانی —وەك ئەوەی لەم جیهانەدا دەیناسین — وەك ئەوە نییە كە سبینجارن بۆی هەڵدەبەستێت —كە ڕووخسارێك بێت لە ناو بەتاڵدا ، بەڵكو بنەمای كۆمەڵایەتی و سیاسی و تەنانەت ڕەوشتیشی هەیە.) ﴿170 : 302﴾، بەڵام ئەم بنەمایانە ئەگەر لە رووخسارێكی هونەرییدا دەرنەبڕێن ، هیچ بەهایەكی هونەرییان نابێت و ناشێت بكرێنە پێوەری جوانی لە كاری هونەرییدا .

بە كورتی چەمكی جوانی لە چوارچێوەی ئیستاتیكای هاوچەرخدا ، جێگایەكی كەمتری گرتووە لە چاو ئیستاتیكای تەقلیدی " چونكە تەنیا یەكێكە لەو دیاردانەی كە لەناو سنووری باسی هونەریی و ئەزموونی ئیسستاتیكا بەگشتی باسی لێوە دەكرێت " وەك پەیوەندی ڕووخسار و ناوەڕۆك ، یان پرۆسەی داهێنانی هونەریی ، یان خەیاڵی هونەریی ، ... هتد .

* *

بـە شـێوەیەكی گـشتی " لـە مێـژووی درێـژی ئیـستاتیكادا ، بـە زۆری چـەمكەكانی جـوانی لــەناو چوارچــێوەی چــەند تــەوەرێكی ســەرەكیدا خراونەتــە ڕوو " وەك: هــەردوو ڕووی بەرهــەمی هونــەریی (ڕووخــسار و نــاوەڕۆك) " كــە هەنــدێكیان تــەنیا گرنگــی بــە لایــەنێكیان دەدەن و لایەنەكـەی تریـان فـەرامۆش دەكـەن " هەنـدێكی تریـشیان وەك یـەك دەڕواننـە هـەردووكیان و لـە گرنگـی هیـچیان كـەم ناكەنـەوە " لـە ڕاستیـشدا ئـەم دوو لایەنـەی كـاری هونـەری و ئـەدەبی بـە شـێوەیەكی وا لـە پرۆسـەی داهێنانـدا ئاوێتـەی یـەك دەبـن ، ئەسـتەمە بتوانرێـت تـەواو لەیـەكتری

جیابکرێنەوە ، لەبەرئەوە هەردووکیان وەك یەك هاوبەشن لە بەخشینی بەهای جوانی بە کارەکە.

کێشەیەکی تریش کە بووەتە هۆی درووست بوونی بیروڕای جیاواز لە بارەی جوانییەوە " (نیسبی) یان (ڕەها) بوونی جوانییە ، بە لای هەندێکەوە جوانی لە واقیعدا بوونێکی ڕەهای هەیە و لە ڕوانگەی هەموو کەسێك و لە هەموو سەردەم و کاتێکدا هەبووە و هەیە . هەندێکی تریش پێیان وایە جوانی شتێکی نیسبییە ، بەگوێرەی هەر کەسە و هەر سەردەمێك و هەر شوێنێکی جوگرافی و ... هتد " دەگۆڕێت . بەڵام تیۆرییە زانستییە نوێیەکان ئەوە دووپات دەکەنەوە ، کە هیچ بوونێکی مەتریالی نییە وەك خۆی بمێنێتەوە و بتوانرێت سیفەتی جێگیریی پێ بدرێت " ئەمە بە گوێرەی شتە مەتریالییەکانەوە " هەرچی جوانییە خۆی لە خۆیدا ئەبستراکتییە ، چۆن دەتوانرێت سیفەتی ڕەهایی پێ‌ببەخشرێت ؟!..

یەکێکی تر لە تەوەرە سەرەکییەکان " ئەو ڕوانگەیەیە لێیەوە دەڕوانرێتە جوانی " کە هەندێ لە بیرمەندەکان پێوەری نائیستاتیکی لە دەرەوەی کاری هونەرییدا دەکەنە بنەما بۆ هەڵسەنگاندن و بڕیاری جوانی " ئەمەش لە بەهای ئیستاتیکی هونەر کەم دەکاتەوە ، لە کاتێکدا ئامانجی سەرەکی هونەر (یان ئەدەب) چێژبەخشین و جوانییە ، نەوەك سوود گەیاندن . بەڵام هەندێکی تریان هونەر خۆی دەکەنە سەنگی مەحەك و پێیان وایە بنەما ئیستاتیکییەکان هەر لەناو خۆیدا خۆیان حەشارداوە و دەشێت بکرێنە پێوەر لە بڕیاری ئیستاتیکیدا " هەر بەم شێوەیەش دەتوانرێت بەهای ڕاستەقینەی هونەر و ئەدەب دەستنیشان بکرێت .

# ( باسی دووەم )
# ئیستاتیکای دەقی شیعریی

## چەمکی شیعر :

شیعر لە فەرهەنگی رۆبێر (Robert) دا بەم شێوەیە پێناسە کراوە : (هونەری زمانە، بەگشتی پەیوەستە بە کێشەوە ، مەبەستی گوزارشتکردنە لە شتێك، یان ئاماژە پێکردنی ، کەرەستەکەیشی ئاوێزان بوونی وشەکانە " تیایدا ڕیتم و هاوئاهەنگی و وێنە ، گرنگیيان وەك گرنگی ناوەڕۆکێکی ماقوولە ، یان زیاتریشە) ﴿140: 170 ﴾" لەم پێناسەیەدا بەهای ڕووخسار و ناوەڕۆك لە پرۆسەی شیعرییدا ، هەردووکیان گرنگییان پێدراوە و تاڕادەیەکیش لایەنی رووخسار پەسەندتر کراوە " کە سێ بنەمای سەرەکی تیایدا دستنیشان کراوە : زمان و مۆسیقا و وێنە ، کە پێکەوە ئیستاتیکای دەقی شیعریی بنیات دەنێن .

زۆر پێناسەی تر بۆ شیعر کراوە " هەر یەکەیان پێی لەسەر تەنیا بنەمایەك داگرتووە ، کە ناشێت بە تەنیا چەمکی تەواوی شیعر بگەیەنێت " بۆ نموونە پێناسەی کۆنی ڕەخنەگرانی عەرەب بۆ شیعر ئەوەیە ، (شیعر قسەیەکی کێشدار و سەرواداره ، کە واتایەك دەگەیەنێت.) ﴿163 : 15﴾، وەك دەبینین تەنیا بنەمای مۆسیقا کراوەتە تاکە مەرجی بنیاتی شیعریی و بەهای ڕەگەزە هونەرییەکانی تر فەرامۆش کراوە " بەم شێوەیە هەڵبەستی (نظم) فێرکاری و زانستی لە شیعر جیا ناکرێتەوە " هەروەك (فلیپ سیدنی) لە کتێبی (بەرگری لە شیعر) دا دەڵێت : (بە تەنیا کێش و سەروا نووسین ناکەن بە شیعر و مرۆڤیش ناکەن بە شاعیر .) ﴿521 : 29﴾.

هەرچەندە ئەو پێناسەیەی لە فەرهەنگی (ڕۆبێر) دا بۆ شیعر کراوە ، تا ڕادەیەك چەند بنەمایەکی گرنگ و بنیاتنەری ئیستاتیکای شیعری دەستنیشان کردووە ، بەڵام بەهۆی فەرامۆش کردنی زۆر ڕەگەزی تری ئەبستراکتی لە شیعردا " وەك : خەیاڵ و سۆز .. ، ناکرێت بە پێناسەیەکی ورد و تەواوی شیعری دابنێین ، چونکە (جوانی شیعر لەو جوانییە ئاساییە تێدەپەڕێت ، کە دەچێتە ژێر باری هاوسەنگ کردنی نێوان ڕاستی و درۆ ، یان چاکە و خراپە ، هەروەها لەو جوانییەش کە دەستنیشان و ڕووندەکرێتەوە تێدەپەڕێت .. لەبەر ئەم هۆیانە زانست و هونەر نەیانتوانیوە بە وردی پێناسەیەکی کۆتایی بۆ بکەن .)﴿193 : 340﴾" لە لایەکی تریشەوە " هەمیشە لەگەڵ گۆڕانی سەردەمدا ، شیعریش لە گۆڕاندا بووە ، چ لە ڕووی ڕوانینی شاعیرەوە بێت لە بەرهەمەکانیدا ، چ لە ڕووی پێویستی ئیستاتیکای وەرگرەوە بێت " ئەمەش هۆیەکی گرنگ بووە ، کە چەندین پێناسەی بۆ شیعر هێناوەتە مەیدانی ڕەخنەوە .

## ڕووخسار و ناوەڕۆك :

ڕووخسار و ناوەڕۆك " دوو ڕووەکەی بەرهەمی ئەدەبین ، هەریەکەیان ئەویتریان تەواو دەکات و بە بێ یەکتر بوونیان نابێت . هەروەك لە باسی پێشوودا ئاماژەمان پێدا " پەیوەندی ئەم دوو لایەنە بە یەکترییەوە ، لە ڕووی گرنگی دان بە هەردووکیان ، یان پەسەندکردنی یەکێکیان بەسەر ئەوی تریاندا ، هەر لە کۆنەوە بووەتە کێشەیەکی نەبڕاوە لە نێوان ڕێبازە جۆربەجۆرەکان و هەریەك لە بیرمەند و ڕەخنەگرەکاندا .

(ئەدەب جوانی و مەعریفەیە .. بنیاتی بیریی لە دەقدا ڕەگەزێکی ئامانجدارە ، بەڵام ئەم ڕەگەزە لە کاری ئەدەبیدا ، ئامانجی خۆی بەهۆی گێڕانەوەی ئاسایی ناپێکێت ، بەڵکو بەهۆی تەکنیکی ئیستاتیکییەوە دەیپێکێت .)﴿173 : 76﴾، بیرۆکەیەك لە دەرەوەی شیعردا بە پێی لۆژیك بڕیاری بەسەردا دەدەین ، بەڵام کە دەچێتە ناو شیعر ، ناتوانین بەو

شێوەیە تێیبڕوانین ، بەڵكو بەهایەكی ئیستاتیكی وەردەگرێ و دەبێت لەو سنوورەدا هەڵیبسەنگێنین . واتاكان بەتەنیا نابنە هۆی داهێنانی شیعر " واتە ناتوانین بڵێین : ئەم واتایە شیعرییە و ئەمەیان شیعریی نییە و نابێت بكرێتە بابەتی شیعر ، بەڵكو شێوازی دارشتنی زمانەكە " كە ڕەگەزە شیعرییەكانی وەك : مۆسیقا و وێنەی شیعریی .. تیایدا دەردەكەوێت ، دەبێتە مایەی داهێنانی دەقی شیعریی .

هەندێك ڕەخنەگری وەك (هێربێرت ڕید = **Herbert Read**) " ڕووخسار و ناوەڕۆك لەیەكتر جیادەكەنەوە ، لە ڕوانگەی ئەمەوە " ناوەڕۆك بێگومان بەهای خۆی هەیە ، بەڵام لە جیهانێكی تری جگەلە ئیستاتیكا " كە ئەویش جیهانی سوود و خێر و ڕەوشتە .. ، بەڵام ڕووخسار ڕەنگدانەوەی جەوهەریی جوانییە .. ﴿168 : 15﴾" ئەمەش لەگەڵ ڕای (جاكۆب كۆرك) دا یەكدەگرێتەوە ، كە دەڵێت : (فۆرم هەموو ئەو شتانەیە ، كە كارە ئەدەبییەكە دەكەنە كارێكی تاكەكەس " ناوەڕۆكیش هەموو ئەوانەی دەیكەنە هاوبەشی شتی تر) ﴿118: 160﴾

(ئەدگار ئالان پۆ)یش " كە دیارترین نوێنەری ئیستاتیكای شیعرە لە ئەدەبی ئینگلیزیدا ، ڕای وابوو " (شیعر پەیوەندی بە خێر و هەقەوە نییە ، بەڵكو تەنیا بە جوانییەوە) ﴿170 : 291﴾ پەیوەستە ، هەروەها پێی وایە (گەیشتن بە جوانی " كە مەبەستی ڕاستەقینەی شیعرە ، پشت بە كۆنترۆڵكردنی ڕووخسار و مۆسیقا دەبەستێت ، زیاتر لە پشت بەستنی بە (شعور). ناوەڕۆكی بابەت گرنگییەكی لاوەكی هەیە ، گرنگ (سترێس)یاخود (میزاج) ە ، چونكە بابەتەكە تەنیا (میزاج)هەڵدەگرێت ، لەبەرئەوە شاعیر سەرەتا (میزاج)ەكە دەستنیشان دەكات ، پاشان ئەو بابەتە دیاری دەكات كە لەگەڵیدا دەگونجێت ﴿129 : 75﴾، بەڵام لەپاڵ ئەوەیشدا لەگەڵ جیاكردنەوەی ڕووخسار و ناوەڕۆكدا نەبوو ، لەبەرئەوە باشترین شیعر بە لایەوە (شیعری لیركی)بوو ، كە تیایدا كەمترین توانامان هەیە بۆ جیاكردنەوەی ڕووخسار و ناوەڕۆك . (بۆدلێر)یش وەك (ئەدگار)

ڕای وابوو (شیعر ناتوانرێت بە زانست و ڕەوشت پێشان بدرێت ، دەنا بە پێچەوانەوە بەرەو نەمان دەچێت . بابەتی شیعر حەقیقەت نییە ، بەڵکو (شیعر) بابەتی خودی خۆیەتی .) ﴿170 : 291﴾.

لە ڕاستییدا شیعر هێزی ئیستاتیکی خۆی لە دوو لایەنەوە وەردەگرێت : ئەو واتایەی دەیگەیەنێت ، لەگەڵ شێوەی گوزارشتکردنەکەیدا " بەڵام دەتوانین گوزارشتکردن بە پلەی یەکەم دابنێین " وەك پێوەریکی ئیستاتیکی ، ئینجا واتا ، ئەگەریش هەردووکیان پێکەوە لە یەك کاردا کۆبوونەوە ، هێزی ئیستاتیکی ئەو شیعرە لە بەرزترین ئاستیدا دەبێت .

ئەگەر گوزارشت بەهێز و واتا لاواز بێت ، بە شیعرێکی سەرکەوتوو دادەنرێت " وەك زۆر شیعری سەرکەوتووی بابەتی داشۆرین . بەڵام زۆرجار واتای ناو شیعرێك " یان ئەو واتایەی شاعیر مەبەستیەتی لە شیعرەکەدا بیگەیەنێت ، بەهایەکی مرۆڤایەتی بەرزی هەیە ، کەچی لە ڕووی گوزارشتەوە لاوازە ، لەبەرئەوە شیعرەکە بە سەرکەوتوو دانانرێت " ئەمەش ئەو ڕاستییە دووپات دەکاتەوە ، کە بەهای ئیستاتیکی شیعر دەرەکی نییە و لە خودی بەرهەمەکەوە هەڵدەقوڵێت " (موکار شوفسکی) لەم بارەیەوە دەڵێت : (شیکردنەوەی ئیستاتیکی کاری هونەریی ، پێویستە ئەو ڕەگەزانەی تیادا بدۆزرێتەوە ، کە ئەرکی ئیستاتیکییان هەیە ، بەڵام ئەو پەیوەندییەی ڕەنگە لە نێوان کاری هونەریی و نووسەرەکەی لە لایەکەوە و لە نێوان واقیعی دەرەوەی کاری هونەریی لە لایەکی ترەوە هەبێت " هیچ گرنگییەکی نییە لە ڕوانگەی ئەم ئامانجەوە .) ﴿183 : 7﴾.

هەرچەندە ڕووخسار لە دەقی شیعرییدا ، لایەنێکی یەکلاکەرەوەی ئیستاتیکای دەقەکەیە، بەڵام ناتوانین ئاستی واتا فەرامۆش بکەین ، کەواتە هەردوو جەمسەرەکە : دەنگیی و واتایی ، بوونیان لە شیعردا پێویستە . هەر لەبەرئەوەیە (جان کۆهن) ئەم دوو ئاستە دەکاتە پێوەر بۆ جیاکردنەوەی سێ جۆر شیعر (یاخود سێ فۆرمی شیعری) " کە ئەمانەن :

1 – (شیعری پەخشانی) یان (شیعریی واتایی) " کە تەنیا لە لایەنی واتاوە بەرهەمی هەیە و لایەنی دەنگیی فەرامۆش دەکات .

2 – هەڵبەست (نظم) " ئەمەیان بە پێچەوانەی یەکەمەوە ، تەنیا لایەنی دەنگیی بەرهەم دەهێنێت و لایەنی واتایی فەرامۆش دەکات ، دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە ، جگەلە کێش و سەروا ، لە هەموو بەها ئەدەبییەکانی تر بێ بەشە .

3 – ئەم جۆرەیان شیعری تەواوە ، چونکە هەردوو پێویستییەکەی زمانی شیعریی دابین دەکات [1].

## میتۆدی شێوازگەریی و دەقی شیعریی :

یەکێك لەو میتۆدانەی لە لێکۆڵینەوەی دەقی شیعریی و (ئەدەب بە گشتی)دا پەیڕەو دەکرێت (لێکۆڵینەوەی شێوازگەریی)ە " کە ئامانجی دەستنیشان کردنی لایەنە ئیستاتیکییەکانی ئەو دەقەیە ، ئەویش لە ڕێگای دیاریکردنی ئەو هۆکارە جۆراوجۆرانەی دەقەکەیان پێکهێناوە " وەك (وشە و وێنە و ڕیتم و مۆسیقاو...هتد).

ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە سێ خاڵ دەکەنە بنەما :

1 – هەڵبژاردن : بژارکردنی چەند سیمایەکی زمانییە لە لایەن دانەرەوە ، بە مەبەستی گوزارشتکردن لە هەڵوێستێکی دیاریکراو . ئەم کارەیش هەموو ئاستەکانی زمان دەگرێتەوە : فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکس .. بێگومان بژارکردنی هەر کەرەستەیەك بەلای دانەرەوە گونجاوترین کەرەستەیە لەو جێگەیەدا بۆ گەیاندنی مەبەستەکەی " ئەمەش واتە هەر وشە و دەستەواژە و داڕشتنێکی ڕستەکانی ناو دەقەکە ، دانەر بە مەبەست ئەنجامی داوە ، نەوەك بەشێوەیەکی هەڕەمەکی وا ڕێك کەوتبێت .

[1] - بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی ئەم دابەش کردنەی شیعر بڕوانە : ﴿119 : 11 – 12﴾

2 – ڕۆنان : ڕۆنان ڕووخسارێکی ئەدەبییە و چونکە جوانی لە دەقی ئەدەبییدا دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگەزە بنیاتییە هاریکار و کارلێك کەرەکان ، نەوەك تەنیا بۆ ڕەگەزێکی دیاریکراو تیایدا . ڕۆنان ئەرکی پرۆسەی ڕێکخستنی وشە هەڵبژاردراوەکانی هەیە لە ناو دەقی ئەدەبییدا .

3 – دوورکەوتنەوە : دەرچوون لە چنراوی زمانیی سادە لە هەر ئاستێکدا : دەنگسازی ، ڕۆنانکاری ، شێوازگەریی ، ڕەوانبێژی ، .. خۆی لە خۆیدا بە ڕووداوێکی شێوازگەریی دادەنرێت " بەمەش دوورکەوتنەوە ئاماژەیەکی دەقاودەقییە بۆ ئەدەبیەتی (یان شیعریەتی) دەق . هەروەها شێواز لادانە لە جۆری پێوانەیی ، واتە سەرپێچی کردنی ڕێگای ئاسایی یان چاوەڕوانکراو لە گوزارشتکردندا . ﴿195 : 3 – 4﴾.

زۆرجار (لادان) بە (پێویستی) شیعریی ناو دەبرێت ، کە بە ڕوانگەی ڕەوانبێژی کۆن " شتێکی ناشرینە و بە هەڵە لە قەڵەمی دەدەن ، بەڵام تێڕوانینی شێوازگەریی ئەوەیە " پێویستە لەسەر ئەم دیاردانە بوەستین و لە هەموو ڕوویەکەوە لێی بکۆڵرێتەوە ، تاوەکو مەبەستی خاوەنەکەی بەدیاربخەین .

## میتۆدی بونیادگەریی و دەقی شیعریی :

میتۆدێکی تری هاوچەرخە ، زیاتر لە لێکۆڵینەوەی دەقی شیعریی نوێدا بەکاردەهێنرێت " ئەمەش بەهۆی گونجانی سروشتی میتۆدەکە لەگەڵ ئەو یەکیەتییە بابەتییەی لە شیعری نوێدا هەیە .

بە ڕای (موکار شوفسکی) " (چەمکی بونیاد لە ڕێگای پەیوەندییە ئاڵوگۆڕییەکانی نێوان بەشەکان ، پشت دەبەستێت بە یەکیەتی گشتی ناوەوە " ئەمەش تەنیا لە ڕێگای پەیوەندییە پۆزەتیڤەکان و ڕێککەوتن و ڕێکوپێکییەوە نایەتەدی و بەڵکو لە ڕێگای دژیەکەکان و

جیاوازییەکانیشەوە دێتەدی .) ﴿183 : 6﴾" هەروەها (ڕیڤاتێر) بەم شێوەیە پێناسەی (بونیاد)دەکات : (بونیاد " سیستمێکە لە چەند ڕەگەزێك پێك دێت ، ناکرێت هیچ کامیان تووشی گۆڕانکاری ببێت " بەبێ ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە هەموو ڕەگەزەکانی تـردا) ﴿133 : 47﴾

خوێندنەوەی بونیادگەرییانەی دەقێکی شیعریی — وەك بونیادێك — ئەوە دەردەخات ، کە ئەو دەقە چەند ئاستێکی هەیە ، لەگـەڵ چـەند ڕەگـەزێکی جیـاواز ، کـە هـەموویان پەیوەندییەکی پتەو پێکەوەیان گرێدەدات و هەریەك لەو ڕەگەزانە کار لەوانی تر دەکات و بە پێچەوانەشەوە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەوانی ترەوە " ئەمەش سیفەتی (یەکیەتی و گونجان) ، کە سیفەتێکی سەرەکی جوانی دەقی شیعرییە ، بۆ نموونە ئەگەر گۆڕانێك بەسەر سیستمی مۆسیقای شیعرەکەدا بێت ، دەبێتە هۆی گۆڕانی سیستمی زمانی شیعرەکە" کەواتە دەقی شیعریی لە چەندین ئاست و چەندین ڕەگەز پێك دێت (دووبارە ڕێکخستنەوەی ئەم ڕەگەزانە ، بە شێوەیەك کە ئەرکەکانیان بگۆڕێت ، ئەمەیە شیعر پێـك دێنێـت). ﴿133 : 48﴾.

ئەم جۆرە شیکردنەوەیەی دەق پەیوەندی (بەش)و(گشت)، یان (تایبەتی)و(گشتی) دەردەخات ، کە ناکرێت (بەش)ێك بە تەنیا و بە دابڕاندنی لە (گشتی) دەقەکە لێك بدرێتەوە و بەهاکەی دیاری بکرێت " مەبەستمان لە (گشت) یش " پێکهاتەی ڕووخساریی و واتایی دەقی شیعرییە ، بۆ نموونە سەروا لە ڕوانگەی بونیادگەرەکانەوە (دیاردەیەکی دەنگی ڕووت نییە ، بەڵکو لە تۆڕی پەیوەندی واتایی دەقەکەوە هەڵدەقوڵێت و بەشداری لە پێکهێنانی ئەم تۆڕەدا دەکات . وشە هاوسەرواکانیش تەنیا لە ڕووی دەنگییەوە پێکەوە نابەسترێنەوە ، بەڵکو زۆربەی جار لەسەر ئاستی واتایی پێکەوە دەبەسترێنەوە .) ﴿190 : 60﴾، ڕەنگە ئەگەر وشەیەك سەرواکەی جیاواز بێت و لە دێڕەکانی تردا دووبارە نەبووبێتەوە ، لەوانەیە ئەم

ناوێزەییەی هەمان وشە و هەمان دێڕ ، لە ئاستەکانی تریشدا تێبینی بکرێت"وەك ئاستی واتا و وێنەی شیعریی و کێش و ... هتد . کەواتە ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە بڕوانینە دەقی شیعریی " وای دەبینین کە(بنیاتێکی ئەرکدارە ، ناتوانین لە ڕەگەزە جیاوازەکانی تێبگەین، لە دەرەوەی سنووری پەیوەندییە هاوبەشەکانی)﴿143 : 119﴾" واتە گشت بەهای بەش دەستنیشان دەکات لەناو چوارچێوەی دەقی شیعرییدا . بەم پێیە هەر بەشێکی پێکهێنەری دەقێکی شیعریی بە تەنیا هیچ بەهایەکی نییە ، بۆ نموونە ناوەڕۆك هەر جۆرێك بێت ، هیچ بەهایەکی ئیستاتیکی سەربەخۆی لەناو دەقەکەدا نییە " کاتێك شیعرێك دەخوێنینەوە ، گرنگی بە بابەتی شیعرەکە نادەین ، بەڵکو ئەوەی بەلامانەوە گرنگە "ئەوەیە چۆن ئەم بابەتە لە بابەتێکی دەرەکییەوە گواستراوەتەوە بۆ بابەتێکی شیعریی . ئەگەر بابەت گرنگ بووایە ، ئەوا وتارێکی زانستیمان لەسەر ئەو بابەتە دەخوێندەوە نەوەك شیعرێك ، لەبەرئەوە ڕاست نییە بڵێین : ئەم بابەتە بۆ شیعر دەشێت (یان ناشێت) ، بەڵکو گرنگ لەوەدایە چۆن وەك شیعرێك خوڵقێنراوە ، یان چۆن سیفەتی شیعرییەتی پێبەخشراوە . ئەمە لە ڕووی واتاوە ، لە ڕووی ڕووخساریشەوە بەهەمان شێوە " ئەو وشەیەی (یان گوزارشت — یان وێنە) لەناو شیعرێکدا جوانە ، ڕەنگە لە شوێنێکی تردا ئەو بەهایەی نەبێت . واتە ئەو شیعرە وەك یەکەیەکی یەکگرتوو و گشتی ، بەها دەبەخشێتە هەر بەشێك لە بەشەکانی ، ناتوانین بەشێك (یا پێکهاتەیەك ، یان ڕەگەزێك) بەتەنیا وەرگرین و بە دابڕاندنی لە بەشەکانی تری ناو دەقەکە ، بەهاکەی دەستنیشان بکەین .

## میتۆدی کاریگەربوون ( التأثرية ) و میتۆدی هەڵوەشاندنەوە ( التفكيكية ) :

دەقی شیعریی ئەگەر لە دوو لایەنەوە (داهێنەر و وەرگر) تێبڕوانین " لەلایەنی داهێنەرەوە پرۆسەیەکی داهێنانی ئیستاتیکی و لەلایەن وەرگریشەوە پرۆسەی چەشەی ئیستاتیکییە " واتە ئامانجی شیعر بە پلەی یەکەم ئیستاتیکییە ، نەوەك سوودگەیاندن " کە هەوڵی هەڵچوون و ورووژاندنی وەرگر دەدات .

(ئیستاتیکای وەرگرتن) " تیۆریکی ئەڵمانییە ، پێی وایە کاری ئەدەبی تەنیا لە ڕێگای ڕەگەزێکی کاراوە لە پرۆسەی ئەدەبییدا دێتە دی " کە ئەویش (وەرگر)ە. ﴿1 : 198﴾، هەروەها میتۆدێکی ڕەخنەییش بە ناوی (کاریگەربوون = التأثرية) هەیە ، (ئەناتول فرانس)ڕەخنەگرێکی سەر بەم میتۆدەیە ، دەڵێت : (ئەو چێژەی دەقی ئەدەبی دەیبەخشێت ، تاکە پێوەرە بۆ شایستەیی دەق و پێوەری هەڵسەنگاندنی ڕەخنەیەتی ..)﴿9 : 161 – 10﴾" بەم شێوەیە وەرگر بەشدارییەکی کارا دەکات لە دەستنیشان کردنی جۆری دەق —لە ڕووی خوێندنەوەیەوە ، کە بە زۆری دەکرێت بە دوو جۆرەوە : (دەقی کراوە و دەقی داخراو).

واتای کۆنی ئەم دوو چەمکە بەم شێوەیە بوو : کراوە " مەبەست لەو دەقانە بوو کە کۆتایی تری هەڵدەگرت و واتە ئەو کۆتاییەی وەرگر پێشنیازی دەکرد . هەرچی داخراوە " بەو دەقانە دەوترا کە کۆتاییەکەیان دیاربوو . واتای ئێستای ئەم دوو چەمکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە " دەقی کراوە ئەو دەقەیە سەرچاوە و داهاتوو و واتاکەی دیاریکراو بێت ، بەڵام چەند لێکدانەوەیەکی تر لە دوای دیاریکردنی واتاکەی دێت ، لەبەرئەوەیە پێی دەوترێت کراوە . مەبەست لە دەقی داخراویش ئەوەیە " کە واتاکەی تەمومژاوییە ، لەگەڵ ئەوەیشدا

لێکدانەوەیەك زیاتر هەڵناگرێت ، ئەمەش بە ڕوونی لە دەقی یاسایی و زانستییەکاندا تێبینی دەکرێت ، لەسەر ئاستی ئەدەبییشدا لە دەقە پۆلیسی و سیخوڕییەکاندا دەبینرێت .

هەروەك چۆن دەقی داخراو دەکرێت بە پێی مەرجەکانی بکرێتەوە ، دەقی کراوەیش دەشێت بگۆڕرێت بۆ دەقێکی داخراو " ئەوەیش لە کاتێکدا وەرگر ئامادە و ڕاهێنراو نەبێت و کە لە ئاستی وزە و توانای بەرهەمهێنان و پێویستییە مەعریفیەکانی دەقەکە نەبێت .

داخراوەیی دەق " وەرگر دەکاتە تەنیا بەکارهێنەرێکی نێگەتیڤی بۆ واتایەکی جێگیر ، لە کاتێکدا دەقی کراوە بوار دەداتە وەرگر ، کە ببێتە بەکارهێنەر و بەرهەمهێنەر لە یەك کاتدا . لەبەرئەوە داخراوەیی و کراوەیی دەق بەستراوەتەوە بە ئامادەبوونی هەردوو لایەنەکەی: داهێنەر و وەرگر .

(ڕۆلان بارت) " دەقی داخراو بە (دەقی خوێندنەوە)وکراوەیش بە (دەقی نووسین) ناو دەبات " دەقی خوێندنەوە " بۆ خوێندنەوە و بەکارهێنان ئامادە دەکرێت ، بەڵام دەقی نووسین" بۆ دووبارە نووسینەوەی (یان بەرهەمهێنانەوەی) دادەهێنرێت . ﴿197 : 1﴾.

میتۆدێکی تری هاوچەرخ " کە لە خوێندنەوەی دەقدا پەیڕەو دەکرێت (هەڵوەشاندنەوە = التفکیکیە) یە " ئەمیش داوای ئەوە دەکات ، کە دەق بە کراوەیی جێبهێڵرێت ، چونکە تاکە خوێندنەوەیەك بۆ دەقێکی دیاریکراو ، مانای کوشتنی ئەو دەقە دەگەیەنێت ، (لەبەرئەوە پێویستە چەندین خوێندنەوە بۆ تاکە دەقێك بکرێت ، کە خوێندنەوەکان بە نیسبی و گوماناوی بمێننەوە ، ئەمەش وا دەکات دەقەکە شیاوی کردنەوەی تربێت) ﴿115 : 38﴾، بەم شێوەیە ئەم میتۆدە لەگەڵ خوێندنەوەی بابەتییدا نییە ، چونکە پێی وایە خوێندنەوە ئەزموونێکی تاکەکەسییە و هەر کەسێکیش بیروبۆچوونی تایبەتی خۆی هەیە ، لەبەرئەوە پێویستە دەق بیروبۆچوونی جیاواز هەڵبگرێت لە کاتی خوێندنەوە و لێکدانەوەیدا ، بەم پێیە چاکترین دەق " ئەو دەقەیە کە توانای کردنەوەی زیاتری هەبێت ، خراپترینیشیان

ئەوەیانە " کە بە ئاسانی خۆی بدات بە دەستەوە و لە تەنیا جارێك زیاتر توانای کردنەوەی نەبێت " بەڵام لێرەدا دیسان (وەرگر) ڕۆڵی گەورەی هەیە لە دیاریکردنی چارەنووسی دەقەکەدا .

## بنیاتە سەرەکییەکانی دەقی شیعریی :

هەروەك لە پێشەوە ئاماژەمان پێکرد " ئیستاتیکای دەقی شیعریی زیاتر تەکنیك و گوزارشتکردن دەگرێتەوە ، نەوەك واتا و بابەت بە تەنیا ، تەکنیکیش سێ بنەمای سەرەکی هەیە : (مۆسیقا و زمان و وێنەی شیعریی) .

### بنیاتی مۆسیقا :

لە بارەی گرنگی مۆسیقای وشە و شیعر (لە ئەورووپادا ڕێبازێك بە ناوی (لێتەریزم = حروفی) دروست بوو ، لەو باوەڕەدا بوون وشەکانی شیعر دەبێت بە جۆرێك هەڵبژێردرێن ، کە مۆسیقایان تێدا بێت ، بە تەنیا ئەم مۆسیقایە بەسە ، ئەگەر واتایشیان نەبێت ترسی نییە) ﴿204 : 120﴾،هەروەها (فلۆبێر)لەم بارەیەوە هەمان بۆچوونی هەیە و دەڵێت :(دێڕە شیعرێکی مۆسیقی و بەتاڵ لە واتا ، لەلای من لە دێڕێکی واتاداری بێ مۆسیقا جوانترە .) ﴿69 : 136﴾.

مۆسیقا ڕەگەزێکی سەرەکی و پێویستە لە شیعردا ، بەبێ ئەو زمانی شیعر پێك نایەت، هۆکارێکی بنەڕەتییە لە جیاکردنەوەی شیعر لە پەخشان و قسەی ئاسایی " (مۆسیقای شیعر " هەموو ئەو تایبەتییە دەنگییانە دەگرێتەوە ، کە لەناو شیعردا کاریگەریی ئیستاتیکی – یان گوزارشتییان هەیە .) ﴿157 : 6﴾، ئەم تایبەتییانەش لەمانەدا دەردەکەون : ڕیتم ، کێش ، سەروا ، سترێس ، ... هتد .

**ڕیتم** " (بە بنەمای ڕێکخەری ڕەگەزە دەنگییەکانی تر دادەنرێت)﴿143 : 119﴾، ریتم لە شیعردا بەرامبەر بە (پێ = تەفعیلە)یە " کە دووبارەبوونەوەیەکی ڕێکوپێك و یەکسانی یەکە دەنگییەکانە لەناو دەقی شیعرییدا .

فۆرمالیستەکان ریتم بە هۆکارێکی سەرەکی و بنیاتنەری شیعر دادەنێن، کە کاریگەریی لەسەر ئاستەکانی تری شیعر هەیە : دەنگ و وشە و ڕستە، هەروەها بە هۆکاری یەکلاکەرەوەی دادەنێن لە جیاکردنەوەی شیعر و پەخشاندا ، چونکە جاری وا هەیە شیعری سەربەست بە ئاشکرا مۆسیقای تێدا نابینرێت ، لەگەڵ ئەوەیشدا لە سیستمی گشتی شیعرلا نادات ، پەخشانیش بەهەمان شێوە " جاری وا هەیە مۆسیقایەکی زۆری تێدایە ، لەگەڵ ئەوەیشدا لە سیستمی گشتی پەخشان لانادات ، بەڵام جیاوازی نێوانیان لەو ئەرکەیە کە ڕیتم لە هەریەکەیاندا هەیەتی .

(ڕیتم پشت بە دووبارەبوونەوەی کۆمەڵێك برگەی دیاریکراو دەبەستێت ، کێشیش لە سەر دووبارەبوونەوەی سەروا و چەند ریتمێك پێك دێت ، بەڵام بەهێزیی ئەم دووبارەبوونەوەیە لە پێکهێنانی تەریبییەك لە نێوان وشەکان و واتاکانیاندا دەردەکەوێت ..) ﴿143 : 391﴾، کەواتە هەردوو ئاستەکە پێکەوە بەستراونەتەوە " ڕوونی ئاستی کێش و ڕیتم و سەروا و مۆسیقای شیعرەکە ، دەبێتە هۆی ڕوونی واتای شیعرەکە.

جگە لەو ڕیتمە ئاشکرایەی لە شیعرەکەدا دەردەکەوێت "(هەموو دەقێکی شیعریی تەواو ، ڕیتمێکی ناوەوەی تایبەت بە خۆی هەیە ، گەڕان بە دوای ئەم ریتمە " تێگەیشتن لە دەقەکە و هەستکردن بە ئیستاتیکای دەقەکە قووڵتر دەکاتەوە .)﴿116 : 22﴾" ئەم جۆرە ڕیتمە پشت بە تەفعیلە نابەستێت ، بەڵکو لەسەر بنەمای چەند دیاردەیەکی ئیستاتیکی لە ئاستی دەنگ و وشەدا دەردەکەوێت " وەك دووبارەکردنەوەی دەنگ و وشە ،

ڕەگەزدۆزی ، دژیەك ، ... هتد ، جگە لەو ڕیتمەی لەناو وێنە شیعرییەکان و بیری شیعرەکەدا هەستی پێدەکرێت .

***سەروا*** " لە بوارەکانی " ئیستاتیکی ، واتایی ، سیمیۆلۆژی ، ئەرك دەبینێت ، هەروەها ڕۆڵی هەیە لە ڕیتمدا .. بە کورتی سەروا پەیوەندی بە هەموو ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی بنیاتی گشتی دەقی شیعرییەوە هەیە . لە ئاستی کێشدا سەروا ئاماژە بە کۆتایی هاتنی دێڕە شیعر دەکات " واتە کۆتایی هاتنی دێڕێك و چوونە ناو دێڕێکی تر . هەروەها لە بواری سیمیۆلۆژیدا " سەروا ئەرکی خۆی هەیە ، وەك (یوری لۆتمان = **Iauri Lotman**) دەڵێت : (بوونی پەیوەندی لە نێوان ئەو وشانەی دووبارە دەبنەوە " کە بە سەروا دادەنرێن لە بواری گوزارشتکردندا ، وامان لێدەکات گریمانەی ئامادەیی پەیوەندییە دیاریکراوەکانی ناوەڕۆك بکەین ، کە لایەنی سیمیۆلۆژی بەهێز دەکات) ﴿59 : 178﴾. هەرچی ئەرکی واتایی سەروایە (جان کۆهن) ، بەم شێوەیەی لێکدەداتەوە : (سەروا لەو پەیوەندییەی بە واتاوە هەیەتی دیاری دەکرێت ، جا ئەم پەیوەندییە پۆزەتیڤ بێت یان نێگەتیڤ " لە هەموو بارێکدا پەیوەندییەکی ناوەکییە .. و پێویستە سەروا لەناو ئەم پەیوەندییەدا لێی بکۆڵرێتەوە) ﴿119 : 76 ﴾" لە بواری ئیستاتیکیشدا (جوانی سەروا " لە لێکچوونی دەنگ و جیاوازی واتادا خۆی حەشارداوە ، کە نموونەیەکی چڕکراوی هەموو زمانی شیعرییە ...) ﴿143 : 391 ﴾.

هەرچەندە سەروا یەکێکە لە ڕەگەزەکانی مۆسیقای شیعر ، بەڵام دەشکرێت شاعیر دەستبەرداری بێت ، یان لە گرنگی کەم بکاتەوە " ئەمەش بەپێی جۆری کێش و ڕیتمی شیعرەکە" واتە (پێویستی سەروا لە شیعردا پەیوەستە بە ڕیتمی شیعرەکە یان جۆری کێش ، شیعریی بڕگەیی زیاتر پێویستی بە سەروا هەیە ، چونکە ڕێژەی بیرکاری لە نێوان بڕگەکانیدا نییە ، هەروەها بڕگەکانی لە ڕووی چەندێتی و بەهێزییەوە جیاوازە " بەڵام لە جۆری

سترێسیدا زۆر کەم پێویستی بە سەروا هەیە و دەشتوانێت فەرامۆشی بکات " شیعری چەندییەتیش ، کە پێویستی بە ڕێکوپێکییەکی دیاریکراو و ڕێژەیەکی جێگیر لە نێوان بڕگە درێژ و کورتەکاندا هەیە ، لەبەرئەوە لە هەموو جۆرەکانی تر کەمتر پێویستی بە سەروا هەیە.) ﴿157 : 154﴾. هەروەها بوونی سەروا لە شیعردا پەیوەستە بە سروشتی ئەو زمانەی شیعرەکەی پێدەنووسرێتەوە " بۆ نموونە زمانی سانسکریتی و گریکی و لاتینی شیعریان بێ سەروایە ، هەروەها لە شیعری یابانیشدا سەروا هیچ بەهایەکی نییە ، (ئەمەش لەبەرئەوە نییە ، سەروا بوونی لە زمانی یابانیدا نییە ، بەڵکو لەبەرئەوەی لە زمانی ئاساییشدا بوونی هەیە و بەهای ئیستاتیکی نەماوە) ﴿120 : 72 ﴾، ئەگەر تێبینی زمانی یابانی بکەین " زۆر وشە دووبارەکردنەوەی دەنگیی (یان بڕگەیی) تێدایە " ئەمەش ئەنجامی ئەوەیە کە دیاردەکان هەرچەندە بەهای ئیستاتیکییان هەبێت ، بەڵام بە دووبارەبوونەوەی زۆر دەسوێن و ئەو بەهایە لەدەست دەدەن .

سەروا بەشێوەی جۆراوجۆر لە شیعری میللەتاندا بەکاردەهێنرێت ، ئەوەی زیاتر لە ئەدەمیاتی ڕۆژهەڵاتییدا باوە " دووبارەکردنەوەی دوو دەنگ یان زیاتر لە کۆتایی دێڕە شیعردا [1] . لە شیعری کۆنی میللەتانی ڕۆژئاوادا گرنگییەکی ئەوتۆی پێنەدراوە ، بەڵام دواتر لە ژێر کاریگەریی ئەدەمیاتی ڕۆژهەڵاتدا ، ئاوڕیان لەم ڕەگەزە داوە [2] ، ئەمە مانای ئەوە نییە هیچ جۆرە سەروایەك نەبووە ، بەڵکو بەشێوەی تر بوونی هەبووە " بۆ نموونە (لە شیعری ئینگلیزی کۆندا —لە جێگای سەروا —لە هەر نیوە دێڕێکدا یەك پیت چەند جارێك دووبارە کراوەتەوە .) ﴿113 : 204﴾ هەندێجار بەکارهێنانی سەروا پەیوەندی بە جۆری فۆرمە شیعرییەکان (یاخود مەبەستە شیعرییەکان)ەوە هەیە " وەك (لە شیعری ئینگلیزیدا سەروای سێ بڕگەیی یان زیاتر ، بەزۆری بۆ شیعری کۆمیدی و هەزەلی .. بەکاردێت) ﴿120 : 88﴾.

ڕای جیاواز هەیە لەبارەی پەسەندکردنی یان ڕەتکردنەوەی بوونی سەروا لە ئەدەبیاتی ئەوروپیدا " هەندێکیان پەسەندی دەکەن ، بەڵام بەمەرجێك شاعیر سەربەست بێت لـە بەکارهێنانیدا ، نەوەك کۆتوپێوەند ڕێگا لە شاعیر بگرێت ، لەوانە وەك : ڤۆلتێر و بۆدلێر " کە (لەو باوەڕەدان سەروا پێویستە ، بەڵام دەبێت وەك بەندە لە خزمەتی شیعر و شاعیر دابێت) ﴿204 : 113﴾. هەندێکی تریش وەك (پەرناسەکان) لەگەڵ ئەوەی لایەنی ئیستاتیکی سەروا لە شیعردا ڕەتناکەنەوە ، بەڵام لە هەمان کاتدا بە کۆسپێکی گەورەی دادەنێن لە پێش ڕەهابوونی خەیاڵی شاعیر " لەم بارەیەوە دەڵێن : (سەروا وەکو مێخێکی زێڕینە ، کە خەیاڵی شاعیران دادەکوتێت .) ﴿204 : 114﴾.

***کێش*** " لە شیعردا چەند جۆرێکی هەیە ، بە پێی سروشتی زمانی دەقەکە و قۆناغەکانی مێژووی پەرەسەندنی شیعری هەر میللەتێك دەگۆڕێت " کە فۆرمی مۆسیقی لەهەر زمانێك بە سیستمی دەنگیی بڕگەکانی پەخشانی ئەو زمانە بەستراوەتەوە " بۆ نموونە : زمـانی فەرەنسی و یابانی ، کێشی شیعرییان لەسەر ژمارەی بڕگەکان دادەنێن ، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ، کە (جیاوازی سترێس و جیاوازی چەندایەتی لە بڕگەکاندا لاوازە و بەکەمی تێبینی دەکرێت " کە ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نابێت لە کێشی شیعرەکەدا.) ﴿120 : 72﴾. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە ، هەر زمانێك یەك جۆر کێشی شیعریی لەگەڵیدا دەگونجێت و بەکاردەهێنرێت ، ڕەنگە چەند جۆرێك بەکاربهێنرێت و هەریەکەشیان لە لایەن شاعیران و ڕەخنەگرانی ئەو قۆناغەی تیایدا بەکارهێنراوە، پەسەند کرابێت " بۆ نموونە لە شیعری کوردیدا دەتوانین بڵێین : هـەموو جۆرەکـان بـەکارهێنراوە " هـەر لـە (کێـشی چەندێتی)یەوە — کە لە عەرووزی عەرەبییەوە وەرگیراوە — تا دەگاتـە (بڕگـەیی)یـان (پەنجەیی)، جگە لە ڕۆڵی سترێس لە گۆڕینی ئاوازی وشە و واتاکەی لە زمانی کوردیدا " کە لە شیعری فۆلکلۆریدا زیاتر بەرچاودەکەوێت.

دیارترین جۆرەکانی کێشی شیعریی ئەمانەن :

1 – کێشی چەندێتی (quantitative) " لەم جۆرەدا جگە لەوەی دێڕە شیعرەکان لە ڕووی ژمارەی بڕگەوە یەکسانن ، بڕگەکانیش بەپێی کورتی و درێژییان ڕێك دەخرێن .

2 – کێشی بڕگەیی (یان پەنجەیی) (syllabic verse) " ئەم جۆرە کێشە لەسەر بنەمای یەکسانی ژمارەی بڕگەکانی دێڕە شیعرەکاندا دادەمەزرێت .

3 – کێشی سترێسی (stress) " لە شیعری ئەو زمانانەدا پەیڕەو دەکرێت، کە گۆڕانی جێگای سترێس لەسەر وشە(یان ڕستە)دەبێتە هۆی گۆڕانی واتا ، جگەلە گۆڕانی ئاوازەکەی " ئەم جۆرەش دوو شێوەی هەیە :

أ – کێشی سترێسی ڕووت : (لەم جۆرە کێشەدا بەیتە شیعرییەکان لە ڕووی ژمارەی سترێسەوە یەکسانن ، بەڵام پێویست ناکات ژمارەی بڕگەکانیان یەکسان بێت ، هەروەها دابەشی سەر تەفعیلەیش نابێت). ﴿120 : 24﴾.

ب – کێشی سترێسی بڕگەیی : لەم جۆرەدا ژمارەی سترێسەکان و بڕگەکان و تەفعیلەکانیش یەکسانن ، (کێشی پێنجینی ئەیامبی " لەم جۆرەیە ، کە بەباشترین جۆری کێشی شیعری ئینگلیزی دادانرێت و بەیتێك لە پێنج سترێس و دە بڕگە پێك دێت ، دەتوانرێت بکرێتە پێنج تەفعیلە ، بڕگەی سترێسی لاواز دەکەوێتە پێش بڕگەی سترێسی بەهێز) . ﴿120 : 41﴾

لە شیعری ڕۆژئاواییدا چەند تەفعیلەیەکی ناسراو بەکارهاتوون ، کە دەکرێت وەك دەریا عەرووزییەکانی شیعری عەرەبی تێیان بڕوانین " ئەمانەش تەفعیلەکانن :

1 – ئەنابیست " تەفعیلەیەکە لە کێشی سترێسیدا لە دوو بڕگەی بێ هێز و سێیەمیان سترێسدار، و لە کێشی چەندێتیشدا لە دوو بڕگەی کورت و سێیەمیان درێژ ، پێك دێت .

2 – سپۆندی (Spondee) " ئەم تەفعیلە لە کێشی چەندێتیدا لە دوو بڕگەی درێژ ، و لە کێشی سترێسیشدا لە دوو بڕگەی سترێسدار پێك دێت .

3 – داکتایل (Dactyle) " تەفعیلەیەکە لە بڕگەیەکی سترێسدار و دوو بڕگەی بێ سترێس (بێ هێز) پێك دێت .

4 – ئەیامبی " لە کێشی چەندێتیدا لە بڕگەیەکی کورت و بڕگەیەکی درێژ ، و لە کێشی سترێسیشدا لە بڕگەیەکی بێ سترێس و بڕگەیەکی سترێسدار پێك دێت .﴿135 : 239 - 240﴾.

وەك تێبینی دەکرێت بڕگەی بێ هێز بەرامبەر بە بڕگەی کورت و بڕگەی سترێسداریش بەرامبەر بە بڕگەی درێژ بەکاردێت ، یاخود لە ڕووی مۆسیقییەوە ڕۆڵیان لە یەکترییەوە نزیکە .

لە شیعری کۆنی ئەوروپیدا ، بە زۆری یەکێك لەو کێشانەی سەرەوە لە شیعرێکدا بەکار دەهێنرا ، بەڵام دواتر لە لایەن شاعیرانەوە " لە یەك شیعردا چەند دەریایەك (یان تەفعیلەیەك) تێکەڵ دەکران ، ئەمەش (تەکنیکی سەرەکی سێ نووسەری شیعری سەربەستە " کە بە پێشەنگی شیعری سەربەست دادەنرێن ، ئەوانیش : (ئەزرا پاوەند)ی ئەمریکی و (ڕیچارد النجتون)ی ئینگلیزی و (هیلدا دو لیتل)ی ژنە شاعیری ئەمریکی –ن)﴿135 : 239 ﴾. کەواتە شیعری سەربەست ئەگەرچی لەسەر کێشێکی دیاریکراویش نەبێت ، ئەوا لە یەکێك لەو جۆرانەوە نزیکە ، یاخود تێکەڵکردنی چەند جۆرێکیانە " چونکە شیعری سەربەست واتای ئەوەنیە ، هیچ ڕیتم و کێش و سەروایەکی تێدا نەبێت ، یان بەشێوەیەکی تر (هیچ مۆسیقایەکی تێدا نەبێت) ، بەڵکو ئەوە دەگەیەنێت " کە شاعیر پێش وەخت پابەند نەبێت بە مۆسیقایەکی ئامادەکراو و بیرەکەی خۆی تێدا بتوێنێتەوە و یاخود خۆی نابەستێتەوە بە کێشێکی (یان سەروایەکی ، یان ڕیتمێکی) دیارکراو ، بەڵکو بە سەربەستی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات ، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا شیعرەکە لە مۆسیقا خاڵی نییە و لە

جیاتی ئەو ڕەگەزانە (کێش و ریتم و سەروا ..) زیاتر گرنگی بە لایەنی ڕەوانبێژی و زمان و وێنەی شیعریی دەدات و هەوڵدەدات مۆسیقایەکی ناوەوە دروست بکات " هەر ئەم دیاردەیە بە جیاکەرەوەیەکی شیعری کۆن و نوێ دادەنرێت : لەبەرئەوەی شیعری کۆن بە زۆری لە لایەن شاعیرەوە بۆ گوێگرەکانی خوێندراوەتەوە " دەبینین کاریگەریی مۆسیقا لەناو دەنگی شیعرەکە (واتە پیتەکان و وشەکان)چڕکراوەتەوە ، بەڵام لە شیعری نوێدا بەو پێیەی زیاتر شیعر بۆ خوێندنەوەی بێدەنگ دادەنرێت " مۆسیقای شیعر لە دەنگەوە بۆ بیری (یان وێنەی)ناو شیعرەکە گواستراوەتەوە . لەبەرئەوە (فۆرمی مۆسیقی کۆن — کراوە —یە ، دەکرێت هەمان یەکەی مۆسیقی ناکۆتا دووبارە بکرێتەوە ، بەڵام فۆرمی مۆسیقی نوێ — داخراو — ە " یەکەیەکی مۆسیقییە ، کە لە لە چوارچێوەیەکی گشتی شیعرییدا " وشەی ئاوازداری زۆری تێدایە).﴿150 : 94 ﴾، لە شیعری کلاسیکیدا ئەگەر ناکۆتا دێڕە شیعر — لەسەر هەمان کێش و سەروای بۆ زیاد بکەین ، مۆسیقای شیعرەکە لەنگ نابێت بەڵام مۆسیقای شیعرێکی نوێ "توانای زیادکردن(یان کەمکردن)ی وشەیەکی تری نییە .

دەتوانین گرنگی (بوون)ی مۆسیقا لە شیعردا ، لەم وتەیەی (ئیلیۆت)دا کورت بکەینەوە " کە دەڵێت : (لە پشت ئازادترین شیعرەوە ، پێویستە تاپۆی کێشێکی سادە خۆی حەشار دابێت ، ئەگەر وەنەوز بدەین " بە هەڕەشەوە بەرەو ڕوومان دێت ، ئەگەریش بێداربینەوە " ون دەبێت.) ﴿128 : 19 ﴾. هەرچەندە شیعری نوێ کۆتوپێوەندە سەختەکانی مۆسیقای شیعری کلاسیکی تێکبشکێنێت ، هەرگیز ناتوانێت ڕەگەزی مۆسیقا لە شیعردا فەرامۆش بکات .

## زمانی شیعریی :

(پۆل ڤالێری = Paul Valery دەڵێت : (شیعر زمانە لە ڕێگای زمانەوە)《148 : 130》" شاعیر لە ڕێگای زمانەوە بنیاتی شیعریی دادەمەزرێنێت ، بنەما و ڕەگەزە سەرەکییەکانی تری شیعر " وەك (مۆسیقا و وێنەی شیعریی) بەهۆی زمانەوە ئەنجام دەدرێن، بۆ نموونە وشە کەرەستەی سەرەکی شیعرە و یەکێکە لە هۆکارەکانی جوانی و کاریگەریی لە شیعردا ، چونکە مۆسیقا و ئاوازی شیعریش پەیوەستن بەو وشانەی شاعیر بەکاریان دێنێت ، لەبەرئەوە دەتوانین زمانی شیعریی بە ڕەگەزی هەرە سەرەکی بنیاتی دەقی شیعریی دابنێین " لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین شیعر بەوە بناسێنین ، کە (چالاکییەکی زمانییە ، هەوڵی پێکهێنانی جوانی دەدات ، کە ئاماژە بۆ واتای دەروونی و بیریی و کۆمەڵایەتی و ... دەکات) 《147: 100 》، بەم شێوەیە لێکۆڵینەوە لە بنیاتی زمانی قەسیدە " ڕەگەز و پێکهێنەرەکانی چالاکیی زمانیی و ڕۆڵیان لە دروستکردنی بینای بیریی قەسیدەکە ، لێکدەداتەوە .

(هەموو وشەیەك دوو جەمسەری هەیە : جەمسەری دەنگ و جەمسەری واتا . قسەکەر بەپێی مەبەستی خۆی لە وتەکەیدا ، گرنگی بە جەمسەرێکیان زیاتر دەدات " لە (دواندن)ی سوودمەندیدا گرنگی بە واتا دەدرێت " ئەوەی قسەکەر دەیەوێت لە هۆشی گوێگردا بیچێنێت و تاوەکو هەردووکیان لە تێڕامانی هۆشەکیدا بەشدار بن ، ئەمەش جیاوازە لە مەبەستی ئیستاتیکی (وتە) " کە مەبەستێکە لە —وێنەی هۆشەکی هاوبەش —لادەدات ، هەوڵی بەهێزکردن و چڕکردنی جەمسەری دەنگی دەدات ..) 《146 : 12》، شاعیر وشە لە واتا کۆنەکانی —یان فەرهەنگییەکانی —ڕزگار دەکات ، تاوەکو گوێگر —یان خوێنەر — بەسەربەستی وەریبگرێت و لەگەڵ خەیاڵی خۆیدا تێکەڵی بکات ، بەو نیازەی کاریگەریی ئیستاتیکی بهێنێت " کە ئەمەش ئامانجی دەقی شیعرییە . کەواتە بەهای ئیستاتیکی وشە

لە شیعردا ، ئەو واتایانەیە کە شاعیر (یان خوێنەر) پێی دەبەخشێت ، نەوەك واتا فەرهەنگییەکانی . بەم شێوەیە شاعیر لە پرۆسەی داهێنانی شیعرییدا ، وشە لەو کۆتوپێوەندانەی سەپێنراوە بە سەریدا ئازاد دەکات ، خوێنەریش (یان ڕەخنەگر) دەیێت دووبارە ئازادی بکاتەوە ، نەوەك بە لێکدانەوەی واتا فەرهەنگییەکانی جارێکی تر بەندی بکاتەوە . کەواتە ئەگەر خوێنەری دەق ، واتای فەرهەنگیی بەسەر وشەکاندا سەپاند ، لەم بارەدا دەقەکە دەبێتە دەقێکی داخراو ، بەڵام ئەگەر هەوڵیدا وشەکان لەناو خەیاڵیدا بەسەربەستی بهێڵێتەوە ، ئەوا هەر جارێك ئەو دەقە بخوێنرێتەوە ، کاریگەریی ئیستاتیکی جیای دەبێت لە خوێندنەوەکانی تر ، بەمەش دەبێتە دەقێکی کراوە .

زمان کەرەستەی سەرەتایی شیعرە ، بەکارهێنانی زمان لە نووسینی زانستی و ژیانی ڕۆژانەدا ، تەنیا بۆ گەیاندنی بیرە ، بەڵام لە شیعر (یان ئەدەب) دا زمان دەگۆڕێت بۆ ڕەمز ، چونکە زمانی شیعریی ئامرازێك نییە بۆ بەجێهێنانی شتێك ، بەڵکو خۆی لە خۆیدا ئامانجێکە ، (فۆرمالیستەکان)یش هەر بەهەمان شێوە دەڕواننە زمانی شیعریی "کە(سیستمێکی زمانییە ، ڕۆڵی گەیاندن تیایدا کەم دەبێتەوە و بنیاتی زمانیی بەهای سەربەخۆ بەدەست دێنێت)﴿ 143 : 79 ﴾.

ئاستەکانی زمانی شیعریی (دەنگ و وشە و ڕستە و ... ، هتد) ، بە توندی بەیەکەوە بەستراونەتەوە و ناتوانرێت لە ئاستێك بکۆڵرێتەوە بە دابڕاندنی لەوانی تر ، چونکە ئەم ئاستانە لە نێوان یەکتردا کارلێك دەکەن و هەر دیاردەیەکی ناو ئاستێك لەگەڵ دیاردەکانی تری ناو هەمان ئاست (یان ئاستەکانی تر) کارلێك دەکەن .

شاعیر داهێنان لە سیستمی زماندا دەکات " بەڵام لە پەیوەندی و ڕێکخستن و پێکهاتەی نوێ لە نێوان ڕەگەزەکانی هەر سیستمێك ، نەوەك دەستکاری کردنی یاسا و دەستووری زمانەکە " کاتێکیش دەستکاری سیستمەکە دەکات ، خۆی لە خۆیدا سیستمێکی نوێ پێك

دێنێت ، کە دەتوانین ناوی بنێین (بنیاتی دەقی شیعریی) " کەواتە پرۆسەی شیعریی کارێکی ڕەمەکی و بێ سیستم و بێسەروبەر نییە !.. (لادان)یش لە پێوەرەکانی زمان لە شیعردا شتێکی ئاساییە ، بەبێ ئەم لادانە شیعر پەیدا نابێت ، لەبەرئەوە لەقەڵەمدانی ئەم لادانە بە(هەڵە) " واتە ڕەتکردنەوەی بوونی شیعر .

بۆ زیاتر تێگەیشتن لە واتای (لادان لە پێوەرەکانی زمان) " دەبێت ڕای(فێردیناند دی سۆسێر = Ferdinand de Sausure)لەبارەی جیاکردنەوەی(زمان = langue) و (قسەکردن = Speech) بخەینە ڕوو " کە مەبەستی لە (زمان) کۆمەڵە سیستمێکی ناوەکی و دیاریکراوە ، بەڵام (قسەکردن)بەکارهێنانی ئەو یاسایانەیە ، یاخود شێوەکانی گوزارشتکردنە لەو یاسایانە " کە دیارینەکراوە (یان بێ سنوورە) . ئەو لادانەی لە دەقی شیعریی باسی لێوە دەکەین ، لادانە لە شێوەکانی (قسەکردن) ، نەوەك پێوەرەکانی (زمان)[1].

شاعیر ڕەگەزی نوێ بۆ سیستمەکان دروست ناکات ، تەنیا پەیوەندی و پێکهاتەی نوێ لە نێوانیاندا دروست دەکات " بۆ نموونە لە بەکارهێنانی وشەدا ، هەر هەمان ئەو وشانەیە کە لەو زمانەدا هەن ، بەڵام لە کایەیەکی شیعریی و ڕۆنانێکی تایبەتی وادا بەکاری دێنێت ، کە واتایەکی نوێی (ئەوەی خۆی مەبەستیەتی) پێدەبەخشێت " کەواتە (دەق" ئەرکێکی دوو لایەنە لە خۆ دەگرێت : لە لایەکەوە واتاکان دەنوێنێت ، لە لایەکی ترەوە واتای نوێ بەرهەم دەهێنێت) ﴿133 : 47 ﴾" لەمەوە دەتوانین زمانی شیعریی وا بناسێنین ، کە (چۆنیەتییەکی تایبەتی مامەڵە کردنە لەگەڵ زمانی ئاساییدا) ﴿147 : 113﴾" واتە شیعر دەقێکی زمانیی ڕووت نییە ، هەرچەندە وشەی ئاسایی و وشەی شیعریی هەر یەکن ، بەڵام شاعیر سیستمی ئاسایی ئەو زمانە وەك خۆی بەکار ناهێنێت ،

---

[1] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : سەرچاوەی﴿ 162 ﴾

بەڵکو سیستمێکی تر دەخولقێنێت ، کە واقیعی دەروونی و بیریی و کۆمەڵایەتی خۆی پێ دەردەبڕێت " کەواتە شیعر (گوزارشتکردنێکی ڕاستگۆیانە نییە لە جیهانێکی نائاسایی ، بەڵکو گوزارشتکردنێکی نائاساییە لە جیهانێکی ئاسایی) ﴿113 : 119﴾، بەڵام لە هەمان کاتدا تەواو دژایەتی سیستمی ئاسایی ئەو زمانە ناکات ، ئەگەر وا بووایە " زمانی شیعر تەواو جیاواز دەبوو لە زمانی ئاسایی ، بەڵکو بە پێچەوانەوە زمانەکە دەوڵەمەندتر دەکات و نوێی دەکاتەوە " هەروەك (ف . ن . باتسۆن = **F . N. W. bateson**) دەڵێت : (مێژووی شیعر بەشێك لە مێژووی زمان بە گشتی پێك دێنێت) ﴿134 : 725﴾" کاتێکیش زمانی میللەتێك تەمەنی درێژتر دەبێت (بە مەرجێك لە ڕووی ڕۆشنبیری و ئەدەبییەوە خزمەتی زۆر کرابێت) ، شاعیر مەودای زیاتری بۆ دەرەخسێت ، کە توانای شیعریی خۆی چالاکتر بکات ، ئەویش بە بەکارهێنانی فراوانتر و قووڵتری زمانەکە لە پێکهاتەی شیعریی نوێدا .

لەبارەی ئەو وشانەی (یان ئەو زمانەی) شاعیر لە شیعردا بەکاری دێنێت ، ڕای جیاواز هەیە " بە ڕای هەندێ ڕەخنەگر زمانی شیعریی دەبێت تەواو لە زمانی ئاسایی و تەنانەت زمانی پەخشانیش جیاواز بێت ، واتە وشەکانی هەڵبژاردە و تایبەتی بن ، بۆ نموونە کلاسیکەکان داوای بژارکردنی زمانی شیعریی دەکەن ، کە نابێت هەموو جۆرە وشەیەك " بە تایبەتی زمانی خەڵکی سادە و وشەی بازاڕی بەکاربهێنرێت . لە ڕاستیدا شتێك نییە ناوی وشەی شیعریی بێت ، یان بڵێین : (ئەم وشەیە بۆ شیعر دەشێت و ئەمەیان ناشێت) ، بەڵکو وشەی شیعریی و وشەی فەرهەنگیی جیاوازییان لە واتادا هەیە " کە وشەی شیعریی بە هۆی ئەو پەیوەندییەی بە وشەکانی پێش و پاش خۆی لەناو کایە شیعرییەکەدا هەیەتی ، واتایەك (یان چەند واتایەکی تر) دەبەخشێت — جیاواز لەو واتا فەرهەنگییەی کە هەیەتی . کەواتە بەهای ئیستاتیکی وشەی ناو شیعر لەو پەیوەندییەوە پەیدا دەبێت ، کە لەگەڵ وشەکانی تری

ناو بنیاتی گشتی دەقە شیعرییەکەدا هەیەتی . هەندێکی تر (وەك ڕۆمانسییەکان) بە پێچەوانەی کلاسیکەکانەوە " هەوڵیان دەدا زمانەکەیان لە زمانی خەڵکی سادەوە نزیك بکەنەوە ، هەروەك (ۆردزۆرپ = **Wordsworth**) " کە یەکێکە لە پێشەوایانی ڕێبازی ڕۆمانسیزم ، دەڵێت : (شیعر گوزارشتە لە هەڵچوون ، لەبەرئەوە ئەو زمانەی لەگەڵیدا دەگونجێت زمانێکی سروشتییە " کە لەسەر زمانی خەڵکی چینی خوارەوەیە ، چونکە شارستانییەت خراپی نەکردووە ، بە تایبەتی گفتوگۆی ئاسایی نێوان گوندنشینەکان) ﴿165 : ج ﴾، بە لاّم مەبەستی لەوە نییە کە زمانی ئاسایی و زمانی شیعریی وەکو یەکن ، بەڵکو دەبێت ئەو زمانە ئاساییە بە شێوەیەکی (شیعریی)بەکاربهێنرێت ، لەم بارەیەوەش دەڵێت : (زمانی ڕاستەقینەی شیعر ، ئەو زمانەیە خەڵك قسەی پێدەکەن ، ئەوەیش دەیکات بە زمانی شیعریی " چۆنیەتی بەکارهێنانیەتی) ﴿165 : 49 ﴾" هەروەها (ئیلیۆت)یش دەڵێت : (هەموو شۆڕشێکی شیعریی ، لەوانەیە گەڕانەوە بێت بۆ قسەی چینی خوارەوە ، بەڵکو هەندێجار لەوانەیە خۆی بەم شێوەیە ڕابگەیەنێت .) ﴿134 : 730﴾. لەو سەردەمە شیعرییانەدا کە پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی زمانی سادە " (وەك دژایەتی کردنی شیعری کۆن و کلاسیك ، کە تەنیا بۆ توێژێکی دیاریکراو دەنووسرا) ، لایەنی نێگەتیڤی ئەوەیە کە شیعر زۆرجار لە زمانی شیعریی دوور دەکەوێتەوە و وەك قسەی ئاسایی لێدێت ، بەلاّم ئەگەر شاعیر داهێنەر و بە توانا بێت ، دەتوانێت ئەم بەکارهێنانە بکاتە ڕێگای دەربازبوون لە زمانی وشك و دووبارەبوو و سواوی شیعری کلاسیك " زمانێك بەکاربهێنێت زۆرینەی توێژەکانی کۆمەڵەکە لێی تێبگەن و لە هەمان کاتیشدا داهێنانی تێدا بێت و لە بەهای شیعرییەتی کەم نەکاتەوە " واتە شیعرەکە لە جۆری (ئاسانی گران = سهل الممتنع) بێت .

کەواتە زمانی شیعریی دوو ئەرکی سەرەکی دەبینێت : سیمیۆلۆژی و ئیستاتیکی " یەکەمیان بەوەی کە یەکە زمانییەکان واتای فەرهەنگیی خۆیان ناگەیەنن ، بەڵکو ئاماژە بە واتای تر دەکەن ، دووەمیشیان ئەو جوانییەی لە شێوەی گوزارشتکردنەکەدا " لە هەموو ئاستەکاندا " مۆسیقا ، وێنەی شیعریی ، ڕەوانبێژی ، ... هتد ، بەرهەمی دێنێت .

## وێنەی شیعریی :

بنەمایەکی سەرەکی دیکە لە بنیاتی دەقی شیعرییدا (وێنەی شیعریی)یە ، بە تایبەتی لە شیعری نوێدا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت ، (درایدن = Dryden) بەم شێوەیە گرنگی وێنە پێشان دەدات: (وێنە خۆی لە خۆیدا شکۆمەندی و ژیانی قەسیدەکەیە) ﴿138 : 20﴾" کەواتە وێنەی شیعریی جەوهەری هونەری شیعرە و واتای سەرەکی لەوەوە دروست دەبێت " شاعیر بە یاریدەی خەیاڵ و بە هۆی وشەوە وێنەی بیرۆکەکانی خۆی دەکێشێت . ئەو وشانەی بەشداری دەکەن لە پێکهێنانی وێنەیەکی شیعریی ، هەموویان وشەی ئاسایین ، بەڵام لە ئەنجامدا پێکهاتەیەکی نائاسایی دروست دەکەن ، واتە (وێنە لە شیعر و ئەدەبدا بە گشتی ، شتی نامۆ وەرناگێڕێت بۆ وشەی باو ، بەڵکو بە پێچەوانەوە " شتی ئاسایی دەگۆڕێت بۆ کاری نامۆ " کاتێك لە ژێر تیشکێکی نوێدا پێشکەشی دەکات و دەیخاتە کایەیەکی چاوەڕواننەکراو) ﴿143 : 82﴾، کەواتە ئەو وێنە شیعرییانەی لە شیعردا هەن ، وێنەی ئەو شتانە نین " کە بوونیان هەیە ، بەڵکو دروستکراوی خەیاڵی شاعیرە . واتە وێنەی شیعریی ناسینی شتەکان نییە ، بەڵکو تێڕوانینێکی تازەیە بۆ شتەکان " هەر ئەمەیشە وا دەکات وێنەی شیعریی بەهای ئیستاتیکی خۆی هەبێت .

شاعیری کۆن (یان ڕەخنەگری کۆن) " جوانی بە لایەوە ئەوەبوو ، کە هەستەکان رازی بکات ، ئەم ئارەزووە هەستییە خۆی بەسەر وێنەی شیعرییدا سەپاندبوو ، تەنیا ئەوە بەلایەوە

گرنگ بوو" ئەو وێنەی دروستی دەکات زۆر لەو وێنەیە بچێت ، کە پێی دەچوێنێت (یان لە خەیاڵیدایە) ، ئەمەش کاتێك دەتوانێت کە وێنەی هەستی بەکاربهێنێت . بەڵام وێنە لە شیعری نوێدا " فەلسەفەی ئیستاتیکای خۆی هەیە ، دیارترین سیفەتی (چالاکی)یە ، پێشتر (وشە) کەرەستەی گوزارشت بوو ، بەڵام لە شیعری نوێدا (وێنە) کەرەستەی گوزارشتە " کە دیمەنێکی زیندوو دەگوازێتەوە و ئەزموونێکی مرۆڤایەتی کورت دەکاتەوە . لە شیعری نوێدا جوانی رەگەزەکان یان ناشرینییان هیچ گرنگ نییە ، بەڵکو گرنگ ئەوەیە وێنەکە بە گشتی گوزارشت لە هەستە ڕاستگۆکان بکات و بە شێوەیەکی ورووژێنەر بیانگوازێتەوە. ﴿148 : 140 ، 143 ، 144 ﴾" کەواتە سەرکەوتوویی وێنە ، لە توانای ورووژاندنی هەست و سۆزی خوێنەردا دەردەکەوێت " (وێنەی شیعریی " وێنەیەکە کۆڵەکەکەی وشەی بە هەست و سۆز بارکراوە) ﴿138 : 23 ﴾، واتە بە هۆی وشەوە شاعیر وێنەکانی دروست دەکات و لە ڕێگای ئەمیشەوە هەست و سۆز و خەیاڵی دەگەیەنێتە خوێنەر ، بێگومان خوێنەریش هەر لە هەمان کەناڵەوە (وێنە) دەچێتە ناو کەشی شیعرەکە ، لەبەرئەوە پێویستە (فەزا)ی وێنە شیعرییەکە لەگەڵ (فەزا)ی گشتی شیعرەکەدا بگونجێت ، نەوەك دژایەتی بکات " بۆ نموونە ئەگەر بیری گشتی شیعرەکە خەماویی بێت ، ناگونجێت وێنە شیعرییەکە گوزارشت لە خۆشی بکات .

پێویستە وێنەی شیعریی لە چەند ڕەگەزێکی بنیاتی پێك بێت ، گرنگترین ئەم ڕەگەزانەیش : زمان و شێوەکانی ڕۆنانی ، مۆسیقا بە کێش و ڕیتمەوە ، ئاماژە و ئەو هەست و ڕوانگە و وێنە بێ سنوورانەی لێوەی هەڵدەقوڵێن .. ، بەم شێوەیە بنیاتی وێنەی شیعریی وێنەیەکی بنیاتی دەقە شیعرەکەیە .

لەناو بنیاتی وێنەی گشتی دەقی شیعریی نوێدا " چەندین وێنەی تری تێدایە ، بەڵام تەواو سەربەخۆ نین و بۆ پێکهێنانی بنیاتی وێنەی سەرەکی ناو شیعرەکە ، پەیوەندییەکی پتەو

پێکەوەیان دەبەستێتەوە " (لەوانەیە هەریەکەیان بە هێمایەکی دیاریکراو دەستنیشان بکرێت، کە لەگەڵ هێماکانی تر ، لە پەیوەندییان بە هێمای گەورەی بنیاتی گشتی شیعرەکە ، ڕێك دەکەون) ﴿136 : 39﴾. بەڵام لە شیعری کلاسیکی کۆندا ئەم وێنانە تا ڕادەیەکی زۆر سەربەخۆیی تەواویان هەیە و دەتوانرێت بە ئاسانی سنووریان دەستنیشان بکرێت ، زۆر جار هیچ ڕەگەزێکی هاوبەش لە نێوانیاندا نییە پێکەوەیان ببەستێتەوە " ئەمەش لەبەرئەوەی شیعری کۆن بنیاتێکی پەرتوبڵاوی هەیە ، بەڵام شیعری نوێ بنیاتێکی یەکگرتوو و توندوتۆڵی هەیە ، کە یەکییەتی ئۆرگانی لە هەموو ئاستەکانیدا بوونی هەیە . لە شیعری نوێدا ئەم هاوبەشییەی نێوان وێنە شیعرییەکان ، زۆرجار سنووری شیعرێك دەبەزێنێت بۆ کۆمەڵە شیعرێك لە دیوانێکی دیاریکراودا ، تەنانەت هەندێ جار لەمەش زیاتر تێدەپەڕێت بۆ هاوبەشی و لێکچوون لە نێوان کۆمەڵێك وێنە لە هەموو شیعرەکانی شاعیرێکی دیاریکراو " بۆ نموونە دەتوانین لەنێوان ئەو وێنانەی (گۆران) بۆ ئافرەتی کێشاوە لە شیعرەکانیدا ، هاوبەشی و لێکچوونێك تێبینی بکەین ، کە لەئەنجامی خوێندنەوەیەکی ورد و سەراسەری شیعرەکانی (گۆران) ، وێنەیەکی گشتی ئافرەت لەلای (گۆران) ببینین .

شاعیر بەهۆی خەیاڵ و بیرکردنەوەی " وێنەی نائاسایی لەلا دروست دەبێت ، بەڵام ناچار دەبێت بەهۆی کەرەستەی ئاساییەوە وێنەکانی پێك بهێنێت " لەگەڵ ئەوەی شاعیری کۆن بەوە جیادەکرێتەوە ، کە زۆربەی وێنەکانی کۆنکرێتین و لە ڕێگای هەستەکانەوە دایاندەهێنێت " بەڵام لەڕاستیدا وێنە هەرچەندە ئەبستراکتی بێت ، ناچارە پەنا بباتە بەر کەرەستەی کۆنکرێتی .

## دەقی شیعریی و نوێخوازی :

لەبارەی گۆڕانەوە وتەیەكی بەناوبانگی (هیرقلیتس —500 پ . ز.) ی گریکی هەیە " دەڵێت : (كە هەموو بەیانییەك بۆ خۆشتن دەچیتە ناو ڕووبارەوە ، وا دەزانیت لە هەمان ئاو و هەمان شوێندا خۆت دەشۆیت ، بەڵام لە ڕاستیدا لە ئاوێكی تر و شوێنێكی تر " كە گۆڕانیان بەسەردا هاتووە ، خۆت دەشۆیت .) ﴿171 : 6 ، 7﴾شیعر چالاكییەكی زیندووی مرۆڤایەتییە ، كاتێك یاسا كۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینی... یەكان بەرەو هەڵوەشاندنەوە دەچن ، یان لە سەردەمێكدا مرۆڤ خۆی لە ژێر ڕكێفی یاسا و كۆتوپێوەندەكان دەرباز دەكات ، ئەم ڕاپەڕینە شیعریش دەگرێتەوە ، (شاعیر بە ئازادبوونی لە هەندێ كۆتوپێوەند ، كە پێی وایە پێویستییەكی هونەریی وای تێدا نییە خزمەتی ئازادیی شیعریی بكات ، مانای ئەوە نییە لە هونەری شیعر ڕزگار بووە) ﴿160 : 7 - 8﴾، هەروەها ئەم سەربەست بوونە مانای لەدەستدانی بەهای شیعریی نییە " كە لەگەڵ قسەی ڕاستەوخۆ و وتاری سیاسی و زانستی .. جیانەكرێتەوە .

هەمیشە واتا و بابەتی نوێ ، قاڵبی كۆن دەشكێنێت و ڕووخساری نوێی وا دێنێتە بەرهەم لەگەڵیدا بگونجێت " كەواتە شیعری نوێ واتای تێكشكاندنی كۆتوپێوەندی هونەری نییە (یان ئامانجی ئەوە نییە) ، بەڵكو لەگەڵ گۆڕانی سەردەمدا " ئەو واتا و خەیاڵ و وێنە نوێیانەی لەلای ئەو شاعیرە داهێنەرە هەیە ، قاڵبی هونەریی نوێ لە گەڵ خۆیدا دێنێتە ئاراوە ، كە شاعیر بتوانێت بە ئازادی گوزارشت لە واتا شیعرییەكانی خۆی بكات .

هەرچەندە شیعریی نوێ بە تێكشكێنەری یاساكانی شیعریی كۆن دادەنرێت ، كەچی لە ڕاستیدا هەندێك لەو یاسایانە بە شێوەیەكی سەربەست بەكاردەهێنێتەوە ، كە لەگەڵ ویست و ئارەزووی شاعیر و ئیستاتیكای سەردەمەكەدا بگونجێت " بۆ نموونە شیعری نوێی كوردی لە هەنگاوی یەكەمیدا " كێشی عەرووزی شیعری كلاسیكی بە تەواوی ڕەتنەكردەوە ، بەڵكو هەمان تەفعیلە عەرووزییەكان بە شێوەیەكی ئازاد بەكاردەهێنران ، لێرەوە بەو ئەنجامە دەگەین ، كە (پرۆسەی شیعر لە دوو لایەن پێك دێت : یەكەمیان لادان و تێكشكاندنی

جۆرەکانی گوزارشتی ئاسایی ، دووەمیشیان دووبارە بنیاتنانەوە و ڕاستکردنەوەی). ﴿143 : 381 ﴾.

هەمیشە شاعیری ڕۆمانسی ئارەزووی پشتی سنوورەکان دەکات ، چونکە لەوێدا شتی نامۆی تێدایە " نامۆ بەو ڕۆتینەی کە هەیە ، چ لە بارەی هونەرییەوە " وەك تێکشکاندنی کۆتوپێوەندەکان ، لەبەرئەوە ڕۆمانسیزم بە یەکەم شۆڕشی هونەریی و ئەدەبی دادەنرێت لە مێژووی ڕێبازە هونەریی و ئەدەبییەکاندا " هەر ئەمەشە وایکردووە سەرهەڵدانی ڕۆمانسیزم و نوێکردنەوە لە ئەدەبیاتی زۆربەی نەتەوەکاندا ، تا ڕادەیەکی زۆر هاوکاتن .

گۆڕانکاری و پەرەسەندنەکانی ژیانی مرۆڤ ، کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر گۆڕانی داهێنان و چێژی هونەریی و ئەدەبیی ، بەمەش کەرەستە و هۆکارە شیعرییەکان کاریگەریی ئیستاتیکییان نامێنێت ، بۆ نموونە (هاوتایی) بەهایەکی ئیستاتیکی کۆنە و لە زۆربەی شتە سروشتییەکاندا تێبینی دەکرێت ، تەنانەت لە شیعریشدا ڕەنگی داوەتەوە ، کە لە بنیاتی مۆسیقای دەقەکە (کێش و سەوا) بە ڕوونی هەستی پێدەکرێت ، بەڵام بەلای شاعیری تازەوە گرنگییەکی ئەوتۆی پێنادرێت و هەندێجاریش بە تەواوی فەرامۆش دەکرێت " چونکە مرۆڤ بە سروشتی خۆی چێژ لە شتی زۆر دووبارە و سواو وەرناگرێت " واتە جگەلە پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە ، پێویستی ئیستاتیکیش ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە گۆڕانکاری بە سەر شیعردا لە هەر سەردەمێکدا . لەبەرامبەر ئەم کارەدا ، پێویستە شاعیری نوێخواز کاردانەوەی خۆی هەبێت و کەرەستەی نوێ بێنێتە جێگای کۆنەکان ، کە کاریگەریی ئیستاتیکییان هەبێت لەو سەردەمەدا ، بەم کارە خۆی و خوێنەریش لە ڕۆتین ڕزگار دەکات . (موکارشوفسکی) بەهای گۆڕان بەم شێوەیە هەڵدەسەنگێنێت : (بەهای کار پۆزەتیف دەبێت " ئەگەر بەهەر شێوەیەك بێت بەشداری گۆڕینی بنیاتی قۆناغی پێشوو بکات ، نێگەتیف —یش دەبێت " ئەگەر ئەو بنیاتە بە بێ گۆڕان وەرگرێت.) ﴿183 : 10﴾، هەر لەبارەی گۆڕانەوە دەڵێت : (پێوەرێکی ئیستاتیکی جێگیر نییە، چونکە یەکێك لە تایبەتییەکانی پێوەری ئیستاتیکی

ئەوەیە ، کە جێگیر نەبێت " واتە هیچ شێوازێکی شیعریی هەرگیز بە نوێیەتی و نامۆیی نامێنێتەوە .) ﴿108 : 200 ﴾، لەگەڵ ئەوەیشدا دەبێت دان بەوەدا بنێین ، کە هەندێ ڕەگەزی جوانی لە شیعردا جێگیرن " بۆ نموونە بوونی ڕەگەزی مۆسیقا لە شیعردا جێگیر و پێویستە ، بەڵام پێوەرە ئیستاتکییەکان بۆ ئەم ڕەگەزە بە پێی سەردەم دەگۆڕێن (ئەگەر مۆسیقای شیعر لە دوو ڕەگەزی ڕەزامەندی و سەرپێچی پێك هاتبێت " ئەوا شیعریی کۆن گرنگی بە ڕەزامەندی دەدات و بەسەر سەرپێچیدا زاڵی دەکات ، بە پێچەوانەی شیعری نوێ ، لەبەرئەوە ڕووی لێك نەچوونی نێوان دوو دێڕ لە شیعری نوێدا زیاترە لە ڕووی ڕەزامەندی یان هۆگریی.) ﴿157 : 176﴾

نەوە دوای نەوە هەمیشە نەریتی کۆن ڕەتدەکەنەوە و هی نوێ لە جێگای دادەنێن ، کە ئەویش کۆن دەبێت و نەوەی دواتر ڕەتیدەکەنەوە . ئەم نەریتانەش هەموو ئاستەکانی دەقی شیعریی دەگرنەوە " لەم بارەیەوە (هۆگۆ فریدریش " تایبەتییەکی دیاری شیعری نوێ دووپات دەکاتەوە " کە ئەویش ڕەتکردنەوەی سیستمی بابەتی لۆژیکی یان سۆزدارییە ، کە لەوانەیە ئەم ڕەتکردنەوەیە بگاتە ڕادەی شکاندنی سیستمە سینتاکسییەکان ، لە پێناوی تەقاندنەوەی توانا ئەفسووناوییەکانی دەنگی وشەکان) ﴿143 : 351 - 352 ﴾" وەك ئاشکرایە ئیستاتیکای شیعری کلاسیکی کۆن " لەبەرئەوەی لەسەر بنەمای ئەقڵ و لۆژیك دامەزرا بوو، هەمیشە پابەند بوو بە سیستم و زنجیرەی لۆژیکی و ڕوونی ، بەڵام لە شیعری نوێدا ڕەگەزی بڕین و پەڕینەوە لە شتێکەوە بۆ شتێکی تر (یان لە بیرێکەوە بۆ بیرێکی تر) و بازدانی کتوپڕ " بەڵام بە ڕێکوپێکی و بە پێی سیستم ، بە ڕوونی دەبینین . لە بارێکدا زنجیرەی لۆژیکی بە تەواوی نەمێنێت ، شیعرەکە بە ناماقووڵ دادەنرێت " کە ئەمەیش یەکێکە لە سیماکانی سوریالیزم و دادابیزم . (شیلەر) یش بنەمای سیستم و لۆژیك دەکاتە پێوەر بۆ جیاکردنەوەی دوو جۆر شیعر : (شیعری سادەی پاراو و شیعری سۆزداریی هەڵچوونی .. شیعری پاراو " شیعرێکی ڕەهایە بە شێوەیەکی سروشتی ، بابەتەکەیشی سروشتی سەربەستە " لەسەر بنەمای سیستم .. کاتێکیش مرۆڤ بەهۆی شارستانیەتەوە ئەم

سروشتە لەدەست دەدات ، بە (بیر)بە دوایدا دەگەڕێت و هەوڵی نموونەی ونبوونی ئەو سروشتە دەدات ، کە ئەمەش بابەتی شیعری سۆزداری هەڵچوونییە .) ﴿166 : 100﴾.

## چەند فۆرمێکی شیعریی نوێ :

لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر شیعردا هات ، چەندین فـۆرم و کلێـشەی جۆراوجۆری شیعریی پەیدا بوون ، هەوڵدەدەین ئاماژە بە هەندێکیان بدەین :

(***شیعری سەربەست*** = **free verse**) " زاراوەکە یەکەم جار لـە سـاڵی (1855) شاعیری ئەمریکی (واڵت ویتمان = **Walt Whitman**) لە کۆمەڵە شیعری (پەلکە گیا = اوراق العشب) دا بەکاری هێنا " کە تیایدا هیچ دان بە کێش و سەروادا نانێت ﴿160 : 192﴾و ﴿135 : 18﴾" لە ئەدەبی ئینگلیزیدا ئەم زاراوەیە بۆ شیعری بێ کێش بەکاردەهێنرێت ، بەڵام لە عەرەبیدا بەو شیعرانە دەوترێت ، کە بـە سەربەسـتی تەفعیلەی کێشە عەرووزییەکان تیایدا بەکاردەهێنرێن " واتە شیعرەکە لەسەر کێش بنیات دەنرێت . لە کوردیشدا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای بەکارهێنانی زاراوەکە [1]، بەرامبەر بە شیعری بێ کێش و سەروا بەکارهێنراوە ، بەڵام دواتر وەك چەمکە عەرەبییەکەی لێهات ..

لەبەرئەوەی سەربەستی ڕەگەزێکی سەرەکی داهێنانە ، شاعیری نوێ شیعری سەربەستی هەڵبژارد بۆ گوزارشتکردن لە بیر و هەست و سۆز و خەیاڵە ڕەهاکانی ، بەڵام دەبێت هەمیشە سەربەستی و بێسەروبەریی لەیەکتر جیابکرێنەوە ، چونکە سەربەستی لە شیعردا مانای بێ سیستمی نییە ، بەڵکو بە ئازادی مامەڵە کردنە (یان وازهێنانە) لەگەڵ ئەو یاسایانەی ڕێگای داهێنانی شیعریی تەسك دەکەنەوە .

---

[1] - بۆ یەکەم جار ئـەم زاراوەیـە لـە لایـەن (پیرەمێـرد) ەوە " لـە ژمـارە (597)ی سـاڵی (1940) ی هەفتەنامەی (ژین) ، بەکارهێنراوە و کردوویەتی بە ناونیشانی شیعرێك .

***شیعری پەخشانی*** [2] " بەرامبەر بە (poetry in prose) ئینگلیزی و (شعر المنثور)ی عەرەبییە ، بەرامبەر بە شیعری بێ کێش و سەروا بەکاردەهێنرێت ، بەڵام مەرج نییە هەموو شیعرەکە بە تەواوی لە کێش و سەروا خاڵی بێت " بە زۆری (لەسەر بنەمای ڕیتمی پەخشانی دادەنرێت ، بە بەکارهێنانی مۆسیقای بیر " کە پشت بە تەریبی و هاوتایی و بەرامبەری و ڕێکخستنی بەرەوژووری بیرەکان دەبەستێت ، لەگەڵ دووبارە بوونەوەی دێڕەکان و وشەکان و بیرەکان ، لە چەند کۆمەڵێکی جۆراوجۆردا) ﴿135 : 230﴾، ئەم فۆرمە شیعرییە (لەسەر لاپەڕەدا شێوەی قەسیدەی هەیە ، (بەزۆری) دوای چەند دێڕێکی کورت ، خوێنەر لە کۆتاییاندا ڕادەوەستێت .) ﴿134 : 691 ﴾.

دەتوانین بڵێین : شیعری سەربەست هەوڵی تازەکردنەوەی شیعرە بە گۆڕانکاری لەناو خودی شیعردا " بە دەستهەڵگرتن لە هەندێ دەستووری تەقلیدی و دەستکاری کردنی هەندێکی تریان . بەڵام شیعری پەخشانی تازەکردنەوەی شیعرە بە پەنابردنە بەر فۆرمی پەخشان ، واتە نزیك کردنەوەی شیعرە لە پەخشان .

***قەسیدەی پەخشانی*** [1] " فۆرمێکی ترە بەرامبەر بە (قصیدة النثر)ی عەرەبییە "جیاوازی لەگەڵ (شیعری پەخشانی) ، ئەوەیە کە لەسەر لاپەڕەدا شێوەی پەخشان وەردەگرێت، هەروەها لە (پەخشانی شیعریی)ش جیاوازە ، بەوەی کە کورت و چڕە ، لە (شیعری سەربەست)یش بەوە جیادەکرێتەوە ، کە بۆ چەند دێڕێك پارچە پارچە ناکرێت ، لە بڕگەیەکی کورتی پەخشانییش جیاوازە ، کە بەزۆری ڕیتمێکی زۆر دیاری هەیە ، لەگەڵ کاریگەریی ئاواز و وێنە و گوزارشتێکی چڕ ، لەوانەشە سەروای ناوەوەیشی هەبێت .. ،

---

[2] - لە کوردیدا زیاتر (پەخشانە شیعر)ی پێدەڵێن , بەڵام ئێمە (شیعری پەخشانی) پەسەند دەکەین . هەوڵە سەرەتاییەکانی ئەم فۆرمە لە ئەدەبی کوردیدا , دەگەڕێتەوە بۆ چەند پارچە شیعرێکی وەرگێڕدراو لە گۆڤاری (زاری کرمانجی)ی ژمارە (21) و ژمارە(23) ی ساڵی (1930) " کە بە ناونیشانی (شیعری منثور) بڵاوکراونەتەوە .

[1] - بە پێی زانیاریمان ئەم فۆرمە لە شیعری کوردییدا باو نییە .

بەزۆریش درێژییەکەی لە نێوان نیو لاپەڕە (بڕگەیەك یان دوان)و سێ چوار لاپەڕەدا دەبێت، واتە ناوەندی درێژی قەسیدەی لیریکی﴿ 692: 134 ﴾.

**شیعری کۆنکرێتی** [2] " جۆرە شیعرێکی نوێیە ، بە مەبەستی خوێندنەوەی بە دەنگ دانانرێت ، بەڵکو لە شێوەی چاپکردنی لەسەر لاپەڕە چێژ دەبەخشێت ، کە واتای تایبەتی دەبەخشێت . ﴿ 106 : 120 ﴾. ، لەم جۆرە شیعرەدا پیتەکان وەك نەخش و زەخرەفە بەسەر پەڕەکەدا دابەش دەکرێن ، جاری وا هەیە وێنەی شتێك پیشان دەدات " وەك : درەخت ، باڵندە ، ... هتد" بەڵام ئەم فۆرمە شیعرییە " واتای شیعر (بەو شێوەیەی لە کۆنەوە تا ئێستا دەناسرێت) ناگەیەنێت.

(2) - ئەم فۆرمە نموونەی لە شیعری کوردیدا دەگمەنە , لەم ساڵانەی دواییدا چەند هەوڵێك لە لایەن (فەرهاد پیرباڵ) و (سەباح ڕەنجدەر) و چەند شاعیرێکی ترەوە بەرچاو دەکەوێت .

# ( باسی سێیەم )
# ئیستاتیکای دەقی شیعریی کوردی

ئەدەبی نووسراوی کوردی " سەرەتاکەی بە شیعر دەست پێدەکات و کۆنترین بەرهەمیش لە بەردەستدا مابێتەوە " چوارینەکانی بابە تاهیری هەمەدانی یە (935 –1010) ز " کە بە شێوەی دیالێکتی لوڕی نووسراونەتەوە . پاشان بە دیالێکتی (گۆران) یش شیعرە ئاینییەکانی (مەلا پەرێشان) هەن " کە دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی چواردەهەم و نیوەی یەکەمی سەدەی پازدەهەم " هەر بەم دیالێکتە چەند شاعیرێکی ناوداری تریش شیعریان نووسیوە " ئەوانیش (خانای قوبادی و بێسارانی و مەولەوی و صەیدی هەورامی ... هتد) " کە دەکەونە ناو سەدەی هەژدەهەم و نۆزدەهەمدا . بە دیالێکتی کرمانجی ژووروویش " کۆنترین شاعیر (مەلای جزیری) یە ، کە لە نیوەی دووەمی سەدەی شازدەهەم و نیوەی یەکەمی سەدەی حەڤدەهەمدا ژیاوە ، پاش ئەویش چەند شاعیرێکی تر بەم دیالێکتە شیعریان نووسیووە " وەك (ئەحمەدی خانی و پەرتەوی هەکاری ، ...) . بە دیالێکتی کرمانجی خواروویش ، لە سەدەی نۆزدەهەمدا قوتابخانەیەکی شیعری لە لایەن (نالی و سالم و کوردی) یەوە دامەزراوە ، کە هەتا سەرەتاکانی سەدەی بیستەمیش بەردەوام بوو ، سنووری کوردستانی عێراقی بەزاند و بەرەو کوردستانی ئێرانیش پەلی هاویشت .

ئەوەی سەرەوە ئاماژەیەکی تیشك ئاسا بوو بە دیارترین کەناڵەکانی مێژووی شیعری نووسراوی کوردی ، لە سەرهەڵدانیەوە تاوەکو سەرەتاکانی سەدەی بیستەم ، کە بە چوار دیالێکتی زمانی کوردی نووسراون ، بە پێی پۆلێنکردنی مێژووی ئەدەبی کوردی " دەچنە ناو

خانەی ئەدەبی کۆن — یان کلاسیك — ەوە ، بەڵام شیعری کۆنی کوردی هەموویان کلاسیکی نین[1] " بۆ نموونە ئەو شیعرانەی بە گۆرانی (هەورامی) نووسراون لەسەر شێوەی مەسنەوین و کێشەکەشیان (سیلاب) ە ، لەگەڵ بەکارهێنانی سەروای هەمەجۆر (یاخود جووت سەروا) ، تەنانەت زمانەکەشیان ڕەوانترە و وشەی بێگانەی کەمتر تیادا بەکارهاتووە ، ئەمە لەبەر ئەوە نییە ، کە ئەو شاعیرانە ئاستی ڕۆشنبیرییان نزم بووە ، بەڵکو سەرچاوەی ڕۆشنبیری و خوێندنیان هەمان سەرچاوەی شاعیرانی کلاسیکی بووە ، بەڵام هۆیەکەی ئەوەیە ، کە لە ژێر کاریگەری شیعرە ئاینییەکانی (ئەهلی حەق) دا بوون ، کە بەو شێوەیە وتراون و نووسراون ، ئەمە جگەلەوەی لە ڕووی جوگرافیشەوە ناوچەیەکی شاخاویی و سەختیان هەبووە ، ئەمەش تا ڕادەیەکی زۆر لە کاریگەریی زمان و ئەدەبیاتی نەتەوە دراوسێکانی دوور خستوونەتەوە .

لێرەدا بە پێی پێویستی باسەکە ، دیارترین بنیاتەکانی شیعری کوردی ئەو ماوەیە دەستنیشان دەکەین[1] " کە دابەشی سەر سێ تەوەری دەکەین (مۆسیقای شیعریی ، زمانی شیعریی ، وێنەی شیعریی) ،

## 1 - ***مۆسیقای شیعریی ( کێش و سەروا ) :***

لەڕووی کێش وسەرواوە شیعری کوردی ئەو ماوەیە ، دەکرێت بە دوو بەشەوە :

---

[1] - بە واتای ئەو قوتابخانەیەی لەسەر بنەماکانی شیعری عەرەبی و ڕۆژهەڵاتیی ئیسلامی بنیاتنراوە" کە لە ڕووی ڕووخسارەوە ، قاڵبی دیاریکراویان هەبوو ، وەك : ( غەزەل و قەسیدە و پێنج خشتەکی و موستەزادەو ...هتد ) ، لە ڕووی کێش و سەروایشەوە ، کێشی عەرووزی عەرەبی و سەروای یەکگرتوو بەکاردەهێنرا ، لەگەڵ بەکارهێنانی زمانێکی تێکەڵ لە عەرەبی و فارسی تورکی لە چوارچێوەی یاساکانی زمانی کوردیدا ..

[1] - لەم باسەدا زیاتر سەرنج لە شیعری کلاسیکی دیالێکتی خواروو دەدەین , چونکە ئەو بووەتە بناغەی شیعری ئەو ماوەیەی لە باسەکانی داهاتووی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا تیشك دەخرێتە سەری .

**یەکەم** " ئەو شیعرانەی بە کێشی پەنجەیی (سیلاب یان خۆماڵی) نووسراون " ((کێشی ڕەسەنی شیعری کوردی بە ژمارەی بڕگە و وەستانی ناو لەتەدێڕ دیاری دەکرێ .)) ﴿37 : 335 ﴾" زۆربەی ئەو شیعرانەی بە دیالێکتی گۆرانی (هەورامی) نووسراون لەسەر شێوەی مەسنەوین و لەسەر یەك جۆر کێشی خۆماڵی دانراون " کە کێشی (10) بڕگەیی یە ، هەر لەتە دێڕێکی (10)بڕگەیی دابەشی سەر دوو (پێ)ی (5)بڕگەیی دەبێت (5 + 5) . ئەم کێشی (10) بڕگەییە یەکێکە لەو کێشە خۆماڵییانەی زۆر لە ئەدەبیاتی کوردیدا بەکارهاتووە ، ((لەبەرئەوەی زمانی کوردی لە زمانە هەرە کۆنەکانی هیندۆ –ئێرانی یە ئەبینین ئەم کێشە جێگایەکی گەلێك فراوان لە ئەدەبی کوردیدا داگیر ئەکا .)) ﴿66 : 34﴾. هەر لەبارەی بەکارهێنانی ئەم کێشەوە ، (گۆران) بە کێشێکی نەتەوەیی کوردی دادەنێت و دەڵێت : ((کێشی دە بڕگەیی ئەم کێشە لە هەڵبەستی کوردیدا ئەوەندە باوە پیاو زۆر بە ئاسانی ئەتوانێ ناوی لێ بنێ کێشی نەتەوەیی گەلی کورد هەر بەو دەستوورەی لە زمانی فەرەنسیدا کێشی دوانزە بڕگەیی ((ئەسکەندەری)) بە کێشی نەتەوەیی دائەنرێ بۆ گەلی فەرەنسەیی ، یان کێشی ((ئیامبیك)) بە کێشی نەتەوەیی دائەنرێ بۆ ئینگلیزەکان ، یاخود کێشی یانزە بڕگەیی ((6+5)) بۆ تورکەکان .)) ﴿94 : 1﴾

لەڕووی (سەروا)یشەوە ، جووت سەروایان بەکارهێناوە ، مەبەست لەم جۆرە سەروایە ، هەردوو لەتە دێڕی شیعرێك سەروایەکی تایبەت بە خۆیان هەبێ و پەیوەندییان بە سەروای دێڕە شیعرەکانی ترەوە نەبێت .

**دووەم** " ئەو شیعرانەی لەسەر بنەمای کێشی عەرووزی عەرەبی داڕێژراون " ئەمانەش ئەو شیعرانە دەگرێتەوە ، کە بە دیالێکتی لوڕی (چوارینەکانی بابە تاهیر) و دیالێکتی کرمانجی سەروو و خواروو نووسراون . کێشی عەرووزی عەرەبی لەلایەن (خەلیل ئەحمەد

فەراهیدی) یەوە بناغەکەی دارێژرا ، کە (15) بەحری شیعری دیاری کرد ، لە پاش ئەویش بەحرێکی تری بۆ زیاد کرا[1] . ((کێشی عەرووزی ئەگەر چی بۆ عەرەبی دەست ئەدا ، بەڵام بۆ شیعری کوردی کەڵکێکی ئەوتۆی نییە و بوونی تەنیا لەبەر ئەوەیە لاسایی کردنەوەی دەستوور و یاسا و بنەماکانی شیعری ستوونی عەرەبییە وەك وەرگرتن و لاسایی کردنەوەی لایەنەکانی تری ئەدەب بە گشتی.)) ﴿102 : 97 ﴾، بەڵام شاعیرانی کلاسیکی کوردی (هەروەك شاعیرانی کلاسیکی فارسی) هەموو ئەم بەحرانەیان کوتومت وەك خۆیان وەرنەگرت ، بەڵکو لە (16) کێشەکە ((تەنیا (9) کێشیان لە کوردیدا بەرادەی جیاجیا بەکارهاتوون و هەفتەکەی تر زۆر کەم و دەگمەن شیعریان پێ نووسراوە . کێشە باوەکان ئەمانەن : هەزەج و رەجەز و رەمەل و سەریع و خەفیف و موزاریع و موجتەس و موتەقاریب و بەسیت .)) ﴿37 : 336 ﴾، ئەو کێشانەی کە بەکاریشیان هێناون ، تا رادەیەکی زۆر لەگەڵ سروشتی زمانی کوردی گونجاندوویانە ، بەڵام ئەم کارە بەلایەنی شاعیرانی کوردەوە ئاسانتر بووە ، بەو پێیەی کە عەرووزیان راستەوخۆ لە شیعری عەرەبییەوە وەرنەگرتووە ، بەڵکو لە رێگای شیعری فارسیەوە وەریانگرتووە ، کە ئەوانیش لەگەڵ سروشتی زمانی خۆیان گونجاندبوویان ، ئاشکرایشە کە هەردوو زمانەکە سەر بە یەك خێزانی زمانین (خێزانی زمانە ئێرانییەکان) و دەستوورەکانی زمانیان زۆر لە یەکترییەوە نزیکە ..

جۆری بەکارهێنانی کێشە عەرووزییەکان بە پێی قالبە شیعرییەکان دەگۆرێت : لە غەزەل و قەسیدەدا " لە سەرەتاوە تا کۆتایی یەك کێش بەکاردەهێنرێت ، بۆ نموونە ئەم غەزەلەی (سالم) کە بەم دێرە دەست پێدەکات :

---

(1) - بۆ زانیاری زیاتر بروانە : سەرچاوەی ﴿ 112 ﴾

چاوەکەت وەختێ بە ئیما مەیلی جامی مەی دەکا

هەرچی مەی دەیکا لەگەڵ ئەو ئەو لەگەڵ ئێمەی دەکا

﴿29 : 28﴾

هەر لە سەرەتاوە تا دوا دێڕ ، لەسەر کێشی ((ڕەمەلی هەشتی مەحزووف)) دانراوە ، هەر لەتە دێڕێکی دابەش سەر چوار (پێ) دەبێت ، بەم شێوەیە : (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)

هەروەها لە قەسیدە " کە لە (10) دێڕە شیعر زیاترە ، هەر بەهەمان شێوە لە سەرەتاوە تا کۆتایی لەسەر یەك کێش دەنووسرێتەوە ، وەك ئەو قەسیدە درێژەی (مەحوی) بە ناوی (قەسیدەی بەحری نوور) ﴿67 : 419﴾، کە لە (124) دێڕە شیعر پێك هاتووە و هەموو قەسیدەکە لەسەر کێشی (هەزەجی هەشتی سالم)ە .

هەروەها چەند قاڵبێکی تر ، کە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بەکارهاتوون " هەروەك غەزەل و قەسیدە پەیڕەوی بەکارهێنانی یەك جۆر کێشی تێدا کراوە ، وەك : (چوارین ، چوارخشتەکی ، پێنجین ، پێنج خشتەکی ، تەرجیع بەند و تەرکیب بەند ، تاك بەیت) .

چوارین " لە چوار لەتە دێڕ پێك دێت ، واتایەکی قووڵ و چڕ کراوەی هەیە " بە پێچەوانەی غەزەل و قەسیدە یەکیەتی بابەتی تێدا ڕەچاو دەکرێت ، هەر چوار لەتەکە لەسەر یەك کێشن " وەك لەم نموونەی (حەمدی)دا ، کە هەر چوار لەتەکە لەسەر کێشی(ڕەمەلی هەشتی مەحزووف)ە :

بۆیە من مەستیم لە هۆشیاری گەلێ پێ خۆشترە

ئەم خەراباتە کە هۆشیاری لە مەست سەرخۆشترە

سەیرە هەر کەس ڕوو دەکاتە ئەم خەراباتەی وجوود

کاسەکەی هەرچەندە پڕ تر بێ ئەوەندە بۆشترە

﴿168 : 20﴾

چوارین (یان دوو بەیتی ، یاخود ڕباعی) یشی پێدەوترێت ، لە ڕووی واتاوە سەربەخۆیە ، جیاوازە لە (چوارخشتەکی) ، لەوەی کە ((چوارین یەکەیەکی سەربەخۆی هەیە ، کەچی چوار خشتەکی سەربەخۆ نییە ، بەندێکە لە هۆنراوەیەکی دوور و درێژ کە بەسەر کۆمەڵێ پارچەی چوار لەتیدا دابەش دەبێ)) ﴿37 : 267﴾

(پێنجین) و (پێنج خشتەکی)ش جیاوازییەکەیان لەوەدایە " پێنجین بەو شیعرە دەوترێت ، کە دەکرێت بە چەند کۆپلەیەکی (پێنج) لەتە دێڕی ، (پێنج خشتەکی)ش بە هەمان شێوە ، بەڵام جیاوازییەکەیان لەوەدایە ، کە (پێنجین) هەموو شیعرەکە هی شاعیر خۆیەتی ، کەچی (پێنج خشتەکی) لە هەر پێنج لە تێکدا (دوو) لەتی کۆتایی هی شاعیرێکی ترە (مەرجیش نییە شیعرە بنەڕەتییەکە بە زمانی کوردی بێت) ، واتە شاعیری دووەم لەسەر شیعری شاعیرێکی تر ، شیعرەکەی خۆی بنیات دەنێت ، لە ڕووی واتا و کێش و سەروایشەوە شیعری یەکەم دەکاتە بناغەی شیعرەکەی خۆی .

بەڵام لە دوای (خەلیل) قاڵبی تر لە شیعری عەرەبیدا (یان نەتەوە ئیسلامییەکاندا) دروست بوون ، کە لە بەکارهێنانی کێشەکاندا پەیڕەوی بەکارهێنانی یەك جۆر کێش (یان یەك قاڵبە کێش)یان تیادا ناکرێ ، ئامانجی سەرەکی لە بەکارهێنانی ئەو کلێشانە " نەهێشتنی ڕۆتینە لە دووبارەبوونەوەی کتومتی ڕیتمی کێشەکان ، ئەم کلێشانەش زیاتر لە شیعری نەتەوە ئیسلامییەکانی (جگە لە عەرەب) بەکارهاتوون ئەمەش ئەوە دووپات دەکاتەوە ، کە کێشی عەرووزی لەگەڵ سروشتی ئەو زمانانەدا تەواو ناگونجێت .. ئەو قاڵبانەش لە شیعری کلاسیکی کوردی و هەندێکیشیان (وەك موەششەح) لە قۆناغی گواستنەوەی ئەدەبی کوردیدا بەکارهێنراون..

یەکێك لەو کلێشانەی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بەکارهاتووە (موستەزاد)ە " ئەم هونەرە " شاعیرانی کلاسیکی کورد زۆر کەم بەکاریان هێناوە ، لە ناو دیوانەکانیاندا بە دەگمەن یەك دوو موستەزادێك بەرچاو دەکەوێت ، ئەمەش زیاتر لەبەر پڕکردنەوەی دیوانەکان

، تاوەکو هەموو مەرج و پێویستییەکانی دیوانێکی تەواو بە جێ بهێنن . لە ڕووی کێشەوە " ئەم هونەرە ((لە بنچینەدا بریتی یە لە زیادکردنی (پێ)ی یەکەم و دوایی لە هەر لەتە دێڕێکدا کە ئەمانەش بەزۆری پێیە بچووکەکانن .)) ﴿37 : 245﴾، وەك لەم نموونەیەی (حەمدی)دا دەردەکەوێت :

وەك عاشقە هاتووەتە دەرێ نێرگسی بیمار بۆ دیدەنی دڵدار

یادی وەطەنی کردووە یا گۆشەیی گوڵزار دوور بێ لە ئازار

﴿20 : 159﴾

لەم موستەزادەدا کێشی لەتە شیعرەکان (هەزەجی هەشتیی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف)ە ، کە دابەشی سەر چوار (پێ) بووە ، بەم شێوەیە : (مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن) ، بەڵام تیکە زیادکراوەکان (پێ)ی یەکەم و چوارەم دووبارە کراونەتەوە : (مفعول فعولن) .

جگە لەوەی شاعیرانی کلاسیکی کوردی " ئەم کێشانەیان زیاتر بەکارهێناوە کە لەگەڵ سروشتی مۆسیقای زمانەکەیان دەگونجێ ، داهێنانی تایبەتی خۆشیان کردووە لە ناو کێشەکاندا ، بۆ نموونە یەکێك لە یاساکانی عەرووزی عەرەبی ئەوەیە ، کە لە سەرەتای شیعرەکەوە تا کۆتایی پێویستە یەك جۆر کێش بەکاربهێنرێت ، بەڵام شاعیرانی کلاسیکی کوردی هەندێجار لە شیعرێکدا چەند کێشێکیان تێکەڵ کردووە ، ئەمەش ((لای شاعیرانی وەك ئەدەب و سافی و ناری و ویسالیدا دەست دەکەوێ .)) ﴿37 : 337﴾، لایەنێکی تری داهێنانی شاعیرانی کورد ئەوەیە ، کە (خەلیل) بۆ هەر جۆرە کێشێك چەند قالبێکی دیاری کردووە ، واتە ژمارەی (پێ)یەکانی لەتە دێڕێکی دستنیشانکردووە ، بەڵام شاعیرانی کورد ((هەندێ جار قالبی وایان وەرگرتووە کە تایبەتە بە کوردی و لە عەرەبی و فارسیدا نییە . وەکو کێشی کامیلی هەشتی)) ﴿37 : 336﴾

جگە لەمانە " شاعیری کلاسیکی کوردی زۆرجار بە شێوەیەکی هۆشیاری بێت (یان ناهۆشیاری) " کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئەو کێشانەی لە شیعری فۆلکلۆرییدا بەکارهاتوون ، بۆ نموونە ئەم چوارینەی (وەفایی) :

دڵم پڕ خوێن و خوێن بارە بە غەمزەی نازی چاومەستان
هەتا نەمرم ڕەها نابم لە مەکر و سیحری چاوبەستان
ئەتۆ سەروێکی نازداری ئەتۆ شۆخێکی گوڵزاری
بە دڵ وا چاکە بدگێڕم لەسەر چاوان لەسەر دەستان

﴿86 : 81﴾

جگە لەوەی لە سەر کێشی عەرووزی (هەزەجی هەشتیی سالم) ە ، ئەگەر وەك کێشی سیلابی (یان خۆماڵی) یش بۆی بڕوانین " هەر نیوە دێڕێك وەستانێك لە ناوەڕاستیدا هەیە و دەبێتە دوو کەرتی هەشت بڕگەیی " واتە کێشەکە (16) بڕگەیی یە و بەسەر دوو پێی (8 + 8) بڕگەیی دابەش بووە .

لە ڕووی سەرواوە ، شیعری کلاسیکی کوردی ، پەیڕەوی شیعری ستوونی عەرەبی کردووە ، کە پابەندی (سەروای یەکگرتوو)ە " لەتی دووەمی هەموو دێڕە شیعرەکان بە یەك جۆر سەروا کۆتاییان دێ ، جگە لە دێڕی یەکەم " کە هەردوو لەتەکەی هەمان سەروایان هەیە ، بەڵام سەروایش بە پێی قاڵبە شیعرییەکان یاسای بەکارهێنانی دەگۆڕێت . چێژی جوانی بە پێیی شوێنی جوگرافی لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر جیاوازی هەیە ، ئەم (یەکییەتی سەروا)یە ، کە لە شیعری ستوونی عەرەبییەوە وەرگیراوە ، ڕەنگە بە پێی ناوچەی ئەوان کە بیانی و گەرمە دیاردەیەکی سروشتی و چێژ بەخش بێت ، بەڵام بەنیسبەت نەتەوەی فارس و کورد " کە نیشتەجێی ناوچەی سارد و شاخاویین ، (جگە لە پێکهاتەی جیۆلۆجی و هۆشیاریان) ، دیاردەیەکی لاسایی کەرەوەیە و بەزۆر سەپێنراوە ، ((زۆر دووبارەبوونەوەی

سەروا ، بە تایبەتی لە یەکێتی سەروادا ، دەبێ بە مایەی وەڕسی گوێگر ، چونکە ئەو یەك نەواییەی (مۆنۆتۆن) لە دووبارەبوونەوەی هەمان دەنگ یا دەستە دەنگ دروست دەبێ ، چالاکی زەینی و دەروونی تەپ دەکات و گوێگر تووشی بێزاری دەکات.)) ﴿38 : 45 ﴾، هەر ئەم هۆیەشە وایکردووە ، لە شیعری داستانی فارسی و کوردیدا پەنا ببرێتە بەر جووت سەروا (مەسنەوی) .

سەروا " بریتی یە لە دەنگێك یان زیاتر لە دووبارەبوونەوەی لە کۆتایی دێڕەکانی تردا، مۆسیقایەك بە شیعرەکە دەبەخشێت ، ئەو وشەیەش کە ئەو دەنگە (یان دەنگانە) بەشێکە لێی ، پێی دەوترێت (وشەی سەروا) ، ((وشە هاوسەرواکان دەبێ مانایان جیا بێ ، ئەگەر نا دەبێ بە پاش سەروا (ڕەدیف) و وشەی پێش ئەو ، دەنگەکانی سەروا هەڵدەگرێ)) ﴿38 : 27 ﴾

ئەگەر وشە هاوسەرواکان واتایان جیاواز بێت (بە مەرجێك زۆربەی دەنگەکانیان وەك یەك بێت) ، لەم حاڵەتەدا دوو ئەرکی ئیستاتیکی دەبینن ، لە لایەنی مۆسیقای شیعرەکەوە ئەرکی وشەی سەروایان هەیە ، لە ڕووی ڕەوانبێژیشەوە ، دەبنە ڕەگەز دۆزی (تەواو یان ناتەواو).

سەروا دەشێت یەك دەنگ بێت و دەشبێت زیاتر بێت ، بەڵام ئەو دەنگەی بەشێکە لە وشەی سەروا ، ئەوە بە (ڕەوی) ناو دەبرێت ، ((ڕەوی دوا دەنگی ڕەسەنی وشەی سەروایە و هەر مۆرفێمێکی تری لکاو کە پاش ڕەوی بێ دەبێ بە پاش ڕەوی)) ﴿38 : 111﴾، بەم شێوەیە هەندێجار دەنگەکانی سەروا دەکرێن بە سێ بەشەوە (پێش ڕەوی ، ڕەوی ، پاش ڕەوی)، وەك لەم نموونە شیعرەی (کوردی)دا دەردەکەوێت :

لەیلەکەی بێ مەیلەکەی مەحبووبەکەی عەییارەکەم
شۆخەکەی پڕ حەملەکەی بێ ڕەحمەکەی غەددارەکەم ﴿60 : 42 ﴾

لەم دێڕە شیعرەدا هەردوو وشەی (عەییار) و (غەددار) وشەی سەروان و کۆمەڵە دەنگی (ارەکەم) دەنگەکانی سەروان ، دەنگی (ر) کە دوا دەنگی وشەی سەروایە (لە هەردوو وشەکەدا) بە (ڕەوی) دادەنرێت و دەنگی (ا)یش کە دەکەوێتە پێشی (پێش ڕەوی)ی پێ دەوترێت و ، کۆمەڵە دەنگی (ەکەم) هەموویان پێکەوە (پاش ڕەوی)ن " کە لە دوو مۆرفێمی (ەکە)ی ناسراو و (م)ی ڕاناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاك پێك دێت .

دەنگی (ن) و (ر) و (ا) ، بە پێی ڕیزبەندی ئەو دەنگانەی ڕۆڵی ڕەوییان بینیوە لە شیعری کوردیدا ، دەکەونە پێشەوە ﴿38 : 126﴾، ڕەنگە ئەم دیاردەیە هۆیەکەی ئەوە بێت " کە دەنگی (ن) زرنگانەوەی هەیە و دەنگی (ر)یش لەرینەوەی لە دەنگەکانی تر زیاترە ، دەنگی (ا)یش ماوەکەی درێژە ، لەبەرئەوە هەر سێ دەنگ توانای ئەوەیان هەیە ماوەیەکی زیاتر لە دەنگەکانی تر کاریگەرییان لە لای گوێگر بهێنێتەوە ..

هەر شتێك (یان دیاردەیەك) ، ئەگەر زۆر دووبارە بوویەوە " ناتوانێت ئەرکی ئیستاتیکا ببینێت ، ئەمەش وا دەکات کە شتی نامۆ و دەگمەن بەهای ئیستاتیکی لە شتە خۆماڵییەکان زیاتر بێت ، (سەروا)یش بەو پێیەی ئەرکێکی ئیستاتیکی هەیە ، لە شیعری کوردیدا ((ئەو دەنگانەی تایبەتن بە کوردی وەکو (گ ، ژ ، چ ، ڤ ، پ) چالاکییان لە بوونە ڕەویدا بەهێز نییە)) ﴿38 : 127﴾دەنگەکانی سەروا هەتا زیاتر بن زیاتر هەستبە بوونیان دەکرێ و مۆسیقای دێڕە شیعرەکان جێگیر تر و ((دەنگدانەوەیەکی بەرزتری دەبێ)) ﴿38 : 313﴾، ئەمەش (سەروای فراوان)ی پێ دەوترێت ، کە لە ڕاستیدا سەروا دەنگێك یان دوو دەنگی پێویستە ، ئەگەر لەوە زیاتر بێت ئەرکی جوانی دەبینێت .
بۆ نموونە لەم دێڕە شیعرەی (حاجی)دا تەنها یەك دەنگ سەروای دروست کردووە (زۆربەی وشە هاوسەرواکانی قەسیدەکە لە یەك دەنگی کۆتاییدا هاوبەشن) :

گوتم بە بەختی خەواڵوو بەسە ئەتوو بی خودا
لە خەو هەڵستە زەمانـــێ بچیـــنەوە ئـــەولا

﴿31 : 19﴾

(خودا) و (ئەولا) وشەی سەروان ، کە دەنگی بزوێنی (1) سەرواکەیانە .

بەڵام ئەو قەسیدەیەی نالی کە بەم دێڕە دەست پێدەکات :

ئەلا ئەی نەفسی بووم ئاسا هەتا کەی حیرسی وێرانە
لەگـەڵ ئـــەم عیشــــقبازانە بــڕۆ ئازانــە بـازانـە

﴿153 : 77﴾

سەروای دێڕەکانی ئەم قەسیدەیە لە سێ دەنگ پێك هاتووە (انە) ، کە لە ڕووی ئیستاتیکای شیعری کلاسیکییەوە ، مۆسیقاکەی بە بەراورد لەگەڵ قەسیدەکەی (حاجی) ، خۆشتر دێتەگوێ .

هەروەك چۆن دەنگەکانی سەروا ، هەندێجار دەبن بە سێ بەشەوە ، وشەی سەروایش " ئەگەر وشە و دەستەواژە (یان ڕستەیەکی تەواو) لە پێشی هات " کە بە هەمان واتا لە هەموو دێڕەکاندا دووبارەبوویەوە پێی دەوترێت (پێش سەروا) ، ئەگەریش لە دوای وشەی سەرواوە هات پێی دەوترێت(پاش سەروا) ، بۆ نموونە لەم شیعرەی (سالم)دا :

دەزانی باغی بەختی ئەهلی دڵ بۆ قەت پەمەر نادا
فەلەك هەرگیز مرادی مەردومی ساحێب هونەر نادا ﴿28 : 17﴾

وشەی (سەمەر) و (هونەر) وشەی سەروان ، بەڵام (نادا) کە کورت کراوەی (نادات)ە ، فرمانی ڕانەبردووە لە باری (نەرێ)دا ، لە سەراپای شیعرەکەدا بە هەمان واتا دووبارەبۆتەوە ، لەبەرئەوە بە (پاش سەروا) دادەنرێت .

(پێش سەروا)ش وەك لەم دێڕە شیعرەی (حەمدی)دا دەبینرێت :

بەنەخچیرانی صەییادان ئەدەن مەردانە ئەودانە

بەهای خوێنە بە ئینسانی ئەدەن دوو نانە ئەو نانە 《20 : 167》

وشەکانی سەروا لەم دێڕەدا (دان) و (نان) ، بەڵام ڕاناوی (ئەو) بە پێش‌سەروا دادەنرێت.

(سەروا)یش هەروەکو (کێش) " بە پێی قاڵبە شیعرییەکان یاساکانی بەکارهێنانی جیاوازە " هەرچەندە ئەگەر هەر قاڵبێك بگرین ، بە چەندین جۆر سەروای تیادا بەکارهێنراوە[1] ، بەڵام ئەوەی زۆرتر باو بێت لەناو شیعری کلاسیکی کوردیدا ، ئەمانەن:

- تاك بەیت ، کە لە دوو لەت پێکهاتووە ، سەروای هەردوو لەتەکە وەك یەکن .
- چوار خشتەکی ، لە چەند کۆپلەیەك پێك دێت ، کە هەر یەکەیان چوار لەتە دێڕە ، بەزۆری سەروای هەر چوار لەتە کۆپلەیەك وەکو یەکن ، یان وەکو (چوارین) سەروای یەکەم و دووەم و چوارەمی وەك یەکە و سێیەم جیاوازە لێیان " جاری واش هەیە سەروای لەتی چوارەمی هەموو کۆپلەکانی ناو چوار خشتەکییەکە وەك یەکە ، چوار لەتی کۆپلەی یەکەم (أ أ أ أ) و کۆپلەکانی تر (ب ب ب أ ، ج ج ج أ ، . . . هتد) وەك ئەو چوار خشتەکییەی وەفایی ، کە بەم کۆپلەیە دەست پێدەکات :

ئەمان مطریب بێ ساقی وا بێ
ئەگەر مەی نابێ بۆ خۆی نابێ
کەسێ بێهۆشی تەجەللا بــــێ
خەیاڵی نەشئەی بادەیی نابــێ 《81 : 173》

- پێنجین ، شیعرێکە دابەشی سەر چەند کۆپلەیەکی پێنج لەتە دێڕی دەبێت ، کە هەموویان هی هەمان شاعیرن ، بەڵام پێنج خشتەکی " دوو لەتی دواییی هەر کۆپلەیەك هی

---

(1) - بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی قاڵبەکانی سەروا لە هەریەك لە قاڵبە شیعرییەکان " لە شیعری کوردیدا , بڕوانە 《38 : 194 – 309》

شاعیرێکی تره . جاری واش هەیە شاعیرێك پێنج خشتەکییەك لەسەر شیعرێکی خۆی دادەنێت ، ئەمەش لە دیوانی (وەفایی) دەبینرێت ، وەك ئەم پێنج خشتەکییەی کە بەم کۆپلەیە دەست پێدەکات :

ئەم دولبەرە وا بادە بە چاوان دەفـــــــرۆشـــێ
هەردەم بە تەبەسوم لەبی خەندان دەفرۆشێ
بۆ شەهد و شەکەر حوققەیی مەرجان دەفرۆشێ
ئەو غەمزە کـــە چاوی بە شەهیــدان دەفــرۆشـــێ
چــی زاهــیدە ئــەو زوو دڵ و ئــیمان دەفـرۆشـــێ ﴿81 : 198﴾

لەتی (چوارەم و پێنجەم)ی ، پێنج کۆپلەی یەکەمیان ، هی غەزەلێکی خۆیەتی ﴿81 : 200﴾

بەزۆری لە هەر دوو شێوەکەدا سەروای پێنج خشتەکی بەم شێوەیە بنیات دەنرێت : (أ أ أ أ أ ، ب ب ب ب أ ، ج ج ج ج أ ، ... هتد) ، واتە سەروای لەتی پێنجەمی هەموو کۆپلەکانی وەکو یەکە.

غەزەل و قەسیدە ، لە شیعری کلاسیکی کوردیدا ، پەیڕەوی یەکیەتی سەروا دەکەن ، کە لە دێڕی یەکەمدا هەردوو نیوە دێڕەکە یەك سەروایان هەیە و سەرواکانی لەتی دووەمی هەموو دێڕەکانی تریش هەمان سەروای دێڕی یەکەمە .

- موستەزاد " لە شیعری کلاسیکی کوردیدا ، ئەم هونەرە بەم شێوەیەبەکارهاتووە : (لە دوای هەر نیوە دێڕێك تیکەیەکی بۆ زیاد کراوە " واتە ژمارەی نیوە دێڕەکان و تیکە زیاد کراوەکان یەکسانن) ، لە ڕووی سەروایشەوە " جۆرە قاڵبێکیان هەیە " کە نیوە دێڕەکان لە لایەکەوە و تیکە زیاد کراوەکانیش لە لایەکی ترەوە ، هەر یەکەیان بە جیا وەك غەزەلێك (یان قەسیدەیەك)ی سەربەخۆ ، پەیڕەوی یەکیەتی قافیەیان کردووە ، کە لە دێڕی یەکەمدا

موسەڕەع و ئەوانی تریش لەتی دووەم (یان تیکەی دووەم)یان هاوسەروان ، بەڵام لە دێڕی دووەمەوە ، لەتی یەکەم و تیکەی یەکەم سەروایان وەك یەکە .

جۆرە قاڵبێکی تریشیان هەیە ، وەك قاڵبی یەکەم وایە ، تەنها لەوەدا جیاوازن کە هیچ لەت و تیکەیەك سەروایان وەکو یەك نییە .

قاڵبی سێیەم سەروای موستەزاد لە شیعری کلاسیکی کوردیدا ، ئەوەیە ((دێڕەکانی ئەسڵەکە و دێڕەکانی تیکەکانیش هەردوو لا هاوسەروا بن ، ئەم لا و ئەو لا بە یەکێتی سەروا نووسرا بن ، لە هەردوو لایشدا سەرواکە هەر یەك شت بێ .)) ﴿38 : 289 ﴾" واتە ئەگەر لەتەکان بە شیعرێکی سەربەخۆ سەیر بکەین ، کە پەیڕەوی یەکێتی سەروای کردووە ، ئەوا هەر تیکەیەکی زیاد کراوی دوای لەتە دێڕێك ، هەمان سەروای ئەو لەتە دێڕەی هەیە .

-- تەرجیع بەند و تەرکیب بەند " بەو جۆرە شیعرانە دەوترێن ، کە لە چەند کۆپلەیەك پێك دێن و هەموو کۆپلەکانی (یان بەندەکانی) یەك کێشی عەرووزیان هەیە ، هەربەندێکیش وەك غەزەلێك (یان قەسیدەیەك)ی سەربەخۆ یەکێتی سەروای خۆی پاراستووە ، هەر بەندێك بە دێڕە شیعرێك کۆتایی دێت ، کە بەندەکان پێکەوە دەبەستێتەوە و پێی دەوترێت (ناوبەند) ، ئەگەر ئەم دێڕە لە کۆتایی هەموو بەندەکاندا وەکو خۆی دووبارەببێتەوە ، ئەوە (تەرجیع بەند)ە ، بەڵام بەهەمان شێوەی خۆی دووبارە نەبێتەوە و گۆڕانی بەسەردا بێت ، ئـەوە (تەرکیب بەند)ە ﴿39 : 173 ﴾و ﴿38 : 282 ﴾و﴿96 : 14 ﴾.

هەندێجاریش هەردوو سیفەتەکەی تێدایە " واتە نیوە دێڕێکی ناوبەندەکە وەك خۆی دووبارە دەبێتەوە ، نیوەکەی تری دەگۆڕێت " ئەمە لە نێوان هەردووکیاندایە . ئەم دێڕی ناوبەندە لە ڕووی سەرواوە " بەزۆری هەر دێڕێکی ناوبەند سەروایێکی مەسنەوی هەیە و جیاوازە لە سەروای ناوبەندەکانی تر و جیاوازیشە لە سەروای بەندەکان " بەڵام هەندێجار سەروای دێڕی ناوبەند لە (تەرجیع بەند)دا لەگەڵ سەروای بەندی یەکەمدا وەك یەکە " وەك

ئەو تەرجیع بەندەی (حەمدی) ، کە یەکەم دێڕی بەندی یەکەم ، بووتە ناوبەند و لە کۆتایی بەندی یەکەم و هەموو بەندەکانی تر وەك خۆی دووبارەبووەتەوە " کە ناوبەندەکەی ئەمەیە :

مسوەددەیی سوبحی ئەزەلی مووی محەممەد

خورشیدی بەیازی ئەبەدی ڕوویی محەممەد ﴿107:20﴾

## لە ڕووی زمانی شیعرییەوە :

دەکرێت زمانی شیعری کلاسیکی دیالێکتی خوارووی زمانی کوردی لەم دوو لایەنەی خوارەوە سەرنجی بدەین :

### 1 - ئەو دیالێکتە کوردییەی بووەتە بناغەی زمانە شیعرییەکە :

بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە ئاوڕێکی خێرا لەو بارە مێژووییە ئەدەبییەی ئەو سەردەمە بدەین ، چونکە وەك ئاشکرایە پێش دروست بوونی ئەم قوتابخانە شیعرییە " لەو ناوچەیەدا شیعر بە دیالێکتی گۆرانی دەنووسرا " ئەمەش بۆ چەند هۆیەك دەگەڕێتەوە ، گرنگترینیان هۆی سیاسی و ئاینی بوو .. لە ڕووی سیاسییەوە " ئەردەڵانییەکان لە سەدەی چواردەهەمدا میرنشینەکەیان لە شارەزوور دامەزراند ، کە جگە لە زمانی فارسی ، دیالێکتی گۆرانیش وەك زمانێکی ڕەسمی لە نێو کۆڕ و شوێنە ڕەسمیەکانیاندا بەکاردەهات . لە ڕووی ئاینییشەوە " ئاینی (ئەهلی حەق = کاکەیی) " کە ناوچەی شارەزوور نشینگەیان بوو ، سرووتە ئاینییەکانیان بە شیعر و بەم دیالێکتە بوو..

ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی کە دیالێکتی گۆرانی بۆ ماوەیەکی درێژ وەك زمانێکی ئەدەبی لە برەودا بوو " ئەگەر شیعرەکانی (مەلا پەریشان) بە سەرەتای ئەدەبی نووسراوی ئەم دیالێکتە دابنێین ، کە لە سەرەتاکانی سەدەی پانزەهەمدا ژیاوە ، تا دەگاتە کۆتاییەکانی

سەدەی نۆزدەهەم نووسینی شیعر بەم دیالێکتە بەردەوام بووە " کە ئەمەش دەکاتە نزیکەی پێنج سەدەیەك .

لە ڕووی سنووریشەوە تەنیا بە شارەزوور و دەوروبەری سلێمانی نەوەستاوە ، بەڵکو کەرکووك و گەرمیانیشی گرتۆتەوە ..

((کشانەوەی ئەردەڵانییەکان بۆ کوردستانی ئێران و کۆچی بەشێکی جاف لە جوانڕۆوە (لە ئێراندا) ، کە زمانەکەیان کرمانجی ئەردەڵانی ساف بوو ، بۆ دەشتە نەوییەکەی شارەزوور ، حوکمی خەلافەتی عوسمانی و بلاوبوونەوەی تەریقەتی قادری ، بوون بە سەبەبی لەگەرکەوتنی ئایینی کاکەیی و شێوەی گۆرانی لە شارەزووردا .))﴿86 : 13﴾، لە لایەکی تریشەوە بەهۆی دامەزراندنی شاری سلێمانی و لە دایك بوونی قوتابخانەیەکی شیعری نوێ بە دیالێکتی خواروو ، کە (نالی و سالم و کوردی) پێشەواکانی بوون .. ئەمانە هەمووی هۆکاربوون بۆ کزبوونی دیالێکتی گۆرانی (وەك زمانێکی ئەدەبی) لەو ناوچانەدا . لە کاتێکدا (مەولەوی) " (کە خۆی بە دیالێکتی خواروو دوواوە) ، بە دیالێکتی گۆرانی (هەورامی) شیعری دەنووسی ، لە هەمان کاتدا (نالی)و هاوڕێکانی بە دیالێکتی خواروو شیعریان دەنووسی .. ، بوونی ئەم دوو دیالێکتە (وەك زمانی شیعری لەو ناوچانەدا) لە یەك کاتدا ، بووە هۆی کاریگەر بوون و تێکەڵاوییەك لە نێوانیاندا دروست ببێت ، ((ئەم تێکەڵاوییە هەر لە مەیدانی فۆنێتیك و مۆرفۆلۆژی ، وە وشە وەرگرتندا ڕووی دا .)) ﴿86 : 14﴾، ڕاستە شێوەی سلێمانی (کە بناغەی قوتابخانە شیعرییە تازەکە بوو) کەوتبووە ژێر کاریگەریی (ئەردەڵانی – جاف)ەوە ، بۆ نموونە بۆ ڕاناوی سەربەخۆی کەسی یەکەمی تاك (ئەز) بەکاردەهات ، بەڵام دواتر لە ژێر ئەو کاریگەرییە ، گۆڕییانەوە بە (من) ، هەروەها مۆرفیمی ڕانەبردووی (دە) بوو بە (ئە) ..﴿86 : 15 – 16﴾، بەڵام لە زمانی شیعری نالی و پیرەوکەرانی ، زیاتر هەر مۆرفیمی ڕانەبردووی (دە) بەکارهاتووە ، (کە ئەمە پێویست بە نموونە ناکات) ، هەروەها گۆنەکردنی دەنگی (د) لە هەندێ شوێندا ، کە لە زمانە

ناوچەییەکەدا دیاردەیەکی فۆنۆلۆجییە ، کەچی لە زمانە شیعرییەکەی ئەواندا ، بە دەگمەن نانووسرێت ، ئەمەش بەزۆری لەبەر پێویستی مۆسیقای شیعرەکە و بە تایبەتی پێویستی سەروا ، (ئەم دیاردەیەش بەزۆری لەلای سالم بەرچاو دەکەوێت " وەك لەم غەزەلەیدا ، کە زۆربەی سەرواکانی مۆرفێمی پاشگری (دا)یە ، بووەتە (ا) :

شەتی ئەشکم دەبێ هەر بێ بە رووما

هەتا بێ بەحری ئاق دنگــز بە رۆمـــا 《28 : 33》

هەروەها لە هەندێ شیعریشدا ڕاناوی سەربەخۆی (ئەز) لەجیاتی (من) بەکارهێنراوە " بە تایبەتی لەلای نالی " کردوویەتە (پاش سەروا)ی غەزەلێکی ، کە بەم دێڕە دەست پێدەکات :

خاو و بێ خاوی دوو زولفی خاوم ئەز

چاوە چاوی یەك غەزالە چاوم ئەز 《76 : 221》

بەڵام زیاتر ڕاناوی (من) بەکارهاتووە ، ئەمەش ئەوە دەردەخات " هەرچەندە شاعیرانی ئەم قوتابخانە شیعرییە ، نیمچە دیالێکتی ناوچەی سلێمانییان کردۆتە بناغەی زمانی شیعریی خۆیان ، بەڵام هەموو گۆڕانکارییەکانی ئەم نیمچە دیالێکتەیان (کە لە ژێر کاریگەری دیالێکتی گۆراندا ڕووی دابوو) ، وەك خۆی وەرنەگرت " واتە ئەو زمانەی ئەمان بەکاریان دەهێنا ن زمانێکی ئەدەبی بەرز بوو جیابوو لەو زمانە ئاساییەی خەڵکی ناوچەکە بەکاریان دەهێنا . تەنانەت هەوڵیان داوە کە ناو بە ناو وشە و ئامراز و دەستەواژەی نیمچە دیالێکتەکانی تری (دیالێکتی خواروویش) بەکاربهێنن . ئەم دیاردەی بەکارهێنانی ئامراز و وشە و گوزارشتی دیالێکت و نیمچە دیالێتەکانی تری زمانی کوردی ، زیاتر لەلای (نالی) بەرچاو دەکەوێت[1] ، هەر لەم بارەیەوە ڕاناوی سەربەخۆی (ئەمن) و (ئەتۆ)ی ، لەجیاتی

(1) – بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە " بڕوانە سەرچاوەی 《: 58》

(من) و (تۆ) بەکارهێناوە ، کە لە نیمچە دیالێکتی موکری و هەولێر و پشدەر بەکاردەهێنرێ :

گوتی : ((نـــــالی)) ! ئـــەتۆ بمـرە ، ئەمـــن دێـــــم
خـــودا کـــەی بێ ، خـــودا کـــەی بێ ، خـــودا کـــەی

﴿713 : 76﴾

هەروەها (ئیدی) لەجیاتی (ئیتر) بەکارهێناوە " وەك :

دوور لە تۆ ئیدی مەپرسە ، قوربان
حاڵی ((نالی)) کە نەمرد و نە ژیا ! ﴿128:76﴾

ئاوەڵگوزارەی شوێنی (لەکن) کە زیاتر لە نیمچە دیالێکتی (هەولێر) و دیالێکتی ژووروودا بەکارهاتووە ، لەجیاتی (لەلای) بەکاریان هێناوە :

دەچێ بۆ لای ڕەقیب ، خۆشە ، وەلێ ئەو داغە کوشتوومی
لەکن ئەو چەندە مەجبوورە ، لەلای من چەندە مەغروورە !

﴿408:76﴾

هەروەها لە غەزەلی (نەمردم من ئەگەر ئەم جارە بێ تۆ)﴿76 : 380﴾سێ جار (لەکن)ی بەکاری هێناوە .

بەڵام ڕەنگە زۆر لەم ئامراز و وشە و گوزارشتانەی وەك (لەکن ، ئەمن ، ئەتۆ ، ئیدی) ، کە نالی بە کاری هێناون هەر هی ئەو شێوازە بێت ، بابانەکان بەکاریان هێنـاوە ئـەم کردوویەتە بناغەی زمانە شیعرییەکەی ، ئەوانیش بنەچەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ پشدەر ، نەوەك نالی بەکارهێنانی نیمچە دیالێکتەکانی تری دەرەوەی سنووری سلێمانی مەبەست بووبێت .

## 2 – کاریگەری زمانی دراوسێکان لە شیعری ئەم قوتابخانەیە :

ڕۆشنبیر و خوێندەوارانی کورد لەو سەردەمدا ، لە مزگەوت و حوجرە و خانەقاکاندا خوێندوویانە ، بێگومان زمانی عەرەبیش " زمانی ئاینی ئیسلام بووە ، قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر و زانستە ئاینییەکان و سەرف و نەحوی عەرەبی و زانستەکانی تری وەك فەلەکناسی و بیرکاری و مەنتیق و ... هتد ، بە زمانی عەرەبی خوێندراون ، ئەمەش بووتە هۆی ئەوەی ڕۆشنبیری کوردی ئەو سەردەمە ڕاستەوخۆ بکەوێتە ژێر کاریگەری زمانی عەرەبی و زمانەکەی پڕ بێت لە وشە و گوزارشتی عەرەبی .

ئەگەر کاریگەری زمانی عەرەبی لەسەر زمانی کوردی بە هۆکاری ئاینی ئیسلام بێت ، ئەوا دەتوانین کاریگەری زمانی فارسی بە هۆکارێکی ئەدەبی ناوببەین " ڕۆشنبیر و خوێندەوارانی کوردی ئەو سەردەمە ((لەبەر نزیکی هەردوو زمانی کوردی و فارسی لە یەك ، خوێندنەوە و نووسینی فارسی یەکەیان زۆر بەلاوە ئاسان بووە و زوو فێری بوون)) ﴿83 : 13﴾" ئاشکرایە کە ئەدەبی نووسراوی فارسی خاوەنی مێژوویەکی دوورودرێژ و چەندین شاعیری گەورەی وەك (فیردەوسی و خەیام و حافزی شیرازی و سەعدی شیرازی و مەولاناو ... هتد) ، کە بەرهەمەکانیان سنووری رۆژئاوایشی بەزاندووە .

لەو سەردەمەدا ، لە پاڵ زمانە عەرەبییەکەدا ((زمان و ئەدەبی فارسی لەگەڵ قورئان و زانستە دینیەکان دا لە هەموو مزگەوت و قوتابخانە دینییەکانی کوردستان دا دەخوێندرا ، لەم قۆناغەدا ئەدەبی فارسی کاری کردۆتە سەر هەموو شاعیرە کوردەکان و لە بەرهەمەکانیاندا ڕوون و ئاشکرایە .)) ﴿98 : 75﴾، ئەم کاریگەرییەش لە زمانی شیعریی ئەو قوتابخانەیەدا ڕەنگی داوەتەوە " ئەمەش لە ئاستی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی لێکسیکۆلۆجیدا .. بە ئاشکرا دەردەکەوێت . بەو پێیەش کە زمان و ئەدەبیاتی فارسی ، کاریگەرییەکی زۆری زمانی عەرەبی بەسەرەوەیە ، بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ ، جارێکی تر ئەدەبی کوردی کەوتۆتەوە ژێر کاریگەریی زمانە عەرەبییەکە ، بەلای (مەسعود محەممەد)ەوە

" شیعری ئەم قوتابخانەیە لە هەر دوو ڕووەوە (ڕووخسار و ناوەڕۆك) شێوەی شیعری فارسی وەرگرتووە " ((هەڵبەستی کوردی کوردستانی خواروو لە سەرەتای پەیدابوونییەوە شەقڵ و چەژ و داڕشتن و ڕوخسار . تا ڕادەیەکیش ناوەڕۆکی شیعری فارسی بە خۆیەوە گرتووە .)) ﴿97 : 13 – 14﴾

هەرچی کاریگەری زمانی تورکیشە ، هۆکارێکی سیاسی هەبووە ، بەو پێیەی کە کوردستانی خواروو لە ژێر دەسەڵاتی سیاسی عوسمانییەکاندا بووە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەری ئەمان لە زمانە شیعرییەکەدا زۆر بە کەمی هەستی پێدەکرێت ، چونکە لە لایەکەوە زمانی کوردی و تورکی سەر بە یەك خێزانی زمانیی نین (وەك کوردی و فارسی) ، لە لایەکی تریشەوە زمانی تورکی زمانی خوێندن و نووسین و ڕۆشنبیری نەبووە لەو ناوچەیەدا..

لەبەرئەوە زمانی شیعری ئەم قوتابخانەیە ، زمانێکی کوردی تێکەڵە لە وشە و گوزارشتی عەرەبی و فارسی و تورکی[1] ، بەڵام لە چوارچێوەی یاساکانی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و سینتاکسی زمانی کوردیدا داڕێژراوە " واتە توانیویەتی تایبەتییەکانی زمانی کوردی بپارێزێت . هەر لە بارەی زمانی شیعری کلاسیکی کوردی یەوە (عزالدین مستفا) دەڵێت : ((بەکارهێنانی زمانێك بۆ شیعر کە چوارچێوەکەی کوردی بێت و وشەکانی بەکارتێکردنی ئەدەبیاتی ئیسلامی تێکەڵ بن لە وشەی کوردی (بەزۆری) و وشەی گەلانی موسڵمانی دراوسێ و کوردی هاوبەشی ناو هەموو کوردی ، لە پاڵ ڕەگەزی تاقە دیالێکتێکی کوردی کە تێدا دیار بێ .))﴿46 : 27﴾

---

[1] - بە پلەی یەکەم کوردی ، ئینجا فارسی و پاشان عەرەبی ، هەروەك نالی دەڵێت :

ئیستیطاعە و قووەتی طە بعم ، بە کوردیی و فارسیی

عـارەبیی ، ئیظهـاری چـالاکی یـو چەسـپانیی دەکـا ﴿76 : 104﴾

لە ڕووی کاریگەری زمانی عەرەبییەوە " لە ناو دیوانی شاعیرە کلاسیکیەکاندا ژمارەیەکی زۆر وشە و گوزارشتی عەرەبیمان بەرچاو دەکەوێت کە جاری وا هەیە لە ناو شیعرێکدا ژمارەی وشە عەرەبیەکان لە وشە کوردیەکان زیاترە ، بە تایبەتی لە شیعرە ئاینییەکاندا ، بەڵام هەموو ئەم وشە و گوزارشتانە لە چوارچێوەی یاساکانی زمانی کوردی دا دانراون ، لە لایەنی فۆنۆلۆجیشەوە ، هەندێ دەنگ لە وشە عەرەبییەکاندا هەیە لە کوردیدا نییە و بە دەنگی تر گۆ دەکرێت ، وەك دەنگی (چ ، ڤ ، ژ) کە بە (ز) گۆ دەکرێ و دەنگی (پ) بە (س) .. ئەمانە هیچ لە واتای وشەکان و مۆسیقایان ناگۆڕێت و هیچ پێویست ناکات خوێنەرێکی کورد بەهەمان شێوە عەرەبییەکە بیانخوێنێتەوە . لە رووی مۆرفۆلۆجیشەوە (بۆ نموونە) لە هیچ شوێنیکدا بەرچاو ناکەوێت کە جیاوازی لە نێوان (نێر) و (مێ)دا بکرێت، بەو پێیەی لە دیالێکتی خوارووا ئەم جیاوازییە ناکرێت .. بەڵام یاسا سینتاکیسیەکانی زمانی کوردی ، هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە لە ژێر ئەم کارگەرییەدا، بۆ نمونە بەشە سەرەکییەکانی ڕستەی کوردی " کە بەم شێوەیە ڕیز دەبن " (بکەر + بەرکار + کار) ، (کار)ەکە کە نەهێنراوەتە پێشەوە " وەك لە عەرەبیدا وایە ، ئەگەر پاش و پێشێك لە بەشەکانی ناو ڕستەدا لە شوێنێکدا کرابێت ، ئەوە پەیوەندی بە پێویستی شیعرییەوە هەیە و دیاردەیەکی ئاساییە لە زمانی شیعرییدا و بە هیچ شێوەیەك پەیوەندی بە کاریگەری زمانی عەرەبییەوە نییە . هەر لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا " سەرنج دەدرێت کە وشە عەرەبیەکان بەزۆری (ناو) و (ئاوەڵناو)ن ، و (کار)ی عەرەبی بەکارنەهێنراوە ، ئەگەر بەکاریش هاتبێت لەگەڵ فرمانێکی یاریدەدەری کوردیدا (کردن ، بوون) فرمانێکی لێکدراویان دروست کردووە .. با سەرنجێك لەو غەزەلەی نالی بدەین ، کە بەم دێڕە دەست پێدەکات :

دەروونی لدار الـ(شارزور) و بردە

کفرمیسك گرم الی آو سردە ﴿76:401﴾

دەبینین لێرەدا نالی بە پێچەوانەوە ویستوویەتی وشەی کوردی لە ناو چوارچێوەی یاساکانی زمانی عەرەبیدا دابڕێژێت ، ئەمەش لە هەر سێ ئاستەکەدا دەردەکەوێت "لە ئاستی فۆنۆلۆجیدا ، ئەو نیشانانەی لەسەر وشەی عەرەبی دادەنرێن و لە کاتی خوێندنەوەدا دەنگ و واتای وشە دەگۆڕن ، بەکاری هێناوە " وەك (وەردەتەن = وردە ، جووتەن = جوتا ، ... هتد) ، کە زۆربەی وشەکان کوردین ، بەڵام بە پێی یاسای زمانی عەرەبی (نصب) یان (فتح) یان (رفع) یان (تنوین) ... ی کردوون ، بە پێی پێویستی ئەو پێکهاتەیەی لە ڕستەکەدا هەیانە ، یان (اداه النصب) کەوتووەتە پێشیان ، یان هەر (ئامراز)ێکی تر .. ، کە ئەمەش ئاستە مۆرفۆلۆجییەکە پێشان دەدات .. هەرچی ئاستی سینتاکسیشە "ئەگەر وشە کوردییەکان بکەینە عەرەبی دەبنە ڕستەیەکی عەرەبی ، بە پێی یاسای (کار + بکەر) ..

ڕەنگە نالی ئەم شیعرەی تەنیا بۆ مەبەستی داهێنانێکی هونەری نوێ لە زمانی شیعرییدا نووسیبێت ، لەوانیشە بۆ مەبەستی خۆشی گەیاندن و چێژ بەخشین بێت ، دەشبێت ئەم تێکشکاندنەی زمانە شیعرییەکەی (یان زمانە کوردییەکەی) ڕەنگدانەوەی ڕووخانی دەروونی بێت ، بەهۆی تاسەی دووری لە وڵات و خۆشەویستانی .

ئەگەر کاریگەری زمانی عەرەبی لەسەر زمانی کوردی ، یاسا تایبەتییەکانی زمانی کوردی تێك بشکاندایە ، ئەوا هەموو شیعرە کلاسیکییەکان دەبووایە وەك ئەو شیعرەی نالی بوونایە ! ..

بەڵام کاریگەری زمانی فارسی لەسەر زمانی شیعری کلاسیکی کوردی سنووری زیاتری بەزاندووە ، تەنیا لە ئاستی لێکسیکۆلۆجیدا نەماوەتەوە ، بە ڵکو هەندێ دیاردەی مۆرفۆلۆجیشی گرتۆتەوە ، بۆ نموونە " مۆرفێمی (ها) لە فارسیدا بۆ (کۆ) بەکاردەهێنرێت ، کە لە هەندێ شیعری کلاسیکیدا بەرچاو دەکەوێت ، بە تایبەتی لە شیعرەکانی (سالم)دا ، بۆ نموونە :

لە ئەسلا بانی ی ئەم کارە کاسبهای شەهـــری بوون

له ئه‌مری فیتنه ئه‌نگێزا سەراسەر میپلی مەردانن ﴿28 : 107﴾

(کاسبهای شه‌هری) واته (کاسبکارانی شار) .

هەروەها مۆرفێمی (ا) له کۆتایی وشەدا ، که له فارسیدا بۆ هاوار و دادکردن و حەسرەتکێشان بەکاردێت " (سالم) دەڵێت :

له زوڵمی چەرخی چەپگەردش درێغا حەســــــرەتا دادا
به مەیلی ((سالم))ی بێکەس گەلێ کەس وێڵی شارانن
﴿28 : 107﴾

وشەکانی (درێغا) ، (حەسرەتا) ، (دادا) ، بۆ حەسرەتکێشان بەکارهێنراون ، واته (ئەی درێغ) (ئەی حەسرەت) ، (ئەی داد) ! ..

هەرچەنده کاریگەری زمانی تورکی لەسەر شیعری کلاسیکی کوردی لەچاو (عەرەبی) و (فارسی) کەمتره ، بەزۆری له سنووری لێکسیکۆلۆجیدا ماوەتەوه ، کەم دیاردەی مۆرفۆلۆجی وا دەبینرێت ، که کاریگەری تورکی پێوه دیار بێت ..

کەواته کاریگەری ئەو سێ زمانه دراوسێیه (عەرەبی و فارسی و تورکی) ، زۆر به ئاشکرا له شیعری کلاسیکی کوردیدا دەبینرێت ، کاریگەریەکەش زیاتر له بواری لێکسیکۆلۆجییدایه " هەر زمانێکیش به ڕادەیەك ئەم کاریگەرییەی هەبووه .. ئەمه جگه لەوەی " که شاعیرانی کلاسیکی کوردی شیعری تایبەتییان هەیه بەو زمانانه ، یاخود له هەندێ هونەری شیعری وەك (تەلمیع) و (تێهەڵکێش) ، دێڕه شیعر یان لەته شیعری خۆیان ، یان هی شاعیری تر بەو زمانانه ، تێکەڵ به شیعرەکانی خۆیان کردووه " تەنانەت هەندێ شاعیر شیعریان به زمانی جگه له کوردی ئەوەنده زۆر بووه ، له بەشێکی دیوانەکەیاندا جیاکراونەتەوه " وەك نالی دەڵێت :

فارس و كورد و عەرەب هەرسێم بە دەفتــەر گــرتووە

((نالی)) ئەمڕۆ حاكمی سێ مولكـــە ، دیـــوانی هـــەیە ! ﴿76 : 577﴾

هەروەك چۆن كاریگەری ئەو سێ زمانە لە شیعری كلاسیكی كوردی بە ڕادەی جیاجیا بووە ، لە هەر شاعیرێكی دیاریكراویشدا كاریگەری زمانێكیان زیاتر هەستی پێ دەكرێت ، وەك دەردەكەوێت (نالی) زیاتر بە عەرەبی و (سالم)یش بە (فارسی) كاریگەر بوون ، بەڵام (كوردی) زمانە شیعرییەكەی لە هەردووكیان زیاتر لە وشەی بێگانە بژار كردووە " (حاجی قادری كۆیی) لە شیعرێكیدا ، بەم شێوەیە ئاماژە بە پاراوی زمانی شیعریی (كوردی) دەكات:

شەهسواری بەلاغەتی كوردان
یەككەتازی فەصاحەتی بابان
مستەفایە تەخەللوسی كوردی
غەزەلی كردە بەربوتی كوردی ﴿19 : 219﴾

دیارە (كوردی)ش ئەم زمان پاراوییە لە شیعرەكانیدا ، بەمەبەست ئەنجامی داوە ، بۆیە دەڵێت:

دوڕ و یاقووت دەبارێ لەم كەلامە شیرینەی (كوردی)
خووا سا كـوا لە دونیـــادا قـــەدرزانێ خەریدارێ ﴿76:60﴾

شاعیرانی دەستەی دووەمی ئەم قوتابخانەیە " یاخود پەیڕەوكەرانی (نالی) و (سالم) و (كوردی) ، هەر ئەو زمانە شیعرییە تێكەڵەی ئەوانیان بەكارهێنا ، لەگەڵ بوونی تایبەتیەتی هەر شاعیرێك ، بەڵام لەلای شاعیرانی كلاسیكی كۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا ، بە تایبەتی

لەلای شاعیرێکی وەکو (حاجی) ، لە ژێر کاریگەری بیری نەتەوایەتییدا زمانەکەیان پاکتر بووەتەوە و لە زمانی میللی و خەڵکی سادە نزیکیان کردۆتەوە " ئەمەش لە پێناوی ئەوەی شیعر بکرێتە پەیامێك بۆ هۆشیارکردنەوە و وروژاندنی بیری نەتەوەیی لە ناو چین و توێژەکانی میللەتدا . (حاجی) بە ئاشکرا لە شیعرەکانیدا باسی بژارکردنی زمانە شیعرییەکەی دەکات ، بە تایبەتی لە وشەی (فارسی) و (عەرەبی) ، کە لە شیعری شاعیرانی پێش خۆی زۆر بەکارهاتوون :

بەڵام ئەفکاری خۆمە نەظمی کوردی
لە خومخانەی خەیاڵی صاف و وردی

عیباراتی (دەری)و (تازی)م نەهێنا
دەزانێ ماڵی خۆمە مەردی دانا ﴿243:19﴾

حاجی ئەوەندە شانازی بە زمانە پاراوەکەی خۆی دەکات ، تەنانەت (نالی) و (کوردی)ش دەکاتە (ناڵ) و (تۆزی پێ)ی ئەسپەکەی " لە کاتێکدا (وەك خۆی لە شیعرەکانیدا ئاماژەی بۆ دەکات) (نالی) دامەزرێنەری ئەو زمانە شیعرییە و (کوردی)ش زمانێکی کوردی پاراوی بەکارهێناوە لە شیعرەکانیدا :

بەجێما (نالی) وەك ناڵی ، بە پاش کەوت (کوردی) وەك گەردی
کە (حاجی) غاری دا ئەسپی لە مەیدانی سوخەندانی ﴿19 : 173﴾

بەڵام وا دیارە (حاجی) لەم ڕەخنەیەی پەشیمان بووەتەوە ، یاخود هەستی بەوە کردووە کە شیعرەکانی ئەویش کۆن دەبێ و زمانی شیعری کوردی پاراوتر دەکرێتەوە :

ئەتۆ ماوی لە نوقادی ویلایەت
ئەوانی تر هەموو بوونە حیکایەت

ئــەگــەر (نالی) بــوو لێــرە نــاڵی ئاوێت
دڵی کوردی بــووە گــەردێ لــەبــەرپێــت
منیش کاتێ دەزانی پێم هــەڵــەنـگــوت
ئەجەل بای صەرِ صەرِە ئێمەش پەرِپووت ﴿19:244﴾

## لە ڕووی وێنەی شیعرییەوە :

وێنە شیعرییەکان لە شیعری شاعیرانی ئەم قوتابخانەیەدا ، هەروەك لایەنە هونەرییەکانی تری شیعر (کێش و سەروا و ڕەوانبێژی و ... هتد) ، بەزۆری قالبی ئامادەکراو بوون و سەرچاوەکەشیان هەر ئەو ڕۆشنبیرییە بوو ، کە لە کلتووری ئیسلامی ڕۆژهەلاتی یەوە وەرگیرا بوو ، بەلام لە پاڵ ئەم سەرچاوە دەوڵەمەندەدا سەرچاوەی تریش هەبوون ... ،بە کورتی سەرچاوەکانی وێنەی شیعری کلاسیکی دیالێکتی خواروو ئەمانەی خوارەوەبوون:

### أ ) - *سەرچاوەی خودی* :

((هەر ئەزموونێك.. وێنەیەکی نوێ بخاتە ڕوو بە سەرچاوەیەکی خودی لە قەڵەم دەدرێت . ئەو وێنانەی کە شتە پەنهانەکانی دەروون یاخود گەردوونیش دەخەنە بەر دەس بە وێنەیەکی سەرچاوەی خودی لە قەڵەم دەدرێ ، چونکە بەبەرجەستەکردنی هەست و سۆز و مەشاعیری شاعیر دادەنرێن .)) ﴿29 : 279﴾" واتە مەبەست لە سەرچاوەی خودی ، تێڕوانینی تایبەتی شاعیرە بۆ ئەزموونەکان " لەبەر ئەوەشە گرنگی ئەرکی شاعیر بەوە دیاری دەکرێت " کە تا چ ڕادەیەك ئەزموونە دەرەکییەکان بۆ ئەزموونی ناوەکی (یان شیعری) وەردەگێڕێت . شیعری کلاسیکی ئەم ماوەیەش لەو سەرچاوەیە بێبەش نییە و شاعیران توانیویانە وێنەی نوێ لە ئەزموونە سروشتی و تاکە کەسییەکانی خۆیاندا هەڵبهێنجێنن ، بۆ

نموونە با سەرنجێك لەم دێڕە شیعرەی (نالی) بدەین ، سروشت دەكاتە سەرچاوەی دروستكردنی وێنەیەكی شیعریی ، كە گوزارشت لە خەمی خۆی و خۆشی یارەكەی بكات :

گریانی من و خەندەیی تۆ ئێستە دەشوبهێ

بەو مەوسیمی بارانە كەوا خونچە دەپشكووت

﴿153: 76﴾

كۆمەڵێك لێكچواندن ئەم وێنەیەیان دروست كردووە ، بەم شێوەیە :

وێنەی ڕاستەوخۆ : گریانی من وەكو بارانی (بەهار)ە . (هەرچەندە بەهار دیار نییە و بە ناڕاستەوخۆ ئاماژەی پێدراوە : بەو مەوسیمی ...) .

وێنەی ناڕاستەوخۆ: من وەكو بەهارم " بارانی بەهار دەبێتە هۆی پشكووتنی خونچە و گریانی منیش دەبێتە هۆی خەندەی تۆ " واتە ڕووی لێكچوونیان (گریان و باران) ە .

وێنەی ڕاستەوخۆ : خەندەی تۆ وەكو پشكووتنی غونچەیە .

وێنەی ناڕاستەوخۆ : تۆ وەكو غونچەیت " تۆ بەگریانی من پێدەكەنیت (خەندە) ، غونچەیش بەبارانی بەهار دەپشكوێت . واتە ڕووی لێكچوونیان (خەندە و پشكووتن) ە .

كەواتە لە پشت وێنە ڕاستەوخۆكان ، وێنەی ناڕاستەوخۆ هەن " كە مەبەست و واتا ڕاستەقینەكانی شاعیر لەوێدا خۆیان حەشارداوە .

پاشان با لەم وێنە شیعرییەی (سالم)یش وردبینەوە ، كە هەمان سروشتی كردۆتە كەرەستەی وێنە شیعرییەكەی :

چوار فصلی لە هەر فصلی بەیەكدەم وا لەلای ((سالم))

بەهار ئەشك و خەزان ڕەنگ و زمستان ئاه و دڵ هاوین

﴿28: 95﴾

لە ئەزموونی سروشتی وەرزەکاندا سالم توانیویەتی وێنەیەکی نوێ پێك بهێنێت و گوزارشت لە ئالۆزی باری دەروونی خۆی بکات ، هەرچەندە شاعیرانی پێش سالمیش هەولیان داوە ئەم گوزارشتە بکەن ، بەلام ئەم وێنەیەی (سالم) لەم دێرە شیعرەدا دروستی کردووە نوێیە و تایبەت بە تێڕوانینی خۆیەتی بۆ بارە دەروونییەکەی لەلایەکەوە و بۆ نزیکی سیفەتی هەریەك لە چوار وەرزەکەی ساڵ ، لەلایەکی ترەوە . (سالم) لەم وێنەیەدا ، لە هەر وەرزێك و سیفەتێکی وەرگرتووە و لەگەڵ خۆیدا چواندوویەتی و هەموو وەرزەکانی لە یەك کاتدا لە خۆیدا کۆکردۆتەوە تەنیا ئەو سیفەتانەیشی وەرگرتووە ، کە خەمبارییەکەی خۆی پێ گوزارشت بکات ، لێکچوواندنەکانیش بەم شێوەیەن :

- ئەشك (فرمێسك) وەك (بارانی) بەهارە .
- ڕەنگ وەك (زەردی) خەزانە .
- ئاه وەك (بای ساردی) زستانە .
- دڵ وەك (گڕەی) هاوینە .

## ب ) - سەرچاوەی بابەتی :

هەموو ئەو سەرچاوانانەن جگە لە ئەزموونی تایبەتی شاعیر ، بەلام ئەم سەرچاوانەیش دووبارە تێکەڵ بە ئەزموونی (یان تێڕوانینی) تایبەتی شاعیر دەبنەوە " لەوانەیش :

**1 - سەرچاوە ئاینییەکان** " بە تایبەتی (قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر و سەربردەی پێغەمبەران " وەك لە قورئاندا باسکراون) .

لە شیعری شاعیرانی ئەم سەردەمەدا ، بە شێوەیەکی بەربلاو ئەو وێنە شیعریانەمان بەرچاو دەکەوێت ، کە زۆربەیان وەك قالبێکی ئامادە وەرگیراون ، بەبێ هیچ زیادکردنێکی

تایبەتی شاعیر خۆی ، جاری وا هەیە (ئایەتێکی قورئانی) یان (وشەیەك لە ناو ئایەتێکدا) وەك ئاماژەیەك لەناو شیعرەکەدا بەکاردەهێنرێ ، (حاجی) لەم دێڕەدا دوو گوزارشتی بەکارهێناوە ، کە یەکێکیان ئاماژەیە بۆ فەرموودەیەکی پێغەمبەر(حەدیسی قودسی) و ئەوی تریشیان ئاماژەیە بۆ ئایەتێکی قورئانی :

خەڵاتی عیززەتی (لولاك) و تاجـــی (أرسلناك)

بەسە پەنایی حەلال و کەمالی خـولقی عەظیم ﴿81:19﴾

گوزارشتی (لولاك) ئاماژەیە بە حەدیسێکی قودسی : ((یا محمد و عزتی و جلالی لولاك ما خلقت أرچی و لا سمائی ..)) ﴿156 : 357﴾ " خوا ڕوو لە پێغەمبەر(محمد) دەکات و دەڵێت : (ئەگەر تۆ نەبوویتایە ئەم گەردوونەم نە دەخولقاند) " تیایدا دووجار (ئەگەر تۆ نەبوویتایە)دووبارە دەکاتەوە ، ئەمەش بۆ دووپاتکردنەوەیە . هەروەها گوزارشتی (ارسلناك)ئاماژەیە بۆ ئایەتی (107)ی سورەتی (الانبیاو) : ((و ما أرسلنك إلا رحمە للعالمین)) ئەم ئایەتەیش هەر بۆ ستایشی پێغەمبەرە " واتە : (ئێمە تۆمان تەنیا بۆ سۆز و میهرەبانی خەڵك ناردووە) ، (حاجی) لەم دێڕەدا " لە ستایشی پێغەمبەری ئیسلامدا ، فەرموودەکانی خوای کردۆتە مەزنترین بەڵگە بۆ شکۆمەندی و تەواوەتی و بێ کەموکوڕی پێغەمبەری ئیسلام (محمد) . وەك دیارە (حاجی) لەم وێنە شیعرییەدا ، وەك قاڵبێکی ئامادە فەرموودەکانی وەرگرتووە و هیچ زیادەیەکی خۆی نەخستۆتە سەر .

زۆرجاریش شاعیران وێنەی نوێ لەو دەقانەوە سازدەکەن ، کە پەیوەندی بە ئەزموونی تایبەتی خۆیانەوە هەیە . (سالم) لەم دێڕە شیعرەدا داوای بینینی یارەکەی دەکات ، ئەگەر ڕازیش نەبێت ، هەر بەتەنیا وەڵامێکی بداتەوە بەسە بۆ ئەم " ئەگەرچی ئـەم وەڵامـە ڕەتکردنەوەش بێت . سالم بۆ پێکهێنانی ئەم وێنە شیعرییە ، سوودی لە ئایەتێکی قورئان وەرگرتووە :

لەقا ﴿لیقا ﴾ خواهیش دەکەم دایم کە بنوێنیٚ وەلیٚ ناچار

رچام حەرفیٚ لە جوابت بشنەووم با (لن ترانی) بیٚ ﴿28: 141﴾

گوزارشتی (لن ترانی) ئاماژەیە بۆ ئایەتی (143)ی سورەتی (الاعراف) : ((و لما جاء موسی لمیقتنا ، و کلمە ربە ، قال رب أرنی انظر الیك ، قال لن ترانی)) "کاتێك (موسا) داوای بینینی خوای کردووە ، خواش بە (لن ترانی) وەڵامی دەداتەوە " واتە (ناکرێت ببینیت) ..

بەهەمان شێوە " لە هەندیٚ شیعردا ئاماژە بە فەرموودەکانی پێغەمبەر دەکەن و وێنەی شیعری لیٚ دروست دەکەن ، وەك لەم دێڕە شیعرەی (مەحوی) دا دەردەکەوێت :

هەم دەمکوژێت و دین و دڵێشم دەبا ، دەڵیٚ

من (من قتل) ، ئەمیشە قەتیلم ، (لی السلب) ﴿67:49﴾

واتە : ((یار منی کردووە بە کافری جەنگی ، وەك چۆن لە حەدیسی پێغەمبەردا دەفەرموێت (من قتل قتیلا فلە سلبە) واتە هەر کەس کافرێکی لە جەنگدا کوشت ، کەل و پەلەکەی بۆ ئەوە ، ئەمیش دەیەویٚ بشمکوژیٚ و دین و دڵێشم بە تالآن بەریٚ .)) ﴿67 : 49﴾، مەحوی لەم فەرموودەیەی پێغەمبەرەوە وێنەیەکی تازەی دروست کردووە و بە ئەزموونی تایبەتی خۆی تێکەڵ کردووە .

هەندێجاریش شاعیر وشەکانی ناو ئەو ئایەتە (یان فەرموودەیە)وەردەگرێت ، بەڵام بە شێوەی دەقاودەق بەکاری ناهێنێت ، بەڵکو وەك وشەیەکی بەکوردیکراو ، لەگەڵ وشەکانی تری ناو دێڕە شیعرەکە ، پەیوەندییەکی سینتاکسی پتەو لە نێوانیاندا دروست دەکات ، بەڵام ئەو کەسەی ئەو ئایەتە (یان فەرموودەیەی)بیستبێت ، شیعرەکە دمێتە ئاماژەیەك بۆی "بۆ نموونە نالی لەم دێڕە شیعرەدا ئاماژە بە فەرموودەیەکی پێغەمبەر دەکات : ((ان من الشعر لحکمە و ان من البیان لسحرا)) ﴿104 : 1235﴾:

((نالی)) نییەتی سیحری بەیان ، حیکمەتی شیعرە

ئەمما نییەتی قووەتی دڵ ، قودرەتی ئینشـــــــا ﴿76 : 78﴾

بەڵام جاری وا هەیە شاعیر ڕاستەوخۆ وشە و گوزارشتی ناو قورئان و فەرموودەکان وەرناگرێت ، بەڵکو واتاکەی وەردەگرێت و تەوزیفی دەکات ، بۆ نموونە (مەحوی) لەم دێڕە شیعرەدا لە واتاکەیدا دەردەکەوێت " کە ئاماژەیە بە فەرموودەیەکی پێغەمبەر ، بەڵام هیچ وشە و گوزارشتێکی ڕاستەوخۆی لێوە وەرنەگرتووە :

با زۆری بێ بە کەم مەگرە ئاهی بێ کەسان

بەم سروە بایە عەرشی خودا دێتە ئیهتیزاز ﴿67 : 136﴾

واتە بە چاوی سووکەوە مەڕوانە ئێش و ئازاری هەژار و بێ کەسەکان ، چونکە هاواری ئەوان دەگاتە بارەگای خودا ، هەروەك (مەلا عبدالکریم) لە دیوانەکەدا لێکی دەداتەوە ، ئەم دێڕە شیعرە ئاماژەیە بۆ ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر کە دەڵێت : ((عرش الرحمن یهتز لبکاء المظلومین))[1] .

لە قورئاندا چەندین چیرۆکی مێژوویی ئاینی تێدایە ، باس لە ژیان و موعجیزەکانی پێغەمبەرەکان دەکات ، شاعیرانی کلاسیکی سوودێکی زۆریان لەم چیرۆکانە وەرگرتووە بۆ پێکهێنانی وێنە شیعرییەکانیان ، هەر بۆ نموونە ، دوو موعجیزەی حەزرەتی مووسا ، کە لە قورئاندا باسکراوە ئەوانیش :

یەکەمیان " کاتێك حەزرەتی مووسا داوا لە خودا دەکات ببینێت ، خواش دەڵێت : ناتوانی ببینیت ، بەڵام حەزرەتی مووسا سوور دەبێت لەسەر داواکەی ، خوایش کێوی

---

[1] - لە پاش گەڕانێکی زۆر بە دوای ئەم حەدیسەدا , لە هیچ سەرچاوەیەك نەماندۆزییەوە " لەبەرئەوە تەنیا ئاماژەمـان بە لێکدانەوەی ناو دیوانەکە کرد .

(توور)ی پیشان دەدات و تەنیا تیشکێکی خۆی بۆ دەردەخات و کێوەکە دەسووتێ و دەتوێتەوە .

دووەمیشیان " حەزرەتی مووسا و هاوڕێکانی لە لایەن داروودەستەکەی فیرعەونەوە ڕاو دەنرێن ، دەگەنە (دەریای فیرعەون) و دەریاکە دەبێتە دوو کەرت و مووسا و هاوڕێکانی پیایدا دەپەڕنەوە ، بەڵام کاتێك سەربازانی فیرعەون بە دوایاندا دێن دەریاکە نوقومیان دەکات.

نالی توانیویەتی لەم دوو موعجیزەیەوە وێنەیەکی کاریگەر لەم دێڕە شیعرەدا دروست بکات :

بە ئاوی چاو و ناری دڵ جەسەد وەك حەزرەتی مووسا

تەریقی بەحری فیرعەون و ڕەفیقی ئاتەشی توورە

﴿77 : 94﴾

نالی لەم دێڕەدا ، لاشەی خۆی (نەك گیانی) دەچووێنێت بە مووسا ، لێکچوونی نێوانیشیان لە دوو ڕووەوەیە : لە لایەکەوە جەستەی نالی کەوتۆتە ناو دەریای فرمێسکی خۆی و ناشخنکێت ، لە مەدا وەك مووسایە کە لە ناو دەریاکەدا بوو نەشخنکا ، لە لایەکی تریشەوە دڵی پڕە لە ڕووناکی ئاگر و کەچی ناسووتێت ، هەروەك حەزرەتی موسا چۆن تیشکی ڕووناکی خودای بینی کێوی توور دەسوتێنێت ، نالیش ئاوا دڵی بە بینینی تیشکی یارەکەی ڕووناك بۆتەوە (یان سووتاوە) و ناشمرێت .

**2 - سەرچاوەی ئەدەبیاتی دراوسێ** (بە تایبەتی فارسی) " ئەمەش لە لێکۆڵینەوەی ورد و زانستی بەراوردکارییدا دەردەکەوێت ، کە شاعیرانی ئەو قوتابخانەیە لە دروستکردنی وێنەکانیان بە وێنەی شیعری چ شاعیرێکی فارسی کاریگەر بوون ، زیاتریش بەم شاعیرە فارسیانە کاریگەر بوون : (حافزی شیرازی ، سەعدی شیرازی ، مولانا جلال الدین رومی =

مولوی ، کەلیم کاشانی ، صائبی تبریزی ، ..) ، بە تایبەتیش بە (حافظ، وەك لە تێهەڵکێش کردنی یەکەم غەزەلی دیوانەکەی (حافظ) دا دەردەکەوێت " کە بەم دێڕە شیعرە دەست پێدەکات :

ألا یا ایها الساقی ادر کأسا و ناولها

کە عشق آسان نمود اول ولی افتاد مشکلها ﴿203 : 13﴾

یاخود وەرگرتنی چیرۆکەکانی ناو (شانامەی فیردەوسی) ، یان چیرۆکە دلداریيەکانی وەك (فەرهاد و شیرین) ، (لەیلا و مەجنوون) " وەك ئەم شیعرەی نالی :

سەری فەرهادم و دەندووکی قولنگ

دەستی مەجنوونم و دامێنی چیا ﴿76 : 127﴾

یان دەڵێت : ((نالی)) یا بێ هیممەتیی تاکەی بەدەست میحنەتتەوە

فاتیحی یو رۆستەماسا ، صاحیبی تیغ و عەلەم

﴿76 : 311﴾

**3 - سەرچاوەی ئەدەبیاتی خۆماڵی** ، چ نووسراو بێت (کە لە دوای نالی یەوە هەستی پێدەکرێت) ،

چ ئەدەبی میللی و فۆلکلۆر بێت " وەك چیرۆك و پەند و قسەی نەستەق و ... هتد " بە گشتی ئەم سەرچاوەیە لە شیعری کلاسیکیدا کەم پشتی پێ بەستراوە و وێنەی شیعری لێدروستکراوە .

هەندێجار شاعیر پەندێکی کوردی وەردەگرێ و وێنەیەکی شیعری لێ دروست دەکات ، حاجی دەڵێت :

تەنبەڵی کاری حیيز و بێ خێرە

دەستی ماندی لەسەر زگی تێرە ﴿187:19﴾

ئەمە کاتێك پەندەکە بە ڕاستەوخۆ وەربگیرێت ، بەڵام هەندێجار شاعیر بە شێوەیەکی تر خۆی دایدەڕێژێتەوە ، بەڵام سێبەری پەندەکە (یان دەقە فۆلکلۆرییەکە) لە ناو وێنە شیعرییەکەدا دەبینرێت ، هەروەك لەم دێڕە شیعرەی (حەمدی)دا دەردەکەوێت :

بە نادانی مەگەر جارێ بدا یەك مشتەری تەفرە

ئیتر بوڕڕا نی یە تێغی قسەی سەوداگەری کازیب ﴿20 : 215﴾

لە پەراوێزی دیوانەکەدا بەم شێوەیە لێکدراوەتەوە : ((ئەگەر پیاوی درۆزن وادەیەکیش بدات بە کەسێك تا سەر نییە، چونکە هەروەکو خەڵکی ئەڵێن : (تیغی درۆزن شت نابڕێت) .)) ﴿20 : 215 ﴾" ئەم وێنە شیعرییە لەسەر بنەمای (درکە) بنیاتنراوە ، لە وێنەکە بە ڕووکەش) فرۆشیار و کڕیار دەردەکەون " قسەکانی (یان زمانی ، یان بەڵێنەکانی) فرۆشیار بە (تیغ)ێك چوێنراوە ، کە تەنیا جارێك توانای بڕینی هەیە و ئیتر کول دەبێت و کاریگەریی نامێنێت . بەڵام لە ژێر وشەکانەوە واتایەکی تر هەستی پێ دەکرێت ، کە شاعیر مەبەستی بووە " کە ئەویش بەڵێنەکانی دوژمنانی ئەو کاتە بووە بۆ تەفرەدانی کورد ، لە دێڕە شیعرەکەدا (مشتەری) ئاماژەیە بۆ کورد و (سەوداگەری کازیب)یش ئاماژەیە بۆ (دوژمن) !.

دەشێت شاعیرێك لە ژێر کاریگەریی وێنەیەکی شیعری شاعیرێکی تردا ، وێنەیەکی نوێ دروست بکات ، بەڵام کاتێك لێیَ ورد دەبیتەوە ، وێنە شیعرییەکەی تر دێتەوە یادت ، بۆ نموونە " ئەگەر سەرنج لەو غەزەلەی (سالم) بدەین ، کە بەم دێڕە دەست پێ دەکات :

لە سینەمدا سەدای نالینە بێ تۆ دڵی زارم بەسی غەمگینە بێ تۆ

﴿113 : 28﴾

چ وەك وێنەیەكی گشتی شیعرەكە ، كە (باری خراپی شاعیرە بەبێ یار) ، چ لە وێنە تاكەكانی ناو دێڕەكانی غەزەلەكە ، بە تەواوی ئەو غەزەلەی (نالی)مان دەهێنێتەوە یاد ، كە ئەمە سەرەتاكەیەتی :

دەروونم پڕ كەباب و دەردە بێ تۆ
دڵم گەرمە و هەناسەم سەردە بێ تۆ ﴿379:76﴾

جگە لە وێنە گشتی یەكە (یان كەشی گشتی هەردوو وێنە شیعرییەكە) كە زۆر لە یەكەوە نزیكن ، ئەم وێنە تاكانە (یان پێكهێنەرانە) لە ناو هەردوو غەزەلەكەدا وەكو یەك (دووبارە دەبنەوە) :

(گەرمی دڵ ، هەناسە ساردی ، لیباسی (ماتەمی) و شین ، سریشكی سوور (قرمز) ، ڕەنگی (ڕووخی) زەرد) ، بەڵام سالم هەموو وێنەكانی كتومت وەرنەگرتووە ، و لە هەندێكیاندا مامەڵەی تایبەتی خۆی لەگەڵدا كردووە و وێنەی نوێی لێ دروست كردووە ، بۆ نموونە (نالی) دەڵێت : (دڵم گەرم و هەناسەم سەردە بێ تۆ) ، هەرچەندە سالم هەر دڵی گەرم و هەناسەی ساردی وەرگرتووە ، بەڵام وێنەیەكی تری لێ دروست كردووە :

هەناسەی سەردی من دێنێ زومستان
گڕەی گەرمی دڵم هاوینە بێ تۆ ﴿28 : 113﴾

هەناسەی ئەوەندە ساردە زستان دروست دەكات ، دڵیشی ئەوەندە گەرمە وەكو گڕەی هاوینە " هەناسەی بە بای زستان و دڵیشی بە گڕەی هاوین چواندووە .

**4 - سەرچاوەی مێژوویی** " بەو پێیەی كە مێژووی كورد لەو سەردەمەدا بە نووسراوی نەبوو (یان دەست نەدەكەوت) ، لەبەرئەوە ئەو ڕووداوە مێژووییانەی كە شاعیرەكانی ئەو كاتە خۆیان تێیدا ژیاون ، لە شیعرەكانیاندا تۆماریان كردووە و بووەتە سەرچاوەی وێنە شیعرییەكانیان .

گرنگترین ڕووداوی ئەو ماوەیەش ڕووخانی میرنشینی بابانە لەلایەن عوسمانییەکانەوە ، زیندووترین وێنەی ئەم کارەساتە لە (دووچامەکەی نالی و سالم)دا دەردەکەوێت ، جگە لەوە سالم لە چەند شیعرێکی تردا چەندین وێنەی شیعریی تۆمار کردووە " کە گوزارشت لەو ڕووداوە خوێناوییە دەکەن . ﴿28 : 66 ، 97 ، 102 ، .. ﴾" (حەمدون)ی شاعیریش وێنەی ڕووداوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی لە قەسیدەیەکی درێژدا کێشاوە ، لەگەڵ ئەوەی نابیناش بووە ، بەڵام هەروەك بە فۆتۆگراف ئەو وێنانەی گرتبێت وایە ﴿42 : 21 – 23﴾ ، ڕووداوەکانی سەردەمی شێخ مەحموودیش لە شیعرەکانی (حەمدی)دا بوونەتە سەرچاوەی چەندین وێنەی شیعریی .. هەروەها مێژووی نەتەوە ئێرانییەکانی پێش ئیسلام و دوای ئیسلام و ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی " لە شیعرەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە " (سالم) دەڵێت:

معجزەی یاری پەری چیهرە دڵارامم دەکا

ئاوی ساوە ، تاقی کیسرا ، ئاگری زەردەشت فەنا

﴿ 40 : 28﴾

**5 - سەرچاوەی گشتی مرۆڤایەتی** " جا چ مێژوو بێت یان فەلسەفە ، یان هەر بوارێکی تر بێت ، ئەگەر چی ئەم جۆرە سەرچاوەیەی وێنەی شیعری لە لای شاعیرانی سەرەتای سەربەم قوتابخانەیە لە ناو نەتەوە دراوسێ و موسڵمانەکاندا سنووردارە ، بەڵام لە لای شاعیرانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم سنوورەکەی فراوانتر بووە.

لە لای شاعیرانی بناغە دانەری قوتابخانەکە " بە دەگمەن ناوی وەك (ئەفلاتوون) یان (ئەرستۆ) یان (ئەسکەندەری مەقدۆنی) بەرچاو دەکەوێت و بوونەتە پێکهاتەیەك لە پێکهێنانی وێنەیەکی شیعرییدا " بۆ نموونە (سالم) بەو پێیەی وەك مەلایەکی خوێندەواری ئەو کاتە ، یەکێك لەو زانستانەی خوێندوویانە (زانستی لۆژیك) بووە ، لەبەرئەوە فەیلەسووفێکی

وەك ئەرستۆی ناسیوە و لەم دێڕە شیعرەدا وێنەیەکی شیعری لێ دروست کردووە " ئەگەرچی بەقەدەر ئەرستۆش زانا بێت، لەبەردەم وەسف کردنی دەمی یارەکەیدا خۆی بەنەزان دادەنێت:

دەمی وەسفی دەمی تیغت دەلەرزم          ئەرستوو بم لە ئیدراکی علووما

﴿28: 33﴾

زانیاری سالم لە بارەی بیر و فەلسەفەی جیهانی بووەتە سەرچاوەیەك بۆ دروستکردنی ئەو وێنە شیعرییە .

هەر لە شیعرێکی تریدا ، دیسانەوە زانایی ئەرستۆ دەکاتە نموونەی کەسێکی بە توانا ، بەڵام ناتوانێت خەمی دووری یار لە بیری (سالم) دا دەربکات ، تەنها گەیشتن بە (یار) ئەم خەمەی دەڕوێنێتەوە :

ناکاتە دەر لە خاطر سەد کۆششی ئەرەستوو

غەیرەز ویصالی یاران ئەندوهی بێ قەراران

﴿93 : 28﴾

بەڵام سنووری ئەم سەرچاوەیە ، لە لای شاعیرەکانی دواتر فراوانتر بۆتەوە ، بە تایبەتی لەلای (حاجی) ، ئەمەش زیاتر بەهۆی ئەو کۆچەی بەرەو ئەستەمبوڵ کردوویەتی " کە تا مردنیشی هەر لەوێ بووە ، بەو پێیەش کە (ئەوێ) وەك دەروازەیەکی ڕۆژهەڵات بووە بەرەو ڕۆژئاوا " لەوێوە پێشکەوتنەکانی ڕۆژئاوا " لە ڕووی بیر و زانست و تەکنەلۆجیاوە ، گەیشتۆتە ڕۆژهەڵات " (حاجی) لە شیعرەکانیدا ئەم کاریگەرییەی بە ئاشکرا پێوە دیارە و هانی نەوەکانی نەتەوەکەی خۆی داوە ، کە ئەوانیش چاو لە ڕۆژئاوا بکەن لەڕووی زانست و هونەرەوە پێشبکەون " ئەمەش بۆتە هۆی دروست بونی چەندین وێنەی شیعریی نوێ لەلای حاجی ، ئەوەتا لە وەسفی ئەوروپادا (قوللەی ئیڤڵ) دەکاتە ڕەمزی پێشکەوتنی و دەیگەێنێتە ناو ئەستێرەکانی ئاسمان ، بە پێچەوانەی ئەوەش وڵاتی دواکەوتوو دەباتەوە ژێر زەمین :

قوللەیی (ئیفل)ی لە ئـــەفلاکـــە

عەکسی ئەوگەردشی لە ژێر خاکە ﴿19 :

186﴾

* * *

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا ، لەگەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوە نەتەوایەتییەکان لە ناو نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی " کوردیش یەکێك بوو لەو نەتەوانە " بە تایبەتی لە کوردستانی باکووردا ، ئەمەش بووە هۆی گۆڕانی ناوەڕۆکی شیعری و هەستی نەتەوایەتی بووە بابەتێکی گرنگ و سەرەکی لە شیعردا ، بێگومان دەربڕینی ئەم بیرە نوێیەش پێویستی بە تەکنیکێکی نوێی شیعر بوو " ئەویش دەرچوون بوو لە ناو کۆتـو پێوەندەکانی شیعری کلاسیکی کوردی ، ئەم گۆڕانەش لە زمان و مۆسیقا و وێنەی شیعری، زۆر بە زەقی لە شیعرەکانی (حاجی قادری کۆیی)دا هەستی پێدەکرێت .

ناوەڕۆك و بیری نوێ لە تەکنیکی شیعریی ئامادەدا بە زەحمەت گوزارشتی لێدەکرێت ، (حاجی) هەستی بەوە کردووە " کە بیرەکانی جیاوازە لە بیری شاعیرانی پێش خۆی ، لەبەرئەوە بە زەحمەت توانیویەتی خۆی بە تەکنیکەکانی شیعری کلاسیکیەوە ببەستێتەوە ، چونکە ئەو کلێشانە سەربەستی بیرکردنەوە تەسك دەکەنەوە :

بەیتەکان عەیبی مەکەن خوار و کەچن

مەقصەدم لەم بەنـد و باوە دەربـــچـــن ﴿19 : 205﴾

ئەم پابەند نەبوونەی (حاجی) بە کێش و سەروا و قاڵبە شیعرییە کلاسیکییەکان ، ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ شاعیرانی سەرەتای سەدەی بیستەم ، لە پێناوی تازەکردنەوەی شیعری کوردیدا.

لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی " لە ژێر گاریگەریی ئەدەبی عوسمانلی نوێدا ، شاعیرانی کوردیش گۆڕانیان بەسەر تەکنیکی شیعردا هێنا ، بە تایبەتی لەلایەن (شێخ نووری شێخ سالح) و (ڕەشید نەجیب) و (گۆران)ەوە ، ئەم ڕاستییەش (گۆران) خۆی دانی پێدا دەنێت : ((نووسەر و شاعیرانی ئەوسا ، بە تایبەتی شێخ نووری و ڕەشید نجیب و من ، کە پێکەوە بە ئەدەبی تورکی متأسر بووین و پێکەوە ئەمان نووسی ، بەڵام تەنیا شێخ نووری شیعرەکانی بلاو ئەکردەوە و من بلاوم نە ئەکردەوە و ئەو لەم بارەیەوە نشاطي دەرئەکەوت . وە ئەدەبی تورکی ، قوتابخانەی شیعری تازەی تیا پەیدا ببوو ، کە پێیان ئەوترا (ادبای فجری ئاتی)[1] لەوان (تۆفیق فیکرەت) و (جەلال ساهر)بوون .. وە ئەدیبێکی تری تورك کە (عبدالخالق حامد)ە ئەگەرچی لەم کۆمەڵە نەبوو ، بەلام هەر دیسان پێ ی متأسر بووین ، کە وا بێ هەمووماو بە یەکەوە ئەمان ڕوانی یە یەك کلاوڕۆژنە ، بەڵام ئەتوانرێ بە شێخ نووری بووترێ سەرۆك بە هۆی :

1 - زۆری بەرهەمی . 2 - بلاوکردنەوەی بەرهەمەکەی کە بێ گومان تەئسیری ئەبەخشی یە سەر ئەدەبی کوردی .)) ﴿ 89 : 3 ﴾، هەروەها گۆران لە پێشەکی دیوانی (بەهەشت و یادگار)دا " ماوەی تازەکردنەوەکە لە نێوان ساڵانی (1920-1930)دا دەستنیشان دەکات .

ئەو تازەکردنەوەیەی لە ژێر ئەم کاریگەرییەدا ڕوویدا ، لە بواری تەکنیکدا بوو " بەتایبەتی (مۆسیقا و زمانی شیعریی) ، بەڵام لە ڕووی ڕوانینی شیعرییەوە ، شاعیرانی کورد ئەدەبی عەرەبی و ئینگلیزی کاری تێکردبوون ، هەر لەم دوو سەرچاوەوە بە ئەدەبیاتی

---

[1] —ئەحمەد تاقانە لەم بارەیەوە دەڵێت : ((ڕاستییەکەی , ئەو قوتابخانە شیعرییەی مامۆستا گۆران باسی لێوە دەکا , پێی دەوترێ (ئەدەبیاتی جەدیدە) , نەك (ئودەبای فەجری ئاتی) , چونکە هەرچی (تۆفیق فیکرەت)ە , سەر بە ڕێبازی (ئودەبای فەجری ئاتی )نەبووە .. )) ﴿ 3 : 18 ﴾

ئەوروپی ڕۆژئاوا و ڕێبازە ئەدەبییەکانیان ئاشنا بوون ، (گۆران) دەڵێت :((من بە تەئسیری ئەم دوو ئەدەبە کەوتمە هەوای واقیعیەتەوە .)) ﴿89 : 30﴾

ئەوگۆڕانکارییانەی بەسەر شیعری کوردی ئەو ماوەیەدا هاتوون ، مەرج نییە هەموویان بە داهێنان دابنرێن ، چونکە زۆر جار پرۆسەی نوێکردنەوە ، گەڕانەوەیە بۆ بنەما و کەرەستەی پێشوو ، بەڵام نوێیەتی ڕەنگە لە شێوەی مامەڵەکردنەکە بێت لەگەڵ ئەو کەرەستانەدا ، بۆ نموونە شیعری تازەی کوردی لە ڕووی کێش و سەرواوە گەڕانەوە بوو بۆ کێش و سەروای خۆماڵی ، بەڵام شاعیران تەنیا بە بەکارهێنانی یەك جۆر کێش و جووت سەروا رانەوەستان ، بەڵکو هەولی تیکەڵکردنی کێشەکانیان دەدا ، لە ڕووی سەرواشەوە مەرج نییە هەر دوو لەت یەك سەروایان هەبێت ، جاری وا هەیە چەند لەتێك یەك سەروایان هەیە ..

گرنگترین ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر شیعری کوردیدا هاتن ، لەم سێ تەوەرەدا چڕیان دەکەینەوە:

## لە ڕووی کێش و سەرواوە :

هەروەك لە باسەکانی پێشتردا ئاماژەی پێدرا " سەرنج لە هەر بزووتنەوەیەکی تازەکردنەوە بدەین، زۆر لە ڕەگەزەکانی پێش خۆی دەبینین " بەڵام لە پێکهاتەیەکی نوێدا . شیعری کوردی ماوەی گواستنەوە (یاخود دوای کلاسیك)یش ، بەهەمان شێوە ڕەتکردنەوەی هەموو یاسا و بنەمایەکی شیعری پێش خۆی نەبوو .

ئەو گۆڕانەی بەسەر کێشی شیعردا هات ، بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕی ، لە هەنگاوی یەکەمیدا تێکەڵکردنی چەند کێشێکی عەرووزی بوو لە شیعرێکدا ، بەتایبەتی ئەو کێشانەی زیاتر لەگەڵ سروشتی فۆنۆلۆجی زمانی کوردیدا دەگونجان" ((کێشەکانی هەزەج و ڕەمەل زۆرتر پێڕەوی کراون ﴿...﴾لەناو ئەم دوو کێشەدا بەتایبەتی کێشی هەزەج زۆرتر دەگونجێ

لەگەڵ خەسایسی فۆنێتیکی زمانی کوردی دا .)) ﴿84 : 9 ﴾، جگە لەو دوو کێشە ، کێشی (ڕەجەز) و (موتەقاریب) یش نموونەیان هەیە . ﴿37 : 235 ﴾.

هەنگاوی دووەمیش " تێکەڵکردنی کێشی عەرووزی و هیجایی (بڕگەیی)بوو لە شیعرێکدا ، یەکەم هەوڵی لەم جۆرەیش لە شیعری (دلاوەران)ی(شێخ نووری)دا دەبینرێت ﴿82 ﴾" بێگومان ئەو تەفعیلە عەرووزییانەی لەم جۆرە تێکەڵکردنانەدا بەکارهێنراون ، بەزۆری (هەزەج) و (ڕەمەل) ن . لەو شیعرانەدا کە کێشەکەی بەم شێوەیە پێکهاتووە تێبینی ئەوە دەکەین " ئەو دێڕانەی (یان لەتە دێڕانەی) زمانەکەیان پەتییە ، کێشەکەیان بڕگەییە ، ئەوانەیش زمانەکەیان تێکەڵە (بە تایبەتی لە وشەی عەرەبی) ، کێشەکەیان عەرووزییە .. ئەمەش ئەو ڕاستییە دووپات دەکاتەوە " کە کێشی بڕگەیی زیاتر لەگەڵ سروشتی زمانی کوردیدا دەگونجێت ، نەوەك کێشی عەرووزی .

لە هەنگاوی سێیەمدا " بەکارهێنانی کێشی هیجایی بوو ، ئەم هەوڵەیش بە تایبەتی لە لایەن (گۆران)ەوە درا ، هەروەك خۆی دەڵێت : ((ئیتر من تەنها بە کۆششی ئەوان نەوەستام و وەزنی هیجاشم وەرگرت و بەکارهێنا .)) ﴿89 : 3 ﴾. لەم قۆناغەدا " شاعیران گەڕانەوە بۆ ئەو کێشانەی لە شیعر و گۆرانی فۆلکلۆری و ئەو شیعرانەی بە دیالێکتی گۆرانی دەنووسران ، بەکاردەهێنران ، کە بە کێشی نەتەوەیی و خۆماڵییان لە قەڵەم دەدا ، زیاتر لەگەڵ سروشتی زمانی کوردیدا دەگونجان ، گۆران کە خۆی یەکێکە لە پێشەواکانی ئەم تازەکردنەوەیەدا ، ئەم جۆرە کێشە بە کێشی نەتەوەیی دادەنێت " لە بارەی شیعرەکانی ناو دیوانی (بەهەشت و یادگار) نووسیویەتی : ((شعرە تازەکان بە وەزنی پەنجە (هیجا) هەڵبەستراون ، کە هەرچەند شعر دۆستەکانی کۆن بە خوێندنەوەی ڕانەهاتوون ، بەڵام لەبەرئەوەی وەزنی تایبەتی نەتەوەیی مانە وە لەگەڵ خصائصی زمانەکەمان چاتر ڕێك ئەکەوێ)) ﴿62 : ج - د ﴾.

ئەو کێشە خۆماڵییانەش کە زۆر لە شیعری تازەدا بەکارهێنراون ، ئەمانەن :

1-کێشی (10) بڕگەیی " کە هەمیشە بەسەر دوو پێی (5) بڕگەیی "(5 + 5) دابەش دەبێت .

2-کێشی (8) بڕگەیی " ئەمەش چەند دابەشبوونێکی هەیە ، هەندێجار بەسەر دوو پێ ی (4) بڕگەیی ، یان (5 + 3) ، یان (3 + 5)، دابەش دەبێت .

3-کێشی (7) بڕگەیی ، چەند دابەشبوونێکی هەیە (3 + 4) ، (4 + 3) ، (5 + 2) ، (5 + 2) .

4-کێشی (11) بڕگەیی ، ئەم جۆرە لە فۆلکلۆردا ، هەندێجار لە ناو دێڕەکانی لاوك و حەیراندا دەبینرێت ، چەند دابەشبوونێکی هەیە : (6 + 5) ، (5 + 6) ، (4 + 4 + 3) .

جگە لەو چوار کێشەی سەرەوە کە زۆر بەکارهێنراون ، چەند کێشێکی تریش بەکارهێنراون " وەك : (12 ، 13 ، 15 ، 16) بڕگەیی . بەڵام مەرج نیە لە سەراسەری شیعرێك تەنیا یەك جۆر کێش بەکارهێنرا بێت ، جاری وا هەیە چەند جۆرێك لە شیعرێکدا بەکاردەهێنرێت ، کە پێ ی دەوترێت کێشی ڕەنگاو ڕەنگ[1] .

لە کێشی هیجاییدا ، دابەشبونی لەتە دێڕ بەسەر هەنگاوەکاندا (پێ) مەرجێکی پێویست نیە ، تەنیا ژمارەی بڕگەکان بەسە بۆ ڕاگرتنی مۆسیقای لەتە دێڕەکە ، بەڵام هەندێ شاعیر هەوڵدەدات هەموو دێڕەکان ، یان هەر دوو لەتە دێڕێك بەسەر چەند هەنگاوێکی یەکساندا دابەش بکات ، بە مەبەستی ئەوەی مۆسیقای شیعرەکە پتەو تر بکات ، بەڵام بوونی هەنگاوی جۆراوجۆر لە شیعرێکدا ، هەمەرەنگیەك لە مۆسیقای شیعرەکەدا دروست دەکات ، هەمە جۆریش بەلای فەیلەسوفێکی وەك (دیکارت)ەوە " سەرچاوەیەکی چێژ

---

[1] - بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی ئەو کێشە فۆلکلۆییانەی زۆر لە شیعری تازەدا بەکارهێنراون " بڕوانە ئەم سەرچاوانە : ﴿ 94 ﴾ ، ﴿ 66 ﴾ ، ﴿ 88 ﴾ , ..

بەخشە " شاعیرانی نوێش هەمیشە دەیانەوێت خۆیان لە ڕۆتین و دووبارەبوونەوە ڕزگار بکەن " ئەمەش لە مۆسیقای شیعردا ڕەنگی داوەتەوە ، هەروەك لە ئاستەكانی تریشدا بە هەمان شێوە .

لە ڕووی سەروایشەوە " ئەو گۆڕانەی بەسەر شیعری کوردیدا هات ، دیسانەوە بە کاریگەری ئەدەبی تورکی عوسمانلی بوو ، لە دوو ڕووەوە گۆڕانی بەسەردا هات : لە لایەکەوە ، بەو پێیەی کە شیعری تازەی تورکی سوودی لە کەلەپووری نەتەوەیی وەردەگرت ، شیعری تازەی کوردیش هەمان ڕێبازی گرتبووە بەر ، لەم لایەنەشەوە جووت سەروا لە شیعردا بەکاردەهێنرا " کە لە شیعری فۆلکلۆرییدا پەیڕەوی دەکرێت .. ، لە لایەکی تریشەوە " چەند جۆرە سەروایەك " کە لە شیعری تازەی تورکیدا بەکاردەهێنرا ، ئەمانیش بەلاسایی کردنەوە ئەوان بەکاریان هێنا ، ئەم جۆرە سەروایە بەزۆری بەم شێوەیەیە : شیعرەکە دەکرێت بە چەند کۆپلەیەکی چوار لەتی ، سەروای لەتی (یەکەم و سێیەم) ، (دووەم و چوارەم) وەکو یەك وایە : (أ ب أ ب ، ج و ج و ، .. هتد) ، یان سەروای (یەکەم و چوارەم) ، (دووەم و سێیەم) وەکو یەك وان : (أ ب ب أ ، و ، ... هتد) ، یاخود دەکرێت بە چەند کۆپلەیەکی پێنج لەتی (یەکەم و چوارەم) ، (دووەم و سێیەم) وەك یەکن ، سەروای پێنجەمی هەموو کۆپلەکانیش وەك یەکن ، کە هەمان سەروای لەتی یەکەمی کۆپلەی یەکەمە " بەم شێوەیە (أ ب ب أ أ ، ج و و ج أ ، هـ و و هـ م ، ... هتد) { نموونە : ﴿31 : 163﴾ } ، هەندێجاریش هەر کۆپلەیەك (چوار لەتی ، یان پێنج لەتی ، ..) لە شیعرەکەدا ڕیزبەندی سەرواکان شێوەیەکی تایبەتی هەیە ، واتە سەروای هەموو کۆپلەکان لەسەر یەك دەستوور نییە ، یەکێکیان (أ ب أ ب) یە و یەکێکی تریان (ج و و ج) و (هـ هـ و و) ... هتد ، { نموونە : ﴿62 : 65 ، 68﴾و ﴿31 : 300﴾ } .

هەروەها هەندێ شیعر ، دابەشی سەر کۆپلە نابن ، بەڵام ئەوانیش ئەو جۆرە سەروایانەیان هەیە " هەندێ دێڕ هەردوو لەتەکەی یەك سەروایان هەیە ، یان چەند لەتە

دێڕێك بەسەر یەكەوە یەك سەروایان هەیە ، چەند دێڕێكی تریش لەتەكانیان پەیوەندی سەروایان هەیە ، بۆ نموونە لە دوو دێڕدا لەتی یەكەمی دێڕی یەكەم و ، لەتی یەكەمی دێڕی دوای خۆی سەروایان وەك یەكە ، لەتی دووەمی هەردووكیشیان وەك یەكە : (أ ب أ ب) یان (أ ب ب أ) .. ، بە گشتی لەو جۆرە شیعرانەدا یاسایەكی دیاریكراو نییە ، كە شاعیر پەیڕەوی كردبێت لە دانانی سەرواكاندا : نموونە : ﴿31 : 221 ، 239 ، 302 ﴾. ، جگە لەوانە ، لە هەندێ شیعردا پەیڕەوی یەكێتی سەروایان كردووە ، بەڵام جیاوازی لەگەڵ شیعری كلاسیكی پێشوو ئەوەیە ، كە مەتلەعی یەكەمی هەردوو لەتەكە یەك سەروایان نییە ، واتە بەم شێوەیەیە : (أ ب ج ب و ب هـ ب ... هتد) . نموونە :﴿31 : 372 ﴾و ﴿9 : 96﴾.

لە ڕوویەكی ترەوە " گۆڕانی سەروا لە شیعری ئەم ماوەیەدا ، پەیوەندی بە جۆری مامەڵەكردنێكی تازەی شاعیرانەوە هەبوو ، لەگەڵ كلێشەكانی شیعری كلاسیكی (چوارین و پێنجین و موستەزاد و تەركیب بەند و تەجیع بەند ..) لەگەڵ بەكارهێنانی هەندێ هونەری نوێتری وەك (موەششەح) .. كە هەر یەكەیان بگرین ، خۆ دەربازكردنە لە سەروای یەكگرتوو و ئەو بێزارییەی لای شاعیر و خوێنەر دروستی دەكات " بۆ نموونە بێكەس (بەتایبەتی لە سروودەكانیدا) جۆرێك لە (تەرجیع بەند)ی بەكارهێناوە ، بەڵام تەنیا لەوەدا لە تەرجیع بەند دەچێت ، كە كردوویەتی بە چەند كۆپلەیەك و لە كۆتایی هەموو كۆپلەكاندا دوو لەتە شیعر دووبارە بۆتەوە ، وەك (گۆرانی وەتەن) ﴿9 : 205 ﴾لە پێنج كۆپلەی پێنج لەتی پێك هاتووە، هەموویان بەم دێڕە كۆتاییان هاتووە :

ئاوی كەوسەرە ، خاكی گەوهەرە

پڕ لە گوڵ و نەسرینە

بەڵام جیاوازییەكانی لەگەڵ (تەرجیع بەند)ی كلاسیكیدا لەوەدایە : شیعرەكە لەسەر كێشی خۆماڵی دانراوە ، هەر كۆپلەیەك كێشی لەتەكانی بەم شێوەیەیە (7 – 7 – 7 – 7 –

10 - 7) بڕگەیی ، (10)بڕگەییەکە دابەشی سەر دوو پێی (5 + 5) بووە ، حەوت بڕگەکانیش (4 + 3) یان (3 + 4) یان (5 + 2) . نموونەی ئەم جۆرە لای بێکەس زۆر دووبارە بۆتەوە ﴿9 : 62 ، 68 ، 75 ، 99 ، 102 ، 132 ، 153 ، ...﴾، هەندێجاریش تەنیا لەتێك دووبارە کراوەتەوە ، وەك : ﴿9 : 80 ، 97 ﴾.

هەروەها شاعیرانی تازە بە چەندین جۆر موستەزادیان بەکارهێناوە "((بە تایبەتی لەسەر دەستی شێخ نووری ، کە هەم تیۆررستی هونەرەکە و هەم شاعیر بوو ، بە هۆشیارییەوە ئەم ڕێچکەی نوێ کردنەوەی موستەزادەی گرتبووە بەر .)) ﴿37 : 248 ﴾، کە لە هەر یەکەیاندا گۆڕان بەسەر جۆری بەکارهێنانی سەروای شیعریی کلاسیکیدا هێنراوە "ئەو جۆرە موستەزادانەی شاعیرە نوێیەکان بەکاریان هێناوە (موستەزادی ئازاد)ە جیاوازە لە هی کلاسیکییەکان " ((لەم جۆرەدا ژمارەی تیکە زیادەکان بەرامبەر بە لەتە ئەسڵییەکان ، لە سەراپای هۆنراوەکەدا یەك شت نییە .. شاعیر بە پێی زەوق و سەلیقەی خۆی ، بە پێی بیر و بۆچوون و هەست و خرۆشانی دەروونی ، بە پێی زنجیرەی بابەتەکە ، لەت و تیکە دووبارە دەکاتەوە ، بەبێ ئەوەی گوێ بە پەیڕەوکردنی شکلێکی تایبەتی دووبارەبوونەوەیان بدات ، ئەگەر هونەری موستەزاد ، خۆی جۆرە ئازادییەك بێ لە خۆبەستنەوەی شاعیر بە یەکێتی کێش و یەکێتی سەروا ، ئەوا ئەم جۆرەیان ئازادییەکی ترە لەو شکڵەی شاعیر لە موستەزادا پەیڕەوی دەکات .)) ﴿38 : 292﴾

هەر لەم ماوەیەدا " چەندین هونەری شیعریی تر بەکاردەهێنران ، هەندێکیان لە ئەدەبیاتی دراوسێ وەرگیرابوون وەك (موەششەح) و هەندێکی تریان لە ئەدەبیاتی ئەوروپایی (وەك سونێتە) " لە هەر یەك لەم هونەرانەدا ، دابەشبوونی سەروای شیعرەکە شێوەی جۆراوجۆر وەردەگرێت ، کە تیایاندا شاعیر دەروازەیەك بۆ ئازادبوونی خۆی لە یەکێتی سەروا و قاڵبەکانی تری سەروای شیعری کلاسیکی ، دەدۆزێتەوە ..

هەرچەندە شاعیرانی ئەم ماوەیە ، بە تەواوەتی دەستبەرداری کێش و سەروای شیعری کلاسیکی نەبوون ، بەلاّم توانیویانە تا ڕادەیەکی زۆر بە ئازادی مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن ، یان وەك (ڕەفیق حلمی) دەڵێت : ((گیرودەی کوت و زنجیری (عیلمی عەرووچ) ومیا پێ بەندی قافیە نەبوون .)) ﴿26 : 174﴾، هەوڵیان داوە بیرەکانیان نەکەنە قوربانی کلێشەیەکی ئامادەکراوی کێش و سەروای شیعری کلاسیکی " ((لە کاتێکا کە زۆر کەس مل کەچی قافیە ئەبن گۆران قافیەی مل کەچی خۆی کردوە . بۆ قافیەیێکی تایبەتی ڕەوانی و سەلاسەتی بیری خۆی نەئالۆزاندوە ..)) ﴿26 : 174﴾، کە ئەم هەنگاوانەش بوونەتە ڕێگەخۆشکەر بۆ ئازادبوونی زیاتری شاعیران لە قۆناغەکانی دواتردا .

## لە ڕووی زمانەوە :

ئەگەر لە ڕووی زمانەوە بڕوانینە شیعریی کلاسیکی کوردی ، هەردەم لە گۆڕانێکی لەسەر خۆ بووە ، زمانی شیعری (کوردی) لە زمانە شیعرییەکەی (نالی) و (سالم) پاراوتر بووە ، تا دەگاتە شیعرەکانی (حاجی) کە لە ڕوانگەی نەتەوەییەوە ، بە کارەکی هەوڵی بژارکردنی داوە .

لە نێوان هەردوو جەنگدا ، زمانێکی تازە هاتە ناوەوە " کە گۆران بە (زمانی کوردیی عوسمانلی) ناوی بردووە ، لە ژێر کاریگەری ڕۆمانتیکی تورکیدا بوو[1] ، بناغەی ئەم زمانە شیعرییە (هەروەك زمانی شیعریی کلاسیکی) کوردی بوو ، بەلام لە پاڵ وشەی کوردیدا پڕ بوو لە وشەی تورکی و عەرەبی .. ئەم وشە عەرەبییانە لە وشە عەرەبییەکانی ناو شیعری کلاسیکی نەدەچوون ، بەڵکو مانای تازەیان پێدرابوو ، بە مانای پڕاوپڕی وشە عەرەبییەکە بەکار نەدەهاتن ﴿90 : 199﴾. ئەم گۆڕانە لە زمانی شیعرییدا ، ئەگەر بە قۆناغی یەکەمی دابنێین ، ئەوا لە قۆناغی دووەمدا بژارکردنی زمانە شیعرییەکە بوو لە وشەی بێگانە.

---

(1) - لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا , سەردەمێکی ئەدەبی لە ئەدەبی تورکیدا هاتە مەیدانەوە , کە بە (ئەدەبی سەردەمی ڕێکخراوەکان) ناو دەبرێت . کە ( زمانی ئەدەبی بە پەخشان و شیعرەوە " پەرەی سەند و لە زمانی گەلەوە نزیك دەبوویەوە , لە پاش ئەوەی کەلێنێکی فراوان لە نێوانیاندا هەبوو.) ﴿111 : 27﴾ " بەلام لە سەرەتاکانی سەدەی بیستدا , ڕەوتێکی فیکری نوێ هاتە کایەوە , کە بە (ئەدەبی نەتەوەیی) ناو دەبرا , سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی گۆڤاری ( قەڵەمە لاوەکان) , کە لە ساڵی ( 1911) ەوە بڵاو بوویەوە " ( بانگەوازی سەرەکی ئەم ڕەوتە تازەیە لە ئەدەبی تورکیدا ئەوە بوو " ئەدەب - کە بە رەنگی ئەورووپی ڕەنگ کرابوو و زمانی گوزارشتکردنیشی لە زمانی کلاسیکی پڕ لە وشەی عەرەبی و فارسی وەرگرتبوو , کە خەڵکی سادە لێی تێنەدەگەیشتن -- بەرەو گەل بڕوات و لەوەوە گیان وەربگرێت و زمانەکەیشی لە زمانی میللەتەکەی نزیك بکاتەوە .)﴿111 : 44﴾

بەڵام هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا و بە هۆی سەرچاوەیەکی مەعریفی گرنگەوە " کە ئەویش (رۆژنامە گەری)یە ، بە ئاشکراو بە شێوەیەکی فراوان هەوڵی پاککردنەوەی زمانی ئەدەبی و بە تایبەتی زمانی شیعریی دراوە " هەوڵەکانی (مێجەرسۆن) " کە لە رۆژنامەی (پێشکەوتن)دا پێشبڕکێی بۆ نووسەرەکان دادەمەزراند و خەڵاتی بەسەر چاکترین نووسەر پێشکەش دەکرد ، کە بەرهەمەکەی بە زمانێکی کوردی پاراو بنووسێت " وەك ئەو پێشبڕکێیەی لە ژمارە (27)ی رۆژنامەی پێشکەوتن ساڵی (1920) ڕایگەیاند ، کە لە ژمارە (30) خەڵاتەکان ڕاگەیەنرا و (شێخ نووری) بە شیعری (جووت و گا) خەڵاتی یەکەمی بەرکەوتووە[1] . هەروەها لە ساڵی (1926) لە ڕۆژنامەی (ژیان)ی ژمارە (45) " لە وتارێکدا ، کۆمەڵەیەك بە ناوی (کۆمەڵەی بژارکردنی زمانی کوردی) ڕادەگەیێنرێت ، بە مەبەستی بژارکردنی لە وشەی بێگانە (عەرەبی و فارسی و تورکی) .

بێگومان شاعیرانی ئەم ماوەیە لە پێناوی پێکانی ئەم ئامانجەیاندا ، گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی فۆلکلۆر و پەنابردنە بەر وشە و گوزارشتی سەرزاری رۆژانەی خەڵکی سادە ، جگە لەوانە شاعیرەکان هەستیان بەوە دەکرد کە پێویستە زمانێکی کوردی وا بەکاربهێنن ، وشە و گوزارشتی زۆرینەی دیالێکتەکانی تێکەڵ بێت ، ((شاعیر خۆی بە دیالێکتێکی قسەکردنەوە نەدەبەست ، بەڵکو هەموو دیالێکت و بەشە دیالێکتەکانی زمانی کوردی موڵکی شاعیر بوون ، بە ناویاندا دەگەڕا و بەم هۆیەوە زۆر وشەی ئەم ناوچەی تەسك یا ئەویتر (تەعمیم) دەکران و لە ڕێی شیعرەوە دەبوون بە وشەیەکی کوردیی گشتیی هەمەلایی .)) ﴿90 : 200﴾، واتە هەوڵی پێکهێنانی زمانێکی ئەدەبی یەکگرتوویان لە خەیاڵدا بوو ، ئەمەش سنووری فەرهەنگی شیعریی فراوانتر کردن .

---

[1] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە سەرچاوەی : ﴿ 99 ﴾

ئەم بژارکردنەی زمان لە وشەی بێگانە ، لایەنێکی نێگەتیڤی هەیە ، ئەویش لە کاتێکدا بگاتە ڕادەی دەمارگیری ، کە سنووری فەرهەنگی نووسەر (یان شاعیر) تەسك دەکاتەوە ، ئەم ڕاستییەش (گۆران) وەك نووسەر و شاعیرێك هەستی پێکردووە " لە وتارێکدا بە ناوی (دوو ئاڕاستە لە تەقەلای گەشەپێدانی کوردیدا) ، پەنجەی خستۆتە سەری و نووسیویەتی : ((بەرابەر بەم ناتەواوییەی وشەی کوردییە ، خۆپاراستن لە بەکارهێنانی وشەی بێگانە بەرەو ئەوەی بردووین ، کە هێزی دەربڕین(تعبیر)مان لە چوارچێوەیەکی تەسکا قەتیس بمێنێ)) ﴿7 : 38﴾

پەنابردنە بەر فۆلکلۆر و قسەی سادەی خەڵك ، زیاتر لەلای (پیرەمێرد)ی شاعیر بەرچاو دەکەوێت ، کە بەکارهێنانی ئەم زمانە پەتییە ، ئامانجی سەرەتا و کۆتایی بووە . لەبارەی پیرەمێردەوە " گۆران دەڵێت : ((بەڵام (کوردی پەتی) لە نووسینەکانی ئەوا کە لە بێژنگ بدرێ ، لە شعردا بەقەدەر من و لە پەخشان دا بەقەدەر شاکر فتاح و ابراهیم احمد نی یە)) ﴿89 : 30﴾، هەرچی گۆران خۆیەتی لە یەك کاتدا دوو ئامانجی پێکاوە ، ئامانجێکیان دەربڕینی بیرێکی شیعرییە ، کاتێکیش زمانێکی کوردی پاراو دەکاتە کەرەستەی دەربڕینەکەی ئامانجی دووەم دەپێکێت ، کە دەکرێت بە ئامانجێکی نەتەوەیی ناو ببرێت ، هەردووکیشیان پێکەوە بەخشینی بەهایەکی ئیستاتیکییە بە زمانی کوردی " هەروەك (ڕەفیق حیلمی)ش وا بۆی چووە : ((تا پێش دەوری گۆران وا زان ئەکرا کە لە وشەی پەتی و ساکاری کوردی شعری بەرز ناوترێ . بەڵام بەهۆی ئسلوبێکی دای هێنا لە (فەن) نی شعرا ، گۆران ، ئەم باوەڕەی گۆڕی .)) ﴿26 : 169﴾

گۆران وەك پیرەمێرد ، کاری تەنیا گەڕان نەبووە بەدوای وشەی ڕەسەنی کوردی لەبیرکراو و لە شیعرەکانیدا بەکاریان بهێنێت ، تاوەکو بە بیری خەڵکی بهێنێتەوە ، چونکە بەم شێوەیە شاعیر ئەرکی ڕاستەقینەی خۆی ون دەکات " کە (بە پلەی یەکەم) ئەرکێکی ئیستاتیکییە ، واتە جوانکردنی زمانەکە لە ڕێگای بەکارهێنانێکی شیعرییانەوە ، کەواتە

(ئەگەر شیعری پیرەمێرد نموونەیەکی پاراویی گوزارشتی کوردی بێت ، ئەوا شیعرەکانی گۆران تایبەتییە ئیستاتیکییەکانی زمانی کوردی بە گشتی ، دەنوێنن .) ﴿151 : 201﴾

زۆرجار شاعیرانی ئەو ماوەیە ، لە پێناوی بەکارهێنانی زمانێکی کوردی پەتی لە شیعرەکانیاندا ، وشەی وایان بەکارهێناوە ، لە ڕووی مۆسیقا و بیر و وێنەی شیعریشەوە ، شیعرەکەی لەنگ کردووە ، واتە بەهای ئیستاتیکی خۆی لەدەست داوە .

## لە ڕووی وێنەی شیعرییەوە :

بنەمایەکی تری ئیستاتیکای شیعری کوردی ، کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە گۆڕانی بەسەرداهات " وێنەی شیعریی بوو ، جگە لەوەی کلتووری نەتەوەیی کوردیی سەرچاوەی وێنەی شیعری کلاسیکیش بوو ، بەڵام لە شیعری نوێدا زیاتر گەڕانەوە بۆ ئەم سەرچاوە خۆماڵییە " کە دەکرێت بە سەرچاوەیەکی سەرەکی وێنەی شیعریی تازەی ناوببەین.

لە کاتێکدا سەرچاوەی سەرەکی لە وێنەی شیعریی کلاسیکیدا کلتووری ئیسلامی ڕۆژهەڵاتی بوو ، شیعری نوێ ئەم سنوورەی شکاند و پەلی بۆ کلتووری ڕۆژئاوایش هاویشت ، بۆ نموونە " (ئەحمەد هەردی) بە سوود وەرگرتن لە شارستانیەتی ڕۆژئاوایی ، ڕوانینی ئیستاتیکای گۆڕاوە ، لە جیاتی ئەوەی ڕۆژهەڵاتیانە وێنەی جوانی ئافرەتێك بکێشێت ، بە چاوێکی ڕۆژئاواییەوە بۆی دەڕوانێت :

بەژن و باڵاکەت نموونەی هەیکەلی یۆنانـــی یـــە
لار و لەنجەت مۆسیقایە ، بەستەیە ، گۆرانی یە ﴿4:21﴾

ئافرەت کە ڕووبەرێکی فراوانی شیعری کلاسیکی داگیر کردووە ، بێگومان زۆربەی وێنە شیعرییەکانی ئەم سنوورەی گرتۆتەوە . بە شێوەیەکی گشتی شاعیری کۆن ، ڕوانینێکی تایبەتی هەبوو بۆ جوانی ئافرەت ، کاتێکیش لە شیعرەکانیاندا وێنەی ئەم جوانییەیان

دەكێشا ، بە كەرەستەكانی جەنگ و دار و درەخت و ڕووەك و .. شتە سروشتییەكانیان دەچوواند ، كە بەزۆری قاڵبی ئامادەبوون و لە ئەدەبی دراوسێ وەرگیرابوون ، بەڵام شاعیری نوێ ئەم جوانییەی ئافرەتی لە هەموو ئەو شتانە بەرزتر و پیرۆزتر دادەنا و بە چاوێكی ترەوە تێی دەڕوانی و وێنە شیعرییەكانی لێ دروست دەكرد " هەروەك (گۆران) دەڵێت شاعیری نوێ (یار) ی ((ڕزگار كردووە لەو دەربڕین ﴿تعبیر﴾ە بێزراوە كە باڵا شۆخەكەی كردبوو بە سنگی دیوەخان ، هەرچی چەكی ئاغا هەیە هەمووی پیا هەڵواسیبوو .﴿...﴾ پاڵەوانی هەڵبەستی تازەش : تێكۆشەرە ، تەنانەت یاریش بە جوانی یە دڵ چەسپ و سروشتی یەكەی ئێستایەوە هاوبەشی خەباتی پاڵەوانە ، ئەگەر ، ڕاستەوخۆ ، خۆی نەبێ ، پاڵەوان !)) ﴿95 : 9﴾، گۆران لێرەدا بە شێوەیەكی گشتی شیعری كۆن و نوێی بەراورد كردووە ، دەنا لەناو شیعری كلاسیكیشماندا ، شاعیران چەندین وێنەی شیعری جوانیان كێشاوە ، دوور لەو ڕوانینە وشكانەی بە گشتی لە شیعرەكانیاندا هەیە ، بۆ نموونە ئەم وێنە شیعرییەی (نالی) ، بە هیچ شێوەیەك باڵای یاری نەكردۆتە (سنگی دیوەخان) :

تا سونبولی زولفت لە نیهالی قەدت ئالا

من دوودی هەناسەم گەییە عالەمی باڵا

پاشان دەڵێ : من گریە ، ئەتۆ خەندە بەیەكدی دەفرۆشین

من لەعلی بەدەخشان و ئەتۆ لوئلوئی لالا

﴿76 : 115﴾

لە شیعری كۆندا زیاتر گرنگی بە لایەنی (هەستیی) دراوە ، هەروەك لە هونەرەكانی ڕەوانبێژی و وێنە شیعرییەكاندا دەردەكەوێت ، كە زیاتر هەستین (یان كۆنكرێتین) ، قوڵیی بیر ئەو گرنگییەی پێ نەدراوە ، بەڵام لە شیعری نوێدا ئەم دیاردەیە پێچەوانە بوویەوە " شاعیری نوێ گرنگی بە لایەنی بیر و وێنەی شیعریی ئەبستراكتی دەدات . بۆ نموونە : (گۆران) لە شیعری (زەنگی زویری)دا ، وێنەی هەستێكی نادیار دەكێشێت :

ئـــەوا دیـــــــسان لـــە گۆشـــەی نـــادیـــاری ،
دڵـــــم هـــەســـتـــا زرەی زەنــــگـــی فـــگاری
بە ئەسپایی ، بەبێ هێزی ، بە عاستەم ،
هەوای ڕۆحم ئەخاتە سەر لەرەی خەم ! ﴿63:67﴾

وێنەی ئەم هەستە لە نێوان بوون و نەبووندایە ، گوزارشتەکانی (ئەسپایی ، بەبێ هێزی ، بە عاستەم) ئەم هێڵە خەیاڵییە دەکێشن ، هەروەها لەگەڵ وشەکانی (نادیاری ، فگار ، رۆح، خەم) بەگشتی وێنەیەکی ئەبستراکتییان پێکهێناوە " جگە لەوەی وێنە شیعرییەکە خۆی لە خۆیدا گوزارشتێکە لە بارێکی دەروونی شاعیر . یان (ئەحمەد هەردی) لە (دڵێکی تێکشکاو)دا چەندین وێنەی ئەبستراکتی کێشاوە ، لە یەکەم دێڕدا ئەم وێنە شیعرییە دەبینین:

بە سەرسامی لەسەر لوتکەی بڵندی گەنجی وەستاوم
شریتی عومری ڕابردووم وەکو خەو دێتە بەرچاوم ﴿4 : 23﴾

(گەنجی) و (ڕابردوو) دوو وشەی ئەبستراکتین ، هەردووکیان بە پلەی یەکەم پەیوەندییان بە (کات)ەوە هەیە ، زۆربەی وشە و گوزارشتە پێکهێنەرەکانی ئەم وێنە شیعرییە ئەبستراکتین: (سەرسامی ، بڵند ، گەنجی ، عومری ، ڕابردوو ، خەو) " هەروەها وێنەکە مەودایەکی قووڵی تێدایە کە لە هۆشی خوێنەردا سنوورەکەی فراوان دەبێتەوە "وێنەی مرۆڤێك کە تەمەنێکی ڕابردووی بە ناخۆشی و بە ناکامی بردۆتە سەر ، چ بەرامبەر ڕابردوو و چ بەرامبەر تەمەنی داهاتوویشی سەرسامە و ئاسۆکانی تاریکن ..

ئەگەر وێنەی شیعریی لە شیعری کلاسیکیدا ، بەزۆری قاڵبی وەرگیراوین لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵات و شاعیرانی پێش خۆی ، ئەوا سەرچاوەی زۆربەی وێنە شیعرییەکان بابەتین ، هەرچی وێنەی شیعرییە لە شیعری نوێدا ، ئەگەر چی سوودیش لە سەرچاوەی بابەتی وەردەگرێت ، بەڵام بەزۆری زادەی خەیاڵی شاعیر خۆیەتی ، لەبەرئەوە بە وێنەی خودی دادەنرێن .

* * *

لە پاش وردبوونەوە لە بنەما ئیستاتیکییەکانی شیعری کوردی کوردستانی عێراق بە دیالێکتی خواروو ، ئەوە ڕوون دەبێتەوە " کە هەردەم پرۆسەی پاککردنەوەی زمانە کوردییەکە لە ئارادابووە ، هەرچەندە لە ماوەیەك بۆ ماوەیەکی تر ، یان لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر جیاوازی هەیە " بۆ نموونە (کوردی) کە هاوچەرخی (نالی) بووە ، زمانە شیعرییەکەی زۆر پاراوتر بووە لە زمانی شیعرەکانی (حەمدی) ، یان زۆر لە شاعیرە کلاسیکییەکانی سەدەی بیستەم " واتە فەرهەنگی شیعری کوردی بەم دیالێکتە بە پێی سەردەم و شاعیر گۆڕانی بەسەردا هاتووە ، لەمەشدا سەرچاوەی رۆشنبیری و خوێندەواری ڕۆڵێکی سەرەکی بینیوە ، بەڵام ناکرێت بیروباوەڕ و چەشەی تایبەتی هەر شاعیرێك فەرامۆش بکرێت .

ئەگەر چی شاعیرانی کلاسیکی هەوڵیان داوە ، ئەو کێشە عەروزییانە لە شیعرەکانیاندا بەکاربهێنن کە زیاتر لەگەڵ سروشتی زمانی کوردیدا دەگونجێت ، یاخود بە دوای کێشە ئاسانەکاندا گەڕاون ، یان ناو بە ناو هەوڵی تێکەڵکردنی دوو کێشیان داوە ، هەروەها لە ڕووی سەروایشەوە ، بە هۆی بەکارهێنانی قاڵبە شیعرییە جۆراوجۆرەکان وەك (موستەزاد و تەرجیع بەند و ... هتد) ، ویستوویانە خۆیان لە کۆتی یەکێتی سەروا دەرباز بکەن ، بەڵام دەربازبوونی تەواوەتی شاعیران لە کێش و سەروای شیعری کلاسیکی ، کەوتە دوای گۆڕانی زمان و وێنەی شیعریشەوە ، ئەوەتا شیعرەکانی (ئەحمەد هەردی) ، هەرچەندە زمانێکی پاراو و وێنەی شیعری نوێشی بەکارهێناوە ، بەڵام هێشتا نەیتوانیوە لە قاڵبی کێشی عەروزی بچێتە دەرەوە ، هەموو شیعرەکانی ناو (ڕازی تەنیایی) عەروزین ، تەنیا یەك شیعریان نەبێت بە ناونیشانی (تانگۆی کوردەواری) ﴿4 : 29﴾.

کاتێك دەوترێت یەکێتی بابەتی لە شیعری نوێدا هەیە و لە شیعری کلاسیکیدا ئەگەر هەیشبێت بەو شێوەیە نییە ، بەزۆری ئەم یەکیەتییە لە ناو تاکە دێڕێکدا کۆدەبێتەوە ،

لەبەرئەوە (دێڕێکی تەواو End - stopped line ، ئەو دێڕەیە واتاو کێش و بنیاتی سینتاکسی سەربەخۆی هەیە ، کە بە کۆتایی هاتنی دێڕەکە ئەم ڕەگەزانە تەواو دەبن .) ﴿135 : 19﴾" واتە پەیوەندییەکی ئۆرگانی پتەو لە نێوان هەموو پێکهاتەکانی گشت ئاست و بنەماکان لە ناو شیعری نوێدا دەبینرێت .. لە ئاستی مۆسیقادا ، لە لایەکەوە گونجانی نێوان دەنگە پێکهێنەرەکانی وشەکانی ناو شیعرەکە پێکەوە و لە لایەکی تریشەوە گونجانیان لەگەڵ شەپۆلی بیری شیعرەکە ، دەگرێتەوە . لە ئاستی زمانی شیعرەکەیشدا ، ئەم یەکیەتییە لە پەیوەندی سینتاکسی و سیمانتیکی نێوان وشەکان و ڕستەکانی ناو شیعرەکە خۆی دەبینێتەوە . لە ئاستی وێنەی شیعریشدا " پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان وێنە تاکەکان لەگەڵ یەکتردا و هەریەکەشیان لەگەڵ وێنەی گشتی شیعرەکە هەیە " کە پێکەوە یەك وێنە دروست دەکەن.

# بەشی دووەم

# ( باسی یەکەم )

# مۆسیقای شیعری کوردی لە ساڵانی ( 1950 - 1970 )دا

لە پێناوی لێکۆڵینەوە و تیشك خستنە سەر مۆسیقای شیعری ئەم ماوەیە " باشتر وایە باسەکە بکەین بە دوو تەوەرەوە " لە تەوەری یەکەمدا باس لە بنیاتی مۆسیقای دەرەکی دەکەین و لە تەوەری دووەمیشیدا بنیاتی مۆسیقای ناوەوەی دەقی شیعریی ، بە نموونەی شیعری ئەم ماوەیە ڕوون دەکەینەوە :

## تەوەری یەکەم : بنیاتی مۆسیقای دەرەکی

### یەکەم : لە ڕووی کێشەوە :

بۆ خستنە ڕووی کێشی شیعریی ئەو ماوەیە ، لە دوو لایەنەوە بۆی دەڕوانین :

***أ) - کێشی شیعریی ( بە دابڕینی لە واتا )*** " لێرەدا هەوڵدەدەین دیارترین و بڵاوترین جۆرەکانی کێشی شیعری کوردی لە ساڵانی پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی بیستەمدا ، بخەینە ڕوو " کە ئەمانەی خوارەوەن :

**1 - کێشە عەرووزییەکان :**

لەم ماوەیەدا بەکارهێنانی کێشی عەرووزی تەواو ڕووی لە کزی کردووە ، دەتوانین بڵێین بە ڕێژەی (12.07 %)[1] لە شیعری ئەو ماوەیەدا بەکارهاتووە .

---

[1] - ئەو ڕێژانەی بۆ بەکارهێنانی جۆری کێشەکان و سەرواکان لێرە بەدواوە دیاری دەکرێن لە ئەنجامی ئامارکردنی (55) دیوانە شیعری ساڵانی پەنجاکان و شەستەکان پێیگەیشتووین " هەر وەك لە خشتەکانی پاشکۆدا دەستنیشانکراون .

ئەو کێشە عەروزییانەیش بەکارهاتوون ئەمانن :

**أ - کێشی هەزەج** " لە هەموو جۆرەکانی تری کێشی عەرووزی زیاتر بەکارهاتووە ، کە ڕێژەی بەکارهێنانی دەگاتە (83 . 56٪) بە گوێرەی کێشە عەرووزییەکانی تر . بە زۆریش بە شێوەی سادە بەکارهاتووە ، وەك ئەم دێڕە شیعرە[2] :

لە عەشقی خاڵی لێوانت ، بە قوربان من لە گریانام

بە شوعلەی کوڵمی ئاڵت هەروەکو زوڵفت لە سووتانام (مەدهۆش)

﴿78 : 70﴾

ب - - - | ب - - - | ب - - - | ب - - -

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

کە سەراسەری شیعرەکە لەسەر کێشی (هەزەجی هەشتیی سالم)ە .

بەڵام تەنیا بە سادەیی بەکارنەهێنراوە ، بەڵکو لە هەندێ شیعردا گۆڕانکارییەکانی زیحاف و عیلەلیش تیایدا دەبینرێت " بۆ نموونە لەم دێڕە شیعرەدا چەند گۆڕانکارییەك بەسەر کێشەکەدا هاتووە :

هێشتا شەوی زۆر مابوو کە من کەوتمە صەحرا

وەك شێت ، بەڵام شێتی شعر ، شێتی جوانـــی ! (**گۆران**)

﴿23 : 63﴾

- - ب | ب - - ب | ب - - ب | ب - -

مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن

---

(2) - بەزۆری لە هەڵبژاردنی نموونەکاندا " ڕێژەی بەکارهێنانی هەر جۆرێك لەلای چ شاعیرێك بەرزە ، نموونەمان لە شیعری ئەو شاعیرە وەرگرتووە .

لە پێی یەکەمدا بڕگەی یەکەمی (مفاعیلن) لابراوە و بڕگەی کۆتاییش کورتکراوەتەوە و بووە بە (مفعول) " ئەم گۆڕانکارییە پێی دەوترێت (ئەخرەب) ، پێی دووەم و سێیەمیش بڕگەی کۆتاییان کورت کراوەتەوە و بوون بە (مفاعیل) ئەم گۆڕانەیش (مەکفووف)ی پێ دەوترێت ، بەڵام پێی چوارەم تەنیا بڕگەی کۆتایی لابراوە ، کە (مەحزووف)ی پێ دەوترێت بە گشتی شیعرەکە لەسەر کێشی (هەزەجی هەشتیی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف)ە .

ب – **کێشی ڕەمەل** : بە پلەی دووەم دێت " کە بە ڕێژەی (30.93 ٪)ی کێشە عەرووزییەکان بەکارهاتووە ، بە زۆریش بە شێوەی (ڕەمەلی هەشتیی مەحزووف) بەکارهێنراوە ، واتە تەنیا لابردنی بڕگەی کۆتایی دوا پێی کێشەکە " وەك :

ئەی بوێژ ! بۆچی وەها هەردەم دەروونت پڕ خەمە ؟!

بۆ وەها بەختت ڕەشە ؟... بۆچی وەها خۆشیت کەمە ؟! (**پیرباڵ مەحموود**)

﴿11: 70﴾

-- ب -- -| -- ب -- -| -- ب -- -| -- ب --

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

ج – **کێشی موجتەس** : بە پلەی سێیەم بەکارهێنراوە ، کە دەکاتە ڕێژەی (5.75 ٪)ی کێشە عەرووزییە بەکارهێنراوەکان ، بە تەنیا لە (بەهەشت و یادگار) و (فرمێسك و هونەر)ی گۆراندا بەرچاو دەکەوێت ، وەك :

کراس کەتانی ، کەوا سەوزی ، بەژنــو بـــاڵا بــــەرز ،

بە شانو گۆزەوە چەن جوانی ئەی پەری ی سەر ئەرز ! ﴿62:54﴾

ب - ب - | ب ب - - | ب - ب - | - -

مفاع لن فعلاتن مفاع لن فع لان

ناوی کێشەکەیش (موجتەسی هەشتیی مەخبوونی ئەسڵەم موسەببەغ)ە .

د – ( **موتەقاریب** ) و ( **موزاریع** ) ئەم دوو کێشە وەك یەك بە ڕێژەی (15 .2 ٪) بەکارهاتوون ، نموونەی یەکەمیان وەك ئەم شیعرەی (دڵزار) " کە لەسەر کێشی (موتەقاریبی هەشتیی مەحزووف)ە :

کوڕانی خەبات و نـــەجات و ژیـــان

لەڕێی سەربەخۆیی گەل و نیشتمان ﴿24 : 38﴾

ب-- -- | ب -- -- | ب -- -- | ب --

فعولن فعولن فعولن فعو

نموونەی دووەمیشیان " وەك ئەم شیعرەی (گۆران) :

هەر ژرەیەك لە خوێنی دەماری پڕ ئاگرم ،

هەرچی حجیرەکانی هەیـــە کـــوورەی دڵم ، ﴿63:66﴾

-- ب | --ب --ب | ب-- ب | --ب --ب -

مفعول فاع لات مفاعیل فاع لان

" کە لەسەر کێشی (موزاریعی هەشتیی ئەخرەبی مەکفووفی مەقسوورە)ە .

هـ – ( **خەفیف** ) " بە ڕێژەی (43 . 1٪) ی کێشە عەرووزییەکان بەکارهاتووە ، نموونەی تەنیا لە دیوانەکانی (گۆران)دا دەبینرێن ، وەك : ئەم شیعرە ، کە لەسەر کێشی (خەفیفی شەشیی مەخبوونی مەقسوور)ە ، لە هەندێ دێڕیشدا دەکرێت بە (خەفیفی شەشیی مەخبوونی ئەسلەم) ، یاخود بە (خەفیفی شەشی مەخبونی ئەسلەم موسەببەغ) بپێورێت:

ئەی (ژیان) پاش شکایەتی دووری "

ماچ کە چاوی جەنابی شێخ نووری ! ﴿61:122﴾

-ب -- ب | ب - | --

فاعلاتن مفاعلن فع لن

و – **سەریع** " لە هەموو کێشە عەروزییەکانی تر کەمتر بەکارهاتووە ، کە ڕێژەی بەکارهێنانی دەگاتە (0.71 ٪)ی کێشە عەروزییەکانی تر ، لەو دیوانانەی ئامارمان کردن، تەنیا لە دیوانی (خەبات و ژیان) ی (دلزار)دا نموونەیەکمان بەرچاو کەوت ، کە لە شیعرێکی موستەزاد دا بەکاری هێناوە ، ئەمەش سەرەتاکەیەتی :

لادە لە واتەی زل و داوای درۆ          رەنجەڕۆ

–ب ب|– –ب ب|– –ب|-- -- ب –

فاعلتن فاعلتن فاعلن فاعلن ﴿24 : 33﴾

ناوی کێشەکەش (سەریعی شەشیی مەتوی مەکشوف)ە .

جێگای ئاماژە پێکردنیشە ، ئەو کێشە عەروزییانەی لە شیعری ئەو ماوەیەدا بەکارهاتوون ، مەرج نییە (وەك شیعری کلاسیکی) لە هەموو لەتەکانی شیعرێکدا ژمارەی پێیەکانی بە یەکسانی دووبارە بووبێتەوە " بەڵکو هەندێجار لە هەر لەتێکدا ، ژمارەی پێیەکانی گۆڕاوە " بۆ نموونە شیعری (ئاخێك) ی (جەمال شارباژێری) ، کە لەسەر کێشی (هەزەج) داڕێژراوە ، بەڵام ژمارەی پێیەکان لە هەموو لەتەکاندا وەك یەك نین " لە یەکەم کۆپلەدا دوولەتی یەکەم (شەش هەنگاوی سالم) ن ، بەڵام لەتی سێیەم و چوارەم (شەش هەنگاوی مەحزووف) ن ، لەتی پێنجەم و شەشەم هەریەکەیان لە یەك هەنگاوی (مفاعیلن) پێك هاتووە " کۆپلەی دووەمیش بە هەمان شێوەی یەکەمە "بەڵام کۆپلەی سێیەم چوار لەتە و هەر لەتێك لە دوو پێی (مفاعیلن) پێك هاتووە " ئەمەش کۆپلەی یەکەمی شیعرەکەیە :

لەگەڵ ناڵەی شەوانی دوور لە شادیدا
بە بێزاری ، لە نەغمەی ، نامرادیدا .
خەفەت ، زەنگی . گەرووی گیانی کە لێ دا .
زەبوونی ، گوێ گری ئۆفە ، لە وێدا .

لە سینەمدا .

لەگەڵ خەمدا ﴿6:14﴾

## 2 – کێشە پەنجەییەکان :

ڕووبەرێکی فراوانی کێشی شیعری ئەو ماوەیەیان داگیر کردووە ، بە ڕێژەی (48 . 87 ٪) بەکارهێنراون . زۆربەی ئەو جۆرە کێشانەی لە گۆرانی و شیعری فۆلکلۆرییدا هەن ، سوودیان لێوەرگیراوە ، جا چ یەکجۆر لە شیعرێکدا ، یاخود تێکەڵکردنی دوو جۆر یان زیاتر لە شیعرێکدا بێت .

دەتوانین جۆری کێشە پەنجەییە بەکارهاتووەکان بکەین بە دوو بەشەوە " (سادە و تێکەڵ) :

### أ – کێشە سادەکان :

مەبەست لەو کێشانەن ، لە هەموو لەتەکانی شیعرێکدا ژمارەی بڕگەکان بە یەکسانی دووبارە دەبنەوە " ئەم جۆرانەی هەیە[1] :

1 – کێشی (10) بڕگەیی " بە ڕێژەی (10 . 28٪) ی کێشە پەنجەییەکان بەکارهێنراوە ، لە هەموو جۆرەکانی تر زیاتر بەکارهاتووە ، بەرزترین ئاستی بەکارهێنانیشی لە شیعرەکانی (پیرباڵ مەحموود)دا بەرچاو دەکەوێت ، کە تەنیا لە دیوانی (بەهەشتی دڵداری)دا ، لەکۆی (62) شیعردا ، (46) شیعری لەسەر ئەم کێشەیە داڕشتووە .

کێشی (10) بڕگەیی " بەسەر دوو پێی (5) بڕگەییدا دابەش دەبێت ، بەم شێوەیە :

وەرە بۆم پڕکە بادەی ڕەنگاوڕەنگ (5 + 5) بڕگە

لە چەشنی ئاڵتون لە چەشنی پرشنگ (5 + 5) بڕگە (**پیرباڵ مەحموود**)

---

[1] – لە زنجیرەی کێشەکاندا ، ڕێژەی بەکارهاتنیان لە بەرچاو گیراوە ، نەوەك ژمارەی بڕگەکان .

﴿23:11﴾

زۆر بە دەگمەن شیعرێکی (10) بڕگەیی بەرچاو دەکەوێت ، کە بەو شێوەیە دابەش نەبووبێت ، ئەمەش ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ هەژاریی فەرهەنگی شاعیرەکە ، یان لەوانەیە بە ئەنقەست گرنگی بە مۆسیقای دەرەوەی شیعرەکە نەدابێت ، بەڵام ئەگەر مۆسیقای ناوەوەشی گرنگییەکی ئەوتۆی پێ نەدرا بوو ، ئەمە دەبێتە جۆرە لەنگییەك لە مۆسیقای شیعرەکەدا " وەك بنیاتێکی سەرەکی دەقی شیعریی لە هەموو سەردەمێکدا .. بۆ نموونە ئەم دێڕە شیعرە " بەسەر سێ پێی (3 + 4 + 3) دابەش بووە ، یان دوو پێی (7 + 3) :

لاوانی دیموکــراتی بێچــوە شێـــر (3 + 4 + 3)

نیشانەی کوردستانیان لەسەر سینگ (3 + 4 + 3) (جەوهەر)

﴿13:18﴾

یان وەك ئەم دێڕە شیعرە " کە لە لەتی دووەمیدا بە دوو پێی (7 + 3) دابەش بووە :

ئافرەتە نیوەی گرنگی گەلان (5 + 5)

باخچەی ئادەمیزادە لە جیهان (7 + 3) (مدحت بێخەو) ﴿68 : 52﴾

2 – کێشی (8) بڕگەیی " بە پلەی دووەم دێت لە بەکارهێنانیدا ، کە ڕێژەکەی دەگاتە (34. 22 ٪) " بەرزترین ئاستی بەکارهێنانیشی لەلای (کامەران موکری) بەرچاو دەکەوێت " نزیکەی(11. 35 ٪)ی بەکارهێنانی ئەم جۆرە کێشەیە لە دیوانەکانی ئەو ماوەیە .

لەم جۆرە کێشەدا پێیەکان بەچەند شێوەیەك دابەش دەبن ، بەزۆری بەسەر دوو پێی (4) بڕگەیی دابەش دەبن " وەك :

ڕۆژی زەردی قـــژ ئـــاڵۆزاو (4 + 4)

هێواش هێواش ئەنێ هەنگاو (4 + 4) (ع.ح.ب) ﴿40 : 69﴾

هەندێجاریش بۆ دوو پێی (3 + 5) دابەش دەبێت ، وەك لەم دێڕە شیعرەی (کامەران)دا:

سێبەری سێـــــداره و هــــی پــــەت (3 + 5)

لەسەر ڕوو ، نەخشێك بوو ، خەت خەت (3 + 5) ﴿51 : 136﴾

یان بە پێچەوانەوە " بەسەر دوو پێی (5 + 3) دابەش دەبێت " هەر لە هەمان‌شیعردا :

لە تاریکایی زیندانا (5 + 3)

لەگەڵ زنجیری گرانا (5 + 3) ﴿51 : 137﴾

یان بۆ دوو پێی (6 + 2) یان (2 + 6) یان (2 + 4 + 2) .. دابەش دەبێت ، یاخود لە دێڕێکدا هەر لەتەو بەجۆرێك دابەش دەبێت ، وەك لەم دێڕە شیعرەی(شێرکۆ) دا :

دەمەو ئێوارەی خۆرنشین (5 + 3) بڕگەیی

دوا عومری پایزی غەمگین (3 + 5)بڕگەیی ﴿32 : 102﴾

بە شێوەیەکی گشتی لە کێشی پەنجەییدا دابەش بوونی پێیەکان لە هەموو لەتەکاندا بەیەکسانی ، یان تەنانەت لە دوو لەتی یەك دێڕیشدا ، نەبووەتە مەرجێك ، شاعیر خۆی پێوە ببەستێتەوە ، جگە لە هەندێ جۆرە کێش ، کە مۆسیقاکەی بەو شێوەیە جێگیر بووە " وەك کێشی (10) بڕگەیی بۆ (5 + 5) و (13) بڕگەیی بۆ (4 + 4 + 5) و (14) بڕگەیی بۆ (7 + 7) و (16) بڕگەیش بۆ (8 + 8) . .

3 – کێشی (7) بڕگەیی " بە ڕێژەی (95 . 6 ٪) بەکارهێنراوە ، ئەم جۆرە کێشە یەکێکە لە کێشە زۆر باوەکان لە شیعر و گۆرانی فۆلکلۆری کوردیدا[1] ، لە بارەی ئەم کێشەوە (ڕەفیق سابیر) دەڵێت: ((ئەم کێشە مۆسیقایەکی ڕەوان و ڕاستەوخۆی هەیە ﴿...﴾. هەر ئەم ڕەوانی یەشە وای لەو شاعیرانە کردووە کە شیعریان بۆ منالآن نووسیوە بەزۆری بەکاری بێنن))﴿88 : 4 ﴾، بۆ نموونە (ع . ع . شەونم) لە دیوانی (جریوە)دا " کە کۆمەڵە شیعرێکە بۆ منداڵان نووسراوە ، لە کۆی (24) شیعردا (12) شیعریان " واتە (نیوە) یانی لە سەر کێشی (7) بڕگەیی داناوە " ئەم کێشەیش (پێ)یەکانی بەچەند شێوەیەک دابەش دەبن :

دیارترینیان (4 + 3) یان (3 + 4)ە : وەك :

گیاندارێکی بێ هێزم (4 + 3)

کەس نالێ ئەتپارێزم (3 + 4) (ع. ع. شەونم) ﴿12 : 41﴾

یان دەڵێت : وەك باڵندە ئەخوێنم (4 + 3)

بفڕە ! بفڕە ! جۆلانە (4 + 3) ﴿41 : 13﴾

یاخود دوو پێی (5 + 2) یان (2 + 5)ە ، وەك :

ئەمیـــان ئاوازەی شـــادی (5 + 2)

ئەویان نووزەی بەربادی ... (5 + 2) (گۆران) ﴿61 : 105﴾

هەر لە هەمان شیعردا :

---

[1] - جێگای ئاماژەیـە " کـە زۆربـەی هـەرە زۆری شـیعری فۆلکلـۆری دەشـتی هـەولێر , لەسـەر کێـشی (7)بڕگەییە , بە تایبەتی شیعری بەستە و شایی . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە " سەرچاوەی ﴿80﴾ .

پەرداغی ئاوم گــوڵ بــێ (5 + 2)

جێی حەسانەوەم چڵ بێ (5 + 2) ﴿106 : 61﴾

4 – کێشی (11) بڕگەیی ، ڕێژەی بەکارهێنانی (46 . 4 ٪)ە ، بەزۆری لە شیعرەکانی گۆران و جەمال شارباژێڕی بەرچاو دەکەوێت ، ئەم کێشە بەزۆری بەسەر سێ (پێ)ی (4 + 4 + 3)دا دابەش دەبێت ، وەك لەم شیعرەدا :

جادە چۆڵو سێبەر بوو ، کات بــەیانی ، (4 + 3 + 4)

ئــەڕۆیشتم خــەیاڵاوی ئــەم ڕوانــی : (4 + 3 + 4)

بۆ ســەوزایی دەوروپــشتم ، بۆ ئاســمان ، (4 + 3 + 4)

بۆ شاخی بەرز ، خانووی تازە ، دنیای جوان ...(4 + 3 + 4) ﴿62 : 25﴾

دەشتوانین بە دوو پێی (7 + 4) یان (4 + 7) ، یاخود دوو پێی (8 + 3) یان (3 + 8) بیخوێنینەوە ، پێی (7) بڕگەییەکە یان (8) بڕگەییەکە بە پێی دابەشبوونەکانی پێشتر ئاماژەمان پێدا ، دابەش دەبنەوە .

دەشێت بەسەر دوو پێی (5 + 6) یان (6 + 5) یش دابەش بێت " وەك لەم شیعرەدا :

تاکو ئێستەش لە شەوی خەمگینی یا (4 + 3 + 4)

سەر لێ شێواو خەمبار ، لە پەل کوتانای (6 + 5)

لــەنــاو گۆمــی لێــڵــی پــەشیــمانــیــا (6 + 5)

کۆست کەوتوانە هەمیشە لە گریانای (4 + 3 + 4) (کامەران) ﴿28 : 52﴾

5 – کێشی (13) بڕگەیی " بە ڕێژەی (78 . 2 ٪) بەکارهاتووە ، بەزۆری لە شیعرەکانی (شێرکۆ)دا دەبینرێت ، کە نزیکەی نیوەی ئەو ڕێژەیەی تەنیا لە دیوانی (تریفەی

هەڵبەست)دا بەکارهێناوە . ئەم کێشە تا ڕادەیەکی زۆر دابەش بوونی پێیەکانی جێگیرە ، کە دەبێتە (سێ) پێی (4 + 4 + 5)بڕگەیی " وەك :

شیرینەکەم سبەی ئەڕۆم بەجێت ئەهێڵم (4 + 4 + 5)

ڕێگای دووری گەڕانەوەی ناسۆر ئەکێڵم (4 + 4 + 5) (شێرکۆ)

﴿101 : 32﴾

دەشتوانین ناوی لێ بنێین دوو پێی (8 + 5) بڕگەیی .

6 – کێشی (12)بڕگەیی : ڕێژەی بەکارهێنانی (38 . 2 %)ە ، ڕێژەیەکی زۆری لە شیعرەکانی (جەمال شارباژێری)دا دەبینرێت .. ، ئەم کێشە بەزۆری دابەشی سەر دوو پێی (7 + 5) ، یان (5 + 7) بڕگەیی دەبێت " وەك :

دەی ئاخۆ بۆت لەو لاوە دوور ئەخرێتەوە (7 + 5) بڕگەیی

یان ئەو دڵەی ، پێ ی داوە نای سەنێتەوە (7 + 5) بڕگەیی

﴿103 : 14﴾

یان هەندێجار بەسەر دوو پێی (6 + 6) بڕگەیی ، یاخود دەتوانین بڵێین چوار پێی (3 + 3 + 3 + 3) بڕگەییدا دابەش دەبێت " وەك :

تۆ بڵێ ی .. گەردوون هەر .. وا هەور و هەڵا بێ !

نەمـــامـــی هیـــوامـــــان ، بێ چرۆ و .. گەڵا بێ ..

﴿20 : 14﴾

7 – کێشی (16) بڕگەیی ، ڕێژەی بەکارهێنانی (19 . 1 %)ە ، بەشێوەیەکی گشتی دابەشی سەر دوو پێی (8 + 8) دەبێت و هەر پێیەکیش لەناوخۆیدا بە پێی جۆری دابەش بوونەکانی کێشی (8) بڕگەیی دەبێتە پێی بچووکتر .

نازانم بۆ ، لەناکاوا جارجار تەمێ ، تەمێکی ڕەش (8 + 8)

لە دیو ئاسۆی دەروونەوە دێ دڵم ئەگرێتە باوەش (8 + 8) (کاکەی فەلاح)

﴿11 : 50﴾

8 – کێشی (14) بڕگەیی " بەڕێژەی (1.09 ٪) بەکارهێنراوە ، بەزۆری دابەشی سەر دوو پێی

(7 + 7) بڕگەیی دەبێت ، هەر پێیەکی (7) بڕگەییش بە پێی شێوە دابەشبوونەکانی دەبێتە چەند وردە پێیەکی تر " وەك ئەم شیعرەی (عوسمان شارباژێری) :

((نیشتمان پەروەر)) ئەبێ بۆ هاوخوێنی دڵسۆز بێ

خۆڵـــــی خاکــی وڵاتــی پیــویستە لا پــیرۆز بــێ

﴿23 : 45﴾

9 – کێشی (15) بڕگەیی بەڕێژەی (0.99 ٪) بەکارهاتووە ، بەزۆری لەسەر بنەمای کێشی (10) بڕگەیی دادەڕێژرێت ، کە پێیەکی (5) بڕگەیی بۆ زیاد دەکرێت ، وەك ئەم شیعرەی (دلزار) ، کە تەنانەت بە پێی تۆپۆگرافیای شیعرەکەش هەنگاوەکان دابەشبوون .

ئەم لا کەژێکە　　ئەولا کەژێکە　　جوان و سەخت و بەرز　(5 + 5 + 5)

لە ناوەڕاســـتا　　دۆڵی سۆلاڤــە　　پــڕ لـــە بـــاخ و ڕەز　(5 + 5 + 5)

﴿ 60 : 24﴾

هەندێجاریش دابەشی سەر (8 + 7) یان (7 + 8) دەبێت ، هەریەك لەو پێیانەیش دووبارە دابەش دەبنەوە بۆ پێی بچووکتر ، وەك :

بیرتە ! ورد ورد ، بە گوێ چەمی ، کەف چڕێندا ئەڕۆشتین

وردە شەپۆل ، بە ئەسپایی ، قـــاچـــی ڕووتـــی ئەشتـــین ..؟　(شێرکۆ)

﴿133 : 32﴾

4 | 4 | 4　3

7 8

10 – کێشی (4) برگەیی ، رێژەی (0.09 ٪)ی کێشە پەنجەییەکان دەگرێتەوە ، کە دەکاتە نزمترین ئاستی بەکارهێنان ، لە نێوان ئەو دیوانانەی ئامارمان کردن ، تەنیا یەك نموونەمان لە دیوانی (ناسۆری دەروون)ی (ع . ح . ب)دا بەرچاو کەوت ، شیعرەکەش بە ناونیشانی (تەرمی پیاوێك) ە " کە ئەمە سەرەتاکەیەتی :

ئەم تەرمەیە
کەوا هەیە
تادوێ نزیك
ڕازاوە و شیك
ئەهات ، ئەچوو
زرپ و زیندوو        ﴿40 : 122﴾

11 – کێشی (6)بڕگەیی " ئەمیش بە ڕێژەی (0.09 ٪) بەکارهاتووە " لە نێوان دیوانەکاندا تەنیا یەك نموونەمان لەلای (گۆران) دەست کەوت ، کە سەرەتای شیعرەکە بەم شێوەیە :

بێ خشپە و زیاندار        (6) برگە
ئەکشێم چەشنی مار        (6) بڕگە        ﴿64 : 50﴾

## ب – کێشە تێکەڵەکان :

دەتوانین ئەمیش بکەین بە سێ جۆرەوە :

1 – ئەوانەی کە لەسەر یەك بنەما داڕێژراون ، بەڵام ژمارەی پێیەکان لە لەتێکەوە بۆ لەتێکی تر دەگۆڕێت " یان دەتوانین بڵێین لە بنەمادا ئەو کێشە جیاوازانە (پێ)ی جۆرە کێشێکی ترن و کەرتکراون:

أ – ئەوانەی لەسەر بنەمای کێشی (8) بڕگەیی دانراون :

- کێشی (8 + 4) بڕگەیی " ڕێژەی بەکارهێنانی بەگوێرەی کێشە پەنجەییەکانی تر (سادە و تێکەڵ) دەگاتە (60 . 13 ٪) ، کە بە پلەی سێیەم دێت لە دوای کێشی (10)بڕگەیی و (8) بڕگەیی سادە .. بەتایبەتی لە ساڵانی شەستەکان بەدواوە زۆرتر بەکارهاتووە ، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ هەنگاونانی کێشی شیعری نوێی کوردی (لەو ماوەیەدا) بەرەو ئازادبوونی .

بەرزترین ئاستی بەکارهێنانی لە شیعرەکانی (جەمال شارباژێڕی)دا هەستی پێدەکرێت. ئەو شیعرانەی ئەو جۆرە تێکەڵییەی تێدا بەکاردەهێنرێت ، بە پێی پێویستی شیعریی " هەندێ لەت لە (8) بڕگە و هەندێکی تریان لە (4) بڕگە پێك دێت ، لەتە (8) بڕگەییەکانیش بە پێی دابەشبوونەکانی ئەو جۆرە کێشە (هەشت بڕگەیی) ، بەسەر پێی تردا دابەش دەبنەوە " وەك : (4 + 4) ، (5 + 3) ، (6 + 2) ، ... هتد . وەك :

هەر ئاشتیە ووتە و باسم (4 + 4)

ئەو ئەناسم (4)

مەڵبەندی بڕواو سوپاسم (3 + 5) (ج. شارباژێڕی)

﴿25:16﴾

- کێشی (12 + 8 + 4) بڕگەیی ، بەڕێژەی (68 . 2 ٪) بەکارهاتووە ، ئەمیش لە دیوانی ساڵانی پەنجاکاندا بەرچاو ناکەوێت و لە شەستەکاندا زیاتر بەکارهێنراوە ، ئەم جۆرە تێکەڵییەش بەزۆری لە دیوانەکانی (جەمال شارباژێڕی) بەرچاو دەکەوێت " وەك :

بەڵام دڵ و گیانەکەی من . با ڕوون بێ لێت (12)

داوای بکەی ئەیبەخشم پێت .. (8)

پێشکەشت بێت .. (4) (ج . شارباژێری)

﴾21:15﴿

ب – کێشی تێکەڵی (15 + 10 + 5) " کە لەسەر بنەمای پێی (5) بڕگەیی دادەنرێت، لە هەندێ لەتدا یەك (پێ) و لە هەندێکی تر (2) پێ و لە هەندێکی تریشیان (3) پێ " بەکاردێت ..

نموونەی (15 + 10 + 5) " وەك لەم شیعرەی (جەمال شارباژێری) دا دەیبینین :

دایە گیان مەگری ! .. ئەم گەلی کوردە تا سەر دیل نابێ

تا سەر هاودەمی زرەی زنجیر و زیقەی زیل نابێ !

کورد هەتاکو سەر هەروا نامێنێ

. . . ، چاوپۆشی ناکا ، . . . ﴾49:13﴿

هەندێجاریش تەنیا یەك پێ و دوو پێ بەکاردێ " واتە (10 + 5) وەك :

پێکەنە بەمن ، هەتا ئەتوانی

بەڵێ پێکەنە ....

بەمن ... بەژینم ...

بە لەشی بێهێز ...

بەهەر دوو چاڵی ، چاوی بێتینم (پەشێو) ﴾26:35

﴿

ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم کێشە تێکەڵە بە گشتی (78 . 3 ٪)ە .

ج – کێشی تێکەڵی (14 + 7) " کە لەسەر بنەمای کێشی (7) بڕگەیی دامەزراوە ، لە هەندێ لەتدا (7) بڕگەو لە هەندێ لەتیش دوو پێی (7) بڕگەیی یە " ڕێژەی بەکارهێنانیشی (19 . 0 ٪)ە .

بەڵام کاتێ جێت هێشتم (7)

ناسۆریت زۆر پێ چێشتم (7)

لە فرمێسکی نهێنی چاوی بیری سروشتم (7 + 7)

چەند دلۆپێکی وشکی نادیاریت پێ ڕشتم (7 + 7) (ج. شاربازێری) ﴿15 : 34﴾

د — ئەوانەی پێیەکانی جۆرە کێشێکە یان یەکێك لە پێیەکانی دابەش دەبێت، بەڵام دەکەوێتە لەتێکی ترەوە :

- کێشی (8) بڕگەیی ، کاتێك بۆ دوو لەتی (5 + 3) دابەش دەبێت و هەندێجار پێیەکیان دەکەونە لەتێکی ترەوە ، وەك :

بۆ تیشکی شادی دەم کەلم (8)

خەبات ئەکەم (4)

خاك بەش کەرانم (5)

مات ئەکەم (3) (پەرۆش) ﴿30 : 17﴾

یان کە بۆ دوو لەتی (6 + 2) دابەش دەبێت ، وەك :

بۆ نەختێ ڕۆشنایی (6)

لێ دیار (2)

بۆ ... چاوە زار (4)

لێوی بێزاری تاریکی (8)

ناگاتە ناو (4)

مەشخەڵی ڕووناکی (6)

لێ دیار (2)

ئەبێ بەتاو (4)

ببارێنێ پەری سووتاو (8) (دیلان) ﴿60:75﴾

-- کێشی (10) بڕگەیی ، کە بەسەر دوو لەتی (7 + 3)دابەش دەبێت ، وەك لەم شیعرەی (عوسمان خۆشناو) دا :

وەك باڵداری باڵ بڕاو          دەست و ئەژنۆ تێك شكاو

پــــــەشــــــۆكــــاو ﴿14:44﴾

-- کێشی (11) بڕگەیی " کە دابەش دەبێتە سەر دوو لەتی (7+4) بڕگەیی ، وەك : شیعری (زام و فرمێسك) ی (جەمال شارباژێری) .﴿13 : 98 ﴾

-- کێشی (9) بڕگەیی " کە دابەش دەبێتە سەر لەتی (6 + 3) ، وەك لەم شیعرەی (ج. شارباژێری)دا :

سەرچنار (3)

بە پەنجەی . هونەری . کردگار (3 + 3 + 3)

ئارایشت . کراوی. (3 + 3)

لە تابلۆی . سروشتا وەك نیگار (3 + 3 + 3)

بە سورمە نەخشاوی (3 + 3)

بۆ بەهار (3) ﴿15 : 82 ﴾

لە ڕاستیدا ئەم کێشە بە تەنیا بەکارنەهاتووە ، بەڵکو لە ناو کێشە تێکەڵەکاندا زۆر بە کەمی دەبینرێت وەك :

گۆچانی لە ناو دەست دانابوو (3 + 3 + 3) (جەوهەر) ﴿18 : 13 ﴾

هەندێجار شیعرێك مەرج نییە لەسەر یەك جۆر کێش بنیات نرابێت ، واتە لەوانەیە تێکەڵی چەند جۆرە کێشێك بێت ، بەڵام لەتەکانی لە ئەنجامی دابەش بوونی یەکێك لەو

جۆرە كێشانەیە " بەو شێوە كەرتبوونانەی ئاماژەمان پێدان .. جگە لەوەی هەندێجار پێیەكانیش كەرت دەبن ، وەك :

- كەرتبوونی پێی (5) بڕگەیی بۆ (4 + 1) بڕگەیی و هەر یەكەو دەكەوێتە كەرتێكەوە ، وەك :

شەرتە تا مردن (5)

لانەدەم لە ڕێت (5)

تا دوا تنۆك (4)

خوێن .. (1) (پاكیزە)﴿10: 5-6 ﴾

یان كەرتبوونی (5) بڕگەیی بۆ (3 + 2) یان (2 + 3) یان (1 + 2 + 2) ، وەك:

یاخود ... (2)

هەر دوژمن ... (3)

بە جەستەی (3)

كورد .. بێ .. ! ! (2)

چەند بێ چارەیە (5)

چەند .... (1)

بێ بەش .. ! (2)

لە دوا .. (2) (پاكیزە) ﴿10: 7﴾

- كەرتبوونی (4) بڕگەیی بۆ دوو لەتی (3 + 1) بڕگەیی ، بۆ نموونە هەر لە هەمان شیعری (پاكیزە)دا ، وەك لە دوو لەتی دوایی ئەم چوار لەتەدا دەیبینین :

دەستم داوەتە قەڵەم (7)

هەزاران جار .. (4)

بنووسم (3)

چی ؟؟ (1) ﴿7:10﴾

2 - بەشداربوونی دوو جۆر کێش لە شیعرێکدا " وەك :

-- کێشی تێکەڵی (8 + 6) بڕگەیی " وەك :

کوردستان بەهەشتی زەمین (8)

جێ ی تێکۆشان و ڕاپەڕین (8)

مەڵبـــەندی کـاوەی قارەمـان (8)

کوردستـــــان کوردستـــــان (6) (دیلان) ﴿75 : 97﴾

-- کێشی تێکەڵی (7 + 5) بڕگەیی ، وەك :

مـوژدە لەم گەل و هۆزە (7)

زەمین بۆتــە پــــیرۆزە (7)

ڕۆژێکـــی زۆر پــیرۆزە (7)

جەژنی نەورۆزە (5) (دلزار) ﴿24 : 58﴾

-- کێشی تێکەڵی (8 + 7) بڕگەیی " وەك ئەم دوو شیعرەی (ع . ح . ب)دا : (کاری کێ ی وا سەربەستی ؟) ﴿40 : 17﴾، (بۆ یار) ﴿40 : 39﴾

-- کێشی تێکەڵی (11 + 7) بڕگەیی " وەك لە شیعری (ماکارتی) ی گۆراندا دەبینرێت. ﴿49 : 64﴾

3 – ئەو کێشە تێکەڵانەی ، چەند جۆرە کێشێك لە یەك شیعردا تێکەڵ دەکرێن ، یان پێیەکانی دوو کێش یان زیاتر لەم جۆرە تێکەڵییەدا بەشدارن لـە پێکهاتـەی کێـشی

شیعرەکەدا، ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم جۆرە تێکەڵییە بە نزیکی (84.7٪)ە[1] " کە ڕێژەیەکی تا ڕادەیەك بەرزە و بە پلەی چوارەم دێت ، بە گوێرەی کێشە پەنجەییە بەکارهاتووەکان . نموونەش وەك : لە شیعری (لە گەنجی و پیری و مردنا) ی (ع.ح.ب) ﴿40 : 5 - 8﴾" کە کێشی (8) بڕگەیی و دوو پێی (12) بڕگەیی (7 + 5)، بەشدارن لە پێکهاتەی کێشی شیعرەکەدا.

شیعری وایش هەیە هەموو جۆرە کێشە پەنجەییەکان (یان زۆربەیان) تیایدا کۆبوونەتەوە ، هەر لە (16) بڕگەییەوە ، تا ئەو پێیانەش کە بە تەنیا بەکارنەهاتوون (وەك پێی یەك بڕگەیی) ، بۆ نموونە لە شیعری (گەشتێك) یان (دوانامە) ی (کامل ژیر)دا ﴿56:9 ، 27﴾ زۆربەی کێشەکان بەکارهاتوون .

تەنانەت لە هەندێ شیعردا ، جۆرە کێشی وای تێکەڵکراوە (یان بەکارهێنراوە) " کە بە تەنیا نموونەی بەرچاو ناکەوێت ، وەك کێشی (17) بڕگەیی ، کە لە کێشی تێکەڵی شیعری (ئەبێ چی بکەین ؟) ی (هۆگر گۆران)دا دەبینرێت " وەك :

بەڵێ ئێستا ئێمە لە بیابانێکی چۆڵوهۆڵا ئەژین (17) بڕگەیی
لە شەوێکی تاریکو نوتەکا هەنگاو ئەنێین ، تەنانەت (17) بڕگەیی
مردنیش هەڕەشەمان لێ ئەکات ! (10)بڕگەیی ﴿79 : 14﴾

دەبێت ئەو ڕاستییەشمان لەبەرچاو ون نەبێت ، هەرچەندە بەکارهێنانی کێش و پێی جۆراوجۆر لە شیعرێکدا ، هەمەڕەنگی دەبەخشێتە مۆسیقای شیعرەکە "هەمەڕەنگییش بەهایەکی ئێستاتیکی یە لە شیعری نوێدا ، بەڵام هەموو تێکەڵکردنێکی چەند کێشێکی جۆراوجۆر لە شیعرێکدا ، یان هەموو جۆرە کەرتکردنێکی کێشەکان ، یان پێیەکان مەرج

---

(1) - لە خشتەکەدا کەوتووەتە ژێر ستوونی *تێکەڵ* .

نییە بە داهێنان دابنرێت ، چونکە پێویستە ئەو تێکەڵکردنە مۆسیقایەکی تایبەتی پێك بهێنێت ، دەنا هیچ بەهایەکی ئیستاتیکی نابێت .. هەر لەبەر ئەوشە هەندێ دابەش کردن و کەرتکردنی جۆری کێش و پێیەکان ، نموونەیان لەو شیعرانەدا بەرچاو دەکەوێت کە بنیاتی مۆسیقایان لاوازە ! ..وەك لەو نموونەی سەرەوەدا دەبینرێت .

## 3 – تێکەڵی کێشی عەرووزی و پەنجەیی :

ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم جۆرە تێکەڵکردنە زۆر نزمە ، کە دەکاتە (43 .0 ٪)ی شیعرەکانی ئەو ماوەیە ، تەنیا لە دیوانی سالآنی پەنجاکاندا تاك وتەرا بەرچاو دەکەوێت ، ئەمەش وەك کۆتایی قۆناغی گواستنەوەیە لە کێشی عەرووزییەوە بەرەو کێشی پەنجەیی لە شیعری نوێی کوردیدا ..

ئەوەی جێگای سەرنجە ، بەزۆری کێشی عەرووزی (هەزەج) لەم تێکەڵییە بەکاردەهێنرێت ، ئەمەش جارێکی تر چەسپان و گونجانی ئەم کێشە لە مۆسیقای شیعری کلاسیکی کوردیدا دووپات دەکاتەوە ، کە کاریگەرییەکەی لە کێشەکانی تر زیاتر ماوەتەوە. جۆری کێشی پەنجەییەکەش بەزۆری (8) بڕگەیی و پێی (5) بڕگەییە ، کە لە هەموو کێشەکانی تر زیاتر چەسپاون و هەتا ئێستاش لە هەموویان زیاتر بەکاردێن . واتە بلآوترین جۆری هەردوو کێشەکە (عەرووزی و پەنجەیی) لەم جۆرە تێکەڵییەدا بەشدارییان کردووە .

-- لە شیعری (ئەی گوڵ) ی (پیرباڵ مەحموود) دا کێشی هەزەج و (8) بڕگەیی تێکەڵکراون. ﴿61:11﴾

-- لە شیعری (هەژارین) ی (دلزار)یشدا کێشی (هەزەج) و (5) بڕگەیی تێکەڵکراون . ﴿30 : 24﴾

-- لە شیعرێکی تری (دلزار)دا بە ناوی (لە لادێ دا)، کێشی (هەزەج) لەگەڵ کێشی (تێکەڵی پەنجەیی) تێکەڵکراون . ﴿24 : 24﴾

-- جگە لە کێشی (هەزەج) ، نموونەیەکی تێکەڵی کێشی (موزاریع) و هەردوو کێشی پەنجەیی (8) و (5) بڕگەیی ، لە (بەهەشت و یادگار)ی(گۆران)دا دەبینرێت ، لە شیعری(ئاواتی دووری)دا﴿62 : 5 ﴾

بە شێوەیەکی گشتی شیعری نوێی کوردی لەم ماوەیەدا ، جگە لەوەی وردە وردە لە کێشی عەرووزی ئازاد بوو ، لە هەمان کاتدا لە دەست هاوسەنگی نێوان دوو لەتە دێڕیش خۆی دەرباز کرد ، جا چ لە ڕووی ژمارەی بڕگەوە بێت ، یان جۆری دابەش بوونی پێیەکان لە هەر لەتێکدا ، ئەمەش ڕێگا خۆشکەر بوو بۆ زیاتر ئازادبوونی شیعری کوردی لە کۆت و پێوەندەکان ..

## ب – پەیوەندی کێش بە واتاوە :

ئەگەر لایەنی دەنگیی هێڵی سەرەوەی هەر دەقێکی شیعریی بێت ، ئەوا واتاکەی هێڵی ژێرەوەیەتی " گونجان و تەریب بوونی ئەم دوو هێڵە ، هەندێجار هەستی پێدەکرێت و هەندێجاریش هەستی پێناکرێت .

مەبەستمان لە تەریب بوونی (یان تەریب نەبوونی) کێش لەگەڵ واتادا لە دێڕە شیعرێکدا ، ئەوەیە کاتێك کێش لە دێڕێکدا تەواو دەبێت ، مەرج نییە واتایش لەو دێڕەدا (یان لەتەدا) تەواو بووبێت ، بۆ نموونە ئەگەر بڕوانینە ئەم چوارینەیە :

لەباتی نێرگز چەپکە هەڵبەستی

سۆزی دەروونم ئەکەم بە دیاری

بۆ ئەو کەسانەی کە خۆشەویستی ،

گیانیان ئەبەخشن بە کوردەواری . (شێرکۆ) ﴿32 : 107﴾

دەبینین چوارینەكە لەسەر كێشی پەنجەیی (10) بڕگەییە ، لە هەر لەتێكدا كێشەكە تەواو دەبێت ، بەڵام چ لە ڕووی واتاوە ، چ لە ڕووی سینتاكسەوە ، لەتەكانی سەربەخۆ نین و بە یەكترییەوە بەستراونەتەوە " بە كۆتایی هاتنی لەتی چوارەم واتای لەتی یەكەم تەواو دەبێت، بەمەش جۆرە ناتەریبییەك لە نێوان كێش و واتا لە لایەكەوە و لە نێوان كێش و ڕۆنانی ڕستەكان لە لایەكی ترەوە دروست بووە .

جاری وایش هەیە بە پێچەوانەوە " لە ناو دێڕێكدا (یان لەتێكدا) واتا تەواو دەبێت و كێش تەواو نابێت " وەك لەم دێڕە شیعرەی (كامەران) دا دەیبینین :

ئەی شێخ مەحمووی شانازی كورد
هەموو بە جارێ گـــــــەورە و ورد
فــــــرمێسكت بۆ ، ئەڕێژین ... دڵ
بـۆ كۆچی تۆ ، هاتۆتــە كـــــوڵ ﴿96:51﴾

لەتەكانی ئەم دێڕە شیعرە لە سەر كێشی (8) بڕگەیی دانراون ، لە لەتی سێیەمدا و لە بڕگەی حەوتەمدا ، واتا تەواو بووە ، بەڵام كێشەكە هێشتا تەواو نەبووە ..

تەنانەت زۆرجار پێیەك دەبێتە دوو كەرت یان زیاتر و دابەشی سەر چەند لەتێك دەبێت ، لە كاتێكدا لەتەكان لە ڕووی واتا ، یان ڕۆنانەوە تەواوكەری یەكتر نین .. (گۆران) لە (ئەنجامی یاران)دا ، كە لە شێوەی (موستەزاد)دا داڕشتووە ، لەتەكان لەسەر كێشی (11) بڕگەیی ، و تیكە زیادكراوەكانیش (سێ)یان لەسەر كێشی (6) بڕگەیی و ئەوانی تر لەسەر كێشی (5) بڕگەیین . (تیكە)یەكی (5) بڕگەییان بۆ دوو پارچەی (3 + 2) بڕگەیی دابەش بووە و هەر یەكەو كەوتۆتە كەرتێكەوە ، هەرچەندە لە ڕووی كێشەوە تەواوكەری یەكن " كە (پێ)یەكی (5) بڕگەیی پێك دێنن ، بەڵام لە ڕووی واتا و ڕۆنانی ڕستەوە تەواوكەری یەكتر نین و پەیوەندییان پێكەوە نییە :

وەنەوش :

ڕۆڵەکەم ! کەڵکەڵەی مەنیج لە سەرت ، (11)

دەربکە ... (3)

برزوو :

... مردم ! (2)

بێگومان " مەنیجی نازدار مردووە ؟ (11) ﴿63 : 93﴾

ئەگەر لە لەتی یەکەم وورد بینەوە " دەبینین ناتەریبییەك لە جۆری یەکەم دروست بووە " واتا و پێکهاتەی ڕێزمانی تەواو نەبووە و لە کەرتی دوای خۆی تەواو بووە ، بەلام لە ڕووی کێشەوە تەواو بووە " کە کێشی (11) بڕگەیی یە .

ئەمەش ئەوە دەردەخات کە (تێکەڵ بوونی کێشەکان ، هەرچەندە بەهایەکی مۆسیقایی هەیە ، بەلام دەبێتە هۆی دروستکردنی جۆرێك لە ناتەریبی نێوان کێش و واتا .) ﴿125 : 41﴾

چەند هۆکارێکی هونەری ، ڕۆڵیان هەیە لە دروست بوونی تەریبی و ناتەریبی لە نێوان کێش و واتا (یان کێش و ڕۆنان)دا " گرنگترینیان ئەمانەن :

1 – **هەڵوەستە** ، یان (وەستان) " یان نیشانەکانی خاڵبەندی ، کە گوزارشت لە ئاوازی دەنگیی دەکەن . لە شیعری نوێی کوردیدا لەبەرئەوەی کورتی و درێژی بڕگەکان فەرامۆش کراوە ، کەلێنێك لە ئاوازی شیعردا پەیدا بووە ، بە دانانی نیشانەکانی خاڵبەندی بەشێك لەو کەلێنە پڕکراوەتەوە ، ئەمەش لە پێناو پتەوکردنی مۆسیقای شیعرەکە ، گرنگترین ئەو نیشانانەیش (خاڵ و کۆما)ن "(کۆما) وەستانێکی واتایی بچووك و(خاڵ)یش وەستانێکی واتایی گەورە دروست دەکات .

وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد " سووکە راوەستان لە نێوان پێیەکانی کێشی پەنجەیی ئاوازی شیعرەکە جێگیر دەکات ، ئەمەش لە جیاتی ئەو ئاوازەی لە ئەنجامی کورتی و درێژی

بڕگەكان لە كێشی عەرووزی شیعری كلاسیكیدا دروست دەبوو ، نیشانەی (،)یش لـە نووسیندا ئەركی راوەستانێكی كورت دەبینێت لە خوێندنەوەدا ، شاعیری نـوێش وەك یاریدەدەری خوێنەر بۆ دیاریكردنی ئەو كورتە ڕاوەستانانەی نێوان پێیەكانی (یان نێوان وردە پێیەكانی) كێشەكە بەكاری دەهێنێت " بۆ نموونە (شێركۆ) لە شیعری (باوكی شەهیدم)دا ﴿32 : 16 ﴾، كە (53) دێڕ و (106) لەتە و هەر لەتێكی لەسەر كێشی (13) بڕگەیی یە و ئەم كێشەش (وەك باسكرا) لە سێ پێی (4 + 4 + 5) بڕگەیی پێك دێت ، لە سەراسەری شیعرەكەدا و لـە نێـوان پێیەكاندا نیـشانەی (،)ی دانـاوە " ئەمـەش ئاسانكارییەكە بۆ خوێنەر ، تاوەكو شیعرەكە بە ئاوازی خۆی بخوێنێتەوە ، بەم جۆرەش تەریبییەك لە نێوان لەتەكاندا لە ڕووی مۆسیقاوە دروست بووە .

جاری وایش هەیە بە پێچەوانەوە " ناتەریبییەك لە كێشەكەدا دروست دەبێت ، بۆ نموونە لەم دێڕە شیعرەدا :

پێكەنە ، بەناز ، ئەی نیهاد مردوو

بەخەونی دوێنێ ی ، من و تۆ ، هەردوو (پەشێو) ﴿35 : 29﴾

كێشی ئەم دوو لەتە (10) بڕگەیی یە ، ئەم كێشەیش بەسەر دوو پێی (5) بڕگەییدا دابەش دەبێت ، واتە وەستانێك لە ناوەڕاستدا هەیە ، بەڵام لە پێی یەكەمی لەتی یەكەمدا ، نیشانەی (،)ەكە پێیەكەی كردووە بە دوو لەتەوە ، كە لە پێی یەكەمی لەتی دووەمدا ئەم وەستانە نییە ، ئەمەش جۆرێك لە ناتەریبی دروست كردووە .

دانانی نیشانەكانی خاڵبەندی لەو شیعرانەدا كە لەسەر كێشی عەرووزی دادەنرێن ، زیاتر دیاردەی ناتەریبی لە كێشدا دروست دەكەن ، بەو پێیەی كە ئەم جۆرە كێشە زیاتر پابەندی دابەش بوونی ڕێكوپێكی (پێ)یەكان دەبێت ، وەك لەم دێڕە شیعرەدا هەستی پێدەكرێت :

شنەی با ، باسی جوانی ئەو  به گوێ من دا ئەچرپێنێ

ب - - |  ب - -|-  ب|- - -  ب - - -

هەموو دەرکەوتنی شۆخـێ  دڵی من دا ئـــەخورپێنێ (هەردی)《17:4》

ب - -|-  ب - -|-  ب|- -  ب - - -

هەروەك دەبینین لە پێی یەکەمی لەتی یەکەمدا ، لە نێوان بڕگەی سێیەم و چوارەمدا نیشانەی (،) وەستانێکی کورت دروست دەکات ، کە هێشتا (پێ)یەکە تەواو نەبووە ، ئەمەش لە ڕووی کێشەوە بووەتە هۆی دروست کردنی ناتەریببییەك لە نێوان ئەو دوو لەتەدا .

(کامەران) دەڵێت :

کچ و کوڕێك بەگوزەرا

هاتن ، جلی جوان لەبەرا ! .  《51 : 74 》

لە لەتی دووەمدا نیشانەی (،) وەستانێکی کاتی دروست کردووە ، ڕستەکە لە ڕووی واتاوە تەواو بووە ، بەڵام لە ڕووی کێشەوە ناتەواوە ، بەمەش ناتەریببییەکی دروست کردووە . یان (گۆران) لە (بۆ مایکل)دا دەڵێت :

هەر لەبەر پەیکەری سەربەستیی بەرزا ،

وەك قۆچی قوربانی دران بە ئەرزا !

پەیکەری سەربەستی بەچاوی خۆی دی

وڵاتی : دوو زانای مردن . لەسەر چی ؟  《276:61》

لە لەتی دووەمی دێڕی دووەمدا نیشانەی خاڵ (.) هەیە ، کە کۆتایی و وەستانی ڕستەکە دەگەیەنێت ، لە کاتێکدا کێشی لەتەکە تەواو نەبووە ، کە بووەتە هۆی خولقاندنی ناتەریببییەك.

جگە لە خاڵبەندی " بەجێهێشتنی بەتاڵی سپی لە ناو لاپەڕەدا ، ئەرکێکی لەو شێوەیە دەبینێت ، کە (لەتکردنی بینین = التقطيع البصری)ی پێ دەوترێت ، (شاعیر بەمەبەست لە دوای کۆمەڵە دێڕێك ، یان لە ناوەڕاستی شیعرەکەدا یان لە کۆتاییەکەیدا ڕادەوەستێت ، ئەویش بە بەکارهێنانی پەراوێزی تۆخ ، یان بەجێهێشتنی بۆشاییی لەناو پەڕەکە .) ﴿120 : 106﴾

(گۆران) لە (گەشتی هەورامان)دا ، هەوڵی داوە زۆر بە وردی و بە شێوەی زنجیرەی (کات و شوێن)ی گەشتەکەی ، وەسفی هەڵوێست و دیمەنەکان بکات . لە هەندێ شوێندا هەڵوێستەکەی کورتکردۆتەوە " کە خۆی لەوە درێژ تر بووە ، یان کاتێك وەستانێکی کاتی درێژ لە نێوان دوو هەڵوێستدا هەیە ، بە هۆی دانانی چەند خاڵێك (....) گوزارشتی لەم وەستانە (یان لەم مەودایە) کردووە . ئەگەر لە ڕووی تەربیی ئاستی واتا و دەنگییەوە تێی بڕوانین " لەو وەستانەدا خوێنەر (لە دوای خوێندنەوەی دێڕەکانی پێشتر) " لە ڕامانێکدا کۆمەڵێك واتا و دیمەنی تر دێتە یادی ، کە لە شیعرەکەدا ڕاستەوخۆ ئاماژەیان بۆ نەکراوە " واتە ئەم وەستانە ماوە دەداتە خوێنەر بۆ قووڵبوونەوەی زیاتری خەیاڵ و ڕوانینەکانی ، ئەمە جگە لەوەی پشوویەك بە خوێنەر دەدات ، لە کاتی خوێندنەوەی شیعرەکەدا " واتە لەسەر لاپەڕەکەدا وەستانێك لە واتا و ئاوازی شیعرەکە دروست دەبێت " وەك :

سەلامون عەلەیك ، مامەی بن دار گوێز ،
سەلامی مانوو لە پیری بێ‌هێز ! ...
-- مەرحەبا سەرچاو ، بەچکەی کاکۆڵ قیت
سمۆرەی سەر دار ، ڕۆڵەی زرنگ و زیت ! ...
... ... ...
ئەڕۆری ، هەر ئەڕۆی ...تەلانە و تەلان ،

ئەمجا ئەگەیتە پێچی بەرمالآن ... ﴿61 : 128 - 129﴾

(ناوبڕەکان (فواصل) و جێگای سپی و ئەو وشانەی نیشانە دەکرێن ، یان ئاماژەیان بۆ دەکرێت ، هۆکارن بۆ جیاکردنەوەی وشەیەك لە وشە هاوسێکەی " بۆ زیادکرنی بەهای ڕاستەقینەی لەسەر بەهای (نیسبی) لە ڕستەکەدا " هەڵوەشانەوەی ڕستەکان و جێگۆڕکێ و سەرسوڕمان و گەڕاندنەوەی زاراوەکان ، دەکرێت هەمان کاریگەرییان هەبێت .) ﴿137 : 171﴾

لە کاتێکدا (دیلان) دەڵێت :

بە (من) ئەڵێن تورکی چیا

وەك ڕوو چوو بێ کوردستانم ! ﴿75 : 115﴾

لە لەتی یەکەمدا ڕاناوی سەربەخۆی کەسی یەکەمی تاك هەیە (من) ، کە لە پەیوەندی بە وشەکانی تری ناو ڕستەکەدا ، ئەرکی (بەرکار) دەبینێت ، واتاکەیشی دیارە کە مەبەستی لە کەسی قسەکەرە ، بەڵام بە جیاکردنەوەی لە وشەکانی تر و خستنیە ناو کەوانەوە ، لە ناو کایەی گشتی واتای شیعرەکەدا ، واتایەکی فراوانتری هەیە کە (کورد)ە "واتە (منی کورد) یان (ئێمەی کورد) . هەر لە کۆتایی لەتی دووەمدا چەند خاڵێك و نیشانەی سەرسوڕمان دانراوە ، بەمەش واتای ڕستەکەی زەق کردۆتەوە و فەوتانی کوردستانی بە شتێکی نائاسایی و ئەستەم پێشان داوە .. دەتوانین بڵێین : ڕستەی شیعری واتایەکی فراوانتری هەیە لەوەی کە دەنووسرێت(یان دەوترێت) ، لەبەرئەوە لە نووسیندا دانانی نیشانەکانی خاڵبەندی ، یاریدەی خوێنەر دەدەن بۆ چوونە ناو ئەم سنووره فراوانەی واتاوە "بێگومان لە ڕووی مۆسیقاشیەوە ، تا ڕادەیەك ئاواز و وەستان و جێگای سترێسی وشە و ڕستەکان دیاری دەکات .

2 – تێهەڵکێشان (التضمین) : (بارێکی تایبەتییە بە پێچەوانەی یەکتر بوونەوەی کێش و ڕۆنـان ﴿000﴾ و کەمکردنـەوەی ئـەم پێـچەوانەییە ، لەوانەیـە پێویـستی بـە

بەیەکگەیشتنێکی تەواو بێت لە نێوان هەڵوەستەی کێشی و هەڵوەستەی واتایی 00) ﴿119 : 60 ﴾" تێهەڵکێشان بە واتای عەرووزیش " (ئەوەیە نیوە دێڕێك بە وشەیەك کۆتایی بێت ، کە لە ڕووی سینتاکسەوە پێویستی بە وشەیەکی ترە لە سەرەتای نیوە دێڕی دوای خۆیدا) ، ﴿157: 76 - 77 ی﴾واتە لە ڕووی کێشەوە تەواو بووە ، بەڵام لە ڕووی واتا و ڕۆنانی سینتاکسی لە لەتی دوای خۆیدا تەواو دەبێت . هەروەك لەم دێڕە شیعرەدا دەیبینین :

با لە دەستی ، ژینی پەستی ، شار و دێ

ڕاکەین و ڕوو بکەینە چۆڵ و هەردێ ﴿4 : 29﴾

دەبینین لە ڕووی کێشەوە تەواو بووە ، بەڵام لە ڕووی واتاوە لە لەتی دووەمدا تەواو دەبێت و لە ڕووی سینتاکسیشەوە ناتەواوە ، چونکە فرمانی تێدا نییە و فرمانەکەی دەکەوێتە سەرەتای لەتی دووەم (ڕاکەین) .

3 — خولانەوە (التدویر) : خولانەوە لە شیعری کلاسیکیدا (یان شیعری دوو نیوە دێڕی) " ئەوەیە وشەیەك کەرت دەکرێت بەسەر دوو بەشدا ، هەر بەشێکی دەکەوێتە ناو نیوە دێڕێکەوە ، وەك ئەم دێڕە شیعرەی (مەحوی) :

یەدی بەیضا چیە ، هەر تاقە ئەنگوشتێکی چەند **ئیعجا** —

**زی** لێ ظاهیر بووە ، هەریەك وەکو ماهێ کە تــابـــــانـــــە

﴿441 : 67﴾

لە کۆتایی لەتی یەکەمدا وشەی (ئیعجا زی) کەرتبووە و بەشێکی کەوتۆتە سەرەتای لەتی دووەم . بەڵام خولانەوە لە شیعری نوێدا (لەوانەیە بەشێك لە قەسیدەکە داگیر بکات" وەك کۆپلەیەك ، کە بە (خولانەوەی پارچەیی) ناو دەبرێت ، یاخود هەموو قەسیدەکە داگیر دەکات ، کە ئەمەش بە (خولانەوەی گشتی) ناو دەبرێت .) ﴿125 : 52﴾" واتە درێژ

بوونەوەی دێڕە شیعرێکە ، هەتا کۆتایی کۆپلەیەك (یان هەموو شیعرەکە) ، بەشێوەیەك شیعرەکە وەك دێڕێکی درێژی لێ دێت . ئەمە ڕوویەکی جیاوازییەتی لەگەڵ (تێهەڵکێشان)دا " کە تێهەڵکێشان لە نێوان دوو یەکەی کۆپلەی شیعری دەبێت .

(شێرکۆ) لە (سەرسام مەبە)دا﴿33 : 92 - 94 ﴾، لە کۆپلەی یەکەمیدا هەر لە لەتی یەکەمەوە درێژی دەکاتەوە تا دوا لەت ، ئینجا فرمانی ڕستەکە بە دەردەکەوێت "واتە کۆپلەکە هەمووی ڕستەیەکی درێژی فراوانکراوەی : (نامەکەت گەیشتە لام .) ە " (نامەکەت) بکەرێکی ناڕاستەوخۆیە " فراوانکراوەتەوە و لە دوای (15) لەتە شیعر ئینجا لە ڕووی سینتاکسەوە تەواو کراوە ، ئەویش بە فرمانی (گەیشت) .

ئەگەر ئەوە بە خولانەوەی ڕۆنانی ، (یان واتایی) لە قەڵەم بدەین ، ئەوا خولانەوەی (کێش)یش هەیە " ئەویش بریتییە لە کەرتبوونی (پێ)یەك بۆ دوو لەت ، واتە پێی کۆتایی لەتێك ، لە سەرەتای لەتی دوای خۆیدا تەواو دەبێت .

(پەشێو) دەڵێت :

وا بەسەر هەموو ، ئەندامی لەشت (5 + 5) بڕگەیی
هەڵدەڕێژم قین .... (5)
قینێکی دێرین .... (5)
ئای هەژار ! (3)
نەزان ! (2)
چی لە دەست نایێ .... (5)
نەفیز .... (2)
نەجنێو .... (3) ﴿35 : 16 - 17﴾

شیعرەکە لەسەر پێی (5) بڕگەیی داڕێژراوە ، لەتی چوارەمی کە (پێ)یەکی (5) بڕگەیی یە ، لە لەتی دوای خۆی تەواو بووە ، لەتی (7) و (8)یش بە هەمان شێوە 00

مەرج نییە (خولانەوە) تەنیا بەستنەوەی تەفعیلەکانی کێشی شیعرەکە بەیەکەوە ، یان تەواوکردنی ڕستەیەك بێت لە ڕووی سینتاکسەوە ، بەڵکو زۆرجار لە ڕێگای تەواوکردنی واتای ڕاستەقینە لە دوا لەتی (کۆپلەیەك) یان شیعرەکەدا دروست دەبێت ، ئەویش بەهۆی کێشانی چەند وێنەیەکی شیعری تاکەوە ، هەموویان پێکەوە و لە وێنەی دواییدا ، کە دەکەوێتە دوا لەتی (یان دوا دێڕی) شیعرەکەوە ، وێنەیەکی گشتی پێك دەهێنن . بۆ نموونە (گۆران) لە (ڕەوتێکی جوان)دا ﴿62 : 3 ﴾، کۆمەڵێك وێنەی (تاك)ی بە وشە کێشاوە ، کە هەریەکەیان وێنەی دیمەنێکی جوانی سروشتە ، بەڵام ئەو دیمەنە جوانەی لە سەرووی ئاستی ئەو وێنە جوانانەی پێشوودایە (ئەوەند جوان ، لەوە جوانتر ...) ، وێنەی ئافرەتێکی جوانە لە سادەترین بزاوتنیدا :

پێ ی ناز ئەنێ بەسەر ئەرزا :
جوانێ لە بەژنێکی بەرزا ! ...          ﴿62 : 4 ﴾

هێنانەوەی وێنە تاکەکان بە تەنیا مەبەستی سەرەکی شاعیر نییە ، بەڵکو لەو وێنەیەی لە دوا دێڕی شیعرەکەدا کێشاویەتی ، ئامانجی کۆتایی پێکاوە و وێنە گشتییەکەی ناو شیعرەکەی تەواو کردووە ، کە ئەمەش پێی دەوترێت (خولانەوەی گشتی) ، چونکە هەموو شیعرەکەی گرتۆتەوە.

ڕوویەکی تری جیاوازی لە نێوان (تێهەڵکێشان) و (خولانەوە)دا ئەوەیە "(ئەگەر تێهەڵکێشان بەوە بناسرێت " تەنیا پێوەری واتایی دەبەزێنێت و پێوەری کێشی دەپارێزێت ، ئەوا خولانەوە زۆربەی جار (وەك دەردەکەوێت) هەردوو هەڵوەستەکە پێکەوە دەبەزێنێت - کێشیی و واتایی -) ﴿125 : 52 ﴾

(دیلان) دەڵێت :

تا ...پەپوولەی
بالْ کونجی تیژ
تەی نەکا ڕێ
نەگەڕێ هەردەی تارا پۆش
نیشانەی جێ
لێ ی ون نەبێ
نووکی دڕك سنگی
شەقار
نەکا ... بازرەقە نەبەستێ
کە پەلامار
بهێنێ مار ... !
ناگاتە هەڵاڵەی نێرگس . !!
لێوی برسی
پەڕەی ناسك
ناخاتە ناو
ناو دەمی داخی گوڵاڵە
زۆر مەحاڵە
باڵی پشوو
بەیەك و دوو
بێنێتە سەر بووکی بنار
﴿75 : 61–62﴾

دیلان لەم کۆپلەیەدا وێنەیەکی شیعریی گشتی دروست کردووە ، ئەویش (سەختی ڕێگای گەیشتن بە ئامانج)ە ، وێنەکەشی وەسفی ئەو ئاستەنگانە دەکات دێتە ڕێگای پەپوولەیەك ، کاتێك دەیەوێت لەسەر گوڵە نێرگزێك (یان گوڵاڵەیەك) بنیشێتەوە . لەتی یەکەمی کۆپلەکە بە (تا ...) دەستی پێکردووە " کە ئامرازێکی مەرجییە ، لە لەتەکانی تری کۆپلەکەدا (هۆ)یەکانی خستۆتە ڕوو و لە چوار لەتی کۆتایی کۆپلەکەیشدا (ئەنجام)ی پێشانداوە " واتە ئەگەر وەك ڕستەیەکی درێژ سەیری بکەین هەموو کۆپلەکە یەك ڕستەیە ، ئەمە لە ڕووی واتاوە ، لە ڕووی کێشیشەوە ، وەك دیارە کێشی شیعرەکە (8 + 4) بڕگەییە ، لەتی حەوتەم (6) بڕگەیە و لە لەتی هەشتەمدا تەواو بووە ، کە (2) بڕگەییە .

بەکارهێنانی هونەری خولانەوە لە قەسیدەیەکی درێژ ، وەك (ڕێگای خەبات)ی (دیلان) کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا ، بە تایبەتی لە ڕووی واتا و وێنەی شیعرییەوە ، ئەو ڕاستییە

دووپات دەکاتەوە " کە (خولانەوە لە قەسیدەدا هەوڵێکی ئیستاتیکییە ، ئەزموونێکی خاوەن سروشتێکی درامی هێناویەتە ئاراوە .) ﴿ 185 : 9﴾

کەواتە دەتوانین بڵێین " هونەری خولانەوە لە شیعری نوێدا ، درێژکردنەوەی دێڕە شیعرێکە لە ڕووی واتا و زمان و وێنە و مۆسیقاوە ..

(خولانەوە ، یان درێژ بوونەوەی دێڕە شیعرەکان ، لە هەموو کاتێکدا جوان نییە و لە هەموو کاتێکیشدا ڕەتناکرێتەوە ، بەڵکو دەبێت دوو مەرجی تێدا بێت : خزمەتی مەبەستێکی هونەریی بکات و لە توانای خوێنەریشدا بێت .) ﴿157 : 74﴾" مەبەست لە خزمەتیش زیاتر بەستنەوەی هەموو یەکە پێکهێنەرەکانی ناو شیعرەکەیە ، لە پێناوی پێکهێنانی یەکیەتییەکی ئۆرگانی پتەو ، چ لە ڕووی مۆسیقاوە ، چ لە ڕووی زمان ، چ لە ڕووی واتا و وێنەی شیعرییەوە بێت . بە شێوەیەك کە هۆش و خەیاڵی خوێنەر لە خوێندنەوەی شیعرەکە دانەپچڕێت " ئەمەش لە کاتێکدا دەبێت ، کە درێژە پێدانەکە نەبێتە هۆی پشوو تەنگیی خوێنەر !.

## دووەم : لە ڕووی ( سەروا )وە :

سەروا بنەمایەکی گرنگی تری مۆسیقای شیعرە ، بۆ وردبوونەوە لە سەروای شیعری کوردی لەو ماوەیەدا ، هەر بە پشت بەستن بەو ئەنجامانەی لە ئامارکردنی (55) دیوانە شیعری ئەو ماوەیەدا پێیگەیشتووین ، دەتوانین دیارترین جۆرەکانی سەروای شیعری کوردی ساڵانی پەنجاکان و شەستەکان دەستنیشان بەکەین " کە ئەمانن :

**أ – بەکارهێنانی یەك جۆر سیستم لە شیعرێکدا :**

1 – ***جووت سەروا*** : ئەو جۆرە سەروایەیە " کە لە شیعری فۆلکلۆری و میللی و شیعرە لیریکی و داستان ئامێزەکانی " بە دیالێکتی گۆرانی و کرمانجی ژووروو .. نووسراون" بەکارهێنراوە " کە بە سەروای (مەسنەوی)ش ناودەبرێت .

ڕێژەی بەکارهێنانی لە شیعری ئەم ماوەیەدا ، دەگاتە (26 . 47 ٪) ، کە لە هەموو جۆرەکانی تر زیاتر بەکارهاتووە . لەم جۆرە سەروایەدا " هەردوو لەتە شیعرێك و یەك سەروایان هەیە " بەم شێوەیە : (أ أ ب ب ج ج و و ... هتد) .

2 – ***یەکیەتی سەروا*** : هەروەك ئەو سیستمەی لە سەروای شیعری کلاسیکیدا بەکار دەهات " کە هەردوو لەتی دێڕی یەکەم و دوا لەتی هەموو دێڕەکانی تری شیعرەکە یەك سەروایان هەیە " بەم جۆرە : (أ أ ب أ ج أ ...) ، بەڵام شێوەی بەکارهێنانی لە شیعری ئەم ماوەیەدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە ، مەرج نییە هەموو شیعرەکە یەك سەروای هەبێت ، بە نموونە لەو شیعرانەدا کە سیستمی کۆپلەییان هەیە ، لە هەر کۆپلەیەکدا سیستمی یەکیەتی سەروا پەیڕەو کراوە ، بەڵام مەرج نییە هەموو کۆپلەکان یەك سەروایان هەبێت " واتە هەر کۆپلە و سەروایەکی تایبەت بە خۆی هەیە .

ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم جۆرە سەروایەش تا ڕادەیەك بەرزە و دەگاتە (38 . 11 ٪) " ئەمەش کاریگەریی شیعری کلاسیکی کوردی لە شاعیرانی ئەو ماوەیەدا پیشان دەدات ، یاخود پاشماوەی سیماکانی شیعری کلاسیکی کوردییە لە شیعری نوێی کوردی ئەو ماوەیەدا.

ئەگەر بەراوردێك لە نێوان ئەو دوو جۆرە سەروایەی پێشوودا ، لە ڕووی ڕێژەی بەکارهێنانیانەوە بکەین " ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە ، کە شیعری نوێی کوردی لەم ماوەیەدا، ئەگەر چی تەواو لە ژێر کاریگەریی شیعری کلاسیکی کوردیدا دەرباز نەبووە ، بەڵام بەزۆری گەڕانەوە بووە بۆ سیماکانی شیعری خۆماڵی و فۆلکلۆری ..

3 – ***سەروای یەکتر بڕ*** : ئەم جۆرە سەروایە " بەزۆری لە چوار لەتدا دەردەکەوێت ، کە لەتی یەکەم و سێیەم یەك سەروایان هەیە ، لەتی دووەم و چوارەمیش سەروایەکی تریان هەیە " بەم شێوەیە : (أ ب أ ب) " جاری وایش هەیە کۆپلە کۆپلە لەسەر ئەو سیستمەیە . ئەم جۆرەشیان بە ڕێژەی (60 . 6 ٪) بەکارهێنراوە . وەك سەروای ئەم چوار لەتە :

شیرینەکەم .. ژووری تەنیام

ئەمشەو بۆ غەریبیم ئەگری

چرپای خەم لێ نیشتوی جێگام

خامۆشی وا لە چواردەوری (شێرکۆ) ﴿56:32﴾

سەروای لەتی یەکەم و سێیەم دەنگی (ام)ە ، کە (ا) دەنگی ڕەوییە ، بەڵام لەتی دووەم و چوارەم (ری) دەنگی سەروایە و (ڕ) دەنگی ڕەوییە .

4 — ***سەروای کۆتایی کۆپلە*** : مەبەست لەو شیعرانەیە لەسەر سیستمی کۆپلەیی دادەڕێژرێن ، کۆپلەکان لە ڕووی سیستمی سەرواوە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە " هەندێجار لە کۆتایی هەر کۆپلەیەکی شیعرەکەدا هەمان سەروا دووبارە دەبێتەوە ، ئەمە دەتوانین بە دێڕە شیعرێکی درێژی دابنێین ، یان بە پاشماوەی کاریگەریی قاڵبەکانی (تەرجیع بەند) و (تەرکیب بەند) یان دابنێین . ئەم جۆرەش بە چەندین شێوە بەکارهاتووە :

أ — سەروای دوا لەتی هەموو کۆپلەکان لە یەك دەچن ، لەتەکانی تری هەر کۆپلەیەکیش بەجیا لە یەك دەچن ، هەندێجار سەروای هەموو لەتەکانی کۆپلەی یەکەم (بە دوا لەتیشەوە) لە یەك دەچن " بەم شێوەیە : (أ أ أ أ /ب ب ب أ /ج ج ج أ /...) " نموونەش وەك : شیعری (سەرەتای دڵداری) ی (مەدهۆش)﴿70 : 36﴾، هەندێجاریش لە کۆپلەی یەکەمیشدا دوا لەت وەکو لەتەکانی تری هەمان کۆپلە نییە ، بەم جۆرە : (أ أ أ ب / ج ج ج ب /...) " وەك (خۆری نەورۆز) ی (عوسمان خۆشناو)﴿43 : 8﴾. هەندێجاریش هەروەك چۆن دوا لەتی کۆپلەکان وەك یەکن ، لەتەکانی تری هەموو کۆپلەکانیش وەکو یەکن، بەم شێوەیە : (أ أ أ ب / أ أ أ ب / ...) نموونەش وەك : (ئەی ساقی) ی(پیربال مەحموود) ﴿11 : 88﴾.

ئەمە جگە لەوەی لە ژمارەی لەتەکانی کۆپلەیشدا چەند جۆریکی هەیە " وەك :

کۆپلەی سێ لەتی (أ أ ب / ج ج ب / ...) ، کۆپلەی چوار لەتی : (أ أ أ ب / ج ج ج ب / ...)

، کۆپلەی پێنج لەتی : (أ أ أ أ أ / ب ب ب ب أ / ...) ، یان (أ أ أ أ ب / ج ج ج ج ب / ...) ، تەنانەت کۆپلەی شەش و حەوت و هەشتیشی هەیە . هەندێجاریش لەتەکانی تری کۆپلەکە هەموویان یەك سەروایان نییە ، ، ڕەنگە جووت سەروا بێت : (أ أ ب ب ج / و و هـ هـ ج / ...) ، یان سەروای دەستلەملانە (أ ب ب أ ج / و هـ هـ و ج /...) ، یان سەروای یەکتر بڕ (أ ب أ ب ج / و هـ و هـ ج / ...) ، . یان هەندێجار کۆپلەیەك لەتەکانی یەك سەروایە ، بەڵام کۆپلەیەکی تر یەکتر بڕ یان دەستلەملانە ، واتە دوو جۆر سیستم یان زیاتر بەکارهێنراوە .

ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم جۆرە سەروایە (69 . 2 ٪)ە .

ب – دوو لەتی کۆتایی هەر کۆپلەیەك جووت سەروایە ، بە ڕێژەی (30 . 3 ٪) بەکارهاتووە " ئەمیش دوو جۆری هەیە :

-- هەندێجار دوو لەتی کۆتایی هەموو کۆپلەکان هەمان سەروایان هەیە ، بەم شێوەیە ، (-------- أ أ / ------- أ أ / ...) " وەك : (ڕازی بلبلێك) یان (خۆشم ئەوێ) ی (کاکەی فەللاح) ﴿48 : 9 ، 24 ﴾، یان (دایکی کوردستان) ی (ج. شارباژێری) ﴿16 : 17﴾، ئەم جۆرە بە ڕێژەی (12 . 1 ٪) بەکارهێنراوە .

-- هەندێجاریش دوو لەتی کۆتایی هەر کۆپلەیەك جووت سەروایە ، بەڵام جیاوازە لە سەروای دوو لەتی کۆپلەکانی تر ، (------ أ أ / ---- ب ب / --- ج ج / ...) " وەك: (خەوێکی بەد) ، (جەژنە) ، (یەکیەتی) ، (شوانیشتان پێ کردم) ی (نەجات خەمبار) ﴿22 : 20 ، 27 ، 32 ، 39 ﴾، ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم جۆرەیان (17 . 2 ٪)ە .

ئەم جۆرەش (دوو لەتی کۆتایی کۆپلە)وەك جۆری پێشوو (دوا لەتی کۆتایی کۆپلە) " بەپێی ژمارەی لەتەکان و جۆری‌سەرواکان ، چەندین جۆری هەیە .
دەتوانین بڵێین : ڕێژەی بەکارهێنانی سەروای کۆتایی کۆپلە (بە شێوەیەکی گشتی) (99.5 %)یە .

5 – **سەروای وەك یەك (بەدوای یەکدا هاتوو)** : لەم جۆرە سیستمەی سەروادا چەند لەتێك بەدوای یەکدا دێن و یەك سەروایان هەیە ، هەندێجار هەموو لەتەکانی شیعرەکە یەك سەروایان هەیە ، هەندێجاریش لەتەکانی هەر کۆپلەیەك (یان کۆمەڵە لەتێك بەدوای یەکدا) یەك سەروایان هەیە . بۆ نموونە (پیربال مەحموود) لە (دوای بەهار)دا ، کە لە (17) لەت پێکهاتووە ، هەموویان یەك سەروایان هەیە ، کە دەنگی (یا)یە " خۆی سێ دەنگە (I y a) ، سەرەتای شیعرەکە بەم شێوەیە دەست پێدەکات :

بەهاری سەوزی پڕ گیا
ڕۆیی !...نەما گوڵی چیا ﴿11 : 31﴾

ژمارەی لەتەکانی شیعرەکە (کە تاکە) ، نیشانەی ئەوەیە ، شاعیر پابەندی سیستمی هاوسەنگی نێوان دوو لەتە شیعر نەبووە ، لە شیعرەکەدا .
ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم جۆرە سەروایەش (2.95 %)یە .

6 – **سەروای دەستلەملان** (القوافي المتعانقة) : ئەوەیە کە هەر چوار لەتە شیعرێك " لەتی یەکەم و چوارەم سەروایەك و لەتی دووەم و سێیەمیش سەروایەکی تریان هەیە " بەم شێوەیە : (أ ب ب أ) " وەك :

هەست ژەنگاوی و پچڕ – پچڕ
خەیاڵ بڵاو ، تەرەی لانە
ئەمنا هەنگاوی کوێرانە

بە گوێ ی ئارەزووی سارد و سڕ (ع.ح.ب)﴿40 :

94﴾

لەتی یەکەم و چوارەمی کۆپلە شیعرەکە ، دەنگی سەروایان (ڕ) یە ، دوو لەتەکەی ناوەڕاستیش

(دووەم و سێیەم) ، دەنگەکانی سەروایان (انە) یە .

جاری وا هەیە لە شیعرێکدا هەر چوار لەت بەم سیستمە سەرواکەیان ڕێکخراوە ، هەندێجاریش شیعرەکە لە شێوەی سیستمی کۆپلەیی چوار لەتیدایە ، ئەم جۆرە سەروایەش بە ڕێژەی (34 . 0 ٪) بەکارهێنراوە .

**ب - بەکارهێنانی دوو جۆر ( یان دوو سیستمی ) سەروا لە یەك شیعردا ، ئەمیش ئەم جۆرانەی هەیە :**

1 – جووت سەروا (أ أ ب ب) و سەروای یەکتربڕ (أ ب أ ب) " پێکەوە لە یەك شیعردا، ڕێژەی بەکارهێنانی (95 . 2٪)ە " وەك : (لە کارتێکا) و (تەمەن) و (تەنیایی) ی (ج. شارباژێری) . ﴿15 : 16 ، 32 ، 68 ﴾

2 – جووت سەروا و بەدوای یەکدا هاتوو ، لە هەندێ شیعردا هەندێ دێڕی لەسەر سیستمی جووت سەروایە ، هەندێکی تریان سێ لەت یان زیاتری یەك سەروایان هەیە ، واتە لە جۆری (بە دوای یەکدا هاتووە)ە " وەك : (پەندی هەتیو) ی (ع . ح .ب)﴿40 :57﴾

ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم جۆرە تێکەڵییەش (73 . 1 ٪)ە .

3 – جووت سەروا و یەکیەتی سەروا " لە هەندێ شیعریشدا ئەم دوو سیستمەی سەروا پێکەوە بەکاردەهێنرێن ، وەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا " ئەم دوو جۆرە بە ڕێژەیەکی بەرز لە

شیعری سالآنی پەنجاکان و شەستەکان بەکارهاتوون " نموونەی ئەم تێکەڵییش " وەك : (پەیام) یان (بەستەی کیژۆڵەی کورد لە نەوبەهاردا) ی (خورشیدە بابان) . ﴿21 : 27،29﴾

واتە ئەم جۆرە تێکەڵییە وەك نموونەیەکی بەدەرکەوتنی هەردوو جۆرە کاریگەرییەکەی شیعری ئەم ماوەیەیە " لەلایەکەوە بە شیعری خۆماڵی و لەلایەکی تریشەوە بە شیعری کلاسیکی ..

ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم جۆرەیش (95 . 0 ٪)ە .

4 – هەندێ تێکەڵکردن کە ڕێژەی بەکارهێنانیان زۆر نزمە :

أ – جووت سەروا و سەروای دەستلەمىلان ، وەك : (بلوێر ژەن) و (دوا تەموز) ی (ع . ح . ب) ﴿40 : 108 ، 126﴾" ئەمیش بە ڕێژەی (34 . 0 ٪) بەکارهێنراوە .

ب – هەردوو سیستمی یەکیەتی سەروا و سەروای یەکتر بڕ لە شیعرێکدا ، ڕێژەی بەکارهێنانی نزمە ، کە دەکاتە (17 . 0 ٪)ە " وەك : (سڵاو) ی (ج. شارباژێری) ﴿15 : 28﴾

ج – دەستەلەملان و یەکتر بڕ " ئەمیش بە ڕێژەی (17 . 0 ٪) نموونە (بۆ گەورە کچێك) ی (گۆران) ﴿62 : 32 ﴾.

د – سیستمی سەروای یەکتر بڕ و (أ ب أ) " وەك (دەروێش عەبدوڵڵا) ی (گۆران) ﴿61 : 119﴾، ڕێژەی بەکارهێنانی (08 . 0 ٪)ە .

هـ – جووت سەروا و (أ ب أ أ) ، نموونەش (دوا تروسکە)ی (شێرکۆ) "﴿33 : 33﴾" ئەم تێکەڵییەش بە ڕێژەی (08 . 0 ٪) بەکارهاتووە .

و – یەکیەتی و بە دوای یەکدا هاتوو " بە ڕێژەی (08 . 0 ٪) بەکارهاتووە " وەك : شیعری (دایە) ی (پیربال مەحموود) ﴿11 : 68 ﴾.

## ج – سیستمی سەروای تێکەڵ ، یان (سەروای گۆڕاو) :

ئەوەیە لە شیعرێکدا لە دوو سیستم زیاتری سەروا بەکاردەهێنرێت " یان هەندێجار چەندین سەروای جۆراوجۆر لە شیعرێکدا بەکاردێت ، بەبێ سیستمێکی دیاریکراو ، بەڵام هەندێجاریش سەروایەکیان وەك سەروایەکی بنەڕەتی بەکاردێ و دەگۆڕێت بە سەروای تر ، ناو بە ناویش دەگەڕێتەوە بۆ هەمان سەروا بنەڕەتیەکە ، لەوانەیشە سەروا بنەڕەتییەکە لە یەکێك زیاتر بێت ، بەڵام زۆرترینیان کامەیە دووبارە بۆتەوە ، ئەوە بە بنەڕەتی دادەنرێت .

بە گشتی ڕێژەی بەکارهێنانی سیستمی تێکەڵ (76 . 18٪)ە ، کە بە پلەی دووەم دێت لە دوای سیستمی جووت سەروا .

یەکێك لە هۆیەکانی پشت گوێ خستنی سەروا لە شیعری نوێدا ، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناهاوسەنگییەی لە دابەش بوونی لەت و دێڕەکاندا دروست دەبێت ، کە جاری وا هەیە دێڕە شیعرێك " کە لە شیعری کلاسیکیدا دابەشی سەر دوو لەت دەبوو ، لەوانەیە لە شیعرێکی نوێدا بە پێی گوزارشت و و وشە و تەنانەت برگە و دەنگیش دابەشی سەر چەندین لەت دەبێت ، وەك (نیما یوشیج)یش دەڵێت : (کاتێك کە مەبەستەکان پارچە پارچە و لەناو ڕستەی کورت کورت دان ، بێگومان دەبێت شیعرەکانتان سەروای نەبێت ، چونکە بوون و نەبوونی وەکو یەك وایە .) ﴿207 : 227﴾، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی سەروای ناوەوە جێگای بگرێتەوە ، هەر لەم بارەیشەوە (نیما یوشیج) دەڵێت : (پێویست ناکات سەروا لە پیتی ڕەوی وەك یەك بێت ، دەشێت دوو وشە لە ڕووی کێش و پیتەکانەوە جیاواز بن ، لە کاتێکدا کاریگەریی سەروا بە یەکتری دەدەن) ﴿207 : 231﴾، مەبەستی لەو وشانەیە کە لە ڕووی واتاوە (وەکیەك ، یان دژیەك)ن ، واتە ئەو وشانەی هەماهەنگی و گونجان لە نێوانیاندا هەیە ، ئەمەش دەچێتە ناو خانەی مۆسیقای ناوەوەی شیعر کە لە شیعری نوێدا گرنگییەکی زۆری پێدراوە " وەك لە تەوەری دووەمی ئەم باسەدا ئاماژەی پێدەدرێت .

## تەوەری دووەم : ( بنیاتی مۆسیقای ناوەوە )

لە شیعری نوێدا " لە جیاتی ئەو مۆسیقایەی بە هۆی کێشی عەرووزی ، یان کێشی پەنجەیی یەکسان لە هەموو لەتە دێڕەکاندا و سەروای یەکگرتوو و جووت سەرواوە لە شیعری کلاسیکی و کۆندا بەدی دەهات ، گرانایییان خستۆتە سەر مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکە " لەبەرئەوە (هەموو دەقێکی شیعریی تەواو ، ڕیتمێکی ناوەوەی تایبەت بە خۆی هەیە ، گەڕان بەدوای ئەم ڕیتمەدا ، تێگەیشتن و هەستکردن بە ئیستاتیکای دەقەکە قووڵ دەکاتەوە) ﴿116 : 22﴾" مەبەستیش لە مۆسیقای ناوەوە (هەستکردنە بە ئیستاتیکای زمان و بەهای دەنگیی و ڕۆنانی . ئەمەش واتە مۆسیقایەکی لەم جۆرە پشت نابەستێت بە شێوەی کاتیی (پێ) .) ﴿145 : 309﴾، بەڵکو لە ڕێگای چەند دیاردە و بنەما و تەکنیکێکی تایبەتییەوە دێتە کایەوە " کە لەم تەوەرەدا ئاماژە بە هەندێکیان لە شیعری نوێی کوردی سالآنی پەنجا و شەستەکاندا دەکەین .

ئەگەر بنەماکانی مۆسیقای دەرەکی گشتی بن و زۆربەی شاعیران پێڕەویان بکەن ، ئەوا بنەماکانی بنیاتی مۆسیقای ناوەوە ، دیاریکراو نین و هەر شاعیرێك بە سەربەستی بەکاریان دێنێت و تا ڕادەیەکی زۆریش تایبەتیەتی و شێوازی شاعیرێکی پێ جیا دەکرێتەوە

" واتە لەم تەوەرەی باسەکەدا ، لادانی شیعری ئەم ماوەیە لە پێوەرەکان دەستنیشان دەکەین ، کە ئەمەش دوو جۆر لادان دەگرێتەوە:

**1 – لادانی فۆنێمی :**

ئەمەش (لێکۆڵینەوەیە لەو شێوە دەنگییانەی ، کە فۆنیمەکان لە ناو دەقی شیعرییدا دەیخولقێنن) ﴿125 : 79﴾. بۆ دیاریکردنی ئەم جۆرە لادانە ، ئاماژە بە جۆری هاوشێوەکان دەکەین " مەبەستیشمان لە (هاوشێوەیی) ئەوەیە ، کە دوو وشە (یان دوو گوزارشت) لە ڕووی کێش و چەند دەنگێکەوە وەکو یەك بن ، لەوانەیە بە ڕەگەدۆزیش دابنرێت ، ئەگەر ژمارەی دەنگە لێکچووەکانیان زۆر کەم نەبێت .. ئەمانەش چەند جۆرێك لەو هاوشێوانە :

أ – **هاوشێوەی دەنگیی** : ئەم دیاردەیە کاتێك ڕوو دەدات ، کە وشەکان (هەمووی یان بەشێکی) دەنگەکانیان لە یەك دەچن ، بەڵام لە ڕووی واتاوە جیاوازن﴿119 : 57﴾، بەڵام هەتا ژمارەی دەنگەجیاوازەکانی نێوان وشەکان زیاتر بێت ، هاوشێوەییەکە لە نێوانیاندا کەمتر دەبێتەوە.

بۆ نموونە لەم دێڕە شیعرەدا :

چاو وەکو گوڵ مەستی ڕەنگ بوو
زمان بەستەی خەستی دەنگ بوو (گۆران) ﴿97 : 61﴾

وشەی (مەستی) لە لەتی یەکەم و وشەی (خەستی) لە لەتی دووەمدا ، هاوشێوەی یەکترن ، تەنیا لە یەك دەنگدا لە یەك جیاوازن ، کە دەنگیی یەکەمە ، لە وشەی یەکەمدا دەنگی (م)ە و لە وشەی دووەمدا دەنگی (ج)ە . ئەم جیاوازییە فۆنیمییە بووەتە هۆی

جیاوازییان لە واتایشدا .. هەروەها لە ڕووی کێشیشەوە ، هەردوو وشەکە وەك یەك لە (دوو) بڕگە پێك هاتوون .

مەرج نییە ئەم هاوشێوەییە تەنیا لە دوو لەتدا بێت ، جاری وا هەیە دەکەونە ناو چەند لەتێکەوە ، بۆ نموونە :

مات بوو . زەنگی قوتابخانە

کپ بوو . دەنگی قوتابخانە

زەرد بوو . ڕەنگی قوتابخانە (شێرکۆ) ﴿60:33﴾

هەر سێ وشەی (زەنگی ، دەنگی ، ڕەنگی) لە هەر سێ لەتەکەدا ، هاوشێوەی یەکترن ، جیاوازییە فۆنیمییەکەیان لە دەنگی یەکەمیاندایە ، لە وشەی یەکەمدا دەنگی (ز)یە و لە وشەی دووەمدا دەنگی (د)ە و لە سێیەمیشدا دەنگی (ڕ)یە " ئەم جیاوازییەش بۆتە هۆی جیاوازی لە واتاکانیاندا . لە ڕووی جێگایان لە ناو ڕستەکاندا ، هەرسێکیان تەریبی یەکتر و هاوجێی یەکترن " کە زنجیرەی ڕۆنانی هەرسێ رستەکە بەم شێوەیەیە : (فرمان + ناو (دەرخراو) + ئامرازی ئیزافە + ناو (دیارخەر)) ، هەرسێ وشەکە (ناو)ن و ئەرکی (دەرخراو) دەبینن و لەگەڵ دیارخەرەکانیاندا ئەرکی بکەر دەبینن " واتە لە ڕووی ڕۆنانی سینتاکسیشەوە تەریبی یەکترن . ئەم تەریبی و هاوسەنگییەش مۆسیقایەکی ناوەوەی دروست کردووە ، جگە لە کێش و سەروای (لەتە شیعرەکان) ، بووەتە هۆی پتەوکردنی مۆسیقای شیعرەکە..

لەم دوو نموونەی سەرەوەدا ، جیاوازییە دەنگییەکە لە یەك دەنگدا بوو ، بەڵام ئەگەر ئەم جیاوازییە زیاتر بێت ، هاوشێوەییەکەی کەمتر دەبێتەوە ، وەك لەم دێڕە شیعرەدا :

ئەمیان ئاوازەی شادی .

ئەویان نووزەی بەر بادی (گۆران) ﴿105:61﴾

وشەی (ئاوازەی) لە لەتی یەکەمدا و وشەی (نووزەی) لە لەتی دووەمدا هاوشێوەی یەکن ، هەرچەندە لە سێ دەنگی کۆتاییاندا (ز ، ە ، ی) هاوبەشن ، بەڵام جیاوازییەکەیان لە ژمارەی دەنگەکاندا زۆرە ، وشەی یەکەم (حەوت) دەنگە و وشەی دووەم (پێنج) دەنگە ، لە یەکەمدا دەنگی (ئ ، ا ، و) هەن و لە دووەمدا نین ، لە وشەی دووەمیشدا دەنگی (ن ، وو) هەن و لە یەکەمدا نین ، ئەمە جگە لەوەی ئەم جیاوازییە زۆرە لە ژمارەی دەنگەکاندا بووەتە هۆی دروست بوونی جیاوازی لە ژمارەی برگەکانیشدا ، واتە لە ڕووی کێشیشەوە جیاوازن " وشەی یەکەم (3) برگەیە و دووەم (2) برگەیە .. بە کورتی ڕادەی هاوشێوەییەکە لە چاو دوو نموونەکەی پێشوودا کەمترە . بەڵام لە ڕووەکانی تری تەریبی دوو لەتە شیعرەکەوە وەك یەکن ، جگە لە ڕووی خاڵبەندی " کە لە لەتی یەکەمدا نیشانەی خاڵ (.) وەستانێکی درێژ و لە لەتی دووەمدا نیشانەی چەند خاڵێك (...) هەیە ، کە وەستانێکی درێژ تری دروست کردووە ، بەڵام لە واتادا درێژ بوونەوەیەك دەگەیەنێت .

ب – **هاوشێوەی پیتیی** : جیاوازی هاوشێوەی پیتی و سەروا " ئەوەیە یەکەمیان بۆی هەیە لە وشەیەك بۆ وشەیەکی تری ناو لەتێك ڕووبدات ، بەڵام دووەمیان دەکەوێتە ناو چەند لەتە دێڕێك یان (دێڕێك) .. ، دەنا ئەم جۆرە هاوشێوەییە (مەبەستمان لە هاوشێوەی پیتیی یە) ، وەکو سەروا وایە ، بەلای (جان کوهن)ەوە " ئەم هاوشێوەییە لە سەروا گشتی ترە و لە هەموو سەردەمێکدا بەکارهێنراوە " ئەو زمانانەی سەروا بەکارناهێنن هاوشێوەیی زیاتر بەکاردێنن .. ﴿119 : 82﴾ هاوشێوەی پیتی هەمان کاری سەروا بەجێ دێنێت ، بەڵام ئەم لە ئاستی ناوەوە و سەروایش لە ئاستی دەرەوەی مۆسیقای شیعرییدا .

هاوشێوەی پیتی ئەوەیە " دووبارەبوونەوەی دەنگێك یان چەند دەنگێك لە ئاستی دێڕە شیعر ، یان کۆپلەی شیعر ، یان شیعرەکە بە گشتی هەستی پێدەکرێت . وەك لەم نموونە شیعرییەی خوارەوەدا دەردەکەویت :

ژ**وو**رم تەنیا **و** ، دنیای بەرپەنجەرەی ژ**وو**ر ،

به چوار دەوری باخچەی کۆشکا ، هەتا **دوور** ،
دارستانی سەرە**کگڤوه و** سنە**و**بەری سە**و**ز ..
شە**و** ڕ**وو**ناکە **و** ، چا**و**م یاخی لە **و**ەنە**و**ز .. (گۆران) ﴿61 : 181﴾

لەم دوو دێڕەدا جگە لەوەی هەر دوو لەتە و سەروایەکیان هەیە ، لە ناو هەر چوار لەتەکەدا دەنگی (وو)ی درێژ و (و)ی کورت بە شێوەیەکی بەرچاو دووبارە بوونەتەوە ، دەنگی یەکەمیان یەکێکە لە دەنگەکانی سەروای دێڕی یەکەم ، دەنگی دووەمیش بەهەمان شێوە " یەکێکە لە دەنگەکانی سەروای دێڕی دووەم .

ئەو وشانەی دەنگە دووبارەکان دەگرنە خۆ ، هەتا لە یەکەوە نزیك بن و بەدوای یەکدا بێن، زیاتر ئەرکی وەك سەروا (یان ئەرکی مۆسیقای ناوەوە ، یان ئەرکی هاوشێوەی پیتی) دەبینن ، بۆ نموونە لەم دێڕە شیعرەی (دیلان)دا :

پۆل پۆل مەلی ئاشتی جوانی ئاسمانی شینم
سێبەر بکا بۆ چیمەن و گوڵی نـــەخشیـنم ﴿68:75﴾

لێرەدا " کۆمەڵە دەنگی (شینم) سەروای شیعرەکەیە ، دەنگی (ن) ڕەوییە و هەردوو دەنگی (ش) و (ی)یش پاش ڕەویین ، هەروەها دەنگی (م) پاش ڕەوییە . جگە لە سەروای شیعرەکە " چەند هاوشێوەیەکی پیتی لە ناو دێڕە شیعرەکەدا هەیە ، دەنگی (ل) لە سێ وشەی سەرەتای لەتی یەکەم بەدوای یەکدا دووبارە بووتەوە ، لە وشەی (پۆل) کە دووبارە کراوەتەوە ، لەگەڵ وشەی (مەل) ، بەهۆی نزیکی و بەدوای یەکتر دا هاتنی هەرسێ وشەکە ، بە ئاشکرا هەست بەو مۆسیقایە دەکرێت ، کە دروستیان کردووە .

هەروەها چوار وشەی ناو لەتی یەکەم بەدوای یەکدا جۆرە سەروایەکی ناوەوەیان دروست کردووە ، کە هەر چواریان لە دەنگی کۆتایی (ی) و بە تایبەتی دوانیان لە (سێ) دەنگی کۆتاییان (- ا نی) هاوبەشن ، وشەکانیش : (مەلی ، ئاشتی ، جوانی ، ئاسمانی) ن ،

ئەمانیش لەبەرئەوەی بەدوای یەکدا دێن مۆسیقایەکی تریان بەخشیوەتە دێڕە شیعرەکە ، هەرچەند وشەی (گوڵی)ش لە لەتی دووەمدا بە دەنگی (ی) کۆتـایی هـاتووە ، بـەڵام لەبەرئەوەی دوورە لەوان کاریگەرییەکەی کەمتر بۆتەوە .

هاوشێوەیەکی تری پیتیش لە ناو دێڕە شیعرەکەدا بەر چاو دەکەوێت ، ئەویش دەنگی (ن)ە لە وشەکانی (جوان ، ئاسمان ، شین) لە لەتی یەکەمدا و وشەکانی (چیمەن ، نەخشین) لە لەتی دووەمدا ، کە لە سێ وشەکەی لەتی یەکەمدا زیاتر هەست بەم هاوشێوەییە دەکرێت ، چونکە بەدوای یەکتردا هاتوون .

جێگای سەرنجیشە هاوشێوەی دووەم و سێیەم ، واتە دەنگی (ی) و (ن) دوو دەنگی پێکهێنەری سەروای دێڕە شیعرەکەن ، یەکەمیان پێش ڕەوی و دووەمیان دەنگی ڕەوی .

ج – **هاوتایی دەنگیی** : ئەم تەکنیکەش (لەسەر بنەمای دەنگدانەوەی (تجاوب) نێوان دوو دەنگ لە ناو دێڕە شیعرێکدا پەیدا دەبێت ، ئەم دەنگدانەوەیەش لە نێوان دەنگی ڕەوی و دەنگێکی لەوچوو لە سەرەتای یان نیوەی دێڕدا ، دروست دەبێت .)《125 : 88》 ئەگەر دەنگە لەو چووەکە لە نیوەی لەتە دێڕدا بێت ، ئەو لەتە دێڕە دەکاتە دوو کەرتەوە " وەك لەم دێڕە شیعرەدا دەیبینین :

گا سەرەو ژوورە ، گا سەرەو خوارە
تاڵی و شیرینی دنیای ڕێبوارە !    )گۆران)    《61 : 128》

لەم دێڕە شیعرەدا (ڕ) دەنگی ڕەوییە ، کە لە نیوەی لەتی یەکەمدا هەمان دەنگ لە وشەی (ژوورە)دا هەیە ، پاش ڕەوییەکەش کە دەنگی (ە)یە ، ئەمیش دووبارە بۆتەوە ، بەمەش لەتی یەکەمی دێڕە شیعرەکە بووەتە دوو لەتەوە .

هەروەها (کامەران) دەڵێت :

چەند ناموس تکا چەند شەرەف شکا

چەند کەس سەر بڕا چەند لانە شێوا ﴿51 : 26﴾

لەم دێڕە شیعرەدا (ا) دەنگی ڕەوییە ، کە لە نێوان هەردوو لەتەکەدا سەدای هەیە " نیوەی لەتی یەکەم بە وشەی (تکا) و نیوەی لەتی دووەمیش بە وشەی (سەر بڕا) ، واتە بە هەمان دەنگ کۆتاییان هاتووە ، بەمەش لە هەر لەتێکدا سەرواکەی سەدای هەیە و دێڕە شیعرەکە لەجیاتی دوو لەت بووەتە چوار کەرتەوە .

هەندێجاریش ئەم دەنگدانەوەیە لە سەرەتای لەتەکەدایە " واتە دەنگی رەوی لەتە شیعرەکە لە وشەکانی سەرەتا ، یان دوای نیوەی لەتەکە دووبارە دەبێتەوە " (کەریم شارەزا) دەڵێت :

دایکی کلۆڵی بێکـــــەســــی

کەسی نەبووە فریاد ڕەسی ﴿57 : 47﴾

لەم دێڕە شیعرەدا (س) دەنگی رەوییە ، کە لە وشەی یەکەمی لەتی دووەمدا (کەسی) بە هەردوو دەنگی رەوی (س) و پاش رەوی (ی) کۆتایی هاتووە ، بەمەش لەلایەکەوە ڕاستەوخۆ لە دوای لەتی یەکەم هاتووە ، واتە دوو وشەی سەروادار دووبارە بووەتەوە " ئەمەش جۆرێکی دووبارە کردنەوەیە بە ناوی (تکرار التصدیر) ، کە دواتر باسی لێوە دەکەین ، لەلایەکی تریشەوە ئەمسەر و ئەوسەری لەتی دووەم دوو وشەی یەك سەروان .

جاری وایش هەیە دەنگەکانی سەروا لە دوای نیوەی لەتەکە دووبارە دەبێتەوە "وەك:

ڕاستە پەنجەی ، ناسۆر لەسەر ، کێلی بەختم

هەڵبەستێکی چارەنووسی وشکی نووسی

ڕاستە ڕێگای .. بیست و حەوتی ، عومری سەختم

بەهارێکی ، بەختیاری ، تا سەر نەدی (شێرکۆ)

﴿91 : 32﴾

له لەتی دووەمدا وشەی سەروا بەهەر چوار دەنگەکەیەوە (نووسی) لە هەمان لەتدا لە وشەیەکی تردا دووبارەبۆتەوە (چارەنووسی) ، وەك دیاریشە لەتەکە (12) بڕگەیە ، بەڵام ئەو وشەی دەنگدانەوەی سەرواکەی تێدایە لە بڕگەی هەشتەم کۆتایی دێت ، واتە دەکەوێتە دوای ناوەڕاستی لەتە شیعرەکە .

## 2 – لادانی مۆرفێمی [1]:

ئەو دیاردانەی لە شیعردا بە لادانی مۆنێمی دادەنرێن ، گرنگترینیان ئەمانن :

### أ – دابەشکردن و یەکسانی ڕۆنانی ( یان کێشی ) یان ( عەرووزی ):

لەبەرئەوەی لە شیعری نوێی کوردیدا ، زۆر کەم عەرووز بەکارهاتووە ، نموونەی تەریبی عەرووزی کەم بەرچاو دەکەوێت " زیاتر دیاردەکە لە پێی کێشە پەنجەییەکان و ڕۆنانی ڕستەکانەوە ڕوودەدات " نموونەی تەریبی عەرووزی وەك :

بڵێ بمرە ، بڵێ لێرە مەمێنە
بڵێ لاچۆ ، بڵێ ناوم مەهێنە (مەدهۆش) ﴿70 : 41﴾

ب - - - | ب - - - | ب - -
مفاعیلن مفاعیلن فعولن

جگە لەوەی هەردوو لەتی ئەم دێڕە شیعرە لەسەر کێشی (هەزەجی شەش هەنگاوی مەحزووف)ە ، وشەکانیشیان بەڕێکی بەسەر پێیەکاندا (مفاعیلن + مفاعیلن + فعولن) دابەش بوون ، بەبێ ئەوەی بڕگەکانی وشەیەك بەسەر دوو پێ دا دابەش بن ، هەر

(1) - مۆرفێم " بچووکترین دانەی واتاداری زمانە .

وشەیەك لە لەتی یەکەمدا وشەیەکی هاوجێی لە لەتی دووەمدا هەیە ، بەمەش هەردوو لەتە شیعرەکە ، هەم لە ئاستی کێشی لەتە دێڕدا و هەم لە ئاستی کێشی وشەکانیشدا تەریبن .

مەبەستیشمان لە تەریبی لە ڕووی ڕۆنانەوە ئەوەیە " کە دوو لەتە شیعر (یان زیاتر) بەدوای یەکدا دێن و هەردووکیان (یان هەموویان) یەك ڕۆنانیان هەیە ، هەندێجاریش تەنیا لە یەك دوو وشەدا جیاوازن ، و هەمان ئەو وشانە دووبارە دەبنەوە .

(دیلان) دەڵێت :

کام دەس و کام پەنجە ئەبڕن

کام سك و کام جەستە ئەدڕن ﴿75 : 98﴾

لە ڕووی ڕۆنانەوە ، هەردوو لەتەکە بەم شێوەیەن : (ئامرازی پرس + بەرکار + ئامرازی لێکدەر + ئامرازی پرس + بەرکار + کار + ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی کۆ " کە(بکەر)ە) " جگە لەم تەریبییە هەر وشەیەکی لەتێك بەرامبەری لە خوارەوە وشەیەك هەیە، لە ڕووی ژمارەی بڕگەوە " واتە لە ڕووی کێشەوە وەك یەکن .

هەندێجاریش تەنها لە یەك دوو وشەدا جیاوازن " وەك لەم نموونەیەدا دەیبینین :

چۆن بۆم ئەکرێ ، لە بیرت کەم ؟

چۆن بۆم ئەکرێ ، دڵگیرت کەم ؟ (پەشێو) ﴿35 : 35﴾

ئەم دوو لەتە شیعرە " لە چەندئاستێکدا تەریبن ، لەلایەکەوە هەردووکیان لەسەر یەك کێشن ، کە (8) بڕگەییە و هەر لەتێکیان بەسەر دوو پێی (4) بڕگەییدا دابەش بوون ، تەنانەت هەر وشەیەکی لەتی یەکەم هاوجێکەی لە لەتی دووەمدا ، هەمان کێشی هەیە ، بەم شێوەیە : (1 + 1 + 2 + 4) بڕگەیی . لە ڕووی ڕۆنانیشەوە تەریبن بەم جۆرە : ﴿ئامرازی پرس + ئامرازی پەیوەندی + ڕاناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاك (بکەر) + کاری ڕانەبردوو + کار + ڕاناوی کەسی یەکەمی تاك (بکەر) ﴾. جگە لەو دوو ڕووەی ئاماژەمان

پێدان ، تەنانەت لە ڕووی خاڵبەندیشەوە تەریبی یەکن " لە نێوان دوو پێی (4 + 4)ی هەر لەتێکدا نیشانەی (،)هەیە و لە کۆتایی هەر لەتێکیشدا نیشانەی پرسیار (؟) هەیە . جیاوازی ئەم دوو لەتە شیعرە تەنها لە یەك وشەدایە ، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی لە ڕووی واتایشەوە هەندێك جیاواز بن ، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر لەیەکەوە نزیکن ، چونکە واتای ئەو دوو وشەیە زۆر لەیەکەوە دوور نین .

لەوانەیە هەندێجار زۆربەی وشەکانی ئەو دوو لەتە شیعرە وەکو یەك نەبن ، تەنیا ڕۆنانەکانیان و ئامڕازەکانیان لە یەك بچن ، بەڵام وشەکان لە ڕیزی یەکتردان و لە ڕووی واتایشەوە تەریبن ، واتە لەیەکەوە نزیکن ، بۆ نموونە (پەشێو) دەڵێت :

گەڕامەوە ، بۆ پێکەنین
بۆ ڕووناکی ، بۆ خۆشی ی ژین
بۆ چیمەنێك ، لە بەهارا
بۆ دیمەنێك ، لە گوڵزارا ﴿44 : 34﴾

لەتی سێیەم و چوارەم ، ئەگەر چی لە ڕووی ڕۆنان وەك یەکترن و تەریبی یەکترن ، بەڵام لە ڕووی وشەکانەوە ، جگە لە ئامرازەکان ، ئەوانی تر لە یەك ناچن ، بەڵام لە ڕووی واتاوە پەیوەندییەکی پتەویان بە یەکەوە هەیە : بە شێوەیەکی ئاسۆیی بڕوانینە هەردوو وشەی (چیمەن) و (بەهار) لە لەتی یەکەمدا واتاکانیان زۆر لە یەکەوە نزیکە ، چونکە (چیمەن) لە وەرزی بەهاردا سەوز دەبێت و دەژیەتەوە ، بە هەمان شێوە هەردوو وشەی (دیمەن) و (گوڵزار) لە لەتی دووەمدا لە یەکترەوە نزیکن و پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە ، ئەگەر بە شێوەی ستوونیش بڕوانینە وشەکانی ناو هەردوو لەتەکە هەمان پەیوەندی واتایی لە نێوانیاندا بە ئاشکرا دەبینین " لە نێوان هەردوو وشەی (چیمەن) و (دیمەن) لەلایەکەوە و لەلایەکی تریشەوە لە نێوان (بەهار) و (گوڵزار) ..

تەنانەت وشەکان بە شێوەی (یەکتر بڕ = مأصلی) ش هەمان پەیوەندی واتایی بە یەکیانەوە دەبەستێتەوە " واتە (چیمەن) و (گوڵزار) لەلایەکەوە و (بەهار) و (دیمەن) لەلایەکی ترەوە ، واتە بە گشتی " وشەکان هەموویان لە ڕووی واتاییەوە لە یەك نزیکن ، تەریبی واتاییەکە لە جۆری ئاسۆیی و ستوونی و (یەکتربڕی)شە " بەم شێوەیە :




ب – **دووبارەکردنەوە** :

دووبارەکردنەوە لە شیعردا دوو مەبەست دەپێکێت : یەکەم " چێژ بەخشین ، کە مەبەستێکی ئیستاتیکی ڕووتە ، دووەمیش " سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر بۆ ئەو وشە (یا گوزارشت ، یان ڕستە ، ..)ی دووبارە دەکرێتەوە ، کە گرنگییەکی تایبەتی لەناو دەقە شیعرییەکەدا هەیە .

ئەم دیاردەیە تا ڕادەیەکی زۆر ، ئەرکی سەروا لە شیعری نوێدا بەجێ دێنێت ، بەو پێیەی کە سەروایش لە ئەنجامی دووبارەبوونەوەی دەنگیی پەیدا دەبێت . هەر لەبەر ئەوەشە بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە لە شیعری نوێی ئەم ماوەیەدا زۆر بڵاوە ، لێرەدا هەوڵدەدەین زۆربەی جۆرەکانی لە شیعری کوردی ساڵانی پەنجا و شەستەکاندا دەست نیشان بکەین :

1 – **دووبارەکردنەوەی دەنگیی** :

ئەم جۆرە وەك (هاوشێوەی پیتی)یە ، کاتێك دەنگێك لە لەتێکدا ، یان دێڕە شیعرێکدا یان ... ، بە شێوەیەکی بەر چاو زیاتر لە دەنگەکانی تر دووبارە دەبێتەوە ،

ئەمەش زیاتر ئەو کاتە هەستی پێدەکرێت ، کە ئەو وشانەی دەنگە دووبارەکان دەگرنە خۆیان بەدوای یەکتردابن ، یان لە یەکترەوە نزیك بن .

هەندێك لێکۆڵەر و ڕەخنەگر (وەك بونیادگەرەکان) " هەوڵدەدەن دیاردەی دووبارەبوونەوەی دەنگەکان ببەستنەوە بە باری دەروونی ناو شیعرەکەوە ، (یان ئەو جێگایەی دیاردەکەی تیادا ڕوویداوە) ، ئەمەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ورد و ئەزموونیی هەیە لە بواری فۆنۆلۆژی هەر زمانێکدا " ئایا جۆری دەنگەکان و شوێنی گۆکردنیان چ پەیوەندییەکیان بە باری دەروونی (شوێنێکی دیاریکراوی ناو دەقەکە) ، یان دەقە شیعرییەکە بە گشتی هەیە، .. بەڵام هەر چۆنێك بێت ناتوانرێت چەند یاسایەکی ماتماتیکی بۆ ئەم کێشەیە دابڕێژرێت و بۆ هەموو دەقێك بە یەکسانی گشتیگر بکرێت ، چونکە لەلایەکەوە بابەتەکە ئەبستراکتی و مەعنەوییە و وا بە ئاسانی لە قاڵب نادرێت ، لەلایەکی تریشەوە هەر دەقێکی شیعریی (یان ئەدەبی) تایبەتیەتی خۆی هەیە و ناکرێت هەموو دەستوورێك لە دەرەوەی خۆیدا بسەپێنرێت بەسەریدا ، هەرچەندە لە هەندێ بنەمادا گشتی بێت .

نموونەش بۆ ئەم دیاردەیە " وەك دووبارەبوونەوەی دەنگی (ز) لەم شیعرەی (دیلان)دا :

لەسەر چنار ناز ، لە زەڵم سازێ

لە قۆپی ڕازی بە هەشت ڕازەوە ﴿75 : 57﴾

هەر لە ناو دیاردەی دووبارەکردنەوەی دەنگییەوە ، دەچینە ناو بابەتێکی تر کە (***گونجانی دەنگی***)[1] یە " مەبەستیش لەم گونجانە ئەوەیە لە لەتە شیعرێکدا " دوو دەنگ لە بڕگەیەکی یان لە دوو بڕگەی بەدوای یەکتردا هاتووی ناو وشەیەك ، لە وشەیەکی تری هەمان لەتدا دووبارە ببنەوە . جاری وا هەیە ئەو دوو وشەیە بەدوای یەکدا دێن کە پێی دەوترێت

(1) - بۆ زانیاری زیاتر لە بابەتی (ئەندازەی مۆسیقایی لە شیعردا ) بڕوانە : ﴿124 : 89 – 111﴾ .

دووبارەکردنەوەی خێرا (یان دووبارەکردنەوەی بەدوای یەك) ، هەندێجاریش وشە و ئامراز دەکەوێتە نێوانیان ، کە پێی دەوترێت (دووبارەکردنەوەی دواخراو) .

گونجانە دەنگییەکان بە پێی جێگای دەنگە دووبارەکراوەکان لە ناو بڕگەیەك یان دوو بڕگە ، هەروەها بە پێی بەدوای یەکتردا هاتنی وشەکان یان دوورکەوتنەوەیان لە یەکتر ، دەبن بەم جۆرانەی خوارەوە :

1 – **گونجانی پەیوەست** (متصل) : ئەوەیە کە دوو دەنگەکە لە هەردوو وشەکەدا دەکەونە ناو یەك بڕگەوە . بە دوو شێوە دەبێت :

أ – لە دووبارەکردنەوەی خێرادا : وەك لەم دێڕە شیعرەی (گۆران)دا :

ئەی باڵداری ئێسك ســـــووك

س + ك س + ك

بلبلـــــی دەنـــووك بـــچووك ﴿103 : 61﴾

وو + ك وو + ك

لە لەتی یەکەمدا گونجانێکی دەنگیی پەیوەست هەیە لە نێوان هەردوو وشەی (ئێسك) و (سووك) ، کە لە هەردووکیاندا دەنگی (س) و (ك) هەیە و لە هەردووکیشیاندا دەکەونە ناو یەك بڕگە ، دووبارەکردنەوەکەیش بە جۆری خێرا دادەنرێت ، چونکە دوو وشەکە بەدوای یەکدا هاتوون و هیچ وشە و ئامرازێك نەکەوتۆتە نێوانیانەوە . هەر لە لەتی دووەمی ئەم دێڕە شیعرەدا گونجانێکی دەنگیی تر لە هەمان جۆری لەتی یەکەم هەیە ، لە نێوان دوو وشەی (دەنووك) و (بچووك) ، لە دوو دەنگی (وو + ك)دا ..

ب – لە دووبارەکردنەوەی دواخراودا : وەك ئەم نموونەیە :

بۆ ئەوەی تۆ باڵی زێڕیـن بـــکـەی بـەسێبـــەر

لە ژێر باڵتا سەربەستی بێ و سەرچاوەی هونەر (دیلان) ﴿159:75﴾

س + ر　　　س + ر

گونجانە دەنگییەکە لە نێوان هەردوو وشەی (سەربەستی) و (سەرچاوەی) لە دوو دەنگی (س) و (ر)دایە ، لە هەردووکیاندا دوو دەنگەکە دەکەونە ناو یەك بڕگەوە ، بەڵام جیاوازی لەگەڵ جۆری پێشوو (دووبارەکردنەوەی خێرا) ئەوەیە " لێرەدا ئەم دوو وشەیە بەدوای یەکدا نەهاتوون و وشە و ئامرازی تر بووەتە ناوبڕیان .

2 — ***گونجانی لێك جیا*** (منفصل) : ئەوەیە کە دوو دەنگەکە لە هەردوو وشەکەدا بکەونە ناو دوو بڕگەی بەدوای یەکدا هاتوو " ئەمیش دوو شێوەی هەیە :

أ — لە دووبارەکردنەوەی خێرادا : وەك :

ئەو گەردنە بێ گەردە ، کە وەك تەختی بلوورە ،

گ + د　　گ + د

ئەو لێوە کە وەك غونچە تەڕ و ناسك و سوورە (هەردی) ﴿4 :24﴾

گونجانە دەنگییەکە لە نێوان (گەردن) و (بێگەرد)دایە لە دوو دەنگی (گ) و (د)دا " کە هەریەك لەو دوو دەنگە کەوتۆتە ناو بڕگەیەکەوە ، بەم شێوەیە : (گەر —دن) ، (بێ — گەر — دە) " هەردوو وشەکەیش بەدوای یەکدا هاتوون .

ب — لە دووبارەکردنەوەی دواخراودا : نموونەی ئەم جۆرەیش لەم دێڕە شیعرەدا دەبینین :

ئەو پرشنگە ، وەکو ورشەی نیگای کاڵ

ر — ش　　ر — ش

لەسەر ڕووی تۆ ... ڕوومەتێك ناسك و ئاڵ (کامەران) ﴿51 : 72﴾

گونجانەکە لە نێوان (پرشنگ) و (ورشە)دایە ، لە دوو دەنگی (ر) و (ش) ، کە هەر یەکەیان لە ناو بڕگەیەکدایە ، هەردوو وشەکەیش ئامرازێك کەوتۆتە نێوانیانەوە .

3 – **گونجانی جیاکراوە** (مفروق) : لەم جۆرەدا " دوو دەنگەکە لە وشەی یەکەمدا دەکەونە ناو یەك بڕگەوە ، بەڵام لە وشەی دووەمدا دەکەونە ناو دوو بڕگەی جیاوە . ئەمیش بە دوو جۆر دەبێت :

أ – لە دووبارەکردنەوەی خێرادا : وەك لەم دێڕە شیعرەی (ع . ح . ب) دا :

هەرچی شتە مەستی تەزووی

(ت + ی) (ت – ی)

دەنگدانەوەی شمشاڵی شوان ﴿40 : 93﴾

گونجانەکە لە نێوان هەردوو وشەی (مەستی) و (تەزووی) دا دروست بووە ، بەهۆی دوو دەنگی (ت) و (ی) ەوە ، کە لە وشەی یەکەمدا کەوتوونەتە ناو یەك بڕگەوە ، بەڵام لە وشەی دووەمدا هەر یەکەیان کەوتووەتە ناو بڕگەیەکەوە " واتە (دوو بڕگەی بە دوای یەکدا) ، دوو وشە گونجاوەکەیش بەدوای یەکدا هاتوون .

ب – لە دووبارەکردنەوەی دواخراودا : (کاکەی فەلاح) دەڵێت :

سەرنج ئەدەم لە بەهار و لە بەهرەی جوانی

کەنەك دڵێ ، هەزاران دڵ ئەبن حەیرانی ﴿50:45﴾

ر + ن ر – ن

گونجانی نێوان (هەزاران) و (حەیران) لە دوو دەنگی (ر) و (ن)دایە ، لە وشەی یەکەم کەوتوونەتە ناو یەك بڕگەوە ، بەڵام لە دووەمدا لە ناو دوو بڕگەدان . هەردوو وشەکەیش بە هۆی وشەی ترەوە لە یەکتر دوورکەوتوونەتەوە .

4 – **گونجانی کۆکراوە** (یان پەیوەست کراو) : ئەم جۆرە پێچەوانەی جۆری سێیەمە ، چونکە دوو دەنگەکە لە وشەی یەکەمدا دەکەونە ناو دوو بڕگەوە ، بەڵام لە وشەی دووەمدا دەچنە ناو یەك بڕگەوە . ئەمیش بە دوو شێوە دەبێت :

أ — لە دووبارەكردنەوەی خێرادا : وەك :

چۆنت پێخۆشە ، بە ئـــارەزووی خۆت

لەت كە ئەو دڵەی ، شادی ی ئەویٚ بۆت (پەشێو) ﴿34:23﴾

د — ی د + ی

دووبارەبونەوەی دوو دەنگی (د) و (ی) لە دوو وشەی (دڵەی) و (شادی) بەدوای یەكدا ، گونجانێكی دروست كردووە ، كە لە وشەی یەكەمیاندا دەكەونە ناو دوو بڕگەوە ، بەڵام لە دووەمدا لە ناو یەك بڕكەدان .

ب — لە دووبارەكردنەوەی دواخراودا : هەروەك لەم دێڕە شیعرەدا دەیبینین :

ئەی پایزی ، نا ئومێدی ، بەر لەوەی وەرزی تۆبیٚ !

وەرزی ئێمە ، زۆر دەمێكە ، وا لە گریە و خەزانا ! ! (شێركۆ) ﴿33 : 68﴾

ر — ز ز + ر

گونجانەكە لە نێوان (وەرزی) و (زۆر) لە دوو دەنگی (ر) و (ز)دا دروست بووە ، لە وشەی یەكەمدا لە ناو دوو بڕگەن و لە وشەی دووەمدا كەوتوونەتە ناو بڕگەیەكەوە ، هەرچەندە زنجیرەی دوو دەنگەكە وەكو خۆیان دووبارە نەبوونەتەوە ، بەڵكو پاش و پێش خراون. دوو وشەكەیش بە ڕاناوێكی سەربەخۆ لە یەكتر دووركەوتوونەتەوە .

بەڵام لە دووبارە بوونەوەی دەنگەكاندا " مەرج نییە دەنگەكان بە هەمان زنجیرە دووبارە ببنەوە ، جاری وا هەیە پێچەوانە دەبنەوە و پاش و پێش دەكەون (هەڵگەڕاوە) " بەم شێوەیە: (أ + ب / ب + أ) ، وەك لە نموونەی (4 + ب)دا دیمان .

جاری وایش هەیە لە لەتە شیعرێكدا ، یان هەر لە نێوان ئەو دوو وشەیەدا ، چەند جۆرێك لە پەیوەندییە دەنگییەكانی تێدایە ، بـەڵام ئێمـە لـە نـاو نموونـەكانی پێـشوودا ، بـۆ ڕوونكردنەوەی هەر جۆرێكیان تەنیا ئاماژەمان بەو جۆرە كردووە لە ناو ئەو لەتەدا .

بۆ نموونە لە لەتی دووەمی ئەم دێڕە شیعرەدا (3) جۆر گونجانی دەنگیی تیایدا دەبینرێن :

ئیتر ڕابورد من پیرببم ، یان دڵم بمرێ ،
یا بلوری شادمانیم هەرگیز گەرد بگرێ ! (گۆران) ﴿62:37﴾

پەیوەندییەكانیش ئەم جۆرانەن :

1 – لە نێوان وشەی (هەرگیز) و وشەی (گەرد)دا ، بەشێوەی هەڵگەڕاوەیی دوو دەنگی (ر) و (گ) دووبارەبوونەتەوە " كە لە جۆری (4 – أ)ە .

2 – لە نێوان دوو وشەی (هەرگیز) و (بگرێ)دا ، گونجانێك هەیە لە دوو دەنگی (ر) و (گ) ، بەشێوەی هەڵگەڕاوویی دووبارەبوونەتەوە ، گونجانەكەش لە جۆری (2 –ب)یە .

3 - جۆری گونجانی (3 - أ) ، لە نێوان وشەی (گەرد) و (بگرێ)دا ، لە دوو دەنگی (گ) و (ر) دا دەبینێت.

## 2 – دووبارەكردنەوەی وشەیی :

بریتییە لە دووبارەكردنەوەی وشەیەك چەند جارێك لە لەتێكدا (یان دێڕێك ، یان كۆپلەیەك ، یان شیعرێك) ، جا چ بەهەمان واتا بێت ، یان بە واتای جیاواز لە یەكتر (واتە ڕەگەزدۆزی) .

(گۆران) لەم دێڕە شیعرەدا " لە لەتی یەكەمدا (پێنج) جار ئامرازی پرسی (كەی) و لە لەتی دووەمدا (دوو) جار ئامرازی پرسی (چی) و (سێ) جاریش ئامرازی سەرسوڕمانی (حەی)ی بەكارهێناوە :

كەی تۆم دیوە ؟ كەی ئەتناسم ؟ كەی ؟ كەی ؟ كەی ؟
دڵداری چی ؟ پەیمانی چی ؟ حەی ! حەی ! حەی ! ﴿62:28﴾

ئەمەش رەنگدانەوەی ئەو بارە گوماناوی و سەرسوڕمان و تووڕەبوون و بێ هیواییەیە ، کە لە ناو شیعرەکەدا هەیە .

هەندێجار لە ناو کۆپلەیەکی شیعرێکدا چەند جارێك وشەیەك دووبارە دەبێتەوە " (شێرکۆ) لە کۆپلەیەکی قەسیدەی (کەژاوەی گریان)دا ﴿33 : 16 ﴾، (شەش) جار ئاوەڵناوی (دوور)ی بەکارهێناوە ، کە دەکاتە نزیکەی چواریەکی وشەکانی ناو ئەو کۆپلەیە " ئەمەش رەنگدانەوەی واتای گشتی قەسیدەکە و بە تایبەتی ئەو کۆپلەیەیە " کە ئازاری دوورییە لە کوردستان ..

### 3 – دووبارەکردنەوەی گوزارشتی :

ئەمیش دەشێت لە (لەتێك ، دێڕێك ، کۆپلەیەك ، شیعرەکە هەمووی)دا ، گوزارشتێکی دیارکراو چەند جارێك دووبارەبکرێتەوە .

لە ناو دێڕە شیعرێکدا " وەك ئەم دێڕەی (گۆران) کە دوو جار گوزارشتی (چ زوو مردی ؟) لەسەرەتای هەردوو لەتی دێڕەکەدا دووبارەکردۆتەوە :

چ زوو مردی ؟ کچم هەیهات کچی خۆم ؟
چ زوو مردی ؟ چ زوو کەوتیتە بن گۆم ؟ ﴿61 : 97﴾

یان لە ناو شیعرێکدا " وەك (چواردەی تەموز)ی (دیلان) " کە (چوار) جار گوزارشتی (بەستەی کاتێ)ی لە سەرەتای چوار دێڕە شیعرەدا و (چوار) جاریش گوزارشتی (بەستەییك بێ)ی لە سەرەتای چوار دێڕە شیعری تردا و (چوار) جاریش گوزارشتی (بڵێ لە جێ ی) لە سەرەتای چوار دێڕە شیعری تردا ، دووبارەکردووەتەوە ، ئەمە جگە لە دووبارەکردنەوەی دێڕی یەکەمی شیعرەکە لە ناوەڕاستی شیعرکەدا:

بۆم بخوێنە ئەی بولبولی ئاوارە
بەستەی دڵێ ، سەرمەست و گەشکە دارە ﴿75 : 98 ﴾

واتای گشتی شیعرەکە " جوانکردن و ڕازاندنەوەی وشەی (سەربەستی)یە ، کە دووبارەکردنەوەکان ئەوەندەی تر ئەم جوانییە دووپات دەکەنەوە .

### 4 – دووبارەکردنەوەی ڕستەیی :

بریتییە لە دووبارەکردنەوەی لەتە شیعرێك (یان دێڕە شیعرێك) چەند جارێك لە ناو شیعرەکەدا ، ئەمەش هەندێجار لەتەکە (یان دێڕەکە) کتومت وەك خۆی دووبارە دەکرێتەوە " وەك لە (جوانی ئەفسووناوی)ی (پەشێو)دا ﴿34 : 25﴾، کە تیایدا (سێ) جار لەتی یەکەمی شیعرەکە : ((هەموو شتێك ، جوانە لە تۆ)) ی لە سەرەتای دوو کۆپلەی تردا دووبارەکردۆتەوە . هەروەها لەتی چوارەمی شیعرەکە ((چەندە جوانە)) ی (سێ) جاری تر دووبارەکردۆتەوە ، یەکەمجار بە کەمێك دەستکارییەوە : ((ئای چەند جوانە)) ، ئەوانی تر وەك خۆی ..

(دیلان) لە شیعری (هاوڕێم حەسەن)دا ، دێڕی یەکەمی شیعرەکەی دوو جاری تر لە ناو شیعرەکەدا (وەك خۆی) بەکارهێناوە :

ئەی کۆچی پڕ لە ناڵە
سۆز بۆ گەرووی شمشاڵە ﴿75 : 92﴾

بەڵام هەندێجار دێڕە شیعرەکە بە هەندێ دەستکارییەوە دووبارە دەکرێتەوە ، وەك (لە بیرت ناکەم)ی (پەشێو) ، تیایدا دێڕی یەکەمی کۆپلەی یەکەم " کە بەم شێوەیەیە :

چۆن بۆم ئەکرێ ، لە بیرت کەم ؟
چۆن بۆم ئەکرێ ، دڵگیرت کەم ؟ ﴿35:35﴾

لە کۆتایی کۆپلەی دووەم و لە ناوەڕاست و کۆتایی کۆپلەی سێیەمیشدا ، بە کەمێ گۆڕانکارییەوە دووبارەی کردۆتەوە ، کە بەم شێوەیەی لێکردووە :

سا چۆن ئەبێ ، لە بیرت کەم

چۆن بۆم ئەكرێ دڵگیرت كەم ﴿35 : 36 ، 37﴾

5 – **دووبارەكردنەوەی كۆپلەیی** : ئەمەش بە دوو جۆر دەبێت :

أ – بە كۆپلەیەك دەست پێدەكات ، لە كۆتاییشدا بەهەمان كۆپلە تەواو دەبێت ، ئەم جۆرە بەزۆری لە شیعری لیریكدا هەیە ، بەمەش دەقێكی داخراو دروست دەكات .

(گۆران) لە (جوانی لە لادێ)دا " كە لە حەوت كۆپلە پێك هاتووە ، بەم كۆپلەیە دەست پێدەكات و هەر بەهەمان كۆپلەیش كۆتایی دێت (وەكو خۆی) :

ئێوارەیە وا ، هەڵگرە سا گۆزەی تازە ،
ڕێ ی كانی – قوربان ! – منتظری جلوەیی نازە "
بەردەرگەكەتان قیبلەی ڕووی ئەهلی نیازە ،
ئێوارەیە وا ، هەڵگرە سا گۆزەی تازە ! ﴿62 : 23﴾

ئەمە جگە لەوەی " لەتی یەكەمی كۆپلەكە لە لەتی چوارەمی هەمان كۆپلە و هەموو كۆپلەكانی تریش دووبارەبۆتەوە .

هەندێجاریش كۆپلەكە لە دووبارەكردنەوەیدا گۆڕانی بەسەردا دێت ، وەك : (شێركۆ) لە (بەیانی ی بێ‌خۆر)دا ، كە لە (9) كۆپلە پێك هاتووە ، كۆپلەی چوارەمی بەم شێوەیەیە :

هەواڵ نەهات ..
شەماڵ نەهات
وا بەیانیشە خۆری من
هەر هەڵ نەهات ! ! . ﴿33 : 41﴾

لە کۆپلەی کۆتاییدا بە هەندێ گۆڕانەوە دووبارەکراوەتەوە[1] :

هەواڵ نەهات ..

شەماڵ نەهات

لە بەیانیشا .. خۆری من ..

هەر هەڵ نەهات !!. ﴿33:44-45﴾

لە لەتی چوارەمدا (وا بەیانیشە) کراوەتە (لە بەیانیشا) .

ب – لە هەندێ شیعردا کۆپلەیەك چەند جارێك دووبارە دەبێتەوە "بۆ نموونە (گۆران) لە (خۆزگەم بە پار)دا ، (پێنج) جار کۆپلەی یەکەمی شیعرەکەی وەك خۆی دووبارەکردۆتەوە ، ئەمەش کۆپلەکەیە :

بڵێن بـــە یـــار ، بڵێن بـــە یـــار ، یاری نازدار ،

سەد هەزار جار خۆزگەم بە پار ، منی هەژار !

خۆزگەم بە پار ! ﴿62 : 12﴾

ئەمە جگە لەوەی کە دوو جار گوزارشتی (بڵێن بە یار) و دوو جاریش گوزارشتی (خۆزگەم بە پار) لە ناو کۆپلەکەدا دووبارەبۆتەوە .

**6 – دووبارەکردنەوەی درێژە پێدان (درێژخایەن) (تكرار التدويم) :**

(بەم ناوە ناو دەبرێت ، کاتێك گوزارشتێك لە شێوەی زنجیرەی درێژکراوە دووبارە بێتەوە ، بە ناو کۆپلەکانی قەسیدەکەدا درێژە بە گەشە و جووڵە بدات ، کە ڕەگەزەکانی ڕووداوەکە بە شەپۆلی حەلەزۆنی دەجووڵێنەوە) ﴿126 : 86 - 87﴾ "گوزارشتەکە بە دەستکارییەوە

---

[1] - لە چاپی یەکەمی دیوانەکەدا بە هەڵە لەتی یەکەمی کۆپلەی نۆیەم (کۆپلەی کۆتایی) خراوەتە کۆتایی کۆپلەی هەشتەمەوە ، بەڵام لە – دیوانی شێرکۆ بێکەس – چاپی سوید – بەشی دووەمدا ، چاککراوەتەوە .

و هەر جارەی وێنەیەك و سۆزێکی تایبەتی دروست دەکات، هەندێجاریش وەك خۆی دووبارە دەبێتەوە . دووبارەکردنەوەکەش لە دوای یەك ، یان ناو بە ناو دەبێت " مەبەست لەوەیە وشەیەك یان چەند وشەیەك یان گوزارشتێك لەسەر هەمان شێوە و هەمان کێش ، چەند جارێك لە ناو شیعرەکەدا دووبارە دەبێتەوە ، بەڵام هەر جارەی بەشداری لە پێکهاتەیەکی نوێ دەکات .

(پیربال مەحموود) لە (وەرە)دا ﴿11 : 23 - 24 ﴾" لە سەرەتای (10) دێڕی شیعرەکەدا ، کاری (وەرە)ی لە هەمان شێوەی خۆیدا (فەرمان) ، دووبارەکردۆتەوە ، لە هەر دێڕێکدا بەشداری لە پێکهاتەی ڕستەیەکی نوێ (یان وێنەیەکی شیعری نوێ)دا کردووە ..

## 7 – دووبارەکردنەوەی کۆتایی :

(لەبەرئەوە بەم ناوە ناو دەبرێت ، چونکە وشە (یان گوزارشتە) دووبارەکراوەکە ، بە شێوەی یەك لە دوای یەك ، یان پچڕ پچڕ دەکەوێتە کۆتایی ڕستەکانی شیعرەکە .)﴿126 : 89 ﴾ "ئەم جۆرە دووبارەکردنەوەیە بەزۆری ڕۆڵی (پاش سەروا)یش دەبینێت ، لەبەرئەوە هەموو ئەو دێڕە شیعرانەی پاش سەروایان هەیە ، دەکرێت بە نموونەی ئەم جۆرەی دابنێین .

(شێرکۆ) لە (وەرام)دا ﴿32 : 74 - 75 ﴾" (حەوت) جار گوزارشتی (خۆش ئەوێ)ی لە کۆتایی (حەوت) دێڕە شیعردا دووبارەکردۆتەوە ، هەندێکیان بەدوای یەکدا و هەندێکیشیان ناو بە ناو . ئەمە جگە لەوەی (چوار) جاریش گوزارشتی (خۆشم ئەوێ)ی ناو بە ناو دووبارەکردۆتەوە .

جاری وایش هەیە لە کۆتایی کۆپلەیەکدا (یان شیعرەکەدا) گوزارشتێك چەند جارێك دووبارە دەکرێتەوە ، ئەمەش بۆ جێهێشتنی کاریگەرییەکی زیاتر لە هۆشی خوێنەردا .. لە کۆتایی کۆپلەدا " وەك (بت – بتەوان)ی (گۆران) " تیایدا لە کۆتایی کۆپلەیەکیاندا دووجار گوزارشتی (هەی داخەکەم)ی بەکارهێناوە . ﴿61 : 291 ﴾

لە كۆتایی شیعریشدا " وەك (سەرسام مەبە)ی (شێركۆ) ﴿33 : 92 - 108﴾" كە لە دواهەمین كۆپلەی شیعرەكەدا (دوو) جار گوزارشتی (ئینجا ، چی یە ؟)ی بەكارهێناوە ، ئەمە جگە لەوەی لە هەمان كۆپلەدا (هەشت) جار هەمان گوزارشتی (ئینجا چی یە) و (شەش) جاریش (چی یە)ی بە تەنیا دووبارەكردۆتەوە.

## 8 – دووبارەكردنەوەی سەرەتا :

(بە دووبارەكردنەوەی (استهلالی)ش ناودەبرێت ، بە پێچەوانەی جۆرەكەی پێشوو ، وشەكە یان گوزارشتەكە لە سەرەتای ڕستە شیعرییەكان دووبارە دەبێتەوە ، یەك لە دوای یەك ، یان پچڕ پچڕ) ﴿126 : 90﴾" ئەم جۆرە دووبارەكردنەوەیە زۆرجار ((بۆ دامەزراندنی ئاواز و كێشی هۆنراوەكە)) یە . ﴿38 : 33﴾" بۆ نموونە (پەشێو) لە (ئەی گوڵی زەرد)دا ﴿35 : 31﴾، سەرەتای هەر كۆپلەیەكی بە دووبارەكردنەوەی ئەم گوزارشتە دەست پێكردووە : (ئەی گوڵی زەرد ، ئەی گوڵی زەرد) ، جگە لە سەرەتای كۆپلەكان هەمان گوزارشتی دووجاری تر لە ناو شیعرەكەدا دووبارەكردۆتەوە .

جاری وایش هەیە لە ناو شیعرەكەدا ، گوزارشتێك دوو جار لە لەتێكدا دووبارە دەبێتەوە و سەرەتای شیعرەكە (یان كۆپلەیەكی شیعرەكە)ش نییە ، بەڵام لێرەدا جگە لە بەهێزكردنی ئاوازی شیعرەكە ، زیاتر بۆ پیشاندانی بەهێزیی ئەو گوزارشتەیە لە ناو شیعرەكەدا "واتە وەك تۆخ كردنەوەی ئەو گوزارشتەیە " بۆ نموونە (دیلان) لە (كونە پەپووی شەڕ)دا ﴿75 : 38﴾ " لە سەرەتای كۆپلەی (24)دا ، گوزارشتی (چیای شیرین)ی دووبارە كردۆتەوە ، لە دوا لەتی كۆپلەی (25)یشدا " گوزارشتی (ئەو باوكەی مرد) دووبارە كراوەتەوە " ئەمەش وەك سەرنج ڕاكێشانی خوێنەرە بۆ ئەم گوزارشتانە .

جاری وا هەیە وشەیەك (یان گوزارشتێك) لە سەرەتای لەتە (یان دێڕە) شیعرەكاندا دووبارە دەبێتەوە " بۆ نموونە (جەوهەر خەمگین) لە (جوانی)دا ﴿18 : 25﴾، لە (حەڤدە)

لەتدا لە کۆی (32) لەتدا ، واتە لە نیوەی زیاتر ، ئامرازی (ئەی)ی لە سەرەتای لەتەکاندا بەکارهێناوە .

مەرج نییە بەکارهێنانی هەموو دیاردەیەك بە ناوی نوێکاری لە شیعردا ، شیعرەکە جوان بکات ، بە پێچەوانەوە زۆر جار شیعرەکە لاواز دەکات و کەم دەستەڵاتی زمانی شیعری شاعیرەکە پیشان دەدات .. بەکارهێنانی ئامرازی (ئەی) شێوەیەکی (دواندن)ی ڕاستەوخۆ دەبەخشێتە شیعرەکە و لە زمانی شیعری دوور دەخاتەوە ، بە تایبەتی ئەگەر لە شیعرێکدا زۆر بەکاربهێنرێت .

یان (دیلان) لە شیعری (شیرین)دا ، لە (حەوت) لەتی یەکەمی شیعرەکەدا ، یەك لە دوای یەك " سەرەتاکەیانی بە (شیرین) دەست پێکردووە " کە ئەمە دێڕی یەکەمی شیعرەکەیە :

شیرین ... بەستەی گوڵاڵەی سوور      تریفەی مانـــــگم
شیرین ... گەشەی ئەستێرەی دوور      گفت وگۆ وبانگم ﴿75 : 53﴾

## 9 – دووبارەکردنەوەی کۆتایی لە سەرەتا ( تکرار التصدير ) :

لەم جۆرەدا (وشە دووبارەکراوەکە لەسەر بنەمای زنجیرەی دووبارەکردنەوەی وشەی سەروا لە سەرەتای دێڕی (یان لەتی) دوای خۆی ڕاستەوخۆ ، بنیات دەنرێت .)﴿126 : 91﴾، لێرەدا سەروای ناوەوە بۆتە هۆی بەهێزکردنی سەروای دەرەوە ، چونکە دووجار لە دوای یەك دێت لە کاتی خوێندنەوەدا .مەرجیش نییە لە یەکەم وشەی لەتەکە دووبارە ببێتەوە ، جاری وا هەیە ئامرازێك دەکەوێتە پێشی . ئەم جۆرە دووبارەکردنەوەیە لە ڕەوانبێژییدا {رد العجز على الصدر}ی پێ دەوترێت.

(جەوهەر خەمگین) دەڵێت :

خۆش ئەڕۆیشت بە دوای کاروان

کاروانی جەرگەی تێکۆشان

تێکۆشانی خۆشی ژیان ﴿18 : 12﴾

دوا وشەی لەتی یەکەم (کاروان) لە سەرەتای لەتی دووەمدا و دوا وشەی لەتی دووەمیش (تێکۆشان) لە سەرەتای لەتی یەکەمدا دووبارە بۆتەوە .

10 – **دووبارەکردنەوەی داتاشین (تکرار الاشتقاق) :**

مەبەست لەو وشە دووبارانەیە لە چاوگێکەوە دروست بوون ، بەڵام لە بنیاتی مۆرفۆلۆجیدا جیاوازن " (شێرکۆ) دەڵێت : (ئەی ئاوارەی گۆشەگیری ، گۆشەی کۆنی خەمە) ﴿33 : 49﴾ ، (گۆشە) ناوە و (گۆشەگیر)یش ناوێکی داڕێژراوە لە ناوێکی سادە (گۆشە) و پاشگرێك (گیر) .

**ج – دژ یەك :**

لادانێکی تری مۆرفێمییە ، کە دەبێتە هۆی دروست بوونی مۆسیقای ناوەوە " واتە ڕوو بە ڕووکردنەوەی شت و چەمکە دژیەکەکان ، وەك تاڵ و شیرین .. " (کامەران) دەڵێت :

ئەی زێڕی زەردی سارد و سڕ

چۆنت برد دڵی گەرم و گوڕ ! ﴿51 : 67﴾

(سارد و سڕ) و (گەرم و گوڕ) دوو ئاوەڵناوی لێکدراون ، جگە لەوەی ئەرکی وشەی سەروایان هەیە ، لە ڕووی واتایشەوە دژی یەکن ، واتە لە دوو لایەنەوە ئەرکی مۆسیقایان هەیە " مۆسیقای دەرەوە و ناوەوە.

**د – هاوتایی لە ڕیتمدا (التناظر الایقاعی) :**

ئەوەیە کە (وشەکان جێگۆڕکێ دەکەن و وێنەیەکی نوێ دەکێشن " کە لە وشەکانی وێنەی پێش خۆیەتی .) ﴿145 : 321﴾ " واتە دروستکردنی دوو وێنەی جیا ، بەڵام کەرەستەکانیان وەك یەکە.. ، بۆ نموونە (دیلان) لەم دێڕە شیعرەدا :

ئەی بولبولی شەوان بێدار تا بەری بەیان

تۆ بۆ من و منیش بۆ تۆ ئەبین بەنیشان ﴿75 : 66﴾

لە لەتی دووەمدا " پاش و پێشێك لە نێوان دوو ڕاناوی سەربەخۆی (تۆ) و (من)دا کراوە " کە واتای لەتەکە دوو وێنەی دژی یەك لێ دروست دەبێت ، بەم شێوەیە :

(تۆ بۆ من دەبیت بە نیشان) ، (من بۆ تۆ دەبم بە نیشان) .

❊ ❊ ❊

لە لاپەڕەکانی پێشتردا " بۆمان ڕوون بوویەوە ، کە شیعری ئەو ماوەیە لە ڕووی مۆسیقای شیعریەوە ، هەوڵی داوە لە کۆتوپێوەندەکانی مۆسیقای شیعری کلاسیکی خۆی دەرباز بکات ، بەڵام ناتوانین بڵێین تەواو ڕەها بووە ، بەڵکو ڕێگەی بۆ قۆناغەکانی دواتری شیعری کوردی خۆش کردووە بۆ زیاتر ئازاد بوونی لەم ڕووەوە "بۆیە دەبێت جیاوازی بکەین لە نێوان بە ئازادی بەکارهێنانی کێش و سەروا لە ساڵەکانی دوایی ئەم قۆناغەدا ، لەگەڵ ڕەها بوونی شیعر لە مۆسیقا " وەك لە شیعری پەخشانیدا دەبینرێت . ئەمەش زیاتر لە لێکۆڵینەوە لە مۆسیقای ناوەوەی شیعری ئەو ماوەیەدا بەدەردەکەوێت ، چونکە سیما و تەکنیکەکانی ئەم جۆرە مۆسیقایە ئەو کاتە زیاتر دەردەکەوێت ، کە شیعر زیاتر دەستبەرداری مۆسیقای دەرەوە (کێش و سەروا) دەبێت ، وەك شیعری پەخشانیی . لەبەرئەوەشە هەندێ لەو تەکنیکانە لە شیعری ماوەی پەنجاکان و شەستەکاندا بەرچاو ناکەوێت هەندێکی تریشیان زۆر بە کەمی نموونەی دەبینرێت ، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا زۆربەی تەکنیکەکان بەکارهێنراون ، کە هەندێکیان زۆر بە بڵاوی بەکارهاتوون "(وەك جۆرەکانی دووبارەکردنەوە) ، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە مۆسیقای دەرەوەی شیعری ئەو ماوەیە ڕووی لە کزی کردووە .. لەبەرئەوە لە شیعری ئەو ماوەیەدا ، ئەگەر هەر شیعرێك بە جیا وەربگرین، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە مۆسیقایەکی تایبەت بە خۆی هەیە ، هەرچەندە لە

ڕووی تەفعیلەکانیشەوە لە یەك بچن ، بەڵام مۆسیقای ناوەوەی زیاتر گرنگی پێدراوە ، کە ئەمەش سیفەتێکی تایبەتی دەداتە هەر شیعرێك .

خاڵێکی تری گرنگیش " کە دەبێت ئاماژەی بۆ بکرێت ، ڕۆڵی شیعرە وەرگێڕدراوەکانە ، (بە تایبەتی ئەوانەی بە پەخشان وەرگێڕدراون) ، لە فەرامۆش کردنی مۆسیقای دەرەوەی شیعر و بڵاوبوونەوەی شیعری پەخشانی لە قۆناغەکانی دواتردا ئەوەبوو یەکەم دیوان (خواو شارە بچکۆلەکەمان)ی (لەتیف هەڵمەت) بوو لەساڵی (1970)دا " کە زۆربەی شیعرەکانی ناو دیوانەکە لە شێوەی شیعری پەخشانیدان..

بۆ نموونە یەکێك لەو شیعرانەی گۆران بە پەخشان وەری گێڕاون ، شیعرێکی (ناظم حکمت)ە بە ناونیشانی (هەورەکان تێ ئەپەڕن) ﴿61 : 508﴾" کێشی لەتەکانی ئەم شیعرە یەك لە دوای یەك بەم شێوەیەیە : (8 / 6 / 5 // 5 / 6 / 7 / 5 // 5 / 7 / 8 / 7 / 5 / 5) بڕگەیی ، لە ڕووی سەروایشەوە ، بەم جۆرەیە : (أ — ب — ج // ج و ھ ج // ج و ز ح ج ج) " وەك دەردەکەوێت شیعرەکە پابەندی سیستمێکی دیاریکراو ، یان تەنانەت تێکەڵکردنی چەند سیستمێکیش نەبووە لە بەکارهێنانی کێش و سەروادا . بەڵام لە ڕووی مۆسیقای ناوەوە ، تەکنیکی دووبارەکردنەوەی تیادا دەبینین ، کە (شەش) جار گوزارشتی (نامەوێ بمرم) و (چوار) جاریش گوزارشتی (مەمبەن بەرەو) دووبارەکراوەتەوە ، کە لە سێ بەشی وشەکانی شیعرەکە دوو بەش بەر ئەم دووبارەکردنەوەیە دەکەون " ئەمەش پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەیە لە مۆسیقای دەرەوەی شیعرەکەدا دروست بووە .

وەرگێڕانی شیعری بیانی ، بەبێ کێش و سەروا و بەشێوەی پەخشان ، لەگەڵ مانەوەی شیعرییەتیدا ، کە جیای دەکردەوە لە پەخشانی ئاسایی ، ئەمە لەلایەکەوە ، لەلایەکی تریشەوە ئەوانەی زمانی سەرەکی شیعرەکانیان نەدەزانی ، یان ئەوانەی شیعرەکانیان بە زمانی سەرەکی خۆی نەدی بوو ، وا بۆی دەچوون کە شێوازی نووسینی شیعرەکان خۆشیان بەو شێوەیەن ، یان نزیك لەو شێوەیەن ، ئەمەش بیرۆکەی ئەوەی هێنایە کایەوە " کە کێش و سەروا شتێکی جەوهەری نین لە شیعردا ، ئەم دیاردەیە زوو تر لە لای ئەوروپاییەکان و ڕۆژئاواییەکان

سەری هەڵدا ، چونکە ئەوان زووتر شیعریان لە زمانەکانی تری وەك (گریکی و لاتینی) وەرگێڕا ، لەبەرئەوە زووتر شیعری پەخشانی و شیعری سەربەست لەوێدا سەری هەڵدا.

## ( باسی دووەم )

# زمانی شیعریی کوردی لە ساڵانی پەنجاکان و شەستەکاندا

شیعریی نوێی کوردی ساڵانی پەنجاکان و شەستەکان لە کوردستانی عێراقدا ، لەسەر بنەمای ئەو قوتابخانە شیعرییە کلاسیکییە دامەزرا بوو ، کە(نالی و سالم و کوردی) بناغەکەیان داڕشتبوو ، هەروەك لە باسی یەکەمی ئەم بەشەدا ئاماژەمان پێدا "زمانی شیعریی کلاسیکییش بە دیالێکتی کرمانجی خواروو ، بناغەکەی نیمچە دیالێکتی ناوچەی سلێمانی بوو ، کە بە کاریگەریی شیعر و ئەدەبیاتی کلاسیکی نەتەوە دراوسێکان " بەتایبەتی — فارسی و عەرەبی — ببووە زمانێکی کوردی تێکەڵ بە وشەی عەرەبی و فارسی، بەڵام لە چوارچێوەی یاسا فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و سینتاکسییەکانی زمانی کوردیدا داڕێژرا بوو .

پاشان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ، تا دەگاتە پێش ئەم قۆناغە(پەنجاکان و شەستەکان) ، زمانە شیعرییەکە بە قۆناغی بژارکردن و پاککردنەوەدا تێپەڕی ، تەنانەت لەم قۆناغەیشدا ئەم پرۆسەی بژارکردنە هەر بەردەوام بوو " واتە (وەك قۆناغی پێش خۆیان) بژارکردنی زمانەکە لە وشە بێگانەکان و گەڕانەوە بۆ زمانی کوردی پەتی تایبەتییەکی زمانی شیعری ئەم قۆناغەیش بوو ، هەروەك (گۆران) لە پێشەکی دیوانی (بەهەشت و یادگار)دا ، زمانی شیعرەکانی کردۆتە پێوەری جیاکردنەوەی شیعرە کۆن و تازەکانی : ((ڕێگای هەرچاك بۆ جیاکردنەوەی تازە و کۆنیان ، وردبوونەوە لە زمان و لوغەتی پێ نووسینیان ڕاسپێری

ئەکەم ، هەچ هەڵبەستێك وشە و ترکیبی عەرەبی و فارسی زۆر تیابێ ، بە ئەندازەی ئەو کەمی و زۆری یە ، کۆنە ، پێچەوانەی ئەوەش دیارە پێچەوانەیە !)) ﴿62 : د ﴾

بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە " ئەوەیە لە شیعری هەندێك شاعیری ئەم ماوەیەدا ، ئەم پرۆسەیە لەسەر حیسابی شیعرییەتی دەقەکان کراوە ! ..

بەگشتی دوو شێوازی زمانیی لە شیعری ئەم ماوەیەدا دەبینرێن ، هەندێجار لە شیعرێکدا هەردوو شێوازەکە پێکەوە بەکارهێنراون " ئەوانیش :

1 - ***شێوازی قسەی خەڵکی سادە*** : ئەمەش واتە بەکارهێنانی زمانێکی سادە و ڕوون و بێتەمومژ ، نەوەك زمانێکی تۆکمە ، کە تەنیا توێژێکی تایبەت لە ڕۆشنبیر و خوێندەواران لێی تێبگەن " (وەك لە شیعری کلاسیکدا وا بوو) " ئەم جۆرە بەکارهێنانەی زمان لە شیعردا ، زۆرجار لە بەهای شیعریی کەم دەکاتەوە و لە قسەی ڕاستەوخۆی نزیك دەکاتەوە ، ئەمەش پەیوەندی بە توانای شاعیرێتی هەر شاعیرێك لە بەکارهێنانی زمانە شیعرییەکەیدا هەیە .

هەر بۆ نموونە " (شێرکۆ) لە (شەقامی کچان)دا بە زمانێکی سادەی خەڵك شیعرەکەی داڕشتووە ، کە تەنانەت کەسێکی نەخوێندەواریش بە ئاسانی لێی تێدەگات ، بەڵام ئەم سادەییە لە بەکارهێنانی زمانە شیعرییەکەیدا ، لە بەهای شیعرەکەی کەم نەکردۆتەوە و توانیویەتی لەو زمانە سادەیەوە چەندین وێنەی شیعریی جوان و وەسفی ورد سازبکات .

ئەگەر سەرنجێك لە شیعرەکە بدەین وشە و گوزارشتەکان سادە و بازاڕین و زۆربەشیان تایبەت بە جلوبەرگ و ڕازانەوەی کچانن ، وەك : (شەقام ، کۆگا ، پێشانگا ، بازاڕ ، هاروهاج ، گلاراو ، پڕپیاکردن ، موغازە ، عەتر ، بازنگ ، پێپلکە ، قاچ لەسەر قاچ دانان ، تەنوورەی تەسك ، شیفۆن ، لێوهەڵقورتاندن ، لاکیسەی مەمك ، تاکسی ، دامێنی کورتی کراس ، قارس ، تەرتیبی تازە ، چاوشارکێ ، پشتێن ، ژێر کراس ، چاوڕشتن ، ملوانکە ، مووروو ، ئاوێنەی کۆگا ، زنجیر ، ئەتەك ، ئەڵقە ، دوگمە ، موستیلە ، ڕەفتە ، تەلەفۆن ، جاگانە ،

پل و پێ ، گوارە ، ... هتد) ، ئەم وشە و گوزارشتە سادانە بوونەتە بناغەی زمانـە شیعرییەکە ، بەڵام توانیویەتی چەند وەسفێکی وردیان لێوە سازبکات ، ئەگەرچی سادەن ، بەڵام تەنیا شاعیرێکی ورد دەتوانێت ئەو سەرنجانە بەو شێوەیە تۆمار بکات " کە لـە خوێندنەوەی شیعرەکەدا ئەو وتە بەناوبانگەی (شۆپنهاوەر)مان دێتەوە یاد ، کە دەڵێت : (هونەرمەند چاوەکانی خۆیمان دەداتێ ، تاوەکو جیهانی پێ ببینین) . ﴿139 : 153﴾

ئەمانەش هەندێك لەو وەسفە ورد و وێنە شیعرییانەن :

(هەر گۆی مەمکێ کە ماچ ئەکا شیفۆنێکی کاڵ) ﴿32 : 112﴾

یان بینینی ملوانکەیەك کە مووررووی دوای ،
شۆڕە و ماچی مەمك ئەکا زۆر بە ئەسپایی !!﴿32:114﴾

یان بە ترازانی دوگمە مەمك دەردەکەوێت و دەتۆرێت و زویر دەبێت ، دوگمەش داوای لێبوردنی لێدەکات :

یان بینینی دوگمەیەکی سەر سنگ ترازاو !
کەلێ بوردن داوا ئەکا لە مەمکی تۆراو !! ﴿32 : 115﴾

یاخود لەم وێنە شیعرییەدا ، دیمەنێکی (تاڕادەیەك) سینەمایی پێشان دەدات :

یان بینینی موستیلەیەك یاقووتەکەی سوور
لە پەنجەدا پرشنگ ئەدا بۆ لاوێکی دوور ﴿32 : 115﴾

هەروەها دەڵێت :

یان گوارەیەك تۆزێك شۆڕە و کە لە ئاوڕدا
خۆی هەڵئەسوێ لە لاجانگ و سەر لە کوڵم ئەدا ﴿32 : 115﴾

ئەم وێنە شیعرییە سەرکەوتووانەی لە زمانێکی سادەوە خولقێنراون ، ئەوە دووپات دەکەنەوە ، کە شاعیری بە توانا لە هەموو کەرەستەیەکی خاو دەتوانێت داهێنانی

شیعریی بکات ، هەروەها ئەوەش دووپات دەکاتەوە " کە وشەکانی ناو زمان هەموویان گونجاون لە بەکارهێنانێکی شیعرییدا ببنە وشەی شیعریی . بەڵام تەنیا بە ڕیزکردن و خستنە ناو قاڵبی کێش و سەروا سیفەتی شیعرییەت وەرناگرن . بۆ نموونە " کاتێك شیعرێکی وەك (بە بۆنەی بیرەوەری ساڵی یەکەمی 14 ی تەمووزی پیرۆزەوە)ی (ڕەفیق حلمی) دەخوێنینەوە ، وا دەزانین لاپەڕەیەك لە یاداشتەکانی دەخوێنینەوە ، بەڵام لە ناو قاڵبی کێش و سەروادا داڕشتووە ، کە ڕەگەزی مۆسیقاش بە تەنیا شیعر ناخولقێنێت ! .

یان ئەگەر بڕوانینە شیعری (ئیمشەو)ی (جەوهەر غەمگین) لە ڕەگەزی کێش و سەروا بەولاوە ، هیچ ڕەگەزێکی شیعری تری تێدا نابینین و لە پارچە پەخشانێکی سادە یان یاداشت و (خاطرات)ێکی ڕۆژانە دەچێت ، هەر بۆ نموونە کۆپلەی دووەم و سێیەمی وەردەگرین :

ئیمشەو ، ئیمشەو بوو چووین
بۆ ماڵی دڵدارەکەم
هەر من و دایکم بووین
لەگەڵ دڵە بیمارەکەم
دانیشتین هەموو پێکەوە گشت
بیری جوان ناخۆش شەشت
بە گفتوگۆی جوان و شیرین
جارجارەش بە پێکەنین
سەراپامان کردە بەهار - ژین -

* * *

ئەو شەوەم هەرگیز
لە بیر ناچێتەوە

شەوی چوارشەم ، گونەری[1] پاییز

هەردەم بەبیر دێتەوە ﴿18 : 30 – 31﴾

2 - ***شێوازی زمانی ئەدەبی*** : مەبەست لەو شێوازەیە کە بە سوود وەرگرتن لە شیعری شاعیرانی کلاسیکی و قۆناغی پێش خۆیان ، زمانێکی ئەدەبی بەرزتر لە زمانی خەڵك دارێژراوە ، زمانێك کە وشە و گوزارشتی وای تێدا بەکاردەهێنرێت ، لە زمانی ئاساییدا بەو شێوەیە بەکارنایەت .

(کامەران) دەڵێت :

جاران دڵم بە مەئیوسی

دێڕی خەفەتی ئەنووسی ﴿51 : 79﴾

(مەئیوس) وشەیەکی عەرەبی یە و پاشماوەی کاریگەریی شیعری کلاسیکییە ، گوزارشتی (دێڕی خەفەت) گوزارشتێکی شیعرییە و لە زمانی ئاساییدا گوزارشتی لەو شێوەیە بەکارناهێنرێت .

ئەوەی جێگای سەرنجە " لە شیعری ئەم ماوەیەدا ئەگەرچی زمانەکە وشەی بێگانەیشی تێدا بێت ، بەڵام بە بەکارهێنانێکی نوێ و بۆ دەربڕینی واتای نوێ و دروستکردنی وێنەی شیعری نوێ بەشداری کردووە ، نەوەك لاسایی کردنەوەی کلێشەکانی شیعری کلاسیکی .

(دلزار) لە (بۆ هاورێ یانی نەمر)دا ﴿24 : 22 - 23﴾، کاریگەریی زمانی شیعریی کلاسیکی پێوە دیارە ، بەڵام بابەتە شیعرییەکەی نوێیە و وێنە شیعری نوێی پێکهێناوە ، وشەکان واتای تر " (جیاواز لە واتاکانی ناو شیعری کلاسیکی) دەبەخشن .

ڕەنگە هەندێجاریش بەکارهێنانی وشە و گوزارشتی کۆن لە شیعری نوێدا ، بە مەبەست بێت ، واتە ئاماژە بێت بۆ واتایەکی تایبەتی ، یاخود کارە شیعرییەکە ئەو زمانە دەخوازێت

---

[1] — زۆر بە دوای واتای ئەم وشەیەدا گەڕام , بۆم ڕوون نەبوویەوە , ڕەنگە هەڵەی چاپ بێت .

" بۆ نموونە(گۆران) لەم دێڕە شیعرەدا باس لە غەزەلی ئەدەمیاتی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی دەکات ، وشەی (مەحزوون) بەکاردەهێنێت :

غەزەل غەزەل عەشقی (فچوولی) و (مەجنوون)

بە دەنگی سۆز ئـەخاتە بەستـەی **مەحزوون** ﴿308:61﴾

بەڵام ئەم دێڕە شیعرە لە چوارچێوەی شیعرێکدایە ، کە بابەتەکەی هاوچەرخە و باسی ڕێبازی سۆشیالیزم دەکات و ناونیشانی شیعرەکەش (ڕێگای لەنین)ە .

یان سەراسەری ئەو شیعرە بەناونیشانی (بۆ سالم) نووسیویەتی ﴿61 : 117﴾، زمانەکەی کلاسیکییە ، بە تایبەتی بە کاریگەریی زمانی شیعریی (سالم) نووسیویەتی " واتە بابەتەکە وای خواستووە و (گۆران) خۆی وای پێ جوان بووە ، شیعرەکە دابڕێژێت .

ئەوەی لەو چەند لاپەڕەی پێشوودا ئاماژەمان بۆ کرد ، مەبەستمان لەو زمانە بوو کە بۆتە بناغە ، یان کەرەستەی خاوی زمانی شیعریی ئەو ماوە ، بەڵام ئەوەی زیاتر مەبەستمانە لەم باسەدا بیخەینە ڕوو ، زمانی شیعریی یە بە واتا فراوانەکەی ، واتە ئەگەر ئەوەی ئاماژەمان پێدا بە کەرەستەی زمانی بەردەم شاعیری ئەم ماوەیەی دابنێین ، ئەوا هەوڵدەدەین لە لاپەڕەکانی داهاتوودا " چۆنیەتی مامەڵەکردنی شاعیرەکان لەگەڵ ئەو کەرەستانەدا بخەینە ڕوو .

## سیماکانی زمانی شیعریی ئەم ماوەیە لە دوو ڕووەوە تەماشا دەکەین :

***یەکەمیان*** " زۆری و کەمی بەکارهێنانی کەرەستە زمانییەکان و دەستنیشانکردنی ڕێژەی بەکارهێنانیان " چ بە گوێرەی یەکتری (کەرەستەکان) ، چ بە گوێرەی شاعیرەکان ، یان بە بەراوردکردنی لەگەڵ شیعری کلاسیکی کوردیدا .

***لە دووەمیشیاندا*** " لادانە شیعرییەکان لە پێوەری زمانە بەکارهاتووەکەدا دەخەینە ڕوو.

## تەوەری یەکەم : ( *بەکارهێنانی کەرەستە زمانییەکان* ) :

1 – **فەرهەنگی وشەکان** : یان (فەرهەنگی شیعری ئەو ماوەیە):

(س . م . باورا **C . M . Boura**) پێی وایە : (هەموو شۆڕشێك لە شیعردا ،بە پلەی یەکەم " کێشەی فەرهەنگی شیعریی و بەکارهێنانی وشەیە .)﴿134 : 725﴾" مامەڵەکردنی شیعر لەگەڵ زماندا بەو شێوەیە نییە کە خۆی (زمان) هەیە ، بەڵکو بە جۆرێکە کە دەبێت ببێت " مەبەستمان لەوەیە ئەو واتایانەی هێما زمانییەکان هەیانە شیعر مامەڵەیان لەگەڵدا ناکات ، بەڵکو دەیەوێت هێمای تریان بۆ بخولقێنێت . فەرهەنگی شیعریی لەوەدا لە فەرهەنگی زمان جیادەبێتەوە ، کە تەنیا ئەو واتایەی نییە لە فەرهەنگی ئەو زمانەدا هەیە ، بەڵکو واتای تر دەگەیەنێت ، هەندێکیان دوور و نزیك پەیوەندیان بە واتا فەرهەنگییەکانەوە هەیە " کاتێك (هەردی) دەڵێت :

ئەم چەند قسەیەم ، وتووە بە تۆ ، ئەمڕۆ بە چاکی
گەرچی ئەش زانی : دڵـی بـەردت نـی یە بـــاکــی ! [1]

﴿24 : 4﴾

لەم دێڕە شیعرەدا " گوزارشتی (دڵی بەرد) لە دوو وشە پێك هاتووە ، هیچ کامیان بە واتا فەرهەنگییەکەی خۆیان بەکارنەهاتوون ، (دڵ) بە واتای ئەو ئەندامە ناسراوەی مرۆڤ بەکارنەهاتووە ، (بەرد)یش واتای ڕەگەزە سروشتییە ناسراوەکەی نەگەیاندووە ، بەڵکو دڵ واتایەکی ئەبستراکتی وەرگرتووە ، کە جێگای (سۆزەکانی) مرۆڤە ، بەردیش تەنیا سیفەتی (ڕەق)یەتی لێوەرگیراوە ، کە پێکەوە واتای (بێسۆز)یان (بێبەزەیی) دەگەیەنن ، هەریەکەیان

---

[1] —ئەم دێڕە شیعرە لە چاپە نوێیەکە بەم شێوەیەی لێکراوە :

((ئەم چەند قسەیەم , وتوە بە تۆ , ئێستە بەچاکی // گەرچی ئەشیزانم : دڵی بەردت نی یە باکی))

چاپی (1984) ل(52)

پەیوەندییەکی دوور و نزیکیان بە واتا فەرهەنگییەوە هەیە ، (دڵ) کە جێگای سۆزە ، لە بیرێکی هەڵەی مرۆڤەوە هاتووە بۆ ئەرکی ئەم ئەندامە ، (بەرد)یش لەبەر سیفەتی (ڕەق)یەکەی بەکارهێنراوە .

بەڵام هەندێجار وشەکان هیچ پەیوەندییەکیان بە واتا فەرهەنگییەکانیانەوە نی یە " ئەمەش بە لادان دادەنرێت ، کە لە لاپەڕەکانی دواتر زیاتر ڕوونی دەکەینەوە .

(دیلان) لە شیعری (ڕەز)دا ﴿75 : 132 – 136﴾ گوزارشتی (گڕی تەڕ) بەکاردێنێت ، کە پێکەوە واتای (شەراب) دەگەیەنن ، لە ڕاستیدا دوو وشە کە هیچ بە واتای خۆیان بەکارنەهاتوون و پێکەوە واتایەکی (دژ) پێك دێنن ، چونکە (گڕ) و (تەڕ) دوو ڕەگەزی سروشتی دژی یەکن و بوونی یەکتری ناهێڵن ، بەڵام شاعیر ئەم پەیوەندییەی لە نێوانیان دروست کردووە ، تاوەکو واتایەکی تری جگە لە خۆیان بگەیەنن . ئەو پەیوەندییەش لەگەڵ واتا نوێیەکەدا دروست بووە " لە وشەی (گڕ) سیفەتی (گەرمی) وەرگیراوە ، کە هەمان سیفەت لە (شەراب)دا هەیە ، دەنا لە فەرهەنگدا واتاکانیان هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نییە ، بەڵکو ئەم پەیوەندییە شیعرییە ، شاعیر خوڵقاندوویەتی ، بەڵام وشەی (تەڕ) و (شەراب) ، پەیوەندییان پێکەوە هەیە ، کە (تەڕی) سیفەتێکی (شەراب)ە .

یان لەم دێڕە شیعرەی (گۆران)دا :

دەوروپشتی دەریای شینە و بە تەنیا ،

سەرنج ئەدا لە ئێوارەی ڕووی دنیـــا .. ﴿25:63﴾

لە گوزارشتی (دەریای شین)دا ، زۆر ئاساییە ئاوەڵناوی (شین) بدرێتە پاڵ (دەریا) و واتایەکی فەرهەنگی دەگەیەنن ، بەڵام لە ناو کایە شیعرییەکەدا واتایەکی تر دەبەخشن دوور لەو واتای خۆیان ، کە ئەویش (ئاسمان)ە " ئەمەش لەسەر بنەمای لێکچوواندن بنیات نراوە " (ئاسمان وەك دەریای شینە) ، لەو چوو نادیارە و لێچوو و ڕووی لێکچوونەکەیش (ڕەنگی شین) دیارن .

هەر لە باسی فەرهەنگی شیعرییەوە ، بابەتی گونجانی وشەکانی ناو شیعرێك ، دێتە ئاراوە ، لەلایەکەوە لەگەڵ یەکتری و لەلایەکی ترەوە لەگەڵ کەشی گشتی ناو دەقەکە ، ئەمەش کاتێك هەستی پێدەکرێت ، کە هەموو وشەکان بچنە ناو یەك کێڵگەی واتاییەوە (فیلْد) ، یان چەند فیلْدێکەوە ، کە پەیوەندی بە بابەتی شیعرەکەوە هەیە ، لەبەرئەوە دەتوانین لە رێگای فیلْدە دیارەکانەوە لە شیعری ئەو ماوەیەدا (یان لای شاعیرێك) ، دیارترین و گرنگترین بابەتە شیعرییەکانی ئەو ماوەیە دەستنیشان بکەین ، یان بە پێچەوانەوە ، لە رێگای بابەتە شیعرییەکانەوە کێڵگە واتاییەکان دەستنیشان بکەین .

کاتێك وشەکانی ناو شیعر (یاخود فەرهەنگی دەقی شیعریی) بە پێی بابەتەکان پۆلێن دەکەین ، ئامانجمان بە دیارخستنی پێکهێنەرە واتاییە سەرەکییەکانی ناو دەقەکە " (یان شیعری ئەو ماوەیە بە گشتی)یە ، بەڵام نابێت ئەوە فەرامۆش بکەین " کە دابڕینی وشە لە ناو کایەی دەقێکدا ، واتایەکی دوور لە واتای گشتی دەقەکە پیشان دەدات ، چونکە (هەموو یەکەیەکی سیمیایی (ئاماژەیی) دابڕاو لە زمانی ئاساییدا ، ناچێتە ناو زمانی شیعریی ، تەنها بۆ بەجێ هێنانی ئەرکێکی سیمیایی ئاڵۆز نەبێت .) ﴿159 : 182﴾، بەڵام ئەم کارە تا رادەیەك دەستنیشانکردنی واتای دەقەکە ئاسان دەکات .

**فیلْدی ( جوانی ئافرەت و سروشت ) :** یەکێکە لە بابەتە دیارەکانی شیعری شاعیرانی پەنجاکان و شەستەکان ، ئەمە تەنانەت لە ناونیشانی دیوانەکاندا رەنگی داوەتەوە " وەك : (نازەنین ، بەهەشتی دلْداری ، گوڵی دلْداری ، جەمیلە ، شیرین ، دڵی کچان ، پەیمان و جوانی ، ...هتد) . یان لە ناونیشانی شیعرەکاندا بۆ نموونە لای (گۆران) چەندین ناونیشانی لەم شێوەیە دەبینرێن : (ئافرەت و جوانی ، رەوتێکی جوان ، بۆ جوانی سەرە رێ ، بەستەی دلْدار ، جوانی لە لادێ ، بۆ خانمێك ، بۆ گەورە کچێك ، جوانی بێ ناو ، بۆ کچێکی بێگانە ، ... هتد) ، یان لەلای (پیربال مەحموود) ئەم ناونیشانانە هەن : (پرشنگی دلْداری ، پەروین ، تاجی جوانی ، گوڵی دلْداری ، کیژۆڵەی بەناز ، بۆ بووکی

جوانی ، ، نەسرین ، کچی ئاسمان ، ئەی کچ ، کچانی کوردان ، ، بەهەشتی جوانی ، چەند جوانی ، ... هتد) .

بۆ نمونە ، ئەگەر سەرنجی شیعری (جوانی بێ ناو)ی (گۆران) بدەین ﴿62 : 38﴾، زۆربەی وشە و گوزارشتەکان دەچنە ناو دوو فیلدەوە : (جوانی ئافرەت) و (جوانی سروشت) ، کە ئەمە یەکێکە لە تایبەتییە دیارەکانی شیعری (گۆران) " کاتێك وەسفی جوانی ئافرەت دەکات ، جوانی شت و دیاردە سروشتییەکان لە ئاستی ئەم جوانییەدا بێ دەنگ و بێ ڕەنگ و بێ گیان پێشان دەدات .. " ئەو وشە و گوزارشتانەی دەچنە ناو فیلدی (جوانی ئافرەت) وەك : (قژکاڵ ، لێوئاڵ ، نیگاکاڵ ، کچە جوانەکە ، سەرگۆنا ، نەختێك ئاڵ ، گەندەمووی دەموچاو ، مەچەك هەڵنەگرتوو ، ئەندام وردیلە ، نەرمۆڵە ، ئیسك سووك ، بەرگی ساکار ، دڵگیر ، بووك ، جوانی تۆ ، دەست و پەنجە ، کچە کاڵەکە ، نیگا ، شۆخێکی نایاب ، ...)، ئەو وشە و گوزارشتانەیش دەچنە ناو فیلدی (جوانی سروشت)ەوە وەك : (باخچەی بەهار ، گوڵباخ ، بەرخۆر ، شاگوڵ ، تەڵێ وەنەوشە ، سێبەری تورك ، ئاسمان ، ئەستێرەی بەربەیان ، کانی ڕوون ، تریفەی مانگە شەو ، مرواری زیخ و چەو ، دەریایی بێ سنوور ، شەپۆل ، تیشکی خۆر ، ...) .

زۆر جار ئەو وشانەی بە ڕواڵەت دەچنە ناو فیلدی (سروشت)ەوە ، لە ناو دەقە شیعرییەکەدا ئاماژە بۆ بارێکی دەروونی تایبەت دەکەن " وەك بەکارهێنانی (بەهار ، گوڵ ، گوڵزار ، ...) بۆ (خۆشی) و (پایز ، گەڵاڕێزان ، سیس بوون ، ...) بۆ (ناخۆشی) و (شەو) بۆ (خەم) و (ڕۆژ) بۆ (هیوا) و ... هتد . بەڵام ئەم بەکارهێنانانەیش ڕەها نین ، بەڵکو کایەی گشتی شیعرەکە دەستنیشانی واتاکانیان دەکات .

(کامەران) لە شیعری (پەشیمانی)دا ﴿51 : 50﴾، لە (هەشت) دێڕی سەرەتادا ، فیلدی (سروشت) بە تەواوی بەسەر فەرهەنگی واتای شیعرەکەدا زاڵە ، بەڵام هەموو ئەو

ڕەگەزە سروشتیانەی لەو چەند دێڕەدا کۆی کردوونەتەوە ، بەمەبەستی پێشاندانی باری دەروونی خەمناکی خۆیەتی ، نەك سروشتی خۆی .

**فیلدی ( خەم ) :** فیلدی (خەم) یەکێکە لە فیلدە فراوانەکانی فەرهەنگی شیعریی ئەم ماوەیە ، لە ناونیشانی دیوانەکانیشدا ڕەنگی داوەتەوە : (فرمێسك و هونەر ، ئازارو ئاوات، ڕازی تەنیایی ، فرمێسك و یادگار ، کسپەی سۆز ، کلّپەی دەروون ، ژیانێکی پڕ ئەندێشە ، ، سۆزی دەروون ، فرمێسك و زەردە خەنە ، فرمێسك و زام ، ناسۆری دەروون ، فرمێسکی نهێنی ، کەژاوەی گریان ، ..) .

بابەتێکی بلاوی شیعریی لەم ماوەیەدا خەمی دووری و نەگەیشتن بە یار و خۆشەویستە، کە ئەمەش فیلدێکی دیار لە فەرهەنگی شیعریی ئەو سەردەمە دیاری دەکات بە ناوی (خەم) ، بۆ نموونە " بە چاوخشاندنێك بە دیوانێکی وەك (ڕازی تەنیایی)ی (ئەحمەد هەردی)دا ، بە ئاشکرا زالّبوونی ئەم فیلدە لە سەراسەری شیعرەکاندا دەبینرێت " چەندین وشە و گوزارشتی لەم شێوەیەمان دێتە پێش چاو : (بێچارە ، سەرکز ، داماو ، زام و برین ، تاریکی ، ئاواتی بێ گیان ، ژینی پەستی ، خەمی دنیا ، تەپوتۆزی خەم ، پایزی ماتەم ، گۆڕپچکە ، هەوری ڕەش ، گۆڕی تەنگ و تەنیا ، گۆڕی تەنیایی ، عومری کۆتایی ، مەرگی ڕووناکی ، شیوەن ، تێکشکاو ، نائومێدی ، ناسۆری ، نامرادی ، مەینەت ، دەستی خەم ، ئەشکی خوێنین ، شەوی تەنیایی ، زام ، دەروونی پڕ لە ناکامی ، بالّی غەمناك ، ... هتد).

یان جۆرە خەمێکی تر ، کە بابەتێکی تری دیارە لەم ماوەیەدا ، ئەویش (خەمی نیشتیمان و کوردستان)ە " ئەوەتا (شێرکۆ) دیوانێکی بە ناوی (کەژاوەی گریان)ەوە دەکات ، کە خەمەکان خەمی نیشتیمانن ، (خەم) بەشێکی فراوانی فەرهەنگی دیوانەکەی داگیرکردووە ، وەك : (گۆڕستان ، زستانی ژین ، خۆزگەی نێژراو ، ئاواتی دلّ نەترووکاو ، گۆڕ ، فرمێسك ، شەهید ، سەیوان ، تەرم ، بەستەلّەکی خەم ، ...) .

یەکێکی تر لە جۆرەکانی فیلدی (خەم) ، بابەتی شیوەن و لاوانەوەیە ، کە لای زۆربەی شاعیرەکان دەبینرێت ، بە تایبەتی لای (دیلان و کامەران و گۆران ..) . لای دیلان ئەم شیعرانە : (بێخودی شاعیر ، شێخ مەحمودی زیندوو ، هاوڕێم حسەن ، مامە کڕنوو ، ...) و لای کامەران : (لافاو ، شێخ مەحمودی نەمر ، ئەختەر ، کامل ، گوڵی وەریو ، ...) و لای گۆرانیش : (هاوڕێم بێکەس ، لاوانەوەی سەرەڕێ ، لەسەرەمەرگی هیوادا ، گوڵی کەم خایەن ، شیوەنی گوڵاڵە ، ..) دەبینرێن .

دەتوانین بڵێین : بابەتەکانی خەم وناخۆشی و لاوانەوە ، هەموویان یەک فیلدی گشتی پێک دەهێنن ، کە فیلدی (خەم)ە ، هەندێجار لە یەک شیعردا خەمەکان پێکەوە کۆدەبنەوە . ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ڕەنگدانەوەی ئەم بابەتە فراوانەیە لە فەرهەنگی شیعریی ئەو ماوەیەدا و بۆتە هۆی کۆبوونەوەی کۆمەڵێک وشە ، کە ڕۆڵی (نێگەتیڤ) یان هەیە لە ژیاندا.

**فیلدی (نیشتمان پەروەری) :** فیلدێکی فراوانی تر لە شیعری پەنجاکان و شەستەکاندا بابەتی نیشتمان و خەبات و تێکۆشان و شۆرش .. ە ، هەموویان کۆمەڵێک وشە و گوزارشتی زۆریان هێناوەتە ناو فەرهەنگی شیعری ئەم ماوەیە و دەکرێت لە ژێر ناونیشانی فیلدی (ئازادی و سەربەستی)دا کۆیان بکەینەوە ، ئەمیش وەک فیلدەکانی تر بە ئاشکرا لە ناونیشانی دیوانە شیعرەکاندا هەستی

پێدەکرێت : (پەیامی کورد ، شەڕ و ئاشتی ، ئاشتی ، شۆڕش ، ئاوازی ئاشتی و ئازادی ، خەبات و ژیان ، کوردایەتی ، ئازادی و ژیان ، کوردستان ، ..) ، ناونیشانی شیعرەکانیش وەک : (سەربازی نیشتیمان ، قینی گەل ، سەربەستی ، داری ئازادی ، سوێند ، کوڕانی خەبات ، کوردستان ، یەکیەتی خەبات ، هۆ داگیرکەر ، شۆڕشی (14) ی تەمووز ، لە خەو ڕاپەڕە ، ...) . ئەم فیلدەش لە فەرهەنگی شیعری زۆربەی شاعیرەکاندا جێگای خۆی گرتووە ، بە تایبەتی لە دیوانەکانی (دلزار و کەریم شارەزا و گۆران و کامەران و دیلان..) .

ئەو فیلڈانەی ئاماژەمان پێدان " دیارترین و گرنگترین ئەو فیلڈانە بوون ، کە زۆربەی وشە و گوزارشتەکانی فەرهەنگی شیعری ئەو ماوەیە ، بەسەریاندا پۆلێن دەکرێن " ئەمەش ڕەنگدانەوەی بابەتی شیعریی لە زمانی شیعریی (بە تایبەتی فەرهەنگی شیعریی)دا پێشان دەدات .

هەر لە ڕێگای ئەو کێڵگە واتاییانەوە ، دوو ئاڕاستەمان لە شیعری ئەو ماوەیەدا بۆ دەردەکەوێت " ئاڕاستەیەکیان بەرەو ژیان دەڕوات و لایەنی پۆزەتیڤی ژیان پێشان دەدات ، کە لە فیلڈەکانی (خۆشەویستی ئافرەت و سروشت و نیشتیمان ، خەبات بۆ ئازادی مرۆڤ)دا دەبینرێت . ئاڕاستەی دووەمیشیان خۆبەدەستەوەدان و مل نانە بەرەو مردن ، کە لایەنی نێگەتیڤی ژیان پێشان دەدات ، ئەمەشیان لە فیلڈی (خەم)دا خۆی دەبینێتەوە . ئەمە نەك تەنیا خاسیەتێکی شیعری ئەو ماوەیە ، بەڵکو لە لای زۆربەی شاعیرەکان ئەم (دژایەتی)یە بوونی هەیە .

## پەیوەندی وشە و گوزارشتەکان بە بەشەکانی ناوشیعر :

هەر لە چوارچێوەی فەرهەنگی وشەدا ، بابەتێکی تر هەیە " ئەویش دابەش بوون و گونجانی وشە و گوزارشتەکانی (یان فیلڈەکانی)ناو شیعرێکە " بە پێی سەرەتا و ناوەند و کۆتایی شیعرەکە . بۆ ڕوونکردنەوەیش نموونەیەکی شیعری (گۆران) وەردەگرین ، بە ناوی (سەوزە گیای پاییز)﴿63 : 18﴾

دەتوانین شیعرەکە بکەین بە دوو فیلڈی سەرەکییەوە " یەکێکیان ناو لێ دەنێین (پیریی) ، کە ئەم وشە و گوزارشتانە دەگرێتە خۆی : (پایز ، یادگار ، ئێوارە ، تەم ، پیر ، بەسەرچوو ، خەزانی پیریی ، دنیای مردوو ، خەم) ، ئەویتریشیان بە (ژیانەوە) ناو دەبەین ، کە زۆربەی وشە و گوزارشتەکانی شیعرەکە دەگرێتەوە : (گیا ، سەوز ، نەرمو نۆڵ ، دڵگیر ،

جوان ، بێ درِك و داڵ ، بەدیعی ساڵ ، سەما ، حەز ، نەرموشل ، نەغمەی مەل ، شنەی با ، عومری جوانی ، دایك ، تەبیعەت ، زاوم (زایین) ، ئارایش ، سەوزە گیا ، سەر لە نوێ ، ئەڕوێ ، عەیش و نۆش ، تازە ، سروە بای قودسیی (عیسا - فوو) ، گیان ، دڵفەرەحاوی ، سەرگەرم ، سەودا ، هەتاو ، لەمەوپاش ، تیشکی خۆر ، ناز ، خەندەی یار ، گەرمای ژین ، شادی) . لە هەردوو فیلّدی شیعرەکەوە وا دەردەکەوێت " دژایەتی و رووبەڕووبوونەوەیەك لە ناو بیری شیعرەکەدا هەیە ، کە لە دێڕی حەوتەم (واتە ناوەڕاستی شیعرەکە) بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت " وەك خاڵی وەرچەرخانە لەناو دەقەکەدا :

خۆم بە خۆم ئەلێم یـاران مـن چیم کرد ؟

بۆچ عومری جوانیم وەك پیر بەسەر برد ؟ ﴿63 : 19﴾

لە ژمارەی وشەکانی ناو فیلّدەکانەوە ، هەست بەوە دەکرێت لـە نـاو بـیری شیعرەکەدا (ژیان و ژیانەوە) بەسەر (پیری و مردن)دا زاڵ دەبێت " لە کاتێکدا فیلّدی (پیری) تەنیا (نۆ) وشە و گوزارشتی تێدایە ، وشە و گوزارشتەکانی فیلّدی (ژیانەوە) نزیکەی (چوار ئەوەندەی) فیلّدی یەکەمن . ئەگەر شیعرەکە بکەین بە دوو بەشی (7 + 7) دێڕییەوە ، ئەوا وشەکانی فیلّدی یەکەم تا ڕادەیەکی زۆر (5 / 4) بە یەکسانی بەسەر هـەردوو بەشەکەدا دابەش بوون ، بەڵام وشەکانی ناو فیلّدی دووەم " وەك ڕەنگدانەوەی ڕووبەڕوو بوونەوەکە زیاتر کەوتوونەتە بەشی دووەمی شیعرەکەوە (حەوت دێڕی دووایی) " واتە لە بەشی دووەمدا هەڵوێستەکە یەکلاکراوەتەوە و بەلای (ژیانەوە)دا شکاوەتەوە ، کەچی لە بەشی یەکەمدا " وەك لە وشەکاندا دەردەکەوێت ، ئەم هێزی (ژیانەوە)یە سستییەکی تێدایە ، کە جگە لەو دوو فیلّدە سەرەکی یە ، فیلّدێکی (ناوەند)ی تێکەوتووە ، دەکرێت بە فیلّدی (ڕامان)ی دابنێین ، کە وەك مەودای گواستنەوەیە لە هەڵویستێکەوە بۆ هەڵویستێکی تر ،

ئەم فیلدەش ئەم وشانە دەگرێتەوە : (مەست ، بادە ، نەشئە ، خەیاڵ ، تەئەموول ، شاخی ئەندێشە) .

وەك لەم نموونە شیعرەی سەرەوەدا دەردەكەوێت " وشەكانی ناو فیلدێك یان فیلدەكانی ناو شیعرێك ، پەیوەندییەكی پتەویان بە شەپۆلی بیری ناو دەقەكەوە هەیە " كە بە پێی جێگای ناو شیعرەكە (سەرەتا و ناوەند و كۆتایی) جێگیر دەبن ، (یان كۆ دەبنەوە) .

## كۆدی شیعریی :

هەر لە ناو فەرهەنگی شیعردا ، لە ڕێگای ئەو وشانەی بەرزترین ڕێژەی دووبارە بوونەوەیان هەیە ، لە ناو شیعرێكدا ، یان دیوانە شیعرێكدا ، یان لە لای شاعیرێك ، دەتوانین (كۆد)ەكانی ئەو شاعیرە (یان دەقێك ، یان لەناو دیوانێكدا) دەستنیشان بكەین . مەبەست لە وشەی (كۆد) : (ئەوەیە كە ڕادەی دووبارەبوونەوەی لە كارێكی دیاریكراودا ، یان لە لای نووسەرێكی دیاریكراودا دەگاتە ڕێژەیەكی بەرزتر لەوەی كە لە زمانی ئاساییدا هەیە) ﴿142 : 239﴾، ئەمەش پەیوەندی بە بیروباوەڕ و باری دەروونی ئەو شاعیرەوە هەیە .

بۆ پیشاندانی ئەم دیاردە شێوازییە ، دیوانی (ڕازی تەنیایی)ی (ئەحمەد هەردی) وەردەگرین و هەوڵدەدەین لە ڕێگای دەستنیشانكردنی كۆدەكانیەوە ، واتاو بیری سەرەكی ناو دیوانەكە بخوێنینەوە:

شیعرەكانی ناو (ڕازی تەنیایی) ، هەموویان گوزارشتن لە دەروونێكی تێكشكاو و خەماوی ، بە هۆی نەگەیشتن بە ئاوات و ئارەزووەكانی ژیان ، بە تایبەتی ناكامی دڵداری و بەدی نەهاتنی خەوی گەیشتن بە یار . ئەم بیرۆكە گشتی یە لە فەرهەنگی وشەكانی ناو شیعرەكەدا ڕەنگی داوەتەوە ، بە تایبەتی ئەو وشانە كە لە زۆربەی شیعرەكاندا دووبارەبوونەتەوە ، وەك (كۆد)ێك وان ، كە ڕازی (ڕازی تەنیایی) دەدركێنن . لە ئەنجامی

جیاکردنەوەی یەکە یەکەی وشە و گوزارشتەکانی ناو شیعرەکانی دیوانەکە، ئەو وشانەمان دەستنیشانکرد ، کە لەوانی تر زیاتر دووبارەبوونەتەوە ، وا لەم خشتەیەدا (پێنج) وشەی سەرەتا " بە پێی پلەی دووبارەبوونەوەیان دیاری دەکەین :

| پلە | وشە | دووبارەبوونەوەی |
|---|---|---|
| 1 | دڵ | 25 (جار) |
| 2 | چاو | 18 (جار) |
| 3 | ژیان (ژین) | 16 (جار) |
| 4 | شەو | 11 (جار) |
| 5 | ئاوات | 11 (جار) |

بەڵام ئایا ئەم وشانە چۆن وەك (کۆد)ێك ڕۆڵ دەبینن ، لە ئاشکراکردنی واتا جەوهەرییەکانی دیوانە شیعرەکەدا ؟

ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێت " ئەوەیە کە ئەم وشە (کۆد)انە بەزۆری دەکەونە ناو ئەو دێڕانەی ، کە دەکرێت بە (دێڕە کۆدەکان)یان ناوببەین " واتە تەنیا ئەو چەند دێڕە ، یان تەنانەت هەندێك دێڕیان بە تەنیا ، بیری گشتی هەموو شیعرەکانی تیادا چڕبووەتەوە ، لەبەرئەوە هەوڵدەدەین دیارترین ئەو دێڕە شیعرانە دەستنیشان بکەین ، کە ئەم وشە کۆدانەی لە خۆ گرتووە :

شیعرێکی ناو دیوانەکە بە ناونیشانی (نائومێدی)یە ، کە لە چاپە نوێیەکەدا کردوویەتی بە (دڵێکی تێکشکاو)، ئەمەش وشەی (دڵ) وەك (کۆد)ێك لە ناو شیعرەکەدا

دووپات دەکاتەوە[1]. لە وەسفی دڵی خۆیدا " بە چوار دێڕ لەسەر یەك، بەم شێوەیە وەسفی (دڵ)ی پێش تێکشکان دەکات:

ئەوەی یەك تۆزە ڕووناکی ئەدا بەم ژینە شێواوە [2]
دڵێکی پڕ لە ئاهەنگ بوو ، کە ئێستا پاکی ڕووخاوە
بەڵێ ! ئەوسا دڵێکم بوو کە سەرچاوەی ژیانم بوو
دڵێ مەڵبەندی ئاوات و تەوژم و تینی گیانم بوو
دڵێ گولزاری دڵداری و بەهەشتی خۆشەویستی بوو
وەکو بتخانە مەیدانی بتی جوانی پەرستی بوو
لەگەڵ هاوار و گریانی هەژارانا لە شینا بوو
لەگەڵ ناڵەی کەساسانا لە خۆرپە و ڕاچەنینا بوو .. ﴿4 : 23﴾

(دڵ) و (چاو) وەکو دوو کۆدی سەرەکی شیعرەکان، هەر یەکەیان دوو ڕۆڵی واتایی دەبینن لە پرۆسەی (خۆشەویستی و ئەنجامەکەی)دا ، بەم شێوەیە :

(یار) کە سەرچاوەی خۆشەویستییەکەیە " (دڵ) ی جێگای شاردنەوەی نهێنی جوانی یە ، لە کەناڵی (چاو)یشەوە نهێنییەکان ئاشکرا دەبن ، وەك لەم دێڕەدا دەیبینین :

چ سرێکت لە ناو دڵدا حەشار داوە بە پەنهانی ؟
کە چاوت چەشنی ئاوێنە ، وەها بێ پەردە درکانی ﴿4:28﴾

(1) - شاعیر خۆیشی ئەم ڕاستییەی زانیوە ، لەبەرئەوەیە لە چاپی دووەمی دیوانەکەدا ، شیعرەکەی تەواو کردووە و بووەتە درێژترین شیعری ناو دیوانەکە . تەرخانکردنی ئەو هەموو دێڕە شیعرە بۆ وەسفکردن و باسکردنی (دڵ) ، گرانایی و تەرکیزکردنە سەر چەقی واتاییە لای شاعیر .

(2) – لە چاپە نوێکەدا (ئەوی ئەوساکە ڕوناکی ئەدا بەم ژینە شێواوە) نووسراوە .

لەبەرئەوە بەلای (هەردی)یەوە ، هەموو واتاکانی جوانی و خۆشەویستی لە ناو چاودا کۆبوونەتەوە :

فاتمە ! دوو چاوی مەستت پڕ تەلیسمی جوانی یە

پڕ شەرابی خۆشەویستی و ئارەقی یـــەزدانی یــە

﴿21:4﴾

لەم دێڕە شیعرانەی خوارەوەیشدا ، ڕۆڵی (چاو)ی شاعیر لە پرۆسەکەدا بەدەردەکەوێت ، کە بە هۆیەوە جوانی یار دەبینێت :

بە دوو چاوێ کە شەوقی چاوەڕوانی ئەی تروکێنێ

بە دوو چاوێ کە ســـڕی قووڵی لاوێتی ئەدرکێنێ

سەرنجی ڕێ ئەدەم ، ڕێگا هەموو شێوەی ئەوی تیایە

وەکو دنیا لە ناو جوانــی ئــەوا توابێــتەوە ، وایــە ﴿17:4﴾

بەڵام کاتێك (چاو) ئاواتەکان نابینێت :

ئەگێڕم چاوی بێ تینم ، بە تاریکی شەوا ، سەرسام

نیە پرشنگی دوو چاوێ ، کە ڕووناکی بکا ، ڕێگام

بە غەیری باڵی غەمناکی

شەوی پڕ ترس و سامناکی

نی یە یەك تۆزە ڕووناکی

﴿20:4﴾

لە ئەنجامدا (دڵ)ی شاعیر تووشی ئەو خەم و تەنیایی یە دەبێت ، کە لە (دڵێکی تێکشکاو)دا پێناسەی دەکات .

وەك لە شیکردنەوەی ئەو دیوانەدا بۆمان ڕوونبوویەوە "بە هۆی ئەم (کۆد)انەوە ، لە کرۆکی واتا شیعرییەکان دەگەین ، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت ، کە واتای وشەکانی ناو شیعر زۆر قووڵتر و فراوانترن لەوەی لە فەرهەنگدا بۆیان دەستنیشانکراوە .

## 2 – بەکارهێنانی بەشەکانی زمان :

بۆ گەیشتن بە ڕێژەی بەکارهێنانی هەریەك لە بەشەکانی زمان لە شیعری ئەو ماوەیەدا ، سێ بەشی سەرەکیمان وەرگرت " ئەوانیش (ناو و ئاوەڵناو و کار)ن ، بۆ ئەم مەبەستە میتۆدی ئاماری بەراوردکاریمان پێڕەو کرد ، بە وەرگرتنی (سێ) شاعیری کلاسیکی و (پێنج) شاعیری سالانی پەنجاکان و شەستەکان ، لە لای هەر شاعیرێکیش (100) دێڕە شیعر ، یان (200) لەتە دێڕمان وەرگرت و بەشەکانمان تێدا دیاری کرد[1] ، بەڵام

---

[1] - وەرگرتنی نموونە شیعرییەکان لە لای هەر شاعیرێك بە پێی لاپەڕەکانی دیوانەکانیان بەم شێوەیە :

1 – نالی – مەلا عبدالکریم : ل (79 – 82) – (9) دێڕ ، ل (101 – 106) – (10) دێڕ ، ل (148 - 151) – (8) دێڕ ، ل (242 - 247) – (9) دێڕ ، ل (315 - 316) – (5) دێڕ ، ل (340 - 345) – (11) دێڕ ، ل (701 - 703) – (6) دێڕ ، ل (662 - 666) – (8) دێڕ ، (548 - 555) – (15) دێڕ ، ، ل (406 - 411) دێڕ – (8) دێڕ ، ل (224 - 228) – (11) دێڕ .

2 – مەحوی – مەلا عبدالکریم : ل (3 - 5) – (7) دێڕ ، ل (13 - 16) – (9) دێڕ ، ل (35 - 36) – (5) دێڕ ، ل (36 - 38) – (7) دێڕ ، ل (80 - 82) – (9) دێڕ ، ل (87 - 89) – (11) دێڕ ، ل (137 - 142) – (21) دێڕ ، ل (167 - 170) – (13) دێڕ ، ل (213 - 215) – (7) دێڕ ، ل (270 - 272) – (11) دێڕ .

3 – حاجی ، سەردارمیران و کەریم شارەزا : ل (31 - 34) – (30) دێڕ ، ل (62 - 63) – (7) دێڕ، ل (73 - 74) – (11) دێرش ، ل (76) – (7) دێڕ ، ل (77 - 78) – (7) دێڕ ، ل (106 - 107) – (7) دێڕ ، ل (166 - 167) – (8) دێڕ ، ل (175) – (5) دێڕ ، ل (263 - 265) – (17) دێڕ ، تاکەبەیتی ژمارە (9) – ل (271) .

4 – گۆران – بەهەشت و یادگار : (ئافرەت و جوانی : ل 1) – (10) دێڕی سەرەتا ، (بۆ جوانی سەرەڕێ : ل 17) – (10) دێڕ ، (نیاز : ل 34) – (10) دێڕی سەرەتا . گۆران – سروشت و دەروون : (دیمەنێکی بەهار : ل 20) – (9) دێڕ ، (بەسەرهاتی ئەستێرەیەك : ل 25) – (10) دێڕ ، ( لە بەندینخانە : ل 42) – (10) دێڕی سەرەتا .

لەبەرئەوەی درێژی و کورتی دێڕەکان لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر و لە شیعرێکەوە بۆ

---

گۆران (دیوان) , محەمەدی مەلا کەریم : (بۆ گەورەیەکی شیعر دۆست : ل114 –(10) دێڕی سەرەتا ، (گەشتی هەورامان : ل127) –(10) دێڕی سەرەتا ، (گەشتی قەرەداخ : ل135) –(10) دێڕی سەرەتا , (بێدارییەك : ل 181) –(11) دێڕ .

5 – کامەران (دیوان) , عەبدوللا عەزیز خالد : (یاد : ل52) –(13) دێڕ ، (ئەستێرە و مەل و خەزان : ل64) –(5) دێڕ ، (جارانم : ل79) –(12) دێڕ , (فریشتە : ل80) –(10) دێڕ ، (دیواری سەوز : ل119) –(15) دێڕ .

کامەران – گوڵ ئەستێرە : (سەرنج : ل 36) - (5) دێڕ ، (پەپوولەی بەهەشت : ل 47) –(8) دێڕ ، (چرۆی شیعر : ل 63) –(12) دێڕ .

کامەران – ئاوات ڕەنج : (فەرامۆشی : ل 62) –(5) دێڕ ، (لایلایە : ل 70) –(10) دێڕ ، (گوڵە باخ : ل 78) –(5) دێڕ .

6 – دیلان : (گەشتێ) ل (65 - 67) –(30) دێڕ ، (گوڵی سارای خواروو) ل (76 - 77) –(2) دێڕ، (ڕەز) ل (132 - 136) –(28)دێڕ ، (بەهەشتی فرمێسك) ل (139 - 141) –(22) دێڕ .

7 – پەشێو – فرمێسك وزام : (تابلۆی ژیانم ل 10) –(20) لەت ، (ئاواتێك ل 23) –(12) لەت ، (لە بیرت ناکەم ل 35) –(34) لەت ، (یاری دڵسۆزم ل 49) –(10) لەت ، (شەوە زەنگ ل 55) - (24) لەتی سەرەتا . ﴿ ماویەتی﴾

پەشێو – بتی شکاو : (کچ و شایی ل 14) –(24) لەت ، (بتی شکاو ل 20) –(15) لەت ، (نامەی ژاکاو ل 21) –(29) لەت ، (مافی خۆتە ل 23) –(22) لەت ، (گۆرێگ بۆ دوێنێ ل 43) –(10) لەتی سەرەتا .

8 – شێرکۆ –تریفە : (تاسەی هیوا ، ل 40 –43) –(50) لەت ، (تەنیایی ، ل 56 –57) –(20) لەت ، (بووکی ناکام ، ل 81 –83) –(30) لەت .

شێرکۆ – کەژاوەی گریان : (دوا تروسکە ، ل 33 - 38) –(60) لەت ، (زستانی تەمەن ، ل 66 - 68) –(20) لەت ، (ئازاری ڕاچڵەکین ، ل 125 - 126) –(20) لەتی سەرەتا .

شیعرێکی تر دەگۆڕێت ، ڕێژەی بەکارهێنانی هەر بەشێکی زمانمان لای هەر شاعیرێك بە

| قۆناغ | شاعیر | ڕێژەی بەکارهێنانی ناو | ڕێژەی بەکارهێنانی ئاوەڵناو | ڕێژەی بەکارهێنانی کار |
|---|---|---|---|---|
| کلاسیك | نالی | 58٪ | 23٪ | 18٪ |
| | مەحوی | 58٪ | 14٪ | 27٪ |
| | حاجی | 70٪ | 11٪ | 17٪ |
| | **تێکڕا** | 62٪ | 16٪ | 20٪ |
| سالانی پەنجاکان و شەستەکان | گۆران | 61٪ | 21٪ | 16٪ |
| | کامەران | 58٪ | 22٪ | 18٪ |
| | دیلان | 60٪ | 23٪ | 16٪ |
| | پەشێو | 60٪ | 17٪ | 22٪ |
| | شێرکۆ | 65٪ | 15٪ | 18٪ |
| | **تێکڕا** | 60٪ | 19٪ | 18٪ |

گوێرەی ڕێژەی بەشەکانی تر وەرگرت لای هەمان شاعیر ، نەوەك بە ژمارە " لە کۆتاییشدا ئەنجامەکانمان بە یەکتری بەراورد کرد .

لە شاعیرە کلاسیکەکان " (نالی و مەحوی و حاجی) مان وەرگرت ، لەمەشدا تاڕادەیەك سەرەتا و ناوەند و کۆتایی قۆناغی کلاسیکیمان لەبەر چاو گرتووە . لە شاعیرەکانی سالانی پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی بیستەمیشدا ، لە لایەکەوە شاعیرانی بەرچاو و دیاری ماوە کە و لە لایەکی تریشەوە هەمان هۆی قۆناغی کلاسیکیمان لەبەرچاو گرتووە .

دەتوانین ئەنجامی ئامارەکە لەم خشتەیەی خوارەوەدا بخەینە ڕوو :

وەك دەبینین " ڕێژەی (ناو) بە گوێرەی (ئاوەڵناو) و (کار) لە هەردوو قۆناغەکەدا ، زۆر بەرز و زاڵە ، واتە ئەگەر بە دیاردەیەکی شێوازگەریشی دابنێین ئەوا بۆ شیعری کوردی هەردوو قۆناغەکەی لە قەڵەم دەدەین ، نەوەك تەنیا بۆ یەکێکیان ، بەڵام لە ڕێژەی بەکارهێنانی (کار) و (ئاوەڵناو)دا جیاوازی لە نێوان هەردوو قۆناغەکە و لە نێوان شاعیرانی قۆناغێکیشدا دەبینرێت ، بەڵام بە تێکڕایی وا دەردەکەوێت کە لە لای شاعیرانی کلاسیك

ڕێژەی (کار) لە ئاوەڵناو بەرزترە ، بەڵام لە لای شاعیرانی پەنجاکان و شەستەکاندا بە پێچەوانەوەیە " واتە ڕێژەی (ئاوەڵناو) بەرزترە لە (کار) ، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت ، کە شیعری ئەم ماوەیە هەڵچوونی کەمتر بۆتەوە ، هەروەها وەستان و خاوبوونەوە و هێمنی دەروونی شاعیرەکان پیشان دەدات بە گوێرەی شاعیرانی کلاسیکی ، واتە زیاتر لەوەی ڕووداو و جووڵە پیشان بدات ، وردەکاری دیاردە و ڕووداوەکان و قووڵبوونەوە تیایاندا پیشان دەدات . بەڵام لە ڕووی زمانی شیعرییەوە " بە پێی لێکدانەوەی هەندێك لە شێوازگەرەکان ، وەك (بوزیان) ﴿132 : 59 - 68﴾، لە هێزی شیعرییەتی کەم بۆتەوە ، بەڵام بۆ زیاتر وردبوونەوە لە ئەنجامەکان ، ڕێژەی (کار) و (ئاوەڵناو) بەگوێرەی یەکتر لەم خشتەیەدا پیشان دەدەین ، تاوەکو شێوازی هەر شاعیرێکیش بە جیا بەدەرکەوێت :

| قۆناغ | شاعیر | کار | ئاوەڵناو |
|---|---|---|---|
| کلاسیك | نالی | %44 | %55 |
| | مەحوی | %66 | %33 |
| | حاجی | %59 | %40 |
| | تێکڕا | %56 | %42 |
| سالانی پەنجاکان و شەستەکان | گۆران | %43 | %56 |
| | کامەران | %45 | %54 |
| | دیلان | %41 | %58 |
| | پەشێو | %55 | %44 |
| | شێرکۆ | %53 | %46 |
| | تێکڕا | %47 | %51 |

لەم خشتەیەدا بە ئاشکرا جیاوازی تێکڕای بەکارهێنانی (کار) و (ئاوەڵناو) "بە پێی هاوکێشەکەی بوزیمان ﴿132 : 62﴾، لە هەردوو قۆناغەکەدا دەردەکەوێت :

ژمارەی کارەکان

ڕێژەی کار بۆ ئاوەڵناو = --------------------------------

ژمارەی ئاوەڵناوەکان

ئەم هاوکێشەیە دەتوانین بە (ڕکا) کورتی بکەینەوە ، بەڵام ئێمە لە جیاتی ژمارەی کار و ئاوەڵناوەکان تێکڕای ڕێژەی بەکارهێنانیان وەردەگرین :

ئەم ڕێژەیە لە شیعری کلاسیکیدا ، بە پێی ئەو (100) دێڕەی لەو (سێ) شاعیرە وەرمانگرتووە بەم شێوەیەیە :

٪ 56

ڕکا = --------- = ٪1.3

٪ 42

بەڵام بە پێی شیعری پەنجاکان و شەستەکان ڕێژەکە بەم جۆرەیە :

٪47

ڕکا = ----- = ٪0.9

٪51

کەواتە زمانی شیعریی ئەم ماوەیە " بە پێی زمانی شیعری کلاسیکی ، تارادەیەك ڕێژەی شیعرییەتی کەمترە " یەکێك لە هۆیەکانی نزم بوونەوەی ئەم ڕێژەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە شیعری کلاسیکیدا درێژترین ڕستە (دێڕە شیعر) لە (16) بڕگە زیاتر نییە ، بەڵام لە شیعری نوێدا دێڕە شیعرەکان لە ڕووی واتاوە لە یەکتری داناپچڕێن و زۆر

جار شیعرەکە لە سەرەتاوە تاکۆتایی وەك ڕستەیەکی درێژی لێ دێت ، کاتێکیش (قسە خێرا تر دەکرێت ، ئاوەڵناو کەمتر بەکاردەهێنرێت) ﴿132 : 60﴾، لەبەرئەوەی لە شیعری نوێدا قسەکان (یان دێڕە شیعرەکان) زۆرتر درێژ دەکرێنەوە ، ئاوەڵناو زیاتر بەکاردەهێنرێت و بەمەش ڕێژەکە کەمتر دەبێتەوە .

هۆیەکی تری نزم بوونەوەی ڕێژەی (رکا) لە شیعری ئەم ماوەیەدا ، پەیوەندی بە بابەتی شیعرییەوە هەیە ، چونکە (بابەت کاریگەریی بەسەر (رکا)وە هەیە ، تەنانەت ئەگەر لە شێوازی یەك نووسەریشدا بێت .) ﴿132 : 72 - 73﴾بە گشتی " شیعری کلاسیکی بابەتەکانی (خودی) بوون و شاعیر گوزارشتی لە باری دەروونی خۆی و خەم خەیاڵ و ئازارەکانی خۆی دەکرد ، لەم بارەیشدا ڕادەی هەڵچوونی زیاتر دەبێت و لەگەڵیشیدا ڕێژەی (رکا) بەرزدەبێتەوە . هەرچی شیعری ئەم ماوەیەیە تا ڕادەیەکی زۆر بەرەو (بابەتی) بوون هەنگاوی ناوە ، لە جیاتی ئەوەی شاعیر تەنیا باسی خۆی بکات باسی خەمی کۆمەڵەکەی و هەندێجاریش (مرۆڤایەتی بە گشتی) دەکات ، ئەم بابەتی بوونەش زیاتر بەرەو ڕیالیزم و عەقڵانیەتی دەبات ، بێگومان ئەمەش لە زمانی شیعرییەکەیدا ڕەنگ دەداتەوە و ڕێژەی (رکا)ش نزم دەبێتەوە .

ئەگەر بە گوێرەی قۆناغەکە خۆی (پەنجاکان و شەستەکان) بڕوانینە شیعری ئەو پێنج شاعیرە ، ڕێژەکان بەم شێوەیە دەبن :

$$\text{ڕێژەی (رکا) لای (گۆران)} = \frac{43\%}{56\%} = 0.7\%$$

$$\text{ڕێژەی (رکا) لای (کامەران)} = \frac{45\%}{\quad} = 0.8\%$$

%54

%41

ڕێژەی (رکا) لای (دیلان) = ----- = %0.7

%58

%55

ڕێژەی (رکا) لای (پەشێو) = ------ = %1.25

%44

%53

ڕێژەی (رکا) لای (شێرکۆ) = ------ = %1.15

%46

بە ئاشکرا تێبینی ئەوە دەکرێت ، کە ڕێژەی (رکا) لای دوو شاعیری کۆتایی قۆناغەکە (پەشێو و شێرکۆ) بەرزتر بۆتەوە ، ئەمەش پەیوەندی بە چەند هۆیەکەوە هەیە :

1 – شیعرەکانی ناو هەر دوو دیوانەکەی (پەشێو) ، زۆربەیان چیرۆکی دلداری شاعیرن ، واتە (خودی)ن ، وەك لە شیعری (هۆنراوەم) لە بارەی شیعرەکانیەوە دەڵێت :

سروودی گەرمی ، تافی لاویمە

هەڵچوونی خوێنی ، ئاگراویمە ﴿34 : 13﴾

بەڵام بابەتی شیعرەکانی دوو دیوانەکەی (شێرکۆ) ئەگەر چی باس لە ئازار و خەمەکانی نەتەوەکەی دەکات ، بەڵام لە ڕوانگەی خۆیەوە دەڕوانێتە گشت ، واتە خۆی کردۆتە ئاوێنەی گەلەکەی ئەمەش شێوازێکی دیاری شیعرەکانی (شێرکۆ)یە .

2 – تەمەنی نووسەریش کاریگەریی لەسەر بەرزی و نزمی ڕێژەی (رکا)ەوە هەیە ﴿132 : 67﴾، هەتا تەمەنی نووسەر (لاو) تر بێت ، هەڵچوونی زیاتر دەبێت و کار زیاتر بەکاردەهێنێت و ڕێژەی (رکا)ش بەرز دەبێتەوە . لەبەرئەوەش تەمەنی (شێرکۆ) و (پەشێو) لە کاتی نووسینی شیعرەکانی ناو دیوانەکانیاندا ، لە چاو شاعیرەکانی تر کەمترە ، ڕێژەی (رکا) لە لای ئەم دووانە بەرزتر بۆتەوە .

## ناوەکان بە پێی (مەتریالی) و (ئەبستراکتی)[1] :

هەر بە پێی هەمان ئاماری پێشوو ، جۆرەکانی ناومان بە پێی (مەتریالی) و (ئەبستراکتی) جیاکردەوە ، ڕێژەکان بەم شێوەیە بوون " وەك لەم خشتەیەدا دەستنیشانکراون:

| قۆناغ | شاعیر | ناوی ئەبستراکتی | ناوی مەتریالی |
|---|---|---|---|
| کلاسیك | نالی | ٪32 | ٪67 |
| | مەحوی | ٪42 | ٪57 |
| | حاجی | ٪27 | ٪72 |
| | **تێکڕا** | ٪33 | ٪65 |
| پەنجاکان و سالأنی | گۆران | ٪36 | ٪63 |
| | کامەران | ٪36 | ٪63 |
| | دیلان | ٪34 | ٪65 |

---

(1) – مەبەستمان لە مەتریالی (یان کۆنکرێتی) ئەوەیە کە ئەو شتە بەر یەکێك لە پێنج هەستەکەی مرۆڤ بکەوێت . هەروەها وشە هەیە لە ڕاستیدا (مەتریالی)یە ، بەڵام زۆرجار بەواتای ئەبستراکتی بەکاردەهێنرێت ، بۆ نموونە وشەی (دڵ) هەرچەندە بوونێکی کۆنکرێتی هەیە ، بەڵام بەزۆری (بەتایبەتی لە بواری ئەدەبیاتدا) واتایەکی ئەبستراکتی وەرگرتووە ، ئێمەش لە جیاکردنەوەی ناوەکاندا تاڕادەیەکی زۆر ڕەچاوی ئەم لایەنەمان کردووە .

| | | | |
|---|---|---|---|
| | پەشێو | ٪62 | ٪37 |
| | شێرکۆ | ٪58 | ٪41 |
| | **تێکڕا** | ٪45 | ٪53 |

لە ڕووی مێژووییەوە ، تاوەکو زمان بەرەو پێشتر بچێت ، وشەکانی زیاتر واتای ئەبستراکتی وەردەگرن ، ئەمەش پەیوەندی بە پێشکەوتنی بیری مرۆڤەوە هەیە ، چونکە بیرکردنەوەی مرۆڤ لە چوارچێوەی وشەی کۆنکرێتی دا ڕادەوەستێت و گەشە ناکات ، لەبەرئەوە هەوڵدەدات پەنا بۆ وشەی ئەبستراکتی ببات ، تاوەکو زیاتر بتوانێت گوزارشت لە بیروڕا و خەیاڵەکانی بکات .

ئەگەر سەرنجێکی تێکڕای ڕێژەی ناوی مەتریالی و ئەبستراکتی لەو دوو قۆناغەی شیعری کوردی بدەین ، ئەو ڕاستییەی سەرەوەمان بۆ دووپات دەکاتەوە ، چونکە لە شیعری سالآنی پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی بیستەمدا ، لە چاو شیعری کلاسیکی سالآنی سەدەی (نۆزدە)دا ، ڕێژەی بەکارهێنانی ناوی ئەبستراکتی بەرزتر و ڕێژەی بەکارهێنانی ناوی کۆنکرێتیش نزمتر بۆتەوە .

لە ڕووی بابەتەوە " لە شیعری کلاسیکی دا بەزۆری بابەتەکان وەسفی یارە و لێکچوواندنییەتی بە شتە کۆنکرێتییەکان و دروستکردنی وێنەی شیعریی کۆنکرێتی یە ، هەر ئەوەشە وایکردووە تووشی دووبارەبوونەوە بن ، بۆ نموونە با لە وێنە تاکەکانی ئەم دێڕە شیعرەی (نالی) وردبینەوە " کە کە لەسەر بنەمای لێکچوواندن بنیاتنراوە و هەردوو لایەنی (لەوچوو) و (لێچوو) هەردووکیان کۆنکرێتین " (چاویان وەك نێرگسە ، باڵایان وەك گوڵی سەمەنە ، کورتەکی بەریان ڕەنگی وەك گوڵی وەنەوشەیە ، موویان وەکو سونبولە ، ڕوومەتیان وەکو گوڵە ، کڵاویان وەك گوڵی لالەیە) :

نەرگس نیگەه و ساق سەمەن ، کورتە بەنەفشەن

موو سونبول و ، ڕوومەت گوڵ و ، ، هەم لالە کولاهن ﴿76:341﴾

بەڵام ئەوەتا ڕێژەکان لەلای (مەحوی) " لەگەڵ (نالی) و (حاجی)دا " تەنانەت لەگەڵ (گۆران) و (کامەران) و (دیلان)یشدا ، جیاوازی هەیە و ڕێژەی ناوی ئەبستراکتی بەرزترە ، چونکە (مەحوی) بیری (تەسەوف) بەسەر شیعرەکانیدا زاڵە ، ئاشکرایشە ئەم ڕێبازە – ڕێبازێکی (ڕۆحی) و ئایدیالی یە . بۆ نموونە لەم دێڕە شیعرەدا دەڵێت :

دەمێکە شاری پڕ شۆڕی مەحەببەت مات و خامۆشە

بە قانوونی تەجەننون شۆڕشێ ئینشا نەکەم ، چیبکەم !

﴿67: 231﴾

بەڵام لە شیعری ساڵانی پەنجاکان و شەستەکاندا ، بە تایبەتی لە کۆتایی قۆناغەکەدا و لای (پەشێو) و (شێرکۆ) ، بابەت و لێکچوواندن و وێنە شیعرییەکانیان بەرەو ئەبستراکتی چوون . بۆ نموونە (پەشێو) لە (خوای خەوتن)دا ، لە جیاتی کەسێکی (یان شتێکی) مەتریالی ڕووی دەمی شیعری دەکاتە (خوای خەوتن) " هەر لە ناونیشانەوە ئەبستراکتی بوونی بابەتی شیعرەکەدا دیارە" (خوا) خۆی ناوێکی ئەبستراکتی یە و ناوێکی تری ئەبستراکتی (خەوتن) دەداتە پاڵی وەك (دەرخەر)ێك .. لە دوا لەتەکانی شیعرەکەدا ، بیری ئەبستراکتی تەواو زاڵ بووە بەسەر شیعرەکەدا" وەك :

بڵێ ئەی یاد ، بپێچەوە ، بیرەوەری

بیرەوەری ی ، ڕۆژانی خۆش ، لەگەڵ پەری !

بڵێ : ئەی سۆز ،

ئەندێشەکەی ، تەلیسماوی ، بیری ڕەوان

بڕۆن هەموو ،

دەست کەنە مل ، فریشتەکەی ، شعری شەوان

بە جێ ی بێڵن ، تەنها ئەم شەو

بۆ ساتێ خەو ! ﴿34﴾ :

﴿37﴾

## ڕاناوە سەربەخۆکان[1] :

هەر لەو (سەد) دێڕە شیعرانەی بە نموونە لە ئامارەکانی پێشوودا وەرمان گرتبوون ، ڕێژەی بەکارهێنانی ڕاناوە سەربەخۆکانمان لای هەر شاعیرێك بە پێی ئەم خشتەیەی خوارەوە دەستنیشانکرد :

| قۆناغ | شاعیر | من | تۆ | ئەو | ئێمە | ئێوە | ئەوان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کلاسیك | نالی | %39 | %39 | %18 | %3 | سفر | سفر |
| | مەحوی | %50 | %22 | %19 | %7 | سفر | سفر |
| | حاجی | %48 | %23 | %13 | %13 | سفر | سفر |
| | **تێکڕا** | %45 | %28 | %16 | %7 | سفر | سفر |
| ساڵانی پەنجاکان و شەستەکان | گۆران | %47 | %26 | %5 | سفر | %21 | سفر |
| | کامەران | %63 | %31 | سفر | سفر | سفر | %4 |
| | دیلان | %34 | %45 | %17 | %2 | سفر | سفر |
| | پەشێو | %68 | %26 | %5 | سفر | سفر | سفر |
| | شێرکۆ | %12 | %62 | سفر | %25 | سفر | سفر |
| | **تێکڕا** | %44 | %38 | %5 | %5 | %4 | %0.8 |

بە پێی ئەو ڕێژانەی لە خشتەکەدا دیارن " ئەگەر بەراوردی شیعری ساڵانی پەنجاکان و شەستەکان بە شیعری کلاسیکی بکەین ، جیاوازییەکی ئەوتۆ نابینین ، کە بە دیاردەیەکی

---

[1] -(ئەم) و (ئەو) هەندێجار وەك ئامرازی نیشانە کار دەکەن ، نەوەك (ڕاناو) ، لەبەرئەوە لەو دۆخانەدا بە (ڕاناو)مان دانەناون .

شێوازگەریی بۆ ئەم قۆناغەی بژمێرین . بەڵام ئەگەر شاعیرەکانی ئەم قۆناغە بە یەکتری بەراورد بکەین ، دەبینین لای هەندێکیان ڕاناوێك زیاتر یان کەمتر لەوانی تر بەکارهاتووە . بۆ نموونە بەرزترین ڕێژەی بەکارهێنانی ڕاناوی سەربەخۆی (من) لەلای (پەشێو) دەبینرێت ، ئەمەش پەیوەندی بە بابەتی شیعرییەوە هەیە ، کە شیعرەکانی (پەشێو) زیاتر (خودی)ن ، نزمترین ڕێژەش لەلای (شێرکۆ) دەبینرێت ، ئەمەش ئاماژەیە بۆ توانەوەی بوونی خودی شاعیر لە ناو کۆمەڵەکەیدا (یان لە ناو گشتدا) ، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە بەرزترین ڕێژەی بەکارهێنانی ڕاناوی (ئێمە) هەر لەلای (شێرکۆ)یە .

ئەگەر هەردوو ڕاناوی (من) و (ئێمە) شێوازی گوزارشتکردنی پیشان بدەن ، ئەوا ڕاناوەکانی تر (تۆ ، ئەو ، ئێوە ، ئەوان) بە تایبەتی (تۆ) و (ئێوە) شێوازی ئاڕاستەکردنی پەیامی شیعری پێشان دەدەن . لەم ڕووەوەش بڕوانینە ڕێژەکان " بەرزترین ڕێژەی بەکارهێنانی (تۆ) لەلای (شێرکۆ) دەبینرێت و بەرزترین ڕێژەی بەکارهێنانی (ئێوە)یش لەلای (گۆران) دەبینرێت ، یان دەتوانین بڵێین : بە پێی ئەو ئامارەی کردوومانە بەکارهێنانی ڕاناوی (ئێوە) تەنیا لەلای (گۆران) بەرچاومان کەوت ، لەلای ئەم (گۆران) تاڕادەیەك هاوسەنگییەك لە نێوان بەکارهێنانی (تۆ) و (ئێوە)دا دەبینرێت " واتە ئەم دوو شاعیرە (گۆران و شێرکۆ) ، پەیامی شیعرییان بۆ بەرامبەریان ئاڕاستە دەکەن ، ئەمەش (بابەتی) بوونی شیعرەکانیان پێشان دەدات .

بە شێوەیەکی گشتی بەکارهێنانی ڕاناوی سەربەخۆ ، ڕاستەوخۆیی دەبەخشێتە شیعر و لە شێوازی (دواندن) نزیکی دەکاتەوە . هەر لەم لایەنەشەوە بە پێی ئامارەکە ژمارەی ڕاناوە سەربەخۆ بەکارهاتووەکان ، لەلای هەر (سێ) شاعیرانی کلاسیکی گەیشتە (119) ، بەڵام شاعیرانی پەنجا و شەستەکان بە هەر پێنج شاعیرەوە گەیشتە (111) ، ئەویش ئاشکرا جیاوازییەك پیشان دەدات " کە ڕادەی بەکارهێنانی ڕاناوەکان لای شاعیرانی نوێ کەمتر بۆتەوە " واتە لەم لایەنەوە بەرەو زمانی شیعرییەت هەنگاویان ناوە و لە زمانی

ڕاستەوخۆ دوور کەوتوونەتەوە . ئەگەر بە گوێرەی (پێنج) شاعیرەکان خۆشیان بەراوردیان بکەین ، بەرزترین ڕادەی بەکارهێنان لەلای (دیلان)ە ، کە گەیشتە (35) ، نزمترینیش لەلای (شێرکۆ) یە کە (16) ڕاناوە " واتە بە گوێرەی قۆناغەکە خۆیشی ، (شێرکۆ) لە هەموویان زیاتر خۆی لە زمانی ڕاستەوخۆ دوور خستۆتەوە .

## 3 – درێژی و کورتی ڕستە :

ئەگەر لەم ڕووەوە شیعری سالآنی پەنجاکان و شەستەکان بە شیعری کلاسیکی بەراورد بکەین ، ئەوا درێژترین و کورتترین ڕستەی شیعریی لە شیعری ئەم ماوەیەدا دەبینین ، چونکە لە شیعری کلاسیکییدا درێژترین ڕستە دەکەوێتە ناو دوو لەتی دێڕە شیعرێکەوە ، درێژترین لەتە شیعری کلاسیکیش لە (16) بڕگە زیاتر نییە ، بە هەردوو لەتەکەوە دەکاتە (32) بڕگە ، بەلآم لە شیعری نوێدا جاری وا هەیە ڕستەیەك کۆپلەیەکی شیعرەکە ، یان هەموو شیعرەکە داگیر دەکات . وەك (ع . ح . ب) لە شیعری (گەردانەیەك)دا ﴿40 : 173 - 174﴾ ، لە (18) لەتە شیعری یەکەمدا ئینجا ڕستەیەك تەواو دەکات ، کە لە ڕووی ڕۆنان و واتاوە تەواو بێت . ئەگەر بە شێوەیەکی سادە ڕستەکە بنووسینەوە ، بەم شێوەیە دەبێت : (نیازمە گەردانەیەك بهۆنمەوە) ، بەلآم ئەوەی لە شیعرەکەدا درێژ کراوەتەوە ، چالّی تەواوکەری شیعرەکەیە ، کاتێك دەپرسین : (لە چی ئەو گەردانەیە دەهۆنیتەوە ؟) ، (16) لەتی سەرەتای شیعرەکە وەلآمی ئەم پرسیارە دەداتەوە و سنووری تەواوکەری ڕستە فراوان دەکاتەوە .

ئەم درێژکردنەوەیەی ڕستە هەندێجار پەیوەندی بە شێوازی شاعیرەوە هەیە ، کە دەیەوێت وێنە شیعرییەکانی زیاتر و فراوانتر بکات " ئەم شێوازەش لای (شێرکۆ) زۆر دەبینرێت .

بە هەمان شێوە ، هەر لە شیعری ئەم ماوەیەدا ڕستەی شیعریی وا هەیە لە لەتێکی (4) بڕگەییدا جێگای بۆتەوە ، لە کاتێکدا ڕستە لە شیعری کلاسیکی بەو کورتییە و سەربەخۆ لە لەتە شیعرێکدا نابینرێت .

(دیلان) دەڵێت :

سەر زۆر بڕا
خوێن زۆر ڕژا
کەچی لە جێگەی هەر سەرێ
سەد سەری تر دێتە دەرێ
لە جێی هەر دڵۆپە خوێنێ
سەد گوڵ سەری دەرئەهێنێ .. !! ﴿75 : 120﴾

دوو لەتی یەکەم و دووەم ، هەر یەکەیان ڕستەیەکی سەربەخۆیە و تەنها لە (4) بڕگەش پێکهاتوون.

هەندێجار شاعیر تەنیا بۆ پڕکردنەوەی کێشی شیعرەکە —شیعرەکەی بە وشە و ئامرازی زیادە درێژ دەکاتەوە ، کە بە لابردنیشیان ڕستەکە چ لە ڕووی ڕۆنانەوە و چ لە ڕووی واتاوە هیچ گۆڕانکاریەکی بەسەردا نایەت ، لەم بارەیەوە (ئەزرا پاوەند **Ezra Pound**) دەڵێت : (نەکەی وشەیەك یان سیفەتێکی زیادە بەکاربهێنیت ، کە واتایەك پێشان نەدات) ﴿134 : 73﴾ ، مەبەستی لە واتایەکی شیعرییە ، کە بە لابردنی ئەو وشە زیادەیە واتای شیعرەکە لەنگ نەبێت .

لە شیعری ئەم ماوەیەدا بەتایبەتی لای هەندێ شاعیر ، هەندێ ئامرازی وەك (ئەی ، کەوا ، کە ، و ، ... هتد) زۆر بەکارهاتوون ، کە زیاتریش بۆ پڕکردنەوەی کێشی شیعریی بەکاریان هێناون ، ئەمەش بووەتە هۆی لاوازبوونی زمانە شیعرییەکەیان .

(جەمال شارباژێری) لە (گوڵ و کەژاڵ)دا دەڵێت :

وتم بە گوڵ ..

ئەی گیان و دڵ .

هەرچەن کەوا تۆ فریشتەی : -

نازەنینی ..

زۆر ناسك و جوان و پۆشتەی ..

باخی ژینی ﴿13 : 20﴾

لەم چەند لەتە شیعرەدا " چەند وشە و ئامرازێك دەبینین ، کە تەنیا بۆ پڕکردنەوەی کێش و درێژ دادڕی هێنراونەتەوە ، دەنا بە لابردنیان هیچ گۆڕانێك بەسەر واتای شیعرەکەدا نایەت " بەکارهێنانی ئامرازی (ئەی) لەوە زیاتر ، کە زمانی شیعرەکە لە زمانی ڕاستەوخۆ و دواندن نزیك دەکاتەوە ، هیچ خزمەتێکی بە زمانە شیعرییەکە نەکردووە ، بەهەمان شێوە (کەوا تۆ) زیادەیە و بۆ پڕکردنەوەی گشتی شیعرەکە دانراوە . جگە لەوەش بەکارهێنانی چەند (دیارخەر)ێکی باو و سواوی وەك : (گیان ، دڵ ، فریشتە ، نازەنین ، ناسك ، جوان ، پۆشتە) بۆ یەك (دەرخراو) کە (گوڵ)ە ، لە درێژدادڕی زیاتر هیچ ئەرکێکی شیعرییان نییە .

هەروەها لە ناو ئەو ئامرازانەدا ، بە تایبەتی (ئەی) و (کە) ، لە لایەن هەندێ شاعیری ئەو ماوەیەوە زۆر بەکارهاتوون " (جەوهەر غەمگین) لە شیعری (جوانی)دا (21) جار (ئەی)ی دووبارە کردۆتەوە " کە شیعرەکەی زۆر نزیك کردۆتەوە لە زمانی (دواندن) .

ئامرازی (گەلێ)ش یەکێکە لەو ئامڕازانەی زۆر دووبارە کراونەتەوە ، بۆ نموونە (پیربال مەحمود) لە (پەپوولەدا) (12) جار " بەزۆریش بەدوای یەکتردا ، ئەم ئامڕازەی دووبارەکردۆتەوە .

ئەمەش لەشیتی ، لەشەکەی نەرمی
گەلی نەرمتر لە ڕووی منالآن
گەلی ڕووناکتر لە ڕووخساری مانگ
گەلی ڕوشنتر لە خوری ئاسمان
گەلی بەسۆزتر لە بای بــــەیانــــی
کەدی ماچ ئەکا ڕوومەتی گوڵان
گـــەلی پاکژتر لـــە گیـــانی پـــەری
گەلی جوانتر لە تیشکی بەیان
گەلی بەتامتر لە مەی ی دلداری
گەلی شیرین تر لە شەکری لێوان
﴿65 : 11﴾

ئەم هەموو دووبارەکردنەوەیە ، لە هیچ ڕوویەکەوە خزمەتی بە شیعرییەتی شیعرەکە نەکردووە " نە لایەنی مۆسیقا و نە لایەنی زمانی شیعریی ، بەڵکو شیعرەکەی لاوازی کردووە .

(مەدهۆش) لە شیعری (پارە)دا ﴿70 : 64﴾، (6) جار ئامڕازی (کە)ی لە ناو دێڕە شیعرەکاندا بەکارهێناوە ، بە لابردنیان جگە لە تێکچوونی کێشەکە ، هیچ زیانێکی تری نی یە ، گرنگترین هۆی بەکارهێنانی ئەم ئامراز و وشە زیادانەی دەبنە هۆی درێژکردنەوەی ڕستە شیعرییەکان و لاواز بوونی زمانی شیعریی ، پەیوەندی بە هەژاریی فەرهەنگی شیعریی ئەو شاعیرەوە هەیە .

## تەوەری دووەم : ( لادان لە پێوەرەکانی زمانی ئاسایی )[1] :

ئەو لادانانەی لە شیعری سالانی پەنجاکان و شەستەکاندا دەستنیشانیان دەکەین ، لادانی شیعریین ، هەر شێوەیەك لەو شێوانەی باسیان دەکەین ، بەزاندنی سنووری بنەمایەکی زمانییە ، بەلام ئەم لادانە تاوەکو بە لادانێکی شیعریی دابنرێت ، پێویستە یاسایەکی تێدا بێت ، جیای بکاتەوە لە لادانی ناماقوول ، ئەمەش بەوەی لادانی شیعریی لێکدانەوەی بۆ دەکرێت و دەتوانرێت ئەو جیاوازییە ی لە نێوان ڕەگەزەکانی زماندا دروست دەبن نەهێلرێت ، بەلام لادانی ناماقوول لێکدانەوەی لۆژیکی بۆ ناکرێت و ناتوانرێت جیاوازییەکە لاببرێت ، واتە هەردوو جۆرە لادانەکە لە ڕووی (نێگەتیف)ەوە لەیەك دەچن ، بەلام لە ڕووی توانای نەهێشتنی ئەو نیگەتیڤەوە جیاوازن ، لەبەرئەوەیە (جان کوهن) دەلێت : (شێواز هەلەیەکە ، بەلام هەموو هەلەیەك شێواز نییە) ﴿119 : 193﴾ ، واتە دەکرێت لادانی شێوازگەریی بە هەلەیەك دابنێین ، بەلام وەك (چارل برونیو **CH.BRUNEAU**) دەلێت : (هەلەیەکی بەمەبەست) ﴿119 : 15﴾" بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمەش نموونە بۆ هەردوو جۆرە لادانەکە دەهێنینەوە :

(دیلان) بەم شێوەیە (نێرگس) دەدوێنێت :

---

[1] - لێکۆلەرانی زمانی شیعریی ، کاتێك باس لە پێوەری زمانی ئاسایی دەکەن ، زیاتر مەبەستیان لە زمانی نووسینی پەخشانی زانستیی یە ، نەوەك زمانی قسەکردن ، چونکە زۆرجار لادانەکان لە زمانی قسەکردنی ناو خەلکدا ئەوەندە دووبارە دەبێتەوە ، ڕەنگە ئەگەر زمانی شیعریی پێ بەراورد بکەین ، زۆر لادان (لە شیعردا)بەهای ئیستاتیکییان نامێنێت .

تۆ پرسیارت لە بای وەشتە
کاتێ گۆپکە
لێوی گرژی ئەبزوێنێ
کاتێ چرۆ
چاوی نووستووی ئەترووکێنێ ﴿75 : 101 - 102﴾

چەند جیاوازییەك لە نێوان (دەرخراو) و (دیارخەر)ەکان لەم چەند دێڕە شیعرەدا دەبینین ، کە بۆتە هۆی لادانی واتایی لە زماندا : (لێو بزاوتن) کاری مرۆڤە ، بەڵام لێی خوازراوە و دراوەتە (گۆپکە)ی درەخت " کاتێك گۆپکەی درەخت درزی تێدەکەوێت ، بۆ ئەوەی چرۆی لێوە دەربچێت ، شاعیر لێکچوونێك لە نێوان ئەم (درز)ە و (لێو)ی مرۆڤدا دەبینێت ، لەبەرئەوە ئەو ئەندامە و کاری ئەو ئەندامەی بۆ خواستووە . کە چرۆیش لە گۆپکەوە دەردەچێت ، گەڵا وردەکان بەیەکەوە نووساون " وەك پێڵووەکانی چاوی مرۆڤە لە کاتی نووستندا ، ئەم لێکچوونەیشی قۆزتۆتەوە ، تاوەکو سیفەتی (نووستوو)یی چاو و تروکاندنی ئەم چاوە بداتە پاڵ چرۆ .

کەواتە هەریەك لەو جیاوازی و لادانانەمان گەڕاندەوە بۆ بنەمای لێکچوواندن و خواستن ، ئەوانیش وەك دوو تەکنیکی ڕەوانبێژی لە شیعردا کاردەکەن . بەم شێوەیەش لادانەکان دەکەونە ناو سنووری مەنتیقەوە و سیفەتی لادانی شیعریی وەردەگرن . بەڵام تاوەکو لێکدانەوەکان بۆ نەهێشتنی جیاوازییەکان تەواو بن ، پێویستە هەریەك لەو لادانە شیعرییانە لە ناو کایە شیعرییەکەدا لێك بدرێتەوە " لەم نموونەیەی سەرەوەشدا پێش هەموو شتێك شاعیر (نێرگس) دەدوێنێت ، پاشان (نێرگس)یش (بای وەشت) دەدوێنێت ، واتە سیفەتی مرۆڤی پێ بەخشراوە ، ئەمەش لادانی مەنتیقی تێدایە ، بەڵام پاساوی ئەم لادانەیش " ئەوەیە شاعیر ویستوویەتی ئازارەکانی نەتەوەکەی خۆی بە شێوەیەکی شیعرییانە

بخاتە ڕوو ، وەك لە كۆپلەی كۆتاییشدا تەواو ئاشكرای دەكات " مەبەستی لە نێرگس ((ئاواتی كورد))ە ، كەواتە (گۆپكە) و (چرۆ)ی نووستوویش ، هەر گوزارشتن لە نەهاتنەدی هیوا و ئاواتەكان ، مەبەست لە (بای وەشت)یش (بای هێزی تێكۆشان)ە ، كە دەبێتە هۆی كردنەوەی چرۆی ئاواتەكان و گەیشتن بە ئازادی .

مەبەستمان لە لێكدانەوەی واتای گشتی شیعرەكە ئەوەیە "ئەو كایە گشتییە بخینە ڕوو ، كە تیایدا (نالۆژیكی)یەكان لێكدانەوەی لۆژیكییان بۆ دەكرێت و لادانە واتایی و زمانییەكان ناهێڵرێت .

لێرەشەوە نموونەی لادانی جۆری دووەم پێشان دەدەین ، كە لادانی نالۆژیكی یە ، ئەمەیش كاتێك ڕوودەدات ، كە خوێنەر توانای لێكدانەوە و نەهێشتنی لادانەكەی نابێت " لە ڕستەیەكی وەك : (بەردەكە قسەی دەكرد و پێدەكەنی) ، ناتوانین پەیوەندی و لێكچوونێك (لە خۆوە) دروست بكەین لە نێوان (بەرد) و (مرۆڤ)دا تاوەكو خواستنی (پێكەنین) و (قسەكردن) لە مرۆڤەوە بۆ (بەرد) بە لادانێكی لۆژیكی دابنێین ، بەمەش لادانی ئەم ڕستەیە بە لادانێكی شیعریی دانانرێت . ئەگەر هەمان ڕستە لە ناو كایەیەكی شیعرییدا ، بتوانرێت لێكدانەوەی لۆژیكی بۆ بكرێت ، بۆ نموونە مەبەست لە (بەرد) كەسێكی دیاریكراو بێت ، بەمە لادانەكە دەبێتە شیعریی " بەڵام جاری وا هەیە كایە شیعرییەكە یاریدەدەر نییە بۆ ئەم پرۆسە شیعرییە " وەك لە شیعری(دادایی) و (سوریالیزم)ەكاندا دەبینرێت .. ، چونكە لە ڕاستیدا ئەو كاتە نووسینێك بە دەقێكی شیعریی دادەنرێت ، كە شاعیر لە داڕشتنیدا چەندین ڕێگای كردنەوەی بۆ دەقەكەی ، لەبەردەم لایەنی تەواوكەری پرۆسەكە (خوێنەر) شیاو كردبێت .

لێرەدا جێی ئاماژە پێكردنە ، ئەو ڕێبازانەی دەقی شیعریی بەرەو داخراویی و نالۆژیكی دەبەن ، لە ساڵانی پەنجاكان و شەستەكانی شیعری كوردی —كوردستانی عێراقدا

، هێشتا سەریان هەڵنەداوە ، لەبەرئەوە دەقێکی وا بەرچاو ناکەوێت لە جۆری دووەمی لادان بێت ، (کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا) .

ئەو لادانانەی بە دیاردەیەکی شێوازگەریی دادەنرێن ، دەمێت بڵاو و ئاسایی نەبن و لە پێوەرە گشتییەکان نەچن ، بۆ نموونە (شێرکۆ) دەڵێت :

کوا پاشەڕۆژ بە پرشنگی ئاوات ڕووناک بوو ؟

دەپێم بڵێ ئەو سەردەمە بوونی تۆ چی بوو ؟

غەیرەز بەوەی بە پاچی خەم گردی ژیانم

هەڵکەنی تیا گۆڕستانی مردووی ڕۆژانم !! ﴿42 : 32﴾

له لەتی دواییدا ڕستەکە لە ڕووی ڕۆنانەوە پاش و پێشی پێ کراوە و (فرمان)ەکە هێنراوەتە پێشەوە ، کە دەبووایە لەتە شیعرەکە بەم شێوەیە بێت : (گۆڕستانی مردووی ژیانمی تیا هەڵکەنی) ، بەڵام ئەم لادانە بە دیاردەیەکی شێوازگەریی نە بۆ (شێرکۆ) و نە بۆ (ساڵانی پەنجا و شەستەکان) دانانرێت ، چونکە لە شیعری پێش ئەم سەردەمە ، لای زۆر شاعیری تر بەرچاو دەکەوێت ، هەر بۆ نموونە (نالی) دەڵێت :

نەمردم من ئەگەر ئەم جارە بێ تۆ

نەچم شەرت بێ ، هەتا ئەم خوارە بێ تۆ ﴿76 : 380﴾

لە هەر دوو لەتەکەدا فرمانەکان هێنراونەتە پێشەوە ، کە بە پێی یاسای سینتاکسی زمانی کوردی دەبووایە بکەونە دواوەی ڕستەکان .

جگە لەوە لادانی شێوازگەریی ئەوەیە چەند جارێك ، هەمان دیاردە دووبارە بووبێتەوە ، لە پاڵ ئەمانەیشدا دەبێت بەهایەکی ئیستاتیکی هەبێت " واتە (شیعرییەت) لێکۆڵینەوە و دۆزینەوە و ناسین و دەستنیشانکردنی ئەو لادانانەیە لە پێوەری گشتی " کە بەهای ئیستاتیکیان هەیە . بە گوێرەی شیعری نوێ ، لادانەکان وەك پێوەرێکی ئیستاتیکی تەماشا دەکرێت ، بەڵام لە شیعری کلاسیکیدا بە پێچەوانەوەیە ، ئەگەر لادانیش هەبێت ، دەخرێتە ناو سنووری تەسکی یاساوە .

لەبەرئەوە دەتوانین دیارترین لادانە شیعرییەکان بە نموونەی شیعری ئەم ماوەیە پێشان بدەین ، بەڵام دانانی لادانێك بە دیاردەیەکی شێوازیی شیعری ئەو سەردەمە ، لە سنووری تەسکی ئەم باسەدا ، شتێکی ئاسان نییە ! .

زۆربەی لادانە زمانییەکان لە شیعردا ، (بە تایبەتی لادانە دەنگییەکان) ، بەهۆی مۆسیقای شیعرەوە دروست دەبێت " کە لە باسی مۆسیقای شیعری ئەو ماوەیەدا ، لە تەوەری (مۆسیقای ناوەوە)دا ، ئاماژەمان بەدیارترین لادانەکان کرد ، چ لە ئاستی فۆنێم و چ لە ئاستی مۆرفێمدا .. ، لەبەرئەوە لەم تەوەرەی باسی زمانی شیعریدا ، باس لە (لادان لە ئاستی واتایی و ڕۆنانی) دەکەین:

(ڕستە) تاوەکو واتا ببەخشێت ، دەبێت بچێتە ژێر باری دوو یاساوە : یەکەمیان " یاسای ڕۆنانە (یان ڕێزمانی) ، دووەمیشیان " دەبێت لۆژیك قبووڵی بکات ، بەڵام لە زمانی شیعرییدا ئەم دوو یاسایە دەشکێنرێن ، بۆ نموونە لە زمانی ئاساییدا دەوترێت : (پەپوولەکە بەسەر گوڵەکەوە نیشتەوە .) ، ئەم ڕستەیە هەردوو یاساکەی تیادا ڕەچاو کراوە ، لە ڕووی ڕۆنانەوە ، بە پێی یاسای سینتاکسی زمانی کوردی دارێژراوە (بکەر + تەواوکەر + کار) ، لە ڕووی لۆژیکیشەوە قبووڵ دەکرێت ، لەبەرئەوە بە ڕستەیەکی واتاداری دادەنێین .
بەڵام لەم دێڕە شیعرەدا :

هەر بە یەك سەرنج یەك ئاورِ

بـــەرت دا لـە دەروونـم گـــرِ (کامەران)

﴿78 : 52﴾

لەتی دووەم لە ڕووی ڕۆنانەوە تێکەڵ و پاشوپێش کراوە ، کە دەبووایە بەم شێوەیە بێت:

(گڕت لە دەروونم بەردا .) ، کاری لێکدراو لە کوردیدا ، ڕاناوی لکاو دەچێتە دوای بەشی یەکەمی ، بەڵام لە شیعرەکەدا چووەتە دوای بەشی دووەم ، کارەکە لە سێ بەش پێکهاتووە : (گڕ + بەر + دان) " بەرکارەکەش دەکەوێتە دوای ڕاناوە لکاوەکە " کە (بکەر)ە ، لە شیعرەکەدا ئەمیش لە جێگای خۆی نی یە و کەوتۆتە دوای بەشی سێیەمی کارە لێکدراوەکە. واتە لەم لەتە شیعرەدا لادانێکی ڕۆنانی هەیە .

هەموو ئەو وێنە شیعرییانەی پشت بە خواستن دەبەستن دەبنە نموونەی لادانی لۆژیکی " (پەشێو) دەڵێت :

بابڕاکێ ..

بابچەمێ ..

گەردنی شەستپەڕی دوارِۆژ

کە بە ئاوات بووم بیگەمێ

هەموو دەمێ ! ﴿28 : 34﴾

لەم وێنە شیعرییدا " دوارِۆژ چوێنراوە بە شەستپەڕ ، ڕووی لێکچوونیشیان (جگە لە جوانی) " زۆریی پەڕەکانی گوڵە شەستپەڕ و زۆری هیوا و ئاواتەکانی دوارِۆژە ، تا ئێرە نالۆژیکی دروست نەبووە ، چونکە لێکچواندن تاڕادەیەکی زۆر لە زمانی ئاسایشدا

بەکاردێت و لۆژیك بە ئاسانی قبوولّی دەکات ، بەلّام خواستنی ئەندامێکی مرۆڤ (گەردن) لە جیاتی لاسك بۆ گولّە شەستپەڕ ، وێنەیەکی نالۆژیکی دروستکردووە ، کە بە دۆزینەوەی لێکچوونی نێوانیان لادانە لۆژیکییەکە ناهێلّرێت : لاسکی گولّ وەکو گەردنی مرۆڤوایە " گەردن (سەر)ی هەلّگرتووە و (لاسك)یش(گولّ) . مەرج نییە تەنیا بەهۆی خواستنەوە لادانی واتایی دروست ببێت ، هەندێجار بەهۆی جێگۆڕکێی وشەکانەوە پەیدا دەبێت " وەك لەم دێڕە شیعرەی (شێرکۆ)دا دیارە :

چەقەلّ بەسەر شێرا نێرە !

مشك . پشیلە ڕاو ئەنێ ﴿103:33﴾

دەکرێت بەهۆی پاش و پێش کردنی وشەکانەوە لادانە لۆژیکییەکە نەهێلّرێت " ئەگەر لە لەتی یەکەمدا (چەقەلّ) و (شێر) ، لە لەتی دووەمیشدا (مشك) و (پشیلە) جێگاکانیان بگۆڕدرێتەوە ، بەم شێوەیەی لێدێت : (شێر بەسەر چەقەلّا نێرە //پشیلە مشك ڕاو ئەنێ) ، بەلّام ئەم کارە تەنیا لە پێناوی شیکردنەوەدایە ، دەنا بەو شێوەیە شیعرەکە دەمرێت .

## 1 - ئاستی واتایی :

لەم ئاستەدا سێ ئەرك دیاریدەکەین " (هەلّسپاردن و دەستنیشانکردن و گەیاندن) :

أ — ***( هەلّسپاردن = الاسناد )*** : (واتە هەلّسپاردنی سیفەتێك بۆ شتێك و ئەم سیفەتە بە تایبەتییەك دابنرێت ، کە ئەم (شت) ە جیا دەکاتەوە .) ﴿114:119﴾، هەروەك چۆن وشەکان بە پێی مۆرفۆلۆژی هەر زمانێك دابەش دەکرێن بۆ چەند پۆلێك : (ناو ، ئاوەلّناو ، کار ، ... هتد) ، بەو شێوەیەش وشەکانی ناو هەر پۆلێك بە پێی نزیکی واتا و بەکارهێنانەکانیان پۆلین دەکرێنەوە ، بۆ نمونە ناوێکی وەك (درەخت) ، کۆمەلّێك کار و

ئاوەڵناو لەگەڵیدا دەگونجێت بەکاربهێنرێن ، بەڵام دەشێت لە شیعردا ڕەچاوی ئەم گونجاندنە نەکرێت " (بۆ نموونە) کارێك (یان ئاوەڵناوێك) بۆ ناوێك بەکاربهێنرێت ، کە لەگەڵیدا نەگونجێت و بەمەش نالۆژیکی لە واتا دروست دەبێت " وەك لەم دێڕە شیعرەی (گۆران)دا دەبیبنین :

سەعات فڕی ، شەو درەنگ بوو .

هێشتا نیوەڕۆی ئاهەنگ بـــوو ! ﴿62 : 49﴾

کاری (فڕی) " (بەزۆری) لەگەڵ (باڵندە) دا بە کاردەهێنرێت ، نەوەك (سەعات) کە شتێکی بێ گیانە ، واتە نەگونجانێك دروست بووە ، کە بۆتە هۆی دروستکردنی وێنەیەکی نالۆژیکی ، مەبەستیش لە (فڕینی سەعات) خێرا تێپەڕ بوونی کاتە . ئەم ڕستەیە لە ڕووی لۆژیکەوە قبووڵ ناکرێت ڕەت دەکرێتەوە ، بەڵام ئەو واتایەی مەبەستەکەیە " (تەواو)ە .

واتە لەم جۆرە ڕستانەدا " ئاستی دەنگیی دوو جۆر واتا دەبەخشێت ، واتایەکی ئاشکرا و واتایەکی شاردراوە ، یەکەمیان نالۆژیکی یە و ڕەتدەکرێتەوە ، دووەمیشیان مەبەستە شیعرییەکەیە.

(لابردن " یان ئاوەڵناوی زیادە " یان پێش خستن و دواخستن ، هەموو ئەم شێوانە — لە ڕاستیدا — (کایەیی = Context) ن ، بەڵام خواستن لادانی گۆڕینەوەیە) . ﴿119 : 110﴾، مەبەست لە گۆڕینەوە ئەوەیە " ئەو وشەیە لە جێگای ڕاستەقینەی خۆیدا نییە ، بەڵکو جێگاکەی لەگەڵ وشەی تری هەمان پۆل گۆڕیوەتەوە ، یاخود ئاوەڵناوەکە (یان کارەکە)ی لە ناوێکی تر وەرگرتووە ، گۆڕینەوەکەش لە ئاستی واتادا لادان دروست دەکات ، دەنا لە ئاستی ڕۆناندا ئاسایییە " واتە گۆڕینەوەیەکی (واتایی)یە ، لەم بارەیشەوە (جان

کوهن) دەڵێت : (ستراتیژیی شیعرییەت یەك ئامانجی هەیە ، ئەویش گۆڕینەوەی واتایە .) ﴿110 : 119﴾.

دیارترین نموونەی شیعریی ، کە زیادترین نموونەی ئەم گۆڕینەوە واتاییەی تێدا ببینرێت لە شیعری ساڵانی پەنجاکان و شەستەکاندا ، شیعرێکی (شێرکۆ)یە بە ناونیشانی (سەرسام مەبە) ﴿33 : 92 - 108﴾" تیایدا دژایەتی ناو ژیانی کۆمەڵەکەی پێشان دەدات ، بۆ ئەم مەبەستەش بە شێوەیەکی سەرەکی پشتی بە گۆڕینەوەی واتایی بەستووە ، لـە ئەنجامدا کۆمەڵێك ڕستەی نالۆژیکی دروست بووە ، بەڵام کە ئەمە کایەی گشت واتای شیعرەکە بێت ، هەموو نالۆژیکییەکان لە سنووری لۆژیکدا لێك دەدرێنەوە .

نموونەی بەکارهێنانە نەگونجاوەکانی ناو شیعرەکەش وەك :

نامەی ماندووی ، دوور وڵاتت

چاو پڕ لە .. فرمێسکی پرسیار ..

سیمای دێڕی کش و ماتت ﴿33 : 92 - 93﴾

بەکارهێنانی ئاوەڵناوی (ماندوو) " کە بۆ زیندەوەر بەکاردێ ، بۆ (نامە)ی بێگیان ، (چاوی پڕ لە فرمێسك) لە مرۆڤەوە خواستراوە بۆ نامە ، ئاوەڵناوی (کش و مات) بۆ وشەی (دێڕ) ناگونجێت ، کە مەبەستی شاعیر لە (نامە) خاوەنی نامەکەیە ، مەبەستیش لە دێڕ بیری خاوەن نامەکەیە .

هەروەها کاری خنکاندن دراوەتە پاڵ (وشە) :

وشەی سەربەست ..

چۆن دێتە دەر بیدرکێنە ..

توخوا لە ناو گەرووی ترسا

یان بە ئەنقەست ..

مەی خنکێنە .. ﴿33 : 95﴾

زمانی زیندەوەر دراوەتە پاڵ (قەڵەم)ی بێ گیان ، کاری (وێران)یش بۆ مرۆڤ بەکاردێت ، نەوەك (قەڵەم) :

کاکی برا ..

وەك تۆ ویستت

زمانی قەڵەم نەی وێرا .. ﴿33:96﴾

هەروەها (زەردەخەنە) بۆ (وەرام) و (باڵ) یش بۆ (شەو) بەکارهاتووە ...

کۆمەڵێك ڕستەی نالۆژیکی لەم شیعرەدا دەبینین ، کە بەهۆی ئەم گۆڕینەوەیە دروست بوون ، وەك : (چاوی زستان ﴿لە جیاتی باران﴾ نمەی خوێنی لێ ئەبارێ) .. لە ڕستەی ((بەفر سوورە)) دا ، ئاوەڵناوی (سوور) جێگای ئاوەڵناوی (سپی) گرتۆتەوە . لە ((گوڵاڵەی گۆنا گەش)) دا گوڵاڵە جێگای (کچ)ی گرتۆتەوە ، یان (گۆنای گەش) لە (کچ) خوازراوە بۆ گوڵاڵە .

مرد .. بەهاری خوشەویستی

جاری جاران

مرد .. بەهەشتی ..

مرد .. ڕەوشتی

پیرۆزی باو باپیران ! ﴿99: 33﴾

کاری (مردن) لەگەڵ هیچ یەکێك لەو ناوانە ناگونجێت .

لە((بەهار وەرزی گوڵ وەرینە !)) دا " (بەهار) جێگای (پایز)ی گرتۆتەوە .

هەروەها کۆمەڵێك ڕستەی نالۆژیکی لە ناو شیعرەکەدا بەرچاودەکەون " وەك : ((خۆرهەڵاتمان خۆرنیشینە !)) ، ((لە باتی گوڵ دڕك ئەڕوێن)) ، ((لە جێ ماین .. ئێستر ئەزێین!)) ، .. هتد .

بۆ پیشاندانی ڕادەی لادانی واتایی لە زمانی شیعری کوردی ساڵانی پەنجاکان و شەستەکاندا ، بە بەراوردکردن لەگەڵ شیعری کلاسیکی ، تەنیا (ئاوەڵناو)[1] مان بە نموونە وەرگرت و لە هەر قۆناغێکدا سێ شاعیر و لای هەر شاعیرەیش (سەد) ئاوەڵناومان وەرگرت[2] و ژمارەی ئاوەڵناوە جیاوازەکان (نەگونجاوەکان) لەگەڵ (دەرخراوە) کانیانمان دەستنیشانکرد ، ئەنجامەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوە بوو :

[1] - ئەمەش لەبەر زیاتر بەکارهاتنی (ئاوەڵناو) , ئەو ئەنجامەی پێی دەگەین وردتر و ئاسانتر دەبێت " واتە (ئاوەڵناو) وەك (عینە) وەرگیراوە , ئەو ئەنجامانەی لە ئامارەکەدا پێیگەیشتووین ، دەتوانرێت بەسەر بەشەکانی تری زماندا (ناو ، کار ، ..) پراکتیك بکرێن .

[2] - ئاوەڵناوەکان لای هەر شاعیرێك لەم لاپەڕانەدا وەرمانگرتوون :

1 – دیوانی نالی ، مەلا عەبدولکەریم : ل (95 – 97 ) , ل (137 – 144 ) , ل (204 – 217 ) , ل (225 – 260 ) , (264 – 270 ) , (355 – 366 ) , (394 - 398) .

2 – دیوانی مەحوی , مەلا عەبدولکەریم : ل (3 – 5 ) , ل (25 – 27 ) , ل (49 – 51 ) , ل (72 – 74 ) , ل (74 – 76 ) , ل (125 – 127 ) , ل (130 – 132 ) , ل

| قۆناغ | شاعیر | ژمارەی ئاوەڵناوە جیاوازەکان | تێکڕا |
|---|---|---|---|
| کلاسیک | نالی | 3 | %5.6 |
| | مەحوی | 6 | |
| | حاجی | 8 | |
| [illegible] | گۆران | 16 | |

---

(137 – 142 ) , ل (167 – 170 ) , ل (220 – 222 ) , ل (228 – 230 ) , ل (270 – 272 ) .

3 – دیوانی حاجی , کەریم شارەزا و سەردار میران : ل (31 – 37 ) , ل (46 – 47 ) , ل (68) , ل (96 - 99) , ل (104 – 105 ) , ل (123) , ل (171 – 172 ) , ل (199 – 200 ) , ل (201 – 207 ) , ل (211 – 212 ) , ل (251 - 255) .

4 – گۆران , بەهەشت و یادگار : (ڕەوتێکی جوان " ل 3) , (نیاز " ل 34) .

گۆران ، سروشت و دەروون : (دارچوالەی پشکووتوو " ل9 ) .

گۆران ( دیوان) , محەمەدی مەلا کەریم : (گەشتی هەورامان : ل127 – 131 ) , (بێدارییەک " ل 181) .

5 – دیوانی دیلان , دیلان : (بۆ پۆڵدی " ل 18 – 20) , (ڕووناکی " ل 21 – 22) , (شیرین" ل 53 – 55 ) , (بۆ باڵدارەکان " ل 56) , (مامە کرنوو " ل 90 – 91 ) , (گەشتێ " ل 65 – 68) , (ڕەز " ل 132 – 133 ) .

6 - شێرکۆ , تریفە : (سێ هەڵبەستی تینوو " ل 23 – 26 ) , (تاسەی هیوام " ل 40 – 42 ) , (ئێوارەی خەمگین " ل 53 – 55 ) , (تەنیایی " ل 56 – 57 ) , (وەرام " ل 74 – 75 ) , (بۆ چاوە شینەکانی " ل 84 – 87 ) .

شێرکۆ , کەژاوەی گریان : (کەژاوەی گریان " ل 7 – 32 ) .

| | | | |
|---|---|---|---|
| | دیلان | 19 | %25.6 |
| | شێرکۆ | 42 | |

وەك لە خشتەکەدا دیارە ، ڕادەی لادان لە یاسای هەڵسپاردن لە زمانی ئاساییدا ، زۆر جیاوازە لە نێوانی زمانی شیعریی پەنجاکان و شەستەکان و شیعری کلاسیکیدا ، ئەم جیاوازییە نەك تەنها بە گوێرەی دوو قۆناغەکە ، بەڵکو ئەگەر بە پێی زنجیرەی مێژوویی بڕوانینە شاعیرەکان (لەسەرەوە بۆ خوارەوە) هەر شاعیرێك لەوەی پێش خۆی زیاتر پەنای بردۆتە بەر ئەم شێوە لادانە ، ئەمەش دیاردەیەکی پۆزەتیڤە لە شیعری کوردی بە گشتی و شیعری ئەم ماوەیەدا (1950 - 1970) بە تایبەتی ، چونکە ئەگەر هەر شاعیرێك وێنە شیعرییەکانی خۆی و شاعیرانی پێش خۆی وەکو خۆی دووبارە بکاتەوە ، شیعرەکانی لە بازنەیەکی سنوورداردا دەسووڕێنەوە و ناتوانێت هیچ جۆرە داهێنانێك بکات ، بە پێچەوانەشەوە پەنا بردنە بەر شێوەکانی لادان لە زمانی شیعرییدا ، دەبێتە هۆی دروست بوونی وێنەی شیعریی نوێ ، کە بەهۆیانەوە گوزارشت لە بیری نوێ دەکرێت .

بۆ ڕوونکردنەوەی جۆری ئاوەڵناوە جیاوازەکان " لە شیعری کوردی پەنجاکان و شەستەکاندا ، ئاماژە بەو ئاوەڵناوە جیاوازانە دەکەین ، کە لە ئامارەکەدا دەستنیشانمان کردوون(1) .

بۆ نەهێشتنی جیاوازی ئاوەڵناوە جیاوازەکان و دەستنیشانکردنی جۆری پلەی جیاوازییەکە ، (کە زۆربەیان لەسەر بنەمای لێکچواندن و خواستن بنیاتدەنرێن) ، بەدوای پەیوەندی نێوان واتای ڕاستەقینە و واتای دووری (دیارخەر)ەکە دەگەڕێین ، پێویستە واتاکانی

---

(1) - هەریەك لە واتاکانی (دیارخەر) و ( دیارخراو )ەکان ، لە ناو کایەی شیعرەکەدا لێکمان داوەتەوە ، نەك بە دابڕاویی .

دیارخەر و دەرخراوەکە شیبکەینەوە " یەکێك لەو واتا لاوەکییانە پەیوەندی و گونجانەکە دروست دەکەن ، واتە دۆزینەوەی ئەو واتایەی کە پاساوی لادانە زمانییەکە دەکات . دۆزینەوەی لایەنەکانی خواستن لەم کارەدا سوودی دەبێت .

بە کورتی " (دیارخەر)ەکە لەگەڵ (دیارخراو)ەکەدا ناگونجێت ، کە بە (جیاوازی) یان (لادان) دادەنرێت ، بەڵام لە ئەنجامی شیکردنەوەی واتاکانی هەر دوو لایەنی (هەڵسپاردن) ، بە تایبەتی واتا سیمانتیکییەکانی (دیارخەر)ەکە ، گونجانەکە دروست دەکرێت ، ئەمەش دەبێتە هۆی نەهێشتنی جیاوازییەکە .

دووری و نزیکی پەیوەندی نێوان واتای یەکەم (ئاشکرا) و واتای دووەم (شاراوە = مەبەستە ڕاستەقینەکە) ی دیارخەرەکە ، لە هەر (جیاوازی)یەکدا مەوداکەی دەگۆڕێت ، هەندێجار نزیکن لە یەکەوە و هەندێجاریش دوورن " (بەم شێوەیە دوو پلەی خواستن (یان جیاوازی = منافرە) دەستنیشان دەکەین ، ئەمەش بە پێی پەیوەندی نێوان دوو واتاکە " ئەگەر پەیوەندییەکە ناوەکی بوو " ئەوا جیاوازییەکە لە پلەی یەکەمدایە ، ئەگەریش پەیوەندییەکە دەرکی بوو " ئەوا (جیاوازی)یەکە لە پلەی دووەمدایە .) ﴿119 : 124 – 125﴾

***گۆران :***

-- (تەمی ڕەش و تاریك) گوزارشت لە ناخۆشی دەکەن ، کە لە ڕاستیدا ئاوەڵناوی (سپی) و (لێڵ) لەگەڵ تەمدا بەکاردێت .

-- (بێ نەغمە بوو باخچەی ژیانم) ، (ژیان) ناوێکی ئەبستراکتی یە و دەرخراوە ، (بێ نەغمە)ش دیارخەرەکەیە ، کە ناگونجێت لەگەڵیدا ، بەڵام چواندنی ژیان بە باخچە ،

دیارخەر و دەرخراوەکە لێك نزیك دەکاتەوە ، بەو واتایەی باخچە باڵندە و بولبولی لێیە و نەغمەی باخچەکەش ، واتە نەغمەی باڵندەکانی ناوی .

-- ئەو ئاوەڵناوانەی بۆ (ناو)ی ئەبستراکتی بەکاردەهێنرێن ، زۆربەیان نەگونجاون ، و زۆربەشیان لە پلەی دووەمدان ، چونکە ئاوەڵناو خۆی لە خۆیدا بۆ شتی مەتریالی بەکاردێت ، نەك ئەبستراکتی " وەك : (تەبیعەتم زەرد و ژاکاو ، بێ نەغمە بوو باغچەی ژیان، هیوا تاریك ، ئەندێشەی بێ بن ، ..)

ئەمەش هەندێك لە دەرخراوە مەتریالییەکان :

-- (لەرەی دەنگی شادمانی و نەشئەم خنکاو بوو) ، (دەنگ) دەرخراوە و (خنکاو) کە دیارخەرە ، ئاوەڵناوێکە بۆ زیندەوەر بەکاردێت ، لە واتا لاوەکییەکانی (نەمان و لە ناوچوون و فەوتان ..)ە ، کە ئەم واتایانەش لەگەڵ دەرخراوەکەی ئێرەدا دەگونجێت .

-- (ئاسمانی ڕەش) " لە واتا سیمانتکییەکانی دیارخەرەکە " گوزارشت لە (ناخۆشی) دەکات ، ئاسمانیش ئەگەر ڕەنگی ڕەش بێت (کە خۆی شینە) ، گوزارشت لە باری دەروونی یان ژیانی ناخۆشی شاعیر دەکات ، لە لایەکی تریشەوە واتای (ئاسمانی بێ ئەستێرە و مانگ) دەگەیەنێت ، کەواتە نزیکی لە نێوان هەردوو واتا دوور و نزیکەکەی (دیارخەر)ەکە هەیە .

-- (کۆمەڵە شاخێك سەخت و گەردن کەش) " ئاوەڵناوی (گەردن کەش) بۆ مرۆڤ بەکاردەهێنرێت ، یەکێك لە واتاکانی (پتەوی و ئەستووری وبەرزی)یە ، کە ئەمەش لەگەڵ دەرخراوەکەدا دەگونجێت .

-- (دار چوالەی نازدار) " خواستنی ئاوەڵناوی (نازدار) لە کچەوە بۆ (دار چوالە) ، ئەمە تەنیا لە خەیاڵی شاعیر خۆیدایە ، بۆ پیشاندانی جوانی و ناسکی دارچوالە ، واتە پەیوەندییەکە نیسبی یە ، دەکرێ بە پلەی یەکەم و دەشکرێت بە پلەی دووەمی دابنێین .

-- (چوالەی تارا سوور) " ئاوەڵناوی (تارا سوور) بۆ بووک بەکاردەهێنرێت ، بەڵام لێرەدا چوالە بە بووک چوێنراوە ، یاخود (تارای سوور) لە بووک خوازراوە بۆ دار چوالە ، واتای دووەمی دیارخەرەکە (هەڵاڵەی سوور)ە ، واتای یەکەم و دووەم لە ڕووی ڕەنگەوە وەك یەك وان " واتە لە پلەی یەکەمدایە .

-- (چاوم یاخی لە وەنەوز) " (یاخی) بوون واتە بە گژاچوونەوە ، چاویش نایەڵێت وەنەوزی تێ بچێت ، واتە بە گژیدا دەچێتەوە ، ئەمیش بە پلەی یەکەم دادەنرێت .

دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی " زۆربەی ئاوەڵناوە جیاوازەکانی (گۆران) بە پلەی یەکەمی (جیاوازی) دابنێین " ئەمەش شتێکی ئاساییە بەو پێیەی (گۆران) بناغە دارێژەری یاخی بوونی شیعری کوردی ئەم قۆناغەیە ، لەبەرئەوە هەم لە ڕووی ڕێژەی (جیاوازی) و هەم لە ڕووی پلەی جیاوازییەکەوە ، سەرەتای زمانە شیعرییە نوێیەکە پێشان دەدات .

***دیلان :***

لەو ئاوەڵناوە جیاوازانەی لەگەڵ ناوی ئەبستراکتیدا بەکارهاتوون :

-- (شەوگاری تاڵ) " (تاڵ) تامێکی ناخۆشە " واتە شەوگاری ناخۆش .

-- (ڕووناکی پاك) " لەم جۆرە نەگونجانەدا ، ناچارین بەدوای واتا لاوەکییە دوورەکانی دیارخەرەکەدا بگەڕێین ، تاوەکو پەیوەندییەك بدۆزینەوە .. یەکێك لە واتا لاوەکییەکان ئاوەڵناوی (پاك) سپی یەتییە ، کە ئەمە سیفەتێکی ڕووناکی یە . دەتوانین ئەم جیاوازییە لە پلەی دووەمدا دابنێین .

-- (ئامانجی زێڕین) " لە واتا سیمانتکییەکانی ئەم ئاوەڵناوە : (جوانی و درەوشانەوە و بە نرخی)یە ، کە ئەم واتایانە زیاتر لەگەڵ دەرخراوەکەدا دەگونجێن .

-- (هەست پلیشاوە) " (پلیشان) واتە گۆڕان و تێکچوونی تەواوەتی دۆخ و شێوە و قەبارەی تەنێك بەهۆی هێزێکی زۆرەوە ، کە بەتەواوی بوونی ئەو شتە دەگۆڕێت و لە نەبوون نزیك دەبێتەوە ، واتە لە نێوان بوون و نەبووندایە ، ڕەنگە ئەم واتایە تاڕادەیەك لەگەڵ (هەست) دا بگونجێت ، واتە جیاوازییەکە لە پلەی دووەمدایە .

لەو ئاوەڵناوە جیاوازانەیش ، کە لەگەڵ ناوی مەتریالیدا بەکارهاتوون :

-- (بەستەی قژکاڵ) " لە واتا لاوەکییەکانی (قژکاڵ) " (جوان)ە ، واتە بەستەی جوان ، مەودای دوو واتاکە تاڕادەیەك لە یەکەوە دوورن و دەشێت بە پلەی دووەمی دابنێین .

-- (وەنەوشەی ڕووشەنگ) " واتە وەنەوشەی جوان ، ئەمیش لە پلەی یەکەمدایە .

-- (وەنەوشەی گێژ) " لاسکی گوڵی وەنەوشە خواردەبێتەوە و گوڵەکەیشی شۆڕ دەبێتەوە ، (گێژ)یش ، بەو مرۆڤە (یان گیانلەبەرە) دەوترێت ، کە سەری کەچ و شۆڕە[1] ، ئەمیش لە پلەی یەکەمدایە .

-- (باڵی زێڕین) " درەوشەدار و بە نرخی دوو واتای لاوەکی (زێڕین)ن ، (باڵ)یش باڵی مەلی ئاواتە ، واتا لاوەکییەکانیش لەگەڵ ئاواتدا دەگونجێن ، کە ئەمیش بە (مەل) چوێنراوە و (باڵ)ەکەش هی ئەم مەلەیە .

---

[1] - وشەی (کەچ) و (کەژ) و (گێچ) و (گێژ) یەك وشەن و گۆڕانی فۆنۆلۆژیان بەسەردا هاتووە ، هەموویان بە واتای (خوار) دێن .

-- (بولبول شەوان بێدار) " ئاوەڵناوی (شەوان بێدار) لە مرۆڤەوە وەرگیراوە و دراوەتە بولبول ، مەبەست لەو بولبولانەیە ، کە بەشەودا دەخوێنن ، ، ئەمەش لە پلەی یەکەمی جیاوازیدایە .

-- (ڕەنگ شیرین) " یەکێك لە سیفەتەکانی هەستپێکراوەکانی هەستی چەشتن " (شیرین)ە ، کە سیفەتێکی (پۆزەتیڤە)ە ، چێژێکی خۆش دەبەخشێت و دەتوانین بە سەرەکی ترین سیفەتی هەستپێکراوی ئەم هەستەی دابنێین ، بەکارهێنانی ئەم ئاوەڵناوەش بۆ هەر هەستپێکراوێکی هەستەکانی تر " واتای پەسەندکردنی ئەم شتە دەگەیەنێت ، وەك : (خوێن و شیرین ، زمان و شیرین ، ڕەنگ و شیرین ، ڕوخسار شیرین ، ... هتد) ، بەڵام پەیوەندییە واتاییەکانی نێوان واتای یەکەم و دووەم بەوردی دەستنیشان ناکرێت ، لەبەرئەوە دەکرێت ئەم جۆرە ئاوەڵناوە جیاوازە بە پلەی دووەم دابنێین .

ئەم دیاردەیە لای ڕەمزییەکان پێی دەوترێت (هەستگۆڕکێ) " واتە (وەسفکردنی هەستپێکراوەکانی هەر هەستێك بە سیفەتەکانی هەستپێکراوەکانی هەستەکانی تر .) ﴿170 : 395﴾

-- (کۆڕی سوور) " واتە کۆڕی خەبات وتێکۆشان و شۆڕش " (خوێنڕژان و ئاگریش) ، لە واتاکانی ئەم کارەن ، کە هەردووکیان ڕەنگی سوورمان دێنێتە پێش چاو ، بەم جۆرە جیاوازییەکە لە پلەی دووەم دادەنرێت .

-- (بولبولی ناکام) " بولبول بە عاشقێك چوێنراوە ، کە بە (یار) نەگەیشتبێت ، یاری ئەمیش (گوڵ)ە ، واتە پەیوەندی لە نێوان واتای دووەمی دەرخراوەکە و دیارخەرەکەدا هەیە ، جیاوازییەکەش لە پلەی یەکەمدایە .

-- (هەناسە ڕەشە) " (ڕەش) ڕەنگی دووکەڵە ، واتە دەروونی گڕی سەندووە و دووکەڵی گڕەکە لەگەڵ هەناسەی دێتە دەرەوە ، پەیوەندی واتای یەکەم و دووەمی دیارخەرەکە زۆر بە تینە ، جیاوازییەکە لە پلەی یەکەم دادەنرێت .

-- (بانگ خنکاوە) " ئاوەڵناوەکە بۆ گیانلەبەرێك بەکاردێت ، کە هەناسەی لێ ببڕێت و بمرێت ، بانگیش بە بێ هەناسە نایەتەدەر ، واتە نەمانی بـانگ دەگەیـەنێت ، جیاوازییەکە لە پلەی یەکەمدایە .

***شێرکۆ :***

هەندێ لە ئاوەڵناوە جیاوازەکان ، کە لەگەڵ ناوە ئەبستراکتییەکاندا بەکارهاتوون :

-- (شەوگار تاڵە) " لە پلەی دووەمدایە . {لای دیلان ئاماژەی پێکر}

-- (خەم خۆشەویستە) " ئەم ئاوەڵناوە دوو جار جیاوازە " جارێکیان بەوەی کە لەگەڵ ناوێکی ئەبستراکتیدا بەکارهاتووە ، دووەمیش لەبەرئەوەی (خەم) ڕۆڵی نێگەتیڤی لە ژیاندا هەیە و (خۆشەویست)یش ئاوەڵناوێکی (پۆزەتیڤ)ە .

-- (دڵی کاس و وڕ) " لە ڕاستیدا ئاوەڵناوەکە بۆ (سەر و گوێ) بەکاردێت ، (کاس و وڕ) ئەنجامی خەم و تێکچوونی باری دەروونییە ، (دڵ)یش بە واتا ئەبـستراکتییەکەی بەکارهاتووە " واتای (هۆش و ئەقڵ و دەروون) دەگەیەنێت ، بەمەش پەیوەندییەك لە نێوانیاندا دروست دەبێت " بەڵام هەردوو لایەنەکەی (هەڵسپاردن) ، واتای دووەمیان بەشداری لەم پەیوەندیی و گونجانەدا دەکات ، واتە مەودای پەیوەندیەکە دوورە .

-- (نووسین لاڵە) " (لاڵ) نەبوونی توانای قسەکردنە، نووسینیش کاری قسەکردنە بە وێنە و هێما لەسەر کاغەز ، واتە پەیوەندییەکە لە نێوان واتای دووەمی (دەرخراو) و (دیارخەر)ەکەدایە ، لەبەرئەوە دەتوانین لە پلەی یەکەمی دابنێین .

-- (دەم ... داخراو) و (دڵ تینوو) " دەگەڕێنەوە بۆ (دەروون) " یەکەمیان نەبوونی توانای گوزارشتکردن دەگەیەنێت ، دەروونیش پێویستی بە گوزارشتکردنە ، دووەمیش (دڵ تینوو) ئاوەڵناوێکی لێکدراوە و خۆی لە خۆیدا جیاوازە ، لەبەرئەوە هەردوو ئاوەڵناوە جیاوازەکە لە پلەی دووەمدان .

-- (واق وڕ) و (سەرسام) " بۆ (دەروون) بەکارهێنراون ، هەردووکیان گوزارشت لە تێکچوون و شڵەژان و و ناسروشتی بوونی دەروون دەکەن " کەواتە بە پلەی دووەم دادەنرێن.

-- (سەرنجی وێڵ) و (سەرنجم ون) " (سەرنج) کاری ووردبوونەوە و بینینە بۆ شتێك (یان چەند شتێك)ی دیاریکراو و مەبەست ، (وێڵ) و (ون)یش ، مانای نەدۆزینـەوەی مەبەست دەگەیەنن ، کەواتە واتا شاراوەکانیان جۆرە پەیوەندییەکی تیادا دروستدەبێت.

-- (ئاواتی دڵ قەشەنگ) و (هیوای نازدار) " (قەشەنگ و نازدار) دوو ئاوەڵناوی پۆزەتیڤن ، بۆ پیشاندانی پۆزەتیڤیی (ئاوات) و (هیوا) بەکارهاتوون ، چونکە دەشێت کەسێك ئاواتێکی (یان هیوایەکی) نێگەتیڤی هەبێت لە ژیاندا ، وەك : (ئاواتی مردن دەخوازم ، بە هیوای مردنم ..) .

-- (گیانی ڕووناك) " (گیان)ی هەر کەسێك ئەو کاتەی پڕ دەبێت لە هیوا و ئاوات ، ئەو کەسە گەشبین دەبێت ، ئەمەش واتای دووەمی ڕووناکی یە " واتە جیاوازییەکە لە پلەی دووەمدایە .

-- (خۆزگەی نێژراو) " (خۆزگە) ئەو ئارەزووانەی مرۆڤە ، کە دەیەوێت لە داهاتوودا بێنەدی ، کاتێك مرۆڤ دەمرێت و لە ناو خاکدا دەنێژرێت ، ئەم ئارەزووانەیش لەگەڵیدا دەنێژرێن ، واتە ئاوەڵناوەکە لەگەڵ خاوەنی (خۆزگە)کەدا دەگونجێت ، واتە مـەودای پەیوەندییەکە نزیکە .

-- (ئاواتی دڵ نەترووکاو) ، (ترووکان) بۆ هێلکە بەکاردێت ، ئامانجی هێلکە ترووکان و دروست بوونی گیانلەبەرێکە ، ئامانجی ئاواتیش هاتنەدیبەتی "واتە هاتنیەتی بۆ ناو (واقیع). لێکچوونێك لە نێوان هێلکە و ئاواتدا هەیە لە گەشەکردن و گەیشتن بە ئەنجام ، لەبەرئەوەش (نەترووکاو) لە هێلکەوە خواستراوە بۆ (ئاوات) ، واتە بە ئەنجام نەگەیشتنی ئاواتەکان ، بەمەش جیاوازییەکە نزیك دەبێتەوە و بە پلەی یەکەم دەژمێردرێت .

ئینجا با سەرنجێك لە ئاوەڵناوە جیاوازەکان بدەین کە لەگەڵ ناوی مەتریالیدا بەکارهاتوون :

-- (هەوری پەستی زەبوون) " لێکچوونێك لە نێوان (هەور) و (خەفەت)دا هەیە ، ئەنجامی (هەور) " (باران)ە و ئەنجامی (خەفەت)یش (گریان)ە ، واتە شڵەژانی باری دەروونی مرۆڤ ، هەردوو ئاوەڵناوی (پەست) و (زەبوون)یش گوزارشت لەم بارە دەروونییە دەکەن ، واتە ئاوەڵناوەکان لەگەڵ واتای شاراوەی (هەور)دا دەگونجێن ، لەبەرئەوە لە پلەی دووەم دادەنرێن .

-- (ڕێی ڕەش) " ڕەنگی (ڕەش) هەمیشە وەك ڕەمزێك بۆ لایەنە نێگەتیڤەکانی ژیان بەکاردێت ، مەبەست لە (ڕێ)یش " ڕێگای ژیانە بۆ گەیشتن بە هیوا و ئاواتەکانی مرۆڤ ، کاتێك ئەم ڕێیە تاریك و نادیار بێت و گەیشتن بە ئاواتەکان ئەستەم بێت " وەك لە دەقە شیعرییەکەدا دیارە ، ئاوەڵناوی (ڕەش) لەگەڵیدا دەگونجێت .

-- (بەهاری شۆخ و شەنگ) " ئاوەڵناوەکە لەگەڵ (کچ) یان (بووك)دا دەگونجێت ، نەك لەگەڵ بەهاردا ، بەڵام بە دوو شێوە دەتوانین گونجانەکە دروست بکەین : یەکێکیان ، بەهار چوێنراوە بە (کچ) ، واتە لەگەڵ واتای دووەمی بەهاردا دەگونجێت ، دووەمیشیان ، هاوواتای ئاوەڵناوەکە (جوان)ە ، کە ئەم واتایەیان لەگەڵ بەهاردا دەگونجێت .

-- (هەنگی دڵدار) " (دڵدار) دەمی یارەکەی هەڵدەمژێت و هەنگیش شیلەی گوڵ " (کە لە شیعرکەدا بە یار دەچوێنرێت) . لە ڕاستیدا مەودای نێوان واتای ڕاستەقینە و واتای شاراوەکە دوورە ، بەڵام بەهۆی زۆر بەکارهێنانی ئەم جۆرە وێنەیە لە شیعردا ، مەوداکە نزیك بۆتەوە و دەتوانین بیخەینە ناو پلەی یەکەمی جیاوازی .

-- (ئەستێرەی شیرین) " واتە ئەستێرەی خۆشەویست ، هەردوو ئاوەڵناوەکە پۆزەتیڤن و لە یەکەوە نزیکن ، جیاوازییەکە لە پلەی یەکەمدایە .

-- کۆمەڵێك ئاوەڵناوی نەفی داڕێژراو بەهۆی پێشگری (بێ)وە ، چوونەتە پاڵ چەند ناوێك و شێوەیەکی ناتەواوی لێ دروست کردووە ، واتە ئاوەڵناوەکان و ناوەکان پێکەوە ناگونجێن و چەند وێنەیەکی نەگونجاویان دروست کردووە " وەك : (باخ بێ گوڵ ، درەخت بێ لق و چڵ ، ژووری بێ بن میچ ، زەوی بێ ئاو ، کچ بێ قژ ، قژ بێ سەر ، کۆتر بێ باڵ ، باڵ بێ پەڕ ، شار و گوندی کوردستان بێ هەتاو ، تەرمی بێ لاشە) ، لە ناو کایە شیعرییەکەدا گوزارشت لە بارێکی نائاسایی ژیان دەکەن " واتە کایە شیعرییەکە پاساوی ئەم نەگونجاندنانە دەکات " بەڵام جیاوازییەکان هەموویان لە پلەی یەکەمدان .

هەندێجار ئاوەڵناوێك لەگەڵ (دەرخراو)ەکەدا ناگونجێت ، بەڵام وشەیەك یان گوزارشتێك نەگونجاندنەکە دەستنیشان دەکات و بەمەش جیاوازییەکە کەم دەکاتەوە (یان هەر نایهێڵێت) " وەك : ((پیرەمێرد بە بازوو لاو .))، یان زۆر جار لێکچوواندنەکان جیاوازییەکان ناهێڵن " وەك :

شیرینەکەم . . ئەمشەو **ژیان**

وەك ماڵەکەم **چۆڵ و تارە** ﴿56:32﴾

واتە ئاوەڵناوەکە بە گوێرەی (لێچوو = ژیان) جیاوازە ، بەڵام بە گوێرەی (لەوچوو = ماڵەکەم) گونجاوە ، بەمەش مەودای جیاوازییەکە ئەوەندە لێك نزیك دەکاتەوە ، ناتوانین بە جیاوازی دابنێین ، هەر ئەم هۆیەشە زۆربەی جیاوازییەکانی ناو شیعری کلاسیکی گونجاندووە ، چونکە جیاوازی و لادان لەگەڵ تایبەتییە سەرەکییەکانی کلاسیکدا ناگونجێت ، وەك : (لاسایی کردنەوە و سەروەری لۆژیك) .

بە پێی شیکردنەوەی نموونەکانی پێشەوە لای هەر سێ شاعیرەکەی ئەم قۆناغە ، ڕوون بوویەوە کە تاچ ڕادەیەك ڕێژەی لادان و جیاوازی بوون و یاخی بوون لە زمانی شیعری ئەم سەردەمەدا ، ڕووی لە زیادبوون کردووە .

لە نێوان ئەو سێ شاعیرەی بە نموونە وەرمانگرتوون : ڕادەی ئاوەڵناوە جیاوازەکان لەلای (دیلان) بەرزترە لە (گۆران) و ، لای (شێرکۆ)یش بەرزترێکە لە (دیلان) " لە لای شێرکۆ زۆر لە (دەرخراو)ەکان ئەبستراکتین ، کە زۆربەیان لە پلەی دووی جیاوازییەکەدان ، تەنانەت (دەرخراو)ە مەترياليیەکانیش هەندێکیان لە پلەی دوودان و پلە یەکەکانیش مەوداکانیان مامناوەندی یە (نە زۆر نزیك و نە زۆر دوورن لە یەکتری) .

### ب — (***دەستنیشانکردن***) :

واتە دیاریکردنی ئەو شتەی لە ناو کۆمەڵێك شتدا مەبەستمانە " ئەم کارەیش بە (زیادکردنی وشەیەك یان چەند وشەیەکی تر بۆ ناوی ڕەگەزەکە دەبێت " ئەم وشە زیادکراوانەیش پێیان دەڵێن ***دەستنیشانکەر***) ﴿119 : 132﴾" ئەمەش یەکێکە لە پێوەرەکانی زمانی ئاسایی ، لادانیش لەم پێوەرە " شێوەیەکە لە شێوەکانی لادانی واتایی .

هەروەك لە شێوەکەی پێشوودا (هەڵسپاردن) " لێرەشدا ئاوەڵناومان بەنموونە وەرگرت لەبەر هەمان هۆ ، کە لەوێ دەستنیشانمانکرد ..

(ئاوەڵناو) تاوەكو ئەركی خۆی ببێنێت " پێویستە :

1 – بەسەر بەشێكی ناوەكەدا جێبەجێ ببێت .

2 – بەسەر بەشەكانی تری ناوەكەدا جێبەجێ نەبێت .

ئەگەر لەگەڵ هیچ جۆرێكیان نەگونجا ، یان لەگەڵ هەموویاندا گونجا ، ئەوە بە (ناوێزە) دادەنرێت . ﴿135 : 119﴾

(كامەران) دەڵێت :

***قژی خاو ، قژی زەردی كاڵ***

***گەردنی ناسك ، كوڵمی ئاڵ*** ﴿66 : 51﴾

(قژ) وەك ڕەگەزێك چەند جۆرێكی هەیە ، ئاوەڵناوی (خاو) بەسەر هەندێكیان جێ بەجێ دەبێت، بەڵام هەموو (قژ)ێك سیفەتی خاویی نییە، واتە سیفەتەكە بۆ هەموو جۆرەكانی ڕەگەزەكە ناشێت. (ناسك)یش بە گوێرەی (گەردن) و (ئاڵ)یش بە گوێرەی (كوڵم) هەمان شتن، بەسەر بەشێكی ڕەگەزەكاندا دەشێن و بەسەر بەشێكیاندا ناشێن " واتە ئاوەڵناوەكانی ناو ئەم دێڕە شیعرە، ئەركی ئاسایی خۆیان (وەك ئاوەڵناوێك) بەجێ هێناوە، نەوەك ئەركێكی شیعریی.

بەڵام (ناوێزەكان) " ئەو ئاوەڵناوانەن ئەركی سروشتی خۆیان (واتە دەستنیشانكردن)، جێبەجێ ناكەن و بەشێوەیەك لە شێوەكانی لادانی واتایی دادەنرێن " لە باری یەكەمدا " كە لەگەڵ هیچ جۆرێكی ئەو ناوەدا نەگونجێت، بە (جیاوازی) ناو دەبرێت كە بەلادانێكی بەهێز دادەنرێت، ئەمەش لە شێوەی یەكەمی لادانی واتاییدا ئاماژەمان پێدا. بەڵام لە باری دووەمدا " كە لەگەڵ هەموو جۆرەكانی ئەو ناوەدا دەگونجێت، بە(حشو) ناودەبرێت و بەلادانێكی بێ هێز دادەنرێت " بۆ نموونە (ع. ح . ب) دەڵێت :

دەورم بەفری سپی و سۆڵە

هەڕەشەی بای گرجوگۆڵە ﴿119 : 40﴾

ئاوەڵناوی (سپی و سۆڵ) لەگەڵ هەموو جۆرە بەفرێکدا دەگونجێت، هیچ جۆرە (بەفر)ێکی تر نییە، ئەم ئاوەڵناوەی لەگەڵدا نەسازێت.

هەر بەپێی ئەو (سەد) ئاوەڵناوانەی لە ئامارەکەی پێشوودا لای شاعیرەکانی هەردوو قۆناغەکە دەستنیشانمان کردبوون ، ئەو ئاوەڵناوانەی لە جۆری (حشو) بوون ، لای هەر شاعیرێك جیامان کردەوە و ئەنجامەکان بەم شێوەیە بوو ، کە لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەبینرێت:

| قۆناغ | شاعیر | ژمارەی ئاوەڵناوی (حشو) | تێکڕا |
|---|---|---|---|
| کلاسیك | نالی | 3 | %5.3 |
| | مەحوی | 9 | |
| | حاجی | 4 | |
| سالأنی پەنجاکان و شەستەکان | گۆران | 10 | %12 |
| | دیلان | 19 | |
| | شێرکۆ | 7 | |

وەك لە خشتەکەدا دیارە " مەودای جیاوازی نێوان شیعری کلاسیکی و شیعری سالأنی پەنجاکان و شەستەکان، لە ڕووی بەکارهێنانی ئاوەڵناوی (حشو) ئەوەندە زۆر نییە بە بەراوردکردنی لەگەڵ بەکارهێنانی ئاوەڵناوی(جیاواز)، هەرچەندە لە شیعری قۆناغی دووەمدا

ڕێژەکەی نزیکەی دوو ئەوەندە زیاترێکە لە قۆناغی کلاسیك. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی " ئاوەڵناوی (حشو) بەلادانێکی بێ هێز دەژمێردرێت، تەنانەت لای هەندێ شاعیر " هەندێجار لەبەر پڕکردنەوەی کێشی شیعرەکە بەکاردەهێنرێت، لەم بارەشدا ڕۆڵی نێگەتیڤی دەبێت لەسەر زمانی شیعریی دەقەکە، لەبەرئەوە بەشێوەیەکی (تاڕادەیەك) ئاسایی لە هەردوو قۆناغەکەدا بەکارهاتووە تەنانەت ئەگەر بە پێی شاعیر بەراورد بکەین، دەبینین ڕێژەکە لای هەندێ شاعیری کلاسیك بەرزترێکە لە چاو هەندێ شاعیری قۆناغە نوێیەکە.

دەتوانین دوو جۆر لە (ئاوەڵناوی حشو) جیابکەینەوە ﴿119 : 139﴾، کە بە پێی ناو (دەرخراو)ەکە دەگۆڕێت " ئایا ناوی (ڕەگەز)ە ، یان ناوی (تایبەت)ە " بۆ جیاکردنەوەی هەردوو جۆری ئاوەڵناوە (حشو)ەکانی شیعری ئەم ماوەیە، هەوڵدەدەین ئەوانەی شاعیرەکان بەکاریان هێناوە (بەپێی ئامارەکە) ، شیبکەینەوە و دەستنیشانیان بکەین.

1 – ***ناوی ڕەگەز*** : لێرەدا ناوەکە ئاماژە بە (پۆل) یان (جۆر) دەکات ، ئاوەڵناوەکەش بەسەر تەواوی ئەم جۆرەدا جێ بەجێ دەبێت ، ئەو ئاوەڵناوە(حشو)انەیش دەچنە ناو ئەم جۆرەوە ، لای هەر شاعیرێك چەند نموونەیەکیان وەردەگرین:

***گۆران :***

-- (بەرۆچکەی گەرم) " بەرۆچکە (یان بەر ڕۆژ) ، ئەو جێگایەیە هەتاو لێی دەدات ، کە لە ئاوەڵناوی (گەرم) جیانابێتەوە ، واتە ئاوەڵناوەکە بۆ دەستنیشانکردنی هەندێ شوێنی (بەرۆچکە) نەهاتووە ، کە گەرم بێت ، جیای بکاتەوە لەوانەی گەرم نین .

-- (مێرگی سەوزی دەمەو بەهار) " هەموو جۆرە (مێرگ)ێك سەوزە، بەتایبەتی كە بە (دەمە و بەهار) كاتەكەی دەستنیشان كردووە ، هێنانەوەی ئەم ئاوەڵناوە زیادەیە و بە (حشو) دادەنرێت[1] .

-- (بەفری زۆر سپی) " هەموو بەفرێك ڕەنگی سپی یە ، بەڵام لێرەدا ئاوەڵناوی (حشو) بەكارهێنراوە بۆی ، كە بە لابردنیان هیچ لە واتای ڕاستەقینەی (بەفر) ناگۆڕێت ، واتە پرسیار لە ڕەنگی بەفرەكە ناكەین ، چونكە ئەمە پێشتر یەكلابۆتەوە .

-- (سنەوبەری سەوز) " (دار سنەوبەر) بە هەمیشە سەوزی ناسراوە ، واتە ئەم ئاوەڵناوەی لەگەڵ بەكاربهێنریت یان نەهێنریت ، هیچ پرسیارێك دروست ناكات لە بارەی ڕەنگی (سنەوبەر)ەوە .

***دیلان :***

-- (گوڵاڵەی ئاڵ) و (گوڵاڵەی سوور) " ئەو دوو ئاوەڵناوە بۆ هەموو جۆرێكی گوڵاڵە بەكاردێن ، هیچ جۆرێكی تر نییە سیفەتی (ئاڵ) و (سوور)ی نەبێت .

-- كۆمەڵێك ئاوەڵناوی وەك : (بێ گیان، بێ زمان، ..) ، بۆ سێ ڕەگەز بەكارهێناوە: (پەروانە ، گوڵ خەندەران ، گوڵە بەڕۆژە) ، كە واتای سیمانتیكیی ئەو ناوانەن و بەسەر تەواوی هەر یەك لەو ڕەگەزانەدا جێ بەجێ دەبن ، لەبەرئەوە بە (زیادە)یەكی درێژە پێدراو دادەنرێن.

---

[1] - مەبەستمان لە ( زیادە و پێویست ناكات) ، بە پێی زمانی ئاساییە ، چونكە وەك ئاماژەمان پێدا ئەم شێوەیە لادانە لە زمانی ئاسایی .

-- (ئەستێرەی دوور)، ئەستێرەکان لە ڕووی دووری و نزیکییەوە دەکرێت بە گوێرەی یەکتری بەراورد بکرێن ، بەڵام بە گوێرەی مرۆڤ هەموویان دوورن، لەبەرئەوە بە ئاوەڵناوێکی حشو دادەنرێت.

-- (بای شەماڵ نەرم) " واتای فەرهەنگیی (شەماڵ) " (بایەکی نەرم و فێنکە) ، واتە ئەگەر نەرم نەبێت ئەوا بە شەماڵ دانانرێت، لەبەرئەوە ئاوەڵناوەکە بە (زیادە) دادەنرێت.

-- (ئەی گوڵەکەی ڕەنگ پەمەیی سەر داری ژاڵە) " ئەگەر (گوڵی ڕەنگ پەمەیی) بە تەنیا بەکاربهاتایە، ئەوا ئاوەڵناوەکە (پەمەیی) ئەرکی دەستنیشانکردنی دەبینی، چونکە چەندین جۆرە گوڵی ڕەنگاو ڕەنگ هەیە، بەڵام لێرەدا گوڵەکە دەستنیشانکراوە، کە گوڵی ژاڵەیە، ئیتر پێویست بەدووبارە دەستنیشانکردنی ڕەنگەکەی ناکات، چونکە گوڵی ژاڵە ڕەنگەکەی ناسراوە و هەر ئەو جۆرەیش هەیە.

**شێرکۆ :**

-- (بەهار گەڵای سەوزی وەری) " بە شێوەیەکی گشتی لە بەهاردا گەڵا سەوزە، پێویستی بەدەستنیشانکردنی ڕەنگەکەی نییە، واتە (بەهار) ئەرکی دەستنیشانکردنەکەی بینیوە.

-- (شەوی تار)، هەموو شەوێك تاریکە، ئەگەر وا نەبێت بە (مانگە شەو) ناودەبرێت، واتە (تار) ئاوەڵناوێکی (زیادە)یە.

-- (شیلەی شیرین) " ناوی (شیلە) لە زمانی کوردیدا لە بنەڕەتدا هەر لە (شیرین)ەوە هاتووە، واتە ئاوەڵناوەکە ئەوەندە لە ناوەکەوە نزیکە، لەگەڵ ناوهێنانیدا ئاوەڵناوەکەش لەگەڵ خۆیدا دێنێتە هۆشی گوێگر، لەبەرئەوە هیچ پێویست بە دەستنیشانکردن ناکات.

-- (بەفری سارد) ، ساردی بەفر پێشتر یەکلا کراوەتەوە و پێویست ناکات بهێنرێتە گۆڕێ.

2 — *ناوی تایبەتی (علم)* : لەو جۆرە ناوانەدا، کە ئاماژە بە (تاك) دەکات و دابەش ناکرێت، دەستنیشانکردن هیچ سوودی نییە، چونکە پێشتر جێ بەجێ بووە و یەکلا کراوەتەوە.

لە ناو ئاوەڵناوە (حشو)ەکانی لای ئەو سێ شاعیرە دەستنیشانمان کردن، تەنیا نموونەیەکی ئەم جۆرە (حشو)ەمان بەرچاو کەوت ، کە لای هەر سێ شاعیر دووبارەبۆتەوە " ئەویش (ئاسمانی شین)ە، (ئاسمان) ناوێکی تایبەتی یە و هەر (یەك) ئاسمان هەیە و دابەشی چەند جۆرێك نابێت، هەر ئاوەڵناوێکی بۆ بەکاربهێنین ، هەمان ئاسمان دەگرێتەوە و بە ئاوەڵناوێکی (حشو) دادەنرێت.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم جۆرە (حشو)ە، نموونەیەکی (کامەران) دەهێنینەوە:

(کامل) : ئەی کوڕە شەنگەکە

(کامل) : لاوە بێ دەنگەکە ﴿51 : 88﴾

(کامل) " ناوێکی تایبەتی یە بۆ کەسێکی دیاریکراو، لەبەرئەوە هەردوو ئاوەڵناوی (شەنگ) و (بێ دەنگ) ئەرکی دەستنیشانکردنیان نەبینیوە و بە (حشو) دادەنرێن.

شێوەیەکی تر لە دەستنیشانکردن هەیە ، کە (جێسپێرسەن) ناوی (ئاماژەکان = shifters)ی لێدەنێت و بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: (جۆرە وشەیەکە "بەپێی جێگای بەکارهێنانی، واتاکەی دەگۆڕێت) ﴿119 : 150﴾، نموونەش وەك : ڕاناوەکان و ئاوەڵفرمانی کاتی و شوێنی و کاتەکانی فرمان .. ، ڕاناوێکی سەربەخۆی وەك (من) ئاماژە بە کەسێکی دیاریکراو دەکات کە (قسەکەر)ە ، یان ئاوەڵگوزارەی کاتی (ئەمڕۆ) واتای ئەو ڕۆژەیە کە قسەکەی تێدا دەکرێت، بەڵام لە زمانی شیعریدا ئەم پێویستیانە لەبەرچاو ناگیرێت. لە کاتێکدا

ئـەم جـۆرە وشـانە لـە زمـانی ئاسـاییدا ئـەرکیان دەستنیـشانکردنە، جا چ بـۆ (کـەس) یـان (شـت) یـان (کـات) یـان (شـوێن) بێـت " دەشـێت لـە شـیعردا ئەرکەکـەیان بـۆ دەستنیـشان نـەکردن بگۆڕێـت " واتـە ئەو کاتە ئەم وشانە ئەرکی شیعریی دەبینن، کە ڕۆڵی دەستنیشانکردنیان نەبێت.

بۆ هەر یەکێك لەو ئاماژانەی ئەرکی شیعریی دەبینن ، نموونە لە شیعری ئەم ماوەیەدا دەهێنینەوە بۆ ئەوانەش ئەرکی ئاسایی خۆیان دەبینن پێویست بە نموونە ناکات:

-- (من) :

بت پەرست نیم .
نابم و نیم ...
کابرایەکی ڕووت و برسیم ،
ناساخ ، گیرۆدەی نەزانیم
بۆ بەرگ و ناومالْ پەڕپووتم
بۆ خۆم ئەویٚ بەری جووتم ،
بڕوای من بە سبەینێ یە
مژدەی ڕزگاریمی پیٚ یە .. (گۆران) ﴿61 : 283 - 284﴾

لێرەدا ڕاناوی سەربەخۆی کەسی یەکەمی تاکی (من) و ڕاناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاك (م) ، دەنگی کۆمەڵە کەسێکی نادیارە ، نەك تەنیا یەکێك .

-- (تۆ) :

(کەریم شارەزا) شیعرێکی بەناونیشانی (تۆ) نووسیوە ، کە تیایدا دەڵێت :

بۆ پێم ناڵێ ی تۆ ، تۆ چی ، تۆ انسانی ؟ !

یا فریشتەی بەهەشتی جـــاویـــدانــــی ؟ !

یا پەیکەری ڤینۆسی ؟ خوای جوانــــی ؟

تۆ کام وێنەی ؟ دەسکاری کام فەننانی ؟

یا کام نیگای بەهاداری ژیـــــــانــــــی ؟ ! !

﴿57 : 38 - 39﴾

بەڵام کەسەکەی شیعرەکەی ئاڕاستەکراوە، نادیارە و دەشێت بۆ کچێکی خەیاڵی، یان بۆ هەر کچێك بێت کە شاعیر یان خوێنەر مەبەستی بێت، ئەم هۆیەشە شیعر لـە (تایبەتی)یەوە بەرەو (گشتی) دەبات .

یان (پیرباڵ مەحموود) لە شیعری (بۆ تەنهایی) دا [ 11 : 40 - 41﴾، ڕاناوی (تۆ)ی بەکارهێناوە، کە مەبەستی خۆیەتی (لە شێوەی مۆنۆلۆگدایـە)، ئەمـە دیاردەیەکی تازەیە، تەنانەت لە شیعری ئەو ماوەیەشدا دەگمەنە.

-- (**ئەو**) : وەك لەم شیعرەی (دیلان) دا :

ئەو کەسەی دەستی ئەنایە بین و قوڕگی ئەو گوڵە

چنگی خوێناوی ئەنایە نـــاو دڵــە پڕ ژانــەکــەم

ئێمە ئارەق ڕشتن و بازوو وەشاندن ، بێ خـــەوی

ئەو گڕ و پشکۆی ئەخستە ژێر بنی خەرمانەکەم ﴿75 : 91﴾

ڕاناوی (ئەو) ، مەبەست لە هەموو ئەو کەسانەیە دژی ژیانن (بەتایبەتی ژیانی میللەتی کورد) ، جا چ بێگانە بن یان خۆمانە .

-- ( ئێمە ) :

(شێرکۆ) لە شیعری (لە گۆڤارێکی بێگانەدا) ، باس لە (وتار)ێکی نادیار لە (گۆڤار)ێکی نادیارو وڵاتێکی نادیاردا دەکات، لەبەرئەوە هەموو ڕاناوەکان (نادیارن) و ئاماژە بە کەسی دیاریکراو ناکەن:

ئینجا ئەڵێ : پێش ئەوەی ، بەلەش ڕاپەڕین

ئێمە بە گیان ڕاپەڕی بووین ..

یان بەر لەوەی سەنگەر بگرین ،

ئێمە زیندوو .

خوێنمان ، لە ناو لەپی دەستا هەلگرتبوو ﴿33 : 85﴾

-- ( ئێوە ) : (ع . ح . ب) دەڵێت :

سڵاو لە ئێوەی ئازا

ئێوەی ئاخنراوی هونەر

ئێوەی قاڵ بووی ئێش و سزا

ئێوەی بۆ ئاشتی تێکۆشەر ﴿130 : 40 F﴾

لە هەر چوار لەتەکەدا ڕاناوی (ئێوە) بۆ کۆمەڵە کەسێکی دەستنیشان نەکراو بەکارهێناوە ، کە لە ڕێگای چەند ئاوەڵناوێکەوە هەوڵی دەستنیشانکردنیان دەدات .

**-- ( ئەوان ) :**

(جەوهەر غەمگین) لە شیعری (کوردە) پاش سوێند خواردنێکی درێژ بە (کوردستان و مێژووی کورد و چەکوشی کاوە و زەردەشت و کچانی کورد و تازە لاوان و ..) ، دەڵێت :

ئەبێ هەوڵدەم منیش وەك ئەوان

یا سەر ئەکەوم یا دائەنێم گیـــــان ﴿ 18 : 38﴾

ڕاناوی (ئەوان) ئەرکی دەستنیشانکردنی نەبینیوە " ئەگەر مەبەست لە (ئەوان) تەنیا (کچان و لاوانی) کوردیش بێت ، دیسانەوە کەسانێکی دەستنیشانکراو نین .

**-- ( کاری ڕابردوو ) :**

(کامەران) لە (ئەستێرە و مەل و خەزان)دا ، لە هەموو ڕستەکاندا کاری ڕابردووی بەکارهێناوە ، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو دیاردانەی وێنەی کێشاون دەشێت لە هەموو کاتێکدا ڕوودەن لە (ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو)دا :

ئەو گوڵەی خەزان ، وەرانی و نەمرد

ئەو دڵەی ، ناسۆر ، لە هیوای نەکرد ﴿64:51﴾

**-- ( کاری ڕانەبردوو ) :**

(شێركۆ) وەسفی هۆنراوەكانی خۆی دەكات ، سێ كاری ڕانەبردووی بەكارهێناوە ، دەشێت ئەو كارانە لە هەر كاتێكدا ڕووبدەن ، یان ڕوویان دابێت :

هۆنراوەكانم ، پەپوولەن

بە شوێن وشەی دڵا ئەفڕن

گەڕا ، لە ناو گیانا ئەخەن

لە دەروونا وچان ئەگرن ﴿5 : 32﴾

-- ( **ئاوەڵفرمانی كاتی** ) : (هەردی) دەڵێت :

**ئەمڕۆ** دڵی بێچارە ئەبەی ئەی خەنە ناو داو

نایزانێ **سبەینێ** ئەكەوی سەركز ودامـاو ﴿24:4﴾

یان هەر لەو شیعرەدا دەڵێت :

مەڕوانەرە **ئەمڕۆ** كە بە ڕوومەت گوڵی تاكی

بڕوانە **سبەینێ** كە لە نـاو دامـەنی خـاكی ﴿24:4﴾

لەم دوو دێڕە شیعرەی سەرەوەدا دوو ئاوەڵفرمانی كاتی بەكارهاتووە :

(ئەمڕۆ) " مەبەست لەو سەردەمەیە كە كچەكە (یان هەر كەسێك) تیایدا جوانە -(لاوە ، گەنجە) ، نەوەك ئەو ڕۆژەی شیعرەكەی تیادا وتراوە .

(سبەینێ) " یان (بەیانی) ڕۆژێك دوای ڕۆژی قسەكردنە ، بەڵام لێرەدا مەبەست داهاتووە ، كاتێكی دەستنیشان نەكراوە " ئەو كاتەیە كە كچەكە (پیر) یان (ناشیرین) دەبێت .

-- ( **ئاوەڵفرمانی شوێنی** ) : (دڵزار) لەم شیعرەدا :

لە بن چڵی چناران

لە ژێر سایەی هەناران

لە دەم باخ و ڕووباران

پۆلی نیگاران

*     *

وەك گوڵاڵە پەخشانن ﴿ 24 : 59 ﴾

سێ ئاوەڵفرمانی شوێنی بەکارهێناوە ، بەڵام هیچیان دەستنیشانی شوێنی دیاریکراو ناکەن .

-- **جۆرێکی تری** دەستنیشان نەکردن لە ئاماژەکاندا " لە ناوی (تایبەتی)دا ڕوودەدات ، لە کاتێکدا ناوی تایبەتی بۆ کەسێکی (یان شتێکی ، یان شوێنێکی) دیاریکراو بەکاردێت ، بەڵام هەندێجار لە شیعردا ، کەسەکە (یان شتەکە) دیار نییە، بۆ نموونە لە شیعری کوردیدا زۆر جار ناوی وەك (شیرین ، نازدار ، ... هتد) بەکاردێت ، کە مەبەست لە کچێکی (یان ژنێکی) دیاریکراو نییە ، بەڵکو بۆ هەموو کچێکە ، یان وەك نازناوێك بەکاردێت " هەروەك (ئەتیان سۆریۆ) دەڵێت : (ژنێکی ڕەهایە) . ﴿ 119 : 155 ﴾

بۆ نموونە (دیلان) لە شیعری (شیرین)دا ، (9) جار ناوی شیرین دووبارە دەکاتەوە ، کە ناوێکی تایبەتی نییە بۆ کچێکی دیاریکراو .

شیرین ! بەستەی گوڵاڵەی سوور تریفەی مانــگـــم

شیرین ! گەشەی ئەستێرەی دوور گفتوگۆ و بانگم ﴿ 75 : 53﴾

بە شێوەیەکی گشتی دەستنیشان نەکردن ، سنووری واتاکانی دەقە شیعرێك فراوان دەکاتەوە و ناهێڵێت لە سنوورێکی تەسکی کات و شوێن و کەسدا پەنگ بخواتەوە . ئەم دیاردە شیعرییەش لە زمانی شیعریی شاعیرانی پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی بیستەمی شیعری کوردیدا بە ئاشکرا و بە شێوەیەکی فراوان دەبینرێت .

## ج – گەیاندن (الوصل) :

گەیاندن " بە شێوەیەکی گشتی واتای پێکەوە گرێدان و کۆکردنەوەی دوو ڕەگەز دەگەیەنێت . لە زمانی ئاساییدا بە دوو جۆر دەبینرێت : بە یاریدەی ئامرازی لێکدەر و پەیوەندی وەك : (و ، هەروەها ، لەگەڵ ، ... هتد) ، یان ئاوەڵگوزارەی وەك (لە ڕاستیدا ، لەگەڵ ئەوەیشدا ، هەرچەندە ،... هتد) ، هەندێجاریش بەبێ هیچ ئامراز و ئاوەڵگوزارەیەك ، تەنها بە خستنە پاڵ یەکتری ، ئینجا نیشانەی خاڵبەندی لە نێوانیاندا هەبێت یان نا ..

(ئەگەر دوو ئەرکەکەی پێشوو - هەڵسپاردن و دستنیشانکردن – سەرنجمانیان لە ناو ڕستەدا هێشتبێتەوە — ئەوا (گەیاندن) بە پێچەوانەی ئەوانەوە " سەرنجمان بۆ بەدوای یەکدا هاتنی ڕستەکان ڕادەکێشێت ، بەدوای یەکدا هاتنێکی پەیوست "واتە سەرنجمان بۆ دەقەکە ڕادەکێشێت.) ﴿119 : 157﴾

لە زمانی ئاساییدا پێکەوە بەستنەوەی دوو ڕستە دەبێت لە سنووری لۆژیکیدا بێت ، واتە هەردووکیان لە ڕووی واتا و ئەرکی زمانییەوە لەیەکەوە نزیك بن ، بەڵام لە کاتێکدا چەند بیرێك پێکەوە کۆبکەینەوە ، کە پەیوەندی لۆژیکی ئاشکرایان بەیەکەوە نەبێت ، ئەمە

بە لادان دادەنرێت لە پێوەری زمانی ئاسایی و (دابڕان)ی پێدەوترێت ، کەواتە ئەم شێوە لادانە ، واتە پێکەوە لکاندنی چەند بیرێك ، کە لە ڕووی لۆژیکیەوە پێکەوەنابەسرێنەوە[1] .

هەر ڕەگەزێکیش لە ناو شیعرێکدا " جێ گۆڕکێ پێ کردنی ، یان لابردنی نەیێتە هۆی شێواندنی بیری ناو دەقە شیعرییەکە ، ئەوە پێی دەوترێت (دابڕاو) .

ئەگەر لە ئاستی دەقدا بڕوانینە زنجیرەی لۆژیکیی نێوان دێڕەکان ، ئەوا دابڕان ڕەگەزێکی دیاری شیعری کلاسیکیشە ، بەڵام لەوێدا (شیعری کلاسیکی) ، هیچ مەبەستێکی واتایی لە پشتەوە نییە ، لە کاتێکدا دابڕان لە شیعری نوێدا بە لادانێکی واتایی دادەنرێت و مەبەستێکی دوور دەگەیەنێت .

نموونەی ئەم شێوە لادانە ، لە چاو دوو شێوەکەی تر (جیاوازی و حشو) ، زۆر کەم بەرچاو دەکەوێت ، لە ناو ئەم کۆپلەیەی شیعری (کەژاوەی گریان)ی (شێرکۆ)دا ، کۆمەڵێك وێنەی شیعریی بەدوای یەکدا هاتوون ، وەك کۆمەڵێ وێنەی مۆنتاجکراوی لێك دابڕاو لە ڕووی واتا و لۆژیکەوە بەدەردەکەون :

سەردەمێك بوو ، باخ بێ گوڵ بوو ..
درەخت بە بێ لق و چڵ بوو !
خانووی زستان ، بێ ئاگر بوو
ژوور بێ بن میچ !

---

[1] - ئەم دیاردەیە لە هونەرەکانی تریشدا دەبینرێت ، وەك سینەما و شێوەکاری ، تەنانەت شیعر لەم جۆرە لادانەدا زۆر بە و هونەرانە کاریگەر بووە .

زەوی بێ ئاو ، دایك بێ کوڕ بوو !

کچ بە بێ قژ ، قژ بێ سەر بوو !

ئاوابوون بێ زەردەپەڕ بوو ..

مەمك بێ شیر ، رەز بێ بەر بوو ..

کۆتر بێ باڵ ، باڵ بێ پەڕ بوو

ماسی بێ چەم ، چەم بێ ئاو بوو

شار و گوندی کوردستانم ،

بێ هەتاو بوو !

بێ هەور ، هاوین باران بوو

چاو بێ فرمێسك ، پڕ گریان بوو ! ﴿33:18 – 19﴾

زۆربەی وێنە دابڕاوەکان لە نێوان لەتێك و لەتی دوای خۆی دایە . هەندێکیشان دابڕانەکە لە ناو یەك لەتدا دەبینرێت " وەك : لەتی (5) و (8) .

یەکێك لە باوترین شێوەکانی دابڕان ، لە چوونە ناو یەکی شتی زیندوو و بێگیاندا ڕوودەدات " کە ئەم جۆرەش لە ناو ئەم کۆپلەیەدا بەرچاو دەکەوێت ، لە لەتی یێنجەمدا ، لە وێنەی زەوی بێئاوەوە کە شتی بێگیانە بەرەو وێنەی دایکی بێکوڕ چووە ، کە مرۆڤە .

لە لەتی هەشتەمیشدا ، دوو وێنەی زیندوو (مەمکی بێ شیر) و بێگیان (ڕەزی بێبەر) تێکەڵ بەیەکتر بوون ..

ئەم وێنە شیعرییە بەدوای یەکدا هاتووە لێکدابڕاوانەی ناو ئەم کۆپلە شیعرییە ، لە ناو کایەی گشتی شیعرەکەدا لێك دەدرێنەوە ، کە ئەویش گوزارشتکردنە لە ژیانێکی شێواو .

(دابڕان تەنیا لە ئاستی ڕستەکاندا نابینرێت ، بەڵکو لەوانەیە لە ناو ڕستەیەکیشدا بیدۆزینەوە ، هەرچەندە دەگمەنیش بێ .) ] 119 : 168 ﴾ "بۆ نموونە لەم دێڕە شیعرەی (ع. ح. ب)دا:

لەگەڵ ئەوەش ، ترسنۆکن ، قورسن ، بێهێزن

بەڵام هەرگیز ، شەلم ، کوێرم ، مەپاریێزن ﴿40 : 99﴾

لە لەتی یەکەمدا سێ ئاوەڵناو وەك (دیارخەر) پەیوەستن بە یەك (دەرخراو) ، کە بە ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی کۆ (ن) دەرکەوتووە ، واتە بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە ، دیارخەری یەکەم (ترسنۆك) دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی کەسایەتی و دەروونی دەرخراوەکە ، بەڵام دیارخەری دووەم و سێیەم دەگەڕێنەوە بۆ لایەنی مەتریالی دەرخراوەکە ، ئەم دوو لایەنییەش دابڕانێك دروست دەکات لە واتادا ، کە بە لادانێکی واتایی دەژمێردرێت .

هەندێجاریش (دابڕان) و (حشو) لە یەکتر نزیك دەبنەوە ، ئەمەش لەو ڕستانەدا ڕوو دەدات ، کە بە یەك گەیاندن لە نێوان دوو وشەدا دەبێت ، یەکێکیان ئەویتریان دەگرێتە خۆی ، وەك ئەوەی یەکێکیان (ڕەگەز)ێك بێت و ئەویتریان جۆرێك بێت لەو ڕەگەزە ، یان یەکێکیان گشتی و ئەویتریان بەشێك بێت لێی ، وەك لەم شیعرەی (پیربال مەحمود)دا دەبینرێت :

بڕوانە بلبلی ناو چەم ...

ئەچرویێنێ بەبێ نالێن " لەسەر کولمی گوڵ و نەسرین ﴿84:11﴾

لە لەتی دووەمدا (گوڵ)ڕەگەزێکە و (نەسرین) جۆرە گوڵێکە " لە لایەکەوە داڕانێکی واتایی لە نێوان ئەو دوو وشەی ڕستەکەدا دروست بووە ، لە لایەکی تریشەوە لە شێوەی (حشو)دا دەردەکەوێت .

وەك ئاماژەمان پێدا ، ئەم شێوە لادانە زۆر بە دەگمەن نموونەی لە شیعری ئەم ماوەیەدا دەبینرێت ، بەتایبەتیش لە شیعرەکانی (شێرکۆ)دا نموونەی بەرچاو دەکەوێت . پاشان لە قۆناغەکانی دواتری شیعری کوردیدا ، بەتایبەتی دوای ئەوەی وردە وردە ڕەگەزەکانی ڕێبازی سیمبولیزم و سوریالیزم لە شیعری کوردیدا سەریان هەڵدا ، چونکە ئەم دیاردەیە ڕەگەزێکی دیاری ئەم دوو ڕێبازەیە .

بە شێوەیەکی گشتی لە هەموو شێوەکانی لادانداا ، تێگەیشتن لەو واتا شاراوەیەی ناو دەقی شیعریی ، بە تەواوکردنی پرۆسەکە دەبێت ، ئەویش بە نەهێشتنی ئەو لادانە واتاییە ئەنجام دەدرێت " واتە گونجاندنەوەی ئەو نەگونجانەی لە نێوان ڕەگەزە واتاییەکانی ناو زمانی شیعرییدا دروست دەبێت .

نەهێشتنی لادانێك بەهۆی دۆزینەوەی گونجان لە نێوان ڕەگەزە نەگونجاوەکاندا دەبێت " ئەمەش بە دۆزینەوەی واتا لاوەکییەکانی ئەو وشانە ، چونکە ڕەنگە لە واتای ئاشکرایاندا گونجانیان نەبێت ، بەڵام لە واتا لاوەکییەکانیاندا بگونجێن ، ئەمەش شێوەی (ڕەمز) یان (خواستن) وەردەگرێت " واتە (بە شیعرکردن پرۆسەیەکی دوو لایەنەی پێکەوە ژیاوی هاوکاتە " لادان و نەهێشتنی لادانەکە ، شکاندنی بنیات و دووبارە بنیاتنانەوەی ، تاوەکو قەسیدەی شیعریی شیعرییەتی خۆی بەدی بهێنێت ، پێویستە یەکەمجار واتاکەی ون بێت ، پاشان بدۆزرێتەوە ، ئەمەش هەمووی لە هۆشی خوێنەردا ڕوودەدات .) ﴿119 : 173﴾شاعیر لە پرۆسەی شیعرییدا ، لە پێوەری ڕۆنان و واتایی زمانی ئاسایی لادەدات ،

بەڵام خوێنەری دەقەکە هەوڵدەدات جارێکی تر ئەم پێوەرە لە شێوەیەکی تردا ساز بکاتەوە . کەواتە (جیاوازی) و (حشو) و (دابڕان) ، هەرسێکیان بە لادانی واتایی دادەنرێن لە زمانی شیعرییدا " تاوەکو شیعرییەتی شیعرێك بەدی بهێنرێت ، پێویستە ئەم دوو لایەنەی پرۆسەی بە شیعرکردن جێ بەجێ بکرێت .

## 2 - لادانی ڕۆنانی :

واتە لادان لە ئاستی مۆرفۆلۆجی و سینتاکسدا " وەك پاش و پێش کەوتنی زنجیرەی سینتاکسی بە پێی دەستووری ئاسایی ئەو زمانە ، بۆ نموونە سیستمی سینتاکسی ڕستەی کوردی بەم شێوەیەیە : (بکەر + بەرکار + کار) ، یان وەکو پاش و پێش کەوتنی (دەرخراو و دیارخەر ، ناو ئاوەڵناو ، یان (تاك لە جیاتی کۆ) ، وشەی نامۆ لە جێگای وشەی ئاسایی ، ...هتد) ، هەر لادانێك لەوانە پێی دەوترێت (**هەڵگەڕاوە**) یان (**جێگۆڕکێ**) .

(گۆران) دەڵێت :

جۆگەی ئاوەکان تیایا قەتیس ماو

هەر ئەڕۆن ناکەن پێچی شاخ تەواو ﴿127 : 61﴾

لە لەتی دووەمدا فرمانەکە لە دوو بەش پێك هاتووە (تەواو + ناکەن) ، بەڵام بەشی دووەمیان کەوتۆتە پێش بەرکاری (پێچی شاخ) ، ئەگەر بە پێی زمانی ئاسایی بووایە ڕستەکە بەم شێوەیە دەبوو : (هەر ئەڕۆن پێچی شاخ تەواو ناکەن) .

زۆربەی جار فرمانە هەڵگەڕاوەکان لە (فرمانی لێکدراو)دا ڕوودەدەن ، وەك ئەو نموونەی پێشوو ، یان وەك ئەم دێڕە شیعرەی (دیلان) :

ئەی تریفەی مانگە شەوی زیوینی ئاسمان

بۆ بە تۆسقاڵ جاربەجارێ خۆت ئەدەی نیشان ﴿ 75 : 65﴾

لە لەتی دووەمدا فرمانی لێکدراوی (نیشان ئەدەی) بەشەکانی پاش و پێش کراوە .

لە زۆربەی ئەو شیعرانەی ئەم جۆرە پاش و پێش کردنانە ڕوودەدەن ، دەبینین پەیوەندی بە سەروای شیعرەکەوە هەیە " وەك لەو دوو نموونەی سەرەوە یان ئەم شیعرەی (گۆران) :

قاسپە قاسپی کەو نەغمەی چۆلەکە و بلبلی دەنگ خۆش ،

پیاڵەی نەشئە ، حتی بە ڕۆحی بـەردیـش ئـەکـا نۆش ،

﴿20:63﴾

لە لەتی دووەمدا فرمانەکە (نۆش ئەکا) دوو بەشە، پاش و پێشیان پێکراوە لەبەر ڕێکەوتنی سەروای شیعرەکە ، کە بەشی یەکەم دەنگەکانی سەروای تێدایە ، لەبەرئەوە هێنراوەتە دواوە .

بە پێی سیستمی زمانی کوردی (ئاوەڵناو) دەکەوێت پاش ناو ، یاخود بڵێین (درخراو + دیارخەر) ، بەڵام لە زمانی شیعرییدا هەندێجار ئەم سیستمە هەڵدەگەڕێتەوە " وەك :

خوشکی پێی وت : ساردە دنیا .

((وەی)) ئەبارێ ، بێ ئامانە ،

ئەم زستانە ..

بەستویەتی کەژ ، هەرد " دۆڵ ، چیا .. (شێرکۆ) ﴿33 : 26﴾

لە لەتی یەکەمدا (دنیا سارده) هەڵگەڕاوەتەوه ، ئەویش لەبەرئەوەی لەگەڵ سەرواى لەتی چوارەمدا ڕێك بخرێت .

لە پێناوی پیشاندانی ڕادەی ئەم دیاردەیە (هەڵگەڕانەوە) لە شیعری ئەم ماوەیەدا و بەراوردکردنی لەگەڵ شیعری کلاسیکیدا " (ناو و ئاوەڵناو)مان بە نموونە وەرگرت و لە ناو ئەو (سەد) ئاوەڵناوەی لە ئامارەکانی پێشتردا دەستنیشانمان کردبوون ، ڕێژەی هەڵگەڕاوە بەم شێوەیە بوو :

| قۆناغ | شاعیر | ژمارەی هەڵگەڕاوەکان | تێکڕا |
|---|---|---|---|
| کلاسیك | نالی | 8 | %7.3 |
| | مەحوی | 8 | |
| | حاجی | 6 | |
| سالانی پەنجاکان و شەستەکان | گۆران | 5 | %4 |
| | دیلان | 6 | |
| | شێرکۆ | 1 | |

وەك لە خشتەکەدا دیارە ، دیاردەکە زیاتر لە شیعری کلاسیکیدا بوونی هەیە ، هۆی سەرەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پابەندبوونی شیعری کلاسیکی بە کورتی و درێژی بڕگەکان (بە پێی کێشە عەروزییە بەکارهاتووەکان) و یەکیەتی سەروا لە شیعرەکاندا " چونکە وەك لە نموونەکانی پێشوودا ڕوونمان کردەوە " ئەم دیاردەیە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە کێش و سەروای شیعرەکەوە هەیە ، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم ڕاستییەش با بڕوانینە ئەم لەتە شیعرەی (نالی) :

ئاوێنەی دڵ شاهیدە هەرچەندە سییە ﻫ ڕووم ﴿268 : 76﴾

- - ب | - ب - |ب - ب |ب ب - - -

کێشەکە (هەزەجی هەشتیی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف) ە .

(ڕوو سیە ﻫ) لە کۆتایی لەتەکەدا هەڵگەڕاوەتەوە ، لە لایەکەوە لەبەر گونجانی کێشەکە ، چونکە ئەگەر (ڕوو سیە ﻫ) بووایە (ڕێ)یەکە لە جیاتی (فعولن /ب - -) دەبووە(فاعلن/ - ب -) ، بەمەش کێشی شیعرەکە لەنگ دەبوو . لە لایەکی تریشەوە لەبەر پێویستی سەرواکە " چونکە ڕەوی قەسیدەکە دەنگی (وو)یە ، ئەگەر (ناو) و (ئاوەڵناو)ەکە بە شێوەکی ئاسایی خۆیان بوونایە ، دەنگەکانی ئاوەڵناوی (سیە ﻫ) لەگەڵ ڕەوی شیعرەکەدا نەدەگونجا و لە ڕووی سەروایشەوە شیعرەکە لەنگ دەبوو .

لەبەر ئەوەشە دەبینین لە ناو شاعیرانی کلاسیکدا ، ڕێژەکە لای (حاجی) کەمترە ، چونکە (وەك ئاشکرایە) نەیویستووە ئەوەندە پابەندی کێشی عەرووزی و یەکیەتی سەروا بێت.

شاعیرانی ئەم ماوەیەش " (وەك لە باسی مۆسیقای شیعری ساڵانی پەنجاکان و شەستەکان بۆمان ڕوون بوویەوە) ، هەنگاو هەنگاو لە کۆت و پێوەندی مۆسیقای شیعری

کلاسیکی دەرباز دەبوون ، لە کۆتایی قۆناغەکەیشدا زیاتر ئەم ئازادبوونە ڕەچاو دەکرێت ، لەبەرئەوەشە ڕێژەی ئەم دیاردەیە لای شێرکۆ (وەك نموونەی کۆتایی قۆناغەکە) زۆر زمە ، چونکە پێویستی کێش و سەروا تەنگی پێ هەڵنەچنیوە .

-- جگە لە دیاردەی (هەڵگەڕانەوە) " لادانی ڕۆنانی لە هەندێ باری تردا دەبینرێت ، وەك **لابردنی بەشێك لە بەشەکانی ناو ڕستە** " ئەمیش دوو شێوەی هەیە :

یان بەشەکە ناسەرەکییە لە ڕستەدا " وەك ئامرازەکانی پەیوەندی و ڕاناوەکان و کاری دووبارە و ... هتد ، کە بە لابردنیان هیچ لە واتای ڕاستەقینەی شیعرەکە ناگۆڕێت ، ئەمە جگە لەوەی زمانەکە زیاتر لە زمانی شیعری نزیك دەکاتەوە " وەك لەم دێڕە شیعرەی (کامەران)دا ، کە ئامرازی پەیوەندی (بە) لابراوە :

تۆ ئەڵێم خوای خۆشەویستی

کە سەرچاوەی شادی و هەستی ﴿51 : 79﴾

(تۆ ئەڵێم) " کورتکراوەی (بە تۆ ئەڵێم)ە .

یان لابردنی (کاری) دووبارە ، وەك لەم شیعرەی (شێرکۆ)دا دەبینرێت :

لەوێ دەرمانی ئەم دەردە

ڕەنگە زەردە

دەس ئەکەوێ

تەنها لەوێ ! ﴿33 : 30﴾

لە لەتی کۆتاییدا فرمانی (دەس ئەکەوێ) دووبارە نەکراوەتەوە و لابراوە ، کە دەکرا دووبارە بکرایەتەوە و بەم شێوەیە بووایە : (تەنها لەوێ دەست ئەکەوێ) .

یاخود لابردنی بەشی سەرەکی لە ڕستەکەدا ، بەتایبەتیش لابردنی (کار) لە کۆتایی دێڕێك (یان کۆپلەیەك ، یا شیعرەکە) " نموونەش وەك :

قژی نەرمت ، وەکو تاڵی خۆرەتاو

لەسەر قۆڵ و شانی سپی ، پەرش و خاو (کامەران) ﴿51 : 52﴾

دەبووایە لە کۆتایی لەتی دووەم ، مۆرفێمی کاتی ئێستای (5) هەبووایە (پەرش و خاوە) ، بەڵام لابراوە ، یان لە کۆتایی هەردوو لەتەکەدا دشێت ئەم مۆرفێمە بەکاربهێنرێت . هەندێجار ئەم لابردنە ڕێگاکانی خوێندنەوەی دەقەکە واڵا دەکات و بە کراوەیی جێی دێڵێت..

دیسانەوە لەم بارانەی تری لادانی ڕۆنانیشدا ، پێویستی کێش و سەروا ، ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت.

-- دیاردەیەکی تر کە بە لادانی ڕۆنانی دادەنرێت " ئەویش (**ڕستەی دابڕاو**)ە :

((ئەم ئەدگارە ، بریتییە لە دابڕینی ڕستەیەك ، یان بەشێکی ، لە ڕێڕەوی سیماتیکی سیستەمی ڕستەسازی ڕستە سەرەکییەکە ، بە مەبەستی جەختکردن لەسەر دۆخێك یان گەورەکردنی قەوارەکەی .)) ﴿74 : 47 - 48﴾" بۆ نموونە (شێرکۆ) دەڵێت :

ئاوڕ لە تۆ .. ئەدەمەوە ،

عومری شیرین ﴿33 : 48﴾

کە دەکرا بە یەك لەتە شیعر و پێکەوە هەموو بەشەکانی ڕستەکەی تێدا کۆبکاتەوە : (عومری شیرین ، ئاوڕ لە تۆ ئەدەمەوە) بەڵام بەرکاری ڕستەکەی دابڕیوە و خستویەتیە لەتێکی سەربەخۆ ، بەمەش جەختێکی واتایی خستۆتە سەر گوزارشتی (عومری شیرین) لە ڕستە شیعرییەکەدا .

*　　　*　　　*

لە لاپەڕەکانی ئەم باسەدا " تاڕادەیەك تایبەتییەکانی زمانی شیعری ساڵانی پەنجاکان و شەستەکان ، بە بەراورد لەگەڵ قۆناغی شیعریی (کلاسیك)خرانە ڕوو " چ لە ڕووی بەکارهێنانی کەرەستە زمانییەکانەوە بێت ، چ لە ڕووی لادانە شیعریەکانەوە بێت ،بە شێوەیەکی گشتی هەنگاوی زیاتری بەرەو شیعرییەت ناوە " ئەگەرچی لای زۆر شاعیری ئەم ماوەیە (جگە لەو شاعیرانەی لە نموونەکانی باسەکەدا جەختمان لەسەر شیعرەکانیان کردۆتەوە) ، زمانە شیعرییەکە ئەوەندە ساکار کراوەتەوە ، لە زۆر شوێندا لەگەڵ زمانی ئاساییدا جیاوازییان پێ ناکرێت ! .

# ( باسی سێیەم )
# وێنەی شیعریی لە دەقی شیعریی کوردی لە ساڵانی پەنجاکان و شەستەکاندا

وێنەی شیعریی " یەکێکە لە گرنگترین بنەماکانی دەقی شیعریی ، لە مێژووی گەشەسەندنی شیعری هەر زمانێکدا سەرەتا هەست بە گۆڕانی ئەم دەکرێت ، پاشان لە پێناوی دەربڕینی ئەم وێنە نوێیانەدا ، گۆڕان بەسەر مۆسیقای شیعر و زمانی شیعریشدا دێت.

لەم باسەدا " لە دوو ڕووەوە لە وێنەی شیعریی کوردی ئەم ماوەیە دەکۆڵینەوە : یەکەم " ئەو سەرچاوانەی بوونەتە ژێرخان بۆ دروستکردنی وێنەی شیعرییەکان . دووەمیش " گرنگترین جۆری وێنە شیعرییەکان .

## تەوەری یەکەم : ( سەرچاوەکانی وێنەی شیعریی )

لەهەر قۆناغێکی شیعرییدا ، باری ڕۆشنبیری گشتی ئەو نەتەوەیە و هەر شاعیرێکیش بەجیا ، ڕۆڵی خۆی لە دەستنیشانکردنی سەرچاوەکانی وێنەی شیعریی لەو قۆناغەدا ، یان لای شاعیرێکی دیاریکراو ، هەیە .

لەم تەوەرەدا هەوڵدەدەین ئاماژە بە گرنگترین سەرچاوەکانی وێنەی شیعریی لای شاعیرانی پەنجاکان و شەستەکان بکەین :

## أ - سەرچاوەی خودیی :

لە کاتێکدا لە وێنەی شیعریی کلاسیکیدا زیاتر گرنگی بە سەرچاوە دەرەکییەکان دراوە ، دەبینین سەرچاوەی خودیی یەکێکە لە گرنگترین و سەرەکی ترین سەرچاوەی وێنەی شیعریی لەم ماوەیەدا .

ئەم سەرچاوەیە کاتێك دەگاتە لوتکەی گەشەسەندنی ، کە شاعیر لە داهێناندا سەربەست بێت و پابەندی دەستوور و کلێشەی ئامادەکراو نەبێت . ئەم ئازادییە شیعرییەش تا ڕادەیەکی زۆر لە شیعریی ئەم ماوەیەدا دەبینرێت " ئەگەر بێت و بە شیعریی کلاسیکی بەراورد بکەین. (وێنەی نویێ زیاتر پەیوەستە بە ئەزموونی دەروونیی شاعیرەوە) ﴿134 : 746﴾، بۆ نموونە شاعیرێکی وەك (ئەحمەد هەردی) ، ئەزموونە تایبەتییەکانی خۆی بوونەتە سەرچاوەی سەرەکی خولقاندنی ئەو وێنە شیعرییانەی لە (ڕازی تەنیایی)دا دەبینرێن . لە کاتێکدا دەڵێت :

ئەگەرچی وەك خەیاڵی من     عەبا دەوری لەشی داوە
لە ئەندام و لەش و لاری     بەڵند و ڕێکی ئالاوە ...
بەڵام کاتێ کە با ، چمکی عەبا ..     کەی لائەدا ، تاوێ
ئەرێژێ پووزی نایابی     لە سیحری خوایی لافاوێ
﴿17 : 4﴾

چوواندنی (عەبا) بە (خەیاڵ) و وەسفکردنی عەبای کچێك خۆی لە خۆیدا وێنەیەکی تازەیە (بە گوێرەی ئەو کاتە) و کلێشەیەکی ئامادەکراو نییە ، کە شاعیر بە ئامادەکراوی وەریگرت بێت . یاخود لە دێری دووەمدا وێنەیەکی شیعریی تا ڕادەیەك فانتازی کێشاوە " کە دەرکەوتنی سپییەتی پوزێکی چواندووە بە (لافاوی سیحریی خوایی) .. ، چ ئەو گوزارشتانەی بوونەتە پێکهێنەری وێنە شیعرییەکان و چ وێنە شیعرییەکان خۆیان ، لە خودی ئەزموونی شیعریی شاعیر خۆیەوە سەرچاوە دەگرن .

(گۆران) لە (بەسەرهاتی ئەستێرەیەك) دا ، چەند وێنەیەکی خودیی سازکردووە و چ وێنەکان و چ پێکهێنەری وێنەکان لاسایی کردنەوەی شاعیری تر نییە و زادەی بیری شاعیرانەی خۆیەتی " وەك :

تاریك دایەت ئەستێرەی تر بەرەو دوا ،

فڕێ ئەدەن چارشێو لە عـــاستی دنیا ... ﴿25:63﴾

تاریکایی دنیای بـە چارشـێو (پەچـە)ی ژن چـوواندووە ، ڕووی لەیەکـچوونی هەردووکیشیان ڕەنگی (ڕەش)ە ، بەڵام کە ئەستێرەکان هەڵدێن و دنیا ڕووناك دەکەنەوە ، ئەمەشی چوواندووە بە لابردنی چارشێو لە ڕووی جوانێك " کەواتە هەرچەندە بە شێوەی ڕاستەوخۆیش ئاماژەی بە هەموو لایەکی وێنە شیعرییەکە نەکراوە ، بەڵام لە وشەکانەوە دەردەکەوێت کە جوانی دنیای بە جوانی (ئافرەت)چوواندووە .. ، خواستنی چارشێویش ئاماژەیە بۆ شاردنەوەی جوانی ئافرەت .

هەر لە هەمان شیعردا وێنەیەکی شیعریی دەگمەن لە ناو لەتە شـیعرێکدا دەبینرێت، کە نە لە شیعری کلاسیکی و نە لای شاعیرانی هاوچەرخی خۆیشی نابینرێت:

بەڵام ئێستا ئەو ئەسپایی بەرەو خوار ،

هەڵئەخلیسکێ ، کز کز ، ئەگاتە لێوار ،

لێوی تینوی کەل وەك دڵۆپ ئەی مژێ :

ئەی داخەکەم مەرگی نیشتن ئەیکوژێ، ﴿26:63﴾

لە لەتی سێیەمدا " لەو کاتەی ئەستێرەکە دەنیشێت ، لێواری ئەو چیایەی ئەستێرەکەی لێوە دەنیشێت بە لێوێکی تینووی وشك و ئەستێرەکەشی بە دڵۆپە ئاوێك چوواندووە ، کاتێك دڵۆپە ئاوێك دەچێتە سەر لێوێکی تینوو و وشك ، چەند بە خێرایی دەیمژێت و لە چاو ون دەبێت ، بەهەمان شێوە لێواری چیاکەیش ئەستێرەکە دەمژێت و ونی دەکات .

هەروەها (شێرکۆ) لە شیعرێکیدا دەڵێت :

وێنـــەی پـــارم لیـــوی گـــاڵتە

لە ئێستام هەڵ ئەقورتێنێ ﴿32 : 57﴾

لەم وێنەیەدا شاعیر دوو وێنەی بۆ خۆی کێشاوە : وێنەیەکی ئێستا و وێنەیەکی تەمەنی رابردوو (پار) ، لە بەراوردکردنی هەردووکیاندا " گەورەیی تەمەن و خەمەکانی ڕۆژگار وێنەی دووەمیان شێواندووە ، لەبەرئەوە وێنەی یەکەم گاڵتەی پێدەکات .

ئەگەر شێرکۆ سوودی لە ئەزموونی خودیی خۆی وەرنەگرتایە ، ئەوا دەیتوانی وەك شاعیرێکی کلاسیك ، سوود لە وێنە ئامادەکراوەکانی پێش خۆی (یان سەردەمی خۆی) وەربگرێت " بۆ نموونە گوزارشت و وێنە شیعرییەکانی ناو شیعری (خۆزگەم بە پار) ی ﴿62 : 12 ﴾(گۆران)ی دووبارەدەکردەوە .

لە وێنەیەکی خودیی تری (شێرکۆ)دا " (ژیان) بە (دەرگا) و (مردن)یشی بە (کلیل) چوواندووە ، هەرچەندە زۆر وێنەی شیعریی لەبارەی کێشەی ژیـان و مردنـەوە دروستکراوە ، بەڵام ئەم وێنەیەکی نوێی لێ دروستکردووە ، نەهاتووە وەك شاعیرێکی کلاسیکی خاوەن ڕۆشنبیرییەکی ئاینی بیر لە کێشەکە بکاتـەوە ، لەبەرئـەوە ئـەرکی (داخستن)ی داوەتە ئەم کلیلە ، نەوەك کردنەوەی ژیانێکی سەرمەدی ! ..

بە دوای تۆشا ، کاروانی کۆچ ، ئێمەش هەڵ ئەگرێ

قاپـــی ژینـــمان ، بـــە کلیـــلی مـــردن دائـــەخـــرێ ! ! ﴿32 : 82﴾

(دیلان)یش لە وێنەیەکی شیعریی خودییدا " (مەمك) لە گیانلەبەری شیردارەوە دەخوازێت بۆ (دار) ی بێ گیان ، بەڵام لەجیاتی شیر - شیلەی ئاڵی تێدایە ، هەروەها (مێشك)ی بە (کۆرپە) چوواندووە ، (شیری تاڵ)یش درکەیە بۆ (شەراب) ، (خەیاڵ)ی بە (شەو) و (شەراب)یشی بە (گڵۆپ) و (چرا) چوواندووە :

ئەی داری مەمك پڕ لە شیلەی ئاڵ

کۆرپەی مێشکی برسی شیری تاڵ
گڕۆزە بۆ یەك مژ و یەك دڵۆپ
بۆ شەوی خەیاڵ ببێ بە گڵۆپ
ڕۆشن کا دونیای هەستی من هەروەك
چرایە بۆ ناو (بیرێکی) نووتەك .. ! ﴿75 : 134 – 135﴾

یان (پەشێو) لەم وێنە شیعرییەدا ، پەنای بۆ هیچ گوزارشتێکی ئامادەکراو نەبردووە ، لەگەڵ ئەوەیشدا وێنەیەکی شیعریی سەرکەوتووی سازکردووە :

چەندە جوانە ...
داو داو ، قژی سەر ناوچەوان
کە وەکو تەم ، سەما ئەکەن ،
لەسەر (بەفر و گوڵ ئەرخەوان) ﴿34 : 26﴾

تاڵە قژەکان بە (تەم) چوێنراون ، مەبەست لە (بەفر) ڕووی سپی و (ئەرخەوان)یش لێوی پەمەیی و سوورە " کە هەردووکیان خوازەن و لەسەر بنەمای لێکچوواندن دروست بوون " بەم شێوەیەیە : (ڕووی وەکو بەفر سپییە ، لێوی وەکو گوڵی ئەرخەوان پەمەیی (یان سوورە) .. ، هەر لەناو ئەم وێنە شیعرییەدا (سەما) لە مرۆڤەوە خوازراوە بۆ (تەم) .

ئەگەر سەرنجی زۆربەی وێنە شیعرییەکانی ناو دیوانەکانی ئەم ماوەیە بدەین (بە تایبەتی شاعیرە دیارەکانی ئەم قۆناغە)" دەبینین بنەماو پێکهێنەری وێنەکان ئامادەکراو نین ، لە شیعری پێش خۆیان یان لە یەکتریی وەرگرتبێت ، بەڵکو زادەی خەیاڵی شاعیرانەی خۆیانە " ئەو چەند نموونەیەی سەرەوەیش ئەو ڕاستییە دوو پات دەکەنەوە .

## ب – سەرچاوەی بابەتیی :

مەبەست لەو سەرچاوە دەرەکییانەیە ، کە شاعیر بۆ داڕشتنی وێنە شیعرییەکانی سوودیان لێوەردەگرێت " واتە کاریگەربوونی شاعیر بە بیروڕا و سەرچاوە مەعریفییەکان و وێنەی شیعریی تری پێش خۆی ، یان سەردەمی خۆی ، لە کاتی سازکردنی وێنە شیعرییەکانیدا .

ئەمانەش گرنگترین ئەو سەرچاوانەن :

### 1 – سەرچاوەی نەتەوەیی :

مەبەست لە سەرچاوەی بەرهەمی ئەدەبی بەرز و میللی و فۆلکلۆری نەتەوەکەی خۆیەتی ، کە تا چ ڕادەیەك کاریگەرییان هەیە لە پێکهێنانی وێنە شیعرییەکاندا "وەك:

### أ – سەرچاوەی ئەدەبی پێشین :

واتە کاریگەربوونی وێنە شیعرییەکانی قۆناغی کلاسیکی و دوای کلاسیك لە شاعیرانی ئەم ماوەیەدا ، کە بوونەتە هەوێنی وێنەی شیعریی نوێتر .

بۆ نموونە (دیلان) لە شیعری (ڕووناکی) دا ، لە پێکهێنانی وێنە شیعرییەکانییدا ، بە ئاشکرا سوودی لە وێنە شیعرییەکانی کلاسیك وەرگرتووە " وەك (سووتانی پەروانە لەپێناوی گەیشتن بە ڕووناکی چرادا) :

پەروانە بە شەو چرا ببینێ
بۆ ڕووناکی یەکەی خۆی ئەسووتێنێ
بۆ نەختێ شەوق و تۆزێ رۆشنایی
ئەبێ بە خەڵووز بۆ (ڕۆژی دوایی) ﴿21:75﴾

ئەم وێنە شیعرییە " یەکێکە لە وێنە باوەکانی ناو شیعریی کلاسیکی کوردیو ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتیی بە گشتی .. ، بۆ نموونە (نالی) لە وەسفی (مەککە یان کەعبە)دا دەڵێت :

چ جەذبە ؟ جەذبەیی ضەوئە لە قینديلی حەرەمدا ، وا

دەبێ ئینســـان لە طــە وفیــدا بسووتێ میــشلی پــەروانـــە 《501:76》

لێرەدا نالی (کەعبە)ی بەو ڕووناکی یە چوواندووە ، پەپوولە و مێروو بە دەوریدا دەسووڕێنەوە تاوەکو لە ئەنجامدا دەسووتێن " مرۆڤی موسڵمان و باوەڕداریشی بە (پەروانە) چوواندووە ، کە عەشقی خودا وایان لێدەکات بە دەوری ڕووناکی ئەم کەعبەیەدا بسووڕێنەوە، تا لە ئەنجامدا بەم عەشقە دەسووتێن . واتە نالی بەرگێکی سۆفییانەی کردۆتە بەر وێنە شیعرییەکە .

لە ئەدەبیاتی فارسیشدا ئەم وێنەشیعرییە زۆر دووبارەکراوەتەوە " هەر بۆ نموونە (حافظ شیرازی) دەڵێت :

چراغ ڕوی تـــرا شمـــع گشت پـــروانه

مرا ز حال ترا با حال خويش پروانه 《203 : 342》

لێرەدا (حافز) ڕووی یاری بە (چرا) و خۆیشی بە (پەروانە) چوواندووە "وەك دەبینین هەر هەمان ئەو وێنە شیعرییەیە ، کە لە شیعری کلاسیکی کوردی و لای (دیلان)یش دووبارەکراوەتەوە.

هەر لە هەمان شیعردا " لە وێنەیەکی تردا دووبارە سوودی لە وێنەیەکی باوی ناو شیعری کلاسیکی وەرگرتووە " کە لە ڕاستیدا ئەوانیش سوودیان لە وتەیەکی باوی ناو خەڵك

وەرگرتووە لە بارەی گوڵ (خەندەران)ەوە " گوایا ئەگەر بەرامبەری پێبکەنیت لە داخا شەق دەبات .. ، بەڵام لێرەدا دیلان بە پێچەوانەوە وێنەکەی سازکردووە " کە گوڵ خەندەران لە خۆشی پێکەنیندا پێدەکەنێت و لە داخی خەم و ناخۆشیدا شەق دەبات :

کـە بیـستـی قـاقـا یـا پـێ کەنینـێ
بـە جۆرێ کـوڵ و جـۆشش ئـەسێنێ
لە خۆشی گەشکە و زەردەخەنەی دەم
لێك ئەبێتەوە و شەق ئەبا بە خەم .. ! 《21:75》

لەم شیعرەدا (دیلان) ئەم وێنە شیعرییانەی وەرگرتووە ، لە پێناوی گوزارشتکردن لە بیرێکی شیعریی نوێ ، کە تیایدا وێنە شیعرییەکان پڕدەبنەوە و تەواو دەبن ، ئەویش چوواندنی (ئێمە)یە بە (پەروانە) و (گوڵ خەندەران) و (گوڵە بەڕۆژە) ، هەروەها چوواندنی (هیواکانمان) بە (ڕووناکی و گەشە) " واتە دەبێت ئێمەش وەك ئەوان (پەروانە و ...) ئاشقی ئاواتەکانی خۆمان بین ، تاوەکو بە ئامانج بگەین :

با ئێمەش وەك ئەو گوڵ و مێـرووە
کە بۆ ڕووناکی و گەشـــە تیـنووە
بۆ گەشەی گوڵی سەربەستی و شادی
بـــۆ هـــەڵهـاتـنـــی ڕۆژی ئـــازادی
ئێـــمـــەی بۆ بـادەی ڕزگـاری تینوو
ببین بە خەڵووز ، ببین بە سووتوو ... 《22:75》

## ب - سەرچاوەی ئەدەبی هاوچەرخ :

مەبەست لە سوود وەرگرتن و کاریگەربوونی شاعیرانی هەمان قۆناغی دیاریکراوە، بە وێنەی شیعریی یەکتری " لەم ڕووەوەش دیارترین شاعیر ، کە کاریگەریی بەسەر شاعیرەکانی ترەوە دیاربێت — (گۆران)ە . وەك لەم چەند نموونە شیعرییەی خوارەوەدا ڕوونی دەکەینەوە :

(ئافرەت و جوانی) و (ڕەوتێکی جوان) " دوو شیعری دیاری (گۆران) ن ، کە دەتوانین بە خاڵی وەرچەرخانیان دابنێین لە بواری وێنەی شیعریی و ڕوانگەی شاعیرانی کورد بۆ جوانی ئافرەت و سروشت " لەبەرئەوەشە کاریگەرییەکی زۆری بەسەر شاعیرانی ئەو قۆناغە و دواتریشدا هەبووە .

بیری هەردوو شیعرەکە بە کورتی " ڕیزکردنی کۆمەڵە وێنەیەکی جوانیی شت و دیاردە سروشتییەکان و دەستکردەکانە ، کە بەبێ جوانی ئافرەت جوانییەکەیان ناتەواوە ، لە وێنە کێشانی جوانی ئافرەتیشدا هیچ جوانییەکی تر نادۆزێتەوە پێی بەراورد بکات ، واتە جوانی ئافرەت لەسەرووی جوانییە سروشتی و دەستکردەکاندایە .

(جەمال شارباژێری) لە شیعری (کام ئاوازە) دا ، تەواو لە ژێر کاریگەریی ئەم دوو شیعرەی گۆراندا شیعرەکە و وێنەکانی ناوی داڕشتووە " لە پاش ئەوەی لە چەند وێنەیەکدا باسی خۆشی دەنگی (کەمانچە و پیانۆ) دەکات ، بەڵام دەنگی بولبول بە لایەوە لە مۆسیقاش خۆشترە ، چونکە ئەم سروشتییە :

یان هوزاری ، جەرگەی باخچە .

کە . خۆشترە ، لە کەمانـچـە . ﴿31:14﴾

بەڵام لە پاش دەنگی مۆسیقا و دەنگی بولبولیش ، دەنگی جوانێك (كچێك) لەسەرووی هەموویانەوە دادەنێت و بە لایەوە لە هەموویان خۆشترە :

خۆشترین ، ئاواز . بخوێـــــنن

بە گوێ ی هەستیما ، بپژێنن

ناگەنە . تامی وشەیـــــەك .

یان : خەندەیەك ، یان گەشەیەك

كە لە لێوی ، دەم خونچەوە .

ئەپرژێتە . ناو باخچەوە

باخچەی هەست و دڵ و دەروون

ئەكا بە زێڕ ، یاقوت ، ئاڵتوون ! ﴿14:32﴾

هەروەها (شارباژێری) لە شیعری (هەڵبەست) دا "بەتەواوی كاریگەربوونەكەی خۆی دەخاتە ڕوو و دەڵێت :

تا ﴿گۆران﴾یش پەنجەی شل بوو . نەگەیشتە .

وەسفی شێوەی ڕووخساری تۆ ، ئەی فریشتە

چونكە . شیرین ، ئەی سامالّی ، خۆشەویستی

تۆ خۆت بەستەی ، خۆت مۆسیقای ، خۆت هەڵبەستی ﴿14 : 43﴾

هەوەرها (دیلان) یش لە (شیرین) دا ، كۆمەڵێك وێنەی شیعریی سروشتی ڕیزكردووە و پاشان لە وێنەیەكی تردا جوانی (شیرین) دەخاتە سەرووی ئاستی هەموو جوانییەكانەوە :

چونکه لەگەڵ هەر کامێکیان بەراورد بکرێ ی

تۆ پێ ی بەرزی بەرەو ئاسمان بەسەریا ئەنێ ی ﴿75:54﴾

(کامیل ژیر) یش لە (بزەی لێو) دا " بە ئاشکرا کاریگەریی ئەو شیعرانەی گۆرانی پێوە دیارە :

ئەمانە گشتی ئاوات و جوانین ئەدەن هێز و تین

کەچی بە وێنە ، وێنەی نازەنین نابن و هەر نین ! ﴿56 : 20﴾

تەنانەت لە وشە و شێوازی دەربڕینەکەیشیدا مۆرکی شێوازی (گۆران)ی پێوەیە " ئەگەر دێڕە شیعرەکان بەدێڕەکانی ناو دوو شیعرەکەی (گۆران) بەراورد بکەین دەبینین هەر بە هەمان هەناسەی ئەوان نووسراون ، بۆ نموونە دێڕەکەی سەرەوە دووبارەکردنەوەی ئەم دێڕانەی (گۆران)ن بە هەندێ دەستکارییەوە :

ئەمانە هەموو جوانن ، شیرینن ،

رۆشن کەرەوەی شەقامی ژینن !

بەڵام تەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز

بێ ڕووناکی یە بێ بزەی ئازیز " ﴿62 : 2﴾

یان (ژیر) لە دێڕێکی تریدا دەڵێت :

کام نیگا وەیا کام تاسەی دووری وا بە خرۆشە

کام هێزی جوانی وا ڕاکێشەری سەرنج و هۆشە ﴿56 : 21﴾

ئەم دێڕەی سەرەوەیش لەو دێڕانەی گۆران دەچێت " کە بە (کام ؟) گومان لە بوونی جوانییەکان دەکات " بە تایبەتی :

کام تیشك ئەگاتە تیشکی نیو نیگای ؟

کام تاسە ، کام مەیل ، کام چاوەنواڕی

تەلیسماوی یـــە وەك هی دلّداری ؟ ... ﴿62:2﴾

لای هەندێ شاعیریش " ئەگەرچی بیری شیعرەکەی هەمان شت نییێت ، بەلاّم لە شێوازی چنینی وێنەکاندا بەو شیعرانەی (گۆران) کاریگەر بووە " نموونەی ئەمەش وەك لە (چرۆی شیعر) ی (کامەران) دا دەبینرێت ﴿54 : 63﴾.

هەوەها (کامەران) لە شیعرێکی تریدا بە ناونیشانی (جوانی بەهار) کەوتۆتە ژێر هەمان کاریگەریی " کە لە پاش وەسفێکی ورد و درێژی دیمەنە جوانەکانی بەهار " دەلّێت:

کیژۆڵەی نازدار ئەم دەشت و چەمە

لار و لەنجەی تۆ ، بزەی تۆی کەمە

ورشەی کراست کە بێ لەم دەشتە

ئەوساکە ئەلّێم باخی بەهەشتە ! ﴿51 : 78﴾

کامەران دیسانەوە لە (گوڵ ئەستێرە) شدا ، لەسەر شێوازی وێنەی کۆپلەیی چەند دیمەنێکی سروشتی وێنە دەکێشێت و لە ئاستی جوانی یارەکەیدا دەیانهێنێتە خوارەوە "وەك:

زەردەپـــەڕی لێـــوی چیـــا

پرشنگی گوڵ و سەوزەگیا

پەلکە زێڕینەی ڕووی ساماڵ

پڕیشکی زێڕ ، یاقووتی ئاڵ

ناگەنە ، بزەی لێوەکەی

شەوقی ڕوومەتە سێوەکەی ﴿54 :73 –74﴾

یەکێکی تر لەو شیعرانەی (گۆران) " کە بووەتە هەوێنی دروست بوونی وێنەی شیعریی تر لای شاعیرەکانی هەمان قۆناغ – (زەنگی زویری) یە " کە خۆی لە پەراوێزی شیعرەکەدا ئاوا بیرۆکەی شیعرەکەی دەخاتە ڕوو : ((هەندێ جار لە قووڵایی دڵما ، هەستی پەستیەك ئەکەم لە چەشنە مەستیەك ئەچێت ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندەم بیر و خەیاڵ و لێکدانەوە لێ ئەوروژێنێ ، شەکەتم ئەکات ، کەچی ئەگەر سەردەمێکی نەختێك درێژ خۆمی لێ بشارمەوە گیانم وەکو منالێ ئەکەوێتە بەیابی یەکی بەکوڵبۆی ...)) ﴿63 : 67﴾" سەرەتای شیعرەکەش بەم دێڕە دەست پێدەکات :

ئەوا دیسان لە گۆشەی نادیاری ،

دڵم هەستا زڕەی زەنگی فگاری ﴿63 : 67﴾

(کاکەی فەللاح) " لە ژێر کاریگەریی ئەم شیعرەدا ، شیعرێکی بە ناوی (بادەی خەم) نووسیوە ، هەر لە دێڕی سەرەتایەوە ئەم کاریگەرییە ئاشکرا دیارە :

نازانم بۆ ، لە ناکاوا جارجار تەمێ ، تەمێکی ڕەش

لە دیو ئاسۆی دەروونەوە دێ دڵم ئەگرێتەباوەش ﴿50:11﴾

لە وێنەشیعرییەکەی (گۆران)دا (خەم) بە (زەنگێك) چوێنراوە کە لە شوێنێکی نادیارەوە دێت " بەڵام لە وێنە شیعرییەکەی (کاکەی فەللاح) دا (خەم) بە (تەمێکی ڕەش) چوێنراوە کە لەو دیو دەروونەوە دێت ، واتە لای ئەمیش سەرچاوەی خەمەکە نادیارە .

(گۆران) دەڵێت :

کە تێ ناگەم ! کە نازانم ئەڵێ چی ؟

بەڵام خوڕ خوڕ لە گەڵیا ڕۆحم ئەگری ! ﴿68:63﴾

(کاکەی فەللاح) یش دەڵێت :

ئەی تەمی ڕەش ! ئەی بادەی خەم ! نازانم بۆ ، نازانم بۆ

وا دام ئەگری ، دێ یت و ئەچی ، ناگەم لە تۆ ، ناگەم لە تۆ ؟! ﴿50 : 12﴾

وەك دیارە هیچ کامیان لەو خەمە نادیارە تێناگەن .

(گۆران) بە بوونی ئەم خەمە پەستە و بە دیارنەمانیشی ئارەزووی دەکاتەوە :

کە دێ ، پەستم ! کە نایە ، ئارەزوی دڵ ،

بە دویا وێڵ ئەبێ مەنزڵ بە مەنــزڵ ! ﴿68:63﴾

(فەللاح)یش بە هەمان شێوە ، لە پاش گلەییەکی زۆر لە دەست ئەم خەمە نادیارە ، لە کۆتاییدا دەڵێت :

سەردەمێکی باش ون ئەبی ، دەروونم تاسەی تۆ ئەکا

جار جار گوڵی بەهارەکەم یادی هەناسەی تـۆ ئـەکـا﴿50:12﴾

ئەگەرچی وێنە تاکەکانی ئەم دوو شیعرە تەواو وەك یەك نین ، بەڵام لە وێنە گشتییەکەیاندا زۆر لە یەك دەچن .

(هەڵبەستی دەروون) " یەکێکی ترە لەو شیعرانەی (گۆران) ، کە کاریگەریی لەسەر شاعیرانی تر هەبووە " بۆ نموونە لە شیعری (هەڵۆیستێك) ی (جەمال شارباژێری) دا ، ئەم کاریگەرییە بە روونی دەبینین .

شیعرەکەی (گۆران) لەبارەی بێ توانایی گوزارشتکردنیەتی لە هەموو جوانییە شارەوەکانی ژیان :

لێك دانەوەی دەروون ، قسەی زمانم :

بۆچی وەها دوورن لەیەك ؟ نازانم ! ﴿121:61﴾

لەبەرئەوە ئەو شیعرانەی لەدایك نابن ، بە (باڵدار)ێکیان دەچووێنێت ، کە هێلانەکەی خۆیان بەجێ ناهێڵن :

بەڵام ئەفسووس ! کە ئەو شیعرە جوانانە

باڵدارێکن جێ ناهێڵن هێلانە ،

﴿121 : 61﴾

توانای نەنووسینەوەی ئەو شیعرانەیش ، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەردەبڕێت " ئەویش بە خواستنی کاری نووسین لە مرۆڤەوە (یان لەخۆیەوە) بۆ ئەو باڵندانە (شیعرەکان) :

لە ناوەوە ئەجریوێنن ، ئەخوێنن

هەرگیز قەڵەم بە کاغەزا ناهێنن ! .. ﴿121:61﴾

بەڵام (جەمال شاباژێری) لە شیعرەکەیدا " شیعرەکان بە (ماسی) دەچووێنێت :

ئەبینم ، لە : گۆمی شینی خەیاڵا : -

ماسی وردی ، ڕەنگ ڕەنگاوی هەڵبەستم

سەرەو ژوور و سەرەو خوار یەن و ئەچن

شەوقێك ئەدەن وەك خۆر لە چاوی هەستم ﴿32:13﴾

بۆ بێ توانایی گوزارشتکردن لە شیعرەکانیش ، ئەم وێنە شیعرییە ساز دەکات :

نە قولاپی پێنووسم ئەیانگاتێ

نە دڵیشم ئۆقرە ئەگرێ .. ساتێ ﴿32 : 13﴾

(قەڵەم) بە (قولاپ) دەچوێنێت ، نەگەیشتنی قولاپەکەیش بە ماسییەکان (شیعرەکان) ، واتای نە نووسینەوەیان دەگەیەنێت .

(گۆران) لە وەسفی ئەو شیعرانەدا دەڵێت : ((تیژکێك ئەدا ڕووناکترە لە هەتاو ! ..)) ﴿61 : 121﴾، (شارباژێری)ش بەم شێوەیە وەسفی شیعرە لە دایك نەبووەکانی دەکات : ((شەوقێك ئەدەن وەك خۆر لە چاوی هەستم)) ﴿13 : 32 ﴾.

چ هەندێك لە وێنە تاکەکان و چ وێنەی گشتیی ناو شیعرەکەی (شارباژێری) ، وێنەکانی ناو شیعرەکەی (گۆران) بوونەتە سەرچاوەیان " تەنانەت ئەم کاریگەرییە لە کێش و سەروای شیعرەکەیشدا رەنگی داوەتەوە " کە هەردووکیان لەسەر کێشی (11) بڕگەیین و دەنگەکانی سەروای یەکەم دێڕی شیعرەکەی گۆران (ە ستم) ، لە چەند دێڕێکی شیعرەکەی شارباژێریدا دووبارە بۆتەوە .

جگەلەو شیعرەی سەرەوە (جەمال شارباژێری) لە شیعری (تەنیا ئەو)یشدا ﴿13 : 41 ﴾، لە چوارچێوەی وێنەی گشتی شیعرەکەدا ، کاریگەرە بە شیعری (بۆ کچێکی بێگانە)ی (گۆران) .

(دلزار)یش لەو وێنە شیعرییەی بۆ (سۆلاڤ) ی کێشاوە :

ئەم لا کەژێکە ئەو لا کەژێکە جوان و سەختو بەرز

لەناوەڕاستا دۆڵی سۆلاڤە پڕ لە باخ و رەز ﴿24 : 60﴾

کاریگەر بووە بەم وێنەیەی (گۆران) :

ئەم لا یەك پەڵە ، ئەو لا یەك پەڵە ، هەوری ڕەنگاو ڕەنگ ،

لە ناوەڕاستا بەدەم ئاسۆوە ، ڕۆژی شۆخ و شەنگ ! .

﴿20 : 63﴾

تەنانەت لە ڕووی مۆسیقاوەش ، هەر لەسەر بنەمای شیعرەکەی (گۆران) داڕێشتووە : هەر لەتێ لە (15) بڕگە پێکهاتووە و دابەشی سەر سێ لەتی (5) بڕگەیی بووە .

**ج – کەلەپووری میللی :**

یەکێکە لەو سەرچاوانەی شاعیران لە هەموو قۆناغێکی شیعرییدا ، بۆ پێکهێنانی وێنە شیعرییەکانیان پەنای بۆ دەبەن .

(کاکەی فەللاح) لەم وێنە شیعرییەدا ، سوودی لە پەندێکی کوردی وەرگرتووە :

گەرچی باوەڕم وایە ((کاسە پڕبوو لێ ی ئەڕژێ))

کاسەی خوێنی ڕژاوی ناهەق پڕ و لێوانە

بە گەرمی خوێنی ئاڵی جوانەمەرگی خێر نەدیو

ئەسووتێ تەخت و بەختی ئەوەی کە وا تاوانــە ﴿50 : 50﴾

لەم دوو دێڕە شیعرەدا وێنەی تۆڵەی کوژرانی لاوێك کێشراوە " کاتێك مرۆڤ بەرامبەر بە کاری ناهەق ئارامی نامێنێت و بە ڕووی زۆردار و تاوانکاراندا دەتەقێتەوە ..

لە شیعرێکی تریشیدا سوودی لە بیرۆکەی پەندێکی تر وەرگرتووە و وێنەیەکی شیعریی تاکی لێوە سازکردووە " تیایدا مرۆڤی(سپڵە)ی چوواندووە بە (پووشی دەم با) :

هەندێکیش ئەڵێن : ژیان وەفایـــــە

سپڵەی پێ نەزان پووشی دەم بایـــە

((نان فڕێ بدە و بە سپڵەی مەدە))

هەر وەفــادارە ئــەمـــەکی لایــــــە ﴿67:50﴾

یاخود هەندێجار شیعر و بەیت و لاوکی فۆلکلۆری دەبنە سەرچاوەی وێنەیەکی شیعریی " بۆ نموونە (گۆران) لە (لاوکی سوور بۆ کۆریای ئازا) دا ، لە سەرەتاوە دێڕە شیعرێکی فۆلکلۆری هێناوەتەوە و کردوویەتی بە بناغە بۆ داڕشتنی قەسیدە درێژەکەی" تەنانەت لە ڕووی کێش و زمان و وێنەشەوە .. ، شیعرە فۆلکلۆرییەکەش ئەمەیە :

هەلاڵە برایە .. گری .. گری

چوینـــە غەزای ناو گـــاوری ﴿64 : 7﴾

یەکەم دێڕی شیعرەکەی خۆیشی بەم وێنە شیعرییە دەست پێدەکات :

ئازادی خـــواز گــری ! گــری !

کەوتە ژێر پێ ی درنج پەری ، ﴿64 : 7﴾

هەر دوو وشەی (درنج) و (پەری) خوازەن " مەبەست لە یەکەمیان ئیستیعمارو داگیرکەرە ، و لە دووەمیش ولاتی (کۆریا) یە .

هەندێجاریش شتوومەکی تایبەت بە کەلەلەپووری کوردی ، بوونەتە پێکهاتە لە پێکهێنانی وێنەیەکی شیعرییدا " (گۆران) دەڵێت :

تا ناسیمت ، تا خۆت هاویشتە سەر ڕێم ،

تا دێوجامەت ڕاگرت نیشانت دا پێـــــم ؟

هاوار ! تومەز لەودیو پەردەی گوڵگوڵێن ،

لە کارا بوو ! بیری بەد ، دستی خوێنین ! ﴿62 : 28 – 29﴾

(دێوجامە) یان (دیجامە)" ((چەند پارچە پەڕۆی ڕەنگاوڕەنگە لێکی دەدەن و لە ڕاوەکەودا بەکاری دەهێنن)) ﴿ 101 ﴾، (گۆران)یش سوودی لەمە وەرگرتووە و لەم وێنە شیعرییەدا ، بۆ فێڵبازی کچێکی بەکارهێناوە " واتە(دێوجامە)ی لە ڕاوکەرەوە خواستووە بۆ یار . بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە وێنەکەدا خۆی بە (نێچیر) و یارەکەیشی بە (ڕاوکەر) چوواندووە .

هەروەها (گۆران) لەم وێنە شیعرییەشدا چەند کەرەستەیەکی تری تایبەت بە ئافرەتانی کورد " کە بە بەشێك لە کەلەپووری کوردی دادەنرێن ، بەکارهێناوە ، بەڵام بە خەیاڵێکی شاعیرانە وێنەیەکی شیعریی لێ سازکردوون :

با پێچکەی نقێم گورج گورج بە تاسە

لێو بنێته سـەر کولـمـی هەیـاسـه ! ﴿153:61﴾

(لێو) و (تاسه) له مرۆڤەوه خوازراوه و دراوەته (نقێم)[1] و (کولم)یش هەر له مرۆڤەوه (به تایبەتی ئافرەت) خوازراوه بۆ (هەیاسه)[2] .

ئەم جۆره وێنانه " دەکرێت به وێنەیەکی خودییان دابنێین ، چونکه بیرێکی وردی شاعیرانه دروستیان دەکات ، بەلام له هەمان کاتدا چەند کەرسته و سەرچاوەیەکی تر دەبنه پێکهێنەری وێنەکه .

## 2 – سەرچاوەی مرۆڤایەتی :

واته ئەو سەرچاوه گشتییانەی سنووری نەتەوه دەبەزێنن " که ئەمانه دەگرێتەوه :

**أ – سەرچاوەی مێژوویی :**

هەندێجار ڕووداوێکی یان کەسایەتییەکی مێژوویی ، دەبێته سەرچاوه و هەوێنی پێکهێنانی وێنەیەکی شیعریی . لەم قۆناغەی شیعریی کوردیدا ، گەڕانەوه بۆ مێژوو " به تایبەتی مێژووی کۆنی کورد ، یەکێکه له سەرچاوه دیارەکانی وێنه شیعرییەکانیان .

یەکێك لەو ڕووداوه مێژووییانه " له سێدارەدانی قازی محەمەد و هاوڕێکانییەتی ، که بوونەته سەرچاوەی شیعرێکی (ع. ح. ب) به ناونیشانی (له مەهاباد) دا ، بۆ نموونه لەناو شیعرەکەدا ئەم وێنه شیعرییه دەبینین :

سێ دارەکان

---

(1) – (( جۆره بەردێکی به نرخه بۆ جوانی دەخرێته ئەموستیله و گواره و شتی تر .)) ﴿100﴾

(2) – ((هەیاسه " کەمبەرەیەکی زێڕین و زیوینه ژنان دەیبەستنه پشتیان .)) ﴿100﴾

وەك گەردنی ئەو بەندی یە

كە كون لە جگەریا نی یە

لووتیان نابوو بۆ ئاسمان ﴿151 : 40﴾

(لووت) لە مرۆڤەوە بۆ (سێدارە) خوازراوە ، لە هەمان كاتیشدا سێدارە بە گەردنی (بەندی) یەكی خۆڕاگر چوێنراوە .

یان لە لایەن هەندێ شاعیرەوە سوود لە مێژووی كۆنی كورد وەرگیراوە " بۆ نموونە ئاینی زەردەشتی و ئاوێستا بوونەتە سەرچاوەی چەند وێنەیەكی شیعریی لە (پەیامی ون بوو)ی (شێركۆ)دا ، وەك :

هەتاكو چرای ئاوێستا

دائەگیرسا

بەرچاوی بیرمان رووناك بوو

سەرچاوەی دەروونمان پاك بوو ﴿31 : 32﴾

(ئاوێستا) بە (چرا) و (دەروون)یش بە (سەرچاوە)ی ئاوێكی پاك چوویێنراون ، هەروەها (چاو) لە گیانلەبەرەوە بۆ (بیر) " كە ناوێكی ئەبستراكتییە ، خوازراوە .

**ب – سەرچاوەی سیاسی :**

ئەم جۆرە لەگەڵ سەرچاوەی پێشوودا زۆر جار تێكەڵ بە یەكتر دەبن " كە یەكێكە لە گرنگترین سەرچاوەكانی وێنەی شیعریی ساڵانی پەنجاكان و شەستەكان و سنوورێكی فراوانی داگیركردووە " ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گەشەسەندنی بیریی نەتەوەیی و كۆمۆنیستی لەو سەردەمەدا .. ، هەروەها ئەو رووداوانەی ئەو ماوەیە ، كە لە عێراق و كوردستان بە تایبەتی

ڕوویانداوە " بۆ نموونە یەکێك لە دیارترین ڕووداوەکان شۆڕشی (14)ی تەمووزی ساڵی (1958) ە ، کە بووەتە هەوێنی شیعرێکی زۆر لەلای زۆربەی شاعیرەکان "بێگومان وێنە شیعرییەکانی ناو ئەو شیعرانەیش سەرچاوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەم ڕووداوە ..

(ڕەفیق حیلمی) دیوانێکی بە ناونیشانی (پاش تەمووز) بڵاوکردۆتەوە ، جگە لەو لای ئەم شاعیرانیش شیعری لەسەر نووسراوە : (أ . ب. هەوری) ﴿2 : 10﴾، (عوسمان خۆشناو) ﴿43 : 47﴾، (دیلان) ﴿75 : 98 ﴾، (گۆران) ﴿61 : 280 ، 282 ، 293 ﴾، (ع. ح. ب) ﴿40 : 126 ، 153 ﴾، ... هتد .

بۆ نموونە لە (دەنگێ)ی (عوسمان خۆشناو)دا ئەم وێنەیە دەبینرێت :

لە بەغدا پایتەختی جاران ،

شانۆی بێ ئابڕووی زۆرداران ﴿43 : 47 ﴾

(بەغدا) ی سەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتی " بە شانۆیەکی بێ ئابروو چوواندووە ، واتە دەستەڵاتدارانی ئەو کاتەی بە ئەکتەری بێ ئابروو و زۆرداری ئەو شانۆیە چوواندووە .

(دیلان)یش لە (چواردەی تەمموز)دا دەڵێت :

با توولەمار لە ژێر پێ دا هەپڕوون بێ

بەڵام لەوبەر زیتەی چاوی ڕەشمارە .. ! !

زیتەی چـاو و تـیـژکردنـی ددانـە

کلکە لەقێ و مرەی مام ئیستیعمارە .. !! ﴿75 : 99 ﴾

(تووله‌مار) و (ڕه‌شمار) خوازه‌ن " یه‌که‌میان له جیاتی دەسته‌ڵاتدارانی رژێمی پاشایه‌تی و ئیستیعمار به‌کاهاتووه . له دێڕی دووه‌میشدا (کلکه له‌قێ و مڕه) له سه‌گه‌وه بۆ ئیستیعمار خوازراون[1].

(گۆران) یش له یه‌کێك له‌و شیعرانه‌ی له‌سه‌ر ئه‌م ڕووداوه نووسیونی " ئه‌م وێنه‌ی لێ هه‌ڵده‌بژێرین :

ده‌نگێکی دوور ،
دوور .. ئێجگار دوور ...
به ئاسته‌مێك ئه‌گاته ژوور !
ئه‌ی ده‌نگی دوور ،
به ئاسته‌مێك ئه‌گه‌یته ژوور !
ئاخۆ سپیت ، یان ڕه‌ش ، یان سوور ؟
وه‌ره پێشتر ..
چۆن ئاو ئه‌ڕژێته ناو ئاگر ،
له ڕێی گوێوه ، بڕژێره گیان ، ﴿280:61﴾

له‌م وێنه شیعرییه‌دا وشه‌ی (ده‌نگ) واتایه‌کی فراوانی هه‌ڵگرتووه ، مه‌به‌ست له هاوارکردنی خه‌ڵکی شۆڕشگێڕه " له لایه‌که‌وه ده‌نگ وه‌ك خاوه‌ن هه‌ستێك قسه‌ی له‌گه‌ڵدا

[1] - لێره‌دا دیلان وه‌ك زۆربه‌ی شاعیرانی تر به ساده‌یی نه‌یڕوانیوه‌ته ڕووداوه‌که , به‌ڵکو واقیعبینانه هه‌ڵیسه‌نگاندووه " که ئه‌م شۆڕشه کۆتایی کێشه‌یه‌کی بچووك و سه‌ره‌تای کێشه‌یه‌کی گه‌وره‌تره .

دەکرێت ، لەلایەکی ترەوە (هەستگۆڕکێ)یەك بەرچاو دەکەوێت " کە سێ ئاوەڵناو لە هەستی بینین (ڕەش و سپی و سوور) بۆ هەستپێکراوێکی بیستن (دەنگ) بەکارهێنراون ، لێرەدا ئەم ڕەنگانە ئەرکی ڕەمز دەبینن " (سپی و سوور) بۆ هەواڵی خۆش و (ڕەش)یش بۆ هەواڵی ناخۆش بەکارهاتوون .

لە دوو لەتی دواییشدا دوو لێکچواندن هەیە : (دەنگ) بە (ئاو) و (گیان)یش بە (ئاگر) چووێنراون " واتە بە بیستنی ئەم دەنگە خۆشە ، خەم و ئازارەکانی ناو دەروونی شاعیر لەناو زیندانەکەیدا دەڕەوێتەوە .

**ج – سەرچاوەی ئەدەبیاتی دراوسێ[1] :**

ئەدەبی فارسی و عەرەبی " تاڕادەیەکی کەمتریش تورکی ، کاریگەرییان بەسەر شاعیرانی ئەم قۆناغەدا هەبووە " وەرگێڕانی شیعری (بە تایبەتی) شاعیرە نوێخوازەکانی ئەو زەمانانە بوونەتە هۆی دروست بوونی سەرچاوەیەکی تر بۆ پێکهێنانی وێنەی شیعریی نوێ.

بۆ نموونە : (گۆران) لە شیعری نوێی عەرەبیدا شیعری ئەم شاعیرانەی وەرگێڕاوە : (جبران خلیل جبران ، معروف عبدالغنی رصافی ، جمیل صدقی الزهاوی ، محمد مهدی الجواهری) ﴿61 : 442 ، 445 ، 448 ، 450﴾، لە شیعری فارسیشەوە شیعری ئەمانەی وەرگێڕاوە : (ناصر خسرو ، حافظ شیرازی ، هاتف أصفهانی ، عشقی ، أبوتوراب جلی ، خیام) ﴿61 : 467 ، 469 ، 471 ، 474 ، 479 ، 481

---

(1) – لە باسی ئەم سەرچاوەیە و سەرچاوەی ئەدەبیاتی ڕۆژئاوایشدا , مەبەستمان تەنیا خستنە ڕووی ئەوەیە , کە شاعیرانی ئەم قۆناغە لە وێنە شیعرییەکانیاندا سوودیان لە سەرچاوەی ئەدەبیاتی دراوسێ و جیهانییش وەرگرتووە , چونکە زیاتر وردبوونەوە لەم لایەنەوە دەچێتە ناو خانەی ئەدەبی بەراوردکارییەوە .

، 487 ﴾، هەروەها لە تورکیشەوە چەند شیعرێکی (نازم حکمەت)ی بە شیعر و پەخشان وەرگێڕاوە . ﴿61 : 455، 457 ، 458 ، 503 ، 508 ، 509﴾

جگەلە گۆران " شاعیرانی تریش شیعریان لە ئەدەبیاتی دراوسێکانەوە وەرگێڕاوە .. "بۆ نموونە (پیرباڵ مەحموود) چەندین شیعری لە عەرەبییەوە وەرگێڕاوە ، هەر لەناو دیوانی (بەهەشتی دلدّاری) دا ، سێ شیعری وەرگێڕدراوی لە عەرەبییەوە تێدایە ، بەلاّم نە ناونیشانی دەقە ڕەسەنەکە و نە ناوی خاوەنەکەی دیاری نەکردووە " (پیرباڵ) بەم شێوەیە باس لە کاریگەر بوونی خۆی دەکات بە شیعری عەرەبی : ((لە سەردەمی گەنجیەتیدا کە زەبری ڕۆمانسییەت بەسەرما زاڵ بوو شیعری مەهجەری عەرەبی (باکوور و باشوور) سەرنجی ڕاکێشام و کارێکی زۆری لێ کردم ، کارتێکردنەکەش لە ناوەڕۆك و رواڵەت و مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکانم ڕەنگیان دایەوە ، بە تایبەتی لە ڕووی وەزن و قافیە و **وێنەکێشانەوە**.)) ﴿87 : 101﴾

هەروەها (دیلان)لە شیعری (رەز)دا دەڵێت :

ئای کێ بێ بانگ و هاوار و پـــــەیام
بگـــەێنێتـــــە گوێ ی گۆڕی خـــەیـــام
بڵێ هەی سەرشێت کوشتەی گڕی تەڕ
گەر تێتا ماوە یەك تۆز نـــــرخ و فەڕ
تۆ .. لەسەر باکەی شووشەکەی شکـان
لـــەگــەڵ خـــودادا کـــردت بـــە زۆران
هەڵسە بەرەو ئەم ناوە هەڵ تـــووتـــێ

نەك شووشە شكا وا ڕەز ئەسـووتـێ ﴿75 : 135﴾

لێرەدا ئاماژە بە چوارینەیەكی (خەیام) دەكات " كە گلەیی لە خوا دەكات لەسەر ئەوەی بایەك هەڵیكردووە و شووشە مەیەكەی شكاندووە :

ابـــريـق مــی مـــرا شـــكستی ربـی،
بر من در عيش را به بســتی ربـــــی"
من مي خورم و تو مي كنی بد مستی،
خاكم بدهن مـــگر تو مستی ربـــــی؟ ﴿1:208﴾

(دیلان)یش دەڵێت : ئەی ئەگەر بێیتە ئێرە (كوردستان) و سووتانی ڕەزێك ببینیت " كە هەزاران شووشە مەیی لێ دروست دەكرێت ، ئەوكاتە چی دەڵێیت ؟ !

ئەو بنەمایانەی وێنە شیعریەكەیان پێك هێناوە : دوواندنی مردوویەك لەناو گۆڕدا (خەیام) و بەكارهێنانی فرمانی داخوازی بۆی (هەڵسە ، هەڵ تووتێ) " زۆرانبازی خەیام لەگەڵ خوادا " بەرامبەركردنەوەی شكانی شووشەیەك شەراب و سووتانی ڕەزێك " .. بەگشتی وێنەكە لەسەر بنەمایەكی نالۆژیكی دامەزراوە " ئەمەش وەك كاردانەوەی ئەو زۆرداریییە بەسەر كورددا كراوە ، بەڵام چوارینەكەی (خەیام) بۆتە سەرچاوەی وێنە شیعرییە گشتییەكە .

(كەریم شارەزا) لە شیعری (تۆ) دا " خۆی لە پەراوێزدا ئاماژەی بەوە كردووە ، كە (هەڵبەستەكەی(( صلوات فی هیكل الحب)) ی ابو القاسم الشابی بووە بە سەرچاوەی ایلهامی

ئەم هەڵبەستە) ﴿57 : 38 ﴾" کاریگەریی ئەم شیعرەی (الشابی) لەسەر شیعرەکەی (شارەزا)دا بە تایبەتی لەم دێڕانەدا دەردەکەوێت :

(الشابی) یارەکەی جارێك بە ڤینۆسی خوای جوانی و جارێکی تر بە فریشتەی بەهەشت دەچوێنێت " کە لە شێوەی پرسیارێکی سەرسوڕهێنەردا وێنەکە دەخاتە ڕوو " یان بە وێنەیەکی جوانی دەچوێنێت و پرسیاری ئەو بلیمەتە دەکات کە ئەو وێنەیەی کێشاوە :

أي شيء تراك ؟ هل أنت (( فينيس))

تهادت بين الورى من جديد

لتعيد الشباب و الفرح المعسول للعالم التعيس العميد !

أم ملاك الفردوس جاء إلى الار ض

ليحي روح السلام العهيد !

أنت ... ، ما أنت ؟ رسم جميل

عبقري من فن هذا الوجود

﴿304 : 105﴾

(شارەزا)یش هەمان ئەم وێنانەی بە هەندێ دەستکارییەوە دووبارەکردۆتەوە ، تەنانەت لە دووبارە کردنەوەی وشەکان و شێوازی خستنە ڕووی وێنەکانبە پرسیار ، هەر لە ژێر ئەم کاریگەرییەدا دەرنەچووە :

بۆ پێم ناڵێ ی تۆ ، تۆ چی ؟ تۆ انسانی ؟ !

یا فریشتەی بـەهـەشتـی جـاویـدانـی ؟ !

یا پەیکەری ڤینۆسی ؟ خوای جوانی ؟

تۆ کام وێنەی ؟ دەسکاری کام فەننانی ؟

یا کام نیگای بە هاداری ژیانی ؟!! ﴿57: 38 –39﴾

یاخود لە دێڕی کۆتاییدا " تەنانەت وشەکانی سەرەتای لەتە شیعرەکان وەرگێڕانی دەقە عەرەبییەکەیە ، (شارەزا) دەڵێت :

تۆ ، تۆ گیانی پڕ جۆشی زیندەگانی ! !

تۆ ، تۆ ژیانی پڕ خۆشی و کامەرانی ! ! ﴿57: 39﴾

(الشابی)ش دەڵێت :

أنت .. ، أنت الحياة في قدسها السامي ، وفي سحرها الشجي الفريد

أنت .. ، أنت الحياة ، في رقة الفجر في رونق الربيع الوليد

﴿105 : 308﴾

### د – سەرچاوەی ئەدەبیاتی جیهانی :

سەرچاوەیەکی گرنگی وێنەی شیعریی ئەم قۆناغەیە ، جا چ بە زمانی راستەوخۆی دەقە بێگانەکان خۆیان بێت ، چ لە رێگای وەرگێڕدراوی دەقەکانەوە بێت ، کارگەرییەکی بەرچاوی لە پێکهێنانی وێنەی شیعریی نوێدا هەبووە.

(گۆران) لە پەراوێزی چەند شیعرێکییدا ئاماژە بەوە دەکات ، لە نووسینی ئەو شیعرەدا بە چ شیعرێ کاریگەر بووە " هەندێجار بە وردی دەستنیشانی کردووە ، وەك لە پەراوێزی (بۆ بلبل)دا نووسیویەتی : ((هەڵبەستی **To A Skylark** ، هیی شاعیری

بەناوبانگی ئینگلیز پرسی بیش شیللی ، سەرچاوەی ئیلهامی ئەم شیعرانەیە .)) ﴿61 : 103﴾، یان تەنیا ئاماژەی بە کاریگەربوونەکەی کردووە ، وەك لە پەراوێزی شیعریی (گوڵی لاولاو) دا نووسیویەتی : ((بنەڕەتی بیری ئەم هەڵبەستە لە شیعری ئینگلیزی وەرگیراوە)) ﴿63 : 27﴾، بەڵام دەقەکە و خاوەنەکەی دەستنیشان نەکردووە " کە ((بیرەکەی کوت و مت لە شیعرێکی شاعیری میتافیزیکی ئینگلیز (ڕوبرت هیریك **Robert Hirrick) (1951 - 1674** وەرگرتووە کە لە بنەڕەتدا سەرناوی شیعرەکە بۆ (گوڵە نێرگزەکان)ە — **To Daffodils)) [91 : 42**﴾، هەروەها بیرۆکەی شیعریی (گوڵی خوێناوی)شی لە چیرۆکێکی ڕەمزی (ئۆسکاروایڵد) بە ناونیشانی (بولبول و گوڵ = **The Nightingale and the Rose**) وەرگرتووە(1) .

گۆران بەزۆری کەوتۆتە ژێرکاریگەریی شیعریی ئینگلیزییەوە ، ((شیعر و سەرجەم ئەدەبیاتی ئینگلیزی ڕۆڵێکی ئێجگار گرنگیان بینیوە لە ژیانی دا ، بیری ورد و خەیاڵی تیژی ئەو شاعیرانە لە کێشانی چەندەها وێنەی هونەری و تابلۆی جوان و دیمەنی سروشت و هۆگربوونی مرۆڤ بە دیاردەکانی ... گۆرانیان بە جارێ گواستەوە قۆناغێکی تر، دنیایەکی جوانی و مەل و وەنەوشە و نەسرین ..)) ﴿91 : 41﴾.

(دلزار) یش لە پەراوێزی (هەست کردن)دا " نووسیویەتی : ((شیعرێکی (ڕامبۆ) ی فەرەنسی بویتە مایەی ئیلهامی ئەم پارچە شیعرە)) ﴿24 : 52﴾

بەشێوەیەکی گشتی کاریگەریی ئەدەبیاتی ئەورووپا و ڕۆژئاوا زۆر بە زەقی لە شیعری ئەم ماوەیەدا دەبینین " بەڵام ئەم کاریگەرییە تەنیا لە سنووری شیعر و ڕەگەزەکانی

---

(1) - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە سەرچاوەی : ﴿91﴾ و ﴿92﴾ .

تری ئەدەبدا نەبووە ، بەڵکو بوارەکانی تری وەك مێژوو و کلتووری ڕۆژئاوا کاریگەرییان هەبووە " بۆ نموونە (گۆران) دەڵێت :

ئەمجا ئەی یار ، ئەی[1] خوا - ژنی عەشقم ، ئەی ڤینۆس ،
ئەی هەیکەلی[2] بەدەن لە عاج تـوالـێت ئـابنـوس ،
هیچ نەبێ بـۆ .. بـۆ خاطـری جـاهـی اپـۆلـۆ ،
مـەلـی شـعـرم مـەیـدان مـەدە بـکـەوێ لـە گۆ !

﴾37 : 62﴿

لە بنەما پێکهێنەرەکانی ئەم وێنە شیعرییەدا " سوود لە ئەدەبیات و ئەفسانەی گریکی وەرگیراوە : (یار) جارێك بە (خواژنی عەشق = ڤینۆس) و جارێکی تریش بە (هەیکەلی لە عاج دروستکراو) دەچوێنێت " (عاج) یش ئەو دوو شەفرەیە (فیل) هەیەتی ، کە مادەیەکی پتەو و ڕەنگ سپییە . (توالێت ئابنووس) " واتە ئارایشتت وەك درەختی ئابنووس[1] ڕازاوەیە " هەروەها (ئەپۆلۆ) لە ئەفسانەی گریکیدا خواوەندی شیعرە ، شیعریش بە مەل چووێنراوە ، قسەکردنیش لە مرۆڤەوە بۆ (مەل) یان (شیعر) خوازراوە .

---

[1] - لە دیوانەکەدا (ئەخوا) نووسراوە " دیارە هەڵەی چاپە .

[2] - لە دیوانەکەدا (هەیکەل) نووسراوە " ئەمیش هەڵەی چاپە .

(1) - درەختی ئابنووس ( ێبنوس ) لە (فرهنگ عمید) ی فارسی بەم جۆرە پێناسەکراوە : ( لە وشەی یۆنانی (ئەبەنۆس = Ebenos و پەهلەوی (apnus) وەرگیراوە " درەختێکە کە لە هیند و حەبەشە دەڕوێت و وەکو داری گوێز گەورە و پتەو دەبێت ﴿ ... ﴾ , گەڵاکانی وەکو گەڵای سنۆبەر و گوڵەکانیشی لە گوڵی (خەنە) دەچێت , دارەکەی قورس و سەختە ... )﴿ 209﴾

(گۆران) لە پاش سەردانی یەکیەتی سۆڤیەت ، نەك تەنیا شیعر و ئەدەبیات ، بەڵکو هونەرەکانی مۆسیقا و سەما و پەیکەرتاشی و بیناسازی ، لەگەڵ شوێنی جوگرافی و ژیانی ئەوێ بە گشتی لە وێنە شیعرەکانیدا رەنگیان داوەتەوە ، نموونەی ئەمەش لە شیعری (مۆسکۆی جوان) دا دەبینرێت " تیایدا : (دانسی بالێ)ی بە (هەنگوین) و چیرۆکی ناو ئۆپێراکەی بە خونچەی پشکووتوو و گوڵی بەربەیان چوواندووە ، ..) ، هەر لەناو ئەو شیعرەدا لە وەسفی مۆسکۆدا سەرچاوەی ئەدەبیاتی کوردی تێکەڵ کردووە :

ئەی مۆسکۆ ! ئەی ژنی جوانی سپی پۆش

هەروەك مەمێك زینێك ناکا فەرامۆش ،

هەتا ئەمرێ .. منیش ، هەتا — هەتایە

دلگیری تۆم هەرگیز لە دڵ دەرنایە ! ﴿61 : 304﴾

لێرەدا جارێك (مۆسكۆ) ی بە ژنێکی جوانی سپی پۆش چوواندووە " ئەمەش درکەیە لەوەی لە وەرزی زستاندا هەمیشە بە بەفر داپۆشراوە " جارێکی تریش بە (زین) ی دەچووێنێت و خۆیشی (گۆران) بە (مەم) چوواندووە . لە کۆتایی شیعرەکەیشدا دیسانەوە (مۆسکۆ) بە (بووك) و خۆیشی بە (زاوا) دەچوێنێت :

بێ هەست ئەمکەن بە زاوای بەردەمی بووك ،

دەم بۆ ماچت ئەبەم مۆسکۆی ئێسك سووك ! ... ﴿61:305﴾

(پیربالّ مەحموود) لە شیعری (شەو هات) ﴿11 : 37﴾ دا تـەواو لـە ژێـر کاریگەریی ئەفسانە و ئـەدەبیاتی گریکـی و لاتینیدایـە " وەك بـەکارهێنانی ڕەمـزە ئەفسانەییەکان : (ڤینۆس[1] ، ئورفیۆس[2] ، باخوش[3] ، ئەپۆلۆ[4] ، دیانە[5])

(پەشێو) یش لە شیعری (دۆن جوان) دا " هەر لە ناونیشانەکەیەوە دیارە ، چ لە وێنەی گشتی دەقەکە و چ لە وێنە تاکەکانیشدا سوودی لە کەسایەتی (دۆن جـوان) وەرگرتووە ، کە کەسایەتییەکی بەناوبانگی ناو یەکێك لە شانۆ کۆمیدییەکانی نووسەری گەورەی فەرەنسی سەدەی حەڤدە (مۆلێر) ە ، شانۆنامەکەش هەر بە ناونیشانی (دۆن جوان) ە " کە بووەتە ناوێکی خوازراو بۆ ئەو کوڕە لاوانە (یان ئەو پیاوانە) بەکاردەهێنرێت ، کە شانازی بە جوانی خۆیانەوە دەکەن و هەموو ئامانجێکی ژیانیان تەنیا یاریکردنە بە هەست و سۆزی کچان .. ، (پەشێو)یش وێنەی کەسێکی (نادیار)ی کێشاوە و (دۆن جوان)یشی وەك ناوێکی خوازراو بۆ ئەو کەسە بەکارهێناوە " کە هەموو سیفەتەکانی دۆن جوانی تێدا کۆبۆتەوە هیچ ئاگایەکی لە خەمی نەتەوەکەی نییە ، لەسەرەتای شیعرەکەدا ئاوا وێنەی ئەو کەسە دەکێشێت :

ڕێك و جوانی ، تۆ (دۆن جوان) ی
سینگ دەرپەڕیو ، چاو ژنانی ...

---

(1)- ڤینۆس " خواوەندی جوانی و خۆشەویستییە لە لای ڕۆمانییەکان . ﴿211﴾

(2)- ئۆرفیـوس " گۆرانیبێـژ و پاڵـەوانێکی ئەفسانەیی گریکییـە , نوێنـەری هونـەری گۆرانییـە .﴿211﴾

(3)- (بـاخوش ) یـان (بـاخوس) " یەکێکـە لـە ناوەکـانی (دیۆنیـسۆس) ی خواوەنـدی شـەراب لـەلای گریکییەکان .﴿211﴾

(4) – خواوەندی شیعرە لەلای گریکییەکان . ﴿211﴾

(5) – دیانە " لە میتۆلۆژیای ڕۆمانیدا بە خواژنی پاکیزەی مانگ و ڕاو دەوترێت .﴿211﴾

هەنگاو بنێ ، سووك خۆت بادە

لەم جادەوە ، بۆ ئەو جادە

سەر شانەکە ، لەناو کۆڵان

ئازای ناو کۆڕی کیژۆڵان ! ﴿35 : 20﴾

وەك دەبینین " لە کێشانی وێنەی ئەو کەسایەتییەدا سیفەتەکانی لە (دۆن جوان) ەوە خواستووە .. " لە کۆپلەی دووەمی هەمان شیعردا دەڵێت :

تف لە جوانی ، ئەم دوو چاوە

کە بۆ چاوبازی ، خولقاوە !

نابینێ ، نیشتیمانەکەی ....

ئازاری ، خاکە جوانەکەی ﴿35 : 22﴾

### ٥ – سەرچاوەی ئاینی :

لە شیعری نوێی کوردی ئەم ماوەیەدا " بەئاشکرا ئەم سەرچاوەیەی وێنەی شیعریی ڕووی لە کزی کردووە ، لە هەندێ شوێندا بۆ دروستکردنی وێنەی شیعریی سوود لە چەمکەکانی ئاینی زەردەشتی وەرگیراوە ، بەڵام ئەمە زیاترلە ڕوانگەیەکی نەتەوەییەوەیە نەوەك ئاینی " بۆ نموونە (سەرسام) لە (گەشتێ بۆ ئاسمانی زەردەشت)دا ، بیری نەتەوەیی بۆتە پاڵنەرێك " کە (ئاڤێستا) بکاتە (مەشخەڵی ڕێگا)ی ژیانی کورد ، بەڵام هەرچۆنێك بێت لە ژێر کاریگەریی چەمکەکانی ئەم ئاینە ، وێنە شیعرییەکانی سازکردووە ، بۆ نموونە :

سەیری زەردەشت نەئەکرا

ڕۆژی هەڵگرتبوو چرا

ئاڤێستاکەی بە دەستیەوە

وەك ڕۆژ تیشکی ئەبەخشیەوە ﴿36:20-21﴾

لەم وێنەیەدا (زەردەشت) بە (چرا) و (ئاڤێستا)ش بە (ڕۆژ) چوێنراون .

ئەگەر لە هەندێ شوێندا وێنەیەکی شیعریشمان بەرچاو بکەوێت ، کە لە ژێر کاریگەریی ئەم سەرچاوەیەدا داڕێژرابێت " ئەوا شاعیر لەو وێنەیەدا کەوتۆتە ژێر کاریگەریی وێنەی شیعریی کلاسیکییەوە ، وەك :

(دیلان) لە وەسفی شاری سلێمانیدا ، دەڵێت :

وا بەڵقیسی دارئەرخەوان

بە بووك برا بۆ سلێمان ! ﴿75 : 152﴾

(بەلقیس) و (سلێمان) هەردووکیان خوازەن ، بۆ شاری سلێمانی و سلێمان پاشای بابان بەکارهاتوون " لە وێنە شیعرییەکەدا لە لایەکەوە سوود لە چیرۆکی (حەزرەتی سلێمان و بەلقیس) وەرگیراوە ، کە لە قورئانیشدا باسکراوە ، لە لایەکی تریشەوە لە چوواندنی سلێمانی بە (بەلقیس) سوودی لە شیعرێکی (پیرەمێرد) وەرگرتووە ، کە دەڵێت :

بەیانی بوو ، لەخەو هەستام ، کە ڕوانیم ، بەفرە باریوە

سلێـــمـــانـــی ئەڵێـــی بەڵقیســـە ، تـــارای زیـــوی پۆشیـــوە

﴿5 : 194﴾

واتە (دیلان) لەم وێنە شیعرییەدا " سوودی لە دوو سەرچاوە وەرگرتووە : سەرچاوەی ئەدەبی پێشین و سەرچاوەی ئاینی ، کە ئەمەی دووەمیشیان هەر لە ڕێگای سەرچاوەکەی یەکەمیانەوەیە .

## و -- سەرچاوەی سروشت :

ئەم جۆرە سەرچاوەیەکی هەمیشەیی وێنەی شیعرییە لە هەموو قۆناغ و سەردەمێکدا ، بەڵام چۆنییەتی مامەڵەکردنی شاعیران لەگەڵ سروشتدا بە پێی سەردەم و ڕێبازە ئەدەبییەکان دەگۆڕێت . لەم قۆناغەی شیعری کوردیدا دوو شێوازی مامەڵە کردن لە گەڵیدا دەبینرێت : هەندێجار بە هەناسەیەکی ڕۆمانسییانەوە ڕوانیویانەتە دیاردە سروشتییەکان " چونکە (شاعیری ڕۆمانسی پەنا دەباتە بەر سروشت و دیمەنەکانی بۆ پێشاندانی وێنە لە شیعردا ، ﴿... ﴾ئەم وێنانە بەلای ڕۆمانسییەکانەوە بیر و سۆزە خودییەکان دەنوێنن ، کە هەست و سۆزەکانیان لەگەڵ وێنە شیعرییەکان تێکەڵ دەکەن " سروشت و دیاردە دەروونییەکانیان وەك یەك تەماشا دەکەن ، لە شتەکاندا کەسایەتییەکان دەبینن " کە بیر دەکەنەوە و خەفەت دەخۆن و بەشداری سۆزەکانیان دەکەن . لەو دیمەنە سروشتییانەش دوور دەکەونەوە " کەوا دەردەکەون بەشداری هەست و سۆزەکانیان ناکەن .) ﴿170 : 392 ﴾. لەم بارانەدا سروشت وەك هۆکارێکی گوزارشتکردن لە خەمی تاکەکەسیی شاعیر ، یان نەتەوەکەی و مرۆڤایەتی بە گشتی ، وێنەی شیعریی لێ دروستکراوە .

یەکێك لەو شاعیرە دیارانەی ئەم قۆناغە ، کە سروشت بووەتە سەرچاوەیەکی بەنرخ بۆ پێکهێنانی وێنە شیعرییەکانیان — (گۆران) ە ، هەر لێرەشەوە دیسان جارێکی تر کاریگەریی ئەدەبیاتی ئینگلیزی بەسەر (گۆران)ەوە خۆی دەنوێنێت " چونکە (شاعیرە

ڕۆمانسی یەکانی ئینگلیز بوون کە سەرنجی گۆرانیان بۆ ئەوە راکێشا کە سروشت ئەشێ بکرێتە ناوەڕۆکێکی نوێی بەنرخ و سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی هۆنراوە .) ﴿92:58﴾.

شـیعری (پـایز) ﴿14 : 63﴾" نموونـەی بـەراوردکردنی خـەمی تاکەکەسـە بـە دیـاردە سروشتییەکان ، لەبەرئەوەی سروشت بووەتە سەرچاوەی دروست بوونی وێنە شیعرییەکانی " وەك :

لە وەرزی پایزدا گەڵای درەختەکان و گیای سەرزەمین زەرد دەبێت ، لەبەرئەوە بە (بووکی پرچ زەرد) چوێنراوە " لەو کاتانەیشدا درەختەکان گەڵاکانیان دەوەرێت ، یان کاتێك گیاو سەوزایی نامێنن و زەوی دەردەکەوێت ، بە کچێکی (شان و مل ڕووت) چوێنراوە .

لە وێنەیەکی تریشدا (ئاڵتوون) بە خوازە لە جیاتی گەڵای زەرد بەکاهێنراوە : (ئاڵتوونی دار) .. " گۆران لە سەراسەری شیعرەکەدا دیاردە و سیفەتەکانی پایزی کۆکردۆتەوە و باری دەروونی خەماوی خۆی پێ بەراورد کردووە .

(بـەهار) ی (دیـلان) یـش " نموونـەی خسـتنە ڕووی خەمـەکانی مرۆڤایەتییـە لـە ڕێگـای وێنـەی سروشــتەوە " واتــە سروشـت بووەتــە سەرچــاوەی پێکهێنــانی وێنــە شــیعرییەکانی نــاو ئــەم دەقــە . لێـرەدا دیـلان لـە چـەند وێنەیـەکی شـیعریی تاکـدا ، وێنەیـەکی شـیعریی گـشتی لـە بـارەی جـوانی دیاردەکـانی نـاو بـەهار دەکێـشێت " بـەڵام کـە دێتـە سـەر وێنـەی مـرۆڤ ، دژایەتییـەك دروسـت دەبێـت ، بـە شـێوەیەك کـە جـوانی بـەهار ڕەنگدانـەوەی ئـەو نەهامەتییـەی مـرۆڤنییـە ، لەبەرئـەوە داوا لـە وەرزی بـەهار دەکـات ، تـا مرۆڤایـەتی (یـان نەتـەوەی کـورد) ڕزگـاری نـەبێت ، نەیـەت و خـۆی دوابخات، بەو مەرجە بێتەوە " کە مرۆڤ لە هەموو نەهامەتییەکان رزگاری ببێت :

کە دی ئینسانی (سەرۆکی) وایە
ئەبێ خۆی دواخا و نەیەتە کایە ﴿75 : 27﴾

ئەمە لە هونەری ڕۆماندا (باکگراوەندی وەسفیی وەستاو) ی پێدەوترێت " کە تراژیدیای مرۆڤ لەم (بوون) ەدا دووپات دەکاتەوە ، چونکە سروشت بەشداری خەمەکانی ناکات " ئەمەش دووپاتکردنەوەی ئەو تیۆرییە فەلسەفییەیە " کە (سروشت گوێ ناداتە ئازار و ئاواتەکانی مرۆڤ ، چونکە سروشت بەپێی یاساکانی (کەر)ی بوونی هەیە .) ﴿176 : 304﴾

لە وێنە شیعرییەکانی ناو ئەم دەقەدا " لە دێڕی یەکەمدا دەڵێت :

وا بەهار دیسان تارای ئەپۆشێ
گوڵاڵە پیاڵەی خوێنین ئەنۆشێ ﴿75 : 26﴾

(بەهار) بە (بووك) چوێنراوە ، یاخود (تارا) لە بووکەوە بۆ (بەهار) خوازراوە . (پیاڵە نۆشین) یش لە مرۆڤەوە بۆ (گوڵاڵە) خوازراوە ، مەبەستیش لە (پیاڵەی خوێنین) ڕەنگی سوورە " واتە گوڵاڵە سوور بووە . . " هەروەها دەڵێت :

نێرگس ئەندام شۆڕ ڕەنگی زیڕینی
وەنەوشە و کوڕنووش پەڕەی چین چینی ﴿75:26﴾

(ئەندام شۆڕ) مەبەستی لە شۆڕبوونەوەی گەڵاکانی نێرگزە ، هەروەها (کوڕنووش) لە مرۆڤەوە بۆ وەنەوشە خوازراوە ، چونکە ئەم گوڵە لاسکەکەی چەماوەتەوە ، وەك مرۆڤێکە لە کاتی کڕنووش بردندا " ئەم وێنە شیعرییە لە ژێر کاریگەریی وێنەیەکی شیعریی (پیرەمێرد)ە، کە لە وەرگێڕانی شیعرێکی (بێسارانی)دا دەستکاری شیعرەکەی کردووە " بێسارانی دەڵێت :

چنوور پەی زوڵفت پەشێو حاڵشەن

وەنەوشە سەودای خیـــاڵ خاڵشـــەن ﴿8 : 98﴾

بەڵام (پیرەمێرد) بەم شێوەیەی وەرگێڕاوە :

چنوور بۆ زوڵفت ، لوول و پـــەشێوە

وەنەوشە ، مل کەچ ، خاڵی لای لێوە ﴿6 : 166﴾

وەك دەردەکەوێت (دیلان) بە وێنەکەی (پیرەمێرد) کاریگەر بووە .

شێوازێکی تری مامەڵەکردن لەگەڵ سروشتدا ، لە شیعری ئەم ماوەیەدا "لە پێناوی جوانکردن و خۆشەویستکردنی نیشتیمانە " بۆ نمونە (کامل ژیر) لە (بـەهاری کوردستان) دا ، دیمەنەکانی بەهاری کوردستانی لە چەند وێنەیەکی شیعرییدا کێشاوە "واتە سروشتی جوانی کوردستان بووەتە سەرچاوەی وێنە شیعرییەکان "بێگومان بە خەیاڵی وردی شاعیرانەیش دارێژراوە . یەکێك لە وێنە شیعرییەکانی ناو دەقەکە :

ئـــەمـــە کـــوردستانی ساکار

خۆ بپۆشێت بەرگی بەهار :

ئەبێتە بووکی شازادە

کە بۆ زەماوەند ئامادە

هەر لە پێوەی تا تەوقی سەر

بەرگی سروشت ئەکاتە بەر ﴿3:56﴾

(بەهار) بە (بەرگ) و (کوردستان) یش بە (بووك) چوێنراون ، جارێکی تریش (سروشت) بە (بەرگ) چوێنراوە . (بەرگ پۆشین) یش بۆ کوردستان خوازراوە .

لە کۆتایی شیعرەکەیشدا " ئامانجی گوزارشتکردن لەو دیمەنە جوانانەی کوردستان دەخاتە ڕوو :

بەهار ، نەورۆز ، جەژن ، شادی

بەسەر بـەریـن لەگـەڵ ژیـان

بـە بـزەی لێو ، بـە ئـازادی...

کەواتە . دەی .. هەی .. تێکۆشان

﴾8 : 56﴿

## ز – سەرچاوەی ڕووداو و بۆنەکان :

سەرچاوەیەکی دیاری تری وێنەی شیعریی ئەم ماوەیە " مەبەستیش لە ڕووداوە سروشتییەکان و کۆچی دوایی چەند کەسایەتییەکی ناسراوە . دیارترین ڕووداوی سروشتی ، کە لەو ماوەیەدا ڕووی دابێت " کارەساتی لافاوی ساڵی (1957) ی شاری سلێمانییە ، کە بووەتە سەرچاوەی ئیلهامی چەندین شیعر لای شاعیرەکان " وەك : (أ. ب. هەوری) ﴾2 : 54﴿، (کامل ژیر) ﴾56 : 63﴿، (کامەران) ﴾51 : 86 ، 121﴿، (دلزار) ﴾24 : 53﴿، (ع. ح. ب) ﴾40 : 124﴿.. ، هەروەها لە بۆنەکانیش " وەك : مردن و کوژرانی چەند کەسایەتییەك ، کە کاریگەرییان لەسەر شاعیرانی ئەو ماوەیەدا هەبووە و بوونەتە هۆی دروست بوونی وێنەی شیعریی جۆراوجۆر " وەك : کۆچی دوایی (گۆران) ی شاعیر لە شیعری ئەم شاعیرانەدا : (پیرباڵ مەحموود) ﴾11 : 18﴿، (خورشیدە بابان)

﴿21 : 28﴾، (شێركۆ) ﴿32 : 49 ، 98﴾، (ع. ح. ب)﴿40: 159﴾.. ، هەروەها كۆچی دوایی (شێخ مەحموود) لە لای : (دیلان)﴿75 : 80﴾" كە سەرەتا وەك نامیلكەیەكی سەربەخۆ بلاوكرایەوە ، (كامەران) ﴿51 : 95﴾، (عوسمان شارباژێری) ﴿45 : 19﴾، (ڕەفیق حیلمی) ﴿25 : 25﴾" یان مردنی (حەسەن تۆفیق) لە لای : (دیلان) ﴿75 : 92﴾، (كامران) ﴿51 : 128﴾.. ، یاخود مردنی (ڕوناك زوهدی) لە لای : (شێركۆ) ﴿32 : 81﴾، (مەدهۆش) ﴿72 : 191﴾، (ع. ح. ب)﴿40 : 167﴾..، هەروەها كوژرانی (كچە نەغەدەیی) بووەتە هەوێنی چەند وێنەیەكی شیعریی لەلای ئەم شاعیرانە : (جەمال شارباژێری) ﴿13 : 57﴾، (كامەران)﴿54 : 52﴾، یان كوژرانی (جەمیلە)ی كچە جەزایری لە شیعری : (ساجد ئاوارە) ﴿27﴾" كە قەسیدەیەكی درێژە لە نامیلكەیەكدا ، (عوسمان خۆشناو) ﴿43 : 21﴾، (كامەران) ﴿51 : 99﴾، ... ، لەگەڵ چەند ڕووداوێك و بەسەرهاتێكی تر ، بەڵام ئەوانەی ئاماژەمان پێدان دیارترینیان بوو " لەناو ئەوانیشدا ، ڕووداوی (لافاوی شاری سلێمانی) وەك نموونەیەك لە لای چەند شاعیرێك وەردەگرین " كە لە لای هەریەكەیان چەندینیان وێنەی لێ دروست كراوە " بۆ هەریەكەیان وێنەیەك بە نموونە وەردەگرین:

(كامەران) دەڵێت :

گۆیژە گریا ، گریا بە خوڕ
لافاو هەستا بە تین بە گوڕ
ئاسمان بەرگێكی پۆشی ڕەش
مەرگ ناوشاری گرتە باوەش ﴿51 : 86﴾

ئەو بارانە بە خوڕەی بە شاخی گۆیژەدا هاتووەتە خوار ، بە گریانی چوواندووە " کە بووەتە هۆی دروست بوونی لافاوەکەی ناوشار . پۆشینی بەرگی ڕەش نیشانەی ماتەمە ، کە بۆ ئاسمان خوازراوە . (باوەش)یش بۆ مەرگ خوازراوە . (ناوشار) خوازەیە و لەجیاتی (مرۆڤەکانی ناوشار) بەکارهاتووە ، کە پەیوەندی نێوان خوازەکە و وشە ڕاستەقینەکە (شوێنی)یە .

بەگشتی شیعرەکە لە کۆمەڵێك وێنەی تاك پێکهاتووە ، پێکەوە وێنە گشتییەکە پێك دەهێنن " کە کارەساتی لافاو و ئەنجامەکەیەتی " شاعیر لە کۆتایی شیعرەکەدا هەوڵی داوە کارەساتە سروشتییەکە و کارەساتە سیاسییەکان پێکەوە گرێ بدات " ڕووی گلەیی دەکاتە گەردوون و دەڵێت :

نابێ شاری پیرۆز و جوان
ساڵێك دڵخۆش بێ ، بێ زیان
یا لافاو ، یا بۆمبابارن
یا لێزمەی گوللەی بێ وچان
ئەبێ ساڵێ جارێك ئێرە
وێران کا ، بیکا بە گێرە ﴿51 : 90﴾

(کامل ژیر) یش بەهەمان شێوە ڕووی گلەیی لە سروشت دەکات و ئەویش دەخاتە ڕیزی دوژمن :

سروشت تۆش وەها دەستی خۆت وەشان

پـاڵت دایــە پاڵ ، دوژمنـی سـەر ، گـیان ﴿56 : 67﴾

ئەمیش لە کۆتایی شیعرەکەدا " بە تەواوی ڕووداوەکە بە باری سیاسی و خەبات و کۆڵنەدان دەبەستێتەوە ، وەك ئەوەی ڕووداوەکە ڕووداوێکی دەستکرد و سیاسی بوویێت !!

نامان ڕووخێنیٚ هەزاران هێرش

قەڵای پتەوین (گۆشین) بە کۆشش

ئاڵامان بەرزە ، ئاشکرا ، رۆشن

نەبەردی ، خەبات ، شانی یەك گرتن ﴿56 : 68﴾

زاڵبوونی هەستی نەتەوایەتی لە لای شاعیرانی ئەم ماوەیە " وایکردووە بەرگی سیاسی بکەنە بەری زۆربەی بابەتە شیعرییەکانیان .

(دلزار) یش لە وەسفی (لافاو)ەکەدا دەڵێت :

تێکڕا ئەرز ، ئاسمان ، ئینسان

بە خوڕەم بەتاو ئەگریان !

ئەم بە لافاو ئەو بە باران

ئەویان بە فرمێسکی ڕەوان ! ﴿24 : 54– 55﴾

(گریان) بۆ سێ ڕەگەز بەکارهاتووە " بۆ (ئینسان) ئاساییە و بۆ دووانەکەی تریان (ئەرز ، ئاسمان) خوازراوە " لە دێڕی دووەمدا واتاکانی گریان ڕوون بۆتەوە " کە مەبەست لە گریانی ئەرز لافاوە و لە هی ئاسمانیش بارانە .

(ع. ح. ب) یش لافاو بە ئەژدەهاك و مار دەچوێنێت :

هەروەکو ئەژدەهاك و مار

بەرد و قوڕی لافاوی سوور

بە هاژەهاژ و لوورە لوور

ئەداتە بەر کۆلانی شار ﴿40 : 124﴾

لە (لافاوی سوور) دا ڕەنگی سوور بە خوازە بەکارهاتووە " مەبەست لە مەرگ و کارەساتە ، پەیوەندی واتای یەکەم و دووەمی خوازەکە (هۆیی)یە " چونکە مـەرگ و کارەسات دەبنە هۆی خوێن ڕ

ژان و خوێنیش ڕەنگی سوورە . بەهەمان شێوەی شاعیرانی تر گلەیی خۆی دەکات :

((جەوری گەردوونە ، هی خوایە)) ﴿40 : 126﴾، ئەمیش کارەساتەکە بە کارەساتە سیاسییەکانەوە دەبەستێتەوە و دەیکاتە بەهانەیەك بۆ وروژاندنی هەستی نەتەوایەتی و پتەوکردنی خەبات و کۆلنەدان :

بەڵام مادەم کوردێ ماوە

تۆی خۆشەویست ئەمێنی هەر

زۆر قۆرتی وا ئەگریتە بەر

خەیاڵی ئاسمان خاوە ﴿40 : 126﴾

## ح – سەرچاوەی جوانی ئافرەت :

ئەگەرچی ئەم سەرچاوەیە " سەرچاوەیەکی سەرەکی وێنەی شیعرییە لە هەموو قۆناغ و سەردەمێکی شیعرییدا ، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە بیخەینە ڕوو " تێڕوانینی شاعیرانی ئەم ماوەیەیە بۆ جوانی ئافرەت و جیاوازی لەگەڵ قۆناغی کلاسیکدا ، بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی جیاوازی لە وێنە شیعرییەکان ، چونکە داڕشتنی وێنە شیعرییەکان پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە ڕوانگەی تایبەتی شاعیرەوە هەیە .

لە (سەرچاوەی ئەدەبی هاوچەرخ) دا ئاماژەمان بەوەدا " کە (گۆران) لە لایەن زۆربەی شاعیرانی ئەم ماوەیەدا جێ پێی هەڵگیراوە و کاریگەریی زۆری هەبووە لە گۆڕانی ئیستاتیکای شیعری کوردیدا " لەبەرئەوە لێرەدا ئەو گۆڕانە ئیستاتیکییانە لە تێڕوانینی ئافرەتدا زیاتر لە لای گۆران دەخەینە ڕوو ، لەگەڵ ئاماژەکردن بە چەند شاعیرێکی تریش..

وەك لە باسی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاماژەمان پێدا "بەلای (هیگل) ەوە (ڕێژەی جوانی بە سروشتی شتەکان دەگۆڕێت ، بێگیان نزمترین ئاستی جوانییە و مرۆڤیش لە بەرزترین ئاستدایە 0) ﴿149 : 59 ﴾، واتە ئەگەر شتەکان بە پێی سروشتیان دابەش بکەین جوانییەکەیان بەم شێوەیە دەبێت :

مرۆڤ ◄—— گیانلەبەر ◄—— ڕووەك ◄—— بێگیان

بەرزترین ئاستی جوانی* ◄———— *نزمترین ئاستی جوانی

(لە بەرزەوە بەرەو نزم)

هیگل پێی وایە کە (مرۆڤ نابێت لە باری یەکێتیدا بمێنێتەوە لەگەڵ سروشتدا ، چونکە ئەمە وەحشیەتە) ﴿180 : 51 ﴾، لەبەرئەوە (هونەریش دەبێت کار بۆ ئەوە بکات ، کە مرۆڤ بەرز بکاتەوە بۆ سەرەوەی ئاستی سروشت) ﴿180 : 51﴾.

ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە بڕوانینە شیعری شاعیرە كلاسیكییەكان ، دەبینین بۆ دروستكردنی وێنەیەكی شیعری ، بۆ نموونە بەمەبەستی وەسفكردنی ئافرەت ، سروشت بە (ڕێگیان و ڕووەك و گیاندار) ەوە دەكەنە سەنگی مەحەك ، واتە جوانی ئەو ئافرەتە دەچوێنن بەو جوانییەی لە سروشتدا هەیە ، بەمەش پلەی یەكەم دەدرێت بە سروشت و جوانی مرۆڤ پلەیەكی نزمتر وەردەگرێت ، ئەمە ڕوانینی ئیستاتیكیانەی ئەو كاتە بووە ، كاتێك شاعیرێك برژانگی كچێكی بە قولاپ و برۆی بە تاق چوواندووە ، ئەمە لەگەڵ ئەوەی كە شێوازی شیعری ئەو كاتە بووە ، لە هەمان كاتدا مایەی چێژ بەخشین بووە چ بە شاعیرەكە خۆی چ بە خوێنەری ئەو سەردەمە ، بۆ نموونە (نالی) دەڵێت :

موژەت قوللابییە هـــەم تیر و هـــەم شیر

برۆت میحرابییە هەم تاق و هەم جووت ﴿76 : 149﴾

هەرچەندە لە ڕەوانبێژیدا جۆرێكی لێكچواندن هەیە بەناوی (لێكـچواندنی ئاوەژوو)" (ئەوەیە لێچوو " كە لە بنەڕەتدا ناتەواوە ، بكرێتە لەوچوو ، هەروەها لەوچوویش" كە لە بنەڕەتدا تەواوە بكرێتە لێچوو ﴿...﴾، تاوەكو گوێگر وا بزانێت لەوچوو تەواوترێكە لە لێچوو " بەپێی ئەو یاسایەی " كە ڕووی لەوچوو تەواوترێكە)﴿114 : 96 - 97 ﴾، بەڵام وەك لە ناوەكەیدا دەردەكەوێت ، بە پێوەری ئیستاتیكای ئەدەبیاتی كلاسیكی ، ئەم جۆرە لێكچواندنە جۆرێكی نائاساییە ، نموونەی ئەم لێكچواندنەش لەم دێڕە شیعرەی (مەولەوی)دا دەردەكەوێت:

گوڵ چون ڕووی ئـازیز نـەزاكـەت پۆشان

وەفراوان چون سەیل دیدەی من جۆشان ﴿73 : 431﴾

واتە : گوڵ وەکو ڕووی یارەکەی من ناسکی پۆشیوە ، بەفری سەر چیاکانیش تواوەتەوە و وەك لافاوی فرمێسکی من جۆشی سەندووە ، لێرەدا مەولەوی وەسفی بەهار دەکات ، هەرچەندە (ڕووی یارەکەی) و (چاوی خۆی) کردۆتە سەنگی مەحەك ، بەڵام دێڕە شیعرەکە خۆی لە خۆیدا ئەوە دەگەیێنێت کە سروشت تیایدا ئامانجە نەك هۆ "کەواتە لە لێکچواندنێکی لەم شێوەیەشدا جوانی مرۆڤ نەگەیشتووەتە ئەو پلەیەی کە لە لای (گۆران) دەبینرێت.

(گۆران) ڕوانینێکی تایبەتی هەبووە بۆ جوانی ، کە جیاوازە بووە لە ڕوانینی شاعیرانی پێش خۆی ، وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا سروشت بەلای شاعیرانی پێش (گۆران) خۆی لە خۆیدا ئامانج بووە ، بەڵام (بەلای گۆرانەوە سروشت مەبەستێکی شیعرییە بۆ دووپاتکردنەوەی بەهای مرۆڤ ، هۆیەکی هونەرییە بۆ بەرزکردنەوەی پایەی مرۆڤ هەتا ئەو ئاستەی کە شایەنیەتی)(شانۆف : 73) ئەم جیاوازبوونەی گۆران لە شاعیرانی پێش خۆی بە ئاشکرا لە شیعری (ئافرەت و جوانی) و (ڕەوتێکی جوان) دا خۆی دەنوێنێت .

لە (ئافرەت و جوانی) دا ، ((گۆران بەراوردی جوانی ئافرەت لەگەڵ ڕواڵەت و دیاردە فیزیکیەکانی سروشتدا دەکا و دەگاتە ئەو ئەنجامەی ئافرەت ئەو سەرچاوە نورانیەیە کە ڕۆشنایی جوانی و ئاواز بە هەموو سروشت دەبەخشێ 00)) ﴿93 : 28﴾، واتە گۆران هەموو جوانی سروشت لە جوانی ئافرەتدا دەبینێتەوە ، ئەگەر جوانی ئافرەت نەبێت ئەوا سروشتیش هیچ جوانییەکی نابێت :

بەڵام طبیعت هەرگیزاو هــەرگیز

بێ ڕوناکی یە بێ بـزەی ئـازیـز "  ﴿2:62﴾

لەم شیعرەدا (گۆران) باسی جوانی سروشتی کردووە پلە بە پلە ، وەك چۆن (هیگل) باسی کردووە ، بە پێی سروشتی شتەکان لە بێگیانەوە بۆ گیاندار ، کە تیایدا هەموو هەستەکان بەشدارن لە هەستکردن بەو جوانیانە ، لە پاڵ هەموو ئەمانەشدا (جوانی هونەر) یش باس دەکات ، وەك لەم دێڕەدا دیارە :

لە گەرووی شمشاڵ ، لە تەلی کەمان

گەلێ هەڵساوە ئاوازەی جوان جوان  ﴿2:62﴾

بەڵام (جوانی ئافرەت) دەخاتە بەرزترین ئاستی هەموو ئەو جوانییانەی کە لە سروشتدا هەن ، نەك هەر ئەوەندە ، بەڵکو دەیکاتە سەرچاوەی جوانی هەموو سروشت .

لە (ڕەوتێکی جوان) یشدا بەهەمان شێوە چەندین نموونەی جوانی سروشت یەکە یەکە لە شیعرەکەدا ڕیز دەکات و جوانی هونەریش (ئاوازە ، شیعری تازە) دەخاتە پاڵیان ، بەڵام دیسانەوە جوانی ئافرەت لە بەرزترین ئاستی هەموو جوانییەکان دادەنێت :

ئەوەندە جوان ، لەوە جوانتر ،

لە شنەی بای شەو ڕەوانتر ،

لە لەرەی پرشنگ ، ئاوازە ،

لە خوڕەی ئاو ، شعری تازە ،

بە ئاهەنگتر ، بە خورۆشتر ،

بە گوێچکەی دڵ دەنگی خۆشتر ،

پێ ی ناز ئەنێ بە سەر ئەرزا :

جوانێ لە بەژنێکی بەرزا !.. ﴿62: 4﴾

ڕوانینێکی ئیستاتیکی تری گۆران بۆ ئافرەت " دەتوانین لە ڕوانگەی (دیکارت) ەوە بۆی بڕوانین " کە (چێژی جوانی بەلای (دیکارت) ەوە دوو سروشتی هەیە : چێژێك خاوەنی سروشتێکی ئەقڵییە ، ئەویتریان خاوەنی ئارەزووی (هەستی)یە ، چێژی جوانیی ڕاستەقینەش ئەوەیە کە ڕەگەزە هەستی و هۆشەکییەکان بچنە ناو یەکەوە و ئاوێتەی یەکتری بن .) ﴿139 : 97 – 98﴾

(گۆران) هەمیشە بەدوای جوانی ڕاستەقینەدا وێڵ بووە ، بەڵام گەشتەکەی بێ ئاکام بووە و بە ئامانج نەگەیشتووە :

بۆی نە شکانوم تویـنیەتی و ئارەزووی دڵ

هەر گەڕاوە مەلی برسـیم چلاۆچـڵ !

لە هەچ بـاخێك گولێـکی سوورم دی بێ

بۆی چووم هەزار دڕك لە پێم چەقی بێ ! ﴿62: 41﴾

هۆی ئەم ناکامییەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی " هیچ یەکێك لەو جوانانەی ئەو ناسیونی (جوانی ڕاستەقینە) نەبوون ، بەڵکو تەنیا لە یەك ڕووەوە جوان بوون " ئەویش جوانی ڕووکەشە ، بەڵام جوانی ڕاستەقینە بەلای گۆرانەوە ئەوەیە کە هەردوو ڕووەکەی جوانی (هەستی و هۆشی) تێکەڵ بە یەکتری بن ، واتە ئەو ئافرەتە بەلای گۆرانەوە جوانی ڕاستەقینەیە ، کە هەم لە ڕووی ڕووخسارەوە و هەم لە ڕووی ئەقڵی و گیانیشەوە جوان بێت :

بۆ کلۆڵیم ، ڕەنجەڕۆیم ، بەد بەختـــیم ،

تا ئێستاکە هەر نازداریٚ من ناســــــیم ،

بە ڕواڵەت چەن پرشنگ دار و شیك بوو ،

پێچەوانەی ئەوە دڵـــــــی تاریـــك بوو !

کۆشی گەرمو دەروونی سارد و سڕ بوو ،

زمانی نەرم ، نیهادی ئێجـــگار دڕ بوو ! ﴿42:62﴾

جارێکی تریش تێڕوانینێکی تری (دیکارت) دەکەینەوە پێوەر بۆ تێگەیشتن لە تێڕوانینێکی تری نوێی (گۆران) بۆ ئافرەت " کە بەلای(دیکارت)ەوە(پێوانەی جوانی شت ناوەندیەتی " واتە هاوسەنگی ناوەڕاست ، تاوەکو هەر ئەندامێکی هەستی مرۆڤ چێژ لە هونەر وەربگرێت .) ﴿139 : 97﴾، بۆ نموونە دەنگی زۆر بەرز و دەنگی زۆر نزم ، گویٚ لە بیستنیاندا چێژ وەرناگرێت ، بەڵام دەنگێکی مامناوەندی زیاتر چێژ دەبەخشێت.

لە (بەستەی دلٚدار) دا گۆران کچێکی لەلا پەسەند و جوانە ، کە سیفەتەکانی هاوسەنگییان تێدایە:

نە باریکی ، نە گۆشتن ،

نە کچۆڵەی ، نە شاژن ،

نە زۆر چاو ڕەش

نە ئێجگار گەش ...

بەڵام بە نیگای شیرین :

ئەم دی کەس

وەك تۆ بەتین ..

تۆیتو بەس !  ﴿62 :19-20﴾

بە گشتی (گۆران) تێڕوانینی بۆ جوانی ئافرەت جیاواز بووە ، چ بە بەراورد بە شاعیرانی کلاسیك و چ بە گوێرەی ڕوانگەی باوی کۆمەڵی کوردەواری و تەنانەت ڕۆژهەلاتیش " ((ئەم جیابوونەوەیە لە دیدی کۆمەڵ لە لای گۆران لە هەردوو ڕووی دیدی جوانی و بۆچوونی کۆمەلایەتییەوە کە شاراوەیە لەم دیدە جوانییەدا ، لەو کاتەدا ، ئەتوانرێت بە شۆڕشێك دابنرێت و لەسەر هەردوو ڕووی ڕێبازی ڕۆمانتیکی - بە تایبەتی ڕۆمانتیکی شۆڕشگێڕانە - و ڕیالیزم بخوێنرێتەوە ، سەربەستی خود (الذات) و زاڵبوونی سۆز و سەربەستی کۆمەلایەتی تێدا دەردەکەوێت و لە هەمان کاتدا ڕیالیزمیانە دەیەوێت لە هەوساری جیاوازی چینایەتی دەرباز بێت و شۆڕشێکی بەسەردا بەرپا بکات ، لەم ڕووەوە خود و واقیع لەیەك کاتدا بەیەك دەگەن بۆ پێکهێنانی ئەم دیدە بۆ جوانی .)) ﴿65 : 22 - 23﴾

گۆران دەڵێت : ((لە هەڵبەستی کۆنا ئەوەی لە پاڵەوان بەجێ هێنانی ئەخوازرا هەموو ئاوات و ئارەزووە خۆیی یەکانی بوێژ بوو . بەرژەوەندی یەکانی خۆی بوو . ئێستا ئارەزوو و ئاواتەکانی گەل ، داخوازی و پێویستی یەکانی کۆمەڵ لە پاڵەوانی هەڵبەست داوا ئەکرێ . پاڵەوانی هەڵبەستی تازەش : تێکۆشەرە ، تەنانەت یاریش بە جوانی یە دڵ چەسپ و سروشتی یەکەی ئێستایەوە هاوبەشی خەباتی پاڵەوانە ، ئەگەر ، ڕاستەوخۆ ، خۆی نەبێ ، پاڵەوان !)) ﴿95 : 9﴾ " لێرەدا (گۆران) بە ئاشکرا پەنجە دەخاتە سەر ئەو گۆڕانە ئیستاتیکییەی بەسەر شیعری کوردیدا هاتووە ، بە تایبەتی لە وێنە کێشانی ئافرەتدا " بە تەوازوعیشەوە هیچ ئاماژەیەك بۆ ڕۆڵی سەرەکی خۆی ناکات لەم بارەیەوە .

ئەم گۆڕانە ئیستاتیکییە تەنیا لە لای (گۆران) نابینرێت ، بەڵکو لە شیعری زۆر شاعیری تری ئەو سەردەمەدا دەبینرێت " ئەو وێنە شیعرییانەی بۆ (کچە نەغەدەیی) و (ئەختەر) و (جەمیلە) .. ، لە لایەن شاعیرەکانەوە کێشراون بەڵگەی ئەو قسانەی (گۆران)ن " بۆ نموونە (کامەران) لە وەسفی (ئەختەر)دا دەڵێت :

سنگــــی ئــەختـــەر ئاڵ وەك شەبەق

تـــــــێ ی ورووکا گولـلـەی نـاهــــەق

چەند جوان بوو ، **لە جیاتی خشڵ**

گـــەردانـەی قەتـرەی خـوێنــــی دڵ ﴿115:51﴾

لێرەدا وێنەی (ئافرەت) لە چوارچێوەی خشڵ و ڕازاندنەوە گواستراوەتەوە بۆ چوارچێوەی خەبات و بەرگری کردن لە نیشتیمان .

بەڵام ئەمە تێڕوانینی هەموو شاعیرانی ئەم قۆناغە نییە " بۆ نموونە (سەرسام) (دووری لە ژن) ﴿36 : 28 ﴾دەکاتە هۆی سەرکەوتن لە خەباتدا ! ! ...

ئەگەر بە وردی لە شیعریی هەندێك لە شـاعیرەکان وردبینــەوە " دەبیـنین هەریەکەیان تێڕوانینی تایبەت بە خۆی هەبووە بۆ ئافرەت " لە کاتێکدا (پیربال مەحموود) نزیك لە ڕوانگەی شاعیرێکی کلاسیکی بۆ ئافرەتی ڕوانیوە " تەنیا سیفەتی جوانییان پێدەبەخشێت و لە هەموو ڕۆڵێکی ژیان دووریان دەخاتەوە :

داپـیـرەی ئـێـوە (ڤینۆس) ی خـــواژن

باپیری ئێمەش (شیللی) و (پوشکین)

جوانی لە ئێوە ئێمەش بیر و هەست

هەردووك پێكەوە ئەمرین و ئەژین ﴿11 : 96﴾

ئەگەرچی لێرەدا كچ و كوڕ ، یان(نێر و مێ) ، بە دوو ڕەگەزی تەواوكەری یەكتری لە ژیاندا دادەنێت ، بەڵام دوو ئەرك و سیفەتی جیاوازیان تیادا دەبینێت " سیفەتی (جوانی) دەبەخشێتە كچ و (بیر و هەستیان) لێ دەستێنێتەوە و بە تەنیا دەیداتە كوڕ !..

لە هەمان كاتدا شاعیرێكی وەك (كامەران) " بە چاوی یەكسانییەوە دەڕوانێتە ئافرەت و پیاو و لە یەك ئاستیان دادەنێت :

تۆم خۆش ئەوێت ، بەڵام نابم بە یەخسیر
لــە تــاوی قــژ ، بۆ دلــم بــكــەی زنـجـیـر
نـە شوانـم بە ، نە شوانت بم ، بە شمشاڵ
بــۆ دڵــێـكی وشك ، بكــەین - پــەڕ و بـاڵ -
نە كوڕنوشت بۆ ئەبەم ، نە تۆش بۆ مــن
با لە باخی شــادیــا ، دەســت لــە گــەردن
دوو دڵدار بین ، بە ڕاستی دوو فریشتــە
ئەو ژیانە بــەو جۆرە بــێـت بــەهــەشــتــە ﴿52:51﴾

لەم وێنە شیعرییەی سەرەوەدا ، كە بۆ ئافرەت كێشراوە " لە پێش هەموو شتێك شاعیر خۆی لە داوی زوڵفەكانی یار ڕزگاركردووە " لەلایەكەوە خۆی لەو (ماسۆشییەت)[1]ە

(1) ، (2) Masochism - " بەو كەسانە دەوترێت ، كە ئێش و ئازاری جەستەیی یان دەروونی یاخود هەردووكیان قبووڵ دەكەن ، وەك سەرەتایەك بۆ پەیوەندی سێكسی و تەواوكردنی پەیوەندییەكە .

ڕزگارکردووە ، کە شاعیری کلاسیکی لە شیعرەکانیدا بەرامبەر ئافرەت دەریدەبڕی "لە لایەکی تریشەوە سیفەتی (سادییەت)[2]ی لە خۆی دوور خستۆتەوە .

- Sadism " بەو کەسانە دەوترێت , کە جۆرێك لە پرۆسەی ئازاردانی جەستەیی یان دەروونی یاخود هەردووکیان لەسەر بەرامبەرەکەی لە پەیوەندی سێکسیدا پێڕەو دەکات .

بڕوانە :(د.علی کمال , النفس (أنفعالاتها و **أمراضها** و علاجها) , الجزو ألاول , **ط**(4) , الدار العربیە, بغداد , 1988 . ص 332 - 333 )

## تەوەری دووەم : ( جۆرەکانی وێنە )

**أ - بەپێی پێکهاتنیان :** چەند جۆرێکیان هەیە " لەوانە :

**یەکەم : ( *وێنەی تاك* )**

بە چەند شێوازێك دروست دەبێت " وەك (لێکچوواندن ، خواستن ، خوازە ، درکە) ، کە هەموویان لە هونەری ڕەوانبێژی کۆندا دەچنە ناو بەشی ڕەوانبێژییەوە " لەناویاندا (لێکچوواندن و خواستن) ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە پێکهێنانی وێنەی شیعرییدا :

1 - لێکچوواندن (**Simile**) :

بنەمایەکی گرنگە بۆ پێکهێنانی وێنەی شیعریی ، چەندین پێناسەی بۆ کراوە ، یەکێك لەوانە : (لێکچوواندن پەیوەندییەکی بەراوردکارییە ، کە نێوان دوو لایەن کۆدەکاتەوە ، بۆ یەکگرتن و بەشداری کردن لە سیفەتێك یان بارێکدا ، یاخود لە کۆمەڵێك سیفەت و باردا.) ﴿117 : 172﴾، لەم پێناسە و هەموو پێناسەکانی تردا ، بوونی هەردوو لایەنەکەی لێکچوواندن " واتە (لێچوو) و (لەوچوو) ، دووپاتدەکرێتەوە و گرنگییەکی ئەوتۆ بە بوونی (ئامرازی لێکچوون) و (ڕووی لێکچوون) نادرێت ، تەنانەت بەلای هەندێکەوە (لێکچوواندنی پاراو " کە ڕووی لێکچوون و ئامرازی لێکچوواندنی تێدا نییە ، لە هەموو جۆرەکانی تر نزیکترە لەوەی " بشێت ئەرکەکانی وێنە بێنێتە دی) ﴿142 : 270﴾" بۆ نموونە (عوسمان شارباژێری) بەم شێوەیە وەسفی ئەستێرەی (کاروان کوژە) دەکات :

ئەستێرەکەی بەری بەیان

ورشە زیوین جوان و نیان

تۆی تەمی خەم ئەڕەوێنی

هەستی خۆشی ئەبزوێنی ﴿45 : 10﴾

(تەمی خەم) وێنەیەکی شیعریی تاکە ، لەسەر بنەمای لێکچوواندن بنیاتنراوە ، کە هەردوو بنەمای (لێچوو = خەم) و (لەوچوو = تەم) بوونیان هەیە ، بەڵام ئامرازی لێکچوواندن و ڕووی لێکچوونی تێدا نییە " کە دەشێت لە ڕووی (لێڵی)یەوە لەیەك بچن " تەم بینینی شت لێڵ دەکات و خەمیش ژیان لێڵ دەکات " واتە دەکرێت لێکچوواندنەکە لە بنەڕەتدا بەم شێوەیە بێت : (خەم وەکو تەم لێڵە) " هەر لەم نموونەیەوە هەست بە دووری نێوان هەردوو ڕووەکەی لێکچوواندن (لێچوو ، لەوچوو)دەکەین ، کە ئەمەش بەلای زانایانی ڕەوانبێژییەوە نیشانەیەکی جوانی لێکچوواندنە ، هەروەك (ابن رشیق) دەڵێت : (جوانی لێکچوواندن لەوەدایە " کە نێوان دوو شتی دوور لەیەك نزیك بکاتەوە ، تاوەکو گونجان و بەشداری لە نێوانیاندا دروست ببێت.) ﴿106 : 202﴾

2 - خواستن (**Metaphor**) :

(تزڤتان تۆدۆرۆڤ **T.Todorov**) بەم شێوەیە پێناسەی خواستن دەکات : (بەکارهێنانی وشەیەکە بە واتایەك " کە لە واتا ڕەسەنەکەی دەچێت و جیاوازیشە لێی) ﴿182 : 68﴾، یاخود بەکارهێنانی وشەیەکی تایبەت بە ڕەگەزێك بۆ ڕەگەزێکی تر ، کە لە ئەنجامدا وێنەیەکی جیاواز لە هەردوو ڕەگەزەکە دروست دەبێت " لە هەمان کاتیشدا لە ڕوویەکەوە (یان چەند ڕوویەکەوە) لە هەردووکیان دەچێت .

(زمان کاتێك دەیەوێت زۆر ورد بێت ، لە ڕێگای خواستنەوە گەشە دەکات) ﴿192 : 23﴾ ، چونکە هەر وشەیەك بە پێی بەکارهێنانە ئاساییەکانی خۆی لە سنوورێکدا ڕادەوەستێت ، بەڵام ئەگەر ماوە بدرێت وشەکان لە نێوان یەکتریدا پەیوەندی نوێ پێك بهێنن

" هەرچەندە ئەو پەیوەندییانەش لەگەڵ دەستووری ئاسایی ئەو زمانەشدا نەگونجێن ، ئەمە وادەکات سنووری تەسکی گوزارشتکردن تێك بشکێت " کە ئەمەش ئامانجی سەرەکی خواستنە ، (ریچاردز)یش بەم شێوەیەی پێناسەی دەکات " کە (خواستن ئامرازێکە بەهۆیەوە شتە جیاواز و ناپەیوەستەکان ، پەیوەندی بە یەکترەوە دەکەن .) ﴿206 : 113﴾

لێکچوواندن (یان خواستن) ئەو کاتە ئامانجی خۆی بە باشی دەپێکێت ، کە بیرە شیعرییەکە لەگەڵ ئەو وێنە هەستییەی گەیاندوویەتی پێکەوە بگونجێن ، یان لەیەکەوە نزیك بن " واتە دروست بوونی هاوسەنگی لە نێوان دەروون و جیهانی دەرەوەدا " بۆ نموونە (ئەحمەد هەردی) دەڵێت : ((ژیان و ئەرکی ناخۆشی ، پەپوولەی ئارەزووی کوشتم)) ﴿4 : 20﴾، لەم وێنە شیعرییەدا (ئارەزوو) " کە ناوێکی ئەبستراکتییە بە (پەپوولە) " کە ناوێکی کۆنکریتییە ، چوێنراوە ، پەپوولە بەسەر گوڵەوە هەڵئەنیشێت و شاعیریش ئارەزووی گەیشتن بووە بە کچێك " بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کچەکەیش بە گوڵ چوێنراوە ، کەواتە هەردی لەم وێنە شیعرییەدا تا ڕادەیەکی زۆر توانیویەتی بیرە ئەبستراکتییەکەی لە وێنەیەکی هەستییدا دەربڕێت " واتە گۆڕینەوەی سیفەتی ئەبستراکتی بۆ سیفەتی مەتریالی و بە پێچەوانەشەوە " ئەمەش ڕێگایەکە بۆ بنیاتنانی وێنەی شیعریی ، کە بەم شێوازانە دەبێت :

أ -- (***بەرجەستەکردن***)[1]" (واتە گواستنەوەی واتا لە چوارچێوەی چەمکەکانەوە بۆ مەتریالی هەستی) ﴿145 : 233﴾" نموونەش وەك ئەو لەتە شیعرەی (هەردی) ، کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا.

---

[1] - بە دیارترین خاسیەتی ڕێبازی سیمبولیزم دادەنرێت , لەو (مانیفستۆ)یەی لە ساڵی (1886) لە ڕۆژنامەی (فیگارۆ)دا بڵاو کرایەوە , یەکێك لە گرنگترین برگەکانی ئەوە بوو " کە ( شیعری ڕەمزی هەوڵدەدات بیری ئەبستراکتی بە فۆرمێکی هەستپێکراوی بەرجەستەکراو - بەرجەستە بکات , ئەم فۆرمەش ئامانجێکی سەرەکییە لە شیعردا . ) ﴿ 177 : 120﴾

**ب -- ( ڕووتکردنەوە )** " ئەگەر (بەرجەستەکردن) ڕوویەکی دراوێك بێت لە شیعردا ، ئەوا (ڕووتکردنەوە) ڕووەکەی تریەتی " ئەم چەمکە لە شیعر و (ئەدەب بەگشتی)دا ، مانای ڕووتکردنەوەی سیفەتەکانی شتێك نییە ، بەڵکو لابردنی ئەو سیفەتانەیە ، کە سوود بە مەبەستە شیعرییەکە ناگەیەنن و هیچ ڕۆڵێکی ئیستاتیکی نابینن و هێشتنەوەی ئەو سیفەتەی (یان ئەو سیفەتانەی) لە خزمەتی گەیاندنی مەبەستە شیعرییەکەدایە ، لە هەمان کاتیشدا بەهۆی ئەم وێنەیەوە ، ئەو بیرە ڕووتەی شاعیر هەیەتی دەتوانێت بەرجەستەی بکات " بۆ نموونە لە کاتێکدا (دیلان) دەڵێت :

ئەی بولبولی شەوان بێدار تا بەری بەیان

تۆ بۆ من و منیش بۆ تۆ ئەبین بەنیشان ﴿75: 66﴾

لەم وێنەیەدا هەموو سیفەتەکانی لە بولبول سەندووەتەوە و تەنیا سیفەتی بێداری پێداوە " کە لەگەڵ ئەو بارە تایبەتییەی خۆی لە زیندانیدا دەگونجێت ، کە لە شیعرەکەدا گوزارشتی لێکردووە ، خۆی بە بولبولێك بەراوردکردووە تا بەری بەیان دەخوێنێت و ناخەوێت.

**ج - (بەکەسایەتیکردن = Personification)** " لە سادەترین پێناسەیدا : (بەخشینی تایبەتی مرۆڤایەتی بە شتێك کە مرۆڤ نییە) ﴿206 : 150 ﴾، ئەم شێوازەیش لە دروستکردنی وێنەی شیعریی ئەم ماوەیەدا " بە بەراوردکردنی لەگەڵ شیعری کلاسیکیدابە ئاشکرا ڕووی لە زیادی کردووە ، زۆرجار لە ڕێگای لێکچواندن یان خواستنەوە ڕوو دەدات ، کاتێك کە سیفەتێکی یان ئەندامێکی مرۆڤ دەبەخشرێتە بێ گیانێك یان دیاردەیەك یان بیرێکی ئەبستراکتی " وەك :

ئەو ئەستێرەیەی کشا بۆ ناو چەم

لەسەرەمەرگا ، خەندەی لەسەر دەم (کامەران) ﴿51 : 64﴾

لەم وێنەیەدا " (سەرەمەرگ و خەندەی لەسەر دەم) لە مرۆڤەوە خوازراون بۆ ئەستێرە ، بەم شێوەیە ژیان بەخشراوەتە ئەستێرەی بێگیان و تەنانەت بەرگێکی مرۆڤانەی کراوەتەبەر .

مەرجیش نییە تەنیا بۆ بێگیان بخوازرێت ، بەڵکو جاری وا هەیە لە مرۆڤەوە بۆ گیاندارێکی تر سیفەتێك دەخوازرێت " (دیلان) لە شیعری (سلێمانی) دا ، لە سێ کۆپلەی یەکەمیدا ، کاری قسەکردن لە مرۆڤەوە بۆ (مامز) دەخوازێت " ئەمەش لە کاری ڕابردووی (وتی)یەوە دەردەکەوێت" کاتێك مامزەکە قسە دەکات " وەك :

ئیستێکی کرد ...

قۆچی بۆ سەر قەبرغەی برد

وتی مەڕۆن ...

ڕووخساری شەو ..

بەم ئاوی ژیانە بشۆن ﴿75 : 149﴾

مەرجیش نییە تەنیا لە مرۆڤەوە بێت ، هەندێجاریش سیفەتی گیانلەبەری تر بۆ شتێکی بێگیان یان دیاردەیەك .. دەخوازرێت " وەك :

هۆنراوەکانم ، پەپوولەن

بە شوێن وشەی دڵا ئەفڕن

گەرا ، لەناو گیانا ئەخەن

لە دەروونا ، وچان ئەگرن (شێرکۆ) ﴿32 : 5﴾

(هۆنراوە) شتێکی بێ گیانە و گیان کراوە بە بەریدا و بە پەپوولە چوێنراوە و چەند تایبەتییەك لە (لەوچوو) وەرگیراوە و بۆ (لێچوو) بەکارهێنراوە .

بە پێچەوانەی (بەکەسایەتیکردن) ەوە " جۆرە وێنەیەکی تر هەیە ، سیفەتی مرۆڤانە لە مرۆڤ دەستێنێتەوە و سیفەت و تایبەتی لە گیانلەبەر و بێ گیانەوە بۆ وەردەگرێت " بۆ نموونە (گۆران) لە شیعرێکیدا وێنەی (جاسووس) ی لە شێوەی مارێکدا کێشاوە و کارەکەی بە پێوەدانی مار چوواندووە :

بێ خشپە و زیاندار ،

ئەکشێم چەشنی مار ﴿64 : 50﴾

یان (جەوهەر خەمگین) دەڵێت :

کاروانیش گەیشتە مەبەس

گوێی نەدایە (وەڕینی) کەس ﴿18 : 14﴾

لەم وێنەیەدا (وەڕین) لە سەگەوە خوازراوە بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت ڕێگا لە (کاروانی سەربەستی) بگرن " واتە بەرگێکی ئاژەڵییان کراوەتە بەر .

## ڕۆڵی هەستەکانی مرۆڤ لە پێکهێنانی وێنەی شیعرییدا :

پێنج هەستەکەی مرۆڤ " بە رادەی جیاواز بەشداری لە پێکهێنانی وێنەی شیعرییدا دەکەن " ئەگەر سەرنجی وێنە شیعرییەکانی ئەو ماوەیە بدەین ، هەستی (بینین) پاشان

(بیستن) لەوانی تر زیاتر بەشدارییان کردووە ، هەستی (بۆنکردن) و (بەرهەست کەوتن) یش تارادەیەك وەك یەك بەکارهاتوون ، بەڵام هەستی (چێژتن) زۆر بەکەمی بەشداری کردووە :

**هەستی بینین :** (کەریم شارەزا) دەڵێت :

لێواری زەریای ئاسمانی زیوین

ماچ ئەکا کوڵمی ئاسۆگەی خوێنین ﴿57 :40﴾

لەم وێنەیەدا " (ئاسمان) بە (زەریا) چوێنراوە و (ماچکردن) بۆ ئاسمان (کوڵم)یش بۆ زەریا خوازراون . (ئاسمانی زیوین) و (ئاسۆگەی خوێنین) هەردووکیان ئاوەڵناوی ڕەنگییان لەگەڵدا بەکارهاتووە " بە گشتی وێنەکە هەستی بینین دەوروژێنێت .

**هەستی بیستن :** (گۆران) دەڵێت :

هاوار و هاژەی کەف چەرێنی چەم

بۆ تەنیایی شەو لایەلایەی خەم ! ﴿61 : 128﴾

دەنگی (چەم) بە دەنگی (لایەلایە) چوێنراوە " واتە هەستی بیستن بەشداری لە پێکهێنانی وێنە شیعرییەکەدا کردووە .

مەرج نییە لە وێنەیەکی شیعریی تاکدا ، تەنیا یەك هەست بەشداری بکات ، هەر بۆ نموونە لەم شیعرەی گۆراندا :

بەڵام ئەفسووس ! کە ئەو شیعرە جوانانە

باڵداریــکــن جــێ ناهێــڵـــن هێــلانە ،

لە ناوەوە ئــەجــریــوێنــن ، ئــەخــوێنن

هەرگیز قــەلّــەم بــە كـاغــەزا ناهێنن ! ﴿61 : 121﴾

لێرەدا ئەگەرچی هەستی بیستن ، وەك لە دوو كاری (ئەجریوێنن) و (ئەخوێنن) دا دەردەكەوێت ، بەشداری لە پێكهێنانی وێنە شیعرییەكەدا كردووە ، بەڵام هەستی (بینین) یش بەشدارە لە پێكهێنانی وێنەكەدا " ئەمیش لە چواندنی (شیعر)بە (باڵدار) و خواستنی (قەڵەم) لە دەستی مرۆڤەوە بۆ (باڵدار)یان (شیعر) دا دەردەكەوێت .

**هەستی بۆنكردن :** (پەشێو) دەڵێت :

هەناسەیەكی ، بۆن خۆشی لێوان

بخشێنە بەسەر ، پەڕەی گوڵی ژیان ﴿35 : 23﴾

(ژیان) ی بە (گوڵ) ێكی بێ بۆن چواندووە ، داوا لە یار دەكات بە هەناسەیەك بۆنی خۆش ببەخشێتە ساتەكانی ئەم ژیانە " (كە بە گوڵ چواندوویەتی) .

**هەستی بەرهەستكەوتن :** (ئەحمەد هەردی) دەڵێت :

نیە جوانێ ، سەری كاسم بنێمە سەر دڵی نەرمی

كە هیلاكی لەشم دەركا ، خەوی سەر باوەشی گەرمی

﴿4 : 20﴾

(دڵی نەرم) و (باوەشی گەرم) دوو پێكهێنەری ئەم وێنە شیعرییەن ، كە هەستی (بەرهەستكەوتن) دەگەیەنن ، ئەگەرچی لە ڕاستیدا وێنە شیعرییەكە هۆشەكی و ئەبستراكتییە ، بەڵام سوود لەم هەستە وەرگیراوە بۆ داڕشتنی وێنەكە " هەروەك (سی. دی.

لویس) دەڵێت : (هەموو وێنەیەك " تەنانەت سۆزدارترین و هۆشەكی ترینیشیان ، شوێنەواری هەستیی تێدایە.)﴿22 : 138﴾

**هەستی چێژتن :** (كامەران) دەڵێت :

له ، تاڤگه ، له كەژی بەفرین
زەردەپەڕ ، قەڵبەزەی زیوین
خونچەی ئاڵ ، چرۆی تەڕ ، پاراو
شەونم ، بریسكەی خۆرەتاو
شیعری شیرینم بۆ مژیت
تەنیا ، تۆی لە دڵما ئەژیت ﴿54 : 83﴾

ئەگەرچی بە ڕووكەش لە دیمەنەكانی ئەم وێنە شیعرییەدا ، هەستی بینین زاڵە ، بەڵام هەستی چەشتن كە لە كاری(مژیت) دا خۆی دەنوێنێت ، لە هەموو دیمەنەكاندا بەشدارە " واتە كاری (مژین) هەموو ڕەگەزەكانی ناو وێنەكە دەگرێتەوە .

**هەستی شەشەم :** لە پاڵ پێنج هەستە ئاشكراكەی مرۆڤدا ، كە لە پێشەوە ئاماژەمان پێدان، بوونی ئەم هەستەیش لە شیعری نوێی كوردیدا بە كزی بەرچاو دەكەوێت " بۆ نموونە (شێركۆ) دەڵێت :

مـــن دڵــنـیـــام شـــەوەزەنـــگی ئـەمشـەو نـامـێنێ
تیشكی خۆری ڕۆژی ڕووناك چاو هەڵ ئەهێنێ !

﴿21 : 32﴾

(شەو) خوازەیە لە جیاتی ڕۆژگاری سەخت و نەهامەتی بەکارهاتووە ، (ڕۆژ) یش خوازەیە و بۆ داهاتووی پڕ لە بەختەوەری بەکارهاتووە . (چاوهەڵهێنان) لە مرۆڤەوە (یان گیانلەبەر) بۆ (خۆر) خوازراوە " ئەگەرچی هەستی بینین وێنە شیعرییەکەی پێکهێناوە ، بەڵام ڕووداوەکان لە چوارچێوەی پێشبینیدا ڕوو دەدەن ، واتە (هەستی شەشەم) پێکهێنەری ڕاستەقینەی وێنەکەیە.

ئەگەر بڕوانینە (ئاواتی دووری) ی (گۆران) ﴿62 : 5﴾" وەك پشتگیریی کردنێکە لەم پۆلینکردنەی ئێمە " کە شیعرەکەی بەسەر (پێنج) کۆپلەدا دابەش کردووە و لە هەر یەکەیاندا پەنای بردۆتە بەر یەکێك لە هەستەکانی ، بە پێی گرنگی و زیاتر ئاشنابوون و چێژوەرگرتنی شاعیر لە هەستەکانی خۆی زنجیرەی بۆ داناون " بەم شێوەیە : (بینین ، بیستن ، بۆنکردن ، بەرهەستکەوتن ، هەستی شەشەم) ، هەستی (چێژتن)یش هیچ گرنگی پێنەداوە و فەرامۆشی کردووە .

لە شیعری ئەم ماوەیەدا " بە شێوەیەکی سەرەکی سوود لە هەستی (بینین) پاشان (بیستن) وەرگیراوە " واتە شاعیرانی ئەم ماوەیە نەیانتوانیوە چالاکانە هەستەکانی تریش بخەنەگەڕ بۆ دەوڵەمەند کردن و بە پێزترکردنی وێنە شیعرییەکانیان " چونکە (وێنەی شیعریی دەشێت لە هەستەکانی تر زیاتر سوود وەرگرێت ، وەك لەوەی لە هەستی بینین وەریدەگرێت.) ﴿138 : 21﴾پەرەپێدان و سوود وەرگرتن لە هەموو کەناڵە هەستییەکان ، واتای پەرەپێدانی قۆناغی شیعریی دەگەیەنێت[1] .

---

[1] - پەرەپێدانی هەستەکان نەك تەنیا لە شیعردا , بەڵکو لە هەموو بوارە مەعریفییەکانی تری مرۆڤایەتییدا هەمان ڕۆڵی پۆزەتیڤی دەبێت .

## دووەم : ( وێنەی لێکدراو )

((بریتی یە لە دوو وێنەی تاك یان زیاتر یەکیان گرتووە و ئاوێتەی یەك بوون . بیرۆکەیەکیان خستۆتە ڕوو کە ئالۆزترە لە بیرۆکەی وێنەی ساکار .)) ﴿29 : 147﴾ " واتە گوزارشت لە بیرۆکەیەك دەکەن ، کە ناکرێت بە هۆی وێنەیەکی تاکەوە پیشان بدرێت.

شێوازەکانی پێکهاتنی :

### أ – لێکچوواندنی لێکدراو :

(ئەوەیە کە چەند سیفەتێك بۆ یەك وەسفکراو بەکاردێت ، واتە چەند (لەوچوو)یەك بۆ یەك (لێچوو) بەکاردەهێنرێت ، ئەم هەمەجۆری و زۆرییەی سیفەتەکان بە ئامانجی پیشاندانی هەموو لایەنەکانی (لێچوو) و تەواوکردنی وێنەیەکی لێکدراو بە وێنەکێشانی هەموو لایەنەکانی " دەهێنرێتەوە .) ﴿202 : 115 - 116﴾

نموونەش (هۆنراوەکانم)ی (شێرکۆ) ، کە لە شێوەی چوارخشتەکیدایە ، هەر یەکەیان لە چەند وێنەیەکی تاك پێك دێن ، کە لەسەر بنەمای لێکچوواندن پێکهاتوون " وەك :

زەردەی ئێوارەی بەهارن
کزەی شەماڵی هاوینن
وردە شەپۆلی ڕووبارن
تریفەی سەر گۆمی شینن ﴿32 : 6﴾

لە هەر لەتێکدا دیمەنێکی (یان دیاردەیەکی) کردۆتە (لەوچوو) بۆ (هۆنراوەکانی) ، کە هەموو لێکچوواندنەکان لە خاڵێکدا یەك دەگرنەوە " ئەویش سیفەتی (وردیلەیی)یە :

(زەردەی ئێوارە) (تریفە) تیشكێكی كەمیان هەیە لە چاو تیشكی خۆر ، (كزەی شەماڵ) بایەكی نەرمە ، بەرامبەری (ڕەشەبا)یە ، كە بایەكی بەهێزە ، (وردە شەپۆل) ، واتە شەپۆلی بچووك .

**ب – وێنەی هێشوویی :**

(لە چەند یەكەیەكی جۆراوجۆر پێك دێت ، كە هەریەكەیان خاوەنی كیانێكی تایبەتی یە " بەشێوەیەكی بەتین لە یەكیەتییەكی پڕاوپڕدا بەیەكترەوە دەبەسترێنەوە) ﴿133 : 191﴾

(كامەران) دەڵێت :

زەردە پەڕی لێوی چیا
پرشنگی گوڵ و سەوزە گیا
پەلكە زێرینەی ڕووی ساماڵ
پریشكی زێڕ ، یاقووتی ئاڵ
ناگەنە ، بزەی لێوەكەی
شەوقی ڕوومەتە سێوەكەی ﴿54:73-74﴾

لە چوار لەتی یەكەمدا (پێنج) وێنەی شیعریی تاكی تێدایە ، كە هەریەكەیان سەربەخۆیە ، پەیوەندییەكی ئۆرگانی لە نێوانیاندا هەیە ، ئەویش (جوانی) و (ڕووناكی)یە . لە لەتی پێنجەم و شەشەمیشدا دوو وێنەی تری تاك هەن ، كە ئەمانیش لەگەڵ پێنج وێنەكەی پێشوو لە (جوانی) و (ڕووناكی)دا یەكدەگرنەوە ، بەڵام بە وشەی (ناگەنە) ئەم دوو وێنەیەی لەوانی تر جیاكردۆتەوە و لە ڕووی ڕووناكی و جوانی یەوە لەسەرووی ئاستی ئەوانی داناون . واتە ئەگەرچی وێنە تاكەكان هەر یەكەیان سەربەخۆن ، بەڵام پەیوەندییەكی ئۆرگانی و شیعریی پێكەوەیان دەبەستێتەوە .

### سێیەم : ( وێنەی گشتی )

(بەزۆری شیعری تازە وێنەی فراوانکراو بەکاردێنێت ، کە لەوانەیە هەندێجار بەسەر هەموو قەسیدەکەدا بڵاوبێتەوە) ﴿134 : 746﴾" ئەم جۆرەی وێنەیەش ((لە کۆمەڵە وێنەیەکی تاك و لێکدراو پێکدێت کە لە دەوری تەوەرێکی شعوری و بیریدا دەسووڕێتەوە .)) ﴿29 : 154 – 155﴾، جیاوازییەکەی لەگەڵ وێنەی لێکدراودا لەوەدایە " کە ئەم سنووری هەموو شیعرەکە دەگرێتەوە .

**گرنگترین جۆرەکانی وێنەی گشتی لە شیعری ئەم ماوەیەدا :**

أ) **بنیاتی کۆپلەیی :**

لەو شیعرانەدا دەبینرێت ، کە لەسەر سیستمی کۆپلەیی دامەزراون ، هەر کۆپلەیەك لە وێنەیەك یان چەند وێنەیەکی تاك پێك دێت ، وێنەکانی ناو هەموو شیعرەکە یەکیەتییەکی ئۆرگانی پێکەوە دەیانبەستێتەوە و وێنەیەکی گشتییان لێ پێك دێت . ئەم جۆرە لە شیعری ئەم ماوەیەدا تارادەیەك زۆر بەکارهاتووە .

شیعری (تێ بینی)ی (کاکەی فەلاح) لە (8) کۆپلە و هەر کۆپلەیەکیش لە دوو وێنەی تاك پێك هاتووە ، وەك :

هەموو شەونمی سەرپەڕەی گوڵێ
هەتاوی بەرکەوت وشك ئەبێتەوە
تەنها فرمێسکی چاوی کـڵـۆڵـە
بەقرچە قرچی خەم ئـەژێتـەوە ﴿50 : 18﴾

لەتی یەکەم و دووەم وێنەیەکی تاکیان تێدایە " ئەویش وشك بوونەوەی شەونمی سەرپەڕەی گوڵە بە هەتاو . لەتی سێیەم و چوارەمیش وێنەیەکی تاکیان لەخۆ گرتووە " قرچە

قرچ لە ئاگرەوە بۆ (خەم) خوازراوە ، (ژیانەوە)ش لە زیندەوەرەوە بۆ (فرمێسك) خوازراوە . بیرێکی سەرەکی لەناو هەمو کۆپلەکانی شیعرەکەدا بوونی هەیە و یەکیەتییەکی ئۆرگانی لە نێوان وێنەکانی ناو هەمـوو شیعرەکەدا پێك هێناوە ، ئەو بیرەش (مردن و ژیان)ە ، یان (لەناوچوون و بەردەوامی)یە .

ب — ***بنیاتی پۆستەری :***

((لە شیعری هاوچەرخدا جۆرە شیعرێك هەیە کە لە چەند دێڕێك پێك دێت و بیرێکی خەست و قووڵ دەخاتە ڕوو)) ﴿29 : 163﴾ ، ئەم جۆرە دەکرێـت بـە پاشـاوەی (چوارین)ی شیعری کلاسیکی دابنێین .. ئەگەر ڕادەی ئەم جۆرە وێنەیە لەم ماوەیەدا بە قۆناغی دواتر (واتە لە ساڵی حەفتا بەرەودوا) بەراورد بکەین " زۆر بەکەمی بەکارهاتووە ، لە دیوانەکانی قۆناغی پاشتردا بە شێوەیەکی بەربڵاو دەبینرێت ، بۆ نموونە دیوانی (کازیوە)ی (شێرکۆ) بەشی زۆری وێنە شیعرییەکان لەسەر ئەم بنیاتە دارێژراون .

نموونەی لە شیعری ئەم ماوەیەشدا " لەم شیعرەی پەشێودا دەبینین :

((هۆنراوەم))

هۆنراوەم ، شیلەی دڵ و دەروونمە
ئاوێنەی ژین و ، بوون و نەبوونمە
سروودی گەرمی ، تافی لاویمە
هەڵچوونی خوێنی ، ئاگراویمە
بۆیە ، جیاوازی نیە ، ئەی جوانم
من بپەرستیت ، یا شیعرەکانم !          ﴿34 : 13﴾

شیعرەکە لە (شەش) لەت پێکهاتووە " لە چوار لەتی یەکەمدا لەسەر بنەمای لێکچوواندن (هۆنراوە)کانی بە چەند (لەوچوو) یەك چوواندووە : (شیلە .. ، ئاوێنە .. ، سروود .. ، هەڵچوونی خوێن ..) ، واتە شاعیر خۆی کردۆتە سەرچاوە و هۆنراوەکانیش

لەوەوە هەڵدەقوولێن ، لەبەرئەوە پەرستنی خۆی یان شیعرەکانی لەلایەن یارەوە وەك یەکە و جیاوازی نییە .

## ج – بنیاتی بازنەیی :

دەکرێت بنیاتی داخراویشی پێ بلێین " کە بریتییەلە (دەستپێکردنی قەسیدەکە بە هەڵوێستێکی دیاریکراو یان ساتێکی دەروونی ، پاشان جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ هەمان هەڵوێست ، تاوەکو شاعیر شیعرەکەی پێ تەواو بکات ، لەوانەیە شاعیر بۆ بەدەست هێنانی ئەمە پەنا بباتە بەر دووبارەکردنەوەی ئەو دێڕانەی شیعرەکەی پێدەست پێکردووە ، یان دووبارکردنەوەی هەمان بیرۆکەی سەرەتای شیعرەکە .)﴿141 : 93﴾، واتە یان وەکو خۆی ، یان بە دەستکاری یەوە وێنەکە دووبارە دەکرێتەوە .

ئەم جۆرە وێنەیەش لە شیعری ئەم ماوەیەدا بەزۆری بەرچاو دەکەوێت "وەك (تەنیایی) و (شەقامی کچان) و (کە تۆم ناسی) ی (شێرکۆ) ﴿32 : 56 ، 111 ، 124﴾" یان (خۆزگەم بەپار) و (جوانی لە لادێ) ی (گۆران)﴿62 : 12 ، 23﴾.. " یاخود (تینوومە)﴿51 : 65﴾و (قوبەی هەیاسە) ﴿54 : 38﴾ی (کامەران)، هەروەها (لە بیرت ناکەم) ی (پەشێو) ﴿35 : 35﴾

بۆ نموونە شێرکۆ لە شیعری (کە تۆم ناسی)دا بەم وێنە لێکدراوە دەستپێدەکات:

پەری خەیاڵی هەمیشەم<br>
خوای دلْداری تازە پیشەم ﴿32 : 56﴾

" کە لە جۆری (لێکچوواندنی لێکدراو) ە ، شاعیر (یار) ی بە دوو شت چوواندووە " جارێك بە (پەری خەیاڵ) و جارێکی تریش بە (خوای دلْداری) .. هەمان وێنە لە کۆتایی شیعرەکەدا بە بێ دەستکاری و بەهەمان وشەکانی خۆیەوە دووبارە بووەتەوە .

### د – بنیاتی پێچاوپێچی (الحلزونی) :

(هەر تەوژمێك لە تەوژمەكانی قەسیدەكە ، لە خاڵی سەرەتاوە دەست پێدەكات " تیایدا شاعیر خولێكی تەواو دەسوورێتەوە ، ﴿... ﴾بە بێ ئەوەی بازنەكە لەسەر خۆی دابخات " لەو كاتەدا " كە بازنەكە خەریكە تەواو دەبێت ، شاعیر جارێكی تر بۆ خاڵی سەرەتا دەگەڕێتەوە " پاشان خولێكی تر و یەكێكی تر و .. بەم شێوەیە) ﴿200 : 227 ﴾" لەم جۆرەدا وێنەی سەرەتای شیعرەكە ، چەند جارێك بە شێوازی تر دووبارە دەبێتەوە " واتە هەموو وێنەكان لە چەند وشەو گوزارشتێكدا هاوبەشن ، بەڵام هەریەكەیان وێنەیەكی سەربەخۆن ، تەنیا ئەوەیە لە ڕووی لۆژیكەوە پێكەوە بەستراون . شێوەیەكە لە پەرەپێدانی وێنەی شیعریی " وێنەی سەرەتای شیعرەكە بەناو دەقەكەدا بەردەوام دەبێت تا كۆتایی " (ئەم جۆرە قەسیدەیە – بە هۆی بنیاتە ئاڵۆزەكەیەوە – پێویستی بە هەناسەیەكی شیعریی درێژ هەیە " كە تیایدا شاعیر لەگەڵ بیر و وێنەكانی دەچێت) . ﴿141 : 100 – 101﴾

نموونەی ئەم جۆرەش لەلای شاعیرانی كۆتایی قۆناغەكەدا بەرچاودەكەوێت ، بە زۆریش لەلای (پەشێو) ، وەك لەم شیعرانەیدا : (پێكەنە)﴿35 : 25 ﴾و (جوانی ئەفسووناوی ، باسم بكەن ، گۆڕێك بۆ دوێنێ)﴿34 : 25 ، 32 ، 43 ﴾.. " هەروەها لەلای (شێركۆ)یش لە شیعری (زیندووی مردوو ، سەرسام مەبە) دا﴿33 : 69 ، 92 ﴾بەرچاو دەكەوێت .

بۆ نموونە پەشێو لە (گۆڕێك بۆ دوێنێ) دا " بە گشتی بیری شیعرەكەی لەسەر (گەڕانەوەیە لە ژیانێكی نێگەتیڤەوە بۆ ژیانێكی پۆزەتیڤ) ، بەڵام ئەم ژیانە تازە بە چەند وێنەیەك پیشان دەدات " لە هەر وێنەیەكدا چەند دیمەنێكی ئەم ژیانە پیشان دەدات ، بەڵام كۆتایی بە وێنەكە نایەت و سەر لە نوێ دەست پێدەكاتەوە .. ، حەوت وێنەی بازنەیی دانەخراو و یەكتر تەواوكەر دروست دەكات " هەروەك لەم كۆپلەیەدا دوو بازنەی تێدا دەبینین:

گەڕامەوە ، بۆ تەمەنێ
بۆی پێکەنم ، بۆم پێکەنێ
گەڕامەوە ، بۆ کۆششم
بۆ دەروونی ، پڕ شۆڕشم
بۆ کەشتییەکەی ، سەرەنگوونم
هی (دواڕۆژ)م ، لەگەڵ (بوون)م ! ﴿34 : 45﴾

ه — ***بنیاتی درامی :***

وێنەی شیعریی لەم جۆرە بنیاتەدا ، (بە شێوەیەکی سەرەکی پشت دەبەستێت بە رەگەزە رەگەزە گوزارشتییەکان لە درامادا " وەك : دیالۆگ و مۆنۆلۆگ و گێڕانەوەی چیرۆکیی لە بنیاتە شیعرییەکەدا ، ئەمەش لە پێناوی پێشاندانی کێشە و جووڵە ، کە هەردووکیان جەوهەی درامان.) ﴿77 : 141﴾.

ئەم بنیاتە بە شێوەیەکی بەربڵاو لەلای (گۆران) دا بەرچاو دەکەوێت " وەك : (گوڵی خوێناوی ، ئاهەنگێك لەناو ڕان)﴿62 : 8 ، 43﴾و (بت — بتەوان ، شۆڕشگێڕ)﴿61 : 282 ، 393﴾، یان لە ئۆپەرێتەکانیدا : (ئەنجامی یاران)﴿63 : 89﴾و (ئەنجامی ئەژدەهاك)﴿61 : 352﴾، هەروەها لە پییەسەکانیدا (دوشمنمان مێشوولە ، شیوەنی دارستان، ماستاو ، وڵاتی ئاوا ، .. هتد.) ﴿64 : 62 ، 64 ، 65 ، 68 ، ..﴾" کە بەزۆری ڕەگەزی دیالۆگ و هەندێجاریش مۆنۆلۆگ بەکارهاتووە.

و — ***بنیاتی چیرۆکی :***

لەم جۆرە وێنەیەدا " تەکنیکەکانی چیرۆك " وەك : گێڕانەوە و وەسف و . . . هتد ، بەشداری لە پێکهێنانی وێنەکەدا دەکەن . بەکارهێنانی ئەم بنیاتە لای زۆربەی شاعیرەکان دەبینرێت " بۆ نموونە (ع. ح. ب) لە (مام بارام) دا ، چیرۆکی پیاوێکی پیری هەژار

دەگێڕێتەوە ، شاعیر بەزۆری پشتی بە تەکنیکی گێڕانەوە و وەسف بەستووە " لە سەرەتای شیعرەکەیدا بە شێوەی وەسف " لەم وێنە شیعرییەدا کاتی چیرۆکەکە پێشان دەدات :

ڕۆژی زەردی قژ ئالۆزاو
هێواش هێواش ئەنیٚ هەنگاو
وەك بترسیٚ لە جانەوەر
ڕووە و ناخی کێوی ئەوبەر ﴿40 : 69﴾

(قژ ئالۆزاو) و (هەنگاونان) بۆ (ڕۆژ) خوازراون " لەم وێنە شیعرییەدا ئاوابوونی ڕۆژ ، هۆیەکی نالۆژیکیی بۆ دۆزراوەتەوە " کە لە ڕەوانبێژییدا بە هونەری (جوانی بایس) ناودەبرێت.

## چوارەم : ( وێنەی جێگیر و جووڵاو )

(نەبوونی کار لە وێنەدا " توانای بزاوتنی لیٚ دەستێنێتەوە و جۆرێك لە وەستانی پێدەبەخشیت) ﴿191 : 132﴾" واتە وێنەکە بە شێوەیەکی نەجووڵاو دەردەکەوێت ، یاخود بە هۆی کەمی کارەوە ، وێنە شیعرییەکە سست دەبێت .

(پیربال مەحموود) " لەشیعری (پیٚم بلیٚ تۆ کیٚ ی ؟ !) ، لە هەموو شیعرەکەدا ئەم پێنج کارەی بەکارهێناوە : (ئازارم مەدە ، پیٚم بلیٚ ، پیٚم مەلیٚ ، ئەرژێنیٚ ، زانیم) ، کە یەکەم و سێیەم لە باری (نەفی)دان ، دووەمیشیان فرمانی داخوازییە ، واتە لە (سیٚ) کاردا هیچ بزاوتنێك ڕووی نەداوە ، (زانیم) یش " کارێکی ژیرییە و جوولەی تێدانییە ، واتە بەگشتی شیعرەکە لە باری وەستاودایە و وێنە شیعرییەکانی ناو دەقەکەیش ڕەنگدانەوەی ئەم بارە گشتییەن " چونکە بەگشتی لە پێکهێنانی وێنەکاندا پشتی بە (وەسف) و (لێکچوواندن) بەستووە " وەك :

به لەش وەك شووشە ، بە باڵا چنار

به گەردن بەللور ، به لەب گوڵی دار

به چاو وەك چاوی مـامـزی کـۆسـار

ئازارم مەدە پێم بڵێ تۆ کێ ی ؟ !

﴿32 : 11﴾

به پێچەوانەشەوە " بوونی کاری زۆر لەناو وێنەی شیعرییدا ، چالاکی دەبەخشێتە دەقە شیعرییەکە ، چونکە (کارەکان سیمایەکی دەروونی و هونەریی دەبەخشنە وێنەکان) ﴿132 : 191﴾

بۆ نموونە لە وێنە شیعرییەکانی ناو (باسم بکەن)ی (پەشێو)دا ، هەست بە چالاکی و بزاوتنێکی زۆر دەکرێت ، وەك لەم کۆپلەیەدا دەبینرێت :

باسم بکەن ، تا کاژێرتان ، لێك ئەترازێ

گەر ((شەو)) نەبێ ((ڕۆژ)) چی هەیە ، پێ ی بنازێ ؟!

شالآو بێنن ، سەری نەرم ، بدەن لە کێو

بگرن وەکوو ، ﴿کورتە باڵآ ﴾، داوێنی دێو ﴿34 : 32﴾

لەم وێنە شیعرییەی ناو ئەم کۆپلە بچووکەدا ، ئەم کارانەی تێدا دەبینرێن : (باسم بکەن ، لێك ئەترازێ ، پێی بنازێ ، شالآو بێنن ، سەر .. بدەن ، بگرن) ، کە ڕووبەرێکی فراوانی وشەکانیان داگیرکردووە و چالاکییان بەخشیوەتە وێنە شیعرییەکە .

لەم وێنەیەدا (پەشێو) " ناحەزەکانی بە (شەو) و (کورتەباڵآ) ، خۆیشی بە (ڕۆژ) و (کێو) و (دێو) دەچووێنێت .

دیـسانەوە لەگـەڵ بـوونی (کـار)ێکـی زۆریـش ، وێنەکـە هـەر بـە سـستی و وەسـتاوی دەردەکـەوێت، لـە کاتێکـدا کارەکـان نێگـەتیڤ بـن " بـۆ نموونـە لـە شـیعری (ڕازی تـەنیایی) ی

(هەردی) دا ، ئەگەرچی ژمارەیەکی زۆر کاری تێدایە ، بەڵام زۆربەیان ڕۆڵی نێگەتیڤیان هەیە لە ژیاندا ، لەبەرئەوە وێنەکان بە سستی و وەستاوی پێشان دەدەن "هەروەك لەم کۆپلەیەدا دیارە :

ژیان و ئەرکی ناخۆشی ، پەپوولەی ئارەزووی کوشتم
شەرابی جامی دڵداری ، لە تافی لاوی یا ، ڕشتم
تەمی ڕۆژانی پڕ مەینەت ، وەها تاریك و چڵکن بوو
نیگاری خۆشەویستی ی دڵ ، پەری ئاسایی ، تیا ون بوو
شەوی تەنیایی ، ڕووناکی چرای ئاواتی خنکانم
دەسی ناکامی ئاوازی دەروونی کەیلی ، تاسانم
ئەوا ئێستا لەگەڵ زامی
دەروونی پڕ لە ناکامی
ئەپێوم چۆڵی سەرسامی

﴿20 : 4﴾

ئەم کارە نێگەتیڤانەی تێدایە : (کوشتم ، ڕشتم ، تاریك و چڵکن بوو ، ون بوو ، خنکانم، تاسانم) ، تەنیا کاری (ئەپێوم = ڕێگا پێوان) تێیدا پۆزەتیڤە ، ئەویش لەناو کایەی ڕستەکەدا ئەرکی نێگەتیڤی هەیە ! هەروەها کارەکان زۆبەیان ڕابردوون ، ئەمەش هۆیەکی ترە کە وێنە شیعرییەکان بە وەستاوی و سستی پێشان دەدات[1] .

بە پێی ئەو ئەنجامانەی لە باسی پێشوودا (زمانی شیعریی) پێیگەیشتین "ڕێژەی (رکا) لە شیعری ئەم ماوەیەدا ، بە بەراورد لەگەڵ شیعری کلاسیکدا ، نزم بۆتەوە "واتە وێنە شیعرییەکانی ساڵانی پەنجاکان و شەستەکان (لە چاو وێنەی شیعریی کلاسیکی)بە زۆری

[1] - بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی جووڵە و وەستاوی لە وێنەی شیعرییدا , بڕوانە :﴿ 206 : 250 – 266﴾

وەستاو و سستن . هەر لەو باسەدا و لە دەستنیشانکردنی فیلّدە سەرەکی و زاڵەکانی شیعری ئەو ماوەیەدا " تێبینی ئەوەمان کرد ، کە (فیلّدی خەم) یەکێکە لە فیلّدە باوەکان ، واتە ژمارەیەکی زۆر لەو کارانەی لە شیعرەکاندا بەکارهاتوون ڕۆڵی نێگەتیڤیان هەیە لە ژیاندا ، بەو پێیەش کە (بنیاتی واتا لەناو شیعردا لە وێنەکانیەوە پەیدا دەبێت) ﴿143 : 356﴾" واتە پەیوەندییەکی پتەو بنیاتی واتا و بنیاتی وێنەی شیعری پێکەوە گرێدەدات" ئەمەش هۆیەکی ترە کە مۆرکێکی وەستاویی و سستی بەخشیوەتە زۆربەی وێنە شیعرییەکانی ئەم ماوەیە .

## ب – جۆرەکانی وێنە بە پێی شێواز :

وێنە بەپێی شێوازیش دەکرێت بە چەند جۆرێکەوە ، بەڵام لێرەدا تەنیا دوو جۆر وەردەگرین ، کە زیاتر تایبەتن بە شیعری نوێ :

1 – ***وێنەی فەلسەفی*** :

لەم جۆرە وێنانەدا " بیرێکی قووڵ و گشتی هەیە ، زۆرجار خستنە ڕووی پرسیار و گرفتە گشتی و سەرمەدییەکانی ژیانە " وەك لەم شیعرەی (ئێوارەی خەمگین) ی (شێرکۆ) دا " کە لە دیاردەیەکی سروشتی قووڵ دەبێتەوە و بەرەو باسی (حەتمییەتی)مردن و نەمان لە (بوون) دا دەڕوات :

خۆرنشینی ئاسۆی بەهار
لە خوێناوی ئاوابوونا ..
وردە وردە ئەچێتە خوار
کڵپەی دوایی لە دەروونا
ئەسووتێنێ بۆ شەوی تار ..

ئەڵێ : بوونی ئەم دنیایە

وەکوو تیشکم ئەتوێتەوە ..

کام شەوقی جوانی ڕووی تیایە ..

وەك هەناسەم ئەبڕێتەوە ..

. . . . . . . . . . هتد . ﴿53 : 32﴾

## 2 – وێنەی ڕەمزی :

ئەو وێنەیەی دەکێشرێت ، واتایەکی تر لە پشتیەوەیەتی ، کە مەبەستە ڕاستەقینەکەیە . لە شیعری ئەم ماوەیەدا بە کەمی شاعیران پەنایان بۆ (ڕەمز) بردووە ، چونکە لە ساڵانی پەنجاکان و شەستەکاندا ، تا ڕادەیەکی زۆر جۆرە سەربەستییەك لە گوزارشتکردن هەبووە و سانسۆری توندوتیژیان لە سەر نەبووە ، بەڵگەش ئەو شیعرانەیە کە بە هەناسەیەکی شۆڕشگێڕانەوە نووسراون و بە ئاشکرا ناوی نیشتیمان و کوردستان و پێشمەرگە و کەسایەتییە شۆڕشگێڕەکان براوە .. " بەڵام ئەگەر شاعیرێکیش پەنای بۆ ڕەمز بردبێت ، زیاتر لەبەر مەبەستی شیعریی بووە.

بۆ نموونە شۆڕشی چواردەی تەمووز لە شیعری زۆربەی شاعیرەکاندا ڕەنگی داوەتەوە و بە ئاشکرا گوزارشتیان لێکردووە " (گۆران)یش یەکێکە لەو شاعیرانە ، کە (سێ) شیعری بۆ ئەم بۆنەیە تەرخان کردووە " لە دووانیاندا بە ئاشکرا بابەتەکەی خستۆتە ڕوو ، بەڵام لە (بت – بتەوان) دا ﴿61 : 282﴾" هەروەك لە ناونیشانەکەیەوە دەردەکەوێت پەنای بردووەتە بەر (ڕەمز) .

لە پێکهاتەی وێنەی گشتی شیعرەکەدا " بنیاتی چیرۆکی و درامی بەکارهێنراوە ، کەسایەتییە سەرەکییەکانیش : (بت ، بتەوان ، شەیتان ، بت پەرست) ن ، کە هەریەکەیان بەشێوەی رەمز بەکارهاتوون بەم جۆرە : (بت) " رەمزە بۆ (پاشای عێراقی پێش شۆڕش " واتە شا فەیسەڵی دووەم) ، (بتەوان) " ڕەمزە بۆ (نووری پاشای سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتە) ، (شەیتان) ڕەمزە بۆ (ئیستیعمار و ئیمپریالیزم ..) " (بت پەرست) یش ڕەمزە بۆ (میللەت) .

گۆران مەبەستی لەم ڕەمزانە " ترسی سانسۆر نەبووە ، بەڵکو ویستوویەتی وێنە شیعرییەکە لە کلێشەیەکی هونەرییدا پێشکەش بکات .

لە شیعریی ئەم ماوەیەدا " هەندێ ناو وەك ڕەمز چەندین وێنەی شیعرییان لێدروستکراوە " وەك (دارئەرخەوان ، سەیوان ، کوندە پەپوو ، ..) ، بۆ نموونە (کوندەپەپوو) " وەك ڕەمزی شەڕ و شەڕخوازی و وێرانکردن بەکارهێنراوە " دیلان کردوویەتی ناونیشان و بابەتی شیعرێکی درێژی ، کە سەرەتا لە شێوەی نامیلکە دیوانێکی سەربەخۆ بڵاوی کردۆتەوە ﴿75 : 33﴾. بەهەمان شێوە (ع. ح. ب) یش شیعرێکی بەم ناونیشانە نووسیوە ، کە تیایدا دەڵێت :

کوندە پەپوو

هەروا لە ڕوو

ئەیەوێ من

دەس بەمە شیر لە براکەم

لەودیو سنوورەوە دوژمن

لە هەردووکمان داپچڕێ دەم ﴿40 : 145–146﴾

* * *

لە لاپەڕەکانی ئەم باسەدا ئەوە بە دیارکەوت " کە وێنەی شیعریی ئەم ماوە دیاریکراوە ، چ لە ڕووی سەرچاوەکانی پێکهاتنیەوە ، چ لە ڕووی بنیاتەکانی پێکهاتنیەوە "بە تایبەتی لە ڕووی سەرچاوەکانەوە ، تایبەتییەتی خۆی هەیە ، کە لە هەندێ ڕووەوە دەتوانرێت لە قۆناغەکانی تر جیابکرێتەوە " بە تایبەتی لە وێنەی شیعریی کلاسیکی .

# ئــــــەنجام

لە دووتوێی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا " کۆمەڵێك ئەنجام بەرچاو دەکەون "وا لە خوارەوە لە چەند خاڵێکدا گرنگترینیان دەخەینە ڕوو :

1 – لە ڕووی مۆسیقای شیعرییەوە :

أ - بەکارهێنانی کێشە عەرووزییەکان لە لایەن شاعیرانی ئەم ماوەیەوە ، بە ئاشکرا ڕووی لە کزی کردووە " لە نێوان ئەو کێشانەیشدا (هەزەج) لە هەموویان زیاتر بەکارهاتووە " ئەمە جگە لەوەی هەندێجار ژمارەی پێیەکان لە لەتەکاندا دەگۆڕێت ..

بە پێچەوانەوەش " کێشە پەنجەییەکان ڕووبەرێکی فراوانی شیعری ئەو ماوەیەیان داگیرکردووە " کە دەکاتە ڕێژەی (48 . 87٪) ی هەموو کێشە بەکارهاتووەکان " لە ناویشیاندا کێشی (10) بڕگەیی و پاشان (8) بڕگەیی لە هەموویان زیاتر بەکارهاتوون .

هەروەها بەکارهێنانی کێشە پەنجەیی تێکەڵ ، ڕێژەیەکی تا ڕادەیەك بەرزی هەیە و بە پلەی چوارەم دێت لەسەر ئاستی هەموو کێشە پەنجەییە بەکارهاتووەکان .

هەرچی کێشی تێکەڵی عەرووزی و پەنجەیی یە ، لە دیوانەکانی ساڵانی پەنجاکاندا زۆر بەکەمی بەرچاو دەکەوێت " ئەمەش وەك کۆتایی قۆناغی گواستنەوەیە لە بەکارهێنانی کێشی عەرووزییەوە بەرەو بەکارهێنانی کێشی پەنجەیی لە شیعری نوێی کوردیدا " بە زۆریش لەم جۆرە تێکەڵییەدا ، کێشی عەرووزی (هەزەج) و پەنجەیی (8) بڕگەیی بەشدارییان کردووە .

شیعری نوێی کوردی لەم ماوەیەدا ، جگە لەوەی وردە وردە لە کێشی عەرووزی ئازاد بوو، لە هەمان کاتدا لە دەست هاوسەنگی نێوان دوو لەتە دێڕیش خۆی دەرباز کرد ، جا چ لە رووی ژمارەی بڕگەوە بێت ، یان جۆری دابەش بوونی پێیەکان لە هەر لەتێکدا ، ئەمەش ڕێگا خۆشکەر بوو بۆ زیاتر ئازادبوونی شیعری کوردی لە کۆت و پێوەندەکان .

ب — لە نێوان جۆری سەروا بەکارهاتووەکاندا " (جووت سەروا) بەرزترین ڕێژەی بەکارهێنانی هەیە ، کە دەگاتە (26.47 %) ی هەموو جۆرەکانی تر . سیستمی(یەکیەتی سەروا)یش " کە پاشماوەی کاریگەریی مۆسیقای شیعری کلاسیکییە لە شاعیرانی پەنجاو شەستەکاندا ، لە ڕووی بەکارهێنانەوە ، بە پلەی سێیەم دێت .

لە بەراوردکردنی هەردوو ڕێژەکەیشدا " ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ، کە شیعری نوێی کوردی لەم ماوەیەدا ، ئەگەرچی تەواو لە ژێر کاریگەریی شیعری کلاسیکی کوردیدا دەرباز نەبووە ، بەڵام بەزۆری گەڕانەوە بووە بۆ سیماکانی شیعری خۆماڵی و فۆلکلۆری .

ڕێژەی بەکارهێنانی (سەروای تێکەڵ) یش دەگاتە (18.76 %) " کە بە پلەی دووەم دێت ، ئەمەش نیشانەیەکی تری هەنگاونانی شیعری کوردییە لەو ماوەیەدا بەرەو زیاتر ئازادبوون لە کۆتوپێوەندەکان .

ج — شاعیران لە شیعری نوێدا " لە کاتێکدا وردە وردە لە بنەماکانی مۆسیقای دەرەوە دوور کەوتوونەتەوە ، لە هەمان کاتدا گرنگی زیاتریان بە مۆسیقای ناوەوە داوە ، چونکە بوونی ڕەگەزی مۆسیقا لە شیعردا (بە هەرجۆرێك بێت) پێویستییەکی شیعرییە و پشتگوێ خستنی ئەستەمە ! ..

بەکارهێنانی تەکنیکی (دووبارەکردنەوە) " وەك تەکنیکێکی مۆسیقای ناوەوە ، لە شیعری نوێی ئەم ماوەیەدا زۆر بڵاوە ، چونکە ئەم دیاردەیە تا ڕادەیەکی زۆر ، ئەرکی سەروا بەجێ دێنێت " بەو پێیەی سەروایش لە ئەنجامی دووبارە بوونەوەی دەنگییەوە پەیدا دەبێت .

بەڵام هەندێك لە تەکنیکەکانی مۆسیقای ناوەوە ، لە شیعری ئەم ماوەیەدا بەرچاو ناکەوێت " ئەگەر هەشبێت دەگمەنە ، ئەمەش ئەوە دووپات دەکاتەوە " کە تەواو دەستبەرداری مۆسیقای دەرەوە نەبوون ، واتە لەم قۆناغەدا تا ڕادەیەکی زۆر بە ئازادی مامەڵە لەگەڵ کێش و سەروادا کراوە و ئەو هەنگاوانەیش ناویانە ڕێگا خۆشکەر بوون بۆ زیاتر ئازادبوونی شیعری کوردی لەم ڕووەوە ، لە قۆناغەکانی دواتردا .

2 – لە ڕووی زمانی شیعرییەوە :

أ - دوو شێوازی زمانی لە شیعری ئەم ماوەیەدا دەبینرێن : شێوازی قسەی خەڵکی سادە و شێوازی زمانی ئەدەبی " هەندێجار لە دەقێکی شیعرییدا هەردوو شێوازەکە پێکەوە بەکارهێنراون .

ب - فیلّدە سەرەکییەکانی شیعری پەنجا و شەستەکان ، ڕەنگدانەوەیان لە فەرهەنگی شیعریی ئەم ماوەیەدا هەیە " کە دوو ئاراستەی تێدا دەبینین : ئاراستەیەکیان بەرەو ژیان دەڕوات و لایەنی پۆزەتیڤی ژیان پێشان دەدات " کە لە فیلّدەکانی (خۆشەویستی ئافرەت و سروشت و نیشتیمان ، خەبات بۆ ئازادی مرۆڤ)دا دەبینرێت . ئاراستەی دووەمیشیان خۆبەدەستەوەدان و مل نانە بەرەو مردن ، کە لایەنی نێگەتیڤی ژیان پیشان دەدات ، ئەمەشیان لە فیلّدی (خەم)دا خۆی دەبینێتەوە . ئەمە نەك تەنیا خاسیەتێکی شیعری ئەو ماوەیەیە ، بەڵکو لە لای زۆربەی شاعیرەکان ئەم (دژایەتی)یە بوونی هەیە .

وشەکانی ناو فیلّدێك یان فیلّدەکانی ناو شیعرێك ، پەیوەندییەکی پتەویان بە شەپۆلی بیری ناو دەقەکەوە هەیە " کە بە پێی جێگای ناو شیعرەکە (سەرەتا و ناوەند و کۆتایی) جێگیر دەبن ، (یان کۆ دەبنەوە) .

ج - لە شیعری پەنجاکان و شەستەکاندا ، ڕێژەی بەکارهێنانی کار بۆ ناوەڵناو(رکا)نزم بووەتەوە ، ئەمەش لە لایەکەوە ئەوە دەگەیەنێت " شیعری ئەم ماوەیە هەڵچوونی کەمتر بۆتەوە ، هەروەها وەستان و خاوبوونەوە و هێمنی دەروونی شاعیرەکان پیشان دەدات بە گوێرەی شاعیرانی کلاسیك " لە لایەکی تریشەوە ئەوە پێشان دەدات " کە زمانی شیعریی ئەم ماوەیە ، بە پێی زمانی شیعری کلاسیکی ، تا ڕادەیەك ڕێژەی شیعرییەتی نزمتر بووەتەوە .

د -- لە شیعری ئەم ماوەیەدا " بە تایبەتی لە کۆتایی قۆناغەکەدا ، بابەت و وێنە شیعرییەکان بەرەو ئەبستراکتی چوون " ئەمەش وایکردووە وشە و گوزارشتەکانی زمانە شیعرییەکەیان زیاتر ئەبستراکتی بن .

هـ — ڕادەی بەکارهێنانی ڕاناوە سەربەخۆکان لە زمانی شیعریی ئەم ماوەیەدا ، بە بەراورد لەگەڵ شیعری کلاسیکیدا ، کەمتر بووەتەوە " ئەمەش واتە لەم لایەنەوە بەرەو زمانی شیعرییەت هەنگاوی ناوە و لە زمانی ڕاستەوخۆ دوور کەوتووەتەوە .

و -- ڕێژەی لادان و جیاوازی و دابڕان " لە زمانی شیعریی ئەم ماوەیەدا بە ئاشکرا ڕووی لە زیادبوون کردووە " بەڵام ئەگەر لە ئاستی دەقدا بڕوانینە زنجیرەی لۆژیکیی نێوان دێڕەکان ، ئەوا (دابڕان) ڕەگەزێکی دیاری شیعری کلاسیکیشە ، بەڵام لەوێدا (شیعری کلاسیکی) ، هیچ مەبەستێکی واتایی لە پشتەوە نییە ، لە کاتێکدا دابڕان لە شیعری نوێدا بە لادانێکی واتایی دادەنرێت و مەبەستێکی دوور دەگەیەنێت .

3 — لە ڕووی وێنەی شیعریشەوە :

أ - لە کاتێکدا لە وێنەی شیعریی کلاسیکیدا زیاتر گرنگی بە سەرچاوە دەرەکییەکان دراوە ، دەبینین سەرچاوەی خودیی یەکێکە لە گرنگترین و سەرەکی ترین سەرچاوەی وێنەی شیعریی لەم ماوەیەدا .

ئەگەر سەرنجی زۆربەی وێنە شیعرییەکانی ناو دیوانەکانی ئەم ماوەیە بدەین (بە تایبەتی شاعیرە دیارەکانی ئەم قۆناغە)" دەبینین بنەماو پێکهێنەری وێنەکان ئامادەکراو نین ، لە شیعری پێش خۆیان یان لە یەکترییان وەرگرتبێت ، بەڵکو زادەی خەیاڵی شاعیرانەی خۆیانە .

ب - بابەتی سیاسی " یەکێکە لە گرنگترین سەرچاوەکانی وێنەی شیعری لە ساڵانی پەنجاکان و شەستەکاندا " هەروەها زاڵبوونی هەستی نەتەوایەتی لە لای شاعیرانی ئەم ماوەیەدا ، وایکردووە بەرگی سیاسی بکەنە بەر زۆربەی بابەتە شیعرییەکان .

ج – (گۆران) " کە کاریگەریی بەسەر زۆربەی شاعیرانی ئەم قۆناغەدا هەبووە ، جوانی ئافرەت دەخاتە بەرزترین هەموو ئەو جوانییانەی لە سروشتدا هەن ، یان دەستکردی مرۆڤن " تەنانەت دەیکاتە سەرچاوەی هەموو جوانییەك " ئەمەش گۆڕانێکی ئیستاتیکی بەسەر شیعری ئەم ماوەیەدا هێناوە و لە وێنە شیعرییەکانیشدا زۆر بە ڕوونی هەستی پێدەکرێت.

د - لە شیعری ئەم ماوەیەدا " بە شێوەیەکی سەرەکی سوود لە هەستی (بینین) پاشان (بیستن) وەرگیراوە " واتە شاعیرانی ئەم ماوەیە نەیانتوانیوە چالاکانە هەموو هەستەکانی تریش بخەنەگەڕ بۆ دەوڵەمەند کردن و بە پێزترکردنی وێنە شیعرییەکانیان .

ه –وێنە شیعرییەکانی ئەم ماوەیە " لە چاو وێنەی شیعریی کلاسیکی ،بە زۆری وەستاو و سستن " ئەمەش لە لایەکەوە پەیوەندی بە نزم بوونەوەی ڕێژەی (رکا) وە هەیە ، لە لایەکی تریشەوە زاڵبوونی (فیلڵدی خەم) لە شیعری ئەم ماوەیەدا هۆکارێکی تری گرنگە لەم ڕووەوە .

و – شاعیرانی پەنجاکان و شەستەکان " بە تایبەتی لە دوای شۆڕشی (14)ی تەمووزەوە، لە پێکهێنانی وێنە شیعرییەکانیاندا ، بە کەمی پەنایان بۆ (ڕەمز) بردووە " چونکە لەو ماوەیەدا تا ڕادەیەك جۆرە سەربەستییەك لە گوزارشتکردندا هەبووە و سانسۆری توندوتیژیان لە سەر نەبووە ، بەڵگەش ئەو شیعرانەیە کە بە هەناسەیەکی شۆڕشگێڕانەوە نووسراون و بە ئاشکرا ناوی نیشتیمان و کوردستان و پێشمەرگە و کەسایەتییە شۆڕشگێڕەکان براوە .. " بەڵام ئەگەر شاعیرێکیش پەنای بۆ ڕەمز بردبێت ، زیاتر لەبەر مەبەستی شیعریی بووە .

# سەرچاوەکان

## یەکەم : ( بە کوردی )

### أ -کتێبەکان :

1 - أ . ب هەوری ، ئازار و ئاوات ، چاپخانەی سلمان الاعظمي ، بەغدا ، 1956.

2 - ـــــــــــ ، بەرهەمی خەبات ، چاپخانەی النجاح ، بەغدا ، 1959.

3 - ئەحمەد تاقانە ، تۆفیق فیکرەت و شاعیرە نوێخوازەکانی کورد ، چاپی یەکەم ، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس ، ئاراس ، هەولێر ، 2001 .

4 - ئەحمەد هەردی ، رازی تەنیایی ، چاپی یەکەم ، پێشەکی (معروف خەزنەدار) ، چاپخانەی شەفیق ، بەغدا ، 1957.

5 – ئومێد ئاشنا ، پیرەمێرد و پێداچوونەوەیەکی نوێ بە ژیان و بەرهەمەکانی ، بەرگی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، 2001 .

6 – ـــــــــ ، ـــــــــــــــــــ ، بەرگی دووەم ، ـــــــــ ، ـــــــ ، ـــــ .

7 - ـــــــــ ، گۆران نووسین و پەخشان و وەرگێڕاوەکانی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، 2002 .

8 - بێسارانی (دیوان) ، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی (کیومرپ نیك رفتار) ، چاپخانەی الأدیب البغدادیە ، بەغدا ، 1982 .

9 - بێکەس (دیوان) ، ڕێکخستن و سەرەتا بۆ نووسینی (محمدی مەلا کەریم) ، چاپی

دووەم ، چاپخانەی الادیب ، بەغدا ، 198 .

10 - پاکیزە ڕەفیق حلمی ، ژیانێکی پڕ ئەندێشە ، بەرگی یەکەم ، چاپخانەی المعارف ، بەغدا ، 1961 .

11 - پیربال مەحمود ، بەهەشتی دلّداری ، چاپخانەی (الشمال) ، کەرکووك ، 1958 .

12 – ــــــــــ ، شۆڕش ، چاپخانەی (الشمال) ، کەرکووك ، 1959 .

13 - جەمال شاربازێری ، بەستەی مەبەست ، چاپخانەی ژین ، سلێمانی ، 1961 .

14 – ــــــــــ ، پارچەیەك لە جگەرم ، چاپخانەی کامەران ، سلێمانی ، 1968 .

15 – ــــــــــ ، ـ فرمێسکی نهێنی ، چاپخانەی کامەران ، سلێمانی ، 1968 .

16 - ــــــــــ ، کسپە و سۆز ، چاپخانەی کامەران ، سلێمانی ، 1959 .

17 - جەمیل ڕەنجبەر ، ڕاز و سکالاّ ، چاپخانەی کامەران ، سلێمانی ، 1968 .

18 - جەوهەر خەمگین ، خاك و ڕۆژ و خۆشەویستی ، چاپی دووەم ، چاپخانەی شەهاب ، هەولێر ، 2005 .

19 - حاجی قادری کۆیی(دیوان) ، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی (سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا) ، ؟ ، بەغدا ، 1986 .

20 – حەمدی (دیوان) ، لێکۆڵینەوەی جەمال محەممەد محەممەد ئەمین ، چاپخانەی سەرکەوتن ، سلێمانی ، 1984 .

21 - خورشیدە بابان ، دیاری و یادگار ، چاپخانەی ژین ، سلێمانی ، 1969 .

22 - خەمبار - م . نەجات ، کانگای ژیانم ، چاپخانەی شیمال ، کەرکووك ،

.1968

23 - دلزار ، ئاوازی ئاشتی و ئازادی ، چاپخانەی دار السلام ، بەغدا ، 1958.

24 — ـــــ ، خەبات و ژیان ، متبعه الوفاو ، بغداد ، 1960 .

25 - ڕفیق حلمی ، پاش تەمووز ، متبعه الرأی العام ، بەغدا ، 1960 .

26 — ـــــــــــ ، شعر و ئەدبیاتی کوردی ، بەرگی یەکەم و دووەم ، چاپی دووەم ، چاپخانەی فێرکردنی باڵا ، هەولێر ، 1988 .

27 - ساجد ئاوارە ، جەمیلە (کچە قارەمانی جەزائر) ، چاپخانەی (لیواو) ، بەغدا ، 1958.

28 - سالم (دیوان) ، چاپی دووەم ، چاپخانەی کوردستان ، هەولێر ، 1972 .

29 - سەردار گەردی (د.) ، بنیاتی وێنەی هونەریی لە شیعری کوردی دا (1970 - 1991) ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، 2004 .

30 - سەعدوڵڵا پەرۆش ، کۆشی ئارام ، چاپخانەی (الشمال) ، کەرکوک ، 1969 .

31 - شێخ نووری (دیوان) ، بەرگی یەکەم — بەشی دووەم ، کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی (ئازاد عبدالواحد) ، مطبعة الجاحز ، بەغدا ، 1989 .

32 - شێرکۆ بێکەس ، تریفەی هەڵبەست ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی (سلمان الاعظمي) ، بەغدا ، 1968 .

33 — ـــــــــــ ، کەژاوەی گریان ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی کامەران ، سلێمانی ، 1969 .

34 - عەبدوڵڵا پەشێو ، بتی شکاو ، چاپخانەی (الشمال) ، کەرکوک ، 1968.

35 — ـــــــــــ ، فرمێسك و زام ، چاپخانەی (الشمال) ، کەرکوک ، 1967.

36 - عەبدولخالق سەرسام ، بەستەی گومان ، چاپخانەی هەولێر ، هەولێر ، 1969 .

37 - عەزیز گەردی ، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی و بەراوردکردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسیدا ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری ، هەولێر ، 1999 .

38 ــ ـــــــــــ ، سەروا ، چاپی یەکەم ، دەزگای ئاراس بۆ چاپ و بلاوکردنەوە ، هەولێر ، 1999 .

39 - عەلائەدین سەجادی ، ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی ، چاپخانەی مەعاریف ، بەغدا ، 1967 .

40 - ع . ح . ب . (محمد شێخ حسێن بەرزنجی) ، ناسۆری دەروون ، چاپخانەی (سلمان الاعظمي) ، بەغدا ، 1968 .

41 - ع . ع . شەونم ، جریوە ، چاپخانەی کامەران ، سلێمانی ، 1966 .

42 - علی کمال باپیر ئاغا ، گوڵ دەستەی شعرای هاوعەسرم ، چاپی دووەم ، چاپخانەی ڕاپەڕین ، سلێمانی ، 1969 .

43 - عوسمان مستەفا خۆشناو ، ئاوازی ژیان ، چاپخانەی (الشمال) ، کەرکوک ، 1959 .

44 ــ ـــــــــــ ، بەستەی باوەڕ ، چاپخانەی اللواو ، بەغدا ، 1958 .

45 - عوسمان شارباژێری ، دیاری و یادگار ، چاپخانەی ژین ، سلێمانی ، 1962 .

46 - عیزەدین مستەفا ڕەسوول (د) ، ئەدەبیاتی نوێی کوردی ، چاپخانەی فێرکردنی بالا ، هەولێر ، 1990 .

47 - ـــــــــــ ، ڕازی دووری ، چاپخانەی (سلمان الاعظمي) ، بەغدا ، 1968 .

48 - کاکەی فەللاح ، سۆزی دەروون ، چاپخانەی ژین ، سلێمانی ، 1962 .

49 — ________ ، شێری ساختە ، چاپخانەی کامەران ، سلێمانی ، 1967 .

50 — ________ ، لەگەڵ شەپۆلەکانا ، چاپخانەی (سلمان الاعظمي) ، بەغدا ، 1967 .

51 - کامەران موکری (دیوان) ، پێشەکی و پەراوێز نووسینی (عبدوللا عەزیز خالد) ، چاپخانەی رۆشنبیری و لاوان ، بەغدا ، 1988 .

52 — کامەران موکری ، ئاوات و رەنج ، چاپخانەی کامەران ، سلێمانی ، 1968 .

53 — ________ ، شانازی ، چاپخانەی کامەران ، سلێمانی ، 1958 .

54 — ________ ، گوڵ ئەستێرە ، چاپخانەی کامەران ، سلێمانی ، 1959 .

55 - کامل ژیر ، کوردایەتی ، چاپخانەی نەجاح ، بەغدا ، 1960 .

56 — ________ ، نازەنین ، چاپخانەی النور ، بەغدا ، 1957 .

57 - کەریم شارەزا ، ئازادی و ژیان ، ؟ ، ؟ ، 1960 .

58 — ________ ، نالی و زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی ، مطبعة الادیب البغدادیە ، بەغدا ، 1984 .

59 - کەمال مەمەند میراودەلی ، فەلسەفەی جوانی و هونەر «ئیستاتیکا» ، مطبعة مدیریة دار الكتب للطباعة و النشر ، بەغدا ، 1979 .

60 - کوردی (دیوان) ، چاپی (سێیەمین) ، چاپخانەی کوردستان ، هەولێر ، 1973 .

61 - گۆران (دیوان) ، محمدی مەلا کەریم ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق ، بەغدا ، 1980 .

62 - گۆران ، بەهەشت و یادگار ، چاپخانەی مەعاریف ، بەغدا ، 1950 .

63 – ــــــــ ، سروشت و دەروون لەگەڵ ئۆپەریێتی ئەنجامی یاران ، چاپخانەی کامەران ، سلێمانی ، 1968 .

64 – ــــــــ ، لاوك و پەیام ، چاپخانەی كامەران ، سلێمانی ، 1969 .

65 - لەتیف محەمەد حەسەن (د.) ، سێ خولگەی ڕەخنەیی لە ئەدەبی كوردی ، دەزگای چاپ و بلاوكردنەوەی ئاراس ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ،هەولێر، 2002.

66 - مارف خەزنەدار ، كێش و قافیە لە شیعری كوردی دا ، چاپخانەی (الوفاو) ، بەغدا ، 1962 .

67 - مەحوی (دیوان) ، لێكۆڵینەوە و لێكدانەوەی (مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس و محەمەدی مەلا كەریم) ، چاپخانەی كۆڕی زانیاری عێراق – كورد ، بەغدا ، 1977.

68 - مەدحەت بێخەو ، ڕابەری ژیان ، چاپخانەی شەفیق ، بەغدا ، 1968 .

69 - مەدهۆش ، دڵی كچان ، چاپخانەی (سلمان الاعظمي) ، بەغدا ، 1967.

70 – ــــــــ ، شیرین ، چاپخانەی ژین ، سلێمانی ، 1962 .

71 – ــــــــ ، هەمیشە بەهار ، چاپی پێنجەم ، چاپخانەی ڕاپەڕین ، سلێمانی ، 1972 .

72 – ــــــــ ، یانەی دڵان ، ئامادەكردن و پێشەكی بۆ نووسینی (محەمەدی مەلا كەریم) ، چاپخانەی (علاو) ، بەغدا ، 1982 .

73 - مەولەوی (دیوان) ، كۆكردنەوە و لێكۆڵینەوە و لێكدانەوە و لەسەرنووسینی (مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس) ، چاپخانەی (النجاح) ، 1961 .

74 - محەمەد بەكر (د.) ، پەخشانە شیعری كوردی ، دەزگای چاپ و بلاوكردنەوەی ئاراس ، 2004 .

75 - محمد صالح دیلان ، دیلان ، چاپخانەی ئەسعەد ، بەغدا ، 1969 .

76 - نالی (دیوان) ، لێكۆڵینەوەی مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس و فاتیح

عەبدولکەریم ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – عێراق ، بەغدا ، 1976 .

77 – ـــــــــــ ، لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی (د. مارف خەزنەدار) ، دار الحریە للطباعة ، بەغدا ، 1977 .

78 - نوری وەشتی ، نالەی لێ قەوماو ، چاپخانەی ژین ، سلێمانی ، 1957 .

79 - هۆگر گۆران ، کۆمەڵە شیعرێك ، چاپخانەی کامەران ، سلێمانی، 1959 .

80 - هیمدادی حوسێن ، چەپکێ هۆنراوەی فۆلکلۆری دەشتی هەولێر ، چاپخانەی (الحوادث) ، بەغدا ، 1986 .

81 - وەفایی (دیوان) ، لێکۆڵینەوەی (محەمەد عەلی قەرەداغی) ، چاپی دووەم ، چاپخانەی(دار الحریە)، بەغدا ، 1984.

## ب –گۆڤار و ڕۆژنامە :

82 - ئەحمەدی هەردی ، (دلاوەران)هی (شێخ نووری یە) ، ڕۆژنامەی (هاوکاری) ، ژمارە (993) ، 1987 .

83 - ئەمین عەلی موتابچی (د.) ، شاعیرانی کورد و ئەدەبیاتی فارسی ، گۆڤاری (کۆلێجی ئەدەبیات) ، ژمارە (16) ، 1973 .

84 - ئیحسان فوئاد ، دوو کێشی عەرووزی لە شیعری کوردی تازەدا ، گۆڤاری (کۆلێجی ئەدەبیات) ، ژمارە (15)ی ، 1971.

85 - پیرەمێرد ، شیعری سەربەست ، ڕۆژنامەی (ژین) ، ژمارە (597) ، 1940 .

86 - تۆفیق وەهبی ، ئەسڵی پیتی قاڵبی (ئە) ی شێوەی سلێمانی ، گۆڤاری (کۆڕی زانیاری عێراق - کورد) ، بەرگی (1) ، 1973 .

87 - ڕامان ، چاوپێکەوتنێك لەگەڵ (پیربال مەحموود) ی شاعیر ، گۆڤاری (رامان) ،

ژمارە (26) ، 1998 .

88 - ڕەفیق سابیر ، کێش لە شیعری نوێ ی کوردی دا — بەشی دووەم ، ڕۆژنامەی (بیری نوێ) ، ژمارە (200) ، 1976.

89 - عەبدولرەزاق بیمار ، دانشتنێك لەگەڵ گۆران دا ، گۆڤاری (بەیان) ، ژمارە (2) ، 1970 .

90 - عزالدین مستەفا ڕەسوول (د.) ، شیعری تازەی کوردی ، گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ) ، ژمارە (105) ، 1985 .

91 - عومەر مەعرووف بەرزنجی ، گۆران و ئەدەبی ئینگلیزی (بەشی یەکەم) ، گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان) ، ژمارە (42) ، 1976

92 — ________ ، ____________ (بەشی دووەم) ، ________ ، ژمارە (50) ، 1978 .

93 - کەمال مەمەند ، ئافرەت و جوانی لە شیعری گۆراندا ، گۆڤاری نووسەری کورد ، ژمارە (1) ، 1979 .

94 - گۆران ، ئەو کێشە بڕگەییانەی کە ئێستا باون ، ڕۆژنامەی (ژین) ، ژمارە (24) ، 1971 .

95 — ____ ، کۆنی و تازەیی لە هەڵبەستا ، گۆڤاری (هیوا) ، ژمارە (31) ، 1961 .

96 - مارف خەزنەدار (د.) ، سەرەتاکانی ئەدەبی کوردی - ڕووخسار و ناوەرۆك ، گۆڤاری (کاروان) ، ژمارە (92) ، 1993.

97 - مەسعود محەمەد ، پایەی شیعری کوردی لە ئەدەبی کوردی سەدەی نۆزدەهەم دا ، گۆڤاری (بەیان) ، ژمارە (72) ، 1981 .

98 - محمد نوری (د.) ، تەئسیری زمان و ئەدەبی ئەدەبی فارسی لەسەر ئەدەبی کوردی

، گۆڤاری (کۆلێجی ئەدەبیات) ، ژمارە (18) ، 1974 .

99 - هیمدادی حوسێن ، مێجەرسۆن و ڕۆژنامەی پێشکەوتن و گرەوێکی ئەدەبی، گۆڤاری(ڕامان)، ژمارە (55) ، 2001 .

**ج – فەرهەنگ :**

100 - شێخ محەمەدی خاڵ ، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر ، 2005 .

101 - هەژار ، هەنبانە بۆرینە (فرهنگ کوردی فارسی) ، سروش ، تهران ، 1369 هەتاوی .

**د - نامەی ئەکادیمی (ماجستێر) :**

102 – حەمە نوری عومەر کاکی ، شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردی دا ، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەدین ، 1989.

**دووەم : (بە عەرەبی) :**

**أ – کتێب :**

103 - القرآن الكريم .

104 - ابو عبدالله محمد بن يزيد القزويني ، سنن ابن ماجة ، تحقيق (محمد فؤاد عبدالباقي) ، دار الفكر ، قاهرة ،؟ .

105 - أبو القاسم الشابي (ديوان) ، دراسة و تقديم (د. عزالدين إسماعيل) ، دارالعودة ، بيروت ، 1972 .

106 - أبي علي الحسن بن رشيق القيرواني ، العمدة (في صناعة الشعرونقده) ، جزء (1 - 2) ، ط(1) ، تحقيق و شرح (د. مفيد محمد قميحة) ، دار الكتب العلمية ، بيروت، 1983 .

107 - أتيان سوريو ، الجمالية عبر العصور ، ط (2) ، ترجمة (د. ميشال عاصي) ، منشورات عويدات ، بيروت –باريس ، 1982 .

108 - إحسان عباس (د.) ، فن الشعر ، ط (6) ، دار الثقافة ، بيروت ، 1979 .

109 - أرسطوطاليس ، فن الشعر ، ط (2) ، ترجمة (د. عبد الرحمن بدوي) ،دار الثقافة ، بيروت ، 1973 .

110 - أفلاطون ، جمهورية أفلاطون ، دراسة و ترجمة (د. فؤاد زكريا) ،مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب ، 1974 .

111 - أكمل الدين إحسان ، من الادب التركي الحديث (مختارات من القصة القصيرة) ، المطبعة الثقافية ، ؟ ، 1970 .

112 – أمين عبدالله سالم (د.) ، عروض الشعر العربي بين التقليد و التجديد ، ط(1)، مطبعة منجد الحديثة ، ؟ ، 1985 113 - أندرية ريشار ، النقد الجمالي ، ط (1)،ترجمة (هنري زغيب) ، منشورات عويدات ، بيروت ، 1974 .

114 - بدوي طبانه (د.) ، علم البيان ، دار الثقافة ، بيروت ، 1981 .

115 - بو جمعة بو بعيو (د.) ، النص الشعري بين التأصيل و التحليل، ط(1)،منشورات جامعة قار يونس ، بنغازى ، 1998 .

116 - ثروين حبيب ، تقنيات التعبير في شعر نزار قباني ، ط(1) ، مطبعة الجامعة الأردنية ، عمان ، 1999 .

117 - جابر عصفور (د.) ، الصورة الفنية في التراث النقدي و البلاغي عند العرب، ط(3) ، المركز الثقافي العربي ، بيروت ، 1992 .

118 - جاكوب كورك ، اللغة في الأدب الحديث (الحداثة والتجريب) ، ترجمة (ليون يوسف و عزيز عمانوئيل) ، دار الحرية للطباعة ، بغداد ، 1989 .

119 - جان كوهن ، بنية اللغة الشعرية ، ط (1) ، ترجمة (محمد الولي و محمد العمري) ،دار توبقال للنشر ، دار البيضاء ، 1986 .

120 - ج. س. فريزر ، موسوعة المصطلح النقدي - (الوزن و القافية و الشعر الحر) ،ترجمة (د. عبدالواحد لؤلؤة) ، دار الحرية للطباعة ، بغداد ، 1980 .

121 - جماعة من الأساتذة السوفيات ، أسس علم الجمال الماركسي اللينيني ، جزء الاول ،

ط (2) ، ترجمة (د. فؤاد مرعي) ، دار الجماهير العربية — دمشق " دار الفارابي — بيروت ، 1978 .

122 — ــــــــــــــــ ، ــــــــــــــــ ، جزء الثاني ، ترجمة (يوسف حلاق) ، ــــــــــ " ــــ ، ــــ .

123 - ج. م. جويو ، مسائل فلسفة الفن المعاصرة ، ترجمة (سامي الدروبي) ، دار الفكر ، مطبعة الاعتماد ، مصر ، 1948.

124 - جوزيف ميشال شريم (د.) ، دليل الدراسات الأسلوبية ، ط (1) ، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع ، بيروت ، 1984 .

125 - حسن الغرفي (د.) ، البنية الإيقاعية في الشعر (حميد سعيد) ، ط (1) ، دار الشؤون الثقافية العامة ، بغداد ، 1989 .

126- ــــــــــ ، حركية الإيقاع في الشعر العربي المعاصر ، أفريقيا الشرق ، بيروت ، 2001 .

127 - حسين علي شانوف (د.) ، شعر الشاعر الكردي المعاصر عبدالله طوران ، ترجمة (شكور مصطفي) ، مطبعة دار الجاحظ ، بغداد ، 1975 .

128 - رجاء عيد ، الشعر و النغم ، مطبعة دار نشر الثقافة ، قاهرة ، 1975 .

129 - ر. ظ . جونسون ، موسوعة المصطلح النقدي (الجمالية) ، ترجمة (د. عبدالواحد لؤلؤة) ، دار الحرية للطباعة والنشر ، بغداد ، 1978 .

130 - روجيه غارودي ، الماركسية و علم الجمال ، ترجمة (جورج طرابيشي) ، ط (1) ، دار الطليعة ، بيروت ، 1975 .

131 - زكريا إبراهيم (د.) ، فلسفة الفن في الفكر المعاصر ، دار مصر للطباعة ، قاهرة ، ؟.

132 — سعد مصلوح (د.) ، الأسلوب (دراسة لغوية إحصائية) ، ط (2) ، مطبعة حسان ، قاهرة ، 1984 .

133 - سعيد الغانمي ، منطق الكشف الشعري ، ط (1) ، المؤسسة العربية للدراسات والنشر ، بيروت ، 1999 .

134 - سلمى الخضراء الجيوسي (د.) ، الاتجاهات و الحركات في الشعر العربي الحديث ، ط(1) ، ترجمة (عبدالواحد لؤلؤة) ، مركز دراسات الوحدة العربية ، بيروت ، 2001 .

135 - س. موريه ، الشعر العربي الحديث (1800 - 1970) تطور اشكاله و موضوعاته بتأثير الادب الغربي ، ترجمه و علق عليه (د. شفيع السيد و د. سعد مصلوح) ،دار الفكر العربي ، القاهرة ، ؟ .

136 – سمير علي سمير الدليمي (د.) ، الصورة في التشكيل الشعري ، ط (1) ،دار الشؤون الثقافية العامة ، بغداد ، 1990 . 137- سوزان بيرنار ، قصيدة النثر من بودلير الى أيامنا ، ط (1) ، ترجمة (د. زهير مجيد مغامس) ، دار الحرية للطباعة ، بغداد ، 1993 .

138 - سيسل دي لويس ، الصورة الشعرية ، ترجمة (د. أحمد نصيف الجنابي و الآخرون) ، دار الرشيد للنشر ، بغداد ، 1982 .

139 - شفيق يوسف البقاعي (د.) ، الأنواع الأدبية (مذاهب و مدارس) ، ط (1) ، مؤسسة عزالدين للطباعة و النشر ، بيروت ، 1985 .

140 - ________________ ، نظرية الأدب ، ط (1) ، منشورات جامعة السابع من أبريل ، الجماهيرية العربية الليبية ، 1425 ه .

141 - صالح أبو أصبع (د.) ، الحركة الشعرية في فلسطين المحتلة منذ عام 1948 حتى 1975 ، ط (1) ،المؤسسة العربية للدراسات و النشر ، بيروت ، 1979 .

142 - صلاح فضل (د.) ، علم الأسلوب (مبادئه و إجراءاته) ، ط (1) ، منشورات دار الآفاق الجديدة ، بيروت ، 1985 .

143 - ____________ ، نظرية البنائية في النقد الأدبي ، ط(3) ، دار الشؤون الثقافية العامة ، بغداد ، 1987 .

144 - عبد العزيز حموده ، علم الجمال و النقد الحديث ، دار الجيل للطباعة ، قاهرة ، ؟.

145 - عبدالكريم راضي جعفر (د.) ، رماد الشعر (دراسة في البنية الموضوعية و الفنية للشعر الوجداني الحديث في العراق) ، ط(1) ، دار الشؤون الثقافية العامة ، بغداد ، 1988 .

146 - عبدالله محمد الغذامي (د.) ، تشريح النص (مقاربات تشريحية لنصوص شعرية معاصرة ) ، ط (1) ، دار الطليعة للطباعة والنشر ، بيروت ، 1987 .

147 - عبدالمنعم تليمة ، مداخل الى علم الجمال الأدبي ، دار الثقافة للطباعة و النشر ، قاهرة ، 1978 .

148 - عزالدين إسماعيل (د.) ، الأدب و فنونه ، ط(6) ، دار الفكر العربي ، مطبعة السعادة ، قاهرة ، 1976 ،

149 - ـــــــــــــــ ، الأسس الجمالية في النقد العربي ،الطبعةالثالثة ،دار الفكر العربي ، قاهرة ، 1974 .

150 - ـــــــــــــــ ، الشعر العربي المعاصر (قضاياه و ظواهرهالفنيةو المعنوية ) ، ؟ ، قاهرة ، 1978 .

151 - عزالدين مصطفى رسول (د.) ، الواقعية في الأدب الكردي ، منشورات المكتبة العصرية ، صيدا - بيروت ، 1968 .

152 - عزيز السيد جاسم ، دراسات نقدية في الأدب الحديث ، ط (1) ، مطبعة الإدارة المحلية ، بغداد ، 1970 .

153 - عفيف بهنسي (د.) ، الثورة و الفن ، مطابع ثنيان ، بغداد ، 1973 .

154 - ـــــــــــــــ ، علم الجمال عند أبي حيان التوحيدي ومسائل في الفن ، مطابع ثنيان ، بغداد ، 1972 .

155 - عقيل مهدي يوسف (د.) ، الجمالية بين الذوق و الفكر ، ط (1) ، مطبعة سلمى الفنية الحديثة ، بغداد ، 1988 .

156 - علي بن برهان الدين الحلبي ، السيرة الحلبية ، دار المعرفة ، بيروت ، 1400هـ .

157 - علي يونس ، النقد الأدبي وقضايا الشكل الموسيقى في الشعر الجديد ،الهيئةالمصرية العامة للكتاب ، 1985 .

158 - عماد حاتم (د.) ، مدخل الى تاريخ الآداب الأوروبية ، الدار العربيةللكتاب ،ليبيا

–تونس ، 1979 .

159 - عمر محمد طالب (د.) ، عزف على وتر النص الشعري ، مطبعة اتحاد الكتاب العرب ، دمشق ، 2000 .

160 - عناد غزوان (د.) و الآخرون ، الشعر و الفكر المعاصر ، دار الحرية للطباعة ، بغداد ، 1974 .

161 - عناد غزوان (د.) ، نقد الشعر في العراق بين التأثرية و المنهجية ، ط (1) ، دار الشؤون الثقافية العامة ، بغداد ، 1999 .

162 - فردينان دي سوسور ، علم اللغة العام ، ترجمة (د. يوئيل يوسف عزيز) ، دار آفاق عربية للطباعة والنشر ، بغداد ، 1985 .

163 - قدامة بن جعفر ، نقد الشعر ، تحقيق (كمال مصطفى) ، مطبعة السعادة ، ؟ ، 1963 .

164 –كمال عيد (د.) ، جماليات فنون ، دار الحرية للطباعة ، بغداد ، 1980 .

165 - كولريدج ، النظرية الرومانتيكية في الشعر ، ترجمة (د. عبد الحكيم حسان) ، دار المعارف بمصر ، قاهرة ، 1971 .

166 - مجاهد عبد المنعم مجاهد ، دراسات في علم الجمال ، ط(2) ، عالم الكتب ، بيروت ، 1986 .

167 - محمد زغلول سلام (د.) ، النقد العربي الحديث( أصوله ، قضاياه ، و مناهجه) ، مطبعة المعرفة ، القاهرة ، 1964 .

168 - محمد الصادق عفيفي (د.) ، النقد التطبيقي و الموازنات ، مكتبة الخانجي ، مطابع الرجوي ، قاهرة ، 1978 .

169 –محمد غنيمي هلال (د.) ، الأدب المقارن ، ط (5) ، دار العودة و دار الثقافة ، بيروت ، ؟.

170 - .________ ، النقد الأدبي الحديث ، مطبعة نهضة ، القاهرة ، 1977.

171 - محمد مفيد الشوباشي ، الأدب و مذاهبه ، ؟ ، مصر ، 1970 .

172 - محمد مندور (د.) ، الأدب و مذاهبه ، مطبعة نهضة بمصر ، قاهرة ، 1974 .

173 - محمود البستاني ، في النظرية النقدية ، كتاب الجماهير ، ؟ ، 1971 .

174 – منصور فهمي (د.) ، أبحاث و خطرات ، الهيئة المصرية العامة للكتاب ،القاهرة – بيروت ، 1973 .

175 - نجيب فايق أندراوس ، المدخل في النقد الأدبي ، مكتبة الانجلو المصرية ، القاهرة ، 1974 .

176 - نبيل راغب (د.) ، فن الرواية عند يوسف السباعي ، مكتبة الخانجي ،قاهرة ، ؟.

177 - ــــــــــــــ ، المذاهب الأدبية من الكلاسيكية الى العبثية ،الهيئةالمصرية العامة للكتاب ، قاهرة ، 1977 .

178 - هنري لوفاظر ، علم الجمال ، ترجمة (محمد العيتاني) ، دار الحداثة للطباعةوالنشرو التوزيع ، بيروت ، ؟ .

179 – هوراس ، فن الشعر ، ترجمة (لويس عوض) ، مكتبة النهضة المصرية ،مطبعةلجنة التأليف و الترجمة و النشر ، قاهرة ، 1947 .

180 - هيغل ، المدخل إلى علم الجمال ، ط (2) ، ترجمة (جورج طرابيشي) ، دارالطليعة للطباعة والنشر ، بيروت ، 1980

181 - وليم بنتون ، انسكلوبيديا البريطانية (الجمالية) ، ترجمة (د. ثامر مهدي) ، دار الشؤون الثقافية ، بغداد ، 2000.

182 - الولي محمد ، الصورة الشعرية في الخطاب البلاغي و النقدي ، ط (1) ،المركزالثقافي العربي ، بيروت ، 1990 .

### ب - گۆڤار رۆژنامە :

183 - رينيية ويليك ، النظرية الأدبية و الاستطيقا عند مدرسة براغ ،ت(د. محمد عصفور) ، مجلة (الثقافة الاجنبية) ، العدد (1) ، 1988 .

184 - سيد كريم (د.) ، المدينة الجميلة ، مجلة (الكتاب) ، المجلد (5) ، جزء (1) ،

.1948

185 - طراد الكبيسي ، التدوير في القصيدة الحديثة ، مجلة (الأقلام) ، العدد (5) ، .1978

186 - عباس محمود العقاد ، قيم الجمال ، مجلة (الكتاب) ، المجلد (5) ، جزء (1) ، .1948

187 - عثمان أمين (د.) ، نظرية الجمال في فلسفة ديكارت ، مجلة (كلية الآداب –جامعة القاهرة) ، المجلد (16) ، جزء (1) ، 1954 .

188 - علي ادهم ، مواطن الجمال في الطبيعة ، مجلة (الكتاب) ، المجلد (5) ، جزء (1)، .1948

189 - فوزي رشيد (د.) ، ما هو الجمال ، مجلة (الأقلام) ، العدد (6) ، 1989 .

190 - كمال أبو ديب (د.) ، قراءة النص –قراءة العالم ، مجلة (الأقلام) ، العدد (10)، .1986

191 - محمد صابر عبيد ، أنماط الصورة الفنية في شعر احمد عبد المعطي الحجازي ، مجلة (الأقلام) ،

192 - موسوعة برنستون للشعر ، الصورة الفنية ، ترجمة (د. نايف العلجوني و د. خالد السليمان) ، مجلة (الثقافة الأجنبية) ، العدد (2) ، 1988 .

193 - نجيب العقيقي ، الجمال في الشعر ، مجلة (الكتاب) ، المجلد (1) ، جزء (3) ، .1946

194 - يوسف مراد (د.) ، تذوق الجمال ، مجلة (الكتاب) ، المجلد (3) ، جزء (1) ، .1946

### ج - ئینتەرنێت :

195 - حسين بو حسون ، الأسلوبية و النص الأدبي ، مجلة (الموقف الأدبي) ،العدد (378) ، 2002 .

http://www.awu-dam.org/mokifadaby/378/mokf378-005.htm
196 - رمضان بسطاويسي محمد(د.) ، النص الأدبي بين المعلوماتية و التوظيف الفني ،

http://www.azaheer.com/vb/showthread.php?t=13896
197 - محمد عبد المطلب (د.) ، النص المفتوح و النص المغلق ، مجلة (الموقف الأدبي) ،العدد (398) ، 2004 .

http://www.awu-dam.org/mokifadaby/398/mokf398-003.htm
198 - ناظم عودة ، تحولات النظرية النقدية الحديثة في الحركة التحديث الجمالي .

### د . ئینسكلوپیدیا :

199 - الموسوعة الفلسفية المختصرة ، نقلها عن الانجليزية (فؤاد كامل و جلال العشري و عبدالرشيد الصادق) ، دار القلم – بيروت ، منشورات مكتبة النهضة ، بغداد ، ؟ .

### ه - نامەی ئەكادیمی ( ماجستێر و دكتۆرا ) :

200 - بشرى موسى صالح ، الصورة في نقد الشعر العربي الحديث ، رسالة دكتوراه ، جامعة بغداد ، 1987 .

201 - سناء عبد الوهاب السامرائي ، علاقة الجمال بالأخلاق في فلسفة أفلاطون ، رسالة ماجستير ، جامعة بغداد ، 1989 .

202 - طاهر مصطفى علي ، الابداع الشعري عند إبراهيم ناجي ، رسالة ماجستير ، جامعة صلاح الدين ، 1995 .

## سێیەم : ( بە فارسی ) :

### أ - كتێب :

203 - حافظ شيرازى (ديوان) ، مقدمه (عزيز الله كاسب) ، چاپ پنجم ، گلبان ، تهران ، 1378 شمسى .

204 - خسرو فرشید ورد (د.) ، دربارهو ادبیات و نقد ادبی ، جلد أول ، چاپی سوم ، مۆسسه انتشارات أمیر کبیر ، تهران ، 1378 شمسی .

205 - عبدالحسین زرین کوب (د.) ، نقد أدبی ، جلد أول و دوم ، چاپ(ششم) ، چاپخانه سپهر ، تهران ، 1378 .

206 - محمد رچا شفیعی کدکنی (د.) ، صور خیال در شعر فارسی ، چاپ پنجم ، مۆسسهو انتشارات آگاه ، تهران ، 1372

207 - ____________ ، موسیقی شعر ، چاپ (ششم) ، مۆسسهو انتشارات ئ‌گاه ، تهران ، 1379 شمسی .

### ب - ئینتەرنێت :

208 - خیام (ترانەها) ، صادق هدایت ، پایگاه ادبکده ، ؟ ، 1313 .

http ://www.adabkade.com

### ج - فەرهەنگ :

209 - حسن عمید ، فرهنگ فارسی عمید ، چاپ بیست و هشتم ، چاپخانه سپهر ، تهران ، 1382 .

## چوارەم : ( بە ئینگلیزی ) :

### فەرهەنگ :

210 - Cuddon J.A. ،A Dictionary of literary terms ، penguin Books ،1979 .

211- Geddes and Grosset Ltd. David Dale ،Dictionary of Classical Mythology ،New Lanark ،scotland ،1995 .

# (( ملخص البحث ))

يحاور هذا البحث الموسوم (جماليات النص الشعري الكردي في كردستان العراق 1950 – 1970 ) أسس جماليات الشعر في المدة المحددة على وفق المنهج التحليلي الوصفي . و استقر هيكل البحث على مقدمة و فصلين و خاتمة :

تتناول المقدمة مكونات عنوان البحث ، ودواعي اختيار هذا العنوان ، و أبرز العقبات التي وقفت في طريق الباحث ، و من ثم كيفية التغلب عليها ، فضلا عن توضيحات بخصوص الفصول التي تشكل البحث ، وتنتهي المقدمة ببعض الملاحظات الضرورية .

ويتألف الفصل الأول من ثلاثة مباحث " يعرف المبحث الأول بمصطلح الجمال و يتصفح أبرز مفاهيم الجمال في مراحل تأريخ الجمال الفني و الأدبي بصورة عامة ، و المبحث الثاني يبين الأصول الهامة في جماليات النص الشعري الحديث ، و يراجع المبحث الثالث أصول الجماليات في الشعر الكلاسيكي الكردي و يعاين التغيرات الظاهرة الطارئة عليها في الشعر الحديث .

و يتكون الفصل الثاني أيضا من ثلاثة مباحث " حدد المبحث الأول لتحليل موسيقى الشعر الكردي ، و أجري هذا التحليل في محورين ، المحور الأول يبحث عن الموسيقى الخارجية (الوزن و القافية) ، و شخص المحور أبرز الأوزان و القوافي المستعملة ، و لتحقيق هذا التشخيص أحصى البحث (55) ديوانا شعريا مطبوعا "ويتطرق المحور الثاني إلى الموسيقى الداخلية لقصائد هذه الحقبة الزمنية المحددة مع بيان أو تحليل الأنماط الشعرية .

و يدرس المبحث الثاني اللغة الشعرية الكردية في محورين " كشف المحور الأول نسبة كل من العناصر اللغوية المستعملة ، و للوصول إلى هذه الغاية اعتمد المحور على طريقة إحصائية مقارنة بين خمسة شعراء معاصرين و ثلاثة شعراء كلاسيكيين " وفي المحور الثاني نجد أهم ألانزياحات اللغوية ، كذلك استعان المحور بطريقة إحصائية مقارنة أحيانا .

و يقع المبحث الثالث في محورين " متناولا الصورة الشعرية ، يبين المحور الأول المصادر الرئيسة التي تشكل بؤرة صياغة الصورة الشعرية " و المحور الثاني يعاين أبرز أنماط الصورة الشعرية الموظفة في قصائد هذه المرحلة .

و لخصت الخاتمة أهم النتائج التي توصل إليها البحث .

# ABSTRACT

In this study which is prepared under the title: (Aesthetics of Kurdish Poetic Texts - Iraqi Kurdistan ، 1950 - 1970 ) an analytic descriptive method has been adopted to study the aesthetic principles of Kurdish poetry during the period mentioned .

The study consists of an introduction، two chapters and some conclusions.

Introduction: The analysis of the title، the causes behind choosing the subject and the most outstanding problems have been presented.

Chapter One: It has three parts.

Part one: It includes the definition of the Aesthetics and clarifies the most important concepts of beauty through literary and artistic history of aestheticism in general.

Part two: It is devoted to pointing out the most important aesthetic principles of the new poetic texts.

Part three: It sheds light on aesthetic principles of Kurdish classical poetry، then presents the attractive changes they underwent in the new poetry.

Chapter Two: It consists of three parts:

Part One: It is devoted to the analysis of Kurdish poetic music. It falls into two axes:

Axis One: It presents external music (meter and rhyme) of the poetry during the period mentioned where the most famous sorts of meter and rhyme have been studied depending on a statistics drawn from (55) Kurdish divans.

Axis Two: It tackles internal music of Kurdish poetry during the period، enhanced by proper examples.

Part Tow: It deals with Kurdish poetic language in two axes:

**Axis One: It points out the linguistic data used، depending on comparative statistics to reach scientific conclusions where five poets of the period and three classical poets have taken as examples.**

**Axis Two: It shows the most attractive linguistic deviations in some phenomena، depending once again on comparative statistics.**

**Part three: It studies poetic image in two axes:**

**Axis One: It presents the chief sources of the poetic image.**

**Axis Two: It shows the most important sorts of poetic image presented in the poetry of the period.**

**Conclusion: In the end the most important conclusion have bee.**